




# بەشێک لە وتار،دیمانە و نووسراوەکانی

## هاوڕێ حەسەن شێخانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩ ............ لاپەڕەی.......... ٧**

١- باکووری کوردستان و سێ کوچکەی خەبات
٢- داخستنی DTP و هۆکارەکانی
٣- تەبەرزەدی:سەرکوتی خەڵکی ئێران نیشانەی لاوازیی حکوومەت و بەهێزیی بزووتنەوەیە
٤- گرووپەکانی ئاشتی و کاریگەرییەکانی
٥- رەفسەنجانی و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران
٦- ئاڵۆزیی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان
٧- چارەسەرێکی راستەقینە یان فۆرمالیتە؟
٨- چارەسەر کردنی پرسی کوردو هەوڵێک بۆ یەکگرتوویی خاکی تورکیە
٩- رێبەرایەتیی گۆڕان
١٠- بۆیادی یەکەم شەهیدی قۆناغی نوێی خەباتێکی دورو درێژ
١١- دیکتاتۆری لە بەرگی دێموکراسیدا
١٢- هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پراگماتیزم
١٣- هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکان
١٤- سەرکەوتنی DTP و پەرەسەندنی بزاڤی شوناسخوازی

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ............ لاپەڕەی............ ٥٩**

١- حەسەن رووحانی لە روانگەی ئوسوولگەراکانەوە

٢- پێویستیی پێوەندییەکی دووسەرە و ئاسۆیی لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەدا
٣- کورد و دیپلۆماسیی گشتی
٤- بەبێ سەردێڕ! (تێڕامانێک بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی)
٥- شوناسی نەتەوەیی دێموکراتیک
٦- چەند دەنگی یان لێک جیاکردنەویەکی ژیرانە؟!

---

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ............ لاپەڕەی............... ٨١**

١- دوالیزمی کەلامیی سەرکۆمار
٢- بەرەی دژی داعش و دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستم
٣- مودیرییەتی ناکارامە و قەیرانی ئاو لە ئێران دا
٤- دانووستانە ناوەکییەکانی نیۆیۆرک
٥- کۆبانی و ستراتیژیی دەوڵەتی تورکیە
٦- سیاسەتی نێوخۆ، مەیدانێک بۆ مانۆڕی توندڕەوەکان
٧- کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان!
٨- فۆبیای "فیتنە"
٩- دەرەنجامەکانی ڕێککەوتنی شیمانەیی
١٠- ئاستەنگییەکانی بەردەم ئوسوولگەراکان
١١- گەلاڵەی بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس
١٢- خۆڕێکخستنەوەی ڕیفۆرمخوازەکان

---

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ .............. لاپەڕەی........... ١١٧**

١- پێویستیی بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران

٢- دەوڵەتی «ئینقلابی» و کێشەکانی
٣- مەجلیسێک کە کوشراوی خەڵک نییە !
٤- پێکهاتەیەکی دووفاقە و ناکارا
٥- چەند سەرنجێک لە سەر پرسی ئەتۆمیی ئێران
٦- بەستێنەکانی توندڕەوی
٧- ڕێککەوتنی شیمانەیی، ئابووری و مافی مرۆڤ
٨- لێک تێگەیشتنی سیاسیی لۆزان و هۆکاری خوێندنەوە جیاوازەکان
٩- گرفتە میتۆدیکەکانی شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان
١٠- خوێندنەوەی سیاسی-عاتفی یان خوێندنەوەی ئۆبژێکتیڤ (بە بۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی ٤٧-٤٦)
١١- پیشەی مامۆستایەتی لە ئێراندا و گرفتەکانی بەردەمی
١٢- دۆخی ئانۆمیکی کۆمەڵگەی ئێران
١٣- هاوسەنگیی ئاست نزم
١٤- هۆکارەکانی سەرکەوتنی هەدەپە
١٥- کەلێنی نێوان بەڵێنی و کردەوەکانی دەوڵەتی روحانی
١٦- وتوویژ لە دوو ئاستدا
١٧- پێوەندیی ئێران و ئەمریکا لە ژێر تیشکی ڕێککەوتنی ڤییەن دا
١٨- چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن دا
١٩- ئامانجی ستراتیژیک و ستراتیژیی خەبات
٢٠- مەجلیس و «بەرجام»
٢١- نیگەران لە نۆرماڵیزاسیۆن
٢٢- ریفۆرمخوازی موحافزەکار
٢٣- شانۆی پێکەنیناوی مەجلیس
٢٤- ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی
٢٥- ئامانجەکانی پرۆژەی "نفوذ"
٢٦- هەڵوێستەیەک لە سەر پێوەندییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و رووسیە
٢٧- خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و هۆکاری پەرەسەندنیان

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ ............... لاپەڕەی...... ١٩٢**

١- ئانارشیزمی هەڵبژاردن لە ئێراندا

٢- ڕەتکردنەوەی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و چەند خاڵی گرنگ

٣- کاریگەریی "بەرجام" لە سەر ئابووریی ئێران

٤- کۆماری ئیسلامی؛ مۆدێلێکی شکستخواردوو

٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "سندروم ستۆکۆڵم"

٦- پرۆلیتاریای توێژینەوەیی

٧- لە نەبوونی سیستمدا!

٨- ڕادەی وێرانییەکان زۆرە یان...؟

٩- ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی

١٠- دیاردەی ئەحمەدینژاد

١١- ریفۆرمخوازی ڕێویزیۆنیست

١٢- "تەرمیم"ی کابینە بۆ ٥ ساڵ!

١٣- سەرکەوتنی ترامپ و ڕوانینە جیاوازەکان لە ئێراندا

١٤- دەسەڵاتنوێنیی توندڕەوەکان

١٥- درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ و چارەنووسی بەرجام

١٦- تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا و قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک

---

١- هەڵوێستەیەک لەسەر "واقعبینیی سیاسی"............................................................ ٢٣٨

٢- ژن وەک بوونێکی پەراوێزخراو................................................................................ ٢٤١

٣- تێڕامانێکی کورت بۆ پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات...................................... ٢٤٧

٤- **قادر وریا:** پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!......................................................................... **دیمانە** ..... ٢٥١

٥- دکتۆر فەراز فیروزی؛ دووبارە بیرکردنەوە لە چەمکی «مافی مرۆڤ» لەنێو چوارچێوەی فرەنەتەوەیی ئێراندا..........
.......................................................................................................دیمانە: بەشی یەکەم ..... ٢٦٠
٦- شاهۆ حوسێنی: بەربەستێکی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی کێشەی هزری و گوتارییە، نەک بەتەنیا سیاسی....
........................................................................................................ دیمانە ..... ٢٦٦
٧- دکتۆر فەراز فیرووزی؛ دووبارە بیرکردنەوە لە چەمکی «مافی مرۆڤ» لەنێو چوارچێوەی فرەنەتەوەیی ئێراندا..
.................................................................................................. دیمانە: بەشی دووەم ..... ٢٧١
٨- ئێران لە کوشتاری خەڵکدا بوو بە یەکەمی بێڕکابەر!........................................................... ٢٧٦



## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩

# باکووری کوردستان و سێ کوچکەی خەبات

پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk)لە ساڵی ١٩٨٤وە خەباتی چەکداری دەست پێ دەکا. هەم لە بەر هۆکاری ئایدۆلۆژیک و هەمیش لە بەر ئەوەی دەرەتانی هیچ چەشنە چالاکیی سیاسی و مەدەنی نەبوو شەڕ وەکو تاکە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ دەستنیشان کرا. تا ساڵی ١٩٩٨ چەمکی شەڕ لە چوارچێوەی شێوەی خەباتێکی ستراتژیک دا پێڕەو کرا (pkk) . بە تایبەت لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیونی پووچەڵ کردەوە و شۆرشێکی ژیانەوەی لە باکووری کوردستان چێ کرد. ئەم شۆرشە تا سەرەتای نەوەدەکان ئەنجامگیر دەبێت کە یەکەم دەرکەوتی ئەم دیاردەیە، خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی دەیان هەزار نەفەری ساڵەکانی ٩٢ و ٩٣ ی خەڵکی باکووری کوردستانە کە تێیدا داوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان دەکرد. بەم شێوەیە گەلی کورد لەو پارچەیە کە پێشتر خۆی ئینکار دەکرد سیاسەتی تواندنەوەی خۆی پێک دەهێنا دەبێتە خودانی هەڵوێست و لە ئیرادە و ئازادی خۆی بە خاوەن دەردەکەوێ.

دوای گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان (١٩٩٩) چەمکی شەڕ سەر لەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. ئەمجارە خەباتی جەماوەری ڕۆڵی ستراتژیک دەبینێ و شەڕ لە چوارچێوەی پاراستنی ڕەوا دا دەبێتە تاکتیک و بەهێزکەری خەباتی مەدەنی. سەرنجراکێش ئەوەیە ناوی هێزی گەریلاش بە گوێرەی ئەم ئەرک و پێناسە نوێیە لە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی کوردستان(RGK) وە بۆ هێزی پاراستنی گەل (HPG) دەگۆڕدرێ. لە ساڵی ٢٠٠٤ وە شەڕ بە پێناسەی نوێوە پراکتیزە دەکرێ و تا هەنووکەش بەردەوامە.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لە نێو PKK دا کەسانێک هەبوون کە پێیان وابوو شەڕ ڕەسالەتی خۆی (بە سەرەنجام گەیاندنی شۆڕشی ڤەژین) ئەنجام داوە و لەمەو بەدوا دەبێ شەڕی چەکداری بە لاوە بنرێ و بە شێوازی سیاسی و دیپلۆماتیک خەبات بکرێ. ئەو کەسانە کە ناودارترینیان عوسمان ئۆجەلان بوو بەناوی ڕیفورمیزە کردنی PKK وە پێشنیاریان کرد هێزی گەریلا لە شاخ بێتە خوارەوە و لە کەمپەکان جێگر بێ و ئیتر پێویست ناکا هێزی گەریلا بۆ ئەنجام دانی چالاکی دەربازی باکوور بێ.

لە لایەکی دیکەوە بەبێ لە بەر چاوگرتنی جوغرافیای خەبات، داوای کۆتایی هێنان بە ژیانی فیدایی و ئازاد بوونی ژیانی هاوبەشیان دەکرد.

پڕ ئاشکرایە کە بەشێکی هەرە زۆری هێزی PKK لە جێگیر بوونی هێزی گەریلا لە شاخەکانی کوردستان دا سەرچاوە دەگرێ کە بە ئاوایەکی کۆنفێدرالاً خۆیان بەڕێوە دەبەن. بێ گومان پراکتیزە بوونی پێشنیاری ریفۆرمیستانی نێو PKK، ئەو پارتەی لە هێزێکی گەورە دادەماڵێ و توانای جوڵە و مانۆر دانی لێ دەسەندەوە و تووشی ژیانێکی کەمپ نشینی و پەنابەریتیی دەکرد، بەم شێوەیە تواناکاری و پرێستیژیان دەهاتە خوارێ و نە دۆست و نە دوژمن حیسابێکی ئەوتۆی لەسەر نەدەکردن. سەرەڕای ئەووش ئەگەر ژیانی فیدایی کۆتایی هاتبا و ژیانی هاوبەش ئازاد کرابا، PKK قەت نەیدەتوانی لە شاخ بەرخۆدان بکا و بمێنێتەوە.

عوسمان ئۆجەلان و هاوڕێیانی نەیانتوانی ئەو رێفۆرمانە لە نێو PKK دا جێبەجێ بکەن. سەرەنجام بە دەستپێکردنی شەڕی رەوا لە ٢٠٠٤ لە PKK جیا بوونەوە و پارتی ولاتپارێزی دێموکراتی کوردستانیان پێک هێنا کە دوای ماوەیەکی کورت ئەم پارتە لێک هەڵوەشا. بەم شێوەیە عوسمان و هاورێیانی پرش وبلاو بوون و کاریگەرییەکان لە سەر بزاڤی باکوور نەماوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە گەلۆ پێویست دەکا تەنانەت لە چوارچێوەی بەرتەسک و تاکتیکیش دا لە شەڕ کەڵک وەربگیردرێ؟ ئایا هەر وەکوو عوسمان و هەڤالانی باسیان دەکرد بە تەنیا خەباتی مەدەنی تێری چارەسەری دۆزی کورد دەکا؟ راوەستاندنی شەڕ چ کاریگەرییەک لە سەر دۆزی کورد و خەباتە رەواکەی بە جێدەهێڵێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دوو قۆناغی زەمەنی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن: (١) قۆناغێک کە شەڕ رادەوەستێ و لە ٩٨ وە تا ٢٠٠٤ دەخایەنێ. (٢) قۆناغی دووهەم بە دەستپێکردنەوەی شەڕی رەوا لە ٢٠٠٤ وە دەست پێدەکا و تا هەنووکەش بەردەوامە.

١- لە ساڵی ٩٨ وە PKK بۆ جاری سێهەم لە مێژووی خۆیدا ئاگر بەسێکی یەکلایەنەی واتادار رادەگەیەنێ. هێزی گەریلا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی باکوور پاشەکشێ دەکەن. چەندین گرووپی گەریلا بە نیشانەی ئاشتی لە سەر داوای ئۆجەلان لە ئیمراڵی خۆیان تەحویلی تورکیە دەدەنەوە. ئایا ئەم هەڵوێستەی PKK دەبێتە هۆی ئەوە کە تورکیە دان بە دۆزی کورددا بنێ و تەنانەت لەگەلاً هێزو لایەنەکانی ناوخۆی باکووری کوردستانیش کە بە شێوازی سڤیل خەبات دەکەن، لە سەر مێزی وتووێژ دانیشێ و بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد هەنگاو بنێ؟ ئایا لەو ماوەیەدا خەباتی کوردانی باکوور گەشەی سەند و بەرەوپێش چوو؟ یان بە پێچەوانە تووشی چەشنێک لاوازی و خاموشی هات؟ راوەستاندنی شەڕ چ دەسکەوتێکی بۆ کورد لێ کەوتەوە؟ ئایا لاچوونی قەدەغە لە سەر زمانی کوردی و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام ئاکامی شەڕ راوەستاندن بوو یان هۆکاری تری هەبوو؟... بە هەڵسەنگاندنی ماوەی نێوان ٩٨ تا ٢٠٠٤ بۆمان دەردەکەوێ کە تورکیە نە تەنیا دانی بە

دۆزی کورددا نەنا و حازرێتیی خۆی بۆ دانیشتن لەگەڵ لایەنە کوردەکان نیشان نەدا بەڵکوو درێژەی بە سیاسەتی ئینکار و لە نێو بردن دا، وەڵامی پۆزەتیڤی ئاگربەسی یەکلایەنەی pkkی نەدایەوە و لەسەر درێژەدان بە شەڕ لە دژی کورد پێدا گری کرد.خەباتی کورد نە تەنیا پەرەی نەسەند بەڵکوو تووشی چەشنێک لاوازی و پووکانەوە هات. ژمارەی کەمی خۆپیشاندانەکانی ئەو ماوەیە و رێژەی کەمی بەشدار بووان سەلمێنەری راستیی سەرەوەیە.

تورکیە ساڵانێکی زۆرە لە بەردەم دەروازەکانی یەکیەتیی ئورووپادا چاوەڕوانە و دیەوێ بچێتە ناو ئەو یەکیەتییەوە، بۆ ئەو مەبەسنە و لە پێناو جێبەجێ کردنی پێوانەکانی یەکیەتیی ئورووپا یان بە دەربڕینێکی دیکە لە ژێر زەختی ئەو یەکیەتییەدا سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندەوە. لە لایەکی دیکە تورکیە تا هەنووکەش ترسێکی گەورەی لە ریاکسیۆنی توندی کوردان لە ئەگەری لە سێدارەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەیە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا لە جیاتی کوشتنی راستەوخۆ و یەکجارەکی، بە شێوەی پلە بە پلە و درێژ خایەن لە نێوی بەرێ.

لاچوونی قەدەغە لە سەر زمانی کوردی و کرانەوەی هێندێک کۆرسی تایبەتی فێربوونی زمانی زگماکی، ئاکامی یەکێکیتر لە هەوڵە نەزۆکەکانی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا و لەوەش گرینگتر دەرەنجامی خەباتی سەخت و خوێناویی چەندین ساڵەی کوردی باکوور بوو کە تورکیەی ناچار کرد ئەو هەنگاوە سەرەتاییە هەڵێنێ، نە ئاکامی ئاگر بەسی یەکلایانەی PKK وەک هێندێک کەس و لایەن باسی دەکەن.

٢- هەر وەک ئاماژە کرا ساڵی ٢٠٠٤ خەباتی چەکداری بە پێناسەیەکی نوێ و بە مێتۆدێکی کۆنترۆڵکراو سەر لە نوێ دەست پێ دەکاتەوە. بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم قۆناغە، هەروەها بەراورد کردنی ئەم چوار ساڵە لەگەڵ قۆناغی پێش ٢٠٠٤، بۆمان دەردەکەوێ کە خەباتی کورد بە شێوەیەکی سەرنجراکێش بەرەو پێش چووە و بۆتە رۆژەڤی پارڵمان، حکومەت و رۆژنامەکانی تورکیە و تا رادەیەک ناوچە و جیهانیش. خۆپیشاندانەکان ساڵ لە دوای ساڵ پەرە دەستێنن و رێژەی بەشداریی خەڵک زیاتر دەبێ. بە شێوەیەکی بەردەوام میتینگ و رێپێوانەکان رێک دەخرێن و پێک دێن بە رادەیەک کە رۆژ نیە ئێمە شاهیدی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی باکووری کوردستان نەبین. هەر رۆژە شێوازی نوێ خەبات دێتە ئاراوە. بە چەشنێک کە بۆتە خەباتێکی فرە رەهەند و فرە لایەن، لەوانە: ماشێن سووتاندن، بەرێوە چوونی چالاکیی چەکداری و تەقاندنەوە لە لایەن رێکخستنە نهێنییەکانی pkk وە، پەلکێشانی خۆپیشاندانەکان بۆ گوندەکان، ئاڵۆز کردنی مێترۆپۆڵەکانی تورکیە، پێشکەش کردنی پرۆژەی چارەسەری بە پارلمان لە لایەن DTP وە و لە هەمووان گرینگتر چالاکیی نافەرمانی مەدەنی "دانیشتن و نەچوونە سەر کار" کە تێیدا چەندین هەزار کەس، شارەداران و پارڵمانتارانی DTP بەشدار بوون. پێدەچێ ئەمە سەرەتای نافەرمانیی مەدەنی بەربڵاوتر لە داهاتوودا بێ و چاوەڕوان دەکرێ رێژیمی تورکیە بە چۆکدا بێنێ.

داخستنی یەک لە دوای یەکی چوار پارتی سیاسیی کوردی لە تورکیە و مەترسیی داخستنی DTP لە داهاتوودا ئاماژەیە بۆ عەقڵیەتی میلیتاریی تورکیە و بێ نرخیی دانوستان لەو وڵاتەدا و لە لایەکی - تریش لە ئەگەری نەمانی چالاکیی هێزی گەریلا، تورکیە بە ئاوایەکی ئاسانتر سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەری دەکا چونکە ئەوکات هیچ هێزێکی دژبەری جددی لە هەمبەر خۆی نابینێ. هێرشەکانی ئەم دواییەی PKK جارێکی تر دۆڕانی هێزی سەربازیی بەرانبەر بزووتنەوەی کورد دەرخست، نەک هەر وزە بەخشێک بوو بۆ DTP و فشارێکیتر بوو بۆ حکومەت و ناسیۆنالیستانی تورک، بۆ گەڕان بە دوای ئاڵترناتیڤ دا، بەڵکوو بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ تورکیە زیاتر کرد.

ئەگەر هێزی گریلا لە شاخ بوونی نەبایە تورکیە ئەوەندی ئێستاش دەرەتانی پێگرتن و گەشەکردنی بە حکوومەتی هەرێم نەدەدا و بە دەستێکی ئاوەڵاتر بۆ لەباربردنی رەوشی باشووری کوردستان هەنگاوی دەنا. دەستکەوتەکانی باشوور کاتێک گەرەنتی دەبن کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی پارچەکانیتر لەوپەڕی هێز دابن. بە پێی لێکدانەوە و بەراورد کردنەکانی سەرەوە، بۆمان دەرکەوت کە پێڕەو نەکردنی خەباتی چەکداری چەندە زیان بە دۆزی نەتەوەیی کورد دەگەیەنن، تووشی نووشووستی دەکا و لە رۆژەڤی دەخا. بە پێچەوانە کەڵک وەرگرتن لەو شیوە خەباتە دەبێتە هۆی بە گوڕوگڕتر بوونی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی و بەرەو پێش چوونی دۆزی کورد بە گشتی.

بێجگە لە دوو کوچکەی خەباتی شارو شاخ یان خەباتی چەکداری و جەماوەری، کوچکەی سێیەمیش کە رێکخستن و خۆپێشاندانەکانی کوردانی وڵاتپارێزی دیاسپۆرایە سیۆ لە ئاستێکی بەربڵاو دا لە ئارا دایە کە هەم رۆڵی پاڵپشتی مادی و مەعنەویی شارو شاخ دەبینێ و هەم لە ناساندنی دۆزی کورد بە رای گشتی و ئورووپا و سەلماندنی رەوا بوونی مەسەلەکەیان بە کار بەدەستانی ئورووپایی رۆڵێکی حاشا هەڵنەگری هەیە. ئەو سێ کوچکەیەی خەبات بە ئاوایەکی هارمۆنیک، هاوتەریب و بە رێکخستن کراو بەرێوەدەچن و دەبنە وزەبەخش و کاتالیزۆری یەکتر. بە دەیان جار ناشتنی تەرمی گریلاکان بۆتە خۆپێشاندانی بەرفراوانی جەماوەری کە هەر جارەی دەوڵەتی تورکیەی تووشی دڵەراوکێ و ترسێکی مەزن کردوە و پایەکانی ستەم و چەوسانەوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەیان لەرزاندوە. هەموو ئەو شیکاریانەی کە پێشکەش کران لە چوارچێوەی فاکتەری نێوخۆیی دا جێدەگرن. باکووری کوردستان لەم رووەوە بە پشت بەستن بە خۆی تواناکارییەکی زۆری خوڵقاندوە و رۆژ لە دوای رۆژیش لە گەشەسەندن دایە.

**بۆ ئەوەی ئەم خەباتە تووشی ئاستەنگی نەبێت پێویستە رێکخەر و ئۆرگانیزێری سەرەکیی ئەو خەباتە کە(pkk) یە ئەو لاوازیانەی خوارەوە ببینن و بۆ چارە سەر کردنیان هەوڵی جیددی بدەن:**

١- داخوازیەکان بە شێوەیەکی شەفاف، پلان مەند و خاوەن چوارچێوەیەکی روونی یاسایی و یەکانگیر نایەنە ئاراوە و چەشنێک پرش و بڵاویی سیاسی بەرچاو دەکەوێ. هەر جارەی خواستەکان بە فۆرمۆڵێک دێنە ئارا. هەرجارەی یەکێک لە

چەمکەکانی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک، فیدرالیزمی پارێزگاکان و ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیک دەبنە دەربڕی خواستەکان. بەردەوامیی ئەم دۆخە خەباتی کوردانی باکوور زەرەمەند و تووشی چەشنێک سەرلێشێواوی دەکا.

٢- لەو جم وجۆڵ و چالاکیانەدا لانی کەمی داخوازییەکانی کورد دێنە ئارا بەرادەیەک زۆربەی ئەو فۆرمۆلانە تێری چارەسەری دۆزی کورد ناکەن. بۆیە پێویستە فۆمۆلێکی چارەسەری بەرز بکرێتەوە کە ئاستێکی بەرزتر و رادەیەکی زۆرتر لە مافەکانی نەتەوەیی دابین بکا.

بێگومان لە سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک فاکتەری ناوچەیی و جیهانیش بەشدارن کە بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو فاکتەرانە لە بەرژەوەندی کوردی باکووردا نین. تەنانەت راگەیەنە گشتییە ناوچەیی و جیهانییەکانیش لە ژێر باندۆری ناوەندکانی دەسەڵات و سەرمایە کە پێوەندییەکی باشیان لەگەڵا تورکیەدا هەیە بە دەگمەن دەنگ و باس و رووداوەکانی کوردستانیان تێدا رەنگ دەداتەوە. ئەگەر خەباتی باکووری کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە بەردەوام بێ و لە رووی نێونەتەوەیشەوە دەرگایەک بە روویان دا بکرێتەوە دوور نیە لە چەند ساڵی داهاتوودا کوردی ئەو پارچەیە بە ئاستێکی شیاو لە خواستەکانی بگا. ئەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە بەردەوام بوونی چالاکیی جەماوەری و لە ئاستێکی بەرتەسکیش دا خەباتی شاخ، لەسەر کرانەوەی ئەو دەرگا نێونەتەوەییە کە باسی لێوە کرا بێ کاریگەر نابێ.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe

## داخستنی DTP و هۆکارەکانی

دوای گەڕانەوەی گرووپەکانی ئاشتی و پێشوازی سەدان هەزار کەسی لەو گرووپانە، فشاری دەوڵەتی قووڵ بۆ سەر پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) زیاتر بوو. باس کردن لە چارەسەری پرسی کورد لەلایەن AKP وە ساردبییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. سەرەنجام DTP بە پشت بەستن بە قانوونی بنەڕەتیی نادێموکراتیکی تورکیە و بەتۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ PKK لەلایەن دادگای قانوونی بنەڕەتیی تورکیەوە (کە یەکێک لە بەهێزترین دامەزراوەکانی لایەنی ئۆلیگاریشیی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتەیە) داخرا.

فاکتەرەکانی دەخیل لە داخستنی  دا کامانەن؟ ئامانج لە داخستنیDTP چیە؟ لایەنەکانی نێو کۆماری ئۆلیگارشیکی تورکیە چ رۆڵێکیان هەبوو؟

١- پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن(CHP) و (MHP) کە لەگەڵ دەوڵەتی قووڵ یان لایەنی ئۆلیگارشیکی کۆماری تورکیە لە یەک بەرەدا جێدەگرن ماوەیەکی زۆرە لە دەسەڵات دوورن و بەم هۆیەش هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ تا پارتی دەسەڵاتدار تووشی قەیران بکەن بۆ ئەوەی نەتوانێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆرینەی دەنگەکان (بەتایبەت دەنگی ناوچە کوردنشینەکان) بە دەست بێنێ. داخستنی DTP لەلایەن دادگای باڵای دەستوورییەوە لەو پێناوەدا بوو AKP ش بە پشتیوانی کردنی ئاماژەگەرانە لە بڕیاری دادگای ناوبراو، لە راستای ئامانجەکانی لایەنی ئۆلیگارشیک دا هەنگاوی نا.

٢- AKP لە سەرەتاوە جیددییەت و بوێری پێویستی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبوو. بەشێک لە هەوڵەکانیAKP لەسەر فریودانی رای گشتی کورد و بە دەست هێنانی دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چڕ ببۆوە.

پێشوازیی سەدان هەزار کوردستانی لە گرووپەکانی ئاشتی ئەوەی سەلماند کە پارتی ناوبراو بە ماست مالیزاسیۆنی چارەسەری پرسی کورد ناتوانێ رای گشتی کورد فریو بداو دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە دەست بێنێ. بەم هۆیە ئەو پارتە لە هەوڵەکانی بەناو چارەسەری پرسی کورد دڵسارد بۆوە. پێدەچێ لۆژیکی پارتی دەسەڵاتدار ئەوە بێ ئەگەر نەتوانێ رای گشتیی کورد بۆلای خۆی راکێشێ با دەنگی بەشێک لە رای گشتیی تورکیش لە دەست نەدا. لەلایەکی دیکەش AKP سەرەڕای هەوڵێکی زۆر نەیتوانی لە نێوان باڵەکانی بزاڤی کورددا جیایی دروست بکاو DTP لە دژی باڵی چەکداری بزاڤ بخاتە گەڕ. عەبدوڵڵا گویل دوای هاتنەوەی گرووپەکانی ئاشتی هۆشداری دا کە "دەگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا".

بە واتایەکی دیکە ئەگەر لایەنی کوردی هەستیاری بارودۆخەکە لە بەرچاو نەگرن (بە گوێرەی دڵخوازی پارتی دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت نەکەن) کۆتایی بە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی دەهێنن. بەم هۆیانە پارتی دادو گەشەپێدان لە هەمبەر داخستنی DTP لەلایەن دادگای قانوونی بنەڕەتیی تورکیەوە نەتەنیا بێدەنگی هەڵبژارد بەڵکوو بە ئاماژە پشتیوانی لە بڕیاری دادگای ناوبراویش کرد.

٣- دەسەڵاتی تورک بەربڵاویی و قووڵایی بزووتنەوەی باکووری کوردستانیان لە ڕێوڕەسمی پێشوازی کردنی خەڵکی کوردستان لە گرووپەکانی ئاشتی زیاتر لە هەمیشە بۆ دەرکەوت. بە گومانی خۆیان ئەگەر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێ تورکیە ڕووبەڕووی مەترسییەکی جیددی دەبێتەوە. شیمانە دەکرێ لایەنە توندڕەوو نەژادپەرەستەکانی تورکیە هۆکاری پەرەسەندنی هەرچی زیاتری بزاڤی باکوور بۆ سیاسەتەکانی AKP لە هەمبەر پرسی کورد بگەڕێننەوە، بەم هۆیانە AKP لە مەڕ گرتنەبەری مێتۆدێکی دیکە کە لە سەرکوتی زیاترو بەرتەسک کردنەوەی دەرەتانی دیموکراسی دا خۆی دەبینێتەوە ڕەزامەندیی نیشان دا تا بە گومانی خۆی ئەگەر بارودۆخەکە لە گرێژنە چۆوەدەر تا ڕادەیەک بتوانێ خۆی بێتاوان نیشان بدا.

٤- AKP لە سەرەتای پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسییەوە ڕادەگەیەنێ کە هیچ کەس و لایەنێک وەک بەردەنگی پرسی کورد قبووڵ ناکا، ئەو پرسە بە گوێرەی خۆی چارەسەر دەکاو لایەنی کوردیش دەبێ ڕازی بێ. بەم پێیە DTP وەک بەردەنگ قبووڵ نەکرا، pkk لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە مایەوە، لە پراکتیک دا هەنگاوێکی ئەوتۆ نەهاوێژراو باس کردن لە چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی فۆرمالیتەدا قەتیس مایەوە. هەمووی ئەم فاکتەو دەرکەوتانە کوردی بە نیسبەت پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی و ئامانجەکانی AKP زیاتر دردۆنگ کرد. لە چەند هەفتە لەمەوبەریشەوەخەڵک لە هەموو شارەکانی باکووری کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر خراپتر بوونی ڕەوشی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالی دا ڕژاونە سەر شەقامەکان و بەوەڕێخستنی ڕێپێوان و خۆپیشاندان تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لەم کارەی دەسەڵاتی تورک دەردەبڕن. بە پێی ئەمەش لایەنی کوردی ڕەوتێکی دژایەتی لە هەمبەر پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی گرتەبەرو سەرەنجام DTP پشتیوانیی خۆی لەم پرۆژەیە ڕاگرت.

چەند ڕۆژ پێش داخستنی DTP ، HPG چالاکییەکی چەکداری لە نیزیک دەریای ڕەش ئەنجام دا کە تێیدا ٨ سەربازی تورک کوژران. ڕاگەیاندنەکانی تورک مانۆڕێکی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیەداو DTP شیان وەک باڵی قانوونی PKK بە بەرپرسیار زانی. ئەم هەل و مەرج و ڕووداوانە زەمینەیەکی لەبارتریان بۆ داخستنی DTP پێک هێنا و لانی کەم لە قۆناغی ئێستادا پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسییان لەگەڵ قەیرانێکی جیددی بەرەوڕوو کرد.

## ئەنجام

بە سەرنجدان بە بەربڵاویی و قووڵایی بزووتنەوەی باکوورو بەرەو پێش چوونی رۆژ لە دوای رۆژی ئەم بزووتنەوەیە، شیمانە ناکرێت میتۆدی سەرکوتی زیاتر، بەرتەسک کردنەوەی دەرەتانی دێموکراسی و داخستنی پارتە سیاسییەکانی کورد رێگە لە پەرەسەندنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی کورد بگرێ. لە راستیدا ئەم میتۆدە تەنیا خەڵکێکی زیاتر راکێشی نێو بازنەی بزاڤ دەکاو دەبێتە مۆتۆری ماشێنی بزووتنەوەی کورد.

بزووتنەوەی باکوور هەروەک لە رابردوودا سەلماندوویەتی بێ ئاڵترناتیڤ نییە و بە داخستنی DTP دەستەوەستان نابێ بەڵکوو بە ئەزموونێکی زیاترەوە لە چوارچێوەی پارتێکی دیکەدا (BDP) زیاتر لە پێشوو خۆی رێک دەخا لە بەرامبەردا داخستنی DTP کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر روخساری تورکیە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دادەنێ‌و پرۆسەی چوونی تورکیە بۆناو یەکیەتیی ئوروپا دژوارتر دەکا. لە لایەکی دیکەش دەسەڵاتی تورک بە کردنەوەی رێگە لەبەردەم ئێش و ئازاری زیاتردا و لە دەستدانی دەرفەتە زێرینەکان، داهاتووی خۆی خەوشدار دەکاو پارتی دەسەڵاتداریش هەرچی زیاتر پێگەی جەماوەریی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان لە دەست دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## تەبەرزەدی: سەرکوتی خەڵکی ئێران نیشانەی لاوازیی حکوومەت و بەهێزیی بزووتنەوەیە

**وەرگێڕان:**

**ئەم وتووێژە دوایین وتووێژی "حشمت‌الله گبرزدی" وتەبێژی ناوەندی. هاوپێوەندیی دێموکراسی بۆ ئێران لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفیزیۆنی "کورد کاناڵ"ە کە پێش دەستبەسەر کرانی، لە پێوەندی لەگەڵ دوایین ڕووداوەکانی ئێران دا ئەنجامی داوە. بەڕێز "گبرزدی" ڕۆژێک لە دوای خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی عاشووورای ئەمساڵ، لە تاران (لە ماڵی خۆی) لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراو هەنووکە لە زیندان دایە.**

**کورد کاناڵ: وەک یەکەمین پرسیار ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆژی عاشوورادا لە تاران و هێندێک شاری دیکەی ئێران هاتنە ئاراوە، چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟**

**وەڵام**: ئەم حکوومەتە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە حکوومەتێکی مەزهەبییە کە لەسەر بنەمای ئایینزای شیعە دامەزراوە. خۆتان باشتر دەزانن کە تەنانەت مافی پێڕەوانی ئایینزاکانی دیکە لەوانە مافی سوننییەکان و پێڕەوانی دینەکانی دیکەیان پێشێل کرد. دەیانگوت کە وەلی فەقیە، سەرکۆمار، خوبرەگان (هەمووی ئەوانە) دەبێ شیعە بن و ئێمە تەنیا حکوومەتێکی عەلەویین، تەنیا حکوومەتێکی شیعەین. ئەمڕۆ شاهیدی ئەوە بووین کە لە شەقامەکانی تاران خەڵکێک کە خەڵکی ئێرانن و شیعەشن بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی ئاشتییانە هاتنە سەر شەقام. مافی هەر هاووڵاتییەکە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو بێ‌هەڵگرتنی چەک ناڕەزایەتی دەرببڕێ و ئەمەش لە قانوونی بنەرەتیی ئێراندا بە فەرمی ناسراوە. لەم چوارچێوەیەدا خەڵک هاتن و داخوازییەکانیان هێنایە ئارا. بەداخەوە بەر لەوەی خەڵک داخوازییەکانیان بێننە زمان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانیانەوە درانە بەر پەلامارو بە توندی سەرکوت کران. دەیان کەس کوژراون، ژمارەیەکی بەرچاو بریندار بوون و خەڵکێکی زۆریش دەستبەسەر کران. حکوومەت لە ڕۆژی عاشوورای حوسێنی دا نیشانی دا کە حکوومەتێکی دیکتاتۆری نیزامییەو نەتەنیا مەزهەبی نیە بەڵکو بەکردەوە لە دژی مەزهەب دەجووڵێتەوە. ئەمەش بەم هۆیەیە کە ئەم حکوومەتە بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو تەنانەت پرەنسیپە سەرەتاییەکانی مەزهەبییشی پێشێل کردووە ئەمڕۆ ئەم پێشێل کارییەی لە شەقامەکانی تاران، تەوریز، مەشهەد، مەهابادو شارەکانی دیکە نیشان دا.

**کورد کاناڵ: ئێستا کەشی زاڵ بەسەر تاران و شارەکانی دیکەی ئێران (تا ئەو جێگەیەی ئێوە زانیاریتان هەبێ) چۆنە؟**

**وەڵام**: زانیارییەکی وردم لەمەڕ شارەکانی دیکە نیە، بەڵام تاران ئاڵۆزەو خەڵک لەسەر شەقامن و بە نیشانەی نارەزایەتی سیگناڵ لێ دەدەن، لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەشدارن و نارەزایەتییەکان درێژەیان هەیە. بەتایبەت لە دوای کوژرانی چەند کەس لە هاووڵاتییە ئازیزەکانمان (من دەنگۆی ئەوەشم بیستوە کە لە تەوریزیش خەڵکێک کوژراون. ئەڵبەتە زانیارییەکی وردم نیە) لە تاران کەشێکی زۆر ئاڵۆز هەیەو لە راستیدا خەڵک درێژە بە خەباتیان دەدەن. خۆتان دەزانن کە هەموو ئازادیخوازان لەسەر خەباتێکی ئاشتیخوازانەو رەتکردنەوەی توندوتیژی پێدادەگرن. چونکە لەوانەیە حکوومەت بیەوێ لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە خەڵک هان بدا کە ئەوانیش توندوتیژی بەکار بێنن کە بە دڵنیاییەوە هێزەکانی ئازادیخوازو ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی دێموکراتیک و سکولارو پارێزەری مافەکانی مرۆڤ خوازیاری خەباتێکی ئاشتیانەن پێداگری دەکەن.

**کورد کاناڵ**: ئاماژەتان بە خاڵێکی سەرنجراکێش کرد کە ئەم ئیعترازانە، ئیعترازی ئاشتیخوازانەن بەڵام لە بەرانبەر دا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە سەرکوتی دژبەران یان نارازییان لە لایەن باڵی بناژۆخواز (لە لایەن دەسەڵات)ەوە لە زیادبوون دایە. ئێوە داهاتووی هاوکێشەی سەرکوتی نارازییان لە لایەن حکومەت و ئەو شتانەی کە نارازییان داوای دەکەن چۆن دەبینن؟

**وەڵام**: ئەوە کە حکوومەت خەڵک سەرکوت دەکا لە راستیدا نیشانەی لاوازیی حکوومەتە. واتا کاتێک حکوومەت لە بەرانبەر خەڵکێک دا کە خوازیاری خەباتێکی ئاشتیخوازانەن هیچ رێگەیەکی دیکەی نیە توندوتیژی بە کار دێنێ و ئەمەش لاوازی حکوومەت و هێزی بزووتنەوەی جەماوەری دەگەیەنێ، بەردەوامیی ئەم جووڵانەوە ئاشتیخوازانەیە رەوایی هەر چەشنە توندوتیژییەک لە ناو دەباو لایەنی دیکەی زیاتر پەرە دەستێنێ و بەشێکی بەربڵاوتر لە خەڵک لەخۆ دەگرێ. بەڵام داخوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە داخوازی مۆدێرن و دێموکراتیکن. بەهەر حاڵ ئێمە لە ۳۱ ساڵ لەمەوبەردا شاهیدی شۆرشێک بووین کە دواتر پێیان وت شۆڕشی مەزهەبی و حکوومەتێکی مەزهەبی و دینی لێکەوتەوە. ئەوەی ئەمرۆ روودەدا ئانتی تێزی ئەو تێزەیە. واتا ئەگەر ئێمە شۆڕشی رێبەندانی ۵۷ و هەروەها ئەو دەوڵەتەی لێی کەوتەوە بە دەوڵەتێکی دینی لەقەڵەم بدەین و وەک تێز ناوزەدی بکەین، ئانتی تێزەکەی دەبێتە بزووتنەوەیەکی ئیعترازی سکولار کە خواستەکانی بە بەهاگەلێکی یونیڤێر ساڵی وەکوو ئازادی، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و سکولاریزم پشت دەبەستێ و بە شێوەیەکیش خاوەنرایان دەڵێن کە ئەم شۆڕشە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ شۆڕشی مەشروتەدا هەیە کە ئامانجی بەدیهێنانی قانوون، یەکسانی، بەرابەری، برایەتی و قانوونی بنەرەتی بوو. من پێم وایە کە ئەم بزووتنەوەیە بەم شوناسەی هەیەتی بەرەو ئامانج گەلێک دەروا کە لە سەد ساڵی رابردوودا خەڵکی ئێران بەدوایاندا بوون و هەنووکە دەرفەتێکی باشە بۆ گەیشتن بەم داخوازییانە.

**کورد کاناڵ**: هۆکاری ئەوە کە سەرکوتەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ لەچیدا دەبینی؟ یان لە ڕاستیدا بۆ چی هێزە ئەمنییەتییەکان لە چیەتی ڕاستەقینەی دەسەڵات تێناگەن؟

**وەڵام**: ئەمە پێکهاتەی حکوومەتێکی پشت بەستوو بە دیکتاتۆری نیزامیی مەزهەبییە. حکوومەتێک کە پێگەی خۆی لە دەست دەدا واتا لە خەڵک و جەماوەر دادەبڕێ و ئیتر ناتوانێ نوێنەرایەتیی خواستی جەماوەر بکا، لە لایەکی دیکەش ئەو حکوومەتە پشتی بە سامانی بەلاشی نەوت بەستووە نایەوێ ئەم سامان و بەرژەوەندییانە لە دەست بدا. بێگومان ئەگەر حکوومەت حکوومەتێکی دێموکراتیک با ئەم کارانەی نەدەکرد. لە بنەڕەت ڕا هەر کەلەبەر دروست نەدەبوو. بەڵام حکومەتێکی نادێموکراتیک لە کۆتاییدا دەست بۆ چەک دەبا، چونکە پێگەیەکی جەماوەری نیە. ڕەوایی نیەو بۆ پاراستنی خۆی توندوتیژی بەکار دێنێ. ئەڵبەتە هێندێک لەوان تا ئێستاش لەسەر ئەم باوەڕەن کە بەم جۆرە کارانە دەتوانن پێش بەم شۆڕشە دێموکراتیکە یان بزووتنەوەی سەوز بگرن. ئەوان بەم مامەڵە کردنانە دەیانەوێ ئەزموونی شا کە پاشەکشەی کرد و وڵاتی بۆ شۆڕشگێڕەکان بەجێهێشت دووبارە نەکەنەوە. ئەوان دەڵێن کە ئێمە دەبێ خۆڕابگرین، بەڵام نازانن کە ئەم پێداگرییەی ئەوان لەسەر توندوتیژی و سەرکوت تەنیا تێچووی بزووتنەوەکە دەباتە سەرو لە کۆتاییدا نە تەنیا ناتوانن بمێننەوە بەڵکو زیان دیتووی سەرەکی هەر خۆیانن. چونکە ئەوان لەم وڵاتەدا دەژین و ماڵ و منداڵ و ژیان و هەموو ماڵ و داراییان لەم وڵاتە دایە لە ڕاستیدا کە توندوتیژی بە کاردێنن و سەرکوت دەکەن لە کۆتاییدا هەرخۆیانن زیان دەبینن. من هیوادارم ئەم ڕووداوانەی کە ئەمڕۆ (ڕۆژی عاشووورای حوسێنی) ڕوویان داو دژکردەوەیەک کە خەڵک نیشانیان دا بەشی عاقڵتری دەسەڵات هان بدا کە ڕێگە لە توندوتیژی و سەرکوت کردن بگرن و بەستێنێک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی خەڵک بە داخوازی سەرەکیی خۆیان کە ڕیفراندۆمێکی بنەڕەتی و هەڵبژاردنێکی ئازادە بگەن تا لەم ڕێگەیەوە خەڵک چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن، حکومەتی خۆیان دەستنیشان بکەن و بە ماف و داخوازییەکانیان کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە و لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش دا هاتوە بگەن.

**کورد کاناڵ**: وەکوو دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەوە کە لەمانگی محرڕەم داین و هەر وەک دەزانن ئەمساڵ ئەم مانگە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو گرینگییەکی زیاتری هەیە. جەنابت ڕووداوەکانی ڕۆژانی داهاتوو چۆن پێش بینی دەکەن؟

**وەڵام**: پڕ ئاشکرایە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام دەبێ. ئەم سێیەم و چلە و حەوتەمی کوژراەکانی بزووتنەوەو هەروەها ٢٢ی ڕێبەندان و چلەی حوسێنی لەبەردەممان دایە. بۆنە مەزهەبییەکان، بۆنە سیاسییەکان، بۆنەکانی دیکە وەکوو ١٤ی ڕەشەمێ، چوارشەممە سووری و هەموو ئەو بۆنانە هەر کامیان دەتوانن ببنە دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی ئیعترازی ئاشتییانەی خەڵک.

بەڵام نیگەرانیی من ئەوەیە حکوومەت لەمە زیاتر توندوتیژی بەکار بێنێ. ئەم توندوتیژییە بۆ ئەوان هیچ سوودێکی نیە، بەڵکوو هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ خەڵکیش زیانی هەیە. ئێمە دەمانەوێ ئەوان بە شێوەیەکی ئاشتییانە خواستەکانی خەڵک



سەرچاوە
Serchawe

بە جێ بێنین تا خەڵک قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێش بچن. ئێمە خوازیاری ئەوە نین وڵات بشێوێ. چونکە هیچ کەس خوازیاری تێک چوونی شیرازەی وڵات نیە. ئێمە خوازیاری ئەوەین بە شێوەیەکی ئاشتییانەو هەنگاو بە هەنگاو خەڵک بە خواستە سەرەکییەکانیان کە حکوومەتێکی جیا لە مەزهەب و پشت بەستوو بە بەها یونیڤێر ساڵەکانە، بگەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٠

## گرووپەکانی ئاشتی و کاریگەرییەکانی

داهێنان، گرتنە بەری مێتۆدی نوێ و هەبوونی ئالترناتیڤ لە تایبەتمەندییە نوێیەکانی دینامیزمی بزووتنەوەی باکووری کوردستانە. باڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە وەک ئورگانیزمێکی زیندوو لە گەڵ یەکتر هەماهەنگی دەکەن و بە شێوەیەکی پلانمەند لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا ئامادەکاری دەکەن و بە پێی ئەمەش ڕێکاری نوێ لە مێژووی شۆڕشەکانی جیهاندا دەخەنە پراکتیک و ڕۆژەڤەوە. ناردنەوەی سێ گرووپی ئاشتی بە پێی پرۆسەیەکی هەماهەنگ لە نێوان هەموو لایەنەکانی ئەم بزاڤەدا بۆ کردنەوەی ڕێگا لە بەردەم سیاسەتی چەقبەستوودا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

ئێستا بزوتنەوەی باکوور بۆتە بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤ و کرداری و بە هێزێکی زۆرەوە خۆی دەنوێنێ و بە بوێرییەکی تایبەتەوە لە پڕۆسەی خەباتدا دەسپێشخەری دەکا و ڕۆژەڤ بۆ دەوڵەتی تورک دیاری دەکا.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی زانیاریی پێویستیان لە سەر بزووتنەوەی باکوور هەیە ناردنەوەی سێ گرووپی ئاشتی وەک تێکۆشانێکی نوێ، دوور لە چاوەڕوانی نەبوو، چونکە ئەم بزووتنەوەیە زۆر جار گۆڕانکاری و داهێنانی کردوە لە دژوارترین هەلو مەرجەکاندا ڕێگای لە بەردەم خۆیدا کردۆتەوە.

قەتیس کردنەوەی ئەم تێکۆشانە نوێیە لە ئاستی سەمبولیک دا، خۆی لە خۆیدا شرۆڤە و هەڵسەنگاندنێکی ناتەواوی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەم جووڵەیە بزووتنەوە دەباتە قۆناغێکی نوێوە و لە پراکتیک دا کۆمەڵێک دەرەنجامی گرینگ بە دوای خۆیدا دێنێ.

**لێردا دەکرێ کاریگەری و دەرەنجامەکانی ئەم تێکۆشانە نوێیە لە سەر پرسی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی باکوور، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان و شرۆڤە بکەین:**

١- ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەی جەماوەری بزاڤی ئازادیخوازی باکوور بەرفراوان دەکاتەوە. بەشێکی دیکە لە خەڵک ڕاکێشی نێو پرۆسەی ئازادیخوازی دەکا.

پێشوازی سەدان هەزار کەسی خەڵکی باکوور لە گرووپەکانی قەندیل و مەخموور نیشانی دا کە نەتەنیا PKK لە قەندیل و شاخەکانی کوردستان ئیزۆلە نەبوە بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرنجراکێش و زیاتر لە پێشوو بە جەماوەری بوە و بەم شێوەیە

مەودایەک لە نێوان شار و چیادا نەماوە.

بەشداری بێ وێنەی خەڵک لە کەرنەڤاڵی پێشوازی کردن دا ئەوە دەسەلمێنی کە خەڵکی باکوور گەریلاکانی شاخ وەک پارێزەر و نوێنەرانی خۆی چاو لێدەکاو بە گوێرەی بانگەوازی رێبەرایەتی بزووتنەوەکە هەنگاو دەنێ.

٢- خەڵکی باکوور چەند رۆژ لە سەر پێیانن و بە شێوەیەکی راشکاوانە داخوازییەکانی خۆیان دێننە زمان. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم گەلە ژیانێکی ئازادی دەوێ و چیتر قەبووڵ ناکا لە بندەستی دا بژی.

خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لە میتینگی ئامەد و شارەکانی دیکە، نیشاندەری ئەوەیە کە ئاستی وشیاریی کوردی باکوور بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە.

لە لایەکی دیکە لە ژێر زەختی بزاڤی باکوور دا، فەزای باکوور و تورکیە تا رادەیەکی زۆر کراوەتەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تورکیەدا گەریلاکانی کورد بە شێوەیەکی ئازادانە لە نێو ئاپۆرای جەماوەردا وتە پێشکەش دەکەن. دەستبەسەر کردنی کاتێ ٥ کەس لە ئەندامانی گرووپەکانی ئاشتی و پاشان ئازاد کردنیان، ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەتی تورکیە بە باشی دەزانێ ئەگەر وەک گرووپەکانی ساڵی ١٩٩٩ مامەڵەیان لە گەڵ بکا بە زیانی خۆی دەشکێتەوە و بۆیە ناچار بوو ئازادیان بکا.

٣- AKP سەرەڕای پڕوپاگەندەیەکی زۆر،تا هەنووکە جیددییەت و بوێری پێویستی بۆ چارە سەر کردنی پرسی کورد لە خۆی نیشان نەداوە ولە پراکتیک دا هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاویشتووە.بە شێک لە هەوڵەکانیAKP لە سەر فریودانی رای گشتی کورد و بەدەست هێنانی دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چڕ بۆتەوە. بزووتنەوەی باکوور بەم حەرەکەتە مێژووییە رێگە لە ساختەکاری و دووروویی پارتی داد و گەشە پێدان دەگرێ و لە حاڵەتی جیددی نەبوونی AKP بۆ چارەسەری پرسی کورد لە داهاتوو دا، رووخساری راستەقینەی AKP زیاتر بۆ خەڵک دەردەخا و دەبێتە کۆسپێکی جیددی لە بەردەم هەوڵەکانی ئەو پارتەدا بۆ فریودانی رای گشتی کورد و بەدەست هێنانی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. هەروەها ئەم حەرەکەتە نزیکایەتی فریودرانە لە هەمبەر پرسی کورددا، لە لایەن AKP وە زەحمەتتر دەکاو وای لێدەکا زیاتر لە پێشوو خۆی ساغ بکاتەوە.

٤- رای گشتی تورک و رای گشتی نێو نەتەوەیی زیاتر لە پێشوو بۆیان دەرکەوت کە گەلی کورد ئاشتیخوازە و دەیهەوێ بە شێوازێکی ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر بکرێ. بەم پێیە بەشێک لە هەوڵەکانی نژاد پەرەستانی تورک بۆ خەوشدار



سەرچاوە
Serchawe

کردنی رووخساری بزاڤی ئازادیخوازی کورد و نیشاندانی وەک جوڵانەوەیەکی شەڕخواز دەچێتە ژێر پرسیار و شکست دەهێنێ.

٥- ئەم هەنگاوە و جۆش و خرۆشی خەڵک بۆ پێشوازی لە گرووپەکانی ئاشتی، مۆراڵی نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی دیکە بەرز دەکاتەوە و ئاسۆی گەیشتن بە سەرکەوتنی کورد گەش و خۆشتر دەکا. بەشداری هەزاران کەسی خەڵکی باشوور لە مەراسیمی بەڕێکردن و پێشوازی کردنی گرووپەکانی ئاشتی دا سەلمێنەری ئەوەیە کە روحی یەکیەتیی نەتەوەیی زیاتر لە هەمیشە بە هێز بوە.

٦- بە سەرنج دان بە چییەتی و پێکهاتەی ئێستای بزووتنەوەی باکوور، پێدەچێ ئەم بزووتنەوەیە لە داهاتووشدا خاوەن تێکۆشانی نوێ و داهێنەرانە بێ و بەم شێوەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی جیهانیدا وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی شۆڕش لە پەنا مودێلەکانی ئەفریقای باشوور، خەباتی مەدەنی رەش پێستەکانی ئەمریکا و هێندووستان دا ریز بەند بکرێ.

بێ گومان هەنگاوی مێژوویی ناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی بۆ تورکیە، شۆڕشی کورد زیاتر بەرەو پێش دەبات و جووڵەیەکی گەورە بە بەرەوپێش چوونی پرسی کورد لە باکوور دەبەخشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

---

## ڕەفسەنجانی و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران

### یەکێک لە ئەکتەرە گرینگەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران، هاشمی ڕەفسەنجانییە.

هەڵوێست و بۆچوونەکانی ناوبراو لە یەکلابوونەوەی ململانێی نێو دەسەلاتدا دەورو نەخشێکی تایبەتیان هەیە.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری بەم لاوە، بەهۆی قووڵبوونەوەی کێشەی نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڵوێستەکانی ناوبراو گرینگییەکی زیاتریان پەیدا کردووە بۆتە جێی سەرنجی چاوەدێرانی سیاسی و میدیاکانی نێوخۆو دەرەوە.

ئەو هێرشانەی لە لایەن ئەحمەدی نژاد و کاربەدەستە توندڕۆکانی دیکەوە کرانە سەر ڕەفسەنجانی، نیشاندەری ئەوەن کە تاقمێک لە نێو باڵی بناژۆخوازدا لەگەڵ ئەو دژایەتی دەکەن و دەیانەوێ لە ڕێگەی هاندان و قەناعەت پێ هێنانی خامنەییەوە وردە وردە لە بازنەی دەسەلا ِت وەلای بنین.

لە لایەکی دیکەوە ڕەفسەنجانی بیر لە قۆناغی دوای مەرگی خامنەیی دەکاتەوەو خۆی لە هەموو کەس بۆ بە دەستەوە گرتنی پۆستی ویلایەتی فەقیە بە حەقدارتر دەزانێ. لە هەمان کاتدا ڕەفسەنجانی ئاگاداری ئەوەیە کە هێزگەلێک دەیانەوێ ببنە کۆسپی سەر ڕێگەی بە دیهاتنی ئەو ئاواتەی و، هەوڵ دەدەن بەدیلی بۆی بدۆزنەوە کە وێدەچێ خامنەییش لەگەڵ ئەم هەولا ِنە دا لاری نەبێ.

کۆی ئەم فاکتەرانەی سەرەوە ڕەفسەنجانیان تووڕە کردوە. بەم هۆیەوە ناوبراو هێندێک جار بە لایەنگری کردن لە نەیارانی ئەحمەدی نژاد، ویستوویەتی ئەو پەیامە بدا کە ئەگەر ئەو هێزو تاقمانە دەست لە دژایەتی کردنی هەڵنەگرن تووشی زیان دەبن. چونکە لەو حاڵەتەدا ئەو ناچار دەبێ قورسایی خۆی بخاتە تای تەرازووی نەیارانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادەوە. هەروەها ڕەفسەنجانی دەیەوێ بە نەیارانی بڵێ کە ئەو مۆرەیەک نیە بە ئاسانی بتوانن ئینکاری بکەن و وەلای بنێن.

ڕەفسەنجانی هۆگری و دڵسۆزییەکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی هەیەو هەوڵ دەدا لە هەر چەشنە یارمەتیدانێک بەو

حەرەکەتانەی ئەگەری کۆنترۆڵ نەکران و لە مەترسی هاویشتنی تەواوییەوتی کۆماری ئیسلامییان هەیە خۆی بپارێزێ.

رەفسەنجانی لەگەڵ حەسەن خومەینی و ناتقی نووری لە لایەن خامنەیی یەوە بۆ بەشداری لە نوێژی جەژنی رەمەزاندا بانگهێشت کران. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە خامنەیی لە حاڵەتی لە مەترسی کەوتنی کۆماری ئیسلامی، لە هەمبەر رەفسەنجانی و ئاخوندە ناڕازییەکانی دیکە تەنازول دەکاو تاڕادەیەکیش مل بۆ خواستەکانیان رادەکێشێ. بە پێی هەموو دەرکەوتەکان هاشمی رەفسەنجانی لەگەڵ کۆی باڵی بناژۆخواز کێشەیەکی ئەوتۆی نیە. بەڵکوو تەنیا لەگەڵ تاقم و لایەنێک لە نێو باڵی بناژۆخواز دا کە هەوڵی وەلانان و سڕینەوەی دەدەن، کێشەی هەیە. بەم هۆیە ناوبراو هاوڕێ لەگەل ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان، هەڵوێستەکانی خامنەیی بەرزنرخاندو حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵکیان لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە بە ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم دا. بەم پێیە شیمانە دەکرێ هەوڵەکانی رەفسنجانی و ئەو پلانەی باسی لێوە دەکا لە پێناوی چارەسەر کردنی کێشەی نێوان مۆرە سەرەکییەکانی رێژیم دا بێ نەک لە پێناوی چارەسەرکردنی قەیرانی رەوایی نێوان خەڵک و نیزام.

مەهدی کەڕووبی کە بە شێوەیەکی جیددی هاتۆتە مەیدان و لێبراوانەتر لە هەموو ئاخوندەکانی دیکە هەڵوێست دەگرێ، لە نامەیەکدا رەخنەیەکی توندی لە هاشمی رەفسەنجانی گرتووە ئەو پرسیارەی لێ دەکا: ئایا مەجلیسی خوبرەگان ئەرکی چاوەدێری کردنی کارو کردەوەکانی وەلی فەقیهی بە جێ هێناوە؟ ئایا لەو ماوەیەدا هیچ لادانێک لە یاسای بنەڕەتی دا نەهاتۆتە ئاراو کردەوەکانی خامنەیی هیچ کەم و کوڕییەکیان نەبووە کە هیچ رەخنەیەکی لێ نەگیراوە؟

ئەگەر سەیری هەڵوێست و قسەکانی ئاخوندە خاوەن دەسەڵات و پێگەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو ئاخوندانەی بە شێوەیەکی جیددی دژایەتیی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دەکەن ژمارەیان کەمەو ئەوانی دیکە زیاتر لە فکری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەی کۆماری ئیسلامی دان، تا دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵک. تەنانەت میرحوسێن موسەوییش کە یەکێک لە رێبەرانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتییە لە فکری ئەوە دایە کە بزووتنەوە ئەوەندە رادیکال نەبێ کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەترسی بکەوێ.

بە سەرنجدان بەو شرۆڤەیەی خرایە روو پێویستە خەڵکی ئێران بە هوشیارییەوە لەگەڵ ئەم قۆناغە مامەڵە بکەن و هەموو ئەو مۆرەو کەسایەتییانەی نوێنەرایەتی خواستەکانیان ناکەن وەلا بنێن.

**بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بتوانێ باڵی خامنەیی – ئەحمەدی نژاد ناچار بە پاشەکشە بکا پێویستە کە:**

١- دروشم و ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی روون و دیاریکراو بێنێتە ئاراوە.

٢- ئەم بزووتنەوە کۆمەلاَیەتییە ببێتە بزووتنەوەیەکی مەدەنی خاوەن ڕێکخستنێکی بەهێز.

٣- ڕێبەرایەتییەکی جێی متمانە کە لە نێو خەڵکەوە سەر هەڵ دەدا جڵەوی ئەم بزووتنەوەیە بەدەستەوە بگرێ.

پشت بەستن بەو ئاخوندانەی کە زیاتر لە بیری بەرژەوەندیەکانی خۆیان و پاراستنی کۆماری ئیسلامی دان و پێـڕەوی کردنی کوێرکوێرانە لەوان، تەنیا بە زیانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران تەواو دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

# ئاڵۆزیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکە خاوەن ئاڵۆزییەکی تایبەتەو ئاستەنگی زیاتری لەبەردەم دایە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ لەسەر هێندێک لە لایەنەکانی ئەم ئاڵۆزییە ڕاوەستە بکرێ.

## فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێران

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو کورد سێیەمین نەتەوەی ئێران پێک دێنێ. فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێران تا هەنووکە بە زیانی کورد شکاوەتەوە. نەتەوە بندەستەکانی دیکەو بە تایبەت تورکەکان کە دووەمین نەتەوەی گەورەی ئێران پێک دێنن نە تەنیا بە ڕادەی پێویست و وەکوو کورد خەباتیان نەکردووە بەڵکوو هێندێک جار یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندییشیان داوە بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دەوڵەتی ناوەندی بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی "پەرتکەو زاڵ بە" (تەنانەت لە سەر حیسابی کورد) دەرفەتێکی زیاتری بۆ تورکەکان ڕەخساندووەو گرنگییەکی زیاتری بە ناوچە تورک نشینەکان داوە تا لەم ڕێگەوە وەفاداری و گرێدراویی ئەوان بە دەست بێنێ و تا ڕادەیەکیش لەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە.

### لێرەدا دوو بەربژاری گریمانکراو دەخەینە ڕوو:

١- ئەگەر ئێران وەکوو تورکیە یان عێراق تەنیا لە دوو نەتەوەی گەورە پێک هاتباو کورد دووەمین نەتەوەی ئێران بایە، شیمانەی بەهێز ئەوە بوو جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەنووکە بەرەوپێش چووباو لە ئامانجەکانی نزیک بباوە. سستی و لە ئارادا نەبوونی خەباتێکی جیددی لە نێو نەتەوەبندەستەکانی دیکە کاریگەریی نێگەتیڤیشی لەسەر کورد داناوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قبووڵنەکردنی خودموختاری لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ئەوە بوو کە ئەگەر خودموختاری بە ناوچە کوردنشینەکان بدرێ نەتەوەبندەستەکانی دیکەش داوای خودموختاری دەکەن و ئەمەش ئێران بەرەو ڕەوشی پڕ مەترسیی لێک هەڵوەشان پاڵ پێوە دەنێ.

٢- ئەگەر نەتەوەبندەستەکانی دیکە (و بە تایبەت نەتەوەی تورک) بە ڕادەی پێویست و بە شێوەیەکی هەماهەنگ لەگەڵ جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتیان کردبا، زۆر لە مێژ بوو هەموو نەتەوەبندەستەکانی ئێران بە مافەکانیان

گەیشتبوون و هەنووکە دیاردەیەک بە ناوی باڵادەستیی نەتەوەی فارس و دەوڵەتی فارس لە ئارادا نەبوو. لەم حاڵەتەدا یەکێک لە شیمانەکان ئەوە بوو کە ئێران بە شێوەیەکی فیدراڵی بەڕێوە چووبا.

## وێکچوونی فارس و کورد

ئەگەر زمان، کلتوورو نژادی دو نەتەوەی کوردو فارس لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بەدی دەکرێ. ئەم لێکچوون و نزیکییە وایکردوە دژایەتییەکان لە هەمبەر دەوڵەتی فارس دا نەرم بن و دژایەتییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە روو. کوردێک کە لە فارسێک خۆی بە ئێرانیتر بزانێ هەستی بەرهەڵستی، دوور کەوتنەوەو تەکینەوەی لە ناوەند کەمتر دەبێ.

شوناسی نەتەوەیی لەسەر بناخەی جیاوازییەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە پێناسە دەکرێ. بە پێی ئەمەش چەمکی بەرگری کردن لە شوناسی نەتەوەیی و خەبات کردن لە دژی ئەو هێزو لایەنانە دێتە ئارا کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی. دەکرێ بگوترێ کەم ڕەنگتربوونی جیاوازییەکانی نێوان دوو نەتەوە، تەنانەت ئەگەری نەرم بوونی بەرهەڵستی لە هەمبەر نەتەوەی باڵادەست دێنێتە ئارا. رادەو ئاستی دژایەتیی کوردی رۆژهەڵات لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندی و بەراوردکردنی لەگەڵ باکوورو باشووری کوردستان سەلمێنەری ئەم راستییەیە.

جیاوازیی زۆرو لێک نەچوونی نێوان کوردو تورک لە تورکیە، کوردو عەرەب لە عێراق لە رووی زمانی، کلتووری و نژادییەوە وایکردوە کورد دژایەتییەکی توندی دەسەڵاتی سیاسیی دوو نەتەوەی سەردەستی تورک و عەرەب بکا. ئەمەش لەسەر جێگیربوونی سیستمی فیدراڵی لە باشوور، بە گوڕبوونی بزاڤی باکوورو هێزی کەم و هەناسەی کزو سەربرۆکەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

## چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی

دەوڵەتی ناوەندی تاران بە شێوەیەکی نەرم ئامرازی و زیرەکانە لەگەڵ نەتەوەبندەستەکان دەجووڵێتەوە. هەر چەند دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەسەر بناخەی نکۆڵی کردنی شوناسی نەتەوەبندەستەکان بنیات نراوە بەڵام لە هەمان کاتدا قانوونی بنەڕەتی شوناسی ئەو نەتەوانە لە ژێر ناوی ئەقوام کە دەستەواژەیەکی کلتوورییە نە سیاسی - حقووقی، بە فەرمی دەناسێ. واتا هەم بە فەرمیان دەناسێ هەمیش ئینکاریان دەکا. ئەمەش وایکردوە کە دژکردەوەیەکی توندی لە هەمبەر دروست نەبێ.

تورکیە نکۆڵی لە هەبوونی کورد تەنانەت وەک کەمەنەتەوەش دەکرد و ئەوانی بە تورکی کێوی دادەنا. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەوە دژکردەوەیەکی توندی لە هەمبەر خۆی خەڵقاند.

دەوڵەتی بەعسی عێراق بە شێوەیەکی سەخت ئامرازی لەگەڵ کورد مامەڵەی دەکرد، زیاتر بە لە ناو بردنی فیزیکی رووبەڕووی کورد دەبۆوەو لە ئاستێکی بەربلاودا کیمیاباران و ئەنفالی کردن. لە حاڵێکدا ئێران بە شێوەیەکی نەرم ئامرازی (کە دژکردەوەیەکی کەمتر دەئافرێنێ) سیاسەتی توانەوەی کلتووری و ژینۆسایدی سپی پێڕەو دەکا. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی ئێران کوردی بە تەواوی ئینکار کردباو زیاتر بە شێوەیەکی سەخت ئامرازی دژایەتیی کوردی کردبا شیمانە دەکرا دژکردەوەی کورد توندترو لە ئاستێکی بەربلاوتردا بوایە.

ئەگەر بەم فاکتەرانەی سەرەوە چەند کەرتبوونی کوردی رۆژهەلات لە رووی زاراوەیی و مەزهەبییەوە زێدە بکەین ئاڵوز بوونی پرسی کوردمان لە رۆژهەلاتی کوردستان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

بە سەرنجدان بەم شرۆڤەیەی خرایە روو دەتوانین بڵێین خەباتکردن لە رۆژهەلاتی کوردستان بە نیسبەت پارچەکانی دیکە زەحمەتترو ئەرکی بزووتنەوەش قورسترە.

بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دۆخی بێ هێزی و قەیراناوی هەنووکەیی دەرباز بێ و چەشنێک هەڵسانەوەی نەتەوەیی و بەگژداچوونێکی جیددیی دەوڵەتی ناوەندی لەم پارچەی وڵات بێتە ئاراوە، زیاتر لە پارچەکانی دیکە پێویستی بە کاری تیۆری سازی، رێکخستن، خەباتێکی شێلگیرترو بەردەوامتر هەیە. هەروەها بۆ ئەنجام دانی کارێکی ئەوتۆ، پێویستە حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان توانستێکی زۆر زیاتر لە هەنووکە لە خۆیان نیشان بدەن.

بەگەڕ کەوتن و بە گوڕتر بوونی بزووتنەوە یا تیۆریزە کردن و رێبەرایەتی کردنی بزاڤ لە هەلومەرجێکی دژواری وەک رۆژهەلاتی کوردستان دا کە بتوانێ دەسەڵاتی ناوەندی بخاتە ژێر گوشارو ملمڵانێیەکی جیددی لەگەڵ بکا، پێویستی بە کەسانێکی بیرمەندو تیۆریسێن هەیە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:

**ئایا کەسانێکی ئەوتۆ لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی دەکرێن؟**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## چارەسەرێکی راستەقینە یان فۆرمالیتە؟

دەوڵەتی تورکیە لە سەر بناخەی تاکەشوناسی تورک دامەزراوە. خاوەن پێکهاتەیەکی یونیتارە، لەلایەن ناوەندێکەوە بڕیار دەدرێ و پراکتیزەکردنیشی لە لایەن هەمان ناوەندەوە دەبێ.

هەوڵی دامەزرێنەرانی نوێی تورکیە لە ساڵی ١٩٢٣وە ئەوە بووە کە لەسەر بناخەی نکۆڵی کردن، سەرکوت و ئاسیمیلاسیۆنی پێکهاتەکانی غەیرە تورک، دەوڵەتێکی نەتەوەیی کلاسیک بنیاد بنێن. لە قانوونی بنەڕەتی تورکیەدا چەمکی هاووڵاتیبوون بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ "هاووڵاتیانی تورکیە، تورکن یا کەسایەنێکن کە خۆیان بە تورک دەزانن."

پڕ ئاشکرایە فەلسەفەی دروست بوونی کۆمارو ئەو پێکهاتەو پێناسەی باسی لێوەکرا لەگەڵ سیستمێکی دێمۆکراتیک پارادۆکسێکی جەوهەری هەیەو دەرفەت بە جێگرتن و خۆگوزارشت کردنی پێکهاتەکانی غەیرە تورک نادا.

بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو دابین بوونی ژیانێکی شەرەفمەندو یەکسان لە نێوان دوو نەتەوەی کوردو تورک دا، هەرروەها بۆ دێمۆکراتیزەکردنی کۆماری ئۆلیگارشکیی تورکیە بە شێوەیەکی راستەقینە، پێویستە پێکهاتەو پێناسەی بە دەزگاکراوو بە فەرمی کراوی هەنووکەیی لە بنەڕەتەوە دەستکاری بکرێ و سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە.

ئایا رێبەرایەتی بزاڤی کورد ئەم مەسەلەیەی هەرسکردووە؟ مێکانیزم و رێکاری کورد بۆ دەربازبوون لە دۆخی هەنووکەیی چیە؟ پرۆژەی "کرانەوەی دێموکراتیک"ی پارتی دەسەڵاتداری دادو گەشەپێدان تا چ رادەیەک هەڵگری سەر لە نوێ داڕشتنەوەی سترۆکتۆری تورکیەو دووبارە پێناسە کردنەوەی چەمکی هاووڵاتیی تورکیەیە؟

### نەخشەی رێگە

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە درێژەی هەوڵەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان، لەم دواییانەدا نەخشەیەکی بە ناوی "نەخشەی رێگە" پێشکەش کرد. بە پێی تێگەیشتنی نووسەری ئەم دێڕانە،

**گرینگترین خاڵەکانی ئەم نەخشەرێگەیە دەتوانرێ بەم شێوەیە ریزبەندی بکرێ:**

**ئەلف)** وڵاتی تورکیە، لە راستیدا وڵاتێکی هاوبەش و یەکگرتوویە کە لە تورکیەو کوردستان پێک دێ. دەبێ کوردستان و تورکیە وەک دوو وڵاتی هاوبەش بە فەرمی بناسرێن. ئۆجەلان باس لە چەمکی "دەوڵەتی یەکگرتووی تورکیە" دەکا، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەم واتایە دێ کە سترۆکتۆری یونیتاری تورکیە لە ئارادا نەمێنێ و باکووری کوردستان لە رووی دام ودەزگاکانی حکوومەتی و خۆبەڕێوەبردنەوە بە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ نەتەوەی تورک بگا بە چەشنێک تورکیە وەک "ناسنامەی ژوورین" نوێنەرایەتی راستەقینەی دوو نەتەوەی کوردو تورک بکا.

**ب)** هەموو ئەو ماددانەی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە کە دژی دێموکراسی و یەکسانی نێوان نەتەوەکانن بگۆڕدرێن و دێموکراتیزە بکرێن. چونکە بە بێ قانوونێکی بنەڕەتیی دێموکراتیک پرسی کورد چارەسەر نابێ.

**ج)** مافەکانی شارۆمەندی و مافە نەتەوەییەکانی کورد دابین بکرێ. چەمکی هاووڵاتیبوون سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوەو زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان. بە دەربڕینێکی دیکە کورد هەم وەک تاک و هەم وەک کۆمەڵگەو نەتەوە بە فەرمی بناسرێ و ئەم مەسەلەیەش لە قانوونی بنەڕەتی دا جێگیر بکرێ.

**د)** کورد لە ئاستی جیهانی دا لە رێگەی نوێنەرایەتی خۆیەوە بتوانی گوزارشت لە هەبوونی کلتووری و نەتەوەیی خۆی بکا.

**ر)** کوردیش وەکوو تورک پارلمان، ئاڵا، وەرزش، ئابووری، هێزی بەرگری و ئاسایش و پاراستنی خۆی هەبێ.

### پرۆژەی کرانەوەی دێموکراتیکی AKP

بە سەرنجدان بە دە خاڵەکەی پرۆژەی AKP کە لەم دواییانەدا خرانە روو و هەروەها ئاخافتنەکانی بەرپرسە باڵاکانی پارتی دەسەڵاتدار بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەگەر پرۆژەی ناوبراو تەنیا هەڵگری ئەو خاڵانە بێ، مافەکانی شارۆمەندی کوردیش بە تەواوی دابین ناکا.

ئەوەندەی لەم پرۆژەیە بۆ رای گشتی خراوەتە روو زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی دانی پێدانانرێ و نابێتە زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان، پێکهاتەی یونیتاری و هەیکەلی سانترالیستی دەوڵەت دەپارێزرێ و دژایەتی لە گەڵ هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمایەتیی دەکرێ، ناسنامەی نەتەوەیی کورد دانی پێدا نانرێ و لە قانوونی بنەڕەتی تورکیەدا جێگیر ناکرێ و تا هەنووکە باس لە گۆڕینی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە (بە رادەیەک کە پێویست بێ) ناکرێ. رەجەب تەیب ئەردوغان لەم بارەوە دەڵێ "من هەر لە سەرەتاوە گوتومە یەک دەوڵەت، یەک نەتەوەو یەک زمان". ئەمانە نیشاندەری ئەوەن تا هەنووکە پلانێکی تۆکمەو کۆنکرێت لە لایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە بۆ چارەسەری راستەقینەی پرسی

کورد لە ئارادا نیە.

خاڵەکانی پرۆژەی AKP کە خراونە روو بریتین لە: کۆرسی تایبەتی فێر بوونی زمانی کوردی هەبێ، ناوی کوردی شارەکان و شوێنەکان بگەڕێتەوە، بە پێی یاسای دژە تێرۆر لەگەڵ منداڵان مامەڵە نەکرێ، کاتێک کەسوکاری زیندانیان سەردانیان دەکەن بتوانن بە کوردی قسە لەگەڵ یەکتری بکەن، هەرکەس بتوانی بڵێ من کوردم و بە زمانی کوردیش قسە بکاو...

قەتیس کردنەوەی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەدا وەک خاپاندن و چەواشە کردنی رای گشتی و چارەسەرێکی رووکەشانە دێتە بەر چاوو ئەوە نیشان دەدا کە تا هەنووکە تەنانەت AKP ش لە پرسی کورد وەک پرسێکی ئەتنی قووڵ ناڕوانێ و بە پێی جەوهەری راستەقینەی پرسەکە مامەڵەی لەگەڵ ناکا.

## ئەنجام

پرسی کورد پرسێکی مێژووییەو چارەسەر کردنیشی پێویستی بە کات هەیە. دەکرێ پرۆژەی AKP و ئەو باس و خواسانەی سەبارت بە چارەسەری پرسی کورد لە ئارادان وەک سەرەتایەک لە قەڵەم بدرێ بۆ هەنگاونان و پێشکەوتنی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا. شیمانە دەکرێ هێزی بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا دەسەڵاتی تورک زیاتر ناچار بە پاشەکشە بکا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیکی و واقیعیانەتر لەگەڵ پرسی کورد مامەڵە بکا.

**ماوەتەوە بڵێین هەر کاتێک ئەو خاڵانەی لە نەخشەی ڕێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دا هاتوون لە بەرچاو گیران و پراکتیزە کران ئەو پرسی کورد لە باکووری کوردستان تا رادەیەکی شیاو چارەسەر بووە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## چارەسەر کردنی پرسی کوردو هەوڵێک بۆ یەکگرتوویی خاکی تورکیە

### ئەمڕۆکە پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە بۆتە ڕۆژەڤ.

پایەبەرزترین بەرپرسانی تورکیە باس لەوە دەکەن کە پرسی کورد گەورەترین پرسی تورکیەیە و دەبی چارەسەر بکرێ.AKP ڕایگەیاندوە پرۆژەیەک بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە پێشکەش دەکا. ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە بۆ بەرەوپێش چوون و چارەسەر بوونی پرسی کورد.

**لێرەدا دوو لایەن بوونیان هەیە:**

١- لایەنی کوردی کە دەیان ساڵە ستەمی بەرانبەر دەکرێ و لە ڕێگەی خەباتێکی سەخت و خوێناوییەوە بۆ بەدەستخستنی مافەکانی هەوڵ دەدا.

٢- لایەنی تورک یان دەسەڵاتی تورک کە بە زەبروزەنگ و سەرکوت وەڵامی داخوازییەکانی کوردی داوەتەوە. ئایا لە قۆناغی هەنووکەیی دا بزاڤی باکوور دەتوانێ فشارێکی ئەوتۆ دروست بکا کە چارەسەری پرسی کورد ببێتە دیاردەیەکی حەتمی و پارێز هەڵنەگر؟ ئایا دەسەڵاتی تورک بوێری و جیدییەتی پێویستی بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەیە؟ ڕای گشتیی تورک چۆن دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە؟

**فاکتۆری نێونەتەوەیی چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەیە؟**

١- دەوڵەتی تورکیە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ بەم ئاکامە گەیشتوە کە پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد نەتەنیا ئیمکانی نیە و شکستی هێناوە بەڵکوو زۆر دەرەنجامی نیگەتیڤی بۆ تورکیە لێ کەوتۆتەوە.

دوای ٨٦ ساڵ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، بزووتنەوەی نەتەوەیی باکووری کوردستان لە هەمووکات بەهێزترە. بەشێکی گەورەی کومەڵگەی کورد بە ئاستێکی بەرزی وشیاری نەتەوەیی گەیشتوەو بە هەموو شێوەیەک ململانێی سیاسەتە نامرۆڤانەکانی دەوڵەتی تورک دەکەن.

تورکیە لە ساڵی ١٩٨٤وە کە خەباتی چەکداریی PKK دەستی پێ کرد تا هەنووکە، چەند سەد ملیارد دۆلاری بۆ

سەرکوتی ئەم بزاڤە خەرج کردەوە کە بەم بڕەپارەیە دەتوانرا خزمەتێکی گرینگی لایەنی ئابووریی تورکیە بکرێ.

لەئارادا نەبوونی زەمینەیەکی یاسایی و فەزایەکی دێموکراتیک بۆ گەشە کردنی کلتووری کوردی، زیانێکی گەورەشی بە پرۆسەی بەرەوپێش چوون و دەوڵەمەند بوونی کلتووری تورک گەیاندوە و لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە پێوەندی و هەڵسوکەوتی نێوان دوو کۆمەڵگەی کوردو تورکی بەرەو ئاقارێکی ناتەندروست پاڵ پێوەناوە کە لە ئەگەری بەردەوام بوونی رەوشی هەنووکەیی، لێکترازانی ئەم دوو کۆمەڵگەیە بەرەو دۆخێکی مەترسیدار هەنگاو دەنێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش سیاسەتی تواندنەوە و وەک یەک لێکردن لەگەڵ رۆحی سەردەم کە لەسەر پاراستنی هەبوونە ئێکۆلۆژیک، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان پێدادەگرێ، دژایەتی هەیە.

٢- دەتوانرێ بگوترێ تا ساڵی ٢٠٠١، دەسەڵاتی تورک بە شێوەیەکی یەکدەست دژایەتیی داخوازییەکانی کوردی دەکرد. بەڵام وەلانانی ئیستراتیژیی گۆڕینی سنوورەکان و ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن بزاڤی کوردەوە، لە نێو دەسەڵاتی تورک دا چەشنێک قەڵشتی دروست کرد و بە پێی ئەمەش بەشێک لە دەسەڵاتی تورک باسی چارەسەری پرسی کوردیان هێنایە ئاراو لەگەڵ دابین بوونی مافە سەرەتاییەکانی کورد دژایەتی ناکەن و بە قسەی خۆیان پرۆژەیەکیشیان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە بە دەستەوەیە.

لەلایەکی دیکەش لە ٢٠٠١ بەم لاوە سەمپاتیی رای گشتیی تورک و بڕاردەکانی کۆمەڵگەی تورک بە نیسبەت داخوازییەکانی کورد، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ. داننانی یەک لە دوای یەکی ژنراڵەخانەنشینەکانی تورک بەوە کە پرسی کورد و PKK بە رێگەچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێ، کاریگەرییەکی زۆری بە قازانجی کورد لە نێو رای گشتیی تورک دا داناوە. گرینگیی ئەم مەسەلەیە لێرەدایە لە ئەگەری لەبار بوونی فاکتۆری رای گشتی، AKP دەتوانێ بە بوێرییەکی زیاترەوە بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد هەنگاو باوێژێ.

٣- بزاڤی باکوور بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٠٠١ەوە پرۆژەکانی خۆی بۆ بەدەستخستنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی هەنووکەیی تورکیە دادەڕێژێ و پێناسە دەکا بەڵام سەرەڕای ئەوە تا هەنووکەش چەشنێک بێمتمانەیی لە نێودەسەڵات و لانی کەم بەشێک لەرای گشتی تورک دا بە نیسبەت دوا ئامانجەکانی بزاڤی کورد لە ئارا دایە. لایەنی تورکی لەوە دەترسن کە دوا ئامانجی بزاڤی کورد پارچە پارچە کردنی وڵاتی بە ناو تورکیە بێ یان هەلومەرجێکی کۆنترۆڵ نەکراو بێتە ئارا کە ئاکامەکەی پارچە پارچە کردنی تورکیە بێ. ئەم مەسەلەیە لەسەر هەوڵەکانی پارتی دەسەڵاتدار بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد کاریگەریی نیگەتیڤی داناوە.

٤- یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگەی چارەسەری پرسی کورد، دوو پارتی CHP و MHP ن کە هەڵوێستی نەژادپەرستانەیان بەرانبەر کورد هەیە. ئەم دوو پارتە هەر چەند بە توندی دژایەتیی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی تورکیە و ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی دەکەن بەڵام لەم دواییانەدا تا ڕادەیەک بۆچوونەکانیان گۆڕاوە و لانی کەم دان بە پرسی کورد دادەنێن. چونکە نکۆڵی کردن لەو پرسە دەبێتە هۆی لەدەست دانی هەرچی زیاتری پێگەی جەماوەرییان. بەتایبەت کە کوردەکان حەشیمەتێکی ٢٠ میلیۆنی لە تورکیە دا پێک دێنن.

٥- تورکیە لە ڕووی ژیئۆپۆلیتیکیەوە هەڵکەوتێکی گرینگ و هەستیاری هەیە و ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئوروووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەوڵەتی تورک بۆ ئەوەی بتوانێ لەم هەڵکەوتەی بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی ڕۆژهەڵاتی ناوین کەڵک وەربگرێ پێویستی بە سەقامگیری و ئاسایش لە وڵاتەکەیدا هەیە. ئەمەش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە پرسی کوردی چارەسەر کردبێ.

لانیکەم بەشێک لە دەسەڵاتی تورک بەم ئاکامە گەیشتوە بۆ ئەوەی تورکیە بتوانێ لە عێراقی دوای ٢٠١١، ئاسیای ناوەڕاست، قەفقاز و... ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئوروووپا، پێویستە گەورەترین پرسی وڵاتەکەی کە پرسی کوردە چارەسەر بکا. چارەسەر نەکردنی ئەم پرسە وزە و توانایەکی زۆری تورکیە بەفیڕۆ دەدا و تووشی نوشوست و لاوازیی دەکا بە چەشنێک نەتوانێ ڕۆڵی شایانی خۆی لە ناوچەکانی جێی ئاماژە بگێڕێ.

٦- ئەوە خەبات و هێزی بزووتنەوەی کوردە کە دەسەڵاتی تورکی ناچار بە پاشەکشە کردوە بە چەشنێک کە ڕادەگەیەنن بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد پڕۆژەیان هەیە. سەرەڕای ئەوەش ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد هەوڵ دەدا ڕێگە لە "توهم سازی" و خۆشباوەڕی بگرێ.

**عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێ:** AKP بوێریی پێویستی نیە و بە دڵە راوکێ پرسی کورد چارەسەر ناکرێ. هەروەها لەزاری بەرپرسانی DTP دەبیسین کە AKP جیددی نیە و هەنگاوی پراکتیکی ئەوتۆ ناوێژێ. ئەم ئاخافتنانە سەلمێنەری ئەوەن کە بزاڤی کورد بە وریاییەوە هەنگاو دەنێ و هەوڵ دەدا لە هەر چەشنە خۆشباوەڕییەک خۆی بپارێزێ.

بێداریی نەتەوەیی، نەمانی ترس، متمانە بەخۆبوون و ڕێکخستنی بەهێز لە تایبەتمەندییەکانی هەنووکەیی بزاڤی باکوورن. ئەم بزاڤە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ و خەڵکێکی زیاتر بڕیار دەدەن بە ئازادی بگەن و لەم ڕێگەیەدا ئامادەی هەموو فیداکارییەکن. بەم هۆیانە هەوڵی بەشێک لە دەسەڵاتی تورک بۆ پاراستنی دۆخی ئارایی تەنیا ڕادیکاڵ بوونی بزووتنەوەی کوردی لێ دەکەوێتەوە.

زیاتر لە سی ساڵ خەباتی بێ‌پسانەوە، تەنانەت سەرسەختترین نەتەوەپەرستەکانی تورکیشی تووشی دوو دڵی و دڵەراوکێ کردوە بە چەشنێک کە وەکوو جاران بۆ سەرکوتی توندوتیژانەی بزووتنەوەی کورد پێداگری ناکەن و بۆ چوونەکانیان لەهەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا برەوێکی زۆری نەماوە.

٧- دیداری ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی DTP لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا لە ئانکارا، ڕیگەدانی ئەمریکا بە DTP کە نووسینگەیەکی نوێنەرایەتی لە واشنگتۆن بکاتەوە، نیشاندەری ئەوەن کە بەوتەی ئەو باڵوێزە، ئەمریکا بە پێویست دەزانێت تورکیە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، هەنگاوی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و دەروونی باوێژێ. یەکیەتیی ئورووپا و سەرۆکی ئێستای ناتۆش داوایان لە تورکیە کردوە کە پرسی کورد بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکا. بەم پێیە فاکتۆری نێونەتەوەییش تا رادەیەک بە قازانجی کورد لە گۆڕان دایە.

لەبەر ئەوەی خەباتی کوردی باکوور لەسەر میتۆدێکی ناتوندوتیژ و دێموکراتیک چڕ بۆتەوە پێدەچێ لە داهاتوودا پشتیوانیی ڕای گشتی و دەوڵەتانی جیهان زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێ.

٨- ڕەجەب تەیب ئەردوغان پێشتر ڕایگەیاندبوو تا DTP - PKK وەک گرووپێکی تیرۆریستی نەناسێت ئامادە نیە لەگەڵ بەرپرسانی DTP دانوستان بکا. ئەحمەد تورک ئەوەی ڕەد کردەوە و تەنانەت ڕایگەیاند ئامادەیە لە دانیشتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی تورکیەدا نوێنەرایەتیی ئۆجەلان بکا.

ئامینە ئاینا هاوسەرۆکی DTP ڕادەگەیەنێ بێ PKK و ئۆجەلان پرسی کورد چارەسەر ناکرێ. ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کە دەوڵەتی تورک ناتوانێ لە نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی باکوور جودایی دروست بکاو لێکیان دوور بخاتەوە. ئەمەش خاڵی هەرە بەهێزی ئەو بزاڤەیە.

## ئەنجام:

**ئەلف)** دانیشتنی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ ئەحمەد تورک و وتەی عەبدوڵڵا گوێل سەبارەت بەوە کە "DTP ڕۆڵێکی گرینگی هەیە" ئەوە دەردەخا کە DTP وەک بەردەنگی یاسایی پرسی کورد قبووڵ دەکرێ. کردنەوەی نوێنەرایەتیی ئەو پارتەش لە واشینگتۆن، هێزی مانۆری پارتی ناوبراو زیاتر دەکا و بەم پێیە دەتوانێ ڕاستەوخۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد بە کاربەدەستانی ئەمریکایی ڕابگەیەنێ. ئەمەش هەنگاوێکی ترە بەرەو نێونەتەوەیی بوونی هەرچی زیاتری پرسی کورد.

**ب)** موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK رادەگەیەنێ ئەگەر تورکیە لەگەڵ ئێمە و ئۆجەلان دانوستان ناکا یا DTP و بژاردەکانی کۆمەڵگەی کورد وەک بەردەنگ قبوول بکا. ئەمە هەر چەشنە بیانوویەک لە دەست تورکیە بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنی کوردی دەردێنێ.

**ج)** پێدەچێ پرۆژەی AKP تەنیا دابینکەری مافە سەرەتاییەکان و مافەکانی شارۆمەندیی کورد بن و مافی نەتەوەیی کوردان وەک نەتەوەیەکی جیاواز دەستەبەر نەکا، بە واتایەکی دیکە پرسی کورد بە شێوەیەکی کۆنکرێت و یەکجارەکی چارەسەر ناکا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێ ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ هەنگاونانی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا.

**د) بە وتەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان تورکیە دوو رێگەی زیاتر لەبەردەمدا نیە:**

١- پرسی کورد چارەسەر دەکا و دەبێتە کۆمارێکی دیموکراتیک و بەم شێوەیە لە قەیرانی هەنووکەیی دەرباز دەبێ.

٢- پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی پێشوو و سیستمی ئولیگارشی دەکا کە دەبێتە هۆی داخرانی هەرچی زیاتری بیاڤی نێوخۆیی و تەریککەوتنەوەی تورکیە لە دنیای ئەمڕۆیی. بە پێی ئەمەش هەڵوەشانەوەی تورکیە وەک یوگسلاوی و یەکیەتیی سۆڤیەت دەبێتە شتێکی چاوەروان کراو*. هەروەک رەجەب تەیب ئەردۆغانیش دان بەو راستییەدا دەنێ کە چارەسەر نەکردنی پرسی کورد یەکگرتوویی خاکی تورکیە دەخاتە مەترسییەوە.

**پەراوێز:**

* اوجالان، عبدالله، کرد ێزاد و هویت نوین خاورمیانه (دفاعیات ارائه شده به دادگاه موئتلفه ێتن) فوریه ٢٠٠٦، مرکز ێپار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، ل ١٧٦ به هێندێک دەستکارییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٩



سەرچاوە Serchawe

## ڕێبەرایەتیی گۆڕان

تێ بینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە لە تیۆرییەکانی" جان پی. کاتێر" لە کتێبی "ڕێبەریی گۆڕان" کەڵک وەرگیراوەو هەوڵمداوە بەربەستەکانی سەر ڕێگەی گۆڕان لە پارتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بە ڕۆشنایی ئەو بیروبۆچوونانەدا دەستنیشان بکەم. ئەمڕۆکە پارتە کوردییەکان پێویستیان بە ئاڵوگۆڕێکی جیددییە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و ئامانجە دەست نیشانکراوەکان، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ پێویستەو ڕێکخراو یان پارتێک کە نەتوانێ بە شێوەیەکی دروست و هاوڕێک لەگەڵ ئامانجەکانی، گۆڕان لە خۆیدا پێک بێنێ داهاتوویەکی گەشی نابێ. لەم بارەوە پارتەکان تووشی هێندێک هەڵەی باوو هاوبەش دەبن کە دەبێتە هۆی شکستی گۆڕان.

### گرینگترینی ئەم هەڵانە لە خوارەوە ریز دەکرێن:

### هەڵەی یەکەم: ئاسوودەخوازیی لە رادەبەدەر

هەر کاتێک ئاسوودەخوازیی (بەتایبەت ڕێبەریی پارتێکی سیاسی) لە ئاستێکی بەرزدا بێ گۆڕان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی شکست دەخوا. ئەم هەڵە کوشندەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی ئەو پارتە حاڵەتێکی کۆنسێرڤاتیڤ بە خۆیانەوە بگرن، ئەخلاقیاتی گۆڕان لاواز بێ و تەنانەت بەرگرییەکی زۆرتر لەهەمبەر گۆڕان لە خۆیان نیشان بدەن.

### هەڵەی دوویەم: نەبوونی تیمێکی بەهێزی گۆڕانخواز

بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی سەرکەوتووانە، گرووپێکی بەهێزی گۆڕانخواز کە بە شێوەی تیمێکی هاوئاهەنگ کار بکا پێویستییەکی سەرەکییە. ئەمە بۆچوونێکی مەترسیدارە کە پێمان وابێ کەسایەتییەک بە تەنیا دەتوانێ ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ، چونکە گۆڕانێکی جیددی زۆر دژوارتر لەوەیە کە تاکێک بە ئاسانی بتوانێ ڕێنوێنیی بکا.

ئەندامانی گرووپی جێی ئاماژە دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بن:

**ئەلف)** متمانەی پێویست لە نێوانیان دا هەبێ.

**ب)** پێگەیەکی بەهێزو پرستیژێکی زۆریان هەبێ بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان بەهێند وەربگیرێ.

ج) توانای ڕێبەرایەتیی کردنی پڕۆسەی گۆڕانیان لە ئاستی پێویست دا هەبێ.

د) بەرژەوەندیی تایبەتی و تاکەکەسی چالاکییەکانیان ئاراستە نەکا.

### هەڵەی سێیەم: بەکەم گرتنی هێزی دوورنما

گرینگترین فاکتەر لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی سەرکەوتووانەدا، بوونی دوورنمایەکی ئاوەزمەندانەیە. دوورنمایەک کە هەوڵەکانی گۆڕان ئاراستە بکاو، ئیستراتیژی گەلێک بۆ گەیشتن بە دوورنما پەرە پێ بدا. دوورنما ئاماژە بە وێنەیەکی روون لە داهاتوو دەکا کە بە تاکەکان نیشان دەدا بۆچی بۆ بەدەست هێنانی دەبێ هەوڵ بدەن. لە پڕۆسەی گۆڕان دا دوورنما هەڵگری دوو ئامانجی گرینگە: ئەلف) دەبێتە پاڵنەری تاکەکان بۆ هەوڵدان و کارکردنی زیاتر، ب) هەوڵدانی تاکەکان بۆ شێوەیەکی زۆر خێراو کارا هەماهەنگ دەکا.

هێندێک کەس گیروگرفتەکانی بەردەم گۆڕان دەزانن و هەر بەم هۆیەش هەوڵ دەدەن چالاکییەکان بە هێمنی لە پشت پەردەوە بەڕێوەبەرن و بە زانا بوون لە هەر باس و مشت و مڕێک لە لای هەمووان خۆ دەپارێزن. بە بێ هەبوونی دوورنمایەک کە بڕیارەکان ئاراستە بکا هەر هەنگاوێک لەگەڵ کۆسپی جیددی بەرەوڕوو دەبێ و لە ئاکام دا مشتومڕی بێ سەرەنجام و سەر لێشێواوی لێ دەکەوێتەوە.

### هەڵەی چوارەم: نەگواستنەوەو تێنەگەیاندنی دوورنما بە هەموو ئەندامان

گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە بێ هاوکاری و پشتیوانیی زۆربەی ئەندامان ناموکینە. ئەگەر ئەندامانی پارتێک لە دۆخی هەنووکەییش رازی نەبن ئامادەی فیداکاری نین، مەگەر ئەوەی کە بەرژەوەندی بان تاکەکەسییان بەلاوە گرینگ بێ و هەروەها بڕوا بکەن کە گۆڕان مومکینە. بە بێ پێکهێنانی پێوەندییەکی کاریگەر ناتوانرێ ڕەزایەت و پشتیوانیی ئەندامان بەدەست بێ. گرینگ ئەوەیە کە دوورنما بە شێوەیەکی شەفاف و روون بۆ هەموو ئەندامان شی بکرێتەوەو ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانج یارمەتی بکرێن.

هێزی راستەقینەی دوورنما کاتێک دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە پڕۆسەی گۆڕان دا، تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لە ئامانج و ئاراستەی گۆڕان هەبێ. ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە لە بارەی داهاتوویەکی خوازراودا، ئەو چالاکییانەی گۆڕان دروست دەکەن لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ دەکاو دەبێتە پاڵنەرو هاندەری ئەندامان بۆ سوور بوون لە سەر بردنە ژێر پرسیاری دۆخی هەنووکەییدا. بەلام ئەگەر ئەندامانی تیمی رێبەریی گۆڕانخواز بە دروستی هەڵنەبژێرن و تواناکاریی پێویستیان نەبێ ناتوانن دوورنمایەکی باش بئافرێنن و بۆ ئەندامانی شی بکەنەوە.

## هەڵەی پێنجەم: داماوی لە وەدیهێنانی سەرکەوتنی کورت ماوە

ئەگەر لە پرۆسەی گۆڕان یا داڕشتنەوەی سترۆکتۆری نوێ دا، تا گەیشتن بە گۆڕانی راستەقینەو کۆتایی، هێندێک سەرکەوتنی کورت ماوە بەدی نەیەن، ئەندامان وزەو هێزی هاندەری گۆڕانیان دادەبەزێ و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بۆ گۆڕان نادەن. مەگەر ئەوەی کە لە دوای ماوەیەکی کورت نیشانەگەلێک لەو ئاکامانە ببینن کە چاوەڕوانیان دەکردن. ئەندامان بە بێ سەرکەوتنی کورت ماوە بۆ گۆڕانی راستەقینەش هەوڵ نادەن یان لە هەمبەری دەوەستن.

## هەڵەی شەشەم: راگەیاندنی ناوەختی سەرکەوتن لە گۆڕاندا

سەرەڕای ئەوە کە بەرز نرخاندنی گۆڕانە کەم و کورت ماوەکان کارێکی باش و بەجێن، بەڵام نابێ وەک سەرکەوتنی تەواو گۆڕانی کۆتایی لە قەڵەم بدرێن و ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. گۆڕانکارییەکان دەبێ بە قووڵی لە کلتووری ریکخراوەییدا رۆبچن و جێگیر ببن کە ئەمە لانی کەم ماوەیەکی نێوان ماوەیی دەوێ.

## هەڵەی حەوتەم: کەمتەرخەمی سەبارەت بە چەسپاندنی گۆڕانکارییەکان لە کلتووری رێکخراوەییدا

گۆڕان کاتێک جێ دەکەوێ و سەقامگیر دەبێ کە ببێتە شێوەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لە لایەن هەموو ئەندامانەوە. تا ئەو کاتەی گۆڕان بە قووڵی لە رێکخراوەکان دا نەچەسپێ هەمیشە لە بەردەم پاشەکشە پێکردن دایە. دوو فاکتەر لە چەسپاندنی گۆڕانکارییەکاندا رۆڵی گرینگ دەگێڕن: یەکەم: هەوڵدانی وشیارانە بۆ سەلماندنی گرینگیی گۆڕان. دوویەم: باش بوون و بەرەوپێش چوونی کردەوەو چالاکیی ئەندامان لە ئەنجامی گۆڕاندا.

تووش بوون بەم هەڵانەی سەرەوە ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە حیزب یان رێکخراوێک دا نەیەتە ئاراوە، بەم پێیەش ئەندامان بە نیسبەت گۆڕان و ئامانجەکانی رەش بین و بەدگومان دەبن و هەموو ئەوانەی کە باس لە گۆڕان دەکەن وەک کەسانێکی فێلباز (کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان بەلاوە گرینگە) لە قەڵەم دەدرێن.

هێندێک کەس پێیان وایە کە پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن گۆڕان لە خۆیان دا پێک بێنن. بەڵام ئەگەر پرۆسەی گۆڕان بە پێی پرۆژەیەکی دیاریکراوو دوورنمایەکی روون قۆناخ بەندی بکرێ و بەڕێوە بچێ و لە لایەکی دیکەش بەرەیەکی بەهێزی گۆڕانخوازیش بوونی هەبێ ئەم هەڵانەی ئاماژە پێ کرا، دووبارە نابنەوەو گۆڕانیش مومکین دەبێ.

## کۆبەندی

**ئەلف)** دروست کردنی هەست کردن بە پێویستیی گۆڕان بۆ راکێشانی هاوکاریی ئەندامان کارێکی پێویستە. کەسانێک کە باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕ نیە، تەنانەت بە دوای پێوانەی بەهێزترو هۆکاری پتەوتردا دەگەڕێن. ئەوان دەیانەوێ دڵنیا بن لەوەی کە گۆڕان رێکخراو لە مەترسی ناوێژێ بەڵکوو بەهێزیشی دەکاو دەیهێنێتەوە نێو هاوکێشەکان. پێکهێنانی هێزی پاڵنەر لەم جۆرە کەسانەدا پێویستی بە کارێکی ماندوویی نەناسانەیە. بە شێوەیەکی سروشتی کاتێک ئاستی ئاسوودەخوازی لە سەرێ بێ، گۆڕانکارییەکان سەر ناگرن. ئەگەر کەسانی بەتواناش بوونیان هەبێ بەڵام تووشی ئەم داوە بن ناتوانن ببنە سەرچاوەی گۆڕانکاری.

**ب)** گەورەترین کۆسپ لە بەردەم گۆڕاندا کلتوورو پێکهاتەی تەقلیدی و کۆنە. کەسانێک کە دەیان ساڵە لە سترۆکتۆرێکی دیاریکراو کەڵک وەردەگرن و بە کلتوورێکی تایبەت خوویان گرتوە لە ئاکامەکانی پێکهاتەیەکی نوێ دەترسن. رزگار بوون لەم کۆسپانەو گۆڕینی سیستم و جێگیر کردنی کلتوورێکی نوێ، پێویستی بە دروستکردنی حەماسەی گۆڕان، بەتوانا کردنی ئەندامان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی بوێرانە، هاندانیان بۆ ریسک وەرگری و پێشوازی کردن لە ئەندیشەو چالاکیی غەیرە سوننەتی هەیە. هەمووە ئەوانەش کاتێک پراکتیزە دەکرێن کە تیمێکی رێبەرایەتیی گۆڕانخواز هەبێ کە جێی متمانەی زۆری ئەندامان بێ و لە لایەکی دیکەش توانای تیۆریزە کردنی کێشەکان و کانالیزە کردنی گۆڕانکارییەکانیان بەرەو ئاقارێکی خوازراوی هەبێ. هەروەها لە توانای کەسانی دەرەوەو نێوخۆی رێکخراو بۆ ئەنجامی گۆڕانی بنەڕەتی کەڵک وەربگرێ.

**ج)** بەڕێوە چوونی گۆڕان پێویستی بە رێبەری و بەڕیوەبەرییەکی داهێنەر هەیە. رێبەری، دوورنمایەکی روون و هەست پێکراو لە داهاتوو و ئێستراتیژیی گەیشتن بەم دوورنمایە پێشکەش دەکا. بەڵام بەڕیوەبەرێتیی داهێنەر لە رێگەی بەرنامەدارێژییەکی بەهێزەوە قۆناخ و خشتەی زەمەنی بۆ جێبەجێ کردنی ئێستراتیژییەکان دیاری دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## بۆیادی یەکەم شەهیدی قۆناغی نوێی خەباتێکی دورو درێژ

گەلێک دژوارە کاتێک مروڤ لە دایک دەبێ چارەنووسو داهاتویەکی نادیار چاوەرێی دەکا. بە تایبەت گەر ئەو مرۆڤە لە نێو گەلو نیشتمانێک بێ کە هیشتا داواکردنی سەرەتایترین داخوازییەکانی مرۆڤ بۆ خۆیو گەلەکەی گەورەترین کیشەی بۆ ساز بکا، ناخۆشتر لە هەموان ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە کاتێک هەڵدەداو گەورە دەبێ مەجبوورە ژیانو مێژوو دووپات بکاتەوەو درێژە بە خەباتی رابردووی ئەوەی پێش خۆی بدا بۆ ئەوەی ئەوەی دواتری خۆی رابردوو دووپات نەکەنەوە. هەوڵ دەدا خەبات ویستێک بە سەرمەنزڵ بگەیەنێ بۆ خۆیو ئەوەی دوای خۆی ببێت بە شانازیو شان لە شانی گەلانی بەختەوەر بخشێنن.

سالێک لەوە پێشو لە مانگی پووشپەرداو لە سەردەمی دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستان بەر یبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. واتە لە رۆژی ٥ی پووشپەری ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا، هاورێ شیخ غەریب حەسەنی یەکێک لە تێکۆشەرانی دیرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو خەباتگیری سەردەمی هەردوو ریژیمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی کە بە مەعمووریەتێکی حیزبی دەچێتەوە شاری سەقز، لە گەرەکی بەردبرانی ئەم شارە لە لایەن کەسێکی خائین بە گەلو نیشتمان، راپۆرتیان لێدەدرێو لە ئاکامدا هاورێ شێخ غەریبی حەسەنی کە لە نێو کۆری تێکۆشەرانی حیزب دا بە خاڵە شیخ غەریب دەناسرا بە چەکی پەلاماردەران شەهید دەکرێو ماڵ ئاوایی لە گەلو نیشتمانو هاوسەنگەرانی دەکا. هەر لەو رۆژو لەو رووداوەدا هاورێ کەماڵ شەریفی تێکۆشەرێکی بەووەجو چالاکی بواری رۆژنامەنووسی لە لایەن پەلامار دەرانەوە بە دیل دەگیرێو رەوانەی ئەشکەنجەگاکان دەکرێ.

کاتێک خەباتی نەتەوەیی بە رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەری هەڵداو ئەم خەباتەی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بە لووتکە گەیاند، تاکو کۆی کۆمەڵگای کوردستان کەسایەتی نەتەوییی خۆیان هەست پێکرد. بیری ئازادی خوازییو نیشتمان پەروەری لە بازنە هاتە دەرو پانتاییەکی بەربلاوتری بەخۆوە گرت، هەر ئەمەش وای کرد لە پاش تێکچوونی کۆمارو دەسپێکی قۆناخی نەهێنی شۆرش، لەو پانتاییە بەر فراوانەی کەلە رێگای بیرو باوەری کۆماری کوردستانە نەوەیەک شارەزا بە ئاواتو ئامانج، تێگەیشتوو لە کەسایەتیو شعووری نەتەوەیی کورد هەوڵی پەرەپێدان بەو بایەخە بەرزە ئینسانیانە بدەن. دیتمان پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ئەو بایەخانەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەباتی بۆ دەکرد بە ملیۆن مرۆڤی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە ئەو حیزبەو خەباتەکەیان لە خۆیانو بۆ خۆیان دەبینی.



سەرچاوە
Serchawe

باس لەوە ناکەم کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران چۆن بە فیڕۆ رۆشت!. بەڵام لە سەردەمی دیفاعی چەکدارانەی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێمۆکرات لە بەرانبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بایەخە نەتەوەییەکانی کورد بۆ بە ئامانج گەیشتنی کەوتە سەختترین قۆناغەوە. هەر لەو پێوەندییەدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی دەسەلاتدارێەتی خۆی دژایەتی حیزبی دێمۆکراتی لە تەواوەیتی خۆیدا کردوە، ئەم دژایەتییە تەنیا بۆ لە نێوچوونی تاکو کۆی ئەو حیزبە نیە، بەڵکوو شەرە دژی ئەو ئەرزشو بایەخانەی کە حیزبی دێمۆکرات ساڵانێکە خەباتی بۆ دەکاو خەڵکی کوردستان لەو پێناوەدا شەهیدیان بۆ داوەو خۆێنیان بۆ بەخشیوە.

لە سەردەمی ئێستادا دەبینین بە خۆشیەوە ئەو بیربی ئازادیخوازییەی کە حیزبی دێمۆکراتو تێکۆشەرانی کورد خەباتیان بۆ دەکردو خەڵکی کوردستان پاراستنی بایەخە بەرزە مرۆییەکانو ویستە نەتەوەییەکانی کردبووە هەوێنی ژیانو خەباتی خۆیان لە بەرانبەریش دا کۆماری ئیسلامیش قەت لە هەوڵکانی بۆ فەوتانیو بەلارێدا بردنی دەریغی نەکرد. بەڵام ئێستا بە خۆشیەوە دەنگی ماف ویستیو ئازادیخوازی لە شەقامەکانی تارانو شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دەبیسترێو قوربانی بۆ دەدرێ ئەو دەنگانەی کە لە شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئێرانەوە دەبیسترێ هەر ئەو دەنگانەیە کە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان لە کۆچە بازارەکانو شۆێنەگشتیەکانیدا ۳۰ ساڵە بەرز دەکرێتەوەو رێژیم گوێی خۆی لێخنیوە، یان بە گوولەو باروووت وڵامی داوەتەوەو پێشی بەپەرەگرتنی گرتوە.

لێرەدا ئاماژەکردن بەو راستیە  پێویستە کە ئەو شۆڕشە مافخوازانەیەی کە بە رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی واقعبینانە بوو لە نێوەرۆک بنەما فکریەکانی کۆماری ئیسلامی. لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە کۆماری ئیسلامی ئەوەی سەلماند کە لەگەڵ جیاوازییە نەتەوەییو کولتووریەکانی نێو چوارچێوەی ئێران تەباو رەبا نیەو سەرکوتو کوشتنی خەباتکارانو ئازادیخوازانی سەر بە نەتەوەو کولتوورە جیاوازەکانیشی بە ئەرکی شەرعی دەزانیی.

گەر ئێستا دەبینین ئەم رێژیمە پاش ۳۰ ساڵ لە دەسەڵاتدارێەتی، خەباتکارێکی شیلگیرو بەردەوامی وەک کاک شێخ غەریبی حەسەنی شەهید دەکاو چالاکێکی بواری رۆژنامەنووسی وەک کاک کەمال شەریفی دەخاتە بەندیخانەوە، ئەو راستیەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەو لەو بایەخانە نیگەرانو تۆقیوە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بە ملیۆنان مرۆڤی وەک شێخ غەریب لە کوردستان داوایان کردووە خەباتی بۆ دەکەن.

ئەوەی دوای شۆڕشی ۵۷ دەنگی بێزاری هەڵهێناوەو هاوارو خوێنی ئەدا ئاغا سووڵتانەکان تێکەڵ بە هاوارو خوێنو خەباتی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بووە، هەڵویستی بەجێیو بوێرانەی ۲۳ی جۆزەردانی ئەوساڵ لە سەرانسەری ئێراندا لە

پێناو مافە بەحەقەکانیان مزگێنی دەری ئەو راستیەیە کە ناکرێ‌و ناتوانرێ بیری ئازادیخوازی‌و مرۆڤ دۆستی بە گوولەو باروت بە کوشتن‌و لە زیندان خستن لە نێوو ببرێ کە گەر خەباتێک رەواو لە ناخی کۆمەلگاوە هەڵقولابێ، چارەسەری کێشەو گرفتەکانی خەڵک خەمی سەرەکی ئەم خەباتەو شۆرشگێرانی بێتو دڵی لەگەڵ دڵی نیشتمانەکەی‌و ویستە نەتەوەییەکانی لێبدا وەک چۆن رابردوومان نەخشێندراوە بە هەوڵ‌و خەباتی تێکۆشەرانی وەک خالە شێخ غەریب‌و خۆراگری کاک کەماڵی شەریفی. وەک چۆن رابردوومان پرە لە خۆراگری‌و گیانبازی دەیان‌و سەدان شەهیدی وەک سارتکەیی‌و نەزمی‌و قادری. لە داهاتووش دا دەکرێ‌و دەتوانین رۆڵی گرینگو چارەنووسسازمان هەبێ لە زیاتر بەرفراوانتر کردنی بیری نەتەوەیی‌و ئازادیخوازی‌و بەرەو پێش بردن‌و چالاکترکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٠٩

## دیکتاتۆری لە بەرگی دێموکراسیدا

### بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێرانیان بایکوت کرد.

ئەم هەڵوێستە لە سەر هەر لێکدانەوەیەک بنیات نرابێ بە گوێرەی چەمکی پلۆرالیزم و بەفەرمی ناسینی بۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک دا جێی رێز و تێگەیشتنە.

لێرەدا نامانەوێ هۆکارەکانی وەڵام نەدانەوەی خەڵک بە لایەنگەلی خوازیاری بایکوت و بەشداریی بەربڵاویان لە هەڵبژاردنەکان دا شرۆڤە بکەین، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە تیشک بخەینە سەر روانگەی ئەو لایەنانەی کە هەڵوێستی بایکوتی پاسیڤیان گرتەبەرو هەڵوێست و بۆچوونی جیاواز لە خۆیان "تخگئە" کرد و بەم شێوەیە جەوهەری توتالیتاریستی خۆیان زیاتر لە هەمیشە بۆ بژاردەکانی کۆمەڵگەو خەڵکی کوردستان بەگشتی دەرخست.

سەرەتا پێناسەیەکی کورت لە توتالیتاریزم دەخەینە روو پاشان بە پێی ئەم پێناسەیە دیسکۆرسی لایەنەکانی جێی ئاماژە هەڵدەسەنگێنین.

توتالیتاریزم ئایدۆلۆژیایەکە کە بانگەشەی بێ کەم و کووڕی و گشتگیر بوون دەکاو هەموو تاکەکان بۆ قبووڵی ئەم جیهانبینییە بانگهێشت دەکا. ئەم ئایدۆلۆژیایە لە سەر هاوچەشنی و یەک فۆرمیی بیروبۆچوونەکان پێ دادەگرێ و خوازیاری ئەوەیە کە مرۆڤەکان بۆ پرسە ئاڵۆزەکانیش لەو رێگەچارە سادەو ئامادانەی کە پێشنیاریان دەکا پێڕەوی بکەن. هەرکەس و لایەنێک بۆچوونێکی جیاوازی هەبێ بە لارێدا چووەو بە دوژمن دەژمێردرێ یان لانی کەم ترساوەو فریوی دوژمنی خواردووە. لە هەر دوو حاڵەتیشدا دژایەتی کردنی ئەو لایەنانە وەک پێویستییەک لە قەڵەم دەدرێ.

ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیات و گوتاری بەشێک لەو لایەنانەی کە هەڵوێستی بایکوتیان گرتە بەر بخشێنن لەگەڵ ئەم دەستەواژەو دەربڕینانە بەرەوروو دەبین: ئەو رووناکبیرو لایەنانەی هەڵبژاردنەکانیان بایکوت نەکرد رووناکبیرو رێکخراوی رەسەن نین یا بە جۆرێک سەریان بەرژێمەوە بەندە، گوێ لە مستن و سەربەخۆیی سیاسییان نیە، ئاوێکی ناپاکیان بەسەر ویست و خەباتی چەندین ساڵەیان دا کردو ئەمەش دەمخوار کردنەوەیە بەرانبەر نەتەوە بندەستەکان، ئاسۆی سیاسییان ون کردوەو باوەریان بە خەبات نەماوە، وەکوو نغرۆ بوویەک دێنە بەر چاو کە بۆ رزگار کردنی خۆیان دەست بۆ هەر پووش و

پڵاشێک دەبەن و تەنانەت لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیش دا هەر بینەرێک بۆچوونی جیاوازی هەبایە بێ ئەم لاوئەولا بەجێبەجێ کاری فەرمانی رێژیم و مۆرەی دوژمن لە قەڵەم دەدرا. لە روانگەی ئەوانەوە بایکوت نەکردنی هەڵبژاردنەکان بە مانای وەلانانی پاسیڤیزم نیە بەڵکوو وەک پەنا بردنە ژێر عەبای وەلی فەقیە سەیر دەکرێ. لە کاتێکدا رۆژانە چەندین هەواڵ سەبارەت بە گیران و گوشار هێنان بۆ سەرچالاکانی نێوخۆیی لە تەلەفزیۆنەکانیان دا بە مەبەستی پرۆپاگەندەو مانۆری حیزبی بڵاو دەکرێتەوە بەڵام بەپێی لۆژیکی باسکراو هەر ئەو چالاکانەی نێوخۆیی کە هەڵبژاردنەکانیان بایکوت نەکرد سەر بە رێژیم لە قەڵەم دران.

**بە سەرنجدان بەو دەربرینانەی سەرەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە شایانی ئاماژە پێکردنن:**

١- بە فەرمی ناسین و رێزگرتن لە جیاوازییەکان بەردی بناغەی دێموکراسییە. سیستمێک دێموکراتیکە کە بە چاوی رێزەوە لە بۆچوونە جیاوازەکان بروانێ. گرینگیی ئەم باسە لێرەدایە کە هیچ هێزو لایەنێک تەنیا بە دژایەتی کردنی رێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هەڵگری پێناسە و تایبەتمەندیی دێموکراتیک بێ. لە سەر ئەم بنەمایە پارت و هێزگەلێک کە نەتوانن لە نێو خۆیان دا جیاوازییەکان قبوول بکەن و کەشێکی لەبار بۆ دیالۆگ لە نێوان را جیاوازەکان و ئەندامانیان دا پێک بێنن قەت ناتوانن لە دەرەوەی خۆیاندا جیاوازییەکان قبووڵ بکەن و بکەونە دیالۆگەوە. ئەمە رێسایەکی کۆمەڵناسییە، کەسانێک کە لە پێکهاتەیەکی سانترالیستی نا دێموکراتیک دا بۆ ماوەیەکی درێژ مابنەوەو پەروەردە بووبن قەت ناتوانن مامەڵەیەکی لۆژیکی و دێموکراتیکیان لەگەڵ کۆمەڵگەو بژاردەکان و رێکخراوەکانی هەبێ. دیسکۆرسی ئەو لایەنانەی کە هەر هەڵوێستێک بێجگە لە بایکوت کردن چەواشە دەکەن و لایەنگرانی بەستراوە بە رێژیم لە قەڵەم دەدەن رەنگدانەوەی ئەو دۆخە نێوخۆییە تەشکیلاتییەیە کە باسی لێوە کرا.

٢- دێموکراسی بەر لەوەی کە شێوەی حکوومەت یا بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە بێ، شێوەو پارادیمی ژیانە. بەم پێیە بۆچوونی بیرمەندانێکی وەکوو "یورگن هابرماس" کە پەروەردەکردنی مرۆڤی دێموکراتیک وەک سەرەتا و پێویستییەک بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیک لە قەڵەم دەدەن واتایەکی گرینگی هەیە. پەروەردەی نا دێموکراتیک و غەیرە پلۆرال بە گەورەترین کۆسپ لە بەردەم دەسەڵاتێکی دێموکراتیک، ژیانێکی ئاشتیخوازانە و بەدوور لە توندوتیژی بەئەژمار دێ. ئەگەر (بەتایبەت) بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن پەروەردە، پێکهاتەو دیسکۆرسی هەنووکەیان دێموکراتیزە نەکەن شیمانە دەکرێ پێوەندی نێوان پارتەکان لە قۆناغی دەسەڵاتداریتی دا بە پرۆسەیەکی ناسەقامگیرو توندو تیژدا تێپەر بێ.

٣- پارادۆکسێکی ئەخلاقی گەورەیە کە لایەنەکانی جێی ئاماژە لە قۆناغی بەر دەسەڵاتداریتی دا لایەنگرانی هەڵوێستی جیاواز لە خۆیان سەر بە دوژمن لە قەڵەم دەدەن و تاقەتی بیستنی رای جیاوازیان لە نێوخۆو دەرەوەی پێکهاتەی خۆیان دا

نیە بەڵام لە داگیرکەرانی کوردستان دەخوازن بە شێوەیەکی دیموکراتیک لەگەڵ خەڵک مامەڵە بکەن و تەواوی پێخۆری پرۆپاگەندەیان لەسەر چییەتی نادیموکراتیکی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێران ساغ بۆتەوە.

٤- دێموکراسی هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤگەلی بەهێزو خاوەن ئیرادەیە لەگەڵ یەکتر. ئەم مەسەلەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین بە شێوەیەکی لۆژیکی و بە دیالۆگ لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مامەڵە نەکەن و بێ لەبەرچاو گرتنی خواست و روانگەکانیان هەڵوێستی یەکلایەنە دەربکەن و چاوەڕوانی ئەوەش بن کە خەڵک پێڕەوییان لێ بکەن لەگەڵ پرەنسیپەکانی دێموکراسی یەک ناگرێتەوە. هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرکۆماری نیشانیدا کە چاوەڕوانیییەکی ئەوتۆ تا چ رادەیەک دوور لە واقیعەو لەلایەن خەڵکیشەوە وەڵامی پۆزەتیڤی پێنادرێتەوە.

لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە هۆی چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و وشیاریی گشتیی خەڵک و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە تێیدا هاتۆتە ئاراوە، چەشنێک دینامیزم و فرەیی مەیل و بۆچوون بەدی دەکرێ و هێزو تەوژمگەلی هزری، سیاسی و... جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. سروشتییە کە لەم کۆمەڵگەیەدا ئیمکانی سەپاندنی هەڵوێستی یەکلایەنەی هێزگەلێک کە بڕیارەکانیان پشت بە خوێندنەوەیەکی زانستییانەو بنەمایەکی پتەوی تیۆریک نابەستێ لاواز دەبێ.

هەڵسوکەوتی سەپێنەرانە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیەو دەرکردنی بەیاننامەگەلێکی یەکلایەنەو بەم پێیەش زەوت کردنی مافی بڕیاردان لە خەڵک وەک سووکایەتی کردن و بە کەم گرتنی عەقڵییەتی کۆمەڵگە بە ئەژمار دێ و لە مێنتالیتەیەکی کلاسیکی نادیموکراتیک و نەخوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ و بەم هۆیەش لەلایەن خەڵکەوە وەڵامی نیگەتیڤی پێ دەدرێتەوە.

٥- ئەوە پێویستییەکی خەباتی گەلی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسییەکانی پێکەوە کۆ ببنەوەو هێزو تواناکانیان یەک بخەن یان لانی کەم هاوکاری و هاوئاهەنگی دروست بکەن. جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێست لەسەر دیاردەی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری نیشانی دا کە لانی کەم بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن توانای هەرسکردنی ئەم مەسەلەیان نیەو لە ئەدەبیات و گوتاری سیاسییاندا تەواوییەتی هێزگەلی خاوەن هەڵوێستی جیاواز دەبەنە ژێر پرسیارو روخساریان رەش و ناشیرین دەکەن. راگەیاندراوەکانیان بە شێوەیەک دادەرێژن کە بچووکترین حیسابێک بۆ پێوەندییەکانی رابردووو بە تایبەت داهاتوویان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بەدی ناکرێ. بێگومان ئەم مەسەلەیە بە گرینگترین کۆسپی سەر رێگەی پێکەوە هەڵکردن، دانوستان و دروست بوونی هەر چەشنە هاوکارییەک بە ئەژمار دێ.

## ئەنجام:

**ئەلف)** پێش مەرجی دێموکرات بوونی هەر هێزو لایەنێک ئەوەیە کە فرەچەشنی و جیاوازی بە فەرمی بناسێ و پرەنسیپیەکانی دێموکراسی لە رەفتارو هەڵسەکەوت و هەڵوێست گرتنی دا رەنگ بداتەوە. ئازادیخواز بوون بە بێ هەڵسوکەوتێکی لۆژێکی و دوولایەنە لەگەڵ کۆمەڵگە لە دروشمێکی بێ نێوەرۆک زیاتر نیە. چونکە لە سیستمێکی دێموکراتیک دا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لە ئارا دایەو هاوکێشەکانی "حاکم ـ مەحکووم"، "حاکم ـ رەعیەت" و "شوان ـ مێگەل" رەد کراونەوە. تەنیا عەقلیەتێکی نادێموکراتیکە کە خۆی بە عەقڵی گشتی دەزانێ و بە ناوی کۆمەڵگەو لە جێگەی ئەو بیر دەکاتەوەو بەم پێیە کۆمەڵگە بە ملکەچی و پێرەوی کردنی کوێرکوێرانە ئەرکدار دەکا.

**ب)** بە هۆی گەشە کردن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە، پارتەکان ناتوانن وەکوو دەیەکانی رابردوو لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکەن و بۆچوونی خۆیان بسەپێنن. ئەگەر پارتەکان خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە نەگونجێنن زیاتر لە کۆمەڵگە دادەبڕێن و بەرەو ئیزۆلە بوونی زیاتر هەنگاو دەنێن.

**ج)** پلورالیزمی سیاسی بریتییە لە فرەیی ئەکتەرەکان، کێبەرکێ و پێکەوە هەڵکردنی ئاشتییانەی ئەوان لەگەڵ یەکتر. ئەم پرەنسیپیە کە دەبێتە هۆی کرانەوەی سیستم و زۆربوونی دانوستانەکانی ئاراستە کراو بە هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئەکتەرەکاندا. بەبێ چەسپاندن و بە دەزگایی کردنی پرەنسیپی ناوبراو باس کردن لە دێموکراسی و دروست کردنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان لە درووشم و بانگەشەیەکی بێ نێوەرۆک زیاتر نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠٠٩

---

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پراگماتیزم

ئەگەر چاوێک بە هەڵبژاردنەکانی رابردووی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە زۆربەیاندا بە ئاوایەکی ئایدیالیستی هەڵوێستی گرتووە.

خەڵک بانگهێشت کراون تا گەیشتن بە دێموکراسییەکی ئایدیال لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن. بە واتایەکی دیکە داوا لە خەڵک دەکرا تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنێکی راستەقینەو دێموکراتیک لە ئێران دا نەکرێ و بەستێنی جێبەجێ بوونی زۆربەی خواستەکانمان ئامادە نەبێ هەڵبژاردنەکان بایکوت بکەن.

**مەبەستی ئەم نووسینە کورتە ئەوەیە لەبەر رۆشنایی روانگەیەکی پراگماتیستی، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرکۆماری شرۆڤە بکرێ.**

١- ماوەیەک لەمەوبەر مەهدی کەرووبی پاڵێوراوی باڵی رێفۆرمخواز، داخوایانییەکی نوێی لە ژێر ناوی "پەیڤێکی روون و راشکاوانە سەبارەت بە بووژاندنەوەی مافی قەومەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان" بڵاو کردەوە. گرینگی ئەم بەیاننامەیە ( بێ لەبەرچاو گرتنی ئەگەری جێبەجێ کردن یان نەکردنی) لەوەدایە کە لە دوای یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا، یەکەم جارە کاندیدایەکی پۆستی سەرکۆماری هەڵوێستەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی نەتەوە بندەست و کەمایەتییە ئایینییەکان بە شێوەیەکی نووسراوەو داڕێژراو بڵاو دەکاتەوەو بە روونی و بە ئاوایەکی دیاریکراو لە سەر ئەم پرسە بدوێ. بە واتایەکی دیکە بە ئاماژەو لە میانەی بەرنامەگەلێکی دیکە پرسی باسکراو ناهێنێتە ئاراوە. پێویستە لە سەر ئەم بەیاننامەیە میتینگ و سمینار پێک بێ و لە گۆشەنیگای خواستەکانی تایبەتی کوردەوە تاوتوێ بکرێ.

٢- لە رێگەی خستنەڕووی خواستەکانەوە دەتوانرێ پرسی کورد بکرێتە رۆژەڤی راگەیەنە گشتییەکان، میتینگ و کۆبوونەوەکان، شوێنە گشتییەکان و تەنانەت ماڵباتی هەر تاکێکی کورد. لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانرێ زۆر پرس و داخوازی بێتە ئاراوە بێ ئەوەیکە مەترسییەکی ئەوتۆ رووبەڕووی تاکەکان بێتەوە. لە لایەکی دیکەش ئامادەیی کاندیداکان بۆ گوێگرتن لە بۆچوونی بژاردەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەبێ.

ئەگەر لۆژێکی "با هیچ داخوازییەک نەخەینە روو چونکە دەزانین جێبەجێ ناکرێن" وەلا بنرێ زەمینە بۆ ئەکتیڤ بوونی خەڵک و چیبوونی چەشنێک کولتووری دێموکراتیک ئامادە دەبێ! ئەمەش لە سەر پاشەکشە پێکردنی دوورەپەرێزی و

پاسیڤیزم، کرانەوەی ڕێژەیی فەزای سیاسی و بەستێنسازی بۆ خەباتی مەدەنی کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

٣- نابێ تەنیا چاوەڕوان بین کاندیداکان بەشێک لە خواستەکانی کورد (ئەگەر بە شێوەیەکی ناتەواویش بێ) لە بەرنامەکانیاندا بگونجێنن پاشان هەڵسەنگاندن و شرۆڤە پێشکەش بکرێ بەڵکوو دەتوانرێ لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا زەختێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بخرێتە گەڕ کە کاندیداکان ناچار بن ئاوڕێکیش لە پرسی نەتەوە بن-دەستەکان بدەنەوە. پێشتر مەهدی کەڕووبی رایگەیاندبوو کە "بەڵێنی نادەم بەڵام ئەگەر بتوانم لە بژاردەکانی خۆجێیی کەڵک وەردەگرم"، بەڵام جموجۆڵی چالاکانی نێوخۆیی وای لێ کرد بەرنامەیەک سەبارەت بە مافی نەتەوە بندەستەکان بڵاو بکاتەوە. ئەگەر نەتەوە بندەستەکان بەو پاڵیوراوانە دەنگ بدەن شیمانە دەکرێ کاندیداکانی خولەکانی داهاتووی سەرکۆماری هان بدرێن تا بە شێوەیەکی باشترو زیاتر، خواستی گەلانی زۆر لێکراو بکەنە بەشێک لە بەرنامەکانیان.

٤- ئەگەر چالاکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگی بکەن دەتوانن بە قورساییەکی زیاترەوە لەهەمبەر ناوەند دەرکەون و بە پێی ئەمەش خواستەکانیان لە بەرنامەی کاندیداکاندا ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێ.

٥- هەروەک لە دیسکۆرسی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە نشین لەم یەک ـ دوو ساڵەی دواییدا دەردەکەوێ پێویستی کارکردن بە مێتۆدی جۆراوجۆرو فرەڕەهەندکردنی خەبات بە ئاوایەکی جیددی خۆی دەنوێنی. ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە نشین دەتوانن هەر جووڵەیەک کە دێتە ئاراوە ( گرینگ نیە خۆیان دەستپێشخەری بوون یان نا) بیقۆزنەوە، دەوڵەمەند، کانالیزەو تەنانەت رادیکالیزەشی بکەن.

لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هێندێک خواستی نەتەوە بندەستەکان پێشبینی کراون کە دەتوانرێ مانۆڕیان لەسەر بدرێ و بە رۆژەڤ بکرێن. چالاکانی نێوخۆیی دەتوانن بە پشت بەستن بە قانوونی ناوبراو، هێندێک داواکاری بخەنەڕووو بۆ جێبەجێ کردنیان هەوڵ بدەن بێ ئەوەیکە مەترسییەکی ئەوتۆ ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

٦- ئەگەر لە دەرفەتی هەڵبژاردنەکان بە باشی کەڵک وەربگیرێ دەتوانرێ لە ڕێگەی رۆشنگەرییەکی نەتەوەییەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵک بە خواست و مافەکانیان ئاشنا بکرێن. لە لایەکی دیکەش بە شیکردنەوەی قانوونی بنەڕەتی و سترۆکتۆری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، چییەتی و جەوهەری ئەو ڕێژیمە بۆ هەموو لایەک باشتر دەرکەوێ.

٧- یەکێک لە بنەماو پێویستییەکانی خەباتی مەدەنی و لێگاڵ ئەوەیە کە فەزایەکی تا رادەیەک کراوە لە ئارادا بێ. سەرکەوتنی پاڵێوراوێک کە باوەڕی بە کرانەوەی (هەرچەند سنووورداری) فەزای سیاسی هەبێ لە خزمەتی شکاندنی ڕێژەیی

داخرانی سیاسیی دایەو ئەمەش زەمینەیەکی لەبارتر بۆ خەباتی مەدنی دەڕەخسێنێ و لە ئاکامدا بە قازانجی بزووتنەوەی لێگاڵ تەواو دەبێ.

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشدا باڵی ناسراو بە پاوانخواز (بەتایبەت ئەحمەدی‌نژاد) سەرکەوێ فەزای سیاسی بەرەو داخرانێکی زیاتر دەچێ و بە پێی ئەمەش دەرەتانی خەباتی مەدەنی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها ئەم مەسەلەیە ستراتیژی ئەو لایەنانەی کە یەکێک لە ئەنجامەکانیان وەڕێخستن و پێشخستنی ڕەهەندی مەدەنیی خەباتە تووشی ئاستەنگ دەکا.

## ئەنجام:

قۆناغی یەکەم بۆ چارەسەر بوونی پرسی کورد ئەوەیە کە ئەم پرسە بێتە بەرباس و بە ڕۆژەڤ بکرێ و لە هەمان کاتیشدا فشارێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکاندا ڕێکبخرێ و کانالیزە بکرێ. بە سەرنجدان بە سترۆکتۆری دەسەلاَت لە ئێراندا، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە پاڵێوراوان (ئەگەر راستگۆش بن) توانای جێبەجێ کردنی بەڵێن و بەرنامەکانیان نەبێ، بەڵام ئەم مەسەلەیە هەرگیز مامەڵە کردنێکی پاسیڤ لەگەڵ دیاردەی هەڵبژاردنەکاندا پاساو نادا، چونکە دەتوانرێ لەم دەرفەتانەش بۆ هوشیار کردنەوەو ئەکتیڤ کردنی خەڵک و پێشخستنی پرسی کورد کەڵک وەربگیرێ.

شیمانە دەکرێ کە جێبەجێ نەبوونی بەڵێنییەکانی پاڵێوراوان، نەتەوە بندەستەکان بەرەو بردنە ژێر پرسیاری تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی و رادیکالیزە کردنی خەبات هەرچی زیاتر هان بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٩

## هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکان

هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا لەگەڵ واتای باوی ئەم چەمکە لە وڵاتانی دێموکراتیکدا جیاوازی هەیە. لە راستیدا هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ئاشتی خوازانەی گواستنەوەو جێگۆڕکێی دەسەڵاتە کە لە سەر چۆنیەتی بڕیاردانی حکوومەت کاریگەری بەرچاوی هەیە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی سترۆکتۆری دەسەڵات و هاوکێشەکانی نێو سیستمی سیاسی، هەڵبژاردنەکان و بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری رەوشێکی تایبەتی هەیە. پێکهاتەی دەسەڵات بە شێوەیەک دارێژراوە کە سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە. لە بەر ئەوە بوو کە محەممەد خاتەمی سەرکۆماری پێشوو رایدەگەیاند کە ئەو لە "تدارکاتچی"یەکەی نووسینگەی وەلی فەقیە زیاتر نیە. پێویستی وەبیرهێنانەوەی دۆخی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا لەوەدایە کە بزانرێ چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیە مامەڵە بکرێ؟ گەلۆ دەکرێ لە هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ خستنە رووی داخوازییەکان، بەرۆژەڤ کردنی پرسی کوردو لە ئاکامدا رێگە خۆشکردن بۆ جێبەجێ بوونی بەشێک لە خواستەکانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک لێ وەربگیردرێ؟

### بە سەرنجدان بە قانوونی بنەڕەتیی ئێران خواستەکانی کورد بە دوو بەش دابەش دەکرێن:

١) بەشێک لە خواستەکان لەو قانوونەدا پێش بینی کراون بەڵام تا هەنووکەش پراکتیزە نەکراون. وەکوو ماددەی ١٥ی قانوونی بنەڕەتی کە "کەڵک وەرگرتن لە زمانە لۆکاڵییەکان (زمانە بن دەستەکان) و خوێندن بەوانی لە قوتابخانەکان لە پاڵ زمانی فارسی دا ئازاد کردوە" یان ماددەی ١٩ کە بە روونی باس لە سوودمەند بوون لە مافی وەک یەک بۆ هەموو خەڵکی ئێران (لە هەر گەل و خێڵ یا هەر رەنگ و رەگەزو زمانێک) دەکا. هەروەها مادەی بیست و شەشەم کە ئاماژە بە ئازادیی پێکهێنانی حیزب، کۆڕو ئەنجومەن، NGO گەلی مەدەنی و سینفی و بەشداری ئازادانەی تاک لەوان دا دەکا. هێندێک مەسەلەش هەن کە قانوونی بنەڕەتی قەدەغەی نەکردوون بەڵام وەکوو نەریتێکی سیاسی نەنووسراو لە تەواوی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا بەکار براون. لەوانە کەڵک وەرنەگرتن لە بژاردە سیاسی ـ بەڕێوەبەرییەکانی کورد یا سوننی یەکان لە ئاستە بەرزەکانی بەڕێوەبەریتی دا، وەکوو وەزارەت، جێگری سەرکۆمار یا سەرۆکایەتیی رێکخراوەکانی بە فەرمانی سەرکۆماری. ئەوەش بە راشکاوی پێشێل کردنی ماددەکانی ١٢٤، ١٣٣ و ١٣٥ی قانوونی بنەڕەتییە.

٢) ئەو داخوازییانەی کە وەدیهاتنیان گرێدراوی گۆڕینی قانوونی بنەڕتییە. بە سەرنجدان بەوە کە چۆنیەتیی پێداچوونەوەو گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی لە ماددەی ١٧٧ی ئەم قانوونەدا پێش بینی کراوە، بەم پێیە وەدیهاتنی زۆربەی مافەکانی

نەتەوە بن دەستەکان گرێدراوی ئەو پرسەیە. وەکوو گۆڕینی مەرجەکانی پاڵێوراوانی سەرکۆماری بە چەشنێک کە کەسانی غەیرە شیعەو ژنانیش بتوانن خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندیدا بکەن. یا ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە سترۆکتۆری بەڕێوەبەریی سیاسیی نەتەوە بندەستەکانەوە هەیە کە دەتواندرێ لە چوارچێوەی چەمک گەلێکی وەک ئۆتۆنۆمی یا فیدرالیزم دا تاوتوێ بکرێ. هەروەها ئەو بابەتانەی کە لە یاسای بنەڕەتی دا بە شێوەیەکی لاوازو ناتەواو ئاماژەیان پێکراوە. لەوانە ماددەی ١٥ کە تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی لەقەڵەم داوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتانی فرەنەتەوەو فرەزمان دا هیچ ڕێگرییەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە چەند زمانی فەرمی نیەو لە بنەڕەتدا بۆیە دەبێ ئەم ماددەیە دەستکاری بکرێ.

سەرەڕای ئەو واقیعە سیاسییەی ئێران کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بەشێکی زۆر لە بژاردەکانی کورد دەیانەوێ وەک یەکەیەکی شوناسیی سەربەخۆو لە گۆشە نیگای خواستەکانی تایبەتی کوردەوە لە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان بڕوانن و بە ئاوایەکی پلانمەندو مەرجدار لەگەڵ ئەم دیاردەیە مامەڵە بکەن.

لە بەرەبەری دەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران دا، چەندین داخویانی لە لایەن چالاکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاوکرانەوەو بە شێوەیەکی گشتی لە هەر کامیان دا راستینەی فرەچەشن بوونی کۆمەڵگەی ئێرانیان وەبیر هێناوەتەوەو لە پێناو نەهێشتنی بەشخوراویی و ستەمێک کە بە نیسبەت نەتەوە بندەستەکان دەکرێ ئاماژەیان بە بەشێک لە خواستەکانی کورد کردوە. ئەوان بەم چەشنە ویستوویانە بە دانانی هێندێک ڕێچکە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بە ئاوایەکی ئەکتیڤتر دەر بکەون و چەشنێک یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی لە نێوان چالاکانی سەربەخۆ بۆ کارتێکەری زیاتر لە هەڵبژاردنەکان دا بێنە ئاراوە. لەو راگەیاندراوانەدا حکوومەتی ناوەندی ئاگادار کراوەتەوە کە ئەگەر پاڵێوراوانی سەرکۆماری ناحەقی و زوڵمێک کە بەرانبەر کوردان دەکرێ بە فەرمی نەناسن و بۆ قەرەبوو کردنەوەی، ڕێکاری گونجاو پێشکەش نەکەن ناتوانن بە پانتومیمی پڕۆپاگەندەیی چاوەڕوانی بەشداری بەربڵاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان دا بن.

هەرچەند لە خولەکانی پێشووش دا جووڵەی لەم چەشنە بەدی دەکرا، بۆ نموونە ریفۆرمخوازانی کورد لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی سەرکۆماری دا داخوازینامەیەکی ١٥ خاڵییان نووسی و بە قبوول کردنی لە لایەن موستەفا موعینەوە (پاڵێوراوی ریفۆرمخوازانی پێشڕەو) پشتیوانیان لە ناوبراو کرد. بەڵام چالاکییەکانی ئەمجارە رەهەندو ئاستێکی بەربڵاوترو بەرزتری بەخۆیەوە گرتووە. بۆیە گرینگییەکی تایبەتی هەیەو دەکرێ بە یەکێک لە هێماکانی دەستپێکی پرۆسەی خەباتی لێگاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم بدرێ. بە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بەیاننامانەی تا هەنووکە بڵاو کراونەوە **ئەم خاڵانەی خوارەوەش شایانی ئاماژە و گرینگی پێدانن:**

١- پێویستە چالاکانی بواری لێگاڵ و گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی زیاترەوە داخوازییەکانیان بێنە ئاراوە. بۆ ئەوەی بتوانن پتانسیەلی کوردەکانی ڕۆژهەلات ئەکتیڤ و کانالیزە بکەن و بە ئاوایەکی کاریگەر لەهەمبەر ناوەند دەربکەون. بێ گومان تا ئەم مەسەلەیە نەیەتە ئاراوە ئەم جموجۆڵانە ناتوانن خاوەن قورساییەکی ئەوتۆ بن کە دەسەڵات بە چۆک دابێنن.

٢- هێندێک لە چالاکانی مەدەنی و گرووپە لێگاڵەکان، لە دۆزی کورد وەک پرسێکی ئێتنیکیی قووڵ ناڕوانن و بەرنامەیەکی چڕوپڕیشیان بۆ چارەسەری ئەم پرسە پێ نیە. داخوازییەکان بە شێوەیەکی گشتی دێنە ئاراو چوارچێوەیەکی پێناسەکراوو دیاریکراوی مافناسییان نیە. هێندێک جار داخوازی کوردان بۆ چەمکی "مافەکانی شارۆمەندی" کەم دەکرێتەوە. پڕ ئاشکرایە کە چەمکی ناوبراو تەنیا مافەکانی ئێمە وەک تاک دەستەبەر دەکا بەڵام پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی بن دەست چارەسەر ناکا.

٣- بەکار بردنی چەمک گەلێکی وەکوو "نەتەوەی ئێران" و "کەمە نەتەوەی کورد" لە ئەدەبیات و گوتاری بەشێک لەو بەیاننامەو راگەیاندراوانەدا نیشاندەری نزمی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی بەشێک لە بژاردەکانی کۆمەڵگەیە.

هەر دوو چەمکی باسکراو لە ئەدەبیاتی سیاسی دا خاوەن واتایەکی دیاریکراون. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو بەکاربردنی دەستەواژەی "نەتەوەی ئێران" لە جێدا هەڵەیە. لە لایەکی دیکە کورد "کەمە نەتەوە" نیەو کوردەکانی ڕۆژهەلات خاوەن جوگرافیایەکی دیاریکراوو حەشیمەتێکی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەسین.

پێویستی ئاماژە کردن بەو خاڵانەی سەرەوە لەوەدایە کە گفتگۆیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ گۆڕەپانی خەباتی لێگاڵ بێتە ئاراوە. بۆ ئەوەی چالاکانی ئەم بوارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە باشتر بتوانن لە پێناو پرسی نەتەوەیی دا چالاکی بنوێنن.

تا هەنووکە هیچکام لە پاڵێوراوانی سەرکۆماری بێجگە لە پانتومیمی پرۆپاگەندەیی، ددانیان بەو زوڵمەدا نەناوە کە دەرهەق بە کوردان دەکرێ. بۆ نموونە مەهدی کەڕروبی یەکێک لە پاڵێوراوانی ریفۆرمخوازان گوتوویەتی کە "بەڵێنی نادەم بەڵام ئەگەر بتوانم لە بژاردنەکانی خۆجێیی کەڵک وەردەگرم". ئەم وتەیە دەشێت نیشاندەری راستویژیی ناوبراو بێ، چونکە ئەگەر لە داهاتوودا پاڵێوراوێک بۆ نەهێشتنی ستەم و بێ عەداڵەتیی ئارایی هێندێک بەڵێنیش بدا گەرەنتییەکی ئەوتۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە لە ئارادا نیە. بەتایبەت کە لە سیستمی سیاسیی ئێران دا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نیەو بە پێی قانوون بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان لە دەستی وەلی فەقیهی "مادام العمر"دا مۆنۆپۆل کراوە. لە لایەکی

دیکەش بەشێکی سەرەکیی مافەکانی نەتەوە بن دەستەکان لە قانوونی بنەڕەتی دا نەگونجێندراون و سەرکۆماریش ئەوپەڕەکەی دەتوانێ جێبەجێکەری ئەم قانوونە بێ. بەم پێیە ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەر چییەک بێ لەگەڵ هەلومەرج و بڕیارەکانی هەنووکەیی حکوومەتی ناوەندی بەتایبەت بە نیسبەت دۆزی نەتەوە بن دەستەکان جیاوازییەکی زۆری نابێ.

## ئەنجام:

هەرچەند لە سەردەمی مەحموودی ئەحمەدی نژاد دا هەڵسوکەوتی دەرەوەی قانوون لەگەڵ چالاکانی مەدەنی، سیاسی، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاری و ڕۆژنامەنووسان زیاتر پەرەی سەندوە. کەمترخەمی بە نیسبەت حوکمی زیندانە درێژماوەکان، لە سێدارەدان و تەنانەت مەرگی گوماناوی لە زیندانەکان دا زیاتر بووە. بەگشتی لە ژێر سایەی باڵی کۆنسێرتیڤ و ئەو سیاسەتە تۆقێنەرو نادێموکراتیکەی ئەحمەدی نژادو کابینەکەی پێڕەوی دەکەن دەرفەتی کارو چالاکیی مەدەنی و لێگاڵ لە بەردەم هەموو نەتەوە بن دەستەکان و تەنانەت باڵی ریفۆرمخوازیش زۆر بەرتەسک بۆتەوە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە تەنیا بە لۆژیکی "لە نێوان خراپ و خراپتردا دەنگ بە خراپ بدەین" و بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەین. بەڵکوو پێویستە ڕێکارو هەڵویستێک لەم هەلومەرجەدا بگیرێتە بەر کە قورساییەکی واتادارو کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێ. نەتەوە بن دەستەکان و لەم نێوەش دا کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانن بە ئاوایەکی ئەکتیڤ لەگەڵ ئەم دیاردە مامەڵە بکەن و داخوازییەکانیان لە فۆرمێکی پێناسەکراوو دیاریکراوی مافناسی دا بخەنە روو. یەکەم: خوازیاری جێبەجێ کردنی دروست و بێ جیاوازی یاسای بنەڕتیی هەنووکەیی بن کە هێندێک ماددەی (هەرچەند بە شێوەیەکی ناتەواویش بێ) سەبارەت بە مافی نەتەوە بەشخوراوەکان لەخۆ گرتوە. دوویەم: پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی لە سەرەوەی لیستی داخوازییەکانیان باوێژن. چونکە بەشێکی زۆری مافەکان لە قانوونی بنەڕەتی دا نەگونجێندراون. ئەم قانوونە شوناسی نەتەوە ستەم لێکراوەکان تەنیا وەک "کەمە نەتەوە" کە دەستەواژەیەکی کولتوورییە بە فەرمی دەناسێ. بەم پێیە شوناسی نەتەوەیی کورد کە پێش مەرجی مافەکانی سیاسی و سەروەری نەتەوەییە حاشای لێ دەکرێ و لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەعسیزم و کەمالیزم دا نیە.

بە لەبەرچاو گرتنی کەموکوڕییەکانی تەڤگەری لێگاڵ و ئیلێگاڵ و ئاستەنگەکانی بەردەمیان، تا رادەیەک دەتوانرێ لە هەڵبژاردنەکان وەک ئامرازێک بۆ بەرۆژەڤ کردنی پرسی کورد، ڕێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێناو خواستەکانیان و بردنە سەری ئاستی هوشیاری نەتەوەیی خەڵک کەڵکی لێ وەربگیردرێ. هەر تەڤگەرێک کاتێک دەتوانێ پەرە بستێنێ کە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ باسکردنی خواستەکان و جێبەجێ کردنیان کەڵک وەربگرێ، تەنانەت بچووکترین دەرفەتیش لەم پێناوەدا لە کیس نەدا.

هەرچەند ماوەیەکی زۆر تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری نەماوە بەڵام ئەم مەسەلەیە لە ڕاگەیاندنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕەنگی نەداوەتەوە تا لە ڕێگەی پرۆگرام گەلێکی ڕۆشنگەرانەوە خەڵک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی کاریگەر موبیلیزە بکەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئەوەیە کە هەوڵێکی جیددی بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان (ئەگەر دەرفەتێکی بچووکیش) لە ئارادا نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠٠٩

## سەرکەوتنی DTP و پەرەسەندنی بزاڤی شوناسخوازی

مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ڕێژەیەکی کەمی کۆمەڵگە دەرباز بێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی بنکە فراوانی جەماوەری و بەشێکی هەرە زۆری کومەڵگە راکێشی نێو پڕۆسەی شوناسخوازی بکا. چاوەڕوانی سەرکەوتن لە تەڤگەرێک کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی (تەنانەت) چەند هەزار کەسی کادرو ئەندام دا قەتیس مابێتەوە چاوەڕوانییەکی نالۆژیکی و دوور لە واقیعە.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر بزووتنەوەی باکووری کوردستان کە بە ئاوایەکی بەرچاو بەجەماوەری بووە. میکانیزم و چۆنیەتی بەجەماوەری بوونی بزاڤی باکوورو دەسکەوت و دەرەنجامەکانی کامانەن؟ کاریگەری ئەم مەسەلەیە لە سەر سەرکەوتنی DTP لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و تورکیە کە لە ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩ دا بەڕێوە چووە چیە؟ دەسکەوت و دەرەنجامەکانی ئەم سەرکەوتنە کامانەن؟

تەڤگەری باکوور سەرەڕای بوونی رواڵەتێکی پڕوپاگەندەیی، تەنیا لەم چەند ساڵەی دوایی دا توانیویەتی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە لەخۆی بگرێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی بنکە فراوانی جەماوەری. ئەمەش لە ژێر کاریگەریی ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دایە:

١- پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) لە سەرەتای دامەزرانییەوە گرینگی بە رەهەندی جەماوەری خەبات داوەو ویستوویەتی روانگەو زەینییەتێکی پۆزەتیڤ بەلای ئەم رەهەندەی خەباتدا رابکێشێ. بە واتایەکی تر هەر لە سەرەتاوە بە میتۆدی جۆراوجۆر هەوڵی داوە جەماوەر راکێشی نێو پرۆسەی رزگاریخوازانە بکا. بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکان بەم لاوە بەتایبەت لە دوای گۆڕینی ئامانجی ستراتژیکی کوردستانێکی سەربەخۆ (کە گۆڕینی سنوورەکانی لەخۆ دەگرت) بۆ داواکردنی ماف لە چوارچێوەی سنووره ئاراییەکان دا، رەهەندی جەماوەری و تەنانەت مەدەنیی خەبات گرینگی زیاتری پێ دەدرێ. Pkk هەوڵی داوە رێکخراوی لاوەکیی لێگاڵ دامەزرێنێ و لایەنگرانی خۆی کانالیزەی ئەو رێکخراوانە بکا. بەم پێیە کولتوورێکی وشیاریی سیاسی مەدەنی دروست بوو کە خەڵک خەبات تەنیا لە لوولەی چەکی گەریلاوە نەبینن و بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لە بزووتنەوەدا بەشدار بن.

٢- سێ دەیە خەباتی سەخت و خوێناوی و بە پێی ئەمەش بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، تەوژمی بزاڤی

ئازادیخوازی کوردەکانی باکوورو هەروەها هەوڵدانی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا پتانسیەلی نیمچە دێموکراتیکی سیستمی سیاسیی تورکیەی ئەکتیڤ کردوە. ئەمەش کەشێکی تا رادەیەک لەباری بۆ بەرفراوان بوونەوەی بازنەی بزووتنەوی باکوور خۆشکردوەو بەم پێیەش بزاڤ زیاتر لە جاران پەرەی سەندوەو بەرەوپێش چووە.

٣- باشووری کوردستان خاوەن ستاتۆیەکی خۆبەڕێوەبەری هەرێمییەو کوردانی ئەم پارچەیە لانی کەم بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوون. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر لە ئەنجامی بەشداریی چالاکانەی بەشی زۆری کۆمەڵگە لە پرۆسەی رزگاریی نەتەوەیی داو راپەرینی پڕشکۆی مارسی ١٩٩١ زایینی هاتۆتە ئاراوە. ئەم فاکتەرەش لە سەر چوونەسەری ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و بەرفراوانبوونی بازنەی بزاڤ لە باکوور کاریگەریی داناوە.

**هەنووکە بزووتنەوەیەکی ئەکشن و ئەکتیڤی نەتەوەیی لە باکووری وڵات لە ئارادایە کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:**

ئەلف) ئەم بزووتنەوەیە حاڵەتێکی بەردەوام، پایەدارو هەمیشەیی هەیە، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ شاهیدی چالاک بوونی زیاتری ئەم بزاڤەین و پرسی کورد بۆ رۆژێکیش نادرێتە ئارشێڤ و هەردەم لە رۆژەڤ دایە.

ب) لە ژێر کاریگەری و بە یارمەتیی باڵی چەکداری بزاڤ و راگەیاندنەکانی، رێکخستنێکی بەهێز لە ئارادایە کە بە شێوەیەکی سەرەکی DTP تەمسیلی دەکا. DTP خاوەن گوتارێکی شوناس خوازییە، لە رووی ئیرادەی سیاسییەوە سەربەخۆیە و درێژکراوە یان پاشکۆی هیچ گرووپێکی تورکی نیە. لە رووی فۆنکسیۆن و پێکهاتەوە توانیویەتی لە گرووپێکی ئیلیتی دەرباز بێ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بەدەست بێنێ. بەم پێیەش توانیویەتی پتانسیەلی کوردەکانی باکوور تا رادەیەکی بەرچاو کانالیزەو موبیلیزە بکاو چەشنێک یەکگرتوویی بێنێتە ئاراوە. پڕ ئاشکرایە هیچ تەڤگەرێک بە بێ هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە ناتوانرێ بە بزووتنەوە لەقەڵەم بدرێ.

لە ژێر کاریگەریی ئەو زەمینەو بەستێن سازییەی لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا لە باکووری وڵات دەکرێ DTP توانی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٩ی مارس دا تا رادەیەک سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ٩٩ شارەوانی بۆ خۆی مسۆگەر بکا.

بە شێوەیەکی دیاریکراو کۆمەڵێک فاکتەری دیکەش لەم سەرکەوتنەدا دەوریان هەبوو لەوانە: دەرکەوتنی چییەتی پارتی دادو گەشە پێدان (AKP) و چەواشەکارییەکانی سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد کە بە تایبەت لەم ئاخافتنانەی رەجەب تەیب ئەردۆغاندا خۆی نواند: "ژن بێ، زارۆک بێ، پیر بێ، پۆلیس دەبێ ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ" بە واتایەکی تر دەبێ لێیان بدەن و بیانکوژن، "یەک زمان، یەک نەتەووە یەک دەوڵەت" و "پێت خۆشە تورکیە بەم دۆخەی ئێستاوە قبووڵ

بکەو بمێنەوە، پێشت خۆش نیە تورکیە بەجێ بێڵە". ئەو ئاخافتنانە لە سەر شوشتنەوەی ماکیاژی AKP و وشیاربوونەوەی کوردان کاریگەرییەکی باشی هەبوو. سەرکەوتنەکانی باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بەتایبەت لە یەک ـ دوو ساڵی دوایی دا کە بە ئاوایەکی بەرچاو مۆراڵی نەتەوەیی کوردانی بەرز کردەوە. کاریگەری راگەیاندنی پلانمەند لە سەر هۆشیار کردنەوەو هاندانی کوردەکان بۆ دەنگدان بە شوناس و ناسنامەی خۆیان.

**سەرکەوتنی ٢٩ی مارس، پرسی کورد لە باکوور دەباتە قۆناغێکی نوێوەو ئەم دەرەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:**

**ئەلف)** DTP دەبێتە چوارەمین پارت لە سەر ئاستی تورکیە. هەروەها بایەخ و قورسایی ئەم پارتە کە نوێنەرایەتیی لێگاڵی بزووتنەوە دەکاتە لە سەر ئاستی یەکیەتیی ئوروپا و نێونەتەوەیی بەرزدەبێتەوە. ئەمەش وا دەکا زیاتر لە پێشوو گوێ لە داخوازی کوردان بگیرێ. باس کردنی پرسی کورد لە پارلمانی تورکیە لە لایەن باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا و دیداری ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی DTP دەرەنجامی سەرکەوتنی ٢٩ی مارسن. ئەمەش چەشنێک رەوایی نێونەتەوەیی بە پرسی کورد و نوێنەرە لێگاڵەکەی دەبەخشێ.

**ب)** ئەم سەرکەوتنە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو لایەنە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان بە پارێزەوە نزیکایەتی (دژایەتی) باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بکەن. چونکە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم بزووتنەوەیە رۆژ لە دوای رۆژ بەرفراوانتر دەبێتەوە. عەقڵانییەت و دووربینی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە لایەنەکانی جێی ئاماژە لە دژایەتی کردنی باڵی چەکداری بزاڤ تا رادەیەک سڵ بکەنەوە. بەم پێیە باڵی چەکدار باشتر دەتوانێ هەبوونی خۆی بپارێزێ. بەرسەرنجدان بەوە کە باڵەکانی بزووتنەوە یەکتر تەواوو بەهێزدەکەن ئەم مەسەلەیە لەسەر پەرەسەندن و سەرکەوتنی بزاڤ کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

**ج)** پارچەکانی کوردستان راستەوخۆو ناراستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە. شکستی جووڵانەوەی پارچەیەک، جووڵانەوەی پارچەکانی تر لاوازدەکاو سەرکەوتنیشی بە پێچەوانە. هەروەک ئاماژە کرا بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی نەتەوایەتی لە باکووری وڵات لە ئارادایە کە بۆتە جێی سەرنج و هیوای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز لە پارچەکانی تر. سەرکەوتنی ٢٩ی مارس وزەیەکی زیاترو خوێنێکی تازەی بەدەمارەکانی بزووتنەوەی کورد بەگشتی بەخشی و کوردستانیانی بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانج هیوادارتر کرد.

**ئەنجام:**

هەروەک ئاماژەکرا هەر تەڤگەرێک کاتێک سەرکەوتن بەدەست دێنێ کە ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی جەماوەری و



سەرچاوە
Serchawe

زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، خۆیان لەو بزووتنەوەیەدا ببینەوە. بزووتنەوەی بە ئامانج گەیشتووی گەلانی ئەلجەزایر، هیندوستان، ئەفریقای باشوور، بزووتنەوەی یەکسانی خوازی مارتین لۆتر کینگ و تەنانەت بزووتنەوەی باشووری کوردستانیش سەلمێنەری ئەو راستیەیە. رێژەی زۆری بەشداربووانی رێپێوان و خۆپێشاندانەکانی باکوورو گرتنە دەستی ٩٩ شارەوانی لەلایەن DTP وە سەلماندی کە بازنەی بزاڤی ئازادیخوازی و شوناسخوازی تا رادەیەکی زۆر بەرین بۆتەوەو ئەمەش ئاسۆی سەرکەوتن خێراترو گەشتر دەکا. لەلایەکی تر DTP نەیتوانی شارەوانییەکانی سیواس، بینگول، مەلاتیە مەرعەش، غازی عەنتاب، ئەرزینجان، ئادیامەن، ئەلازیک، قارس، ئەرزرۆم و چەندین شارو شاروچکەیتر بەدەست بهێنێ. لەبەرانبەردا پارتە تورکییەکانی AKP,CHP, MHP ئەو شارەوانیانەیان بە دەستەوە گرت. ئەم راستییە نیشاندەری ئەوەیە کە بزاڤی باکوور بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری رێگەیەکی درێژی لە بەردەم دا ماوەو پێویستە زۆر زیاتر لە هەنووکە بازنەی ئەم بزاڤە بەرفراوان بێتەوە. چونکە تا ئێستاش بەشێکی بەرچاوی خەڵک لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا ماونەوەو بەو ئاستە لە وشیاریی نەتەوەیی نەگەیشتوون کە لە جیاتی دەنگدان بەپارتە تورکییەکان و بەتایبەت پارتی رەگەزپەرەستی MHP، دەنگ بە ناسنامەی خۆیان بدەن. ئەگەر بزووتنەوەی باکوور زیاتر لە جارانیش بایەخ بەهێزی لەبڕان نەهاتووی گەلی کورد بداو وەک هۆکارێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵاتدا خۆ بنوێنێ و بتوانێ ئەو بەشە دوورەپەرێزەی کۆمەڵگەش راکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازی بکا ئەو کاتە پشتیوانیان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن ئامادەتر دەبێ. لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین ئەگەر شارەوانانی DTP مۆدێلێکی باشی کارکردن و ئیدارە بخەنە روو، چاوەڕوان دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بتوانن دەنگی زیاتر بە دەست بهێنن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

---

### حەسەن رووحانی لە روانگەی ئوسوولگەراکانەوە

**ڕەوتە سیاسی‌یەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتە سیاسی – کۆمەڵایەتی‌یەکان دوو ڕێکار دەگرنە بەر:**

١- بەشێکیان بە دوور لە خەیاڵپڵاوی سیاسی، پرۆپاگەندا، خولیاو ئاواتەکان، دان بە ڕاستی‌یەکاندا دەنێن و ڕاستی‌یەکان وەک هەن، دەبینن. ئەگەر سیاسەتەکانیان لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە پەسند نەکران، بێ دەمارگرژی‌و واقعبینانە بە سیاسەتەکانیاندا دەچنەوە و خەسارناسیی خۆیان دەکەن.

٢- بەشێکی دیکە هەوڵ دەدەن ڕاستی‌یەکان لە چوارچێوەی هەڵوێستو سیاسەتی ڕاگەیەندراو بترینجێنن. شیکردنەوەی دڵخوازی خۆیان لە ڕووداوەکان پێشکەش دەکەنو ڕاستی‌یەکان وەک هەن، نابینن؛ چونکە لە وانەیە قبووڵی ڕاستی‌یەکان شرۆڤەو بۆچوونەکەنی پێش ڕووداوەکە، پووچەڵ یان ڕەد بکاتەوە.

پرسیاری ئەم وتارە ئەوەیە کە ئوسوولگەراکان چۆن لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی مامەڵەیان کردو بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بوونەوە؟

**لێکدانەوەی یەکەم:**

«آیت‌الله موحدی کرمانی»یەکێک لە پێش‌نوێژەکانی هەینیی تاران دەڵێ: «ڕووحانی بە هەق شایانی ئەم پۆستەیە، هەم پیاوێکی سیاسی‌یەو هەم پیاوێکی مەزهەبی. ئەو بەڕێوەبەرێکی بە تواناو شیاوە. مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو پێڕەوی ویلایەتیی فەقیهە». لەبەر ئەوەی کە وتاری نوێژی هەینیی تاران دەکرێ وەک سیاسەتی فەرمیی حکوومەت لە قەڵەم بدرێ، ئەم بۆچوونە نیشانەی تێڕوانینێکی پۆزەتیڤە بە نیسبەت حەسەن ڕووحانی‌یەوە.

**عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە یەکەم وتاردانی دوای هەڵبژاردنەکاندا دەڵێ:**»بەڕێوەبردنی وڵات کارێکی دژوارەو هەموو تاک و دەزگاکان دەبێ یارمەتیی سەرکۆمار بدەن». هەر دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، سپای پاسدارانیش لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانی و هاوکاریی تەواوی خۆی لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی ڕادەگەیەنێ. ئەمانە و چەند لێدوانو دەربڕینی دیکە سەلمێنەری ئەوەن کە ئوسوولگەراکان لە سەرکەوتنی حەسەن ڕووحانی زۆر نەڤایل نینو بە ڕوانگەیەکی زۆرتر ئەرێنییەوە لە گەڵ ئەم سەرکەوتنە بەرەوڕوو بوونەوە.

**ئەمیر موحبیان یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی ڕەوتی ئوسوولگەرا لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی ڕیسالەتدا دەڵێ:** «لەبەر ئەوەی حەسەن ڕووحانی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان هەیە و لەگەڵ توندڕەوەکانی باڵی ڕیفۆرمخواز بەراورد ناکرێ، ئوسوولگەراکان لە سەرکەوتنی، دڵسارد نەبوون و بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنەدا کرد». بەڵام موحبیان هەرلەو کاتەدا هۆشداری دەدا کە توندئاژۆکانی هەر دوو باڵ، بۆ ناکارانیشاندانی دەوڵەت چاوەڕێی دەرفەتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بێبەرنامە، دەبێتە هۆی شکستی دەوڵەتی ئیعتیدال.

## لێکدانەوەی دووەم:

**«حجت الاسلام حاج سادقی» جێگری نوێنەری وەلی فەقیهـ لە سپای پاسداران دا، لە شرۆڤەیەکدا لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەڵێ:** «دوژمن هەوڵی دا کەسێک ببێتە سەرکۆمار کە یان ئوسوولگەرایەکی توندڕەو بێ کە لەهەمبەر واندا ڕاوەستێو دژایەتی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەمریکا بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە، بۆ ئەوەی بیانووی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە دژی ئێران بە دوژمن بدا، یان سەرکۆمارێکی پاسیڤ هەڵبژێردرێ کە دوژمن وەک ئاغای خۆی چاو لێبکا و، دوالیزمێک کە دوژمن بە دوایدایە، لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پێک بێنێ... شوکور بۆ خوا سەرکۆمارێکی ڕەخنەگر بەڵام پابەند بە پرەنسیپەکان هەڵبژێردرا.»

ئەم وتانە دەکرێ وەک مامەڵەیەکی عەقڵانیو پراگماتیستی لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی لە قەڵەم بدرێن. ئەم وتانە دەریدەخەن کە مەیلێکی بەهێز لە نێو سیستمدا دۆخی قەیراناویی ئێران وەک هەیە، دەبینێ و شرۆڤە دەکا. خوێندنەوەی دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ٩٢ دا سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە. لەم پێوەندییەدا سەعید حەجاریان تیۆریسیەنی ڕیفۆرمخواز نەبوونی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا و مامەڵەی زۆرتر ئەرێنیی ئوسوولگەراکان لە گەڵ ئاکامەکانی، بە نیشانەیەک دەزانێ کە سیستم قەیرانێکی کە پێشتر حاشای لێدەکرد، قبووڵ کردوە.

### لێکدانەوەی سێهەم:

ئوسوولگەراکان حەسەن ڕووحانی لە خۆیان دەزانن بە ڕادەیەک کە گوتاری ناوبراو بە گوتارێکی ئوسوولگەرایی یان گوتارێک کە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ دیسکۆرسی ئوسوولگەراکان هەیە، لە قەڵەم دەدەن. سەیری لێدوانی «حجت الاسلام مێهدی تائێب» سەرۆکی بنکەی ستراتژیکیی عەممار بکەن کە دەڵێ:» دروشمی ئیعتیدال کە ڕووحانی هەڵیگرتوە بە واتای ئەوەیە کە بازنەی ئینحرافیو ڕەوتی ڕادیکاڵی ڕیفۆرمخوازەکانی قبووڵ نیەو دەیەوێ ڕەوتێکی میانەڕەوانە بگرێتە بەر، ئەو شتەی کە ئوسوولگەراکان لەم ساڵانەی دوایی‌دا جەختیان لە سەر کردوە و لە بارەی زیانەکانی ئەم جموجۆڵانەوە هەڵوێستیان گرتوە؛ واتە ئوسوولگەراکان بە شێوەیەکی تیۆریکو باوەڕمەند هەم ئینحرافیان ڕەد کردۆتەوە و هەم دژایەتیی ڕەوتی توندڕەوی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازیان کردووە .»

حوسێن شەریعەتمەداری نوێنەری وەلی فەقیهـ لە دەزگای کەیهاندا، بە تایبەت لە دوو سەروتاری ڕۆژنامەی کەیهان بە ناوەکانی «از پلاک شروع کن»و خواب تازه اصحاب فتنه»دا گوتاری حەسەن روحانی بە گوتارێکی ئوسوولگەرا یان گوتارێک کە تەبایی‌یەکی زۆری لەگەڵ دیسکۆرسی ئوسوولگەرایی هەیە، ناودێر دەکا.

**یەکەم**: ئەوەی کە ئوسوولگەراکان حەسەن ڕووحانی بە کەسێکی نزیک لە خۆیان (یان لە خۆیان) دەزانن دەتوانێ یارمەتیدەری ناوبراو بێ؛ بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە کە ڕوانگەی ئوسوولگەراکان، لە سەرکەوتن یان شکستی دەوڵەتی ڕووحانی‌دا ڕۆڵی گرنگی هەیە. هەمووماں لە بیرمانە کە محەممەد خاتەمی لە بەرەبەری کۆتایی خولی دووەمی سەرکۆماری‌دا دەیگوت کە باڵی بەرامبەر کۆسپیان زۆر بۆ دروست کردوە و زۆریان بەرتەسک کردۆتەوەو ئەو تەداروکاتچی‌یەک زیاتر نەبووە.

**دووەم**: ئەم ڕوانگەیە لە لایەن بەشێکی دیکە لە ئوسوولگەراکان کە زیاتر بە بەشی میانەڕەوو نەریتی ناودێر دەکرێن، خرایە بەر ڕەخنەو ئەم تێروانینەیان وەک شرۆڤەیەکی دڵخوازی ئاکامی هەڵبژاردنەکانو هەڵاتن لە ژێر باری شکست وێنا کرد. ئەم بەشە لە ئوسوولگەراکان پێیان وایە دەبێ ڕاستی‌یەکان وەک هەن ببینن‌و دان بە شکست دا بنێن‌و خەسارناسی ڕوانگەو سیاسەتەکانیان بکەن.

کازم جەلالی سەرۆکی فراکسیۆنی ڕەهروانی ویلایەت لە پارلمانی ئێراندا کە زۆرینەی ئوسوولگەراکانی نێو مەجلیس لە خۆ دەگرێ، دەڵێ: «پێویستە ئوسوولگەراکان خەسارناسیی خۆیان بکەن‌و بە لێکدانەوەی هەڵە لە ژێر باری بەرپرسیارێتی

دەرنەچنو بێهۆ لە هەر ڕووداوێکدا خۆیان بە سەرکەوتوو نەزانن، کە خەڵک ئێمە بە پۆپۆلیست لە قەڵەم بدا. دەبێ بەرپرسیایەتیی کەموکوڕییەکانمان وەئەستۆ بگرینو دیاردە سیاسییەکان دیزەبەدەرخۆنە نەکەین».

## ئەنجامگیری:

هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ٩٢ بە پێچەوانەی زۆربەی شرۆڤەکان، چەشنێک هێوریو سازگاری و تەبایی هێنایە ئاراوە. ڕوانگەو مامەڵەی ئوسوولگەراکان لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە. هەم کۆمەڵگەی ئێرانو هەم مەیلگەلێک لە نێو سیستەمدا عەودالی پێکەوەگونجانو لە شەڕە قسەو باڵباڵێنی پێشوو ماندوو بوون و بە زیانی ئێرانیشی دەزانن؛ لەم نێوەدا کەسایەتیی میانەڕۆی حەسەن ڕووحانییش دەتوانێ یارمەتیدەری ئەم مەیلانە بێ.

بە سەرنجدان بەوە کە حیزبایەتی لە ئێران پێگەیەکی قایمی نیە و شانۆی سیاسیی ئێران زۆر پێشبینیکراو نیە، ئەوەی لەم وتارەدا لە مەڕ ڕوانگەی ئوسوولگەراکان بە نیسبەت حەسەن ڕووحانی گوترا، لەوانەیە لە داهاتوودا گۆڕانی بەسەردا بێ.

بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەو دەرکەوتەکانی تا هەنووکەو قاعیدەی «تناوب» و پێویستییەکانی دەربازبوون لە قەیرانی هەنووکەیی ئێران، دەکرێ ڕەشبین نەبین بە نیسبەت مامەڵەی ئەرێنیی لانی کەم میانەڕەوەکانی دوو ڕەوتی سیاسیی ناسراو لە گەڵ یەکتر. بە مەرجێک حەسەن ڕووحانی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی مەیلە ئیفراتیو توندئاژۆکانی دوو باڵ؛ بە قەولی حسێن شەریعەتمەداری، ئەگەر نەکەوێتە ژێر کاریگەریی «ئەسحابی فیتنە»(بیخوێنەوە ڕیفۆرمخوازە توندڕەوکان)و لە هەڵبژاردنی کابینەکەیدا وردبینی پێویست بکا.

لە ژمارە ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی پێوەندی‌یەکی دووسەرە و ئاسۆیی لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەدا

١- هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە دۆخی ژێردەستەیی و ستەملێکراوی، بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی هاونیشتمانی و نەتەوەیی کورد، ئەرکی حیزبەکان، چالاکوانان و رێکخراوەکانی نێوخۆ، روناکبیران و بە گشتی هەموو تاک و چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە. هەر چەشنە خوێندنەوەیەک کە ئەم ئەرکە بە تەنیا بخاتە ئەستۆی لایەنێکی دیاریکراو، یان هەر چەشنە خۆدەرهاوێشتنێک لە ژێر باری ئەم بەرپرسایەتی‌یە، لە هێز و قورسایی داخوازی کورد کەم دەکاتەوە و زیان لە بەرەوپێش چوونی دۆزی کورد دەدا و چارەسەر کردنی وەدوا دەخا.

٢- دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، خەڵکی کوردستان بۆ دیفاع لە مافەکانیان پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری. ئەم خەباتی چەکداری‌یە لە چوارچێوەی ئامادەیی پێشوەخت و پلانێکی پێشتر بۆ دارێژراو و، بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەگەرەکانی کراوەی ئەم بوارە، دەستی پێ‌نەکرد و بەڕێوە نەچوو. ئەگەر دەست‌پێکردنی شەڕی چەکداری بە سەر کورددا سەپابێ، دەست لێ‌هەڵگرتنیشی هەربەو شێوەیە داسەپاو و لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجێکی تایبەتدا بوو.

بە گەرموگوڕتربوون و زەقبوونەوەی میتۆدی خەباتی چەکداری، ئەم گومانە لەلای خەڵک دروست بوو کە ڕزگارکردنی کوردستان ئەرکی پێشمەرگەیە و ئەوە هێزی پێشمەرگەیە کە ئەوان ڕزگار دەکا. ئەمە ئەو بەدحاڵیبوون یان نوقسانی لە تێگەیشتنەیە کە بە نیسبەت ڕزگاری‌دەرانی کوردستانەوە دێتە ئاراوە کە تا زۆر دواتریش ئاسەواری نێگەتیڤی بە سەر ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتەوە دەمێنێ.

لە نەبوونی ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتدا (بیخوێننەوە لە نەبوونی ڕەهەندی لێگاڵ، مەدەنی و جەماوەریی خەباتدا) و، لە بەر ئەوەی خەباتی چەکداری لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی بیرلێ‌کراوە و فرەڕەهەنددا نەکرا، خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فۆرمێکی تاکڕەهەندی وەرگرت و بە نەمانی ئەم ڕەهەندەش، بۆشایی‌یەکی جیددی لە گۆڕەپانی خەباتدا هاتە ئاراوە کە تا ئێستاش نەتوانراوە چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ بدۆزرێتەوە. بە کورتی هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی کورد لە ئەرکی هەموو تا ک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، کرا بە ئەرکی تەنیا هێزی پێشمەرگە. لە لایەکی دیکەش لە بەر نەبوونی هەلومەرجی لەبار و نەبوونی تێگەشتنێکی قووڵ و دروست، تەنانەت بە هاتنەئارای هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک لەبارتر لە قۆناغەکانی دواتردا، نەتوانرا ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات چالاک بکرێن و کەڵکی پێویستیان لێ وەرگیرێ.

٣- دوای دووی جـــۆزەردانی ١٣٧٦ و بەدەســـتەوەگرتنی دەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن و دواتـــریش قانوونـدانـــان لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، فەزای سیاسیی ئێران تـا ڕادەیەک کرایەوە و هەلومەرجێکی لەبـارتر بـۆ جموجۆڵ و چالاکیی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات ڕەخسا.

لەبەر ئەوەی خەباتی چەکداری پێشتر ڕاگیرابوو، پێویستیی کەڵکوەرگرتن لەو فەزایە زیـاتر خـۆی دەردەخست تـا بۆشـایی نەمانی خەباتی چەکدارییش تـا ڕادەیەک پڕ بکرێتەوە.

**بەڵام لەبەر چەند هۆیەک نەتوانرا لەو فەزا کراوەیەی سەردەمی ڕیفۆرم کەڵکی پێویست وەربگیرێ:**

**ئەلف:** لەسەرەتـاوە کەلتوورسازیی‌یەکی پێویست بۆ کەڵک وەرگـرتن لە هەمـوو شێوەکانی خەبـات نەکرابـوو و بە پێـی ئەمەش هیوا و چاوەڕوانی‌یەکی لە ڕادەبەدەر لە سەر خەباتی شاخ و چەکداری هەڵچنرا.

**ب:** هەروەک گـوترا خەبـاتی چەکـداری لە بەسـتێنی پلانێکـی فرەڕەهەنـد و بیرلێکـراوەدا نەکـرا و بە تـایبەت حیزبەکـانی بەڕێوەبەری ئەم خەباتە، خاوەنی پلانێکی ستراتیژیک، کە هەموو ئەگەر و سینـاریۆ و بەربژێرەکانی دیکەی غەیری خەبـاتی چەکداری لە نەبوونی خەباتی چەکداری‌دا، لە خۆ بگرێ، نەبوون.

**ج:** لاوازیی چینی نێوەڕاست و نەبوونی ئامادەیی و هۆشیاریی پێویست بۆ چالاککردنی ڕەهەندی مەدەنی و لێگاڵی خەبات.

**د)** چەشنێک بەدگومـانی و دڕدۆنگیـی حیزبەکـان بە نیسـبەت سـەرهەڵدان و دروسـتبوونی ڕێکخراوگەلـی سیاسـی-قـانوونی لە نێوخۆدا و «تخطئە»ی ئەم هەوڵانەی لەم پێنـاوەدا دران. گرنگیی ئەم فـاکتەرە لەوەدایە کە خەڵکی کوردسـتان چاویـان لە حیزبەکـان بـوو و بۆچـوون و هەڵوێسـتی حیزبەکـان لە سـەر ئەو کەسـانەی خوازیـاری چـالاکیی مەدەنـی و لێگـاڵ بـوون، کاریگەریی زۆری هەبوو.

**هـ)** ڕوانینی «پیلان تەوەر»ی حیزبەکان بە نیسبەت دامەزرانی ڕێکخراوی سیاسی - قـانوونی لـە فـۆرمی حیـزبدا کـە وەک ئەلترناتیڤی خۆیان دەدی و وەک هەوڵێک بۆ کەمرەنگکردنەوەی ڕۆڵ و دەوری خۆیان لێکیان دەدایەوە.

**ز)** پێکهـاتە و کـەلتووری حیزبـی کـوردی، پێکهـاتە و کـەلتوورێکی چەپـی کلاسـیکە. ئەم پێکهـاتەیە لە نێـوان خـۆی و کۆمەڵگەدا پێوەندی‌یەکی یەک لایەنە و ستوونی وێنا دەکا، خوێندنەوەیەکی قۆرخکاری بە نیسبەت کۆمەڵگەوە هەیە و ئەو

چاوەڕوانی‌یەی هەیە کە هەر چەشنە جموجۆڵێک لە نێوخۆدا بە دەستپێشخەری و ئاراستەکردنی خۆی ئەنجام بدرێ و هەر ڕێکخراوێکیش درێژکراوەی خۆی بێ و لە پەراوێزی ئەودا ڕۆڵ ببینێ.

لەبەر ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەم قاعیدەیە بەدەر نین و وەکوو دەستەخوشکەکانیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، لە ژێر کاریگەریی چەپی کلاسیکدان، جموجۆڵ و هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆیان بە زەحمەت بۆ هەزم دەکرا. بێگومان ڕێزکردنی ئەم هۆکارانە بەم واتایە نیە کە هەوڵ و چالاکی‌یەکانی کورد لە سەردەمی نیمچە کراوەی خاتەمی‌دا لەبیر بکەین، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لەو فەزا نیمچەکراوەیە دەکرا زۆر زیاتر کەڵک وەربگیرێ و بکرێتە بنەمایەکی پتەو بۆ سەردەمەکانی دواتریش، دەکرا لەو سەردەمە بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و موبیلیزەکردنی خەڵک لە ئاست و شێوە و ڕەهەندی جیاجیادا زۆر زیاتر کەڵک وەربگیرێ.

٤- **ئەنجامگیری:** هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە مرۆیی و نەتەوەیی‌یەکانی کورد، ئەرکی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە؛ حیزبە تاراوگەنشینەکان، چالاکان و ڕێکخراوەکانی نێوخۆ، ئێن جی ئۆکان و ڕووناکبیران بە پێی پێگە، هەلومەرج، ئیمکان وئاستەنگەکانی بەردەمیان، بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ئاست و ڕەهەندی جیاوازەوە دەتوانن و دەبێ لە پێناو ئازادیی کورد و ڕزگاریی کوردستاندا ڕۆڵ ببینن. هەموو ئەم توخمە جیاوازانە دەتوانن لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا، کە چەشنێک هاوئاهەنگی‌یان لە نێواندا هەبێ، لە پێناو ئامانجەکانیاندا کە دواجار هەموویان لە ژێر چەترێکی گشتی و نیشتمانی‌دا کۆ دەبنەوە، ڕۆڵ ببینن.

مەرجی سەرەکیی پێکهاتنی ئەم پلاتفۆرمە هاوبەشە ئەوەیە کە ئەم توخمە جیاوازانە یەکتر وەک جێگرەوە نەبینن، دان بە یەکتردا بنێن و بە گوێرەی فۆنکسیۆن، چییەتی، هەل ومەرج و دەرفەت و ئاستەنگیەکانی بەردەمیان، چاوەڕوانی‌یان لە یەکتر هەبێ. بە تایبەت پێویستە لە نێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەدا بە هەموو پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی نێویەوە، پێوەندی‌یەکی دوولایەنە و ئاسۆیی هەبێ. پێویست ناکا و بە قازانجیشیان نیە کە پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی نێوخۆ، حەتمەن درێژکراوە و گرێدراوی حیزبە تاراوگەنشینەکان بن؛ بە تایبەت کە ڕێکخراوە و ئێن جی ئۆکان لە حاڵەتی سەربەخۆیی‌یاندا دەتوانن ڕۆڵ و کارکردی خۆیان بگێڕن. گرێدراویی چالاکان و ڕێکخراوەکانی نێوخۆ بە حیزبەکان و لە پێوەندی‌یەکی ئەستوونی‌دا لە خوارەوەی حیزبەکاندا جێگرتن، دەرفەت و دەرەتانیشیان لە بەردەمدا بەرتەسک دەکاتەوە و بیانووی زیاتریش بە کۆماری ئیسلامی دەدا کە ڕێگەیان لێبگرێ و سەرکوتیان بکا.

بە لەبەرچاوگرتنی فرەیی یان باشترە بڵێین پەرش و بڵاویی حیزبەکان، ئەو چاوەڕوانی‌یە کە هەموو ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوەکانی نێوخۆ درێژکراوە و گرێدراوی حیزبەکان بن، لۆژیکی نیە و ئەو پەرش بڵاوی‌یەش دەگوازێتەوە بۆ نێویان و



سەرچاوە
Serchawe

دەبێتە ڕێگر لە بەردەم یەکگرتوویی‌یان، یان بە لەبەرچاو گرتنی ناکۆکی و پەرش وبڵاویی هەنووکەیی، زیاتر پەرش وبڵاویان دەکا.

بۆ ئەوەی باری قورسی چارەسەری دۆزی کورد بە تەنیا نەخرێتە سەر شانی حیزبەکان و، هەموو توخمەکانی ئاماژەپێکراو شانی وەبەردەن و لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا یەکتر بەهێز و تەواو بکەن، پێویستە حیزبەکان بە عەقلییەتی پاوانخوازی‌یەوە نەڕواننە کۆمەڵگە، پێوەندی‌یەکی سەنترالْ، یەکلایەنە و لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگەدا وێنا نەکەن و، بە قبووڵی پلووراڵیزمێکی چییەتی و کارکردی، پێوەندی‌یەکی لۆژیکی، دوولایەنە و ئاسۆیی و ئەگەر پێویستی کرد لە سەر بنەمای دیالۆگێکی ڕەخنەگرانە، لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگەدا بنیات بنێن.

هەر چەشنە دیدێکی چەپی کلاسیک بۆ کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی نێوەوەی، لە داهاتووی دەسەڵاتدا کۆمەڵگە و دەوڵەت یەکسان دەکا بە حیزب و، دەوڵەت لە دەزگایەکی گشتی و نیشتیمانی‌یەوە بۆ ملکی تایبەتیی حیزب دەگۆڕێ. بەم پێیە نە دەوڵەت ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیەنێ و نە ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگەش دەتوانن ئەرک و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

کۆمەڵگەی کوردستان لەچاو ١٠ ساڵ و ٥ ساڵ لەمەوبەر گۆڕاوە، بە شێوە بەسەرچووەکانی پێشوو و بە مامەڵەیەکی »قیم مآبانە« و یەکلایەنە لەگەڵ کۆمەڵگە، ناتوانرێ ڕاستینەی دینامیکی کۆمەڵگە بە باڵای خولیاکانی خۆمان بگرین. بەم هۆیەوە نابێ ڕوانینێکی ناواقیعبینانە و ئیدئۆلۆژیکمان هەبێ یان بە نەدیتنی ڕاستی‌یەکان، هەمووشتێک بە قازانجی خۆمان قۆرخ بکەین و ئەگەر لە ئاکسیۆنێکدا دروشمەکانی ئێمە نەگوترانەوە، پشتیوانیی لێنەکەین.

**تێبینی:**

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستان و کورد" وەک ڕێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

لە ژمارە ٦١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٣

## کورد و دیپلۆماسیی گشتی

١- ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی نێونەتەوەییو پڕڕەنگبوونی رۆڵی رای گشتیو بنیاتە نادەوڵەتییەکان وایانکردووە کە جۆرێکی دیکە لە دیپلۆماسی بە ناوی «دیپلۆماسیی گشتی»بێتە ئاراوەو گرنگی پەیدا بکا.

دیپلۆماسیی گشتی بە پێچەوانەی دیپلۆماسیی نەریتی یان فەرمی ئاشکرایە، لە دیپلۆماسی نەریتیدا وتووێژەکان بە زۆری لە نێوان سیاسەتمەدارانداو بە شێوەیەکی نهێنیو شاراوە ئەنجام دەدرێنو لەوانەیە هەرگیز نێوەرۆکی تەواوی وتووێژەکان بۆ خەڵک ئاشکرا نەکرێ.

بەردەنگی ئەسڵیی دیپلۆماسیی گشتی کۆمەڵگای مەدەنی، رای گشتیو گرووپە کاریگەرەکانی کۆمەڵگان، بەڵام بەردەنگی دیپلۆماسیی نەریتی دەوڵەتەکانن.

ئامانجی دیپلۆماسیی گشتیی هەر وڵاتێک شوێندانان لە سەر رای گشتی بە مەبەستی هیدایەتو کاناڵیزەکردنی لە پێناو سیاسەتە ئەسڵیو گرنگەکانی دەوڵەتدایە، تا خەڵک بە شێوەیەک بیر بکەنەوە کە دیانەوێو لەم رێگەیەوە پشتیوانیو هۆگریو دیدی پۆزەتیڤ بە نیسبەت سیاسەتە سەرەکییەکانی دروست بکا. کە واتە ئامانجی دیپلۆماسیی گشتی سیاسییە.

بە هۆی گرنگیو رۆڵی سەرەکیی رای گشتی لە دیپلۆماسیی گشتیدا، راگەیەنە گشتییەکان یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی دیپلۆماسیی گشتین.

بە شێوەیەکی گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتان گرنگییەکی زۆر بە دیپلۆماسیی گشتی دەدەنو لەم رێگەیەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان تێدەکۆشن.

٢- کە باس لە دیپلۆماسیی(نەریتی) دەکرێ راستەوخۆ زیاتر سەرنجەکان دەچنە سەر دەوڵەتانو ئەم چەمکە بە بنیاتی دەوڵەتەوە بەستراوەو ئەوە دەوڵەتانن کە لە دیپلۆماسیی وەک رێکارو ئامرازێک لە پێناو سیاسەتی دەرەوەو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن.



سەرچاوە
Serchawe

دیپلۆماسی کۆمەڵێک پێویستیو پێشمەرجی دەوێن کە ئەمانەش دەوڵەتان دەتوانن دابینیان بکەن، بۆیە کە باس لە دیپلۆماسیو پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان دەکرێ راست چەمکی دەوڵەت بەزەین دەگا. لەبەر ئەوەی ئەکتەرەکانی دیپلۆماسیی نەریتی دەوڵەتانن و دەوڵەتانیش بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، بۆیە لەم هاوکێشە لاسەنگەدا کوردەکان نەیانتوانیوە رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕنو سەرنجو پشتیوانیی دەوڵەتان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان رابکێشن. هەڵبەت ئەوە بە مانای پاساودانی کەموکووڕییەکانی کورد لەم بوارەدا نیەو ئەگەر کورد خاوەنی رێکخستنێکی یەکگرتووو بەهێز بوایە لەم بوارەشدا دەیتوانی بە قازانجی دۆزەکەی کاریگەریی زیاتری هەبێ. چونکە کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتەو هەروەک گوترا چەمکی دیپلۆماسیی(نەریتی)یش گرێدراوی چەمکی دەوڵەتە، بۆیە لە کوردستاندا زیاتر چەمکی دیپلۆماسیی حیزبی باوەو حیزبەکانیش بە هۆی جۆراوجۆر کە باسکردنیان مەبەستی ئەم نووسینە نیە، لەم بوارەدا زۆر بە لاوازی دەرکەوتوون.

٣- کورد نەتەوەیەکی بەشخوراوەو مافەکانی لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا پێشێل دەکرێن. لەبەر ئەوەی داخوازەکانی کورد رەوایی ئەخلاقیو قانوونییان هەیەو مافەکانی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووسیش چەمکگەلێکی جیهانین، بۆیە کورد دەتوانێ مافە رەواکانی بکاتە هەوێنی دیپلۆماسیی گشتیو لەم رێگەیەوە رای گشتی لە هەموو دنیادا بکاتە بەردەنگی خۆی.

بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەم کورددان بۆ کەڵکوەرگرتنی کورد لە دیپلۆماسیی نەریتی، کەڵکوەرگرتنو سەرمایەدانان لە سەر دیپلۆماسیی گشتی وەک پێویستییەکی چەند قات خۆی دەنوێنێ. سەرەڕای ئەوەش تا هەنووکە کوردەکان ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەم بوارە نەداوەتەوەو زیاتر بە دەوری خۆیاندا خول دەخۆن.

لەبەر گرنگیی رۆڵی رای گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا، پێویستە کوردەکان رای گشتیی وڵاتانی کاریگەر لە بیاڤی نێونەتەوەییدا بکەنە بەردەنگی سەرەکیی خۆیان، تا لەم رێگەیەوە سۆزو پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆیان رابکێشنو ئەمەش دواجار ببێتە فاکتەرێکی فشار بۆ سەر دەوڵەتەکانیان تا زیاتر ئاوڕ لە مەسەلەی کورد بدەنەوە.

٤- راگەیەنە گشتییەکانو لەوانە تەلەڤزیۆن ئامرازێکی گرنگی دیپلۆماسیی گشتین. پرسیار ئەوەیە چەند تەلەڤزیۆنی پرۆفیشناڵ بە زمانە زیندووەکانی دنیا بە مەبەستی ناساندنی مەسەلەی کورد بە رای گشتیی جیهانو راکێشانی سەرنجیان بۆ لای دۆزی کورد، وەشان دەکەن؟ ئەو تەلەڤزیۆنە کوردییانە کە هەن هەموویان روو بە گەلی کورد وەشان دەکەنو بە داخەوە دەبێ بڵێین کە تاقە یەک تەلەڤزیۆنیش بۆ ئەم مەبەستە نیە. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشاندەری بێئاگایی کوردە بە نیسبەت رۆڵی رای گشتیو دیپلۆماسیی گشتی لەمڕۆدا. بوارێک کە دەتوانێ رۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشچوونی دۆزی کورددا

هەبێ، بەم شێوەیەو بەنائاگاییەوە لە لایەن کوردەوە پشت گوێ دەخرێ.

دیاسپۆرای کوردیش بە هۆی پەرشو بڵاوی لاوازی نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی بنیات یان دامەزراوەیەکی مەدەنی یان ئێن جی ئۆیەکی بانحیزبی کە وەک ئەکتەرێکی بواری دیپلۆماسیی گشتی کار بکاو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناساندنی دۆزی کوردو دروستکردنی پێوەندییەکی پتەو لە گەڵ کەسایەتیو بنیاتو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتانەی لێیان نیشتەجێن، خەمی سەرەکی بێ.

لە بەرەبەری کۆنگرەی نەتەوەییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە بێگومان یەکێک لە ئەرکەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە کە بڕیارێکی کردەیی لە سەر دامەزرانی ئۆرگانێکی فکریی تایبەت بە دیپلۆماسیی گشتیو تەلەڤزیۆنێکی بانحیزبیو نەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە بداو لەم بوارەدا هەنگاوێکی سەرەتایی هەڵێنێتەوە.

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## بەبێ سەردێڕ! (تێڕامانێک بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی)

زیاتر لە مانگێکە دەوڵەتی رووحانی دەست بەکار بووە. کردەوە ئاراستەی سیاسەتەکانی، ئەگەر یەکگرتوویی نێو سیستمی لەپشت بێ، دەتوانێ لە باشترکردنی دۆخی ئێران کاریگەری هەبێ. لەم نووسینەدا کاریگەریی دەوڵەتی رووحانی لە سەر فەزای سیاسیو فکریی ئێرانو پێوەندیی نێوان رێبەرییو دەوڵەتی رووحانی باس دەکەمو هەروەها تێڕامانێکیش بۆ هەندێک لە کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی دەکەم.

١- بە سەرنجدان بە فەزای سیاسیو فکریی ئێران دوای دەست بەکاربوونی حەسەن رووحانی بۆمان دەردەکەوێ کە تا رادەیەک هیواو زیندوویێتی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتیو چالاکانی سیاسیو قەڵەم بەدەستان گەڕاوەتەوە. خەڵک چاوەڕوانن لە ئەنجامی سیاسەتو بەرنامەکانی دەوڵەتی رووحانییەوە کراوەیی لە دۆخی سیاسیو فەرهەنگیو باشبوونێک لە بواری ئابووریدا ببیننو هەست پێبکەن.

بەشێکی گەورە لە ریفۆرمخوازانو میانەڕۆکان لە حاڵەتی پاسیڤ بوون هاتوونەدەرو بە پارێزو هیواوە لەگەڵ دۆخەکە هەڵسوکەوت دەکەن. ئوسوولگەرا توندڕەوەکان وەک جاران دەنگیان بەرز نیەو ئەو کاریگەرییەشیان نەماوە.

لە دەورانی ئەحمەدی نژاددا بێ بەدواداچوونو سەرنجدان بە سایتو رۆژنامەکانی ریفۆرمخوازانو بۆچوونەکانیان، دەتوانی شرۆڤەی ئاڵووگۆڕو رووداوەکانی ئێران بکەیو تا رادەیەک سەرەداو و ئاراستەی رووداوەکانت بێتە دەست؛ چونکە ئەوان بە تەواوی خرابوونە پەراوێزەوەو هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر سیاسەتو ئاراستەی دەوڵەت نەمابوو و ئەوە ئوسوولگەراکان بوون کە بۆچوونو هەڵوێستەکانیان ئاراستەدەری دەوڵەت بوو و لە هەموو بوارەکانیشدا رەنگی دەدایەوە.

لە بەدواداچوونم بۆ سایتو رۆژنامەکانی ئێران بەو ئاکامە گەیشتووم کە هێڵی رۆژنامەی «کەیهان»ی حوسێن شەریعەتمەداری وەک جاران کاریگەری لە سەر سیاسەتو کردەوەکانی دەوڵەت نەماوە، بەپێچەوانە ئەوە رۆژنامەکانی «شەرق» و بەهار» و... ن کە خوێنەرەویان بۆ بەدواداچوونو تێگەیشتن لە سیاسەتو کردەوەکانی دەوڵەت گرینگییان پەیدا کردووە.

٢- دەوڵەتی حەسەن رووحانی لە دوای دەست بەکاربوونییەوە کۆمەڵێک کاری لە پێناوی راستکردنەوەی سیاسەتەکانی

دەوارنی ئەحمەدی نژاد ئەنجام داون. دەکرێ بڵێین کە کاریگەریی ئەزموونو شارەزایی پێکهاتەی کابینەی رووحانی بەم کارو کردەوانەوە دیارە. لە لایەکی دیکە بە سەرنجدان بە زۆر دەرکەوتو داتاو لێدوان دەتوانین ئەوە بڵێین کە ناوەندو سەرووی دەسەلات لە ئێراندا، لە گەڵ هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی دەوڵەتی رووحانیدا هاوڕا و موافیقەو، بە راوێژ و لەبەرچاوگرتنی بۆچوونەکانی وەلیی فەقیەو هاوئاهەنگی لەگەڵ وییە کە هەنگاوە گرینگەکان هەڵدەهێندرێنەوە. لێرەوە بە خاڵێکی گرینگ دەگەین کە لەبەرچاوگرتنی بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەی دۆخی ئێران پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

رێبەریی لە پێکهاتەی سیاسیی ئێراندا لە قووچکەی دەسەلاتدا جێدەگرێو ئەو دژایەتیی هەر سیاسەتێک بکا، لە ئێراندا پێڕەو ناکرێ. رێبەر بە پێی لۆژیکو پێگەی قانوونیی، دەبێ لە سەرووی باڵبەندییەکاندا جێبگرێو نەکەوێتە خانەو بەرەی هیچ کام لە باڵبەندییەکانەوە و بە لایەنداریی هێچ باڵێک بڕیار نەداو هەڵوێست نەگرێ.

ئەگەر لە بازنەی چەمکیی‌و قانوونیی رێبەر بێینەدەرو لە سەر رێبەری ئێستای ئێران، عەلی خامنەیی بدوێین، دەبێ بڵێین کە ناوبراو هەر لە سەرەتاوە کە باڵی راستو چەپ لە شانۆی سیاسیی ئێراندا هەبووە، لە باڵی راستدا جێی دەگرتو دواتریش بە پێی گۆڕانی شانۆی سیاسیی ئێرانو ناوی باڵبەندییەکان، لە خانەی موحافیزەکارانو ئوسوولگەراکاندا جێی دەگرتو جێ دەگرێ.

بە شێوەیەکی زەقو دیاریکراو لە دوای هەڵبژاردنەکانو رووداوەکانی ساڵی ٨٨ەوە لە بەرەی دژی ریفۆرمخوازانو ئوسوولگەرایانی توندڕەودا جێدەگرێ بە چەشنێک کە لێدوانەکانی دەبنە چاوگەی سەرەکی هەڵوێستو لێدوانەکانی ئوسوولگەراکانی تودڕەو و بەرەی نیزامیو ئەمنییەتییەکانەوە. پێدەچێ ئەو مەترسییەی لە لایەن بزووتنەوەی سەوزو ریفۆرمخوزانەوە لە سەر سیستم دروست ببوو رێبەری ناچار کردبێ کە لە بەرەی بەرامبەردا جێبگرێو ئەم کارەشی بۆ پاراستنی سیستم بە پێویست زانیبێ.

بە گوێ گرتن لە وتاردانەکانو سەرنجدان بە لێدوانەکانی خامنەیی لە ماوەیەک پێش هەڵبژاردنەکانی ٩٢ەوە،کە تا ئێستاش درێژەی هەیەو زیاتریش خۆی دەرخستووە، بەو ئاکامە دەگەین کە ناکرێ بۆچوونو هەڵوێستەکانی خامنەیی بە هاوتای بۆچوونو هەڵوێستەکانی ئوسوولگەراکانی توندڕەو بزانینو بە دڵنیاییەوە جیاوازی و مەودایەک لە نێوانیاندا دەبیندرێ. لەوانەشە بە داکشانو کۆتایی هاتنی بزووتنەوەی سەوزو ئارام بوونەوەی دۆخی ئێران، خامنەیی بۆ پێگەی بێ لایەنی قانوونیی خۆی گەڕابێتەوە!

هەڵسووکەتی خامنەیی لەگەڵ دەوڵەتی رووحانی ئەوەمان پێدەڵێ کە لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە لە هەندێک بواردا

تێبینی هەبێو لە بۆنەی جۆراوجۆریشدا ئامۆژگاری خۆی دەکا، بەڵام هەستیاریی دۆخی ئێران تێدەگاو بە پێی ئەمەش پشتگیریی هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی دەوڵەتی رووحانی دەکا. ئەمە لە حاڵێک دایە که ئوسوولگەرا توندڕەوەکان لە گەڵ زۆر شتی رووحانیدا دژایەتی دەکەن. گواستنەوەی دۆسییەی ئەتۆمی بۆ وەزارەتی دەرەوە و روانینو هەڵوێستەکانی دەوڵەتی رووحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەداو لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا پێمان دەڵێن که ئۆکەی خامنەییان لەگەڵەو رووحانیش بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی رێبەریو بە هەماهەنگی لەگەڵ وی هەنگاو دەنێ. دیارە رووحانی ئەندامێکی پێکهاتەیی رێژیمەو میکانیزمەکانی کارکردنی ئەم سیستمە بە باشی دەزانێو ئەمەش دەتوانێ لە رەوتی کارەکانیدا یارمەتیدەری بێ. دانانی عەلی شەمخانی وەزیری بەرەڤانی دەوڵەتی خاتەمی بە دەبیری شورای بەرزی ئەمنییەتیی ئێران، نوێنگەی یەکگرتوویی‌و لێک نزیکیی نێوان رێبەریی و رووحانی‌یە.

**خامنەیی لە وتاردانی بۆ فەرماندەکانی سوپای پاسداران دڵێ:** نەرمی نواندنی قارامانانە لە سیاسەتی دەرەوەدا کێشە نیە و رەوایە. هەروەها سوپای پاسداران لە دەستێوەردان لە بواری سیاسی‌دا هۆشیار دەکاتەوە. ئەمەش دەکرێ بە چەشنێک پاڵپشتیو هاوڕایی لەگەڵ دەوڵەتی رووحانیو سیاسەتەکانی‌دا لێکبدرێتەوە.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەویە کە هێزە نیزامیو ئەمنییەتییەکانی رێژیمو بە تایبەت سوپای پاسدارانو بەسیج بە رێنوێنی خامنەیی پشتیوانیی روحانییان کردووەو لە بۆنەی جۆراوجۆردا پشگیریی خۆیان دووپات کردۆتەوە؛ کە ئەمەش دەتوانێ لە درێژەدانو بەرەپێش بردنی سیاسەتەکانی رووحانی‌دا کاریگەری زۆری هەبێ.

بەردەوامیی پشتیوانی وەلی فەقیەو سوپای پاسداران لە دەوڵەتی رووحانی تا رادەیەکیش گرێدراوە بەوە کە ئەم دەوڵەتە تا چەندە هەستیارییەکانی سیستمی سیاسیی ئێرانو هاوکێشەکانی هێز رەچاو دەکاو بە دوور لە تووندڕەوی‌و بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئێرانداو لە سەرووی هەموویان رێبەریی، هەنگاو دەنێ.

٣- یەکێک لەو بنیاتو دامەزراوانەی لە دەورانی ئەحمەدی نژاددا زیانی زۆری بەر کەوت، زانکۆ و ناوەندەبەرزەکانی فیرکردن بوون. خوێندکاری ئەستێرەدار، جیاکاریی جنسییەتی، ژنانەو پیاوانە کردنی بەشێکی بەرچاو لە رشتەکانی خوێندن، دەرکردنو خانەنشینی پێشوەختو زۆرەملێی مامۆستایانی زانکۆ، دەستکاری نابەجێو نامەعریفی بەشێک لە وانەکانی زانستە مرۆییەکان، سەنترالیزەکردنی وەرگرتنی خوێندکاری دوکتورا، بێدەسەڵاتکردنی زانکۆکان لە سەرپەرستی کردنی خۆیانو چەندین کێشەو گرفتی دیکە لەوپەڕی خۆیدا بەرۆکی زانکۆکانیان لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد گرتبۆوە. یەکێک لەو زانکۆیانەی کە ببۆوە سەمبولی ئەم نەهامەتیانە، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی بوو. ئاخوند سەدرەدین شەریعەتی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی‌دا هەموو ئەم خاڵانەی بە توندترین شیوە لە زانکۆی تەباتەبایی‌دا جێبەجێ کردو لە

هەموو ئەم بوارانەدا ریکۆردی شکاند. ناوبراو بەوپەڕی شانازییەوە ڕایدەگەیاند کە زانکۆی تەباتەبایی ئیسلامیزە کردووەو دەبێ بکرێتە مۆدێلێک بۆ زانکۆکانی دیکەش.

یەکێک لەو کارە باشانەی جەعفەری تۆفیقی، سەرپەرەستیی وەزارەتی علووم لەم ماوەیەدا کردی، لادانی سەدرەدین شەریعەتی لە سەرۆکایەتیی زانکۆی تەباتەبایی تارانو هەروەها گۆڕینی سەرۆکی زانکۆی پیشەسازیی ئیسفەهان بوو، کە ئەویش کارنامەیەکی باشتری لە ئاغای شەریعەتی نەبوو. هەر دوابەدوای ئەوە وەزارەتی علووم رایگەیاند کە خوێنکارە ئەستێرەدارەکانی ساڵانی ۹۰،۹۱ و ۹۲ دەتوانن ناونووسی بکەنو بچنەوە سەر پۆلەکانی خوێندن، هەروەها بەشێک لە مامۆستا دەرکراوەکانی زانکۆی تەباتەباییش گەرانەوە زانکۆ. ئەمانەو هێندێک بەڵێنی دیکە لەوانە کۆتایی هێنان بە فەزای ئەمنییەتیی زانکۆکان لەگەڵ پێشوازیو دەستخۆشیی کۆمەڵگای زانستگایی بەرورو بووە.

هەر لەم ماوەدا «خانە سینەما»ش کە لە سەردەمی دەوڵەتی پێشوودا داخرابوو، کرایەوە کە لەگەڵ پێشوازیی سینماکاران بەرەوڕوو بوو. دادگای فەزایی یەکیەتیی ئورووپا گەمارۆی سەر کۆمپانیی کەشتیرانیی ئێران و ۱۷ کۆمپانیی دیکەی بەتاڵ کردەوە کە لە سەر لایەنی رەوانیو ماددیی ئابووریی ئێران بێ باندۆر نیە. ماوەیەک پێشتریش چەند بانکیی ئێران لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا هاتنە دەر. هەرچەند ئەم ماوە کەمە، تا دەرکەوتێکی هەست پێکراو لە بواری ئابووریی قەیراناویی ئێراندا ببینین، بەڵام شارەزایانی ئابووری، بە سەرنجدان بە تیمی ئابووریی دەوڵەتو روانینو سیاسەتەکانی لەم بوارەدا، بە نیسبەت باشتر بوونی دۆخی ئابووریی ئێران گەشبینن. هەڵبەت کێشەی ئابووریی ئێران ریشەی نێوخۆییو دەرەکی هەیەو باشبوونی پێویستی بە دەست وێکدانی کۆمەڵێک فاکتەر هەیە.

لەو ماوەیەدا هەرچی بەدواداچوونی رەوشی ئێرانم کردووە، بە زۆری هەواڵەکان باس لە باشتر بوونی رێژەیی دۆخی ئێران دەکەن، هەڵبەت نە لە روانگەی کوردو نەتەوە بندەستەکانەوە، بەڵکوو لەو روانگانەوە کە باسم کردوون. گەلۆ لە داهاتوودا ئەم رەوتە هەروا بەردەوام دەبێ یان کۆسپی دێتە بەردەمو پاشەکشەی پێدەکرێ یان تەنانەت پێچەوانەش دەبێتەوە؟ مێژوو بە شێوەی هێڵیو «تکامل»ی ناچێتە پێش، بەڵکوو دابڕانو پاشەکشەو گەڕانەوەش لە سرووشتەکانی رەوڕەوەی مێژوو(ی ئێران)ن.

لە ژمارە ٦١٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## شوناسی نەتەوەیی دێموکراتیک

١- شوناسی نەتەوەیی وەک هەر چەمکێکی دیکە دەگۆڕێ و پێناسەکەشی گۆڕانی بە سەر دادێ. بە پێی گۆڕانی زەمەنو دیسکۆرسی زاڵ، چەمکەکانیش گۆڕانیان بە سەر دادێ.بۆ ناسینی چەمکی شوناسی نەتەویی دەبێ ئەم چەمکە بخەینە نێو دەقی زەمەنیو مێژوویی خۆی؛ چونکە ئەم چەمکەش وەکوو هەر چەمکێکی دیکە تایبەتمەندیی مێژوویی‌و کەلتووری خۆی هەیەو ناتوانرێ لە دەرەوەی سیاقی مێژوویی‌و کەلتووری‌و جوغرافیایی، پێناسە بکرێ.

شوناسی نەتەوەیی بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیزمە. تا هەنووکە سێ شەپۆلی مۆدێرنیزم هاتوونە کایەوە کە بە پێی هەر کام لەم شەپۆلانە، پێناسی شوناسی نەتەوەییش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٢- شوناسی تاکو تاکگەرایی پۆزەتیڤو لیبرالیزم، جەوهەری مۆدێرنیزمنو لە شەپۆلی یەکەم دا(لە سەدەی حەڤدە بەم لاوە) دێنە ئارا. ئەم چەمکانە لە خۆڕا نەهاتوونە ئارا، لە هەمبەر دەسەڵاتخوازیی پیاوانی کلیسا و هەروەها دەسەڵاتگەریی دەوڵەتانی سەرەڕۆی هابزیدا سەرهەڵدەدەن و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاوەزمەند لە چوارچێوەی سیستمێکی جڤاکی‌دا بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی دیاری دەکا. بەم چەشنە مرۆڤ لە چەمکێکی کارتێکراوەوە دەبێتە ناوەندی قورسایی بوون، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ لە ئۆبژەوە دەبێتە سوژە و کارگوزاریی بوون. مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاسیۆنالیزمەوە بە سەر سرووشتدا زاڵ دەبێ. هەڵبەت ئەمانە لە پرۆسە و بەردەوامی خۆیدا شتی خراپیش بە دوای خۆیدا دێنێ و ئەوەی کە پێی دەڵێن سوڵتەی عەقڵانییەتی ئامرازیی، لێدەکەوێتەوە. لە ئەنجامی ئەم عەقڵانییەتی ئامرازییەوە مرۆڤ لە «قەفەسی ئاسنینی دنیای نوێدا یەخسیر دەکرێ» و مرۆڤ لە ئامانجەوە دەکرێتە ئامراز و ڕەوتێکی بە کاڵایی بوون بە خۆیەوە دەگرێ، کە دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر دەبێتە جێی سەرنج و تێبینی بیرمەندانێکی وەک مارکس، بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بە تایبەتیش بزووتنەوەی چەپی نوێو فیلسوفی سەردەم، هابێرماس. لە دژ یان ڕەخنەدانی عەقڵانییەتی ئامرازییە کە هابێرماس بە شێوەیەکی تەجویزی-فەلسەفی باس لە «جهان زیست»و عەقڵانییەتی پێوەندیی و لێکتێگەیشتنی و تەعامولی دەکا. لێرەدا مرۆڤ(تاک) بەهاکەی بۆ دەگەڕێتەوەو بە دوور لە پارەو دەسەڵاتی ماددی، لە بیاڤی گشتی‌دا لە گەڵ یەکتر دیالۆگ دەکاو بە کۆمەڵێک ڕێککەوتنی ڕێژەیی‌و مێژوویی دەگا کە بنەمای ژیانی گشتی پێک دێنن.

٣- لە شەپۆلی دووهەمدا(لە قەیرانی ئابووریی چارەگەی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە) شوناسی تاک بەربینگی پێدەگیرێ و

شوناسە گشتییەکانی وەک چین و نەتەوە لە سەر حیسابی تاکگەرایی پەرەدەستێنن. خۆپێناسە کردن لە سەر بنەمای ئەم شوناسە گشتییانە دەکرێ و چەمکەکانی ئیرادەی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی زاڵ دەبنو دەبنە بنەماو پاساوێک بۆ دەوڵەتگەلی دەسەڵاتگەرو توتالیتێر. لە توتالیتاریزم دایە کە تاکگەرایی نێگەتیڤ و لێکدابراو، ئەو حاڵەتەی کە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەڵێن «ئانۆمی»دێتە ئارا.

لە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی نەتەوەدا، هەموو جیاوازای و جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگە دەکرێنە فیدای دروست کردنی شوناسێکی گشتیی نەتەوەیی. تاک دەبێتە ئەندامێکی نەتەوەو بوونێکی سەربەخۆی نییە، دروست بوونی شوناسی نەتەوەیی گرێدەدرێتەوە بە قوربانی کردنی جیاوزییەکانی نێو هەناوی نەتەوە. کوشتنی جیاوازییەکانی نێو هەناوی نەتەوە دەکرێتە مەرج و پێویستیی دروست کردنی شوناسی نەتەوەیی. ئەم خوێندنەوەو پێناسە لە چەمکی ناسیۆنالیزم، کە تایبەتی قۆناغی پێش سەرهەڵدانی دیموکراسییە، دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی شوێنی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە کە ئورووپایە، دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی سێهەمو وڵاتانی رۆژهەڵات.

ناسیۆنالیزم لە ئورووپا کە شوێنی سەرهەڵدانییەتی، بەرهەمی پرۆسەیەکی سرووشتیی گۆڕانە ئابووریو هزریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانە، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەکرێتە پرۆژەیەکی لە سەرەوەڕا داسەپاوی جۆراوجۆریی کوژی ئاسیمیلاسیۆن. لەم رێگەوە هەوڵ بۆ زاڵ کردنی یەکێک لە شوناسە لۆکاڵیەکانو گشتاندنو سەپاندنی لە کۆمەڵگا فرەچەشنو موزاییکیەکاندا دەدرێ. لێرەدا دروست کردنی شوناسی نەتەوەیی هاوتا دەکرێ بە یەکسانسازیو لەناوبردنی فرەجۆریو فرەچەشنییەکانو وەک یەک کردنیان.

٤) دوابەدوای قەیرانی ئابووریی دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم و چوونە ژێرپرسیاری بنەماکانی ئابووری کینزی و دووبارە هاتنەوە ئارای لیبرالیزم لە فۆرمی نیو لیبرالیزم دا،بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت و بەدوای ویشدا بیاڤی دەسەڵاتی دەوڵەت کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرفەت و دەرەتانی خۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە دەرەخسێنێو تاکگەراییو سەربەخۆیی تاک دەبووژێتەوەو پەرەدەستێنێ.

شەپۆلی سێهەمی مۆدێرنیزم یان شۆڕشی پێوەندییەکانو بە جیهانی بوون پێ بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی بواری ئابووریو سیاسی دێنە ئارا، کە هەمووی ئەمانە بەیەکەوەو لە گشتییەتیی خۆیدا، بەهاو ئەولوییەت بۆخودموختاریی تاک دەگەڕێننەوەو دبنە دەرفەتێک بۆ خۆدەرخستنو تەعبیر لەخۆکردنی جیاوزییەکانو جۆراوجۆرییەکان. بە واتایەک هەموو ئەم چەمکە گشتییانە(چین، نەتەوە، ئیرادەی گشتی، بەرژەوەندیی گشتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی) یان پێناسەیەکی دیاریکراو لە چەمکانە، کە وەک پەردەیەک ئەم جیاوازییانەی داپۆشیبوو و تەنانەت لە سەر حیسابی ساربەخۆی تاکو جیاوازییە

کەلتووری ئەتنیو لۆکاڵییەکان، کاریان پێدەکرا، درزیان تێکەوتو هەلیکی رەخساند بۆ دەرکەوتنی رەهەندە پەراوێزخراو و سەرکوتکراوەکان.

بە جیهانی بوون، هاوتەریبو لەگەڵ کاڵکردنەوەی سنوورەکانو پێکەوەگرێدانی رۆژلە رۆژ زیاتری نەتەوەکان بە یەکەوە و، بەجیهانی کردنی زۆر چەمکو بەها و شێوەکانی ژیان دا، دەرەتانێکیشی بۆ توخمە کپکراو، سەرکوتکراو، پەراویزخراو و ژێرنەتەوەییەکان رەخساندوە، ئەمەش درووست کردنی شوناسی نەتەوەیی بە پێناسەو پێوەرە کلاسیکەکان ئاستەم یان نەکردەنی کردووە.

٥- دەکرێ بگوترێ لە کوردستاندا فەزای فکری ئێمە پێ بە پێی گۆڕانە فکریو مەعریفییەکان، یان ئاڵوگۆڕە زەینیو بەرهەستەکان، ناچێتە پێش، بۆیە بە زێهنییەتێکی کلاسیکو لە رابردوومادا، یان لە چاویلکەی پێناسە کۆنو لەباوکەوتووەکانەوە تێروانین بۆ دیاردەکان دەکەینو چەمکەکان پێناسە دەکەین.

بە پێی تێگەشتنی سەردەمو لە کۆنتێکستی شەپۆلی سێهەمی مۆدێرنیزم دا، کە لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە سەرهەڵدەدا، نەتەوە وەک چەمکێکی گشتی، خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە. ئەگەر رەخنە بەجێکانی بزووتنەوەی چەپی نوێ و هەروەها ئەندێشەی هابێرماس لە عەقلانییەتی ئامرازیی سیستمی سەرمایەداری یان رەوتی بەکاڵایی کردن و ئۆبژەبوونی مرۆڤ بە بنەما وەربگرین و ئەگەر لە بەرێکی دیکەدا خودموختاریی تاکی نیولیبرالیزم و نێوەرۆکی پلۆرالیستی شەپۆلی سێهەمی مۆدێرنیزم لەبەرچاو بگرین، نەتەوە گشتێکە کە دەرەتانی خۆدەرخستن و خۆتەعبیر کردن بۆ پێکهێنەرەکانی دەرەخسێنێ و زەرفێکە کە ئازادییەکانی توخمەکانی هەناوی دەستەبەر دەکا. واتە لێرەدا مرۆڤ دەبێتەوە سوژەو مرۆڤ لە چەقی هەموو شتەکاندا جێدەگرێ و، مرۆڤ دەبێتە ئامانجو هەموو چەمکەکان (بە چەمکی نەتەوەشەوە) و کەرەسە فکری و ماددییەکان دەبنە ئامرازێک لە پێناو بەختەوەریو ئازادی و ئەولەوییەت بوونی مرۆڤ دا.

شوناسی نەتەوەیی، شوناسێکی گشتییە؛ نابێ ئەم شوناسە لە سەر حیسابی شوناسی تاک یان فەردییەتی پۆزەتیڤ کە جەوهەری مۆدێرنیزمە، بکەوێ. لەم سەردەمەدا شوناسی نەتەوەیی زیاتر لەوەیکە پێناسەیەکی بەرهەستی هەبێ، بە شێوەیەکی زەینی یان دەکرێ بڵێین ئیرادەگەرانە پێناسە دەکرێ. گرینگ ئەوەیە ئەندامانی نەتەوەیەک چۆن خۆیان دەبینن، چۆن لە خۆیان دەگەن، چۆن خۆیان پێناسە دەکەن و ئایا خاوەن ئیرادە و خواستێکی هاوبەشن؟

بۆ بزاڤە شوناسخوازەکان ئامانج تەنیا رزگارکردنی خاک و جوغرافیا نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەودا یان لەویش گرینگتر ئازاد کردنی تاک و مرۆڤ خۆیەتی. ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی دیدێکی ئەمرۆییانەو هاوپێوەندیی ئۆرگانیک دا مومکینەو لە



سەرچاوە
Serchawe

نەتەویەکی دیموکراتیکدا فۆرماسیۆنی بەرهەست پەیدا دەکا.

مەرجی سەرەکی شوناسی نەتەویی، دروست بوونی هاوپێوەندیی نەتەوەییە. لە دنیای ئەمڕۆدا ئەم هاوپێوەندییە بە شێوەی ئۆرگانیکی دروست دەکرێ، نە بە شێوەی میکانیکی. ئێمیل دوورکهایم دەڵێ هاوپێوەندیی میکانیکی، هاوپێوەندییەکی نەریتییە و لە سەر بنەمای وێکچوونو وەک یەک کردنی تاکەکان بنیات دەنرێت. دەوڵەتە توتالیتێرەکانی مێژوو هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای وێکچوویەکی درۆیین، هاوپێوەندی دروست بکەن، «دەوڵەت -نەتەوە»کانی رۆژهەڵاتی ناوین هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای یەکسانسازی و وەک یەک کردنی جۆراوجۆرییەکان، لە چوارچێوەی سنوورەکانی بە ناونەتەوەیی خۆیاندا هاوپێوەندیی میکانیکی درووست بکەن. هاوپێوەندیی ئۆرگانیکی، هاوپێوەندییەکی نوێیەو لە سەر بنەمای فرەچەشنیو جۆراوجۆریو رێککەوتن و رەزایەت بنیات دەنرێت.

بە سەرنجدان بەوە کە کورد خاوەن پێکهاتێکی جۆراوجۆرە، دەبێ شوناسی نەتەوەیی کورد لە سەر بنەمای پێوەندییەکی ئاسۆیی لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا بنیات بنێرێ؛ هەڵبەت هەموو ئەم پێکهاتە فرەچەشنانە دواجار لە چوارچێوەی کۆمەڵێک پرەنسیپی گشتیدا یەک دەگرنەوە. ناکرێ باسی یان داوای پێوەندییەکی دیموکراتیکو ئاسۆیی لە نێوان خۆتو نەتەوەکانی دیکەدا بکەی بەڵام لە هەناوی خۆت دا بە دوای دروست کردنی پێوەندییەکی ئەستوونیو یەک لایەنەو نادیموکراتیک لە نێوان پێکهاتێکو ئەوانی دیکەدا بی.

ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە هەوڵەکانی دروست کردنی شوناسی نەتەوەیی نادیموکراتیک چەندە کارەساتباربوون و بە تایبەت لە دنیای ئەمڕۆدا مەحکووم بە شکستن.

بە پێی سەردەمو دیسکۆرسی زاڵ، نەتەوەو شوناسی نەتەوەیی دەبێ رووبەرێکی گشتی بۆ پێوەندیی ئازادانەی تاکو پێکهاتەکان بڕەخسێنێ. شوناسی نەتەوەیی دیموکراتیک، شوناسێکی هاووڵاتیی تەوەرە و لە سەر بنەمای هاوپێوەندیی ئۆرگانیکو هاووڵاتیی ئازادو یەکسان دادەمەزرێ.

پەراوێز: بۆ تێگەشتنی زیاتر لە کۆمەڵێک چەمک کە لەم وتارەدا بەکار هاتوون کەڵک لەم کتێبە وەرگیرێ:
عقل در سیاست حسین بشیریه

لە ژمارە ٦١٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## چەند دەنگی یان لێک جیاکردنەویەکی ژیرانە؟!

١- سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیتمێکی تێکەڵاوە. ڕێبەری کە ڕەگەزێکی مۆنارشیی سیستمە، هێڵە سەرەکی و ئامانجە ئیستراتیژیکەکان  دیاری دەکا. تیمی وتووێژکاری ناوەکی لە پێناو و لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەی کە لە ژێر چاوەدێری و بە ئۆکەی ڕێبەری دیاری دەکرێن، بە شێوەیەکی ئامانجدار تێدەکۆشێ. دۆخەکە بەم شێوەیە کە بۆچوون و تێبینییەکانی دەوڵەتی روحانی، بە تایبەت میتۆدی گەیشتن بە ئامانج، کە پێشتر ڕێککەوتنی لە سەر کراوە، ڕەچاو دەکرێ. تیمی وتووێژکار لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پێچەڵپووچەی پێی سپێردراوە، لە چوارچێوەی ڕێککەوتن کراودا، ئازادیی کردەی هەیە.

٢- ئاشتبوونەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە و چارەسەریی پرسی ناوەکی لە سەرەوەی ئەولەوییەتەکانی دەوڵەتی روحانیدا جێدەگرن، بۆیە زۆرترین هەوڵی لەم پێناوەدا خستۆتەگەڕ و تا هەنووکەش چالاکترین بواری کار کردنی دەوڵەتی روحانی بووە.

ئەگەر سیاسەت دان و ستان بێ، روحانی لە بیاڤی سیاسەتی نێوخۆییدا کارێکی بنەمایی لە پێناو بەرنامەکانی دا، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ دەکردن، نەکردووە. لەوانەیە بکرێ بڵێین کە روحانی لە بواری سیاسەتی نێوخۆییدا قورس و قایم ڕانەوستاوە و لە بەرامبەر ڕاستی توندئاژۆدا نەرمی نواندوە تا لە بوارەکانی دیکەدا کە بۆ وی ئەولەوییەتیی زیاتریان هەیە، کەمتر دژایەتی و کارشکەنی بکەن؛ هەڵبەت ئوسوولگەراکانیش لە بیاڤی سیاسەتی نێوخۆییدا بواریان لێتەنگتر کردۆتەوە و ئەوان لەم بیاڤەدا ڕۆڵ و کاریگەریی زۆر دەنوێنن. دەکرێ ئێعدامەکانی ئەم دواییانە لەم ڕوانگەشەوە شرۆڤە بکرێن.

٣- دیاردەیەکی نامۆ نییە کە تا ڕادەیەک لە نێوان مێزی وتووێژ و گوتاری دەوڵەتان ڕوو بە ڕای گشتیی(خۆیان) جیاوازی هەبێ. لەم بڕوایە دام کە ئێران لە سەر مێزی وتووێژ بە شێوەیەکی عەقڵانیتر دەجووڵێتەوە و زیاتر لەوەی کە دەینوێنێ، حیسابی قازانج - تێچوو دەکا. بەشێک لە دژایەتییەکان لەگەڵ بە ڕێککەوتن گەیشتنی ناوەکی لەگەڵ گرووپی ٥+١ سرووشتین و لە ڕوانگەی جیاوازی بنیاتگەلی جۆراوجۆری دەسەڵات لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن؛ هەندێک لەم بنیاتانە چارەسەری پرسی ناوەکی لە بەرژەوەندیی خۆیان نابینن. با ئەوەش بڵێم کەبەشێک لە ڕەخنەکانی ئوسوولگەراکانی توندئاژۆ لە پرۆسەی دانوستانەکان، بە تەواوی نالۆژیکی نین.

دژایەتیی ئەمریکا و دانی دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکا، بۆتە بنەمایەکی پرۆپاگەندە- ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی و، رۆڵێکی یەکخەری هەیە. وێدەچێ لە روانگەی ئیستراتیژیستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وەلانانی ئەم دژایەتی و دروشمانە وەک پێویستیی و ئۆگری(یەکی زیاد لە حەد) بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا لێک بدرێتەوە، ئەمەش هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکان لاواز بکا، بۆیە باسی ئیستراتیژیەکی دوو مەبەستەی «دانی دروشمی دژی ئەمریکا و دانوستان لە سەر پرسی ناوەکی» دەکەن.

کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت رۆژئاوا بێ متمانەیە و هەموو ئەگەرەکانی بەردەم پرۆسەی دانوستانەکان لە بەرچاودەگرێ، بۆیە تا پرۆسەی دانوستانەکان بە دەرەنجامێکی دڵخواز نەگەن، دەستکاریی ئەو نۆرم و دروشمانەی کە بوونە بەشێک لە چییەتیی، ناکا. کۆماری ئیسلامی هەموو هێلکەکانی ناخاتە سەوەتەی دووردیمەنێکی گەش لە دانوستانەکانەوە.

بەرێوەچوونی بەربڵاوی رێورەسمی ۱۳ی خەزەڵوەر و پابەندیی بە بایەخە شۆڕشگێڕییەکان، لە لایەک رۆڵی رازی هێشتنەوەی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان دەبینێ، لە لایەکی دیکەش لە ئەگەری بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکان، سەقامگیری و بەردەوامیی سیستم دەردەخا؛ تازە دەتوانێ سوپایێکی متمانەش بێ بۆ پاش لەرزەکانی رێککەوتن لە گەڵ رۆژئاوا، لە نێو لایەنگرانی رێژیمدا کە درێژەدان بە چالاکیی ناوەکی بەو شێوەیەی کە دەخوازن، بۆیان بۆتە مەسەلەیەکی پرێستیژیی.

٤) دۆخی هەستیاری ئێران وای کردووە کە ئێران بە جیددی بچێتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانی ناوەکییەوە. هەڵبەت ئەوەی کە ئایا ئەم دانوستانانە بە ئاکام دەگەن یان نا، گرێدراوە بە هەڵوێست و جیددییەتیی لایەنی بەرامبەریش. ئەوەی کە لە بەدواداچوونی ئەم پرسەدا تێبینیم کردووە ئەوەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا لە سەر بنەمای ئەم خوێندنەوە کە فشاری گەمارۆکان ئێرانیان ناچار کردووە کە نەرمی بنوێنێ و ئێران بۆ دەرباز بوون لە فشارە نێونەتەوەییەکان، دەیەوێ لە گەڵ رۆژئاوا بە رێککەوتن بگا، بۆیە تا رادەیەک خۆیان خستۆتە سەر پشت و دەیانەوێ بە رێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بگەن کە ئێران کەمترین پوانی پێ ببڕێ؛ شتێک کە لە لایەن ئێرانەوە پێناچی قبووڵ بکرێ. وەک بەرپرسانی ئێرانی دەڵێن دانوستانەکان دەبێ لە سەر بنەمای «برد-برد» بێ، واتا لە بەرامبەر هەر ئیمتیازێک کە ئێران دەیدا، ئیمتیازێکیش وەرگرێ.

پشتیوانی عەلی خامنەیی لە تیمی دانوستانکاری ئێران و ئەوەی کە ئەوان راسپێردراوانی رێژیمن و هیچ کەس بۆی نییە لاوازیان بکا، یان قسەکانی کازمی سەدیقی پێش نوێژی هەینی تاران کە دەڵێ تیمی دانوستانکار لە هێڵە سوورەکان لایان نەداوە و لە هەڵوێستی هێزەوە وتووێژیان کردووە، نیشاندەری ئەوەیە کە لە سەرئەم پرسە هاوڕان و ئەو هاوڕاییە کە بنەمای دانوستانەکانی ئێران لەگەڵ گرووپی ٥+١ پێک دێنێ. ئەوەی کە ئاراستەدەری دانوستانی ناوەکیی ئێرانە، ئەو کۆڕاییە کە دروست بووە نە دژایەتیی لایەنگەلێکی نێو سیستم. جیاوازی هەیە لە نێوان بۆچوونی ئەم لایەنانە و ئەوەی لە

پراکتیک دا پیادە دەکرێ. دۆخێک لە ئێران هاتۆتە پێش کە کەسانێکی توندئاژۆی وەک حسێن شەریعەتمەداری کە خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی کەیهانی تارانە، دەڵێ ویڕای پشتیوانی لە تیمی وتوویژکاری ئێران، لە کەماسییەکانیش رەخنە دەگرین. مەبەست ئەوەیە بلێم کە دوای پشتیوانی ئاشکرای خامنەیی لە تیمی دانوستانکاری ئێران، ئوسوولگەرا توندڕەوەکانیش فتیلەی رەخنەکانیان تا رادەیەک هێناوەتە خوارێ و هەموو لایەنەکان بە رواڵەتیش بێ، کەم و زۆر خۆیان لەگەڵ رەوتی سەرەکی گونجاندووە، هەرچەند لە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی رەوتەکە وازیان نەهێناوە و هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە رەوتەکە بە ئاراستەی دڵخوازی خۆیان دا بگۆڕن.

٥- هەرچەند لە ئێران دا ناوەندێکی قورسایی بە ناوی وەلی فەقیە هەیە کە ئاڵوگۆڕ ناکرێ و هەروها حیزب و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش لە نێوان حیزبەکان دا بە واتای ناسراو و جێکەوتوو بوونی نیە، بەڵام باڵەکان تا رادەیەک رۆڵی حیزب دەگێڕن. دوای بە دەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی میانەڕەوی حەسەن روحانی، دەکرێ ئوسوولگەراکان وەک ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی روحانی لەقەڵەم بدرێن، ئۆپۆزیسیۆنێک کە بە پێی توانای کارشکێنیش دەکا. ئەم جۆرە بەراورد کردنانە ئەگەر «مع الفارق»یش بن لە تێگەیشتنی دۆخی سیاسەت لە ئێران یارمەتیمان دەدەن. روون و ئاشکرایە بەشێک لە رەخنەکان و دژایەتییەکان لە جەوهەری سیاسەتی دەسەڵات-ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرچاوە دەگرن.

گوتمان کە پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکان بە پرسی ناوەکیشەوە، لە لایەن رێبەرییەوە بڕیاریان لە سەر دەدرێ، ئەڵبەتە رێبەریش لە بۆشایی دا بڕیار نادا و دەزگایەکی گرینگی وەک شورای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی کە نیوە یان زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی لە سەرۆک کۆمار و ئەندامانی کابینەی دەوڵەت پێک دێن، لەم مەسەلەیەدا دەخیلن و خاوەن کاریگەرین.

دەوڵەتی حەسەن روحانی وەک لایەنی جێبەجێکاریش کە ئەم ئەرکە قورسەی لە سەر شانە، لە چۆنییەتی بەرەوپێش بردنی دانوستانەکان دا رۆڵی هەیە. روحانی کاتێک دەتوانێ کە لە بەرەوپێش بردنی ئەم پرسەدا کە لە ئەولەوییەتیی بەرنامەکانی دا جێی گرتووە، سەرکەوێ کە بە هاوڕایی هەنگاو بنێ و لە تەراتێنی خۆ ببویرێ.

لە ژمارە ٦٢٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتوبەری ٢٠١٣

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

---

### دوالیزمی کەلامیی سەرکۆمار

١- ڕۆژی شەممە ٨ی خەرمانان ڕوحانی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان، کە خامنەیی فیتنەی بە هێڵی سووری سیستم داناوە و، ئامۆژگاری کردووە وەزیرەکان سنووربەندی لەگەڵ فیتنە بکەنو بە بەڵێنیەکەیان لە ڕەوتی وەرگرتنی دەنگی متمانەی مەجلیس وەفادار بن، ئێوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامۆژگارییە چ بەرنامەیەکتان هەیە؟ وێڕای پێداگری لەسەر ئەوەی کە ئامۆژگارییەکانی خامنەیی لەبەر چاو دەگرینو بە تەواوی پراکتیزەی دەکەین، گوتی: پێوانەی ئێمە یاسایە، ئەگەر کەسانێک بە پێی یاساو لە دادگا مەحکووم کرابن و لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش کرابن، ئەوە لە هیچ بەرپرسایەتییەکدا کەڵکیان لێوەرناگرین، لە غەیری ئەوەدا لە سەر بنەمای وەهمو بێ حوکمی دادگا، کەس وەلا نانێین. ئەم وەڵامە بە دوو شێوەی جیاواز لێکدرایەوە، لە لایەک بەرەی دەوڵەت بە پۆزەتیڤی زانیو پێشوازی لێکرد، لە لایەکی دیکە ئوسوولگرا توندڕەو و نەریتییەکان بە ئالاهەڵگریی ڕۆژنامەی کەیهان و ڕسالەت١، ئەم قسەیان بردە ژێر پرسیارو ئەوەیان هێنایە ئارا کە ئەگەر تاوان ئاشکرا بێ، پێویستی بە بڕیاری دادگا نییە، تەنیا ئەو تاوانانەی ڕوون و ئاشکرا نین، دەبێ دادگا لێی بکۆڵێتەوەو حوکمیان لەسەر بدا. قسەکەیان ئەوەیە کە »فیتنەگێڕان« تاوانەکەیان ئاشکرایە، ئەوان ویستوویانە سیستم بڕووخێنن، تابوری پێنجەمی ئەمریکاو ئیسرائیل بوونو بێ ڕێزیان بە ڕۆژی عاشورا کردووە و...، کە واتە پێویستییان بە بڕیاری دادگا نییەو دەبێ بێ حوکمی دادگا بۆ هیچ بەرپرسایەتییەک کەڵکیان لێوەرنەگیرێ. ئەوان بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەیان نموونە لە هەڵوێستو کرداری خومەینی دێننەوە؛ محەممەد حەسەن ڕەحیمیان لە ژمارەی سێ شەممەی ١١ی خەرمانانی ڕۆژنامەی کەیهاندا دەڵێ: خومەینی بە بێ حوکمی دادگا هەر چەشنە دانی بەرپرسایەتییەکی بە «نهضت آزادی» لێبڕوانە قەدەغە کرد و «بەرەی میللی»شی بە هەڵگەڕاوە لە دین ڕاگەیاند.

لە وەڵامی ئەم قسانە دا نعمەت ئەحمەدی یاساناس و پارێزەر لە میانەی وتارێک دا کە لە ڕۆژنامەی «شرق»ی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان دا لە ژێر سەردێڕی «سەفسەتەی تاوانی ئاشکرا» بڵاوبۆتەوە، دەڵێ: کەسێک تاوانبارە کە حوکمی نیهایی لە لایەن دادگاوە بۆ دەرچووبێو ئەمەش دوای ئەوەی هەموو قۆناغە یاساییەکانی لە لایەن دادگاوە تێپەڕ

کردبێ، تازە ئەگەر تێپەڕینی زەمان نەیگرێتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک مەحکوومیش کرابێ بەڵام بەدوای نەکەوتبن یان بۆیان دەستبەسەر نەکرابێ، داوی ماوەیەک کە یاسا دیاری کردووە، ئەوە تێپەڕینی زەمان دەیگرێتەوە و ئەو حوکمە ئیتر جێبەجێ ناکرێ. لە درێژەی وتارەکەیدا نعمەت ئەحمەدی دەڵێ: چەمکی تاوانی ئاشکرا پێوەندی بە ئەرکی پۆلیسەوە هەیە، پۆلیس جێبەجێکاری دەسەڵاتی قەزاییە، بە پێی فەرمانی نووسراوی بەرپرسی قەزایی دەجووڵێتەوەو بۆخۆی بڕیار نادا تەنیا بابەتەکە دەنێرێتەوە بۆ دەسەڵاتی قەزایی. لە حاڵەتێکدا کە تاوان ئاشکرا بێ، بۆ نموونە دوو نەفەر لە شەقام بەشەڕ بێن، بە بێ فەرمانی نووسراو دەتوانی دەستبەسەریان بکا و بیانگرێ... کە واتە ئەوەی ڕەوتی ڕاستیی (بەتایبەت) توندڕەو دەیلێ لە سەفسەتەیەک زیاتر نییە.

بە پێی زۆر نیشانە، بە تایبەت قسەکانی خامنەیی لە دیداری ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەرمانان لەگەڵ کابینەی دەوڵەت دا، کە بە شێوەیەکی ئاماژەکیی ڕەخنەی لە «انتصابات»ی وەزارەتی علوم گرت، دەردەکەوێ کە بۆچوونی ئەسوولگەراکان لە بۆچوونی خامنەیی نزیکتر بێ.

٢- ڕووحانی لە «کۆبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی مزگەوت» دا لە مەر ئەو باسانەی سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی نەسلی سێیەمی تەلەفون، لە ئێران دا لە ئارا دان، دەڵێ: لە دنیای ئەمڕۆدا بە بێ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت، ناتوانرێ خوێندکاریش بکرێ، چ بگا بەوەی کە زانا و بیرمەند پەروەردە بکەین. مەگەر دەتوانرێ ئامرازە نوێیەکان لە دنیای ئەمڕۆدا وەلا بنرێن. ئەگەر ئەمڕۆش لە خزمەتگوزارییەکانی نەسلە پێشکەوتوەکانی تەلەفون کەڵک وەرنەگرین، سبەی هەر ناچار دەبین بەکاریان بێنین. ناتوانین دەرگاکانمان بەڕووی دنیادا داخەین...

دیارە لەم پرسە و هەندێک پرسی دیکەش دا کە ڕووحانی هێناونیە ئارا، بە پێی بیرکردنەوەو بەدگومانی خامنەیی بە نیسبەت پێداویستییو تێکنۆلۆژی مۆدێرن، مەودایەک لە نێوان بیرو بۆچوونەکانی ڕووحانیو خامنەییدا دەبینرێ.

**پرسیار ئەوەیە لە ململانێی ئەم بۆچوونانەدا، کامەیان ڕەنگی پراکتیک بە خۆیەوە دەگرێ؟**

**ئەلف:** خامنەیی ئازادیی کردەیی سەرکۆمار تا ڕادەیەک دەپەژرێنێ، بەڵام هەروەک نیشانی داوە سەرکۆمارێک کە زۆر سەربەخۆ بجووڵێتەوە، تەحەممولی ناکاو بە دەسەڵاتو ئامرازانەی لە بەردەستی دان، ڕێگەی لێدەگرێ.

**ب:** لە ئێراندا زۆر شۆرای بەرز هەن(شۆرای بەرزی مەجازی، شۆرای بەرزی فەرهەنگی، شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەییو ...)، کە لە سەرووی دەوڵەتدا جێ دەگرنو دەست و پێوەندەکانی خامنەیی تێیاندا باڵا دەستن، لە پرسە پێوەندیدارەکاندا ژێدەری بڕیارنو بڕیارەکانیان لە لایەن دەوڵەتیشەوە جێبەجێ دەکرێن.

**ج**: رووحانی کە ئەو شتانەی سەرەوە دەڵێ، لە هەمان کاتدا پێداگریش دەکا کە قسەو ئامۆژگاری خامنەیی لە سەر چاو دادەنێین و بە تەواوی پراکتیزەی دەکەین، یان دەڵێ قسەی خامنەیی یەکلاکەرەوەیە و، وەک قسەی پێغەمبەر چاوی لێدەکەین. واتە هەم جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ خامنەیی لە هەندێک بواردا دەخاتەروو، هەمیش دەڵێ قسەی خامنەیی بۆ ئێمە حوججەتە.

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، لەو بوارانەی کە گرینگو هەستیارن، ئەوە قسەی خامنەیی‌یە کە ڕەنگی کردەیی بە خۆی دەگرێو بۆچوونی جیاوازیی ڕووحانی ئاستی قسە تێناپەڕێنێ. وەک دەردەکەوێ ڕووحانی لە دوالیزمێک کەڵک وەردەگرێ، لە ڕاستیدا ڕووحانی لە لایەک هەندێک جار بە توندیش نیشان دەدا کە جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ وەلی فەقیە هەیە، لە لایەکی دیکەش دەڵێ کە خامنەیی شتێکی گوت، ئیتر دەبڕێتەوە. ڕووحانی بەم پێداگرییەی کە لە سەر یەکلاکەرەوە بوونی قسەی خامنەیی دەیکا، جیاوازیی بۆچوونەکانی لە گەڵ وی کاڵ دەکاتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە ڕووحانی کاتێک دەتوانێ(لە پرۆژەیەک یان پرۆژەکانیدا) سەرکەوتوو بێ کە لانی کەم خامنەیی لە دژی نەبێ.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێیین کە لەوانەیە حەق بە سەروتار نووسی ڕۆژنامەی کەیهان، محەممەد ئیمانی بێ٢، کە دەڵێ: ئەگەر ڕووحانی پێی وایە قسەی خامنەیی وەک قسەی پێغەمبەرەو دەبێ پێڕەوی لێبکرێ، پێویستیی ئەم قسەیە ئەوەیە کە خامنەیی دەڵێ نەرمی نواندن لە هەمبەر ئەمریکا بێفایدەیەو ئەمریکا جێی متمانە نییە؛ کە خامنەیی لە بەشی فەرهەنگیدا نیگەرانە؛ کە خامنەیی دەڵێ دەبێ لەگەڵ فیتنە سنووربەندی بکرێ؛ دەبێ ڕووحانی ئەم قسانە بە تەواوی لەبەرچاو بگرێو پێش ئەوەی کە مەجلیس بێتە نێو پرسەکە، دەبێ روحانی گوێی وەزیرەکانی بگرێ و پێیان بڵێ کە نابێ لە کەسانی سەر بە فیتنە کەڵک وەربگری، دەبێ وەزارەتی ئیرشاد پێش بە بەڕەلایی لە سینما و چاپ و هونەر دا بگرێ... بە واتەیەک دەڵێ ڕووحانی هەم لە نال دەدا هەم لەبزمار.

**پەراوێز**

١) سەروتاری کەیهان، ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خەرمانان لە ژێر ناوی: به قول شما کدام دولت، هەروەها سەروتاری ڕسالەت، ڕۆژی دووشەممە ١٠ خەرمانان لە ژێر ناوی: خط قرمز فتنه

٢) سەروتاری کەیهان، ڕۆژی سێ شەممە ١١ی خەرمانان لە ژێر ناوی: الزامات سخن درست رئیس جمهور

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## بەرەی دژی داعش و دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستم

بەشداری پێ نەکردنی ئێران لە بەرەی دژی داعش دا، دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە و، رووبەرێکی زۆری لە رۆژنامە و سایتەکانی ئێران لەم هەفتەیەدا( لە شەممە ٢٢ خەرمانانەوە تا پێنج شەممە ٢٧ خەرمانان) بۆ تەرخان کرا.

دووپات کردنەوەی ژێنێڤی ٢، خەونی پێنج شەممەی ئۆباما، رانتخۆریی ئەمریکا لە تیرۆریزم و، بەرەی شانۆیی پاریس، بەشێک لە سەردێڕی سەروتار و وتار و لێدوانەکانی رۆژنامەکانی ئەم هەفتەیەی ئێران بوون سەبارەت بە بەرەی دژی داعش بە رێبەریی ئەمریکا.

گریمانەی ئەم وتارە ئەوەیە کە ریفۆرمخواز و بناژۆخواز بە هاوبەشی و وەک یەک لە هەمبەر دەرهاویشتنی ئێران لە بەرەی دژی داعش دا، کاردانەوەیان نیشان دا و جیاوازییەکی زۆر کەم نەبێ، لە لێدوان و هەڵوێستیان بەرامبەر بەو پرسە دا بەدی نەکرا.لەم پێناوە دا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە سەروتاری رۆژنامەکانی ئێران سەبارەت بەم پرسە دەکەین و دواتر لە چەند خاڵ دا ئاکامی لێ وەردەگرین.

- محەممەد جەعفەر قەناد باشی لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی خوراسان دا ئاوا باس لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە لە دژی داعش دەکا: ئەم بەرەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی لاوازیی ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەی دا و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەی ئەمریکا و، بەرگرتن لە دەرکەوتنی هێزی "بەرەی خۆراگریی" لە سەرکوتی داعش دا پێکهات (ئەگەر ئەمریکا دەستێوەردانی نەکردبا، بەرەی خۆراگریی ئیسلامی داعشی لە ناو دەبرد).

- سەید حوسێن مووسەوی لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی شەرق دا ئەم پرسیارە دێنێتە ئارا، کە ئایا ئامانجی ئەمریکا لە ئەگەری هاتنە ناوەوەی هێزەکانی بەرەی دژی داعش بۆ نێو خاکی سووریە، لاواز کردن و دواجار رووخانی رێژیمی سووریە نییە؟

- نوسرەتوڵڵا تاجیک لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی ئیعتماد دا دەڵێ: ئامانجی وڵاتانی عەرەبی سوونننە لە بەشداری کردن لە شەڕی دژی داعش لە سووریە دا رووخانی رێژیمی سووریەیە. ئەمریکا دەبێ ئەمە بزانێ و نابێ وەک کەو

سەری لە بن بەفر نێ.

- حەسەن هانی زدە لە گۆشەی یادداشتی ڕۆژی شەممەی ڕۆژنامەی شەرق دا دەڵێ: ئەو بەرەیە سیناریۆیەکە بۆ پیادە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و دابەش کردنی عێراق بۆ سێ بەش کە بە بەشێک لە پرۆژەی جۆبایدێن دەژمێردرێ.

- ڕۆژنامەی کەیهان لە سەروتاری ڕۆژی شەممەی دا لە ژێر سەردێڕی " خەونی پێنج شەممەی ئۆباما" دەڵێ: ئۆباما لە بەرەبەری شکستێکی گەورەی هەڵبژاردن دایە و دەیەوێ بەم بەرەیە پێش بەم کارە بگرێ... کە ئەمە لە خەونێک زیاتر نییە و ئەمریکا ناتوانێ بە هێرشی ئاسمانی زیانێکی ئەوتۆ بە داعش بگەیەنێ.

- لە یادداشتی ڕۆژی دووشەممەی ڕۆژنامەی حەمایەت دا هاتووە: واشیگتۆن بە پێکهێنانی ئەم بەرەیە بە دوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستانەی دایە کە لە ناوچەکە هەیبووە. درووست کردنی ئەم بەرە فۆرمالیتەیە بۆ بەدەست هێنانی ڕەواییە، لە پێناو گەیشتی ئەمریکا بە ئامانجەکانی. هەر لەم یادداشتە دا هاتووە کە ئەمریکا ڕوانینێکی دوالیستی بە نیسبەت گرووپە تیرۆریستییەکان هەیە و، تەنیا شەڕ لە دژی ئەو گرووپانە دەکا کە بەرژەوەندیی ئەمریکا دەخەنە مەترسییەوە؛ ئەگەر داعش لەوە بەهێزتر بێ، بەرژەوەندیی ڕۆئاوا دەخاتە مەترسییەوە. داعش لە ڕادەیەک دا کارتێکی زەختە بۆ سەر عێراق و دەوڵەتانی دیکە.

سەعدووڵلا زارعی لە سەروتاری ڕۆژی چوارشەممەی کەیهان دا دەڵێ: دەیانەوێ هێرشی نیزامی لە عێراقەوە دەست پێ بکەن و بۆ سووریە پەرە پێ بدەن. ئەگەر سەرکەوتوو بوون بۆ لایەنەکانی دیکەی بەرەی خۆراگریی بیگوازنەوە (١).

## ئاکامگیری:

١- وەک دەردەکەوێ هەر دوو باڵەکە نیگەرانن لەوەی کە ئەو بەرەیە ئامانجی دیکەشی لە پشت بێ و بە تایبەت ئامانجی لێدان و ڕووخانی ڕێژیمی سووریەشی بە دواوە بێ.

٢- ئەم بەرەیە وەک هەوڵێک بۆ گەڕانەوە یان بەهێز کردنی هێژمووونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە قەڵەم دەدەن، بۆیە دژایەتی دەکەن.

٣- بەشداری پێ نەکردنی ئێران بە هەوڵێک بۆ بەرگرتن لە چوونەسەری پرێستیژی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی

ئێران دەزانن.

٤- بەشداری(فەرمی)ی ئێران لەو بەرەیە دا بۆهەر دوو لا دەرەنجامی نەخوازراوی بەدواوە دەبێ: ئێران ئەمریکا بە دوژمنی خۆی دەزانێ و ئەمە بۆتە بەشێک لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی، بۆیە نایەوێ (بە فەرمی) لە گەڵ ئەمریکا لە بەرەیەک دا بێ. لە لایەکی دیکەش بەشداری پێکردنی ئێران لە بەرەی دژی تیرۆر دا تا رادەیەک گوتەی ئەمریکا سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ئێران لە تیرۆریزم بەتاڵ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەمەش دا دەبێ دژایەتیی وڵاتانی عەرەبی سووننە و لۆبی جولەکە بۆ بەشداریی ئێران لە وەها بەرەیەک دا لەبەرچاوبگیرێ.

٥- وەک دەگوترێ ئێران و ئەمریکا لە پرسی داعش دا راگۆڕینەوەیان هەبووە و، (لەوانەیە) لە داهاتووش دا هەیانبێ. ئەم دوو وڵاتە لە رابردوودا لە پرسی ئەفغانستان و عێراق دا هاوکاری کردەیی و مەیدانییان هەبووە، پێدەچێ ئەم جارەش لە رووبەرووبوونەوەی داعش دا( کە تا رادەیەک دووژمنی هاوبەشە) هاوکاری کردەیی و مەیدانیی رانەگەیەنراویان هەبووبێ و لە داهاتووش دا هەیانبێ.

٦- ئەوەی کە ریفۆرمخواز و ئوسوولگەرا وەک یەک لە بەرامبەر دەعوەت نەکرانی ئێران بۆ کۆبوونەوەی پاریس و بەشداری پێ نەکردنی لە بەرەی دژی داعش دا دژکردەوە نیشان دەدەن و خاوەن یەک هەڵوێستن، هەڵگری ئاماژەگەلێکە کە پێویستە لە خوێندنەوەی دۆخی سیاسیی ئێران دا رەچاو بکرێن.

**پەراوێز:**

١- هێنانی ئەم بابەتانە لە سەروتاری رۆژنامەکانی ئێران بە زۆری "گواستنەوەی بە نێوەرۆک"(نقل بە مضمون)ە، تا گواستنەوەی وەک خۆی و بە دەق.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## مودیرییەتی ناکارامە و قەیرانی ئاو لە ئێران دا

ڕۆژی شەممە ٢٩ی خەرمانان جێگری یەکەمی سەرکۆمار، ئیسحاق جەهانگیری، وێڕای وەفدێک سەرادنی بەنداوەکانی لار و لێتیانی تارانی کرد و ئەمەش جارێکی دیکە و تەنانەت زیاتر لە جاران، باسی کێشەی کەم ئاوی لە ئێران دا هێنایەوە ئارا و ئەم پرسەی کردە بابەتی وتار و لێدوانی جۆراوجۆر.

"پیاوانی دەوڵەت لە قەراغی ویشکساڵی تاران"، " بڕوا بکەن تاران ئاوی نییە"، "چەند ڕۆژی دیکە تاران ئاوی هەیە؟"، "هوشداری بەرپرسانی پایەبەرزی دەوڵەت سەبارەت بە کێشەی کەم ئاوی و ئەوەی کە ئاو تەواو دەبێ"، "خەڵک باوەڕ بە کەمیی ئاو بکەن"، بەشێک لە لیدی ڕۆژنامەکانی تارانە دوای ئەو سەردانە.

کێشەی کەمیی ئاو تەنیا تایبەت بە تاران و شارە گەورەکان نییە، بەڵکوو ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی گشگیر هەموو ئێران کەم و زۆر دەگرێتەوە.

هەرچەند کێشەی کەمیی ئاو تایبەت بە ئێران یان ناوچەیەکی دیاریکراو لە جیهان دا نییە، بەڵام لە ئێران دا بەم هۆیانەی ئاماژەیان پێ دەکرێ، کێشەی کەم ئاوی بۆتە قەیران و دەتوانێ لە داهاتوو دا ببێتە سەرچاوەی زۆر کێشە و ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوخۆیی ئێران.

نێونجی باران بارینی ساڵانە لە جیهان دا دەورووبەری ٨٠٠ میلی میترە، لە حاڵێک دا ئەم ڕێژەیە بۆ ئێران ٢٥١ میلی میترە، بەم پێیە ئێران وڵاتێکی ویشکە و، ئەمەش دەخوازێ کە لە پلان دارێژی گەشەی ئێران و، کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو، ئەم دۆخە تایبەتە ڕەچاو بکرێ.

١- سەرەڕای ئەوە کە ڕێژەی باران بارین لە ئێران دا بە نیسبەت نێونجی جیهانی، زۆر کەمترە. بەڵام خەڵکی ئێران دوو هێندەی ڕۆژئاواییەکان ئاو بە کار دێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەرهەنگیی بەکارهێنانی خەڵکی ئێران لە ئاستێکی بەرز دا نییە و هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەنگاوێکی ئەوتۆی لە پێناو فەرهەنگسازی و چاکسازیی فەرهەنگی لەم بوارەدا هەڵنەهێناوەتەوە.

٢- کشت وکاڵ لە ئێران دا بە زۆری کشت وکاڵێکی سوننەتییە و وەرزێران بێ لەبەرچاو گرتنی رادەی ئاوی ناوچەکانیان، جۆری بەرهەمی کشت و کاڵی هەڵدەبژێرن. لە لایەکی دیکەش زیاتر لە سیستمی ئادێری سوننەتی بۆ کشت وکاڵ کەڵک وەردەگرن، کە لەم سیستمەدا لە چاو سیستمی ئاودێری مۆدێرن، ئاوێکی زیاتر بەکار دەهێنرێ. گرینگیی ئەم خاڵە لەوە دایە کە دەگوترێ ٩٠ لە سەدی ئاوی ئێران بۆ کشت وکاڵ بە کار دەهێنرێ.

٣- بە هۆی نەزانکاریی و کەمتەرخەمیی بە نیسبەت بواری ژینگە، دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێران دا دەبێ خەونی خودکەفایی لە بواری کشتو کاڵ و بەرهەمەکانی دا، وەلا بنێ و نە تەنیا لە بواری بەرهەمەکانی کشتوکاڵ پشت بە هاوردەی دەرەوە ببەستێ، بەڵکوو وەک باس دەکرێ، دەبێ بیر لە هاوردە کردنی ئاویش بکاتەوە. بە قسەی شارەزایان و کارناسانی ئەم بوارە، بۆ کۆنترۆل کردنی قەیرانی کەمیی ئاو، باشترە کە کشت وکاڵی بەشێک لە پارێزگاکانی ئێران رابگیرێ.

٤- زۆرێک لەو کارگە و پیشەسازییانەی کە پێویستیان بە ئاوی زۆر هەیە لەو پارێزگایانە هەڵکەوتوون کە لەگەڵ کێشەی کەم ئاوی جیددی بەرەوروون؛ کە بە قسەی شارەزایان دەبێ ئەم کارگە و کارخانانە بۆ لێواری چۆم و دەریاکان بگوازرێنەوە. لێرەشدا کۆماری ئیسلامی و تەنانەت رێژیمی پەهلەویش، بێ لەبەرچاو گرتنی دۆخی تۆپۆگرافی و ئاو وهەوایی ئێران و، لە بەر نەبوونی بیرێکی ستراتیژیک و درێژماوە، ئەو کارگە و کارخانانەیان لەو ناوچانە دامەزراندووە کە هەر لە سەرەتاوە لە رووی سەرچاوەکانی ئاوەوە دۆخێکی باشیان نەبووە.

٥- بە هۆی نەبوونی یاسا و رێسایەکی پێویست و، بە هۆی نەبوونی کۆنترۆڵ بۆ بەرتەسک کردنەوەی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی، لە ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا، خەڵک بە شێوەیەکی بەربلاو و نائاسایی چاڵاو و بیری قووڵیان لێداوە، کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی قەرەبوو نەکراو دابەزاندووە؛ ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لە سەر گۆڕانی ژینگە و کەش وهەوا داناوە. ئەگەر بێتوو پێش بەم رەوتە نەگیرێ لە داهاتوو دا رێژەی باران بارین کەمتریش دەبێتەوە و ئێران لە گەڵ تراژیدیەکی ژینگەیی بەرەوروو دەبێ.

د.محەممەد تەبیبیان لە وتارێک دا کە لەرۆژنامەی "تعادل" ی رۆژی دووشەممە ٣١ ی خەرمانان بڵاو بۆتەوە دەڵێ: ئاوی تەواوی چۆمەکانی ئێران مەهار کراوە و بە کار دەهێنرێ. سەرچاوە ژێر زەوییەکانی ئاو بە شێوەیەکی نابەرپرسانە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. تا رادەیەک پاشکەوتی ئاوی فوسیلیش، کە لە ماوەی میلیۆنان ساڵ دا کۆدەبێتەوە و بە کردەوە قەرەبوو نەکراوە، بە هەڵقەندنی بیری قووڵ کەڵکی لێوەرگیراوە. بڕیار وپەسەند کراوەکان لە مەڕ کۆنترۆڵ کردن و بەرتەسک کردنەوەی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە ژێرزەوییەکانی ئاو، پراکتیزە نەکراون. چۆمەکان و سەرچاوەکانی ئاوی شیرینیش بە هۆی سیستمی کۆنی فازلاوی ئێران، لە پیس بوون نەپارێزراون.

لە ئەنجامی ویشکساڵی ساڵانی رابردوو و بە تایبەت مودیرییەتی هەڵەی سیستمی زاڵ، زۆر دەشتی ئێران ویشک بوون. لە راستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ لەگەڵی بەرەورووین، لە مودیرییەتی هەڵەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە قۆناغە جیاوازەکان دا سەرچاوە دەگرێ.

وای لێهاتووە کە رەزا مەکنوون راوێژکاری وەزیری وزەی ئێران دەڵێ: بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەڵێنجانەی لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا لە سەرچاوەکانی ئاو کراوە، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ نە تەنیا نابێ لە سەرچاوە ژێر زەوییەکانی ئاو کەڵک وەرگیرێ، بەڵکوو هەرساڵەی دەبێ بڕێکی بەرچاویش ئاو پاشکەوت بکرێ و بۆ سەرچاوەکانی ئاو بگەڕێتەوە. کە بە سەرنج دان بە رەوتی هەنووکەیی بەکار هێنانی ئاو لە ئێران دا، ئەم مەسەلەیە مومکین نییە.

ئەو قسەیەی ئیسحاق جەهانگیری کە: "ئەگەر کێشەی کەمیی ئاو بە بودجە چارەسەر کرابا، بودجەمان بۆ تەرخان دەکرد، بەڵام کێشەی سەرەکی، کەمیی سەرچاوەکانی ئاوە"، قەیارنی جیددی کەمیی ئاومان بۆ دەردەخا.

لە ساڵانی رابردوو دا هەندێک باس و گیرو گرفت سەبارەت بە کەڵک وەرگرتنی ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەرچاوەکانی ئاو هاتۆتە ئارا. ئەم مەسەلانە کە هەنووکە لە قۆناغی سەرەتایی دان، دەتوانن لە داهاتوودا سەرچاوەی زۆر کێشە و گیرو گرفتی سیاسیی نێوخۆیی بن. وەک شارەزایان باسی دەکەن قەیرانی کەمیی ئاو لە پاڵ قەیرانی بێکاری، دەتوانن سەرچاوەی کێشەی ئەمنییەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بن.

وەک شارەزایان دەڵێن قەیرانی کەمیی ئاو چارەسەر ناکرێ، بەڵکوو تەنیا بە مودیرییەتێکی دروست، کە هەتا ئێستا بوونی نەبووە، کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەگەر ئەم قەیرانە کۆنترۆڵ نەکرێ دەبێ لە داهاتوودا چاوەڕێی زۆر بوونی هەژاری و برسییێتی، تێکچوونی ئێکۆ سیستم، زۆر بوونی بیابانەکان، گۆڕێنی ئاو وهەوا و کەم بوونەوەی زیاتری باران و خۆڵ بارین و زۆر کێشە و گرفتی دیکە بین.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێیین کە هەرچەند لە سەدا ٧١ی گۆی زەوی ئاوە، بەڵام ئاوی خواردنەوە و شیرین لە دەگمەنترین سەرچاوەکانە و، ئەگەر بە شێوەیەکی باش مودیرییەت نەکرێ، دەتوانێ لە داهاتوودا سەرچاوەی زۆر جەنگی گەورە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## دانووستانە ناوەکییەکانی نیۆیۆرک

لە ٢٧ی خەرمانانەوە دانووستانەکان دەستیان پێکردو ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند. ئاکامی ئەو دانووستانانە دەری‌خست کە دوو لایەن هێشتا لەسەر مەسەلە گرینگو چارەنووسسازەکان، کە پێویستیان بە بڕیاری سیاسیی پێتەختەکانە، جیاوازیی ڕوانینیان هەیە. بە کورتی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێککەوتنی کۆتایی، بریتین لە:

١- جیاوازیی ڕوانینی دوو لایەن بە نیسبەی ڕادەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ژمارەی سانتیریفیوژەکان، پرۆسەی لاچوونی گەمارۆکانی سەر ئێران و، ماوەی زەمەنی ڕێککەوتنی کۆتایی.

٢- ڕۆڵی لۆبی جولەکەو وڵاتانی عەرەبیو، هەروەها هەموو ئەو دەڵاڵانەی کە چارەسەر بوونی کێشەی ناوەکی لە قازانجی خۆیان نابینن. هەندێک شرۆڤەکار پێیان وایە کە بە پێچەوانەی ئیدیعای ڕواڵەتی، ڕووسیەش پێی خۆش نییەو لە قازانجی‌دا نییە کە ئەو پەروەندەیە کۆتایی پێ بێ.

٣- زەختی نێوخۆیی ئەو ڕەوتو لایەنانەی کە چارەسەری پرسی ناوەکی لە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان دا نابینن. بە ڕای من ئەم فاکتەرە بە سەرنجدان بەو کۆدەنگییە ڕێژەییەی کە(لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا) پێکهاتووە، ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک کەمتر دەبینێ.

٤- ئاستەنگێکی دیکە کە هەنووکە (تا ڕادەیەک) ڕاگیراوە، گرێدانی پرسی ناوەکییە بە پرسەکانی مافی مرۆڤ، پشتیوانیی ئێران لە گرووپە تیرۆریستییەکانو هێزی مووشەکیی ئێران. هەرچەند ئەم پرسانە لە ئێن پی تی دا نین، بەڵام لە بڕیارنامەکانی کۆنسەی تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا ئاماژەی پێکراوەو پەسەندکراوێکی کۆنگرەی ئەمریکاش ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بەو پرسانەوە گرێدەدا. هەروەها ئەم فاکتەرانەی خوارەوەش ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان لە سەر دانووستانەکانی نیۆیۆرک هەبوو:

**ئەلف**) هەستان و دانیشتنی زۆری ئێران لەگەڵ ڕووسیە(دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئۆکراین) و ئەوەی کە ئێران لە هەڵوێستی ڕووسیە نزیکترە. ڕوحانیش نەیتوانی کارێک بۆ ڕەواندنەوەی ئەم لێتێگەیشتنە بکا.

ب) وەڵام نەدانەوەی ئێران بە دوو پرسیاری ئاژانسی نێونەتەویی وزەی ناوەکی ج)دژایەتی لەگەڵ بەشداریی ئێران لە کۆبوونەوەی پاریس و بەرەی دژی داعش دا.

بە هۆی ئەو جیاوازیی ڕوانین و فاکتەرانەی ئاماژەیان پێکرا، کۆمەڵێک شرۆڤەکارو کارناس، پێیان وایە ئەگەر دانووستانەکان بەم ڕەوتە بەردەوام بن، ئەگەری زۆرە کە لە ماوەی دیاریکراو دا ڕێککەوتنی کۆتایی، نەکرێ.

لە داوی وییەنی ٦، خۆشبینییەکان بە نیسبەت بەسەرەنجام گەیشتنی پەروەندەی ناوەکیی ئێران کەمتر بوون. بۆیە هەر لە ئێستاوە باس لە گەلاڵەی جێگرەوە(لە لایەن هەندێک کارناسەوە) دەکرێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر هەتا ٣ی سەرماوەز ڕێککەوتنی کۆتایی، نەکرا، لایەنەکان بۆ خاڵی سیفر نەگەڕێنەوە.

ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی دیاریکراودا ڕێکنەکەون، درێژەی دانووستانەکان دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەی ئەمریکا؛ ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا دێموکراتەکان زۆرینەی ئێستایان لە مەجلیسی سنا دا لە دەست بدەن، ئەوە بە نۆبەی خۆی پرۆسەی دانووستانەکان پێچەڵپێچ و دژوارتر دەکا.

ڕۆژنامەی «جەوان» کە سەر بە سپای پاسدارانە لە چاپی سێشەممە، ٨ی ڕەزبەر دا لە میانەی ڕاپۆرتێکدا دەڵێ کە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو ڕێککەوتنانەی لە دانووستانەکانی نیۆیۆرک دا کراون، زیاتر لەو شتانە بێ کە ڕاگەیەندرا. ئەو ئەگەرەش پشت ئەستوور دەکا بەم فاکتانەی خوارەوە:

١- ئەو قسەیەی وەزیری دەرەوەی ڕووسیە کە لە سەدا ٩٥ی مەتنی ڕێککەوتننامەکە تەواو بووە. ب)وەزیری دەرەوەی ئاڵمان دەڵێ کە هەتا ئێستا بەو ڕادەیە لە ڕێککەوتن نزیک نەبووینەوە. ج)بەرپرسێکی ئەمریکایی دەڵێ کە ڕێککەوتنی ناوەکی ڕێگە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان تارانو واشینگتۆن خۆش دەکا. هەر ئەو بەرپرسە دەڵێ لە ئەگەری ڕێککەوتن دا گەمارۆکان سەرەتا ڕادەگیرێن و وداتر هەڵدەوەشێندرێنەوە. د)کۆردیناتۆری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە کۆشکی سپی دەڵێ کە دانووستانەکانی نیۆیۆرک بە پێشکەوتن گەلێک گەیشتووە.(گواستنەوە لە ڕۆژنامەی جەوان، تەواو)

ئەگەر لە دانووستانەکانی نیۆیۆرک دا ڕێژەی ڕێککەوتن لە سەر دەقی ڕێککەوتنامەکە، لە سەدا ٧٠ وە بۆ لە سەدا ٩٥ زیادی کردبێ، ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە لەو دانووستانانەش پێشکەوتن هاتۆتە ئارا. لەسەر ئەو بنەمایە حوسین مووسەویان گەورە دانووستانکاری پێشووی ناوەکیی ئێران دەڵێ: شانسی گەیشتن بە ڕێککەوتن جیدییە، ئەگەر هەتا دوو مانگی دیکەش ڕێککەوتن نەکرێ، دانووستانەکان درێژەیان دەبێ و لایەنەکان لە بەریەککەوتن خۆ دەبوێرن.

هاشمی ڕەفسەنجانی کە بۆچوونەکانی جێی تێڕامانە دەڵێ: کۆی ڕووداو و هەڵوێستی لایەنەکان، نیشان دەدا کە لایەنەکان نایانهەوێ بۆ هەلومەرجی پێشوو بگەڕێنەوە. با بە بۆچوونەکانی دوو کەسی دوایی، ئەوەش زیاد بکەین کە گەشبینان بە ئەنجامی ڕێککەوتن لە ماوەی دیاریکراودا، دەڵێن کە ئەمریکا بۆ کارامە نیشان دانی سیاسەتی دەرەوەی لە بەرەبەری هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەدا، پێویستی بە ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران هەیە. بە تایبەت کە ئێران ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەیە و لە ئەگەری ڕێککەوتن دا، لەوانەیە لە هاوکارییەکانی بەهرەمەند بن!

ڕێکەوتی خولێکی دیکەی دانووستانە ناوەکییەکان لە ماوەی دوو حەوتووی داهاتوودا، دیاری دەکرێ. با بزانین گرێکوێرەکانی پەروەندەی ناوەکیی ئێران (لە خولی داهاتوودا) بەرەو کرانەوە دەچن یان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە. دیارە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو خاڵە گرینگانەی کە وەک شاکلیلی ڕێککەوتننامەکەن و، تا ئێستا ڕێککەوتنیان لەسەر نەکراوە، لە سەر دانووستانەکانی نیۆیۆرک بدوێین، دەبێ بڵێین کە ئەم دانووستانانە(بە پێی هەڵوێستە ڕاگەیەندراوەکان) زیاتر وێنای سەرسەختیی دوو لایەنی بە ئێمە نیشان دا.

لە ژمارە ٦٤١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## کۆبانی و ستراتیژیی دەوڵەتی تورکیە

دەوڵەتی تورکیە وەک دەوڵەتێکی زاڵ بە سەر گەورەترین پارچەی کوردستان دا، ناچار بووە کیانی کوردی لە باشوور قبووڵ بکا و، دان بە بوونی پرسی کورد لە باکوور دا بنێ و تەعامولی لەگەڵ بکا. سەرەڕای ئەوەش لە بەرژەوەندی خۆیدا نابینێ کە دەسکەوتەکانی کورد لە باشوور لەوە زیاتر پەرە بستێن و، ئەوەندەی بۆی بکرێ رێ لە دروست بوونی هەر چەشنە کیانێکی کوردی لە پارچەکانی دیکە دا دەگرێ.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە ئاوڕێک لە چۆنییەتیی هەڵسوکەوتی تورکیە لە کاتی هێرشی گرووپی تیرۆریستیی داعش، بۆ سەر باشووری کوردستان و، هەنووکەش بۆ سەر شاری کۆبانی لە خۆراوای کوردستان دەدەینەوە.

پێش هێرشی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان، بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە تورکیە وەک دۆستی کورد وێنا دەکرا و هەندێک لێدوانی سەرزارەکیی بەرپرسانی تورکیەش، زیاد لە حەد گەورە دەکرایەوە و دڵی پێ خۆش دەکرا.

ئەگەر ئەو راپۆرتانە نادیدە بگرین کە باس لە یارمەتی و هاوکاریی تورکیە بۆ گرووپە ئیسلامییەکان و یەک لەوان داعش دەکەن، کە تەنانەت ئەوانیان هان داوە پەلاماری ناوچەکانی کوردستان بدەن، بەو حاڵەشەوە بێ هەڵوێستیی دەوڵەتی تورکیە و، یارمەتی نەدانی حکومەتی هەرێم لە کاتی پەلاماردرانی لە لایەن داعشەوە، سەلمێنەری ئەوەیە کە تورکیە هێرشی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان لە راستای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەبینێ، لانی کەم تا ئەو جێگەیە کە رێ لە پەرەسەندنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشوور دەگرێ و درووشمی سەربەخۆیی باشوور لە بیر دەباتەوە و دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم سەربەخۆیی ئەم پارچەیەدا.

کۆبانی ودەورووبەری زیاتر لە سێ حەوتوویە کە لە ژێر هێرشی وەحشیانەی داعش دایە و ئەمریکا کە سەرپەرەستی بەرەی دژی داعش دەکا، نە تەنیا بە جیددی لە مۆڵگەکانی داعشی نەداوە بەڵکوو تا رادەیەکیش خەمساردییەکەی لە هەمبەر ئەو کارەساتە دا، واتادارە.

کۆبانی سنووری زەمینی لەگەڵ دوو ناوچەی خودموختاری دیکەی رۆژئاوادا نییە و تەنیا دەکرێ لە بەرەی تورکیەوە، کە سنوورێکی دوورو درێژی لە گەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، یارمەتی بکرێ. بەڵام تورکیە تەنیا هێزەکانی لە سنوور مۆڵ داوە و بە

شێوەیەک لە شێوەکان تا ئێستاش لە بەرژەوەندیی گرووپی تیرۆریستیی داعش دا دەجوڵێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوە کە تورکیە وەک پیشەی هەمیشەیی، هەڵسوکەوتێکی باشی لە گەڵ ئاوارەکانی کۆبانی و دەوروبەریشی دا نەکردووە.

تورکیە نە تەنیا هیچ یارمەتییەکی پێشکەش بە خەڵکی کۆبانی نەکردووە، بەڵکوو بە هۆی نیگەرانی لە هاوپێوەندیی کوردەکان، ڕێگە لەوەش دەگرێ لاوانی خۆبەخشی کوردی باکوور، پەیوەستی بەرگریی قارەمانانەی کۆبانی بن. بەم شێوەیە ناڕاستەخۆ یارمەتی داعش دەکا.

**تورکیە تا ئێستا چەندین جار باسی پێکهێنانی ناوچەیەکی پارێزراو لە نێو خاکی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریەی کردووە کە ئەم مەبەستانەی خوارەوەی لە پشتە:**

١- لەم ناوچە پارێزراوەدا ئاوارەکان بحەوێنەوە و، ڕێگە بگیرێ لە پەنا بردنیان بۆ تورکیە
٢- لە باربردنی دەسکەوت و یەکە خۆبەڕێوەبەرییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان
٣- لەو ناوچەیە بۆ دژایەتیی ڕێژیمی سووریە کەڵک وەربگیرێ؛ چوونکە ئامانجی تورکیە ڕووخان یان لاچوونی بەشار ئەسەدە لە سەر دەسەڵات.

لە حاڵێک دا کۆبانی لە هەلومەرجێکی دژواری مرۆیی دا ژیان بەسەر دەبا، ئەحمەد داود ئۆغڵو، سەرۆکوەزیرانی تورکیە لە وتووێژ لەگەڵ تەلەفزیۆنی "سی ئێن ئێن"دا دەڵێ" تورکیە بە مەرجێک هاوکاری کۆبانی دەکا کە هێزەکانی بەرەی دژی داعش، بە ئیستراتیژییەکی یەکگرتوو بۆ لادانی بەشار ئەسەد بگەن. وەک دەگوترێ بەرپرسانی تورکیە لە دیدار لەگەڵ ساڵح موسلیم، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتیک(پەیەدە) دا، هاوکاریی کۆبانیان بەستۆتەوە بەوە کە پە یە دە لە پێناو ئەو ئامانجەی تورکیەدا هەنگاو بنێ.

وەک دەردەکەوێ تورکیە دەیەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ و بە پێی توانای، لەم دەرفەتە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد و زیان گەیاندن بە دەسکەوتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کەڵک وەربگرێ.

تورکیە لە خەمی ئەو کارەساتە مرۆییە نییەدا کە لە کۆبانی ڕوو دەدا، بەڵکوو ئەوەی دەیکا دەچێتە چوارچێوەی ستراتیژیی سیاسی- ئەمنییەتیی درێژخایەنیەوە.

بە گوتەی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، تورکیە یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە یارمەتی داعشی داوە و لە فۆرم گرتنی ئەو گرووپە تێرۆریستییە دا دەستی هەبووە؛ ئەمە یەکێک لەو هۆیانە کە تا ئێستاش بە گومانەوە سەیری ڕویکەردی تورکیە

بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش دەکرێ.

وەک زۆر جار بە دروستی دەگوترێ هەندێک لەو دەوڵەتانەی لە بەرەی دژی داعش دا بەشدارن، هەمان ئەو دەوڵەتانەن کە هاوکاری و یارمەتییان پێشکەش بە داعش کردووە و لە بەهێز کردنی دا رۆڵێکی گەورەیان هەبووە. بۆیە بە گومانەوە سەیری روانین و هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە دەکرێ. ئەگەر چاوێک بە ناوی وڵاتانی بەشدار لە بەرەی دژی داعش دا بخشێنین، راستیی ئەم ئیدیعایەمان چاکتر بۆ دەردەکەوێ.

ئەزموونەکانی رابردوو بە ئێمە دەڵێ کە زۆر دەوڵەت تا ئەو جێگایەی کە توندڕەوی و کاری تیرۆریستی و مرۆڤکوژیی، لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان دا بێ، یارمەتی دەکەن و لانی کەم چاوی لە هەمبەر دنووقێنن؛ بەڵام هەر کات ئەو گرووپە تیرۆریستییانە ئەوەندە بەهێز بوون کە لە کۆنترۆڵ دەربچن و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دروست بکەن، رووبەڕوویان دەبنەوە.

راستە کە سەرهەڵدانی گرووپە توندئاژۆکان زەمینە و بەستێنێکی لەباریان دەوێ و ئەمەش خۆی لە زوڵم و زۆری و کۆمەڵێک کێشەی کەڵەکە بوو دا دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەندەی کە ئەزموونی داعشیش دەریخستووە تا رادەیەک ئەو گرووپانە لە لایەن دەوڵەتانەوە، بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی پشتیوانیان لێ دەکەن، کارگەردانی دەکرێن و، تەنانەت لەوەی کە پەلاماری چ ناوچەگەلێک بدەن، کاریگەرییان لە سەر دادەنێن.

چۆنییەتی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ باشوور و رۆژئاوای کوردستان، لە کاتی پەلامار درانیان لە لایەن داعشەوە، ئەو راستییە دەردەخا کە ئەو دەوڵەتە تا ئێستاش سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە قازانجی خۆیدا نابینێ و هەوڵ دەدا لە دووبارەبوونەوەی شێوە مۆدێلی باشوور، لە رۆژئاوای کوردستان، رێگری بکا و ئەوەی هەشە لە ئارادا نەمێنێ، بۆ کوردەکانی خۆیشی چەمکی مافی شارۆمەندی تێپەڕ نەکردووە.

کورد بە گشتی و، لەم نێوەدا کوردی رۆژئاوای کوردستان کە لە بەدەرم هەڕەشە و کارەساتێکی گەورەدان، پێویستە کە دۆست و دوژمنی خۆیان بناسن و لە نێوان خۆیان دا یەکییەتی دروست بکەن، چوونکە لەم حاڵەتدا هەم دەتوانن باشتر بەرگری بکەن و هەم لە بەدەست هێنانی سۆز و پشتیوانی نێودەوڵەتیش دا سەرکەوتووتر دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەی ٢٠١٤

## سیاسەتی نێوخۆ، مەیدانێک بۆ مانۆڕی توندڕەوەکان

لەم حەوتوووەدا بابەتی فەرهەنگی، کە بەشێکی گرینگ، یان جەوهەری سیاسەتی نێوخۆیە، لە باسە گەرمەکانی رۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئێران بوو.

نامەی ئیعترازیی ٤٠ بەسیجی خوێنکاری بۆ وەزیری ئیرشاد سەبارەت بە پەرەگرتنی ئەو شتەی کە ئەوان پێی دەڵێن "بێ فەرهەنگی" و "بێ شەرمی" لە کۆمەڵگادا، تاوتوێ کردنی گەڵاڵەی " هاندان بۆ کاری چاکە و بەرگرتن لە کاری خراپ" لە مەجلیس دا، کە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی وەزارەتی نێو خۆ هەیە و دەرەتانیش بۆ هەندێک کاری سەربەخۆ و نایاسایی دەرەخسێنێ، هاوکات پڕشاندنی ئەسید بە دەمو چاوی ژنانی بە قەولی خۆیان "بێ حیجاب" لە ئیسفەهان دا و هەروەها داوای کۆمیسیۆنی فەرهەنگی مەجلیس لە وەزیری ئیرشاد بۆ رێگرتن لە نمایشی ٨ فیلم، لەو رووداوانەن کە لەم حەتوووەدا لە لە ئێران دا هاتوونە ئاراوە و باسیان لێ دەکرێ.

فەرهەنگ یان کلتوور رەهەند و بواری جۆراوجۆری هەیە و وەزارەتەکانی ئیرشاد، علوم، پەروەردە و فێر کردن دەگرێتەوە و پێوەندییەکی زۆریشی بە کارکرد و ئەرکەکانی وەزارەتی نێوخۆوە هەیە.

فشاری باڵی بناژۆخواز لە بواری فەرهەنگی دا، لە سەرەتای دەست بەکاربوونی دەوڵەتی یازدەیەمەوە، دەستی پێ کرد. ئەمەش لە چۆنیەتی پێدانی دەنگی متمانەی مەجلیسی ئوسوولگەرا بە وەزیرەکانی پێوەندیدار و رێژەی پرسیار و بانگهێشت کردنی ئەو وەزیرانە بۆ مەجلیس و، رادەی ئەو رەخنانەی ئاراستەیان کراوە، خۆی دەردەخا.

لە هاوکێشەی دەسەڵات دا زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە پێوەندییان بە بواری فەرهەنگی یەوە هەیە، لە دەست لایەنی بەرامبەری دەوڵەت دان و ئەمەش رادەی دەسەڵات و توانای مانۆڕی ئەوانی زیاد کردووە. پەیامێک کە ئەوان بە دەوڵەتی دەدەن ئەوەیە کە؛ ئەگەر لە بواری سیاسەتی دەرەوە و ئابووری دا ناچارن نەرمی بنوێنن، بەڵام لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی و کاروباری فەرهەنگی دا - کە بەشێکی گرینگی سیاسەتی نێوخۆیە - ئەوەندەی بتوانن، رێگە نادەن بەرنامەکانی دەوڵەت بە کردەیی بکرێن.

سەبارەت بە هەڵوێست و کاردانەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر ئەو فشارانە دا، بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارا دایە کە لە سێ گرووپ دا ئاماژەیان پێ دەکەین و دواتر ئاکامی لێ وەردەگرین.

**یەکەم**: گرووپێک پێیان وایە کە دەوڵەت میراتگری کۆمەڵێک گیروگرفتی لە سەریەک کەڵەکەبووی دەوڵەتی پێشوویە و بۆ چارەسەر کردنی هەر کام لەو کێشانە، ئاستەنگی زۆری لە بەردەم دایە. رووحانی ناتوانێ هاوکات و بەیەکەوە، هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو کێشانە بدا و لە هەموو بەرەکان دا خۆی دەرگیر بکا. بۆیە بەرنامەکانی ئەولەوییەت بەندی کردووە و سەرەتا دەیەوێ مەسەلەی ناوەکی و قەیرانی ئابووری چارەسەر بکا، پاشان بپەرژێتە سەر بوارەکانی دیکە. ئەگەر روحانی زۆربەی توانای خۆی بۆ پرسی ناوکی و ئابووری تەرخان کردووە و بە هەموو توانایەوە هەوڵی پراکتیزە کردنی بەرنامەکانی لەو دوو بوارە دەدا. هێندێک بۆچوون پێی وایە سرووشتیە کە لە بواری سیاسەتی نێوخۆ دا نەرمی بنوێنێ و پاشەکشەش بکا. چونکە سیاسەت دان و ستانە، ئەگەر لە بەشێک دا شتێک وەردەگرێ دەبێ لە بەشێکی دیکەدا ئیمتیاز بدا. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە زۆر بواردا ئێرانی تووشی گرفت کردووە و لە ئاستی نێونەتەوەییش دا سیاسەتێکی هێرشبەرانەی گرتبوو بەر. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دەڵێن کە نەرمی نواندنی بەیەکەوە و لە هەموو بوارەکان دا، بە قازانجی مانەوەی سیستمیش نییە. دیارە ئەم گرووپە وەڵامی ئەو پرسیارەیان پێ نییە کە ئەگەر پەرەوەندەی ناوەکی ئاستەنگی تێکەوت و رێککەوتنی نیهایی نەکراو بەم پێیەش دەوڵەت لە پێڕاگەیشتن بە دۆخی قەیراناوی ئابووری ئێران دا سەرکەوتوو نەبوو، لەم حاڵەتەدا چارەنووسی بوارەکانی دیکە و لەم نێوەدا بواری فەرهەنگی چ لێ دێ؟!

**دووەم**: مستەفا تاجزادە چالاکی بەندکراوی ریفۆرمخواز، کە لەم گرووپەدا جێ دەگرێ، دەڵێ: رووحانی هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ لابردنی گەمارۆکان، بە دەربڕینێکی دیکە هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ لابردنی فەزای ئەمنییەتیی نێونەتەوەیی لە دژی ئێران، بۆ کۆتایی هێنان بە فەزای ئەمنییەتیی نێوخۆییش هەوڵی داوە. ناوبراو دەڵێ: روحانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکی بە رێککەوتنی نیهایی ناووەکی گرێ نەداوە. کەم بوونەوەی رێژەی گرانی سەرەڕای دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی ئامانجدارکردنی یارانەکان، چوونەسەری پێوانە گشتییەکانی ئابووری، کەم بوونەوەی پیسیی هەوا و هەروەها کەمبوونەوەی تێچوو لە نەخۆشخانەکان و... هتد سەلمێنەری ئەو ئیدیعایەن. وتەبێژی دەوڵەتیش لە وەڵامی عەلی موتەهەری دا دەڵێ: روحانی بۆ لابردنی حەسری مووسەوی و کەروبی هەوڵی داوە و تەنیا لە راگەیەنەکان دا باسی نەکراوە.

لەوانەیە لایەنگرانی دەوڵەت لە وەڵامی رەخنەگرانیان دا بڵێن کە ئەوە نییە وەزیری ئیرشاد لە وەڵامی داوای کۆمیسیۆنی فەرهەنگی دا دەڵێ "ئێمە بە هەڵسەنگاندنی خۆمان کار دەکەین و ئەگەر فیلمێک پێوەندی بە "فیتنە" وە هەبێ، بۆخۆمان پێش بە نمایشی دەگرین. یان وەزیری نێوخۆ داوا لە مەجلیس دەکا بە گەڵاڵەی " هاندان بۆ کاری چاکە و بەرگرتن لا کاری خراپ" دا بچێتەوە".

**سێهەم**: بە پێی ئەم بۆچوونە دەوڵەت لە بوارەکانی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دا تووشی موحافیزەکاری و

پاسیڤیزم بووە و ئەگەر ئەم پاسیڤ بوونە بەردەوام بێ، فەزاکە زیاتر دەکەوێتە بن کۆنترۆڵی توندڕەوەکان. ئەمەش کاریگەری سەلبی لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەت دەبێ. گرووپی سێهەم بۆ سەلماندنی ئیدیعاکەیان سەبارەت بەوە کە رووحانی گرینگییەکی ئەوتۆی بە بواری سیاسەتی نێوخۆ نەداوە، ئەم نموونانە دێننەوەو دەڵێن: تا ئێستا "خانه احزاب" نەکراوەتەوە، ژمارەی لە سێدارەدانەکان نە تەنیا کەمی نەکردووە بەڵکوو زیادیشی کردووە، هیچ کام لە بەڵێنیەکانی رووحانی سەبارەت بە نەتەوەکان بەدی نەهاتوون، لە بوارەکانی فەرهەنگی و فەزای ئەمنییەتیی نێوخۆیی دا، کرانەوەیەکی ئەوتۆ نەهاتۆتە ئاراوە.

لایەنگرانی بۆچوونی سێهەم پێیان وایە کە دەوڵەت دەبێ دژبەرە توندڕەوەکان کە پشبەستوو بە ناوەندەکانی هێز و پووڵن، لەقاو بدا و پاشەکشەیان لە بەرامبەر دا نەکا، چونکە هەر چەشنە پاشەکشەیەک، ئەوان لە کاری تێکدەرانە و ئاستەنگ دروست کردن سورتر دەکا.

بێ ئەوەی مامەڵەیەکی رەهامان لە گەڵ هەرکام لەم بۆچوونانە کردبێ، دەردەکەوێ کە بە سەرنجدان بە زۆر داتا و فاکت، بواری فەرهەنگی و بە گشتی سیاسەتی نێوخۆیی، وەک روحانی بەڵێنی دابوو و بەردەوامیش دووپاتی دەکاتەوە، گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە.

**ئەمەش دەکرێ چەندین هۆکاری هەبێ کە ئاماژە بە دووانیان دەکەین:**

١- ئەو کۆدەنگییە رێژەییەی لە سەر پرسەکانی ناوەکی و ئابووری، لە سەرەوەی سیستم دروست بووە، لە بواری سیاسەتی نێوخۆ دا بەدی ناکرێ. بێجگە لەوەش هەڵوێست و بۆچوونی لایەنی بەرامبەری دەوڵەت لەم بوارەدا، لە بۆچوونی سەرەوەی سیستم نزیکترە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم فاکتەرە و، هەروها ئەوەی کە زۆر ناوەند و فاکتەری هێز لە دەست رەوتی ئوسوولگەرای توندڕەو دان، توانای کردەیی و مانۆڕیان زیاتر دەردەکەوێ.

٢- رووحانی بە رادەی ئەولەوییەتەکانی یەکەم و دووەمی، گرینگی بە سیاسەتی نێوخۆیی نادا و لەوانەیە بۆ ئەوەی کە پەراوێزێکی ئارام بۆ دانوستانە ناوەکییەکان دروست بکا، لەم بوارەدا موحافیزەکارانە هەڵسووکەوت بکا. دیارە لەم دواییانە دا هەندێک هەڵسووکەوت و قسەی رووحانی سەبارەت بە حیجاب، زانستە مرۆییەکان، رۆژنامە نووسانی زیندانی، ئەو ئیدیعایە زیاتر دەسەلمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان!

ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەزبەر کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی «کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان» پێک هات. ئەم جۆشینە بۆ ماوەی زیاتر لە یەک حەوتوو یەکێک لە باسە گەرمەکانی ڕۆژنامەکان و بە گشتی ڕاگەیەنەکانی ئێران بوو.

پرسیار ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ پێکهات؟ چ کەسانێک و، چ ڕەوتگەلێکی ئوسوولگەرا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون؟ ئایا کۆبوونەوەی هەموو ئوسوولگەراکان بوو یان تەنیا بەشگەلێک لە ئوسوولگەراکان تێیدا بەشدار بوون؟

١- هەرچەند هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەیەم لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ دا بەڕێوەدەچێ، واتە ساڵێک و چەند مانگی بۆ بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنانە ماوە، بەڵام هەم کۆبوونەوەی ئامادە پێکراو و، هەم کۆبوونەوەکانی باڵی بەرامبەر(ریفۆرمخواز) نیشان دەدا کە باڵەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە ئێستاوە خەریکی خۆئامادە کردنن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە.

بە هۆی جۆراوجۆر ئوسوولگەراکان توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسەکانی ٧ و ٨ و ٩ بەدەست بێنن. ئوسوولگەراکان لە حەوتەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا، بەرەیەکیان بە سەر لیستی حەداد عادڵ و ئەحمەد تەوەککولی پێکهێنا و توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیس بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٨ دا بە پێکهێنانی بەرەیەک بە ناوی ٥+٦، کێبەرکێکانی ئەو خولەیان بردەوە. لەو مەجلیسەدا فەراکسیۆنگەلێکی نوێ، لەوانە فەراکسیۆنی شۆڕشی ئیسلامی و لە کۆتایی ئەو مەجلیسەش دا فەراکسیۆنی بەرەی پایەداری، بوونی خۆیان ڕاگەیاند.(١)

لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩ دا هەرچەند ئوسوولگەراکان نەیانتوانی بە بەرەیەکی یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردنەکان بن، بەڵام(هەروەک جارەکانی پێشوو) بە هۆی ڕەددی سەلاحییەتی پاڵێوراوەکانی سەر بە باڵی بەرامبەر، لە لایەن شورای نیگابانەوە، و لەم نێوەدا بە هۆی بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانە لە لایەن ریفۆرمخوازەکانەوە، توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسی ٩ش بەدەست بێنن. بەو پێیە لە مەجلیسی ٩دا ئوسوولگەرا توندڕەوەکان لە چوارچێوەی فەراکسیۆنی «ئوسوولگەرایان» دا خۆیان ڕێکخست و ئوسوولگەرا میانەڕەوترەکانیش فەراکسیۆنی «ڕەهرەوانی ویلایەت»یان، کە زۆرینەی نوێنەرانی مەجلیس لە خۆدەگرێ، پێکهێنا.

یەکگرتوویی ئوسوولگەراکان هۆکارێکی سەرکەوتنیان بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری نۆیەم و دەیەم دا. بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری یازدەیەم دا، چەند پاڵێوراویی، یەکێک لە هۆیەکانی شکستیان بوو. ئوسولگەراکان بۆ بەرگرتن لە شکستێکی دیکە و، بۆ دووبارەکردنەوەی سەرکەوتنەکانی پێشوویان، کۆبوونەوەی ١٩ی رەزبەریان پێک هێنا کە لە راستیدا چوارەمین کۆبوونەوەیانە لە ماوەی ساڵێک دا.

٢- رەوتەکانی ئوسوولگەرا بریتین لە: ئەلف) توندڕەوەکان: بەرەی «پایەداری»، «جەمعییەتی ئیسارگەران» و «جەمعییەتی رەهپوویان» ب) ئوسولگەرا نوێ یان میانەڕەوەکان، کە گرووپەکانی سەر بە موحسین رەزایی، قالیباف و هەروەها بەشێکی بەربڵاو لە فەراکسیۆنی «رەهرەوانی ویلایەت»ی (سەر بە عەلی لاریجانی) دەگرێتەوە. ج) ئوسوولگەرا نەریتییەکان، کە کۆمەڵەکان(کۆمەڵی رووحانییەتی خەباتگێڕ و کۆمەڵی وانەبێژانی حەوزەی زانستیی قوم)، حیزبی «موئتلفە» و... لە خۆ دەگرێ.

بە گشتی لە کۆبوونەوەی ١٩ی رەزبەر دا دوو رەوتی توندڕەو و نەریتی بەشدار بوون، بەڵام رەوتی میانەڕەو(کە پێگەیەکی بەرینتری جڤاکیان هەیە) بەشدار نەبوون. بە دەربڕینێکی دیکە عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ناتق نووری، حوسێن شەریعەتمەداری، عەلی ئەکبەر ئەبوو تۆرابی، ئەمیر موحبیان، مورتەزا نەبەویی، محەممەد رەزا باهونەر، عەلی لاریجانی، موحسین رەزایی، قالیباف و... لە کەسایەتییە دیارەکانی ئوسوولگەرا، لەو کۆبوونەوەیە دا بەشدار نەبوون. وەک دەردەکەوێ لە دوو رەوتی بەشدار بووش، بە تایبەت لە رەوتی نەریتی، رووخسارگەلێکی دیار بەشدارییان نەکردووە.

لە نێو ئوسوولگەراکان دا لەسەر ئەوەی کە کێ چەقی یەکگرتن بێ، جیاوازیی بیروڕا هەیە؛ بەرەی پایداری کە خۆیان بە ئوسوولگەرای راستەقینە دەزانن، لەسەر ئایەتوڵڵا میسباح پێدادەگرن، بەشی زۆری ئەوانی دیکە، کۆمەڵەکان بە چەقی یەکگرتن دەزانن. ئەسەدووڵڵا بادامچیان ئەندامی حیزبی موئتلفە، سەرەڕای بەشداریی لە کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان دا، دەڵێ: ئەگەر دەمانەوێ لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا تووشی کێشە نەبین، دەبێ کۆمەڵەکان بە تەوەری یەکگرتن بزانین. بەرەی پایەداری کە ئێستا بۆتە حیزب، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩دا کۆمەڵەکانی بە تەوەری یەکگرتن قبووڵ نەکرد، هەر بۆیەش بە لیستی جیا بەشدارییان کرد؛ هەرچەند نەیانتوانی کورسی زۆر بەدەست بێنن.

حیشمەتووڵڵا فەلاحەت پیشە کە چالاکێکی ئوسوولگەرایە، دەڵێ: بە قسە و کۆبوونەوە یەکگرتن پێک نایە، جیاوازیی قووڵ لە نێوان ئوسوولگەراکان دا هەیە و هەر چەشنە یەکگرتنێکیش دەبێ بە ئالاهەڵگریی ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان بێ.

وەک ئاماژەی پێکرا، کۆبوونەوەی ١٩ی رەزبەر، کە بە مەبەستی لێک نزیک بوونەوەی ئوسوولگەراکان پێک هات، لێکدانەوە

و کاردانەوەی زۆری لە نێو هەر دوو باڵی ئوسوولگەرا و ریفۆرمخواز دا لێکەوتەوە. بە تایبەت بەشداربووەکان، ئەو کۆبوونەوەیان وەک سەرەتایەکی باش بۆ لێک نزیک بوونەوە وێنا کرد، لە بەرامبەردا ریفۆرمخوازەکان، گومانیان خستە سەر پێکانی ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە. د. سادق زیباکەلام دەڵێ:

ئوسوولگەراکان تا هەنووکە بە خۆیان دا نەچوونەوە، ئەوان لە دوای هەڵبژاردنی ٩٢ ڕێبەرییان بە توندڕەوەکان سپاردووە، بۆیە ناتوانن ئامانجیان بەدی بێنن.

ریفۆرمخوازەکان هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩ یان بایکۆت کرد، بەڵام ئەمجارە بە نیازن بەجیددی بەشدار بن، ئەگەر پاڵێوراوەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن شۆرای نیگابانەوە رەدی سەلاحییەت نەکرێن، دەبنە رکابەرێکی جیددی بۆ ئوسوولگەراکان و، لەوانەیە مەجلیسی دەیەم پێکهاتەیەکی جیاوازیی لە مەجلیسی ٩ هەبێ.

**پەراوێز:**

١) وەرگیراو لە رۆژنامەی سیاسەتی روز، ١٩ رەزبەر

لە ژمارە ٦٤٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەی ٢٠١٤

## فۆبیای "فیتنە"

ناوەندی سەرەکیی دەسەڵات لە ئێران دا دەستەواژەی "فیتنە"ی بۆ ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و حەرەکەتە ئیعترازیانەی، کە دوای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٣٨٨ دا هاتنە ئاراوەو بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد، بەکار دەبا. لەو کاتەوە ئەو دەستەواژەیە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران و بۆتە وشەیەکی سەرەکیی لێدوان و وتاری ڕەوتێکی بەهێزی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی.

لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، "فیتنەی ٨٨"، بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژراو بوو کە پێوەبوون بە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، نیزام بڕووخێنن!!. حوسێن شەریعەتمەداری لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی کەیهان دا دەڵێ: کەیهان پێش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، "کودتای دوای شکستی" پێش بینی کردبوو. بە گوتەی ناوبراو، ڕووداوەکانی ٨٨، دوایین پەردەی سیناریۆی ڕووخانی نیزام بوو کە لە گوایا لە لایەن سێ گۆشەی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئینگلیزەوە مودیرییەت دەکرا.

سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی سەوز پاش چەند مانگێک سەرکوت کرا، بەڵام دوای تێپەڕینی ٥ ساڵ، هێشتا هەستیارییەکی زۆر بە نیسبەت بەشدار بووان و چالاکان و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەبینرێ. بەشێک لە چالاکانی ئەو بزووتنەوەیە هێشتا لە زیندان دان و ڕێبەرەکانیشی هەروا دەستبەسەرن. لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە ئەوان پرێستیژ و ئیعتباری نیزامیان بردۆتە ژێر پرسیار، زیانێکی زۆریان لە نیزام داوە، بۆیە تا لە هەڵەکەیان پاشگەز نەبنەوە و تۆبە نەکەن، نیزام لێیان خۆش نابێ.

"فیتنە" و "فیتنەگێڕان" لەلایەن وەلی فەقیهەوە بە هێڵی سوور دادەنرێن کە هەر کەس و لایەنێک کە خۆی لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا پێناسە دەکا، دەبێ سنووربەندییان لەگەڵ بکا. خامنەیی لە دیدارێکی لەگەڵ کابینەی ڕوحانی دا، کە بە بۆنەی حەوتووی دەوڵەت ڕێکخرابوو، هۆشداری پێدان کە دەبێ سنووربەندییان لەگەڵ فیتنە بپارێزن.

وایلێهاتووە کە بە بێ بەڵگەی دادگاپەسەند، بەرچەسپی فیتنە، لە ئەم و ئەو دەدرێ. ڕەزا فەرەجی دانا، وەزیری پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی علوم لەبەر ئەوە متمانەی لێسەندرایەوە کە زۆرینەی نوێنەرانی مەجلیس، ئەویان بە زەمینە خۆش کردن بۆ فیتنەگێڕان! و سەرهەڵدانەوەی فیتنە لە زانکۆکان دا تاوانبار دەکرد. ڕوحانی بە هۆی ئەوەی تۆمەتی فیتنە درابووە پاڵ جەعفەری تۆفیقی و دەیزانی مەجلیس دەنگی پێنادا، نەیوێرا وەک وەزیری زانستەکان پێشنیاری بکا. یەکێک

لە هۆیەکانی دەنگ نەدانی مەجلیس بە مەحموود نیلیش ئەوە بوو کە دەگوترا چالاکێکی تەیفی فیتنەگێڕان بووە. گرینگ نییە ئەو کەسەی بەرچەسپی فیتنەی لێدەدرێ، بە راستی لە ئیعتراز و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ دا بەشدار بووە یان نا، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە لەو بەرچەسپە وەک ئامرازێک بۆ لێدان و دژایەتی کردنی ئەو کەسانەی لە هێڵی سیاسی و فکریی راستیی توندڕەودا جێ ناگرن، کەڵک وەردەگیرێ. رەوتێکی نێو سیستم کاسبی پێوە دەکا و دەیەوێ لەو رێگەوە زیاتر خۆی لە دەسەڵات دا جێگیر بکا.

ناوەندی سەرەکیی سیستم، لە فیتنە وەک ئامرازێک بۆ پێشگرتن لە کرانەوەی فەزای نێوخۆ کەڵک وەردەگرێ؛ دەیانەوێ تێچووی ئیعتراز و دژایەتی لەگەڵ نیزام ئەوەندە بەرنەسەر، کە کەس نەوێرێ بیر لە هژایەتی و تەنانەت رەخنەگرتنیش بکاتەوە. ئەگەر کەسانێکیش بە بێ ئیزنی شوێنی پێوەندیدار، ناڕەزایەتی دەربڕن، نابێ بە تەمای هیچ بەرپرسایەتییەک لە داهاتوودا بن. بە بێ وەزیر مانەوەی وەزارەتی علوم، هەڵگری ئەم پەیامەیە.

هەستیاریی زیاد لە حەد بە نیسبەت ئیعترازەکانی ٨٨، دەرخەری ئەم راستییەشە کە ئەو خۆپیشاندانانە توانیان مەترسییەکی جیددی بۆ سەر نیزام دروست بکەن و ئەگەر رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز هەوڵی خاو کردنەوەی ئەو بزووتنەوەیان نەدابا کە رادیکاڵیزە دەبوو، لەوانە بوو نەتوانرێ بەو شێوەیە کپ و سەرکوت بکرێ.

رۆژنامەی کەیهان لە وەڵامی ئەو رەخنەیەی عەلی موتەهەری دا، کە بۆچی مووسەوی و کەرووبی دادگایی ناکەن، دەڵێ: ئایا موتەهەری گەرەنتی ئەوە دەکا ئەگەر مووسەوی و کەرووبی دادگایی بکرێن، ئەوان بڕیاری دادگا قبووڵ بکەن؟ کەیهان دەنووسێ: "ئەوان حوکمی شۆرای نیگابانیان قبووڵ نەکرد، چۆن ملکەچی حوکمی دادگا دەبن! ئایا موتەهەری زەمانەت دەدا کە ئەوان دوای ئازادی، بەرژەوەندیی نیزام بپارێزن؟" ئەو قسانەی کەیهان دەرخەری ئەوەیە کە سیستم ترسی لە پۆتانسێلی ناڕەزایەتیی خەڵک هەیە و نیگەرانی ئەوەیە کە ئەو ناڕەزایەتییانە سەرهەڵبدەنەوە.

گەورەکردنەوە و کاوێژی دەستەواژەی "فیتنە" بۆ ئەوەشە کە رێگری بکەن لەوەی کە غەیرە خودییەکان بێنەوە نێو سیستم؛ تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە زۆر گوناحی نەکردەش دەخەنە ئەستۆی بە قەولی خۆیان فیتنەگێڕان. موجتەبا زوننور، راوێژکاری نوێنەری وەلی فەقیە لە سپای پاسداران، لە وتووێژێک دا لەگەڵ بڵاوکراوەی "صبح صادق" ئۆرگانی دەفتەری سیاسیی سپا، وێرای ئەوەی کە تاوانی گەمارۆکانی رۆژئاواش دەخاتە ئەستۆی ئەوان، دەڵێ:

"فیتنەگێڕان دەیانەوێ قۆناغ بە قۆناغ بێنەوە نێو سیستم و ئەمەش لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی داهاتوودا واتادار دەبێ." حوسێن شەریعەتمەداری دەڵێ: "نابێ رێگە بدرێ "فیتنەگێڕانی موددەعیی ریفۆرمخوازیی" بێنەوە نێو سیستم، چونکە

دیسان خەیانەت دەکەنەوە".

خیانەتکار، بەکرێگیراوی ئیسرائیل، ستوونی پێنجەمی دوژمن، نیشتمان فرۆش و خوازیاری رووخانی نیزام، ئەو دەستەواژە و ناوانەن کە بۆ چالاکان و ڕێبەرانی ئیعترازەکانی ٨٨ بە کار دەبرێن کە هەر کام لەو تۆمەتانە لە یاسای کۆماری ئیسلامی دا، قورسترین سزایان لە سەرە. ئەمە نیشاندەری ترسی ئەوانە لە تەقینەوەی نارەزایەتیی پەنگ خواردووی خەڵک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## دەرەنجامەکانی ڕێککەوتنی شیمانەیی

لە ٢٧ی خەزەڵوەرەوە دوایین خولی وتووێژە ناوکییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١، پێش تەواو بوونی مۆڵەتی ٣ی سەرماوەز، لە ڤیەن دەستی پێکردۆتەوە. دوای دانوستانەکانی مەسقەتی پایتەختی عومان، کە بە گوتەی عەباس عێراقچی، گەورە دانوستانکاری ئێرانی، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە دواوە نەبوو، زۆربەی شرۆڤە و لێکدانەوەکان باس لەوە دەکەن کە هەرچەند ئەگەری واژۆکرانی ڕێککەوتنی کۆتایی لە وادەی دیاریکراودا، نامومکین نییە، بەڵام سیناریۆی درێژکردنەوەی دانووستانەکان، جا لە هەر فۆرمێک دا بێ، ئەگەرێکی بە هێزە. ئەگەر لە ٣ی سەرماوەزدا، یان لەو ماوەدا کە ئەگەری درێژکردنەوەی هەیە، ڕێککەوتنی کۆتایی واژۆ بکرێ، ئەم سیناریۆیە چ کارگەرییەکی لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆیی ئێران دەبێ؟

**لەم بارەوە دەبێ بگوترێ کە:**

١- لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا پرسی ناوکی زۆربەی پرسەکانی دیکەی ئێرانی کەم و زۆر خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە. رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا، زیاترین سەرنجیان لە سەر پرسی ناوەکی بووە و بە هۆی ئەم مەسەلەیەوە زەخت و گەمارۆیان خستۆتە سەر ئێران. ئەگەر پرسی ناوەکی چارەسەر ببێ، لەگەڵ دوو شیمانە بەروڕووین: شیمانەی یەکەم کە پێدەچێ ببێتە واقیع، ئەوەیە کە فەزای ئەمنییەتیی نێوخۆیی کاڵتر دەبێتەوە و زەمنیەی هاتنە ئارای پرسەکانی دیکەی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆیی، لەبارتر دەبێ. کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی بەرگری کردن لە خۆ دێتە دەر و بە متمانە بەخۆ بوون و نەرمییەکی زیاترەوە لەگەڵ پرسە نێوخۆییەکانی مامەڵە دەکا؛ ئەمەش بە قازانجی پرسی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لە ئێراندا تەواو دەبێ. بەم هۆیەیە کە بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیش خوازیاری بەسترانی ئەو پەروەندەیەن. لە ڕەهەندێکی دیکەوە نیگەرانییەکی ئێران ئەوەیە کە دوای مەسەلەی ناوەکی، مسەلەکانی مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە تیرۆریزم، لە دژی ئێران، بەکار بهێنرێن؛ بە قسەی بەشێک لە دەسەڵاتی ئێران، رۆژئاوا لەگەڵ خودی سیستم کێشەی هەیە و پرسی ناوەکی تەنیا بیانوویەکە. بەم لێکدانەوەیە، سیناریۆی ڕێککەوتن، لە راستای ئامانجی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دا جێ دەگرێ.

شیمانەی دووهەم ئەوەیە کە رێ گرتن لە دەست راگەیشتنی ئێران بە بۆمبی ئەتۆمی، مەبەست و ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمریکا و رۆژئاوایە. بە پێی ئەم بۆچوونە پرسەکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بۆ وڵاتانی رۆژئاوایی گرینگییەکی

ئەوتۆیان نییە و ئەگەر مەسەلەی ناوەکی چارەسەر ببێ، فشارەکانیان بۆ سەر ئێران کەمتر دەبێتەوە و بە پێی ئەمەش دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و داپلۆسین ئاوەڵاتر دەبێ. چۆنییەتیی مامەڵەی وڵاتانی رۆژئاوایی لەگەڵ دەوڵەتە سەدە نێوەڕاستەکانی کەنداوی فارس و عەرەبستانی سعوودی سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە.

رەهەندێکی دیکەی بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە دەکرێ ئێران لە بواری سیاسەتی دەرەکی دا نەرمی بنوێنێ، بەڵام فەزای نێوخۆیی هەروا بە داخراوی بهێڵێتەوە؛ چونکە نەرمی نواندنی بەیەکەوە و لە هەموو بوارەکاندا، لەوانەیە بە قازانجی مانەوەی سیستم نەزانێ.

٢- لە حاڵەتی هاتنەدی سیناریۆی رێککەوتن دا، گەمارۆکانی سەر ئێران زۆر کەمتر دەبنەوە و ئەمەش یارمەتی بە بووژانەوەی ئابووریی لاوازیی ئێران دەکا و بەم پێیە هەژاریی لە ئێراندا کەم دبێتەوە و ئاستی خۆشبژێویی خەڵک دەچێتە سەر. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دەڵێن کە هەژاریی، بەناچار نابێتە هۆی راپەرین و شۆڕشی خەڵک؛ بەڵکوو ئەگەر هەژاریی بە شێوەیەکی یەکجاری و لەنەکاو نەیەتە ئاراوە، دەبێتە هۆی ناچالاکی و پاسیڤیزم و، خەڵک وا سەرقاڵی پەیدا کردنی بژێوی ژیان دەکا کە کەمتر بیر لە سیاسەت و گەشەی سیاسی و کەلتووری بکەنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە هەژاریی دەکرێ ببێتە هۆی لە ئەولەوییەت کەوتنی پرسەکانی ئازادی و دێموکراسی. ئەگەر سەرنجی چۆنییەتیی هەڵوێست و مامەڵەی سیاسیی خەڵکی ئێران لە یەک دوو ساڵی رابردوودا بدەین ئەم مەسەلەیەمان چاکتر بۆ روون دەبێتەوە.

٣- شیمانە دەکرێ چارەسەریی پرسی ناوەکی، پێگەی دەوڵەتی روحانی بەهێزتر بکا. لەم حاڵەتدا ئەگەری ئەوە هەیە کە روحانی زیاتر بپرژێتە سەر پرسەکانی تایبەت بە سیاسەتی نیوخۆیی و، بە دەستێکی ئاوەڵاترەوە کار بۆ ئەولەوییەتەکانی دیکەی بکا. بەم هۆیەشە کە باڵی بەرامبەر، پێی ناخۆشە ئەم پرسە لە سەر دەستی دەوڵەتی روحانی چارەسەر بکرێ. رەوتی ئوسوولگەرای توندڕەو دەیەوێ لە پێگەی دەوڵەتی روحانی بدا و کار بۆ ئەوە دەکا کە خەڵکی لێ بێ هیوا بکا. لەم پێناوەش دا لە بەردەم بەرەوپێش چوونی کارەکانی روحانی دا ئاستەنگی دەنێتەوە و بۆ سەرنەکەوتنی لە جێبەجێ کردنی بەڵێنییەکانی دا هەوڵ دەدا.

چارەسەر بوونی پرسی ناوەکی و، بەم هۆیەشەوە کەم بوونەوەی گیرو گرفتەکانی ئابووریی خەڵک، پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرەی دەوڵەت و رەوتی ریفۆرمخواز بە نیسبەت ئوسوولگەراکان بەهێزتر دەکا و ئەمەش لەسەر رادەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا و دەنگ دانیان بەهەر کام لە باڵەکانی نێو سیستم کاریگەری دەبێ. مەسەلەیەک کە پێناچێ بە قازانجی رەوتی ئوسوولگەرای توندڕەو تەواو بێ.

ئەگەر بە پێچەوانەی زۆربەی لێکدانەوە و پێش بینییەکان، دواجار دانوستانەکان شکست بهێنن، دەکرێ بڵێین کە هەموو ئەو کاریگەرییانەی ئاماژەیان پێکرا، پێچەوانە دەبنەوە و ئێران لە سیستمی نێونەتەوەیی دا زیاتر وەتەریک دەکەوێتەوە کە شەرت نییە بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا تەواو بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئاستەنگییەکانی بەردەم ئوسوولگەراکان

- حیزب و حیزبایەتی شانۆی سیاسی ڕێک دەخا و کێبەرکێ سیاسییەکان ڕێکوپێک و جێگیر دەکا. لە ئێراندا بە هۆی نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیر، شانۆی سیاسی لەگەڵ چەشنێک ئالۆزیی و پێچەڵپێچی بەرەوڕووبە. ئەمە وێڕای ئەوە کە چالاکی و بنیاتە سیاسییەکانی تووشی کۆمەڵێک کەموکووڕی کردووە.

لە ئێراندا لە جیاتی بوونی سیستمێکی حیزبیی بەهێز، باڵ و باڵبەندیی سیاسی هەیە، کە بە بەراورد لەگەڵ دیاردەی حیزب دا خاوەنی چوارچێوەیەکی ڕوانین و ڕێکار و میتۆدیکی روون نییە. ئەمەش وایکردووە کە چەشنێک ناجێگیری، «سیالیت» و پێشبینی نەکراوی، بەرۆکی فەزای سیاسیی ئێران بگرێتەوە و ڕەوتە سیاسییەکانیش لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی بەرەوڕوو ببنەوە.

٢- دوای مەرگی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی و حەبیبوڵڵا عەسکەر ئەولادی، دوو کەسایەتی دیار و کاریگەری نەریتی یان میانەڕەوی ئوسوولگەراکان، لە لایەک قەیرانی ڕێبەریی باڵی ئوسوولگەرا قووڵتر بۆتەوە و لە لایەکی دیکە مەیدان بۆ توندڕەوەکانی ئەو باڵە ئاوەڵاتر بووە. هۆکارێکی دیکە کە دەرەتانی مانۆڕی بۆ توندڕەوەکان ڕەخساندووە، ئەوەیە کە ئەوان بە بەراورد لەگەڵ میانەڕەوەکانی باڵی ئوسوولگەرا، یەکگرتووترن و ستراتیژ و بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەیە. بەرەی پایداری و فەراکسیۆنی «ئوسوولگەرا»ی مەجلیس سەرەڕای ئەوە کە کەمایەتی مەجلیسن، بەڵام هەر بەو هۆکارە توانیان دەسەڵات نوێنێ بکەن و نوێنەرانی ئەندامی فەراکسیۆنی «ڕەهرەوان»یش بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و، وابکەن کە چوار بەربژێری وەزارەتی «علوم» دەنگی متمانەی مەجلیس نەهێننەوە(یان لە دەستی بدەن).

٣- ئوسوولگەراکان کێشەی تیۆریک و خۆپێناسە کردنیان هەیە؛ توندڕەوەکانی ئەو باڵە پێناسەیەک لە ئوسوولگەرایی دەخەنە ڕوو کە تەنیا خۆیان لە بازنەی ئەو باڵەدا جێدەگرن. لە بەرامبەردا جاری وایە بازنەی ئوسوولگەرایی ئەوەندە بەرفراوان دەکرێتەوە کە سنووری شوناس بەخشیی ئەو باڵە زۆر کاڵ دەکاتەوە. ئەمیر موحبییان ستراتیژیستی ئوسولگەرا و دامەزرێنەری حیزبی «نواندیشان ایران اسلامی» لەم بارەوە دەڵێ: ئوسوولگەراکان لە هەر سێ بواری ڕوانین، ئاکار و میتۆد کێشەیان هەیە و دەبێ چارەسەریان بکەن. بە باوەڕی موحبییان ئوسوولگەراکان دەبێ خۆیان پێناسە بکەنەوە و پێناسەیەکی دیاریکراویان لە چەمک و دەستەواژەکانی دیسکۆرسی خۆیان هەبێ.( قسەکانی موحبییان تەواو)

سەید رەزا ئەکرەمی ئەندامی شۆرای ناوەندی « کۆمەڵەی روحانییەتی خەباتگێڕ» دەڵێ: نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو و سیستماتیک لە کێشەکانی ئوسوولگەراکانە. بە باوەڕی ناوبراو ئوسوولگەراکان حیزبی کارامە و گوتارێکی دیاریکراویان نییە.(قسەکانی ئەکرەمی تەواو) پێ دەچێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێ، کە باسی ئەوە دەکرێ حیزبێکی گشتگیر لە لایەن عەلی لاریجانیەوە، کە لە هێڵی میانەڕەوی ئوسوولگەرایی دا جێ دەگرێ، دروست دەکرێ.

٤- یەکێک لە کێشەکانی دیکەی لانی کەم بەشێک لە ئوسوولگەراکان ئەوەیە کە چ پێوەندییەک لە نێوان رای شەرعی و بۆچوونی رێکخراوەیی دا دروست دەکەن. یەکێک لە کێشەکانی حیزبی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی دا ئەوە بوو کە بەشێکیان پێیان وابوو کە دەبێ رای شەرعی بە سەر بۆچوونی رێکخراوەیی دا زاڵ بکرێ. مەسەلەیەک کە دواتر یەکێک لە هۆیەکانی هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە و یەکێک لە خاڵەکانی جیاوازیی بەخشیی باڵی چەپ و راستی دیەی ٦٠ بوو. بێجگە لەوە بەشێک لە ئوسوولگەراکان دیدێکی ئەرێنیان بە نیسبەت دیاردەی حیزبایەتی نییە و هەمووی ئەمانەش یەکگرتوویی ئوسوولگەراکان لەگەڵ ئاستەنگی بەرەوروو دەکا. ئەوەی کە لە ئێران دا غەیرە حیزبی و سەروو جیناحی بوون وەک پوانێکی ئەرێنی دەژمێردرێ، بۆ ئەو روانینە نێگەتیڤە بۆ حیزبایەتی، کە بنج و بناوانێکی ئیسلامیشی هەیە، دەگەرێتەوە. ریفۆرمخوازەکان بە هۆی ئەوە کە زیاتر خۆیان لەگەڵ مۆدێرنیزم راهێناوە، کەمتر لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوون.

رێکارێک کە لە لایەن میانەڕەوەکانی ئوسوولگەراوە بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەو کێشەیەدا دەخرێتە روو ئەوەیە کە خۆیان نوێ بکەنەوە و لە دوگماتیزم دوور بکەونەوە.

٥- لە سەر ئەوەی کە کێ تەوەری یەکگرتن بێ، لە نێو ئوسوولگەراکان و کەسایەتییەکانیان دا رای جیاواز هەیە. حەمید رەزا تەرەقی ئەندامی شۆرای ناوەندی حیزبی «موئتلفە» دەڵێ: زۆرینەی ئوسوولگەراکان بۆچوونی ئایەتوڵا میسباحیان قبووڵ نییە.(قسەکانی تەرەقی تەواو) ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئایەتوڵا میسباح بە باوکی رۆحی «بەرەی پایداری» دەناسرێ و رێکخراوە توندڕەوەکانی « جەمعییەتی ئیسارگەران» و «جەمعییەتی رەهپویان» ناوبراویان قبووڵە.

لە حاڵێک دا کە » بەرەی پێڕەوانی هێڵی ئیمام و رێبەری» کە بە گەورەترین رێکخستنی ئوسوولگەرا نەریتی و میانەرەوکان دەژمێردرێ، لە ژێر چەتری «جامعتین» دا هەنگاو دەنێ، ناسر ئیمانی چالاکی سیاسیی ئوسوولگەرا پێی وایە کە »جامعتین» ناتوانێ هەموو ئوسوولگەراکان بگرێتەوە. ناوبراو دەڵێ: ئەو باڵە پێویستی بە خۆ نوێ کردنەوەی رێکخراوەیی و گوتاری هەیە و دەبێ بە کاری بەکۆمەڵ بەرەو یەکگرتن هەنگاو بنێن.(قسەکانی ئیمانی تەواو)

بە گشتی کۆمەڵێک لە میانەڕەوەکان، توندڕەوکانیان قبووڵ نییە، بۆنموونە »بەرەی پایداری» بە ڕێکخراوێکی رەسەن و خاوەن پێگەی جڤاکی نازانن، لە بەرامبەردا ئەوانیش تەنیا خۆیان بە ئوسوولگەرای راستەقینە دەزانن.

ئەگەر لە جیاتی باڵ و باڵبەندیی سیاسی، سیستمێکی حیزبیی بەهێز و جێگیر لە ئێراندا بوونی هەبا یان بەستێنی دروست بوونی هەبا، رەوتە سیاسییەکان چوارچێوەیەکی روونتر و دیاریکراوتریان دەبوو و سیستمی سیاسیش ڕێڕەوێکی باشتری وەردەگرت.

لە ژمارە ٦٤٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## گەڵاڵەی بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی سەرماوەز، مەجلیسی ئێران بە زۆرینەی دەنگ، یەک فەورییەتی گەڵاڵەی بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پەسەند کرد، بۆ ئەوەی کە ئەم گەڵاڵەیە لە کۆمیسیۆنە پێوەندیدارەکان دا زوو تاوتوێ بکرێ و دواتریش لە مەجلیس دا بێتە بەرباس.

ئەم گەڵالەیە لە خولەکانی پێشووش دا هاتۆتە ئاراوە و باس کردن لە ڕەهەند و دەرەنجامەکانی گەڵاڵەی بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، یەکەم جار لە خولی پێنجەمی مەجلیس دا هاتۆتە ئارا و لە خولەکانی دواتردا بە سەرەنجام نەگەیشتووە.

بە پێی ئەم گەڵالەیە هەر یەک لە دەنگدەران دەتوانن بۆ هەموو کورسیەکانی پارێزگاکەی خۆیان، نوێنەر هەڵبژێرن. بەڵام کەسانێک دەتوانن لە شارێک یان بازنەیەکی هەڵبژاردن خۆیان بپاڵێون کە لەوێ لەدایک بووبن، یان ٥ ساڵان لەوێ ژیابن یان پێشینەی نوێنەرایەتیی ئەو شارەیان هەبێ.

ئەگەر ئەم گەڵاڵەیە دواجار پەسەند بکرێ، هەموو شارستانەکانی پارێزگایەک نوێنەری خۆیان دەبێ، بەو جیاوازییە کە تەنیا خەڵکی ئەو شارستانە دەنگیان پێ نادەن، بەڵکوو هەموو خەڵک یان دانیشتوانی پارێزگا دەنگیان پێ دەدەن. کەس یان کەسانێک لە شارستانێکی دیاریکراو دەتوانن بچنە مەجلیس، کە لە ئاستی پارێزگادا زۆرترین دەنگیان هێنابێ، بێجگە لەوەش ڕادەیەکی دیاریکراوی دەنگیشان لە شارستانی خۆیان هەبێ.

ئامانجەکانی بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس کە لە گەڵاڵەکەدا هاتوون و زۆرینەی مەجلیس لە دیفاع لە خێرا تاوتوێ کردنی ئەم گەڵاڵەیەدا، ئاماژەیان پێ کردن، بریتین لە:

- بردنە سەری ئاستی چۆنایەتیی مەجلیس لە ڕێگەی ئیمکانی هەڵبژاردنی کەسە دیارەکان.
- ڕاکێشانی سەرنجی نوێنەرانی مەجلیس بۆ پرسە گشتی و سەرانسەرییەکان لە جیاتی پرسە ناوچەیی و "محلی"یەکان.
- زیاتر کردنی بەشداریی گشتی لە هەڵبژارنەکان دا و هێنانە خواری ڕێژەی کڕینی دەنگ و، بەهێز کردنی کەلتووری حیزبایەتی.

- سڕینەوەی کێبەرکێ توند و کێشەخوڵقێنەکانی "قەومی و تایفە"یی و بەهێز کردنی بە قەولی خۆیان "هاوپێوەندیی نەتەوەیی" لە ئێراندا.
- کەم کردنەوەی ژمارەی پاڵێوراوان و بە پێی ئەمەش تێچووەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس.

**لە بەرامبەردا دژبەرانی ئەم گەڵاڵەیە دەڵێن کە:**

- نوێنەرێک کە توانای وەڵامدانەوەی بە خەڵکی شارێک نییە، چۆن دەتوانێ وەڵامدەری پارێزگایەک بێ.
- بە پێی بە بەپارێزگا بوونی هەڵبژاردنەکان، سەرنجدان بۆ پرسە ناوچەیی و "محلی"یەکان کەمتر دەبێتەوە. شارە بچوک و ناوچە بێ بەشەکان پشتگوێ دەخرێن و دەرەتانی گەشە کردنیان کەمتر دەبێتەوە. موخالیفانی گەڵاڵەکە دەڵێن کە سەرنجدان و سەرقاڵبوون بە پرسە گشتی و سەرانسەرییەکان، تەنیا کاتێک بە زیانی پرسە ناوچەیی و ئاوەدانی شارە بچوکەکان تەواو نابێ، کە شارەوانییەکان راستەخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن و دەسەڵاتیان زیاتر بکرێ و ئەو ئەرکانە بخرێتە ئەستۆی ئەوان.
- نەناسینی نوێنەرانی شارەکانی دیکە لە لایەن خەڵکی پارێزگاوە، لە کێشەکانی دیکەی ئەو گەڵاڵەیە و دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی نادروست.
- لە نەبوونی سیستمێکی بەهێزی حیزبایەتی دا ئەم گەڵاڵەیە وەڵامدەر نابێ و نە تەنیا تێچووی هەڵبژاردنەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیادیشی دەکا. چونکە هەر پاڵێوراوێک دەبێ لە سەر ئاستی پارێزگا خۆی بناسێنێ و ئەمەش تێچوویەکی زۆری دەوێ. لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی سڕینەوەی پاڵێوراوە دەستکورتەکان و، کەسانێک دەتوانن بچنە مەجلیس، کە گرێدراوی ناوندەکانی هێز و پارەن.

رەخنەگرانی ئەو گەڵاڵەیە، خواستی نوێنەرانی ئێستای مەجلیسی نۆیەم بۆ هەڵبژاردنەوەیان لە خولی داهاتووی مەجلیس دا، وەک گرینگترین هۆکاری هێنانە ئارای ئەم گەڵاڵەیە لە کۆتایی خولی نوێنەرایەتیان دا، هەڵدەسەنگێنن.

بەو پێیەی کە لە رۆژنامەی "ئێران" چاپی دووشەممە، رێکەوتی ١٠ی سەرماوەز دا هاتووە، لە تێبینیی سێهەمی ماددەی یەکەمی ئەو گەڵاڵەیەدا، پارێزگاکانی ورمێ، سیستان و بەلوچستان، بازنەی هەڵبژاردنی بیجار لە پارێزگای سنە، بازنەی هەڵبژاردنی تۆربەتی جام، خەواف، تایباد و رەشتخار لە پارێزگای خوراسانی رەزەویی، بەندەری لەنگە لە پارێزگای هۆرمزگان و بازنەکانی هەڵبژاردنی کەمایەتییە دینیەکان، هەڵاوێردروان و ئەم گەڵاڵەیە نایانگرێتەوە.

ئەو پارێزگا و شارانەی ناویان هات، جیاوازیی یان جۆراوجۆریی ئەتنیکی و ئایینزاییان هەیە، پێدەچێ هۆکاری

هەڵاویردنیان، بۆ ئەو جیاوازییە بگەڕێتەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا جۆراوجۆری ئەتنیکی و ئایینزایی، تەنیا تایبەت بەو پاریزگا و شارانەیە؟ ئەگەر وەڵامەکە نایە، بۆچی ناوی وانیشی تێدا نییە؟

ئەم گەڵاڵەیە لەو پارێزگا و شارانەی کە جۆراوجۆری ئەتنیکی و ئایینزاییان هەیە و لەم گەڵاڵەیەدا هەڵنەوێردراون، نە تەنیا نابێتە هۆی کەم کردنەوەی کێبەرکێ توند و کێشەخوڵقێنەکانی ئەتنیکی و ئایینی، بەڵکوو زیادیشی دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خۆڕێکخستنەوەی ڕیفۆرمخوازەکان

سەرەڕای ئەوەی کە ریفۆرمخوازەکان، پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٣٩٢، پشوویەکیان هاتەوەبەر و، جموجۆڵ و چالاکییان زیاتر بووە، بەڵام هەتا ئێستاش فەزای تێکۆشانی بەربڵاویان نییە و ریفۆرمخوازەکان بۆ لەبار بوونی مەیدانی کردەی سیاسیی بەربڵاو، لە هەوڵ دان و لەم پێناوەدا کۆمەڵێک رێکار و پێشنیاریش دەخەنە روو.

رەشەمەی ١٣٩٤، هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و مەجلیسی «خوبرەگان» لە ئێران دا بەڕێوە دەچن، بەم هۆیە ریفۆرمخوازەکان خەریکی خۆرێکخستنەوە و خۆئامادە کردنن، بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەری زۆر بنێرنە ئەو دوو مەجلیسە. لەم گۆشەیەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر چۆنیەتیی جموجۆڵ و خۆئامادە کردنیان. هەوڵ دەدەم وەک خۆی و، بەڵگەمەند و بە پشت بەستن بە وتار و لێدوانەکانی خۆیان، لێکدانەوەیان بۆ بکەم(نە لە روانگەی دێموکراسی و ئەوەی کە مافی منیان وەک کورد قبووڵە! ئەمە مەجالێکی دیکەی دەوێ). بێ گومان ریفۆرمخوازەکان باڵێکی نێو سیستمن و هەوڵ بۆ پاراستنی دەدەن،

هەر کات باسیان دەکەین، دەبێ ئەو راستییە لە بەرچاو بگرین.

١- ئەمیر موحبییان ئیستراتیژیستی ئوسوولگەرا، ریفۆرمخوازەکان بە سێ گرووپ دابەش دەکا: ئەلف) رەوتی رادیکاڵ یان رەوتی سەوز، کە سیستم هەستیارییەکی زۆری لە هەمبەریان هەیە و لە لایەن بە تایبەت بەشی توندئاژۆی ئوسوولگەراوە بە دەرچوو لە چوارچێوەی سیستم دەژمێردرێن. ب) مەیلی ریفۆرمخوازیی بە ناوەندێتی محەممەد خاتەمی، کە وەک موحبییان باسی دەکا سنووربەندییەکی روونیان لەگەڵ رەوتی سەوز نەکردووە و نەیانتوانیوە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ سیستم باش بکەنەوە. ئەوانە لە پشت سەری روحانی هەنگاو دەنێن بەو هیوایە کە فەزاکە بگۆڕدرێ و دەرەتانی چالاکییان زیاتر ببێ. ج) گرووپی سێهەم کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ سیستم هەیە[ئەمانە لە لایەن بەشێک لە ریفۆرمخوازانەوە بە ریفۆرمخوازی ناراستەقینە دەژمێردرێن](١).

٢- دوالیزمی ریفۆرمخواز - سیستم: ریفۆرمخوازەکان دەڵێن ئەو دوالیزمە لە لایەن باڵی بەرامبەرەوە بە شێوەیەکی ئامانجدار دێتە ئارا. ئەوان دەڵێن بەشێکن لە سیستم و، هەوڵەکانیان لە پێناو پاراستن و بەهێز کردنی سیستم دایە. ریفۆرمخوازەکان هەوڵ دەدەن متمانەی سیستم بە دەست بێننەوە و لەم پێناوەدا رەخنە لە توندڕەوی بەشێک لە چالاکانی باڵەکەی خۆیان لە رابردوودا دەگرن. د. ئەحمەد نەقیب زادە، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆکانی تاران، دەڵێ:

ئەگەر ریفۆرمخوازەکان لە سەردەمی خاتەمی دا هەڵسەنگاوتر بجووڵابانەوە و ئەگەر توندڕەوی بەشێک لە ریفۆرمخوازەکان، کە سیستمیان ترساند، نەبایە، لەوانەبوو ئەحمەدی نژاد نەهاتبا سەرکار(٢). واتە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد بە چەشنێک دەبەستێتەوە بە توندڕەوی ریفۆرمخوازەکان.

٣- ریفۆرمخوازەکان بە نیازن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە جیددی بەشداری بکەن. ئەوان دەڵێن پاسیڤ بوون و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان دا هیچ قازانجێکی نییە و لە رابردووشدا هەر کات وایان کردووە، زیانی هەبووە. موحسین رەهامی سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژاردنەکانی شۆرای هاوئاهەنگیی ریفۆرمخوازەکان، لە وتووێژێک لەگەڵ رۆژنامەی ئێران چاپی سێ شەممە، ٢٥ی سەرماوەز دا دەڵێ: بە تەماین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری بکەین و بایکۆت هیچ جێگەیەکی لە نێو گرووپە ریفۆرمخوازەکان دا نییە، تەنانەت ئەگەر ناچار بین لە کەسانی غەیرەریفۆرمخواز و میانەڕەو پشتیوانی بکەین. ئەو هەروەها دەڵێ: هەوڵ دەدەین کەسانی میانەڕەو و «موعتەدیل» بچنە مەجلیس و تەنانەت پێمان باشە کەسانی کارناسی ئوسوولگەرا بچنە مەجلیس نەک ریفۆرمخوازی توندڕەو[!]

٤- پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئوسووگەرا میانڕەو(موعتەدیل)ەکان: ئەم باسەش لە نێو ریفۆرمخوازەکان دێ و دەچێ. هەندێکیان باس لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان دەکەن و کەسانێکیان دەڵێن کە ئەو بەرەیە بە شێوەیەکی نافەرمی لە نێوان ئەو دوو رەوتە دا هەیە. لەم پێوەندییەدا چەشنێک نیگەرانیش بەدی دەکرێ. ئیبراهیم ئەمینی ئەندامی حیزبی « ئیعتمادی نەتەوەیی» دەڵێ: «ئیتیلاف» لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان دەبێ بە وردبینی و حیسابکراو بێ، بۆ ئەوەی کە روانینی خەڵک و پێگەی جڤاکییان لە ئاست گوتاری ریفۆرمخوازیی دا خەوشدار نەبێ و ریفۆرمخوازەکان نابێ لەو پێناوەدا لە هەڵوێستە شوناس بەخشەکانی خۆیان بێنە خوارێ(٣).

٥- ریفۆرمخوازەکانیش بەهۆی نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیر، لەگەڵ چەشنێک ناروونی گوتار و چوارچێوەی تەشکیلاتی بەرەوڕوون. لەم بارەوە محەممەد رەزا عارف دەڵێ: ریفۆرمخوازەکان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە دروشم و گوتاری خۆیان لە چوارچێوەی رێکخستنێکی یەکگرتوو دا جێگیر بکەن. ئەو باس لە پێویستیی دارشتنی مانفێستێکی ریفۆرمخوازیی دەکا(٤). ئیلاهە کولایی چالاکێکی دیکەی ئەو باڵە دەڵێ: ئێمە پێش هەموو شتێک پێویستمان بە پێناسەیەکی روون و دیاریکراو لە خۆمان هەیە بۆ ئەوەی کە هەلومەرج بۆ کردەی کاریگەریی سیاسی پێک بێننن(٥).

٦- ریفۆرمی کۆمەڵگاتەوەر - دەسەڵات تەوەر: ئەمەش باسێکی دیکەیە کە لە نێو واندا دەکرێ. ئیلاهە کولایی دەڵێ: «ریفۆرم هەم کۆمەڵگاتەوەرە و هەم دەسەڵات تەوەر. دابەزاندنی ریفۆرمخوازیی بۆ کۆمەڵگاتەوەری کارێکی هەڵەیە کە لە لایەن هەندێک لە چالاکانی ریفۆرمیستەوە دەکرێ. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بە پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێن.



سەرچاوە
Serchawe

بەدەست هێنانی دەسەڵات یەکێک لە ئامانجەکانی ریفۆرمخوازەکانە، بۆ ئەوەی کە بە کەڵک وەرگرتن لێی، بتوانن ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری پێک بێنن.»

پەراوێزەکان:

١- رۆژنامەی ئیعتماد، یەکشەممە، ٢٣ی سەرماوەز

٢- ئیعتماد، دووشەممە، ٢٤ی سەرماوەز

٣ و ٥) ئیعتماد، چوارشەممە، ٢٦ی سەرماوەز

٤- ئیعتماد، سێ شەممە، ٢٥ی سەرماوەز

تێبینی: «نقل قول»ەکان زیاتر «نووسینەوە بە نێوەرۆکن.»

لە ژمارە ٦٤٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

### پێویستیی بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران

پرسە سیاسییەکان ئاڵۆز و چەند لایەنی و فرەرەهەندن. بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی نزیک لە واقیعمان لە سەر پرسێکی سیاسی هەبێ، دەبێ هەموو لایەن و رەهەندەکانی پرسەکە ببینین.

روانین و خوێندنەوەی چالاکی سیاسی یان ئەندامی حیزبێکی سیاسی لەگەڵ روناکبیر جیاوازی هەیە. چونکە توێژی یەکەم هەمیشە چاوێکی لە ئامانجە سیاسییەکەیەتی و لە شرۆڤەی پرسەکاندا رەچاوی کۆمەڵێک تێبینی و وردەکاریی سیاسی دەکا. بەڵام لێرەشدا دەبێ رێگە لەوە بگیرێ کە شرۆڤەی پرسەکان تەنیا لە سەر بنەمای دیتنی یەک رەهەند یان لایەنی ئەو پرسانە بێ؛ چونکە لەو حاڵەتدا شرۆڤەکە ناتەواو دەبێ، یان دبێتە شرۆڤەیەکی کاریکاتۆری یان لە خانەی شرۆڤە دەردەچێ.

بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی نزیک لە واقیعمان لە ئێران هەبێ، دەبێ ستروکتۆری کۆماری ئیسلامی، باڵەکانی نێو سیستم، ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و هتد بناسین و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکەین.

حیزبەکانی رۆژهەڵات کە لە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، رووی سیاسەتیان لە ئێرانە و مەیدانی چالاکیی سیاسییان، رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەبێ لێکدانەوەیەکی بەرۆژیان لە سەر کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ بزانن دۆخی ئێستای ئەو رێژیمە چۆنە. بەم هۆیەیە کە دەبێ بەدواداچوونی بەردەوام و سیستماتیکی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، ریزبەندییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕی نێو باڵەکانی رێژیم بکەن.

دۆخی ئابووری، یەکێک لە فاکتۆرەکانی کاریگەر لە سەر سیستمی سیاسییە. چالاک یان حیزبێکی سیاسی دەبێ بەردەوام خوێندنەوەی نوێی لە سەر دۆخی ئابووریی ئێران هەبێ، بەدواداچوونی ئەوە بکا کە ئەو دۆخە بەرەو باشتر بوون دەچی یان رۆژبەرۆژ خراپتر دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

باڵەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی، دابڕاو نین لە کۆمەڵگە؛ کەم و زۆر پاشخانی کۆمەڵایەتییان هەیە. پێویستە بزانرێ کە ئەو باڵانە چۆن خۆیان پێناسە دەکەن، چۆن خۆیان ڕێک دەخەن و بەرەوپیری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەچن، بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی دروستتر لە کۆماری ئیسلامی و فەزای هەڵبژاردنەکان بەدەست بێ و پێش بینییەکانیش ڕاستتر لە ئاو بێنەدەر.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات درووشمی ستراتیژیکیان لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە دەکەن، کەواتە ئەو ڕووداوانەی لە تاران ڕوو دەدەن، کاریگەری زۆری لە سەریان هەیە. کاریگەرییەک کە زۆر زیاترە لەو شتانەی کە لە هەولێر و کۆبانی و ئامەد ڕوو دەدەن. تازە ئەگەر ئەو حیزبانە ئامانجی سیاسییان بۆ سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتیش بگۆڕن، مادام لە ئێران جیا دەبنەوە، دەبێ بزانن لە ناوەند چ دەگوزەرێ و دۆخی سیستم بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا؛ بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەمە ئامادەکاری خۆیان بکەن.

ناکرێ لە دژی ئێران خەبات بکەی و ڕوو بە ئێران سیاسەت بکەی و لە چوارچێوەی ئێرانیشدا ئامانجی سیاسیی خۆت پێناسە بکەی، بەڵام کارت بەوە نەبێ کە لە تاران چ دەگوزەرێ. لێکدانەوەیەکی هەڵەیە کە دەگوترێ بەدواداچوونی کێشەی ناوەکیی ئێران نەکرێ، چونکە ئەمە پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئاشکرایە کێشەی ئەتۆمی لە هەر دوو حاڵەتی چارەسەر بوون و شکستهێنانی دا، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کۆماری ئیسلامی دەبێ.

بمانەوێ و نەمانەوێ کێبەرکێ لە نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی دا هەیە و لە پێناو دەسەڵات دا لەگەڵ یەکتر لە کێشمەکێش دان. مەبەست ئەوە نییە کە چالاک یان ئەندامی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن وەک یەکێک لە باڵەکان لە پرسەکان بڕوانێ. بەڵکوو ئەو، پێناسەی خۆی هەیە و خاوەنی سنووربەندییەکی فکری و سیاسییە و بۆ ئامانجێکی سیاسیی جیاواز و دیاریکراو تێ دەکۆشێ.

ئەندامی حیزبێکی سیاسیی ڕۆژهەڵات شرۆڤەی لە سەر پرسەکان دەخاتە خزمەت ئامانجەکەیەوە. بەڵام دەبێ ئەم کارە بە شێوەیەکی وردبینانە ئەنجام بدرێ، نابێ بە شێوەیەکی ئایدۆلۆژیک مامەڵە بکا؛ بەو مانەیە نابێ ئەو بەشانە لە واقیع، کە لەگەڵ هزر و ئامانجی سیاسیی ویدا نایخوێنێتەوە، نادیدەیان بگرێ.

ئەگەر لە ئەنجامی بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە باڵەکان، کرانەوەیەکی ڕێژەیی لە ئێران دا بێتە ئارا، دەکرێ ئەم کرانەوە ڕێژەییە دەرەتانێک بۆ خۆسازماندانی کۆمەڵگەی مەدەنی برەخسێنێ. چالاکیی مەدەنی و خۆسازماندانی کۆمەڵگە، پێویستیی بە لانی کەمیی کرانەوەی سیاسی هەیە. ناکرێ لە فەزایەکی بە تەواوی داخراودا، کۆمەڵگە خۆی ڕێک بخا و

سازمان بدا. دیارە هەرچی کۆمەڵگە سازماندراوتر و ڕێکخراوتر بێ، دەتوانێ حکومەت زیاتر ناچار بە پاشەکشە بکا.

راستە حیزبەکانی رۆژهەلات کێشەیان لەگەڵ تەواوییەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام بەو مانایەی لە سەرێ ئاماژەی پێکرا، کرانەوەیەکی ڕێژەییش دەکرێ لە راستای ئامانجی وان دا بێ. سیاسەت سفر و سەد نییە؛ بەو مانایە کە کەمتر لە سەد رەد بکرێتەوە. ئەگەر ئیمکانی جێبەجێ بوونی دەش هەبوو، بیستیش هەبوو، لە هەمانکاتدا کە نابێ ئامانجی سیاسیی خۆت لە بیر بکەی، بەڵام لۆژیکییە کە دە و بیستەکەش بە باش وەربگرێ و پشتیوانی لێ بکەی و بیکەیە قۆناغ و هاندەرێک بۆ دەسکەوتی زیاتر.

حیزبەکانی رۆژهەلات لەهەمانکاتدا کە لەگەڵ چالاک و ڕێکخراو و ئێن جی ئۆکانی نێوخۆ، دەتوانن دواجار لە بەرەیەک دا جێ بگرن، بەڵام پێناسە و گوتار و کارکردی دیاریکراوی خۆیان هەیە و، لەو ڕەهەندانەوە لە وان جیا دەکرێنەوە. حیزبەکانی رۆژهەلات دەتوانن بە شرۆڤەیەکی هەمەلایەنەی راستییەکان و، بە بەدواداچوونی بەردەوامی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، لە پێناو ئامانجەکانیاندا هەنگاو بنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی جانێوێری ٢٠١٥

## دەوڵەتی «ئینقلابی» و کێشەکانی

لە ئەنجامی شۆڕشی خەڵکی ئێران لە ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی دا، کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار. ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە نۆرم و بەها جیهانییەکانی قبووڵ نەبوو و لەگەڵ سیستمی زاڵی نێونەتەوەیی دژایەتی هەبوو. گرتنەبەری گوتارێکی توندئاژۆیانە و دانی دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش، ترسی خستە نێو دڵی دراوسێکانی ئێران و، ئەمەش بێ کاریگەر نەبوو لە سەر ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق هێرش بکاتە سەر ئێران و، لە ئاکام دا زیانێکی زۆری ماددی و مرۆیی بە ئێران بکەوێ.

گرتنەبەری پراکسیسێکی دژبەرانە لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی، تێچویەکی زۆری بۆ ئێران هەبووە. ئەگەر چاوێک بکەین لەو وڵاتانەی تازە گەشەسەندوون و لەم یەک دوو دەیەی دوایی دا هاتوونە نێو ریزی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیی، بۆمان دەردەکەوێ کە دەوڵەتەکانیان لە پێناو گەشەکردنی وڵاتەکانیان دا و، بۆ بردنەسەری ئاسایش و ئاستی خۆشبژێویی خەڵکەکەیان، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەرپرسیارانە جووڵاونەوە و بە جێی ئەوەکە لە سەر حیسابی وەدوا خستنی پێشکەوتنی وڵاتەکەیان، دژایەتیی نابەجێی زلهێزەکانی جیهانی بکەن، پرەنسیپ و ڕێوشوێنە جیهانگیرەکانیان لە بواری پەرەسەندن دا رەچاو کردووە. ئەو دەوڵەتانە تێگەیشتوون کە تەنیا بە هەڵسوکەتێکی باش لەگەڵ دنیای دەرەوە، دەتوانن خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و پێشکەوتوو بن. وڵاتی چین یەکێک لەو نموونانەیە کە بە تایبەت لە سەرەتای دەیەی ٨٠ی سەدەی بیستەوە، پێداچوونەوەیەکی بە دیسکۆرس و سترۆکتۆری «شۆڕشگێڕانەی مائۆئیستی»، بە تایبەت لە بواری ئابووری دا کرد و لە ئەنجامی ئەوەش دا توانی ببێتە دووەمین ئابووریی گەورەی دنیا.
لە بەرامبەردا ئەو وڵاتانەی کە تا ئێستاش لە »شۆڕشگێڕێتی ئیدیعایی» دەستیان هەڵنەگرتووە و خۆیان لە چواردیواری وڵاتەکانیان دا قەتیس کردووە، لەوپەڕی دواکەتوویی دا ژیان بەسەر دەبەن و خەڵکەکەشیان لە نەهامەتی و بێ مافی و هەلومەرجێکی دژواری ئابووری دا دەژین. کۆریای باکوور نموونەی زەقی ئەم گرووپەیە.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر چەند لە ساتە هەستیار و چارەنووسسازەکان دا، کە پێوەندی بە مانەوەی خۆیەوە هەبووە، بە شێوەیەکی پراگماتیستی جووڵاوەتەوە و هەنووکەش لە مەڕ پرسی ناوەکی، تا رادەیەک بەو شێوە ئایدۆلۆژیکیەی جاران هەڵسوکەوت ناکا، بەڵام لە بەر ئەوەی کە تا ئێستاش دەستی لەو گوتارە »شۆڕشگێڕیە ئیدیعاییە» هەڵنەگرتووە، زیانێکی زۆری لە گشت بوارەکانی ژیانی ئێران داوە. بەم هۆیەیە کە ئێمە ئەو هەموو کێشە و گرفتە لە ئێراندا دەبینین و ئەوەندە قەیران لە سەر یەک کەڵەکە بووە کە دەکرێ ئێران بە »وڵاتی قەیرانەکان» بناسین.

لە راستیدا هەر لە سەرەتاوە دوو گوتاری «بەرژەوەندی تەوەر» و «ئایدۆلۆژیک تەوەر»، لە سیستەم و رەوتی کارکردنی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ یەکتر ئاوێتە بوون، یان لە کێبەرکێدا بوون. واتە رێژیمی ئێران بە پێچەوانەی هەموو دەوڵەتە ناسراو و باوەکانی جیهان، کە لە رێڕەوی کارکردنیان دا بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان بەبنەما وەردەگرن، زۆر جار بەرژەوەندی و ئاسایشی خەڵکی کردۆتە قوربانی سیاسەتە ئایدۆلۆژیکەکانی. لە خۆڕا نییە کە بە پێی راپۆرتی ٢٠١٣ی بانکی جیهانی، ئێران بە پێی زۆربەی پێوانەکانی حکومەتداری، رەوشێکی نالەباری هەیە و تەنانەت دۆخیشی خراپتر بووە.

ئێران لەبەر ئەوەی کە تا هەنووکەش وەک دەوڵەتێکی «ئینقلابی» خۆی دەنوێنێ و دەجووڵێتەوە، زیاتر لە سەر بەسیج و سپای پاسداران سەرمایەگوزاری دەکا و هەوڵ دەدا بە پشتیوانی کردن و راکێشانی بزاڤە توندئاژۆکان بۆ لای خۆی و، لەم رێگەوە زیاتر کردنی کاریگەریی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، بوون و هێزی خۆی بسەلمێنێ.
دەتوانین بڵێین کە سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەڵگری چەشنێک دوالیزمە. ئەمەش هەم لە یاسای بنەڕەتی دا بەرچاو دەکەوێ و هەمیش رەنگدانەوەیەکی زەقی پراکتیکی هەیە. یەکێک لە کێشەکانی ئەو دەوڵەتە ئەوەیە کە یەکگرتوویی‌یەکی فکری و فەلسەفیی نێو سیستەمی نییە، ئەو فاکتەرەی لە دەوڵەتانی دیکە دا هەیە و بە بوونی ئەوفاکتەرەوەیە کە توانیویانە پێش بکەون. نەبوونی ئەو یەکگرتوویە ئاستەنگێکی گەورەی پێشکەوتنی ئێرانە. بۆ نموونە روانینێک لە سەر تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە پێ دادەگرێ و ئەمە بە مەرجی پەرەسەندنی ئێران دەزانێ، بەڵام روانینێکی دژیش هەیە کە بەو هێز و دەسەڵاتەی هەیەتی، ئاستەنگی لە بەردەم پراکتیزە بوونی روانینی یەکەم دا دروست دەکا. هەر بەم هۆیە کە کەسێکی وەک د. مەحموود سەریعولقەلەم، مامۆستای زانستە سیاسییەکان و راوێژکاری باڵای روحانی دەڵێ: کە لە ئێراندا شتێک بە ناوی «هەیئەتی حاکمە»، بەو شێوەیەی کە بە تایبەت لە وڵاتانی گەشەسەندوودا بەرچاودەکەوێ، بوونی نییە. ئەو تاقمە بەڕێوەبەرییەی کە لە سەر رێڕەو و پرەنسیپە گشتییەکانی گەشە کردنی وڵات کۆک بن و جیاوازییەکی دژبەرانەی فکری و فەلسەفییان لەگەڵ یەکتر نەبێ.

راستە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان، خۆی راگرتووە و خاوەن رۆڵ و کاریگەریشە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەگەر وەک دەوڵەتێکی «متعارف»، بەرژەوەندی و ئاسایشی خەڵکەکەی بە بنەما وەرگرتبا و لەم پێناوەش دا بەرپرسیارانە جووڵاباوە، بێگومان ئێستا ئێران یەکێک لە وڵاتە پەرەسەندووەکانی جیهان دەبوو. بە جێگەی ئەوە کە خەڵک تووشی هەژاری و نەهامەتی بن، لە ئاسایش دا دەژیان و، پاسپۆرتەکەشیان لە دنیادا بەرێز و قەدر دەبوو.

لە ژمارە ٦٤٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٥

## مەجلیسێک کە کوشراوی خەڵک نییە!

١- لە ئێراندا هەڵبژاردنەکان بە شێوەی دووقۆناغی بەڕێوە دەچن. پاڵێوراوان لە قۆناغی یەکەم دا دەبێ لە فیلتێری شۆرای نیگابان بگوزەرێن و پاشان خەڵک لە نێوان چەند پاڵێوراوی دیاریکراو، بەربژێرێک هەڵدەبژێرن. لە راستیدا لە ئێراندا «شێوەهەڵبژاردن»ێک بەڕێوە دەچێ کە مەودایەکی واتاداری لەگەڵ ستاندارده نێونەتەوەییەکانی هەڵبژاردن هەیە. بە گوتەی نەجاتوڵلا ئیبراهیمیان وتەبێژی شۆرای نیگابان، لە تاووتوێ کردنی شیاویی پاڵێوراوان دا، ئەسڵی «بەرائەت» بە کار نایەت، دەبێ شۆرای نیگابان بەو ئاکامە بگا کە ئەوان «ساڵح»ن. واتە بە پێچەوانەی هەموو سیستمە حقووقییەکانی دنیا، کە کەسەکان بێ گوناحن (لێرەدا شیاون)، مەگەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی بسەلمێ، لە روانگە و رەوتی کارکردنی شۆرای نیگابان دا، کەسانێک شیاویی پاڵێوراویی، بۆ نموونە بۆ مەجلیسن کە بسەلمێ هیچ «کێشە»یەکیان نییە. لەم روانگەوە کەسەکان گوناحکارن (نەشیاون)، مەگەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی بسەلمێ! بەو پێیە زۆر کەس لە مافی پاڵێوراوی بێ بەش دەبن.

٢- ئەگەر سیاسەتە گشتییەکانی هەڵبژاردن، کە هەنووکە لە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، تاووتوێ دەکرێ و هەندێک لە بەندەکانیشی پەسەند کراون، دواجار لە لایەن رێبەری کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند بکرێ و بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شۆراکانی شار و گوندیش (وەک هەڵبژاردنی سەرکۆماری)، دەبێ پاڵێوراوان زۆرینەی رەهای دەنگەکان بهێنن و، ئەگەر لە بیاڤێکی هەڵبژاردن دا هیچ کام لە پاڵێوراوان نەتوانن ئەو رێژەیە بە دەست بێنن، دەکەونە خولی دووەم. دیارە لە خولی دووەم دا هەر کەس زۆرینەی رێژەیی بە دەست بێنێ، لە هەڵبژاردن دا سەردەکەوێ.

ئەمە لە حاڵێک دایە کە تا ئێستا بە دەستهێنانی تەنیا یەک لە سەر چواری هەموو دەنگەکان، بۆ دانیشتن لە سەر کورسیە شینەکانی مەجلیس، پێویست بوو. پەسەند کرانی ئەم بەندە لە سیاسەتە گشتییەکانی هەڵبژاردن، لەگەڵ نارەزایەتیی بەشێک لە بناژۆخوازەکان بەرەوڕوو بووە. ئەوان داوا دەکەن کە خامنەیی دواجار ئەم بەندە پەسەند نەکا و رەتی بکاتەوە.

بە پێی ئامارەکان لە کۆی ٢٨٨ نوێنەری مەجلیسی نۆیەم، تەنیا ٦١ کەس توانیویانە سەرووی ٥٠ لە سەدی دەنگەکان بە دەست بێنن.

محەممەد رەزا رەحیمی جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد، لەنامەیەکی سەرئاوەڵادا کە لە دژکردەوە بە پشت بەردانی لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە، بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: میلیاردێک و ٢٠٠ میلیۆن تمەنی بە سەر ١٧٠ پاڵێوراوی بناژۆخوازی مەجلیسی

٨ دا، دابەش کردووە بۆ ئەوەی لە پڕۆپاگەندە و راکێشانی دەنگی خەڵک دا، بە کاری بێنن. واتە لانیکەم بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە لە بەندەکانی ١ و ٢ی ئەم نووسینەدا ئاماژەم پێ کردن، بە رانتی بنیاتەکانی دەسەڵات و پارە توانیویانە بچنە مەجلیس. پێدەچێ رێژەی ئەم چەشنە ساپۆرتە ماڵییە ناڕوونانە، لە خولەکانی دیکەی مەجلیسیش دا هەبووبێ و کێ دەزانێ لەوانەیە زیاتریش بووبێ! بە پێی میکانیزمی کار کردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی، سروشتییە کە ئەمە تەنیا بەشێک بێ لەو چەشنە ساپۆرتە ماڵییانەی، کە لە کێشمەکێشەکانی باوی نێو سیستمەوە، ئاشکرا دەبێ.

٣- لە درێژەی پرسیارە پەیتاپەیتاکانی مەجلیس لە وەزیرانی کابینە، دیسان محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوە، لە لایەن زیاتر لە ٢٠ نوێنەری بناژۆخوازی توندڕەو، پرسیاری ئێعترازیی ئاراستە کراوە. ئەو نوێنەرانە وێڕای زۆر توندڕەوی دەرەوەی مەجلیس، بە توندی هێرشیان کردۆتە سەر زەریف، لەبەر ئەوەی کە چەند خولەکێک لەگەڵ جان کێری لە ژێنێڤ پیاسەی کردووە! کردارێک کە لە پێوەندیگەلی دیپلۆماتیک دا بە تەواوی ئاساییە. ئەمە دەکرێ وەک بیانوویەک بۆ دژایەتی لەگەڵ پرۆسەی دانوستانە ناوەکییەکان، نیگەرانی لە بە ئەنجام گەیشتنی ئەو دانوستانانە و، هەراوهۆریا دروست کردنێک بۆ داپۆشینی پرسی گەندەڵیی محەممەد رەزا رەحیمیی هاوباڵیان لێک بدرێتەوە. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە ئایا ئەم نوێنەرانە هیچ ئەرک و کارێکی دیکەیان نییە کە گیر بەم شتە کەم بایەخانە نەدەن؟ لە حاڵێک دا ئەو هەموو گیروگرفتە لە ئێراندا هەیە و خەڵک بە دەستیانەوە دەناڵێنن، خۆخەریک کردن بەو شتە لاوەکییانە، ئایا لە بیر کردنی ئەرکی نوێنەرایەتی نییە، وەک ئەوان ئیدیعای دەکەن! ئێران هەنووکە چوارەمین وڵاتە لە هەبوونی رێژەی گرانی لە دنیادا؛ ئێران بۆتە بازارێک بۆ ساغ کردنەوەی شتومەکە کەم کوالێتیەکانی چین؛ بە هۆی گەمارۆکانەوە ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار زیانی وێ دەکەوێ؛ بە گشتی ئابووریی ئێرانیش لە دۆخێکی نالەبار دایە؛ ئەمە چەند نموونەیەکن لە دەیان کێشە و قەیرانی دیکە. لێرەدا نامەوێ لە روانگەیەکی ئەخلاقگەرانەوە لە شانۆی سیاسیی ئێران بڕوانم، ئەوەش دەزانم کە بە هۆی پەرەنەسەندوویی و پێنەگەیشتوویی سیاسی، باڵەکان، بە تایبەت باڵی پشت بەستوو بە بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان، ئامادەن بەرژەوەندیی خەڵک بکەنە قوربانی مەرامە سیاسییەکانیان. قسەکە ئەوەیە کە ئەو نوێنەرانە لەگەڵ هەر چەشنە کرانەوەیەک روو بە دنیای دەرەوە، کە مەرجێکی سەرەکی دەرباز بوونی بە تایبەت ئابووریی ئێرانە لە دۆخی نالەباری هەنووکەیی، دژایەتی دەکەن، مەبادا لە ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی پێوەندیەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە نوێنەر و کوشراو(عصارە)ی خەڵک نین؛ چونکە وەکیلی خەڵک دەبێ لە خەمی خەڵک و چارەسەری گرفتەکانیان دابن.

لە ژمارە ٦٤٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

## پێکهاتەیەکی دووفاقە و ناکارا

زانستی سیاسیی مۆدێرن پێناسەی خۆی هەیە و مێژووەکەی بۆ فیلسوفی ئیتالی نیکۆلۆ ماکیاوێلی لە سەدەی 16ی زایینی دەگەڕێتەوە. ماکیاوێلی سیاسەتی لە ئاسمانەکانەوە هێنایە سەر زەوی و وەک دیاردەیەکی زەوینی شیکردنەوەی بۆ کرد؛ ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ سێکۆلاریزم و چەمکی سیاسەتی دێموکراتیک. ئەمەو چەندین تایبەتمەندیی دیکە سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرن لە دەوڵەتەکانی بەر لە مۆدێرن جیا دەکەنەوە.

ئەگەر چاو لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی کۆماری ئیسلامی بکەین، دەبینین کە لە فۆرم گەلێکی ڕێکخراوەیی نوێ کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام ئەم هەیکەلە خاوەن ئاڵۆزییەکە و بە جۆرێک پێوەندییەکانی نێوان دامودەزگاکانی ڕێکخراوە کە ناهێڵێ ئەم فۆرمە نوێیانەی حکوومەتداری کارایی واقعیان هەبێ.

یاسای بنەڕەتی کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی تێدا دارێژراوە، خاوەن یەکگرتوویەکی فکری و فەلسەفی نییە و ئەمەش لە ڕوانین و کردەوەی دەسەڵاتدارنی ئەو ڕێژیمەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک دارێژراوە و پێناسە دەکرێ کە سەرێکی بە ئاسمانەوە بەندە و، سەرەکەی دیکەشی بە زەوینەوە. دوو سەرچاوەی ڕەوایی مێتافیزیکی و ماددی بۆ خۆی داناوە؛ بە پێچەوانەی سیستەمە دێموکراتیکەکان کە ڕەوایی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن، کۆماری ئیسلامی لە پێش هەموو شتێک دا خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەویی دەزانێ و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی شیعییزمی سیاسی دا خۆی پێناسە دەکا.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی گشتێکی یەکپارچە نییە و ئەمەش لە بنیات و دامەزراوەکانی دا خۆی دەردەخا. بنیات و دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان بە سەر ئەو بنیاتانەی، کە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێ، زاڵن و ئەمەش بڕستی لە ڕەهەندیی دێموکراتیکی سیستم بڕیوە.

بیری سیاسیی کۆماری ئیسلامی، هەڵگری پارادۆکسێکی جەوهەرییە. ئەمەش یەکدەست کردنی سیستم ناوومکین دەکا و دووبەرەکی و نایەکگرتوویی لە نێوخۆیدا بەرهەم دێنێتەوە.

سەڕەرای ئەوە کە ٣٦ ساڵ لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ، بەڵام بە هۆی چییەتیی دژبەیەکی ئەو ڕێژیمە،

باڵەکانی ڕێژیم خوێندنەوەگەلێکی جیاواز لە شۆڕشی ١٣٥٧ و ئامانجەکانی دەکەن. لە ڕوانگەی توندڕەوەکانەوە، ریفۆرمخوازەکان دەیانەوێ شۆڕشی بە گوتەی خۆیان ئیسلامی، لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا قەتیس بکەن و لە نێوخۆش دا لە نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ بکەنەوە. توندڕەوەکان هێشتاش لە سەر چییەتیی سەروونەتەوەیی شۆڕشی ١٣٥٧ پێ دادەگرن و وازیان لە خواستی هەناردە کردنی شۆڕش نەهێناوە و ئەمەش لە ئاژاوە نانەوە و یارمەتیدانی گرووپە توندئاژۆکانی ناوچەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرامبەردا ریفۆرمخوازەکان خوێندنەوەیەکی واقعیتر لە شۆڕشی ١٣٥٧ دەکەن. خوێندنەوە جیاواز و دژبەیەکەکان تەنیا تایبەت بەو پرسە نین بەڵکوو لە زۆر بوار و پرسی دیکەش دا بەرچاو دەکەون. باڵی دەستڕۆیشتووی نێو سیستم، لە رابردوودا قەتیس ماوە و بەم پێیەش ئەولەوییەتەکانی ڕێژیم پێناسە و دیاری دەکا.

لە دنیای مۆدێرن دا دەوڵەتەکان سەلاحییەتی پێویستیان هەیە و لە بەرامبەر خەڵکیش دا وەڵامدەر و بەرپرسیارن. واتە شوێنی بڕیاردان دیارە و ئەگەر لە بوارێک دا کەم و کووڕی و گیروگرفتێک بێتە ئارا، خەڵک دەزانن کێ بەرپرسیارە و دەزانن ڕەخنە و داواکارییەکانیان ئاراستەی کێ بکەن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی باڵادەستیی بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکان، دەسەڵاتەکانی دەوڵەت سنووردارە و لە بواری جۆراوجۆردا ناوەندگەلێک بڕیار دەدەن کە لە بەرامبەر خەڵک و مەجلیس دا وەڵامدەر نین و خۆیان بەرپرسیار نازانن. ئاڵۆزیی سیستمی کۆماری ئیسلامی توانا و ئیمکاناتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدا و ئەمەش وایکردووە کە ئەو ڕێژیمە نەتوانێ قۆناغەکانی پەرەسەندن ببڕێ و هەتا ئێستاش ئێران لە خانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن دا بمێنێتەوە. لە ئێراندا زۆر گرفت هەن کە کەس لە هەمبەریاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و هەر دامەزراوەیەک خەتاکە دەخاتە ئەستۆی ئەوی دیکە.

لە مۆدێرنیتەی سیاسی دا ئاسایش و خۆشبژێویی خەڵک لە سەرووی ئەولەوییەتی دەوڵەتەکان دا جێ دەگرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئامانجە لابەلاکانی دا بە ئاسانی ئاسایشی خەڵکەکەی قوربانی دەکا. وڵاتی ئێران لە ئەنجامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دا بۆتە جەهەننەمێک کە خەڵکەکەی بە ئاواتی ژیانێکی ئاسوودە، بە جێی دێڵن و ڕێگەی هەندەران دەگرنەبەر. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کاریگەریی هەیە و حیسابی لە سەر دەکرێ، بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئاسایی و عاقڵ نییە و ئامادەیە لە پێناو ئامانجەکانی دا خەڵک و وڵاتەکەی بکاتە قوربانی.

وەک دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دەوڵەتانی مۆدێرن، پێکهاتەیەکی دووفاقی هەیە. تەنیا سەرچاوە و پێگەیەکی زەوینی بۆخۆی قایل نییە، بەڵکوو ڕوانینێکی مێتافیزیکی و بەر لە مۆدێرنیشی بۆ دەوڵەت هەیە. خاوەن بیرێکی سیاسیی یەکگرتوو و تەبا لەگەڵ سەردەم نییە. ئۆرگان و بنیاتەکانی بە پێی دەسەڵات و بەرپرسایەتییان، خۆیان بە وەڵامدەر و بەرپرسیار نازانن؛ ئۆرگانی وا هەیە دەسەڵاتی زۆرە، بەڵام کەس ناتوانێ لێپرسینەوەی لێ بکا. بە گشتی

سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی خەڵکیی و شەفاف نییە کە بە میتۆدێکی زانستی و بە لە بەرچاو گرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، لە سەر پرسەکان ساغ بێتەوە و هەموو ئیمکان وتواناکان لە پێناو گەشەسەندنی وڵات دا بخاتە کار.

**لە ژمارە ٦٥٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٥**

---

# چەند سەرنجێک لە سەر پرسی ئەتۆمیی ئێران

١- بڕیاردان بۆ ڕێککەوتن لە سەر پرسی ئەتۆمی لە ئێراندا ئاسانترە. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا ڕێبەر لە سەرووی سیستم جێ دەگرێ و قسەکانی تا رادەیەکی زۆر یەکلاکەرەوەن. ئەگەر سیاسەتێک بە پەسەندی ڕێبەر بگا، جێبەجێ دەکرێ و هەموو بنیات و ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات خۆی لەگەڵ دەگونجێنن. ئەو روانینەی کە هەنووکە لە پرۆسەی دانوستانەکان دا کاری پێ دەکرێ، بە پەسەندی ڕێبەری گەیشتووە. دیارە ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کە دژبەرانی رەوتی هەنووکەیی دانوستانەکان وازیان لە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ئەم رەوتە هێناوە. مەبەستم زیاتر ئەوەیە بڵێم تا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی قەناعەت پێ نەهێنن کە ئەم رەوتە بە قازانجی سیستم نییە و ئەویش پێداچوونەوە بە سیاسەتی پێوەندیدار دا نەکا، رەوتی ئێستای دانوستانەکان درێژەی دەبێ.

٢- ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی دا بڕیار نادا. پرسی ئەتۆمی لە شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بڕیاری لە سەر دەدرێ و دواجار بۆ ئەوەی بڕیاری ئەو شۆرایە ببێتە یاسا و کاری پێ بکرێ، دەبێ بە پەسەندی ڕێبەریش بگا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە دەوڵەت و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم تەنیا بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری پرۆسەی دانوستانەکان نین، بەڵکوو لە سیاسەتدارێژی ئەم پرسەش دا بەشدارن. یەکەم ئەوەی کە لە ١٢ یان ١٣ ئەندامی شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لانی کەم 6یان ئەندامی کابینەی دەوڵەتن و بە تایبەت سەرۆکی شۆرا سەرکۆمارە و دەبیرەکەشی لە لایەن ویەوە دیاری دەکرێ. دووەم: ئەو وێنا و زانیاریانەی کە لە لایەن تیمی دانوستانکاری ئێرانەوە پێشکەش بە شۆرا دەکرێ و، چۆنییەتیی وێنا کردنی رەوتی دانوستانەکان و فۆرمۆلە کردنی ئەو راپۆرتانەی بە شۆرا دەدرێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر بڕیارسازیی لە مەڕ پرسی ئەتۆمی هەبێ. ئەگەر جیاوازیی میتۆدیی تیمی دانوستانکاری هەنووکەیی لەگەڵ تیمی سەعید جەلیلی لە بەرچاو بگرین ئەو راستییەمان چاکتر بۆ دەردەکەوێ و ڕێبەریش دەرەتانێک بە دەرکەوتنی میتۆدە جیاوازەکان دەدا.

٣- لە پێکهاتەی سیاسیی ئەمریکادا سەرکۆمار بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوە دا دەسەڵاتی زۆرە. ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر مێزی دانوستانەکان پێڕەو دەکرێ، روانین و دەستپێشخەریی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان بە دەربڕینێکی دیکە دەوڵەتی ئۆبامایە. لەگەڵ ئەوەش دا کۆنگرەی ئەمریکا دەسەڵاتدارە و دەتوانێ لە سەر رەوتی دانوستانەکان کاریگەریی هەبێ. ئەو رۆڵەی کۆنگرەی ئەمریکا دەتوانێ لە رەوتی دانوستانەکاندا هەیبێ، ناکرێ لەگەڵ نەخشی مەجلیسی ئێران لەم بارەوە بەراورد بکرێ؛ چونکە مەجلیسی ئێران کارایی واقعی نییە و لە ژێر هێژمۆنی وەلی فەقیە و ناوەندە هەڵنەبژێراوەکان دایە. بانگهێشت کرانی سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە لایەن سەرۆکی کۆماریخوازیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکاوە، بە بێ

هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەت، سەلمێنەری ئەو راستییەیە.

٤- وا دەزانرا کە گۆنگرەی نوێی ئەمریکا دوای دەست بەکار بوونی، گەمارۆی نوێ لە دژی ئێران پەسەند دەکا و بە کارەش رەوتی دانوستانەکان تووشی ئاستەنگی دەکا. بەڵام بە پێچەوانەی رواڵەتی سەرەتایی، کۆماریخوازەکان نەرمتر بوون و تا ئێستا هیچ پرۆژەیاسایەکی گەمارۆی نوێیان نەخستۆتە دەنگدانەوە و لانی کەم تا ٢٤ی مارس دەستیان راگرتووە.
بەشێک لە هەراهۆریای کۆماریخوازەکان لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی نێوان دەورەیی کۆنگرەدا، واقعی نەبوو و بێجگە لەوەش کۆماریخوازەکان سەرەڕای جیاوازیی شێوەروانین و تاکتیکییان لەگەڵ دێموکراتەکان، پاراستنی بەرژەوەندی و پرێستیژی دەوڵەتی ئەمریکایان بەلاوە گرینگە و ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە سەر ئەوەی کە کۆماریخوازەکان نەبنە هۆکاری پێشێل کردنی رێککەوتنی کاتیی ژێنێڤ، لە لایەن ئەمریکاوە. فاکتەرێکی دیکە کە لەم نێوەدا دەوری بینی، پێداگری ئۆباما بوو لە سەر ئەوەی کە هەر چەشنە گەمارۆیەکی نوێ لە لایەن کۆنگرەوە، ویتۆ دەکا. ئەوتا دەبینین دوای وتاردانەکەی سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە کۆنگرەش دا، ئۆباما دەڵێ کە قسەکانی ناوبراو هیچی تازەیان تێدا نەبوو و هیچ رێکارێکی کردەیی بەدیلی پێشنیار نەکرد. ئۆباما هەروەها دەڵێ ئەگەر لەگەڵ ئێران رێککەوتن نەکرێ، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە خێرایی پەرە دەستێنێ.

٥- نەهێنی کارییەکانی ئێران لە رابردوودا بێ متمانەییەکی زۆری بە نیسبەت ئەو وڵاتە دروست کردووە. بەڵام ئێستا ئەو بێ متمانەییە بەو توندیەی جاران نەماوە و ئەوەتا بەرپرسانی دەوڵەتی ئۆباما دەڵێن ئێران بە تەواوی پابەندی رێککەوتنی کاتیی ژێنێڤ بووە و بە جیددیش وتوویژ دەکا. ئێران لە رووی پێگەی سیاسی و ئیستراتیژیکەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆخێکی باشی هەیە و ئەمەو وێڕای گرفتارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، نەخشێکی ئەرێنی لە رەوتی وتوویژەکان دا هەیە.
شپرزەیی بێ وێنە و ئاسۆی ناڕوونی ئابووریی ئێران وایکردووە کە ئێران ناچار بێ، بە جیددی وتوویژ بکا بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە سەر کێشە ئابوورییەکانی دا زاڵ بێ. راستییەکەی ئەوەیە کە ئێران لە زۆر بواردا پاشەکشەی کردووە و ئێستا نیگەرانی ئەوەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بەوەندەش رازی نەبن و لە جیاتی کۆتایی هێنان بە پرسی ئەتۆمی، مودیرییەتیی ئەم پرسە بکەن.

وەک زۆر شرۆڤەکار و لایەنەکانی پێوەندیدار دەڵێن ئەگەری رێککەوتن بە نیسبەت چەند مانگ لەمەوبەریش زیاتر بووە، با بزانین دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییەکان و فاکتەرە دژەکان چەندە دەتوانن بەر بەم رێککەوتنە بگرن.

لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەستێنەکانی توندڕەوی

لەم دواییانەدا کۆمەڵێک بە ناو لیباس شەخسی و ئەو هێزانەی کە بە خودسەر ناسراون، لە شیراز هێرشیان کردە سەر عەلی موتەهەری، نوێنەری بناژۆخوازی مەجلیس، کە لە لایەن ڕێکخراوێکی خوێندکاریی زانکۆیەکی ئەو شارە، بۆ پێشکەش کردنی وتارێک بانگهێشت کرابوو.

ئەوەی کە ئەو هێزانە سەر بە کام ناوەندی دەسەڵاتن و لە کوێوە ئاراستە دەکرێن، ڕوون و ئاشکرایە و لەم وتارەش دا ناپڕژێینە سەری. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەو هێزانە دوای ٣٦ ساڵ لە شۆڕشی ١٣٥٧، بوونیان هەیە و ڕۆڵ دەگێڕن؟ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی ئەو هێزانە چییە؟ پێکهاتەی ناجێگیری کۆمەڵگە و پێکهاتەی سیاسی و ئابووریی ئێران چ نەخشێکی لەم نێوەدا هەیە؟

١- لە زۆربەی شۆڕشەکانی جیهاندا، دوای قۆناغێک لە توندڕەوی و ڕادیکالیزم، ڕەوتی کاروبارەکان حاڵەتێکی ئاسایی وەردەگرێتەوە و ئاوەزمەندیی و واقیعگەرایی جێی کەف و کوڵ و سۆزداریی شۆڕشگێڕانە دەگرێتەوە. ئەو بۆچوونە لەگەڵ شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران ناگونجێ و هەتا ئێستاش لایەنگەلێکی بەهێزی نێو دەسەڵات، لەو کەف و کوڵە شۆڕشگێڕییەدا ماون و لە هەموو ڕێکارەکانی تایبەت بە قۆناغی توندئاژۆیی کەڵک وەردەگرن.

٢- ئێران هەتا ئێستاش لە قۆناغی ڕاگوزاری گەشەسەندن تێ نەپەڕیوە. ئێران نە بە تەواوی وڵاتێکی نەریتییە نە بە تەواویش مۆدێرن. ئێرانییەکان خاوەنی مێشک و کەسایەتییەکی یەکگرتوو نین و دەرکەوتەکانی نەریت و مۆدێرنیتە بە شێواوی و تێکەڵاویی لە هەموو کایە و جومگەکانی ژیان دا ڕەنگدانەوەی هەیە. بەم پێیە سیستمی سیاسیی ئێرانیش، سیستمێکی ئاڵۆز و ناکارایە و، ئەمەش وایکردووە کە هێزی مرۆیی ئێران ڕێک نەخرێ و لە پێناو گەشەسەندنی وڵات دا بەکار نەهێنرێ.

لە ئێراندا پێوەندیی نێوان زانستە مرۆییەکان و بەڕێوەبەریی وڵات لاوازە، دیاردەیەک کە بە پەراوێز خران و دوورکەوتنەوەی کارناسان لە بواری سیاسەت دا ناوزەد دەکرێ.

ئەگەر بە چاوێکی کارناسانە لە مەیدانی سیاسەتی ئێران بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی سیاسەت لە ئێران دابەزیوە



سەرچاوە Serchawe

و بوارە جۆراوجۆرەکان بە شیوەیەکی شارەزایانە بەڕێوە نابرێن. هەر کەس بە خۆی حەق دەدا کە لە زۆر بواردا نەزەر بدا بێ ئەوەی کە شارەزایی پێویستی هەبێ.

پێکهاتەی سیاسی و راگوزاری کۆمەڵگەی ئێران، وایکردوو کە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری زۆر گوتار و هێزی جیاواز و دژبەیەک بێ کە بە شێوەیەکی مەدەنی لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت ناکەن و بە هۆی ناجێگر بوونی یاساش، ئەو رەفتارانە پەرە دەستێنن.

٣- هەتا ئێستاش دەوڵەتی ئێران دەوڵەتێکی رانتی نەوتی یە. ئەم دەوڵەتانە لە جیاتی ئەوەی کە پشت بەستوو بە باج و گومرگ بن، لە رێگەی فرۆشتنی نەوتی خاوەوە کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن.

هەتا ئێستاش بەشێکی گەورەی بودجەی ئێران پشت بەستوو بە نەوتە. لە جیاتی ئەوەی کە دەوڵەت لە رووی مادییەوە وابەستەی خەڵک بێ، خەڵک چاولەدەستی دەوڵەتن. ئەم راستییە وایکردووە کە دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر لە بەرامبەر خەڵک دا بێ منەت بێ و گوێ نەداتە داخوازییەکانیان. لە لایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی کە ئەو رێکخراو و حیزبانەی کە هەن، لە رووی مادییەوە سەربەخۆ نین و دەوڵەت دابینیان دەکا، بۆیە ناتوانن ببنە فشار بۆ سەر دەسەڵات و لە حاڵەتی هاتنە ئارای کردەوەگەلێکی دەرەوەی یاسا، دەسەڵات ناچار بە وەڵامدانەوە بکەن.

لە دەوڵەتگەلی رانتی نەوتی دا کەسانێک بۆ خۆ بەخێو کردن دەکەونە خزمەت دەوڵەت و بە هەموو شێوەیەک لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەهێنرێن.

٤- لە ئێراندا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز بوونی نییە. کۆمەڵگەیەک کە بتوانێ رێ لە سەرەڕۆییەکانی دەسەڵات بگرێ. دەسەڵاتیش زیاتر خوازیاری کۆمەڵگەیەکی نارێکخراوی تودەییە کە بتوانێ لە کاتی پێویست دا لە پێناو ئامانجەکانی دا رێکی بخا و بەکاری بێنێ.

چینی نێوەڕاست چاوگەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دێموکراسییە. لەم ساڵانەی دوایی دا بە هۆی قەیرانی ئابووری، چینی نێوەڕاست تووشی چەشنێک لاوازیی بووە و تەنانەت بەشێک لەو چینە بە تایبەت لە رووی مادییەوە بۆ چینی خوارەوە دابەزیوە. ئەمەش کاریگەری لە سەر ئەولەوییەتەکانی بەشێک لە چینی نێوەند داناوە و بژێوی ژیانی کردۆتە خەمی سەرەکییان.



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەوە هێزە نەریتی و چینەکانی خوارەوەن کە بەستێن و پشتیوانی توندڕەوەکانن. ئەو هیزانەی کە بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیانیان گرێدروای دەسەڵاتن. ئەو هێزانەی کە نامۆن بە بەها دێموکراتیکەکانی ئەمڕۆیی و لە چوارچێوەیەکی قەتیس ماوی ئایدۆلۆژیک دا ژیان بە سەر دەبەن.

ڕووداوی هێرش بۆ سەر عەلی موتەهەری، ڕووداوێکی نامۆ نییە لە شانۆی سیاسیی ئێراندا؛ ئەم ڕووداوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەوتێکی بەهێزی نێو دەسەڵات خۆی پابەندی یاسا نازانێ و لە هەموو ئامرازە نایاساییەکانیش بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێ. ڕەوتێک کە لە مەیدانی مەنتق و مەعریفەدا لاوازە و هەر بەم هۆیەش پەنا بۆ ئەو کارانە دەبا. سەیر و سەمەرەیی کۆماری ئیسلامی لەوەدایە کە ڕەوتگەلێکی وەک ئەنساری حیزبوڵڵا و لیباس شەخسییەکان ئەوەی بە لایانەوە گرینگ نییە یاسایە و بە قەولی خۆیان بە گوێرەی تەکلیفی شەرعی! دەجووڵێنەوە.

لە ژمارە ٦٥٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێککەوتنی شیمانەیی، ئابووری و مافی مرۆڤ

بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئاسایی مافی هەر مرۆڤێکە. زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی کە ئەمڕۆکە لە ئێراندا هەن، وەک تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، لاوازیی ڕۆحی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی، لاوازیی نۆرم و بەها ئەخلاقییەکان، ڕیشەیەکی ئابوورییان هەیە و لە حاڵەتی خراپ بوونی دۆخی ئابووریدا زیاتر پەرە دەستێنن. ئەگەر پێناسەیەکی بەرفراوانتر بۆ چەمکی مافی مرۆڤ بکەین، ئەو نموونانە لە چوارچێوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دا جێ دەگرن. دۆخی ئابووری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ کاریگەریی هەیە، لانی کەم دەتوانێ بەستێنێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە یان خەمساردی لە هەمبەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دا پێک بێنێ.

لەم ماوەیەدا کە پرسی ئەتۆمیی ئێران لە ڕۆژەڤ دا بووە، بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە هاتۆتە ئارا کە چارەسەری پرسی ئەتۆمی، چ کاریگەرییەکی لە سەر ئابووری و مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەبێ؟ لەم وتارەدا ئاماژە بە دوو گرووپ دەکەم کە هەر کامیان لە سۆنگەی خۆیانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە و دواتر لە ڕوانگەی خۆمەوە لە باسەکە ئاکام وەردەگرم.

١- گرووپی یەکەم پێیان وایە کە ڕێککەوتنی شیمانەیی، ئابووریی ئێران تا ڕادەیەک دەبووژێنێتەوە، پێگەی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر دەکا و ئەمانەش تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژتر دەکەنەوە، بۆیە دژی هەر چەشنە ڕێککەوتنێکن لە نێوان ئێران وولاتانی ٥+١ دا.

لەم ڕوانگەوە کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی نەگۆڕ و داخراو و ئایدۆلۆژیکە کە هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکرێ و تەنانەت لە حاڵەتی ڕێککەوتن دا دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت لە نێوخۆی دا ئاوەڵاتر دەبێ. بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەم گرووپەدا جێ دەگرن.

ئەم گرووپە دەڵێن ئەگەر ڕێککەوتن نەکرێ و پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە ئاسایی نەبێتەوە، زەختەکان لە سەر ئێران زیاتر دەبن، ئێران زیاتر تەریک دەکەوێتەوە و ئابووریی ئێران بەرەو لاوازیی زیاتر هەنگاو دەنێ، تا دواجار یان کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ڕێکاری نیزامی کەڵک وەردەگرێ یان کاسەی سەبری خەڵکی ئێران پڕ دەبێ و لە دژی ڕێژیم ڕادەپەڕن و تۆماری ڕێژیم تێکەوە دەپێچن.

٢- لە بەرامبەر دا گرووپی دووهەم دەڵێن ئەگەر ڕێککەوتن بکرێ، شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە تا ڕادەیەک ئابووریی ئێران ببوژێتەوە. لە ئەنجامی ڕێککەوتن دا تا ڕادەیەک دەرگاکانی نێونەتەوەیی بە رووی ئێراندا دەکرێنەوە، ئەمەش یارمەتی بە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی ئابووری دەکا و دۆخی ژیان و گوزەرانی ماددیی خەڵکیش باشتر دەبێ. بەم پێیە ئەو خەڵکانەی کە ڕاکردن بە دوای بژێوی ژیان دا، هیچ وەختێکی بۆ بیر کردنەوە لە پرسەکانی دیکە بۆ نەهێشتبوونەوە، ئەمجارە پشوویەکیان دێتەوە بەر و دەرفەت پەیدا دەکەن کە بیر لە پەرەسەندنی سیاسیش بکەنەوە. لە لایەکی دیکە چینی نێوەڕاست کە بە دینامیزمی گۆڕان و ناوەندی دێموکراسیخوازی لە قەڵەم دەدرێ، بەهێزتر دەبێ و ئەمەش ئاستی چاوەڕوانییەکانیان دەباتە سەر و دەتوانن لە ئەنجامی فشار هێنانی زیاتر بۆ سەر حکومەت دا، یارمەتی بە گەشەی دێموکراسی بدەن. لە خۆڕا نییە کە زۆر بیرمەند پێیان وایە کە پەرەسەندنی ئابووری دواجار یارمەتی بە گەشەی دێموکراسیش دەدا. بەم پێیە گرووپی دووەم پێیان وایە کە ڕێککەوتنی شیمانەیی بە تایبەت لە درێژماوەدا بە قازانجی ڕەوتی دێموکراسی لە ئێراندا تەواو دەبێ.

## ئاکامگیری:

ئەگەر چاوێک لە کۆریای باکوور بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە تەریککەوتنەوەی ئەو وڵاتە و داتەپینی دۆخی ئابوورییەکەی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە دژی ڕێژیمەکەیان ڕاپەڕن و ئەمانەش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە باشتر بێ. کوباش نموونەیەکی دیکەی لەم چەشنەیە.

لە بەرامبەردا چین وڵاتێکە کە میکانیزمی بازاری ئازاد پێڕەو دەکا و خاوەن پێوەندی و هەڵسووکەوتێکی زۆر باشە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەتا ئێستاش لە بواری ئازادی و دێموکراسیدا گەشەیەکی ئەوتۆ و هاوسەنگی بە خۆیەوە نەدیوە. ئەو نموونانە پێمان دەڵێن کە نە تەریککەوتنەوە و خراپی دۆخی ئابووری، حەتمەن دەبێتە هۆی ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی دەوڵەتێک و، نە باشتر بوونی دۆخی ئابووری و هەبوونی پێوەندییەکی باش لەگەڵ دنیای دەرەوە، حەتمەن دەبێتە هۆی باشتر بوونی دۆخی مافی مرۆڤ.

ڕێژیمگەلی دیکتاتۆر کاتێک لەگەڵ گەمارۆی ئابووری بەرەوروو دەبن، ئەو گەمارۆیانە بە سەر خەڵک دا دەبەشنەوە و ئەوە زیاتر خەڵکە کە تووشی زۆر و زەحمەتی دەبن. نموونەکانی کۆریای باکوور و کوبا، نیشان دەدەن کە لەوانەیە ئەو جۆرە ڕێژیمانەش ماوەیەکی زۆر لە سەر کار بمێننەوە و مەرج نییە کە حکومەتێک کە دۆخی ئابووریەکەی خراپ بوو یان تەریک کەوتەوە، زوو بڕووخێ. بێجگە لە وانەش ڕێککەوتنی شیمانەیی بە مانای دەستەوەستانی لە هەمبەر ڕێژیم دا نییە، دەکرێ لە ڕێگەی خۆسازماندانی زیاتری خەڵک، فشار زیاتر بۆ سەر ڕێژیم بهێنرێ. هەروەک چۆن ڕێژیم لە ژێر زەختدا ناچار بوو

بە سیاسەتی ئەتۆمیی خۆیدا بچێتەوە، ئەگەر فشاری بۆ بێ، لەوانەیە لەبوارەکانی دیکەش دا پاشکەشە بکا. ئەگەر هەتا ئێستا دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپە، بۆ نارێکخراو بوونی کۆمەڵگە و لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەگەڕێتەوە. کە هەر چەشنە کرانەوەیەکی رێژەیی لە بواری ئابووری و سیاسیدا دەتوانێ یارمەتی بە بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بکا. هەمووی ئەوانەش پێمان دەڵێن کە رێژیمێک هەرچەند داخراو و دیکتاتۆر بێ، لەوانەیە لە ژێرفشاردا مل بۆ هەندێک شت بدا؛ بۆیە نابێ لە هیچ حاڵەتێکدا بێ هیوا بین، دەبێ لە تێکۆشان بەردەوام بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٥

## لێک تێگەیشتنی سیاسیی لۆزان و هۆکاری خوێندنەوە جیاوازەکان

سەرەنجام دوای ٨ رۆژ دانیشتنی لۆزان، ئێران و وڵاتانی ٥+١، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە کە لە لایەن موگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە ئینگلیزی و فارسی خوێندرایەوە.

دوابەدوای دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە، کە هێڵە سەرەکی و رێگەچارە گشتییەکانی رێککەوتنی کۆتایی،لە خۆدەگرێ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئێران، لە دوو سەنەد و متنی جیاوازدا، خوێندنەوەی خۆیان لەو بەیاننامەیە بڵاو کردەوە، کە وەکوو یەکتر ناچن.

ئەگەر بە پێی سەنەدی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێ، ئێران بە تەواوی پاشەکشەی کردووە و لە هێڵە سوورەکانی خۆی گوزەراوە؛ لە بەرامبەردا بە پێی مەتنێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەریکردووە، ئێران ئیمتیازی زۆری بە دەست هێناوە. بە پێی مەتنی ئەمریکا، وەفدی ئێران، تەسلیمی خواستی ئەمریکا بوون و بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانیان خستۆتە نێو پرۆسەیەکی پڕ کێشمەکێش، کە ئەمریکا هەر کاتێک بیەوێ دەتوانێ بیانووی پێ بگرێ و گیری پێ بدا!

**یەکەم**: وەفدی دانوستانکاری ئێران، دەسەڵاتی رەهای نەبووە و لە چوارچێوەیەک دا کە بۆیان دیاری کراوە، توانای عەمەل و ئیمتیاز دانیان هەبووە، مەنتق و پێویستیی وتووێژیش پێمان دەڵێ کە لە لۆزانیش را بەردەوام لەگەڵ تاران هاوئاهەنگیان کردووە. کە واتە بەو پێیە و، بە پێی ئەو هەڵوێستانەی کە ئێران رایگەیاندووە و ئەو هێڵە سوورانەی دیاری کردوون، پێ ناچێ کە ئەو سەنەدەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، مەتنی ئەسڵی رێککەوتنەکە بێ.

**دووەم**: ئەو قسەیەی ئۆباما کە هیچ بەربژێرێکی باشتر و کردەییان، بێجگە لە دانوستان و رێککەوتن، لە بەردەم دا نییە کە رێ لە پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و دەست راگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی بگرێ، ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێ ناچێ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ٥+١، توانیبیان بەو رادیە لە ئێران ئیمتیاز وەربگرن یان باشتر بڵێین پاشەکشەی پێ بکەن.

**سێیەم**: پشتیوانی و رێزلێنانی پێش نوێژی هەینی تاران و مەشهەد، لە هەوڵەکان و خۆڕاگریی وەفدی دانوستانکاری ئێران،



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ئەگەرە، کە مەتنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەنەدی ئەسڵی لێک تێگەیشتنەکە بێ، کەمتر دەکاتەوە. لەوانەشە ئەگەر وەفدی ئێران ئەو هەموو پاشەکشەیەی کردبێ، لە لایەن رێبەری کۆماری ئیسلامی و توندئاژۆکانەوە لێیان قبووڵ نەکرێ.

**چوارەم:** شیمانەیەکی لاوازتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی، ئەگەر تا ئەو رادەیەش پاشەکشەی کردبێ، بیشارێتەوە و هەر وەکوو سەرکەوتن وێنای بکا.

ئەو بەیاننامە هاوبەشەی کە موگرینی و جەوادی زەریف خوێندیانەوە، مەتنێکی دەقیقی حقوقی نییە و ناروونی تێدا هەیە و، پێدەچێ وردەکارییەکانی ئاشکرا نەکرابن. بۆیە هەر لایەنەو تەفسیری خۆی لە چوارچێوەی مەتنێک دا بڵاو کردۆتەوە کە لایەنێکی بەهێزی دیپلۆماسیی گشتی هەیە و بۆ رازی کردنی دڵی موخالیفان بڵاو کراوەتەوە، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ لە بەردەم پرۆسەی رێککەوتنی نیهایی دا. پێدەچێ ئەمە چەشنێک باس یان رێککەوتنی لە سەر کرابێ.

مەعقول نییە لێک تێگەیشتنێک تا ئەو رادەیە تەفسیر و خوێندنەوەی جیاوازای بۆ بکرێ. چونکە لێک تێگەیشتن دەبێ دەقیق و تەفسیرهەڵنەگر بێ؛ دەنا هەر لە ئێستاوە بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشە.

ئەو بەیاننامە هاوبەشەی کە موگرینی و جەوادی زەریف خوێندیانەوە، رێی تێدەچێ کە بەیاننامەیەکی هاوبەشی چاپەمەنی بێ، کە وردەکارییەکی زۆر ماوە لە سەری رێکبکەون. بۆیە پەنایان بۆ ئەم راگەیەندراوە هاوبەشە بردووە؛ ئەو قسەیەی وەزیری دەرەوەی فەرانسە، لۆران فابیۆس، کە بابەتی پێوەندیدار بە کاتی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران، لە چوارچێوەی لێک تێگەیشتنی سیاسی دا، هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، یان قسەی پێش نوێژی هەینی تاران، کە لە بارەی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان، لە وتووێژەکانی داهاتوودا باس دەکرێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە بە تەواوی لە سەر چۆنیەتیی لابردنی گەمارۆکان ساغ نەبوونەوە. هەر بۆیەشە کە ئێران و ئەمریکا هەر کامیان بە شێوەی جیاواز باس لە لاچوونی گەمارۆکان دەکەن. ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران و وڵاتانی ٥+١، بڕیاریان دابێ کە وردەکارییەکانی لێک تێگەیشتنی سیاسی تا واژۆی رێککەوتنی کۆتایی، ئاشکرا نەکرێن.

هەر وەک پێش بینی دەکرا بەشێک لە دژواری و هەوراز و نشێوی دانوستانەکانی ئەمجارە بۆ دژایەتیی خامنەیی لەگەڵ رێککەوتنی دوو قۆناغی دا دەگەڕێتەوە؛ لەوانەشە ئەمەش هۆکارێک بووبێ کە دوو لایەنی دانوستان، پەنایان بۆ راگەیەندراوێکی هاوبەشی لەو چەشنە بردبێ.

ئێران بە پێی ئەو بەیاننامە هاوبەشەش کە زەریف خوێندیەوە، ناتوانێ بە کەیفی خۆی لێکۆڵینەوە لە سەر دەزگاکانی سانتریفیوژ بکا، بەڵکوو بە پێی جەدوەلی زەمانی و ئاستی رێککەوتن لە سەر کراو، ئەو کارە دەکا. پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی جێبەجێ دەکا. بە دەرچوونی بڕیارنامەیەکی نوێی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو بڕیارنامەکانی پێشووی پێوەندیدار بە پرسی ئەتۆمی، بە رەهایی هەڵناوەشێندرێنەوە و، هەندێک رێوشوێنی بەرتەسک کەرەوی دیاریکراو،بۆ ماوەیەکی زەمەنی رێککەوتن لە سەرکراو، لە بەرچاو دەگیرێن. هەرچەند ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کە ئێران پاشەکشەی زۆری کردووە، بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە لێک تێگەیشتنی لۆزان بە هەنگاوێکی گەورە لە پرۆسەی دانوستانەکاندا هەڵدەسەنگێنرێ.

لایەنەکان لە ٣ مانگی داهاتوودا لە سەر وردەکارییەکانی ئەو چوارچێوە گشتییە، دانوستان دەکەن،تا بە رێککەوتنی کۆتایی بگەن، بەڵام لە ئێستادا هیچ شتێک حەتمی نییە.

لە ژمارە ٦٥٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# گرفته میتۆدیکەکانی شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان

زانستە مرۆییەکان کە زانستی سیاسەت یەکێک لەوانە و، کۆمەڵگەی مرۆیی زۆر پێچەڵپێچ و ئاڵۆزن. زۆر فاکتۆر و هۆکار لە ڕووداوێکی سیاسی دا کاریگەر و بەشدارن. زۆر جار دێتە پێش کە هەندێک فاکتۆر کە لە لێکدانەوەی پرسێک دا ڕەچاو نەکراون، ئاکامی پرسەکە بە تەواوی دەگۆڕن. ئەگەر بەبێ پێشداوەری و بە شێوەیەکی بێلایەنانە و بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ڕەهەندەکان، پرسەکان شرۆڤە بکەین و بە پێی ئەمەش پێش بینی ڕەوتی ڕووداوەکان بکەین، دیسان ئەگەری هەڵە و وەڕاست نەگەڕانی شرۆڤە و پێش بینییەکان هەیە؛ چ بگا بەوەی کە بە پێشداوەرییەوە لە سەر پرسەکان قسە بکەین و بمانەوێ ڕووداوەکان بە باڵای ئایدۆلۆژییەکان بگرین.

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان و هەر زانستێک لەو زانستانەی کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون و گەشەی پێداون، میتۆد و ڕێکاری شرۆڤەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە زانستە سروشتییەکان دا داتاکان زیاتر قابیلی کۆنترۆڵ و ئەندازەگیرین و، شیتەڵکاری و شرۆڤەشیان بە هەبوونی ماددە و فاکتۆرگەلی دیاریکراو، ئاسانترە. بۆ نموونە لە زانستی شیمی کە زانستێکی سروشتییە، دەگوترێ ٢ هیدرۆژن لەگەڵ ئۆکسیژنێک دەبێتە ئاو. ئەم فۆرمولەش لە هەموو شوێنێک ڕاست دەردەچێ، تەنیا پێویستە کە ئەو دوو ماددەیەت بە ڕێژەی باسکراو هەبێ. لە حاڵێک دا کۆمەڵگەی مرۆیی و پێوەندییە مرۆییەکان زۆر پێچەڵپێچتر و جیاوازترن. ئەگەر بە زێهنییەتی زانستە سروشتییەکان لە پرسە سیاسییەکان بڕوانین، ناتوانین لێیان تێبگەین و تووشی هەڵەی شرۆڤە دەبین.

ئێستا لەم پێشەکییە ناسین ناسانەوە دەچینە نێو باسەکە و بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مەبەستی وتارەکە، لە خوارەوە دوو جۆری شرۆڤە ئاماژە پێ دەکەم و بۆ هەر کامیشیان پێناسەیەک لە ڕوانگەی خۆمەوە دەخەمە ڕوو.

١- **شرۆڤەی هێڵی – چارەهەڵنەگر:** گرفتێک کە زۆر جار لە شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان دا دێتە ئارا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تاک هۆکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەم ڕوانینە پرسەکان زۆر سادە دەکاتەوە و لە ئاڵۆزیی واقعیی خۆیان دایاندەشۆرێ و لە کۆمەڵێک هۆکارەوە بۆ تاک هۆکاری دیاریکەر، دایدەبەزێنێ. گرینگتر لەوەش لە نێوان تاک هۆکاری دیاریکەر و بەرەنجام دا، هێڵێکی چارەهەڵنەگر وێنا دەکا؛ بەو واتایە کە هۆکاری ئای، حەتمەن بەرەنجامی بی، لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە دەگوترێ هەر وڵاتێک تەریک بکەوێتەوە و ئابوورییەکەشی بەرەو داتەپین بچێ، ئەوە حەتمەن دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی دەسەڵات. غافڵ لەوە کە تەریککەوتنەوە و دۆخی خراپی ئابووری، بە

شێوەیەکی چارەهەڵنەگر نابێتە هۆی سەرهەڵدان و رووخانی حکومەتێک؛ نموونەش کۆریای باکوورە.

لەم جۆرە شرۆڤەدا دەگوترێ ئەگەر دنیای دەرەوە بە رووی ئێران دا بکرێتەوە و ئابووریی ئێران تا رادەیەک ببووژێتەوە، کۆماری ئیسلامی سەقامگیر و پارێزراو دەبێ. یەکەم ئەوەی کە پێوەندیی بەربڵاوی نێونەتەوەیی ناتوانێ رێگە لە سەرهەڵدانی خەڵکی ناڕازی بگرێ؛ میسر و تونس دوو نموونەی سەلمێنەری ئەم راستییەن. بێجگە لەوەش بەستنەوەی هەر راپەڕینێک بە (تاک)هۆکاری خراپیی دۆخی ئابووری، رێگە لەوە دەگرێ کە نەتوانرێ لەو راپەڕینانە بگەین کە هۆکاری سیاسی، ئەتنیکی، دێموکراسیخوازییان هەیە یان ئەو هۆکارانە رۆڵێکی گرینگتر و سەرەکیتریان گێڕاوە. کەواتە لێرەشدا کرانەوە بە رووی دنیای دەرەوەدا و باشتر بوونی دۆخی ئابووری ناتوانێ زەمانەتی لە سەرکار مانەوەی حکومەتێک بکا، مەگەر ئەوەی کە لە بواری ئازادی و دێموکراسییەوە پەرەی سەندبێ و رێز لە ئازادی و مافەکانی خەڵکیش بگرێ.

ئەوەی کە ئەم جۆرە روانینە ناتوانێ لێی تێ بگا ئەوەیە کە، هۆکارێکی دیاریکراو لە بەستێنی جۆراوجۆردا، دەکرێ ئاکامی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. راپەڕینی خەڵک لە سووریە دەبێتە هۆی شەڕی نێوخۆیی و وێرانبوونی ئەو وڵاتە و لە سەرکار مانەوەی هەتا ئێستای رێژیمی سووریە. بەڵام ئەگەر لە ئێراندا خەڵک هەستێ و ماوەیەکیش خۆراگرێ، نامومکین نییە حکومەت زووتر لەوەی بیری لێ دەکرێتەوە، ئیرادەی سەرکوت لە دەست بدا و ئاکامێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

٢) **شرۆڤەی ئایدۆلۆژیک:** لێرەدا شرۆڤە لەگەڵ دژکردەوە و دژایەتیی سیاسی تێکەڵ دەکرێ. زۆر جار لایەنی تەبلیغی و پۆپۆلیستی لێکدانەوەیەک ئەوەندە زاڵ دەکرێ کە زیان لە شرۆڤەکە دەدا و لە چوارچێوەی شرۆڤە دەیترازێنێ.

یەکێک لە پێداویستییەکانی شرۆڤە ئەوەیە کە ئۆبژێکتیڤ بێ و لە هەڵسەنگاندن دا تا رادەیەک بێ لایەنی رەچاو کرابێ. چونکە شرۆڤە لەگەڵ نووسینێکی دروشم ئامێز و وورووژێنەرانەی خەڵک هاندەر جیاوازیی هەیە. لە شرۆڤەی ئایدۆلۆژیک دا ئارمانج و ئاواتەکان لە بەرگی شرۆڤەدا دەخرێنە روو؛ بە کورتی لەم شرۆڤەیەدا قاڵبیکی پێش وەخت ئامادەکراو هەیە کە هەر رووداو و ئاڵوگۆڕێکی پێ دەپێورێ و لە راستیدا هەوڵ دەدرێ کە رووداوەکان لە چوارچێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆژیک دا بترنجێنرێن. ئەم شرۆڤەیە تەنیا رەهەندێک لە پرسەکان دەبینێ کە هاوخانە لەگەڵ ئایدیاکەی. بە توندی تەبلیغتەوەرە؛ هەموو ژانرەکانی راگەیاندنی، تاک رەهەندی و دروشم ئامێزە. ئەم شرۆڤەیە لە رووی میتۆدیک و نێوەرۆکەوە هەژارە و ئاڵۆزی و دینامیزمی پرسەکان نادیدە دەگرێ و رەش و سپی بینە. لە جیاتی دروست کردنی هیوا، «توهم» دروست دەکا. چونکە دەیەوێ دڵخوازانە و لە سەر بنەمای نادیدە گرتنی رەهەندە تاڵەکانی راستییەکان، خۆش بینی و هیوایەکی ناواقعی بخوڵقێنێ.

راستە لە سیاسەت دا لە تەبلیغات و دروشم کەڵک وەردەگیرێ، بەڵام ناوکی سیاسەت هزر و عەقڵانییەتە. راستە ئێمە کەسانێکی سیاسین و دەبێ هەمیشە چاوێکمان لە ئامانجە سیاسییەکەشمان بێ و، ئۆپۆزیسیۆنیین و دەبێ خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی هان بدەین و هیوایان پێ ببەخشین، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئاواتەکانمان ئەوەندە لە شرۆڤەی رووداوەکاندا دەخیل بدەین کە بابەتی بوونی بباتە ژێر پرسیار .

لە ژمارە ٦٥٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

# خوێندنەوەی سیاسی - عاتفی یان خوێندنەوەی ئۆبژێکتیف

## (بە بۆنەی ساڵیادی راپەڕینی ٤٧ – ٤٦)

لە میتۆدۆلۆژیی نوێی مێژوودا، مێژوو گوتارە. هەر خوێندنەوەیەک بۆ رووداوەکانی رابردوو، بە فیلتەری زەین و بیروبۆچوونی لێکۆڵەری مێژوودا تێپەڕ دەبێ. واتە هەموو خوێندنەوەیەک کەم وزۆر تێکەڵ بە ئایدیا و گوتار و ئەولەوییەتبەندیی هزری لێکۆڵەر دەبێ. لێرەدایە کە چەمکی بێلایەنی رەهای لێکۆڵەر، دەچێتە ژێر پرسیار. بۆ هەر رووداوێکی مێژوویی، خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە. واتە لێکۆڵەر ئەگەر بە میتۆدێکی زانستی و بابەتیانەش، خوێندنەوە بۆ رووداوێک بکا، ئەوپەڕەکەی تەنیا خوێندنەوەیەکە لە نێوان خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا. واتە ناتوانێ ئیدیعا بکا کە خوێندنەوەکەی بە تەواوی یەکانگیرە لەگەڵ واقعیەتیی رووداوەکە.

بێگومان بێ هەبوونی بەڵگە و پشت بەستن پێی، ناکرێ باس لە مێژوو و زانستی مێژوو بکرێ. بەڵام مێژوو بە تەنیا بریتی نییە لە بەڵگە. بەڵکوو خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی رابردوو، بەرگی گوتاریش لەبەر دەکەن یان دەتوانین بڵێین بەگوتاری دەکرێن. خوێندنەوە بۆ بەڵگەکان، چۆنیەتیی کەڵک لێوەرگرتنیان، و لە کوێی خوێندنەوەکەدا حیساب بۆ کردنیان، دەبێتە ئەو شتەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، ئەویش ئەوەیە کە مێژوو «مەفهومە»، گوتارە، نەک خودی واقعیەت.
هەمیشە لە نێوان خوێندنەوە و واقعیەت دا مەودایەک هەیە. جاری وایە ئەم مەودایە زۆرە، جاری واشە، کەم. وەک یەکدانانی چەمک و واقعیەت، لە گومانێک زیاتر نییە. چەمک(خوێندنەوە)ەکان هەرگیز ناتوانن تەواوی واقعیەت داگیر بکەن(داپۆشن). هەر ئیدیعایەکی پێچەوانە لە لایەن مێژوونووس یان شرۆڤەکارەوە دەبێتە دوگماتیزم. هونەری مێژوونووس ئەوەیە کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ تا بتوانێ لە ژێر تیشکی میتۆدۆلۆژیی زانستی دا، خوێندنەوەیەکی نزیک لە واقیع بخاتە روو، نەک یەکانگیر لەگەڵ واقیع؛ چونکە ئەمە نامومکینە.

لە هەر رووداوێک دا فاکتۆری زۆر دەخیلن. لە هەر رووداوێکی مێژوویی دا ئەکتەری جۆراوجۆر بەشدارن. لە خوێندنەوەی بابەتیانە دا فاکتۆر و ئەکتەرەکان، بە پێی قورسایی و کاریگەریی واقعییان، لە خوێندنەوەکەدا دەخیل دەدرێن و ئەولەوییەتبەندی دەکرێن. ئەگەر ئامانجدار و لە سەر بنەمای بیرۆکەیەکی دیاریکراو، رۆڵی فاکتۆر و ئەکتەرێک زیاتر لە واقیع و لە سەر حیسابی کەمڕەنگ کردنەوەی رۆڵی فاکتۆر و ئەکتەرەکانی دیکە، زەق بکەیەوە، لەو حاڵەتدا ئەو

خوێندنەوەیە دەچێتە خانەی لایەندارێی سیاسی - عاتفی یەوە کە خۆی لە قەرەی خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیک دەدا؛ کە لە جیاتی دیتنی هەموو ڕەهەندەکانی ڕووداوەکە، یەک دوو ڕەهەندی تایبەت زەق دەکرێنەوە.

هەر ڕووداوێک لایەن و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە. لە ڕوانینی وردبینانەی زانستییەوە دەکرێ هەر خوێندنەوەیەک لە سەر لایەنێکی دیاریکراو چەق ببەستێ بۆ ئەوەی هەموو کونوقوژبنەکانی بپشکنرێ و شیتەڵکاری پێویستی بۆ بکرێ.

بەداخەوە مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە نەهامەتی و شکست. زۆر جار بە شێوەیەکی سیاسی- عاتفی لەگەڵ مێژووی خۆمان مامەڵە دەکەین. دەکرێ ئەم شێوە مامەڵەیە لە پێناو ورەبەخشین یان لەبەر پێویستییەکی سیاسیی دیاریکراو بێ. بەڵام ئەگەر هەموو خوێندنەوەمان بۆ مێژوو لەم خانەیەدا قەتیس بمێنێ، ئەمە وادەکا کە نەتوانرێ تێگەیشتنێکی ئۆبژێکتیڤ لە ڕووداوەکان بە دەست بخەین و خەسارناسیی ڕابردوو بکەین و ئەمەش دواجار لە خولانەوەیەکی کێشەسازدا گرفتارمان دەکا.

ئێمەی کورد هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی داین و ئەمەش وادەکا کە لە کەسایەتییەکانی نێو مێژووی کورد، لە پێناو بەرەوپێشبردنی خەباتەکەمان دا سیمبولسازیی بکەین. واتە بە پێی نیازی سیاسیی خۆمان ڕووداوە مێژووییەکان ڕیوایەت بکەین و ڕۆڵی کەسایەتییەکان هەڵسەنگێنین. بەڵام لێرەشدا دەبێ کەسایەتییەکان هەر کامیان بە پێی ڕۆڵی واقعی، مافیان پێ بدرێ. دووەم نابێ ئەو خوێندنەوانە، ناوی خوێندنەوەی بابەتیانەی مێژوویی لە سەر دابنرێ.

ئەم ڕۆژانە ساڵیادی ڕاپەڕینی چەکداری ٤٦ - ٥٤٧. لە ژێر تیشکی ئەو شیکارییەی سەرەوەدا، دەکرێ خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەو ڕاپەڕینە بکرێ، دەکرێ هەر خوێندنەوەیەکیش تەرکیز لە سەر لایەنێکی ئەو ڕاپەڕینە بکا؛ ئەوەی کە چۆن دەستی پێکرد و چ دەرەنجامێکی مەعنەوی و بەرهەستی لێکەوتەوە.

دەکرێ هەم خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ ئەو ڕاپەڕینە بکرێ هەمیش خوێندنەوەیەکی ئۆبژێکتیڤ. مەبەستی ئەم وتارەش ڕوانینێکی نەرێنی بە نیسبەت خوێندنەوە سیاسییەکە نییە. هەر دووی ئەم خوێندنەوانە پێویستی و قازانجی خۆیان هەیە. گرینگ ئەوەیە کە لەگەڵ یەک تێکەڵ نەکرێن و لە یەکتر جیا بکرێنەوە. لەوانەیە پێویستیی سیاسی و پرۆسەی خەباتی ئێمە بخوازێ کە بە شێوەیەکی سۆزدارانە و ئامانجداری سیاسی، ئەو ڕاپەڕینە بخوێنینەوە. بۆ ئەوەی کە بیکەینە کاتالیزۆری ڕەوتی خەبات. بەڵام لێرەدا پێویستە دوو خاڵ لەبەرچاو بگیرێن:

**ئەلف)** خوێندنەوەی سیاسی بەم واتایە نییە کە ڕۆڵی ئەکتەرەکانی ڕاپەڕینەکە وەک خۆی نەبینرێ. ڕۆڵی ئەکتەرێک لە سەر حیسابی کەمڕەنگ کردنەوەی نەخشی ئەکتەرەکانی دیکە، زەق بکرێتەوە. ئەو ڕاپەڕینە ڕێبەرایەتییەکی هەبووە و

چەندین کەسایەتیی شۆڕشگێڕ ڕۆڵی کارایان لە هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینەدا هەبووە. مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، مەلا ڕەحیم وێردی، سلێمان موعینی، عەبدوڵڵا موعینی، نەحۆ و ...لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار و کاریگەر بوون. لە هەمانکاتدا کە لە کەسایەتیی ئەکتەرەکانی ئەم ڕاپەڕینە ڕێز دەگرین و پێویستە سێمبولسازییان لێ بکرێ، بەڵام دەبێ ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانەش وەک خۆی، هەڵسەنگێنین و لە خوێندنەوەدا دەخیلی بدەین.

**ب)** لە پاڵ ئەو خوێندنەوەی سەرەوەدا، پێویستە بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ خەسارناسیی ئەو ڕاپەڕینەش بکرێ، بۆ ئەوەی لە درێژەی خەباتمان دا دەرسی لێ وەرگرین و بە خەساری کەمتر، دەسکەوتی زیاتر بە دەست بخەین.

**لە ژمارە ٦٥٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥**



سەرچاوە Serchawe

## پیشەی مامۆستایەتی لە ئێراندا و گرفتەکانی بەردەمی

بە پێشنیاری یونسکۆ ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبر بەرامبەر لەگەڵ ١٣ی ڕەزبەری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی مامۆستا دیاری کراوە. بەو حاڵە لە ئێراندا ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. ئەو بۆنەیە دەکەینە بیانوویەک بۆ باس کردن لە گیروگرفتی توێژی مامۆستا و سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا.

پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گرینگی زۆری پێدەدرێ. لە جێدا سەختگیرییەکی زۆر بۆ وەرگرتن ودامەزرانی مامۆستایان ڕەچاو دەکرێ و کۆمەڵێک مەرج و پێوانەی پیشەیی بۆ وەرگرتنی خوازیاران وەک مامۆستا دانراوە. لە بەرامبەردا مامۆستایانیش ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتیان پارێزراوە و بژێوی ژیانیان دابین کراوە. ئەگەر پێگە و دۆخی ژیانی مامۆستایان لە وڵاتە پەرەسەندووەکاندا لەگەڵ ئێران بەراورد بکەین، ئەو جیاوازییەمان بە مەودایەکی زۆر بۆ دەردەکەوێ.

ئەگەر بمانەوێ باسی کێشە و گرفتەکانی مامۆستایان و پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا بکەین، لە ئەژمار نایەن و لەم دەرفەتە بەرتەسکەش دا ناگونجێ.

**لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند گیروگرفت لەم بارەوە دەکەین.**

١- دۆخی ماددیی مامۆستایان زۆر خراپە و تا ئێستا چەندین جار بۆ نارەزایەتی بەو دۆخە، ئاکسیۆن وەڕێخراوە و بە داخەوە دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. پشکی پەروەدە و فێرکردن لە بودجەی ئێران کەمتر لە ١٠ لە سەدە. بە قسەی وەزیری پێوەندیدار، ٩٨ لە سەدی ئەو بودجەیە بۆ دانی مەعاشی پێرسۆنێلی وەزارەت خەرج دەکرێ. بەم پێیە تەنیا ٢ لە سەدی بودجەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ کاروباری لێکۆڵینەوە و بەرۆژ کردن و باشتر کردنی بەرنامەکانی خوێندن دەمێنێتەوە.

لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی نژاد دا، ڕێژەی گرانی ١٦٨ لە سەد چۆتەسەر، بەڵام مەعاشی مامۆستایان ١٠٨ لە سەد چۆتە سەر. ئەو بەراوردە نیشاندەری ئەوەیە کە ئاستی بژێوی ژیان و توانای کڕینی مامۆستایان زۆر دابەزیوە؛ بە چەشنێک کە دەگوترێ ئەگەر هێڵی هەژاری ملیۆنێک و نۆسەد هەزار تمەن بێ، زۆربەی هەرەزۆری مامۆستایان لە خوار

هێڵی هەژاری دا جێدەگرن. ئەگەر مەعاشی مامۆستایان لەگەڵ کارمەندانی دیکەی دەوڵەت بەراورد بکرێ، لێرەشدا هەڵاواردنێکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. هەژاری و جیاوازیی دانان بۆتە بارگرانایی و زەختێکی زۆر بۆ سەر مامۆستایان، بە چەشنێک کە بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەریی نەرێنیش لە سەر چۆنیەتیی وانەوتنەوەشیان دادەنێ. کێشەی بژێوی ژیان، زیندوویەتی و پاڵنەریی مامۆستایان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیان دا سست و لاواز دەکا و لە جێدا هەندێک دەرەنجامی نەرێنی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە.

٢- لە ئێراندا بە هۆی لە سەرکاربوونی حکومەتێکی نادێموکراتیک و پشتبەستوو بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی، مەرج و پێوانەی ناپیشەیی وئایدۆلۆژیک لە وەرگرتن و دامەزرانی مامۆستایان دا، بە توندی ڕەچاو دەکرێن. زۆر جار هاتۆتە پێش کە کەسانێک هەموو مەرجەکانی تایبەت بەو پیشەیان هەبووە، بەڵام بە هۆکاری ناپێوەندیداری ئایدۆلۆژیک و بە هۆی هەبوونی مەیلێکی جیابیری، بۆ مامۆستایەتی وەرنەگیراون. کەسێک بە تەمای مامۆستایەتی بێ، تەنانەت دوای دامەزرانیشی وەک مامۆستا، دەبێ ئاگای لە خۆی بێ، چونکە هەر کات ئەگەری ئەوە هەیە کە لە لایەن حەراسەت و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە. هەر لە جێدا لە قوتابخانەکان دا فەزایەکی ئارام و ئازادی فێرکاری لە ئارادا نییە. زۆر جار حەراسەت و لێپرسراوانی بەناو پەروەردەیی، فەزایەکی ناخۆش بۆ قوتابیان پێک دێنن. بێگومان مامۆستایان تەنیا لە فەزایەکی کراوەدا دەتوانن ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ بگەیەنن. هەر چەشنە سنووردار کردنێک و هەست کردن بە چاوەدێریەکی ئەمنییەتی، زیان لە چۆنایەتیی وانەوتنەوە و بەجێگەیاندنی ئەرکی مامۆستایان دەدا.

٣- ڕەهەندێکی دیکەی پێوەندیدار بە پیشەی مامۆستایەتی، نێوەرۆکی ئەو کتێبانەیە کە لە قوتابخانە و خوێندنگاکان دا دەخوێندرێن و مامۆستایان ئەرکدران کە بابەتەکانیان لە چوارچێوەی دیاریکراوی ئەو کتێبانەدا پێشکەش بکەن. بەشێک لەو کتێبانەی کە دەخوێندرێن، بە میتۆدێکی زانستی نەنووسراون و لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیی ڕەسمی ئامادە کراون. لە بنەمادا پرۆسەی خوێندن لە ئێراندا لە ڕووی بەڕێوەبەری و نێوەرۆکی بابەتە دەرسییەکان، پرۆسەیەکی تەندروست و دێموکراتیک نییە. خوێندن لە ئێراندا هەر لە قۆناغی سەرەتایی و تەنانەت قۆناغی پێش قوتابخانەش، تێکەڵ بە ئایین کراوە. زانیاریی ئایینی بە شێوەیەکی تاکرەهەندی ودەمارگرژانە بۆ قوتابییەکان دەگوازرێتەوە. ئەمەش وادەکا کە زەین و کەسایەتیی ئەو قوتابیانە بە شێوەیەکی فرەچەشن و دێموکراتیک شکڵ نەگرێ.

بە پێچەوانەی وڵاتانی گەشەسەندووی دێموکراتیک، لەئێراندا مامۆستایان خاوەن ڕێکخراویی سینفی بەهێز و کاریگەر نین و لە دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی خوێندن دا، بەشدارییان پێ ناکرێ و پێوەندییەکی ئەستوونی یەکلایەنە لە سەرەوڕا بۆ خوارەوە بوونی هەیە کە مامۆستایان لە خوارەوەی هێرەم جێدەگرن و تەنیا بڕیاریان بە سەردا دەسەپێنرێ.

بە کورتی هەژاریی و هەڵاواردن، نەبوونی فەزایەکی کراوە و ئارام لە خوێندنگاکاندا و هەست کردن بە چاوەدێریی ئەمنییەتی، نێوەرۆکی بەرۆژنەبوو و نازانستی بەشێک لەو کتێبانەی کە دەخوێندرێن و، بەشداری پێنەکردنی مامۆستایان لە سیاسەتدارێژیی پەروەردە و فێرکردندا، وایکردووە کە لە ئێراندا توێژی مامۆستا نەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ و مرۆڤێکی تەندروست و بە بیروزەینێکی دێموکراتیک تەحویلی کۆمەڵگە بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---

## دۆخی ئانۆمیکی کۆمەڵگەی ئێران

ئیدۆمی ئانۆمی وەبیرهێنەرەوەی ناوی کۆمەڵناسی فەرانسی، ئێمیل دۆرکیمە. ئەو ئیدۆمە لە لایەن دۆرکیمەوە تیۆریزە دەکرێ و ناو دەردەکا. دواتر کۆمەڵناسانی دیکەش بەکاری دێنن و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. بە کورتی دۆخی ئانۆمیک بە دۆخێک دەگوترێ کە نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن و چەشنێک پشێوی کۆمەڵایەتی دێتەئارا. بە پێی بیری دورکیم ئەو دۆخە لەو کۆمەڵگایانە دێتە ئارا کە لە حاڵەتی راگوزاری دان؛ واتە لە حاڵەتی نەریتی هاتوونەدەر، بەڵام هێشتا بە تەواوی مۆدێرن نەبوون. نیشانە و دەرکەوتی نەریت و مۆدێرنیزم بە تێکەڵاویی لەو کۆمەڵگایانەدا دەبینرێ.

گریمانەی ئەم نووسینە ئەویە کە بە پێی زۆر داتا و دەرکەوتی ئاکاریی، کۆمەڵگەی ئەمرۆی ئێران تووشی چەشنێک دۆخی ئانۆمیک بووە. بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین و بەستێنەکانی ئەو دەرکەوتانەش باس دەکەین.

ئێران زیاتر لە یەک سەدەیە کە لە دۆخی نەریتی هاتۆتەدەر و چۆتە نێو قۆناغی راگوزارەوە. بە هۆی نەبوونی سیستمێکی کارای دەسەڵاتداریی، قۆناغی راگوزاری کۆمەڵگەی ئێران زۆر درێژ بۆتەوە و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بچێتە نێو بازنەی وڵاتانی گەشەسەندوو. تا هەنووکەش خاوەنڕایانی بواری گەشەسەندنی ئێران لە لێگەڕینی هۆکارەکانی وەدواکەوتنی ئێران دان. ئەمە لە حاڵێک دایە کە زۆر وڵاتی دیکە، دوای ئێرانیش لەگەڵ مۆدێرنیزم ئاشنا بوون و عەیامێکە چوونە نێو گرووپی وڵاتانی پەرەسەندوو. خەڵکی ئێران هێشتاش کێشەی دابین کردنی پێداویستییە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیانیان هەیە. دۆخی ئابووری بە رادەیەک خراپە کە خەڵک بێ گوێدانە نۆڕم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بەدەست هێنانی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان،  شەو و رۆژ دەخەنە سەریەک و زۆر لایەنی پێویستیی ژیانیان فەرامۆش کردوە. ئاخر کەسێک کە پێویستییە سەرەتاییەکانی دابین نەبێ، رەنگە درۆ بکا، دزی بکا. سروشتییە کەسانێک هەبن کە لە هەمبەر دابین نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکانیان، هەروا پابەندی نۆڕمە ئەخلاقییەکان نەبن.

کەلێنی چینایەتی لە ئێراندا بێداد دەکا. رێژەیەکی بەرچاوی تاکەکانی کۆمەڵگە، دوای تەواوکردنی خوێندنیش، ناتوانن لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و خۆیان دابین بکەن. بە قسەی کارناسانی ئابووری، رادەی هەلی کار لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا وەک خۆیەتی و هیچ نەگۆڕاوە. بە پێی ئامارەکان هەنووکە لە ئێراندا ٥ - ٦ ملیۆن بێکار هەیە کە ئەگەر

ئابووریی ئێران بە گەشەیەکی سەقامگیری ٧ لە سەدی نەگا، ئەوە ژمارەی بێکارانی ئێران زۆر زیاتریش دەبێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و پشتگوێ خستنی نۆرم و بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە.

لە ئێراندا ڕێژەی تەڵاق زۆر لە سەرێیە و نێونجی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش چۆتە سەر. بە چەشنێک کە ئاستی دیاردەی تێپەڕاندووە و بۆتە قەیران. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانەش گیروگرفتی ئابوورییە. لە وەها دۆخێک دایە کە دیاردەیەک بە ناوی "زەواجی سپی" سەریهەڵداوە. کچ و کوڕ یان ژن و پیاو، بێ ئەوەی کە لە یەکتر مارەکرابن و بە پێی عورف و یاسا ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابێ، لە ڕاستیدا بێ گوێدانی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ یەکتر دەژین و ئەگەر بێتوو لە ئێستاوە ئەم دیاردەیە خەسارناسی نەکرێ و چوارچێوەمەند نەکرێ، دەبێتە قەیرانێک کە زۆر لێکەوتەی نەرێنی دەبێ.

بە هۆی پێکهاتەی نەخۆشی سیاسی و ئابووریی ئێران، چینێکی تازە پێگەیشتووی دەوڵەمەند هەیە کە یەک شەوە و بێ هیچ چەشنە هەوڵ و ماندوو بوونێک، لە ڕێگەی قاچاغ، بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان، ڕانتخۆری، پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، پارەیەکی زۆریان وەسەرێک ناوە. ئەم چینە مشەخۆرە بەرهەم هێنتەوەر نییە، فەرهەنگی تایبەت بە دەوڵەمەندی ئەسیل و خاوەن ریشەیان نییە و، بە هۆی ئاکاری دژبەهایان، دەروونی کۆمەڵگەیان تێکداوە. ئەو چینە بە لایانەوە گرینگ نییە کە کۆمەڵگە چی بەسەر دێ و کارە نایاسایی و نامرۆڤانەکانیان چ ئاسەوارێکی خراپ لە سەر کۆمەڵگە بەجێ دێڵێ، ئەوەی کە بیری لێدەکەنەوە تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیانە.

بە هۆی ئەو دۆخەی کە لە ئەنجامی سیستمێکی ناکارا خوڵقاوە، ڕۆحی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا لاواز بووە. ئەگەر لە گۆڕەپانێکی باڵاشاری تاران، کەسێک هاوشارییەکەی بەرچەقۆ بدا و بیکوژێ، خەڵک لە دووری دەهاڵێ بەڵام بەر بەو کارەساتە ناگرن. ئەمە نیشاندەری ئەوپەڕی نزمبوونی ڕۆحی هاوپێوەندیی گشتییە. نیشانەی ئەوەیە کە مەنتقی نەخۆشی خودتەوەری زاڵ بووە و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان لاواز بوون.

شەو و ڕۆژ لە ڕاگەیەنە ڕەسمییەکانەوە باسی ئەخلاق دەکرێ و ئامۆژگاریی خەڵک دەکرێ؛ بەڵام لەو لاوە پەیتاپەیتا پەروەندەی گەندەڵی ماڵی ئاشکرا دەبن. جێنشینانی ئیمامی زەمان لە ڕواڵەت جۆرێک خۆ دەنوێنن و قسە دەکەن، بەڵام لە خەڵوەتدا "آن کار دیگر می کنند". لە تیۆری ئۆرگانیکی دەوڵەتدا، دەوڵەت بە باوک و سەرپەرستی کۆمەڵگە دەشوبهێنرێ. ئەگەر ڕەفتار و کردەوەی سەرپەرەست بەو جۆرە بێ، بێگومان بۆخۆی دەبێتە ماکە و سەرچاوەی هەرەسی ئەخلاق، دەبێتە قوتابخانەی فێربوونی دووڕوویی و ساختەچێتی. تەواوییەتخوازی سیستم و پێویستیی داسەپاو، خەڵک ناچار دەکا کە بە پێچەوانەی خودی واقیعی، خۆی ویترین بکا و بنوێنێ.

پشێویی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیخوازیی هەوسارپچڕاو و بێ پرەنسیپ و، لاوازیی نۆرم و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان، دەرەنجامی دەسەڵاتداریی ئۆلیگارشی ئاخوندانە کە تا ئێستاش ئیدیعای دروست کردنی مەدینەی فازیلەی ئیسلامی دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٥

## هاوسەنگیی ئاست نزم

ئەم سەردێرە تا رادەیەک دەتوانێ دۆخی هەنووکەیی ئێران شی بکاتەوە. دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارەش بێ کە بۆچی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا توانیویەتی دەوام بێنێ.

دەتوانرێ ئێران بە وڵاتی قەیرانەکان ناوزەد بکەین. کۆمەڵێک قەیرانی گەورە لە سەریەک کەڵەکە بوون کە بەرپرسیاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە دروستبوونی ئەو قەیرانانە، کۆماری ئیسلامییە. خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفت بەرەوڕوون و لەو دۆخەی تێیدان نارازین، بەڵام ریسکی گۆڕینی هەلومەرجەکەیان نەکردووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە لەگەڵ پرسێک بە ناوی «هاوسەنگیی ئاست نزم» بەرەوڕوو بین. هاوسەنگی و سەقامگیرییەکی تێپەڕ و رواڵەتی، کە نیشانەی رەزایەتی خەڵک لە دۆخی ئارایی نییە. هاوسەنگییەک کە دەربڕینێکی دیکەی حاڵەتی نیگەرانی و هیوای خەڵکی ئێرانە بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە. هاوسەنگییەک کە لە بەردەم ئەگەری جۆراوجۆردا کراوەیە.

دەکرێ کۆماری ئیسلامی لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێنین. ئەو رێژیمە لە بواری جۆراوجۆردا کارنامەیەکی ناسەرکەوتووی هەیە و شکستی هێناوە. بە پێچەوانەی ئیدیعای خۆیان، نەیانتوانیوە مۆدێلێکی حوکمڕانی بخەنەڕوو، کە لە ژێر سێبەری دا، خەڵکی ئێران بە ئاسوودەیی بژین.

هەرچەند ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە سیستمی زاڵ بە سەر ئێراندا پاشخان و باکگراوەندێکی مێژوویی و بیروباوەڕیی هەیە و لەخۆڕا ٣٧ ساڵ لەمەوبەر کارگێاسا هەڵنەتۆقیوە. بەڵام ئەگەر سەرنجی تێڕوانینی خەڵکی ئێران بۆ ئایدۆلۆژیای زاڵ بکەین و ملبادانی خەڵک لەهەمبەر بایەخە سەپێندراوەکانی وەک حیجابی زۆرەملی و لە قالبدانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران، لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بایەخە کلتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە رێژیم تەبلیغیان بۆ دەکا و ویستوویەتی بیانسەپێنێ، لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە وەرناگیرێن. سەرەڕای تێچوویەکی زۆر و تەبلیغاتێکی بەربڵاو، ئایدۆلۆژیای زاڵ توانای پاساودان و رەواییدانی سیستمی لە دەست داوە.

کارناسانی ئابووریی ئێران دەڵێن کە هەموو بەرنامە ئابوورییەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ١٣٥٤ی هەتاوی، شکستیان هێناوە و هەنووکە بە میلیۆنان لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و توانای دابین کردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان نییە.

بە هۆی بنەمایەکی هەڵەی تیۆریک و نەزانکاری و مودیرییەتی ناکارا، ئێران تووشی قەیرانێکی چارهەڵنەگری کەم ئاوی بووە. بە قسەی کارناسان، ئێران لە دەقی ٩٠ی قەیرانی کەم ئاوی دایە و ئەگەر بێتوو زووبەزوو وەخۆنەکەون و ئەو قەیرانە مودیرییەت نەکرێ، لە داهاتوویەکی نزیک دا لەگەڵ کۆچی میلیۆنی خەڵکی ئێران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و، شەڕی نێوان پارێزگا و ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەر پرسی ئاو بەرەوڕوو دەبین.

لە سایەی تێکنۆلۆژیی زانیاری و ئامرازەکانی پێوەندیگرتن و، هاتنەئارای دەرەتانی بەراوردکردنی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانەی هاوکات لەگەڵ ئێران چوونە نێو پرۆسەی گەشەسەندن، زۆرینەی خەڵک هیچ هۆکار و پاساوێکیان بۆ دیفاع لەو ڕێژیمە نەماوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە بەو وەزعەوە، چۆنە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا دەوامی هێناوە؟ بەو لێکدانەوانەی سەرەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەرووخابێ، دەبێ هەنووکە لە ئانوسات و سەراوژێری رووخان دابێ.

هەر لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا خەڵکی ئێران دوو جار و لە دوو قۆناغی جیاوازدا، مقۆمقۆی تێدەکەوێ و وەمێروولە دەکەوێ؛ بەڵام هەر دوو جارەکە هەڵوێستە دەکا و دەپرینگێتەوە. جاری یەکەم لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٨٨، ئەگەر بزووتنەوەی سەوز بە هۆی دەست پێوەگرتنی ڕێبەرانی بزووتنەوە، ئاوا بە خێرایی رەوتێکی سەراوژێریی پوکانەوەی نەپێوابا، ئەگەری ئەوە هەبوو کە خەڵکی شارو ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش پەیوەستی بزووتنەوە بن. لە حاڵەتی بەردەوام بوونی بزووتنەوەدا، شیمانە دەکرا ڕێژیمیش ئێرادەی سەرکوت لە دەست بدا.

لە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکە مێروولە دەکا و یەک دوو چالاکی و ئاکسیۆنی کەم بەرینیش وەڕێدەخا. بەڵام کە دیتیان ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە دۆخێکی خراپتر لە پێشووی هێنایەکایەوە و بە تایبەت سووریە تووشی شەڕێکی نێوخۆیی کاولکارانە بوو، هەڵوێستە و تێرامانێکی جیدییان لە دۆخەکە کرد و پرینگانەوە. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی وێنایەکی دوالیستی یان دووجەمسەریی بە خەڵکی ئێران بقبووڵێنێ کە یان دۆخی ئاراییتان قبووڵ بێ یان دەبێ چاوەڕێی دۆخێکی هاوچەشنی وڵاتانی عەرەبی بن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشێک لە چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمیش، کەوتوونە داوی ئەو وێناکردنەیە و ناڕاستەوخۆ هاوئاراستە بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا.

گوتاری زاڵی نێو بژاردەکان و چالاکانی سیاسیی نێوخۆ و تەنانەت بەشێکی تاراوگەش، دیسکۆرسی گۆڕانخوازییە نەک رووخانخوازی. بەشێک لە چالاکانی سیاسی بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی، گۆڕان و چاکسازیی

ماوەدرێژیان لە گۆڕانێکی لەناکاوی شۆڕشگێڕانە بەلاوە پەسەندترە.

ئەگەر بە پێی زۆر داتا و فاکت زۆرینەی خەڵکی ئێران نارازین، بەڵام بەشێکی بەرچاویش بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە حکومەتەوە گرێدراون یان لانیکەم نەکەوتوونە نێو هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستم. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش روناکبیریی فارس کە روناکبیریی زاڵە، لەهەمبەر دروست بوونی هەر چەشنە مەترسییەک دەوەستێ ئەگەر بە قیمەتی بەرەڤانی لە دۆخی ئاراییش تەواو بێ. شانسی ڕێژیم لەوەدایە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکخراو و یەکگرتووی نییە و تازە لە هەندێک پرسدا بەشێک لە موخالیفان لەگەڵی هاوئاراستە دەبن.

بە هۆی ئەوەکە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی پەنگخواردوویە و هەر بەم هۆیەش پێشبینی نەکراوە، نابێ ئەگەری تەقینەوەیەکی چاوەڕوانەکراو نادیدە بگرین. بە چەشنێک کە جاری وایە دۆخێک دێتە ئارا کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکانە و کۆنترۆڵ ناکرێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥

## هۆکارەکانی سەرکەوتنی هەدەپە

هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەن دا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد. بۆ یەکەمین جار لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی تورکیەدا، کورد وەک حیزب بەشداری کرد و توانی زیاتر لە ١٣ لە سەدی دەنگی دەنگدەران بە دەست بێنێ کە دەکاتە زیاتر لە ٦ ملیۆن دەنگ. گەورەیی ئەو سەرکەوتنە کاتێک دەردەکەوێ کە بزانین لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی پارلمانی تورکیەدا، کوردەکان وەک کاندیدی سەربەخۆ بەشدارییان کرد و تەنیا توانیبوویان کەمتر لە ٧ لە سەدی دەنگەکان بەدەست بێنن و ٣٦ نوێنەر لە سەر ئاستی تورکیە بنێرنە پارلمان. ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە ئاکەپە توانیبووی ٧٩ نوێنەر لە باکووری کوردستان بباتە پارلمان. چۆن پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) ئەمجارە توانی ٨٠ کورسی پارلمان بەدەست بێنێ؟ هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنە کامانەن؟

لە ٢٠٠٥ەوە کە رەجەب تەیب ئەردوغان سەرۆک وەزیری ئەوکاتی تورکیە، لە شاری ئامەد لە میتینگێکی جەماوەری دا گوتی "کێشەی کورد، کێشەی منە و، دەمەوێ چارەسەری بکەم"، بەشێکی گەورەی کوردی باکوور هیوایان بەوە بوو کە پارتی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدان، هەنگاوی جیدی و خێرا بۆ چارەسەری دۆزی کورد هەڵدەگرێ. ئاکەپە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تورکیەدا ئەو پرسەی دەهێنایە ئارا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ ئەو مەبەستەش یاسای بنەڕەتیی تورکیە هەموار دەکاتەوە. گومانی تێدا نییە کە ئاکەپە بە بەراورد لەگەڵ پارتەکانی دیکە، کرانەوەیەکی بە رووی کورد دا دروست کرد و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەودا، پرۆسەیەکی ئاشتیش دەستی پێکردووە. بەڵام ئاکەپە خاوەخاوی زۆری کرد و میتۆدێکی کیسەڵ ئاسای بۆ چارەسەری پرسی کورد گرتەبەر؛ بە چەشنێک کە کورد لە جیدییەت و سەداقەتی ئەردوغان و پارتەکەی، بۆ چارسەری پرسی کورد، بەدگومان بوو. سەرەڕای ئەوەش ئاکەپە لە مامەڵەی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان و خۆڕاگریی کۆبانی دا، بە پێچەوانەی خواست و چاوەڕوانی کورد جووڵایەوە. لە رووبەڕووبوونەوەی هێرشی وەحشیانەی داعشدا، نە تەنیا یارمەتییەکی ئەوتۆی کۆبانی نەکرد، بەڵکوو بە پێی هەندێک نیشانە و داتا، رۆڵی پێچەوانەشی گێڕا. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە سەر پێگە و روخساری ئاکەپە لە باکووری کوردستان دانا و لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی ژوئەن دا رەنگی دایەوە.

راستە ئاکەپە لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا، ئابووریی تورکیەی بووژاندەوە و سەقامگیریەکی سیاسی و ئابووری لە تورکیەدا پێکهێنا، بەڵام بەرەبەرە مەیلی سەرەڕۆیی و تاکڕەویی ئاکەپە و بە تایبەت شەخسی ئەردوغان خۆی دەردەخست و پەرەی دەگرت. بە شێوەیەک کە بەنیاز بوو سیستمی سیاسیی تورکیە لە پارلمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بگۆڕێ. لە سەردەمی

سەرۆک وەزیریی ئەردوغان دا، سەرکۆماریی پێگەیەکی تەشریفاتی و سەمبولیکی هەبوو؛ بەڵام دوای ئەوەی کە بۆخۆی بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک دەبێتە سەرکۆمار، بە دەسەڵاتە قانوونییەکانی سەرکۆمار، قەناعەت ناکا و وایلێهاتووە بۆخۆی ڕاستەوخۆ کۆبوونەوەکانی کابینەش بەڕێوە دەبا! بە پێچەوانەی پێگەی بێ لایەنانەی سەرکۆمار، بە شێوەیەکی بەربڵاو بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ پارتەکەی کرد. لەم ساڵانەی دوایی دا سنووریی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرتەسک کردبۆوە. بە هۆی لەخۆبایی بوون و خەونی عوسمانچێتی نوێ، ترسی لای دێموکراسیخوازان لە سەر ئاستی کوردستانیش دروست کردبوو، کە ئەگەر پێشی پێنەگیرێ، بەرەو دیکتاتۆریی هەنگاو دەنێ. ئاشکرا بوونی فایلی گەندەڵییە ماڵییەکانی ئەندامانی کابینە و تەنانەت کورەکەی ئەردوغانیش، کاریگەریی نەرێنی لە سەر پێگەی ئاکەپە لە باکوور دانا. بێجگە لەوانەش ئاکەپە لەم هەڵبژاردنەدا پێویستی بە کارتێکی یاریی نوێ هەبوو کە لێی بێبەهرە بوو.

فاکتەرێکی گرینگ کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکەین ئەوەیە کە، مانیفێستی هەدەپە هەڵقوڵاوی تێزی ڕەد کردنەوەی دەوڵەت - نەتەوە و کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە کە لە پارێزنامەکانی دا هاتووە. گۆڕانی پەدەپە بۆ هەدەپەش هەر بە ڕێنوێنی ئۆجەلان بوو. وەک ئۆجەلان دەڵێ: ئەو شتەی داوای دەکەن نە فیدرالیزمە، نە ئۆتۆنۆمی؛ بەڵکوو چەشنێک حوکمی زاتی و خۆبەڕێوەبەری پارێزگاکانە. واتە کۆماری تورکیە دێموکراتیزە بکرێ و کورد لە مافی شارۆمەندیی بەهرەمەند بێ و لە ناوچەکانی خۆی دەسەڵاتی ناوچەیی هەبێ. هەدەپە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی بە بنەما ناگرێ و ئەو سنووربەندییە قەومی - نەتەوەییەی کە لە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی دا لە نێوان کوردو تورک وێنا دەکرێ، بوونی نامێنێ. لە لایەکی دیکەش هەدەپە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی چەپی نوێدا جێدەگرێ. لەم هەڵبژاردنەدا نوێنەرایەتی پەراوێزخراوەکان و چەوساوەکانی کۆمەڵگەی کرد. وەک بزووتنەوە چەپە نوێکان، ئایدۆلۆژیای هەدەپە بە ڕەخنەی هزری لە سەرمایەداری و لایەنەکانی عەقڵانییەتی ئامرازیی سەرمایەداری مۆتۆربە کراوە و لە سەر چەشنێک عەقڵانییەتی تەعامولی پێدادەگرێ. بە سەرنجدان بەوەی کە بەشێکی گەورەی کوردی باکوور لە ڕووی زمانییەوە ئاسیمیلە بووە و پرۆژەی ئەنتیگراسیۆن کاریگەریی زۆر لە سەر هەبووە، ئەم پرسیارە گرینگە دێتە ئارا کە ئایا بەشێکی ئەم سەرکەوتنەی هەدەپە بۆ ئەو مانیفێست و ئۆرگانیزاسیۆنە نوێیە ناگەڕێتەوە؟ ئایا ئەم سەرکەوتنە نیشاندەری ئەوە نییە کە کوردی باکوور زیاتر مەیلیان بە لای چارەسەری هێمنانە و وردەوردەیی پرسی کوردە و، وەک لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو نیشانیان داوە، دروشمی بە تەنیا ناسیۆنالیستی، کە لە سەر بنەمای سنووربەندییەکی زەقی ئەتنیکی بنیات دەنرێ، زۆر سەرنجیان ڕاناکێشێ؟

یەکێک لە بەربەستەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد لە باکوور ئەوە بووە کە بە شێوەیەکی خۆسەپێنەرانە لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵسووکەوتی کردووە، پێدەچێ سەرکەوتنی ئەمجارە تا ڕادەیەک بەرهەمی دوورکەوتنەوە لەو هەڵسووکەوتەی پێشوو و خۆگونجاندن لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای تورکیە بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کەلێنی نێوان بەڵێنی و کردەوەکانی دەوڵەتی روحانی

٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٢ ساڵ بە سەر هەڵبژێرانی حەسەن روحانی بۆ سەرکۆماریی تێدەپەڕێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارنامەی دووساڵەی دەوڵەتی روحانی، پێویستە ئامانج و بەڵێنییەکانی روحانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و کردەوەکانی دەوڵەت لەم دووساڵەدا پێک بگرین بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ کە بە پێی بەڵێنییەکانی هەنگاوی ناوە یان نا؟ دەتوانین لە چەند بواری سەرەکییەوە کردەوەکانی هەڵسەنگێنین؛ لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئابووری، سیاسەتی نێوخۆیی ئێران و مافی مرۆڤ.

هەموو یان زۆربەی نزیک بە تەواوی هەوڵەکانی روحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا لە سەر پرسی دانوستانە ناوکییەکان چڕ بۆتەوە. بە چەشنێک کە سیاسەتی دەرەوە هاوتا کراوە لەگەڵ دانوستانە ناوکییەکان و هەموو پرسەکانی دیکەش کەوتوونە ژێر سێبەری دانوستانەکانەوە.

دەوڵەتی روحانی لە بواری دیپلۆماسیی رەسمی لە بیاڤی ناوچەیی دا، بە پێی چاوەڕوانییەکان نەیتوانیوە گۆڕانێکی نوێ بێنێتە کایەوە و نەیتوانیوە لەگەڵ دراوسێکانی متمانە دروست بکا و هەنووکە بەرەیەکی عەرەبی لە دژی ئێران پێکهاتووە و عەرەبستانیش زیاتر لە ٨ مانگە کە لە ئێران باڵوێزی نییە. خاڵێکی جێی سەرنج ئەوەیە کە فاکتۆری دیاریکەر لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سوپای قودسە کە بە میتۆدێکی ئەمنییەتی و تێکدەرانە دەجوڵێتەوە و وەزارەتی دەرەوە رۆڵێکی پەراوێزی دەگێڕێ.

لە بواری ئابووری دا سەرەڕای ئەوەکە ئارامی و سەقامگیرییەکی رێژەیی دروست بووە، بەڵام بەشی راستەقینەی ئابووری واتە بەرهەمهێنان هێشتا لە قەیران دایە، کەلێنی چینایەتی نە تەنیا کەم نەبووە بەڵکوو جاروبار زیادیشی کردووە. دەوڵەت نەیتوانیوە هەلی کار زیاد بکا.

بە هۆی سیستمی ئیداری ناکارا، ناهەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکانی سیستم دا، دەورلێدانەوەی یاسا و رێساکان لە لایەن دەسەڵاتبەدەستان، دەستێوەردانی بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان لە کاروباری ئابووری دا و قۆرخکردنی بەشگەلێکی گرینگی ئابووری، کۆماری ئیسلامی تا قورگی لە گەندەڵی رۆچووە؛ بە چەشنێک کە ئەو قەبارە گەورەی گەندەڵییە، بەشێک لە دەرەنجامە ئەرێنییەکانی رێککەوتنی ناوکی(ئەگەر بکرێ)، بەتاڵ کردۆتەوە. دەوڵەتی روحانی نەیتوانیوە(و ناتوانێ)

هەنگاوێکی جیددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێکهاتە گەندەڵی هێنەرە، هەڵێنێتەوە.

ڕاستە بەشێکی گەورەی حاکمییەت لە دەست ئوسوولگەراکان دایە و دەوڵەت ئامرازی پێویستی لە بواری سیاسەتی نێوخۆیی دا لە دەست دا نییە، بەڵام دەولەتیش بوێریی پێویستی لە ڕێکخستنی فەزای سیاسیی نێوخۆیی دا نەبووە و هەر ئەمەش وایکردووە کە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان و گرووپگەلی فشار پێشڕەوی زیاتر بکەن و ببنە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێ بوونی بەرنامەکانی دەوڵەتدا. ڕاستتر وایە بڵێین بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە، نەبوونی جیددییەتی پێویست و موحافیزەکاریی بەرپرسانی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆییەوە، دەوڵەت لەم بوارەدا نمرەی قبووڵی وەرناگرێ. هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتەکان و ڕێگری کردن لە چوونی ژنان بۆ ستادیۆمە وەرزشییەکان، تەنیا دوو نموونەی بچووکی سەلمێنەری ئەو ئیدیعایەی سەرەوەن. ئەگەر ئێمە ئاخێزگەی موحافیزەکاریی ڕوحانی، پێشینەی ئەمنییەتیی و کاراکتێری کلاسیکی ناوبراو لەبەرچاو بگرین، باشتر لەوە تێدەگەین کە بۆچی ڕوحانی گۆڕانێکی بەرچاوی لە سیاسەتی نێوخۆیی دا دروست نەکردووە و بە کردەوە ئەو بوارەی ڕادەستی ئوسوولگەراکان کردووە.

لە بواری مافی مرۆڤدا کارنامەی دەوڵەت ئەسڵەن جێی قبووڵ کردن نییە. هەژماری ئێعدامەکان بە نیسبەت دەورانی ئەحمەدی نژادیش زۆر زیاتر بووە؛ پرۆژەیاسای تاوانی سیاسی بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتووە؛ پرۆژەیاسای حیزبەکان هێشتا بە مەجلیس نەدراوە؛ جاڕنامەی مافی هاووڵاتیی هیچ کاریگەرییەکی نەبووە؛ سەبارەت بە »ئەقوام و کەمایەتییەکان» هیچ کام لە بەڵێنییەکان جێبەجێ نەکراون؛ دەوڵەت نەیتوانیوە فەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی، کە پێوەندی بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە، بە دروستی جێبەجێ بکا، زۆر کاری پێچەوانەی یاسای بنەڕەتیش کراون و دەوڵەت دژکردەوەیەکی کردەیی و کاریگەری نەبووە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە سەرکۆمار جێبەجێکاری یاسای بنەڕەتییە و دەتوانی هۆشداریی بدا. بەڵام ڕوحانی لەو دەسەڵاتەی خۆیشی کەڵکی وەرنەگرتووە. ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە دەیسەلمێنن کە بواری سیاسەتی نێوخۆیی بە گشتی و مافی مرۆڤ بە تایبەتی، خۆیان گوتەنی لە ئەولەوییەتیان دا نەبووە و گرینگییەکی ئەوتۆیان پێ نەداوە.

بە هۆی هەژاریی و نەداریی، کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤەکان لە ئێراندا وردوخاش بووە. لە بواری کۆمەڵایەتی دا دیاردەکانی ئیعتیاد، تەڵاق، تاوان و جینایەت لە پەرەسەندن دان. ڕۆحی هاوپێوەندیی گشتی لاواز بووە و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بێبایەخ بوون. هەمووی ئەوانەش لە نیشانەکانی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتین کە مومکینە بێتەئارا.

دەوڵەتی ڕوحانی زۆربەی هەوڵەکانی بۆ دوو بەشی سیاسەتی دەرەوە و ئابووری تەرخان کردووە. تازە لە دوو بوارەش دا وەک چاوەڕێ دەکرا، دەسکەوتی نەبووە. بوارەکانی دیکەش بە کردەوە بوونە پاشکۆی ئەو دوو بەشە. ڕوحانی

هەمووپرسەکانی گرێداوە بە رێککەوتنی کۆتایی ناوکی. ئەمە لە حاڵێک دایە چارەسەریی پرسی ناوکی تەنیا مەرجی پێویستە بۆ زاڵ بوونی ئێران بە سەر قەیرانی ئابووری دا و بە قسەی کارناسان ئەوپەڕەکەی دەتوانێ ١٥ تا ٢٠لە سەدی کێشە ئابوورییەکانی ئێران چارەسەر بکا. دەوڵەتی روحانی ٢ ساڵی دیکەشی لە بەردەم دا ماوە، قسەکە ئەوەیە کە ئەو ٢ ساڵەی تێپەڕی کرد، کەمتر لە بانگەشە و کەمتر لەوەی چاوڕێ دەکرا، کاری کرد و هەنگاوی نا.

لە ژمارە ٦٥٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٥

## وتووێژ لە دوو ئاستدا

١- زیاتر لە ١٨ مانگە کە دانوستانە ناوکییەکان دەستی پێکردۆتەوە و هەنووکە وەک دەگوترێ لە دوایین وێستگەی خۆی دایە. دوای هاتنەسەرکاری حەسەنی روحانی رێکارێکی نوێ لە پێوندیی لەگەڵ پرسی ناوکی گیرایەبەر کە لە لایەن رێبەریی کۆماری ئیسلامییەوە، بە »نەرمی نواندنی قارەمانانە» ناوزەد کرا. ئەو گەمارۆیانەی خرانە سەر ئێران، لە پاڵ کۆمەڵێک هۆکاریی پێکهاتەیی‌دا، ئێرانیان تووشی قەیرانێکی ئابووریی قووڵ کرد. بە چەشنێک کە مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران(بیخوێننەوە مانەوەی کۆماری ئیسلامی) دروست کرد و ئێرانی ناچار کرد کە بە جیددی بچێتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانەوە. ئەوەی کە خامنەیی دەڵێ: ئامانجی ئێمە لە دانوستانەکان لاچوونی گەمارۆکانە، راستیی ئەو ئیدیعای سەرەوە دەسەلمێنێ. ئێران ناچار بووە کە لە زۆر هەڵوێستی پێشووی پاشەکشە بکا و بەرتەسک کردنەوەیەکی زیاتر لە چوارچێوەی «ئێن پی تی» لە سەر بەرنامە ناوکییەکەی قبووڵ بکا.

نیگەرانی ئێران ئەوەیە کە دەقی رێککەوتنەکە بە شێوەیەک فۆرمۆلە بکرێ کە دەرەتانی بیانووپێگرتن و هەڕەشە لە دەست لایەنی ٥+١ دا بهێڵێتەوە، بۆیە دەیەوێ دەقی رێککەوتنەکە بە شێوەیەک دابرێژرێ کە دەرەتانی خوێندنەوەی جیاواز نەهێڵێتەوە. بە پێی مەنتقی هێز لە پێوەندیيە نێونەتەوییەکاندا زۆرتر خوێندنەوەی زلهێزەکانە کە دواجار دەسەپێنرێ و کاری پێدەکرێ. ئەو کەسانەی لە روانگەی ئاسایشی نەتەوییەوە لە پرسەکە دەڕوانن بەدگومانن لەوەی کە ئەمریکا بیەوێ پرسی ناوکیی ئێران بە تەواوی چارەسەر بێ. پێیان وایە کە ئەمریکا لە پرسی ناوکی وەک ئامرازێکی زەخت بۆ سەر ئێران کەڵکی وەرگرتووە و لەمەو بەدواش هەوڵ دەدا بە شێوەیەک ئەو ئامرازە لە دەست خۆیدا بهێڵێتەوە. بۆیە ئێران ئەگەر بۆ لاچوونی مەترسیی ئەمنییەتیی گەمارۆکان هاتۆتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانەوە، زۆرترین هەوڵی خۆی دەدا کە لە رێگەیەکی دیکەوە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست نەبێ. هەموو ئەو مقۆمقۆیانەی سەبارەت بە پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی و پرسی سەردانی ناوەندە ناوکی و گوماناوییەکان لە ئارادان لەم چوارچێوەیەدا شی دەکرێنەوە.

بە پێی زۆر نیشانە و داتا، ئەگەری زۆرە کە لە کۆتایی ئەم خولەی دانوستانەکان، رێککەوتنێک بکرێ. ئیرادەی دوولایەن، ئەو وەخت و تێچووەی کە لەم ١٨ مانگەی دانوستانەکاندا تەرخان کراوە، پێویستیی کەموزۆری دوولایەنەکە بە رێککەوتن، ئەو رێگەی تا ئێستا بڕیویانە و ئەو پێشکەوتنانەی تا هەنووکە لەم پرۆسەیەدا بەدەست هاتوون و دەرەنجامە نەرێنییەکانی شکستی دانوستانەکان، لەو نیشانە و داتایانەن کە باسی کرا. ئەگەر دان و ستانەکان بۆ ئێران تا رادەیەک جێی قبووڵ بێ و بتوانێ بۆ لایەنگرانی پاساوی بدا و لە رووبەکی دیکەوە وەک خۆیان دەڵێن مەترسییەکی گەورتر لە گەمارۆکان، رووبەرووی ئێران نەکاتەوە، رێککەوتن دەکرێ.



سەرچاوە Serchawe

٢- ئەو دانوستانانە، وتووێژن لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا و لەگەڵ «ئەمریکای دوژمن» و هێزگەلی دیکەی جیهان. لەم ماوەی دواییدا لە فەزای سیاسیی ئێراندا باسی وتووێژێکی دیکەش لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆییدا دەکرێ. لەو «بەربانگە سیاسییەی» کە لە لایەن حەسەن روحانی پێکهات پێشنیاری «وتووێژی نەتەویی لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا» لە لایەن غولامحوسێن کەرباسچی سکرتێری حیزبی کارگوزارانی بنیاتنەر، کراو لە لایەن ریفۆرمخوازانەوە پێشوازیی لێکرا. قسەکەیان ئەوەیە مادام کە دەتوانن لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا و لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە وتووێژ بکەن بۆچی لە ئاستی نێوخۆیی و لە نێوان باڵەکان و ڕەوتە سیاسییەکاندا ئەو وتووێژە ناکرێ!

لە ئێراندا کۆمەڵێک کەلێن، لەوانە: کەلێنی نێوان دەوڵەت-نەتەوە، کەلێنی نێوان باڵەکان و فەزایەکی سیاسیی دوالیستیی هەیە. بە هۆی ئەوەی کە بەستێنێکی دێموکراتیک بۆ تەعامول و لێکتێگەیشتن و کێبەرکێی سالم لە نێوان بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان لە ئاردا نییە، چەشنێک دوژمنایەتیی سیاسی هەیە و باڵێکی دیاریکراو بە پشت بەستن بە رانت و ئامرازە حاکمییەتی و ئەمنییەتییەکان، دەیەوێ یاریی سیاسی بە شێوەی سفر و یەک بەڕێوەبەرێ و ڕەوتێکی سیاسی بسڕێتەوە. لە روانگەی ریفۆرمخوازانەوە فەزای سیاسیی ئێران لە رابردوودا هەندێک برینی هەڵگرتووە و پێویستە بە وتووێژ سارێژ بکرێن.

لە ئێراندا بە هۆی لاوازیی فەزای گشتی و نەبوونی دەرەتانێکی جێگیری وتووێژی عەقڵانی، تێگەیشتنێکی هاوبەش لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوونی نییە. ئەمەش لەو هۆکارانەیە کە وایکردووە تا ئێستا کۆدەنگییەکی پێویست لە سەر پێناسەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئامرازەکانی هێز و روانین بۆ گەشەسەندن و، بە گشتی ئەرکەکانی حکومەتداری پێک نەهاتبێ.
بە هۆی نەبوونی چەند حیزبی سیاسیی بەهێز و گشتگیر کە خاوەنی بەرنامە و مەرامنامەی روون و دیاریکراو بن، چەشنێک نارِوونی لە فەزای سیاسیدا بوونی هەیە ئەمەش وایکردووە کە باڵ و ڕەوتە سیاسییەکان لەنێو خۆیاندا لە سەر بەرنامە و ئیستراتیژیەکی کۆنکرێت ساغ نەبن و بەم هۆیەشە کە شاهیدی دەنگی جیاواز و تەنانەت ناکۆک بەیەک لە هەرکام لە باڵەکانین. ئەمەش کۆسپێکی بەردەم ئەو وتووێژەیە کە بۆتە جێی باس.
فشاری گەمارۆکان و دەرەنجامەکانی بۆ سەر ئابووریی ئێران، کۆماری ئیسلامی ناچار کرد لە ئاستی دەرەوەدا مل بۆ وتووێژ بدا، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزە لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە کە ڕەوتی زاڵی نێو سیستم ناچار بە وتووێژ لە ئاستی نێوخۆیدا بکا؟!

لە ژمارە ٦٥٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥

## پێوەندیی ئێران و ئەمریکا لە ژێر تیشکی ڕێککەوتنی ڤییەن دا

دانوستانەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١، لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو. لە دوایین خولی دانوستانەکان کە ڕێککەوتنی ڤییەنی لێ کەوتەوە، جان کێری، وەزیری دەرەوەی بەهێزترین وڵاتی دنیا، بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ لە ڤییەن مایەوە. لە خولەکانی پێشووتریش دا بە دەیان و بگرە سەدان کاتژمێر لەگەڵ جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە وتووێژ دا بووە. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری جیددییەت(وپێویستی)ی ئەمریکا بوو بۆ چارەسەری ئەو پرسە.

لایەنی سەرەکیی ئێران لەو دانوستانانەدا ئەمریکا بوو و وڵاتانی دیکەی ٥+١ ڕۆڵێکی کەم بایەختریان هەبوو. ساغبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە سەر خاڵە جێناکۆکەکان، نەخشێکی یەکلاکەرەوەی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن هەبوو.

یەکێک لەو باسانەی کە لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن دا لە ئارا دایە، ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لە سەر پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا دەبێ؟

بە هۆکارگەلێکی زۆر، بێ متمانەییەکی قووڵ لە نێوان ئێران و ئەمریکا دا هەیە. ئەمەش وایکردووە کە ئێران نیگەران بێ لەوەی کە ئەمریکا پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبێ یان دوای «ئیسراحەتێکی ناوکی»، فایلی دیکە لە دژی ئێران بکاتەوە و فازی دوایی پرۆژەی قەیرانسازیی و کێشەسازیی بۆ ئێران بۆ مەیدانی موشەکی و مافی مرۆڤ و پشتیوانی ئێران لە تیرۆریزم بگوازێتەوە. ئەم نیگەرانییە لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئامانجی ئەمریکا تەنیا بەرتەسک کردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێران نییە، بەڵکوو دەیەوێ لە بوارەکانی دیکەش دا لانی کەم ئێران ناچار بە گۆڕینی ڕەفتار بکا. ئەمە تەنیا نیگەرانی ئێران نییە، بەڵکوو ئەگەرێکە کە لە ئارا دایە.

ڕاستە ئۆباما دەڵێ: ئێمە تەنیا لە سەر پرسی ناوکی لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووین و لە بوارەکانی دیکەدا کێشەکانمان لە جێی خۆیەتی؛ یان خامنەیی دەڵێ: درێژە بە سیاسەتی دژەئەمریکایی خۆمان دەدەین و لە دۆستانمان لە ناوچەکەدا پشتیوانی دەکەین؛ یان کۆشکی سپی لە وەڵامی دژبەرانی ڕێککەوتنەکە دا دەڵێ: ئەگەر لە داهاتوودا بمانەوێ هێرش بکەینە سەر ئێران، بە زانیاری زیاترەوە ئەو کارە دەکەین؛ بێجگە لەوانەش پرسی ناوکیی ئێران، پرسێکی کۆتایی هاتوو نییە و لەوانەیە لە قۆناغی جێبەجێ کردن دا لەگەڵ کەندوکۆسپ بەرەوڕوو بێ؛ بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە ئەگەرێکی بەهێزتر ئەوەیە کە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا کەمتر بێتەوە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە بە چارەسەربوونی کێشەی

ناوکی، قەبارە و هەژماری کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە کەمتر دەبێتەوە. دووەم: لە پەراوێزی ئەو دانوستانەنەدا پرسی دیکەش هاتۆتە گۆڕێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە بارەوە کراوە. بەم هۆیانە کە دوو لایەن چاویان لەوەیە کە لە بوارەکانی دیکەش دا بتوانن بەیەکەوە هاوکاری بکەن. خامنەیی و روحانی دەڵێن: ئەگەر رۆژئاوا و ئەمریکا پابەندی ڕێککەوتنەکە بن و بەڵێنییەکانیان پێشێل نەکەن، ئەوە لە بوارەکانی دیکەش دا، بە تایبەت لە پرسەکانی تایبەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، هاوکارییان لەگەڵ دەکەن.

یەکێک لەو شرۆڤانەی بۆ ڕێککەوتنی ڤییەن دەکرێ ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرەو پێش دەبا و هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە نەرمتر و عەقڵانیتر دەکا. دەقی ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەک فۆرمولە کراوە کە هەر چەشنە لادانێکی ئێران، دەرەنجامی زۆر خراپی بۆ ئێران بە دواوە دەبێ. لە لایەکی دیکەش ئەگەر ئەمریکا ببێتە هۆی پێشێل کردنی ڕێککەوتن، ڕاگرتنی کۆدەنگیی پێکهاتوو لە دژی ئێران ئاستەمتر دەبێ و لە سەر پێگەی ئەمریکا لە ئاستی نێونەتەوەییش دا بێ کاریگەر نابێ. بێجگە لەوەش لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا ئیمتیازی زۆری وەرگرتووە و بەرنامەی ناوکیی ئێران بە شێوەیەکی تکنیکی و حوقووقی زۆر بەرتەسک کراوەتەوە، زەحمەتە کە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێ. لەوانەیە لەبەر ئەوەش بێ کە جێب بوش پاڵێوراوی سەرکۆماریی ٢٠١٦ی ئەمریکا، دەڵێ: ڕێز دەگرم لەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئێران کراوە و هەر کەسێکی دیکە ببێتە سەرکۆمار، ڕێککەوتنەکە قبووڵ دەکا.

بۆ ئەوەی وێنایەکی دروستترمان لە کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی لە سەر پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا هەبێ، پێویستە کە هاوکێشەی هێزی نێوان زلهێزەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە بەرچاو بگرین.

شرۆڤەیەک کە لەم بوارەدا دەخرێتە روو ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی سوکبار بکا و لەبەر ئەوەی کە وڵاتی چین بە خێرایی لە گەشەسەندن دایە، سەرنجی لە سەر رۆژهەڵاتی ئاسیا چڕ بکاتەوە. لەم پێناوەش دایە کە ئەمریکا دەیەوێ گرژییەکانی لەگەڵ ئێران کەم بکاتەوە.

ئەگەر ئەمریکا بە مەسڵەحەتی زانیبا کە بە شێوەی دیکە بەرنامەی ناوکیی ئێران بەرتەسک بکاتەوە یا کۆتایی پێ بێنێ، دانوستانی نەدەکرد. واتە ڕێککەوتن بەرهەمی نیازی ئەمریکاش بوو. هێز لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان فاکتەرێکی دیاریکەرە. ئەگەر ئێران لە داهاتوودا نەتوانێ خۆی بەهێز بکا و بە هۆی ئەو ڕێککەوتنە نەتوانێ کار لە سەر فاکتەرەکانی هێزی بکا و، لە لایەکی دیکەش ئەمریکا لە توانا و بەرژەوەندیی دا بێ، ئەوە ئەمریکا لەوانەیە بە شێوەی دیکەش رووبەڕووی ئێران ببێتەوە.

لەو دوو ئەگەرەی باس کرا، لە حاڵەتی جێبەجێ بوونی ڕێککەوتنەکەدا، ئەگەری کەم بوونەوەی گرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئەگەرێکی جێی باسترە. بە سەرنجدان بە پێکهاتەی شوناسبەخشی ئێران و قەبارەی کێشەکانی نێوانیان، تا درێژماوە ناتوانین باس لە پێوەندیی ئاسایی نێوان ئەو دوو وڵاتە بکەین.

لە ژمارە ٦٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٥

## چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن دا

دوای ڕێککەوتنی ناوکی باسێک کە بە تایبەت لە لایەن ریفۆرمخوازان و گۆڕانخوازانی ئێرانەوە دێتەئارا و دنەی پێدەدرێ ئەوەیە کە دەوڵەت دوای چارەسەری پرسی ناوکی، دەبێ کار بۆ کەم کردنەوەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی خەڵک بکا و ئاوڕێکی جیددی لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی بداتەوە. مەیدانێک کە لە لایەن بەشێکی بەهێزی ئوسوولگەراکانەوە رووی خۆشی پێ نیشان نادرێ و وەک پرسێکی لاوەکی سەیری دەکەن.

روحانی بە دروشمی باش کردنی رەوشی ئابووری لە ژێر سێبەری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئێران هاتە سەر کار. ئاوڕدانەوە لە لایەنە سیاسییەکانی داخوازییەکانی خەڵک لە ئەولەوییەتەکانی دواتری روحانی دا جێی دەگرت. بۆیە لەمەوبەدوا خەڵک چاوەڕێی باش بوونی دۆخی ئابووری و کرانەوە لە فەزای نێوخۆیی دان. ئەمەش داخوازێکی گشتیی خەڵکە و بە راشکاوی دەڵێن کە پشتگوێ خرانی ئەو بوارانە لەمەوبەدوا پاساوهەڵنەگرە.

ڕێککەوتنی ناوکی بە بێ کۆدەنگیی پێکهاتوو لە نێو سیستم دا مومکین نەبوو. پێدەچێ لە بواری ئابووریش دا بەرژەوەندیی کۆی سیستم بخوازێ کە فشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک کەم بێتەوە. چونکە ئەگەری تەقینەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئەنجامی ئەو فشارانە دا، هۆشدارێکە بۆ مانەوەی رێژیم.

یەکێک لە فووت و فەننەکانی بەشێک لە ئوسوولگەراکان بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەتی روحانی ئەوەیە کە هەوڵیان داوە بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتن، چاوەڕوانییەکی زۆر لە خەڵک دا بۆ چارەسەریی گیروگرفتە ئابوورییەکانیان پێک بێنن. بە ئاگادار بوون لەوەی کە دەرەنجامە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی درەنگ دەردەکەون و لەبەر ئەوەی کە بەشێکی گەورەی کێشە ئابوورییەکانی ئێران پێکهاتەیین و لە خراپیی سیستمی بەڕێوەبەریی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، هەوڵ دەدەن فۆرمۆلی «دروست کردنی چاوەڕوانی درۆیین و بێ هیوا کردنی خەڵک» پێڕەو بکەن.

هەموو هەوڵی ئوسوولگەراکان پێداگرتنەوە لە سەر ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە تەنیا ناوکییە و نیگەرانن لەوەی کە ئەو ڕێککەوتنە ببێتە هۆی کەمڕەنگ بوونەوەی دژایەتیخوازیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و لە لایەکی دیکەش ببێتە هۆی بەهێزتر بوونی رەوتی میانەڕۆ و پڕژانە سەر پرسەکانی تایبەت بە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی لە لایەن دەوڵەتەوە. راستی توندئاژۆ بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی هێزی، کار بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان دەکەن و وا دێتە بەرچاو کە

سیستمیش تا هەنووکە پێویستییەک بۆ پێداچوونەوەیەکی جیددی لە ئاکاری سیاسەتی نێوخۆیی دا نابینێ. لە لایەکی دیکە فشارێکی رێکخراو لە لایەن خەڵکەوە بۆ سەر رێژیم بوونی نییە کە ناچار بە پێداچوونەوە و پاشەکشەی بکا لەو بوارەدا. ئەگەر روحانی بیهەوێ کە دوای چارەسەری پرسی ناوکی، ئاوڕ لە داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بداتەوە، رێگەیەکی سەختی لە بەردەم دایە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە زۆر شرۆڤەکار جیددیەتی روحانی لەو بوارەدا دەبەنە ژێر پرسیار و دەڵێن ناوبراو بەرنامەیەکی کۆنکرێتی بۆ مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی نییە و دروشمەکانی لە کۆمەڵێک سیناریۆی نەخەملێندراوی زەینی واوەتر ناچێ.

خامنەیی و باڵی ئوسوولگەرا دوای رێککەوتنی ڤییەن ئەو وریاکردنەوەیان دا کە نەکا ئەو رێککەوتنە ببێتە هۆی دروست بوونی دووجەمسەری لە کۆمەڵگە دا. بەو واتایە کە بەشێک بە سەرکەوتنێکی بێوێنەی لە قەڵەم بدەن و بەشێکی دیکە بە «تورکەمەنچای» بشووبهێنن. نیگەرانی ئوسوولگەراکان ئەوەیە کە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز ئەو رێککەوتنە بە سەرکەوتنی روانین و میتۆدی کاریی خۆیان بزانن و بە ناوی خۆیان تۆماری بکەن و لە نێو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەش دا هەروا وەربگیرێ. ترسیان لەوەیە کە ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لە سەر پێگەی جڤاکیی بەرەی دەوڵەت و رێفۆرمخواز دانێ و دەرەنجامەکانیشی لە دوو هەڵبژاردنی هاوکاتی مەجلیس و مەجلیسی بژاردەکانی رێبەری، کە لە رەشەمەی ئەمساڵ دا بەرێوە دەچن، خۆی دەرخا. بەم هۆیە کە باڵی ئوسوولگەرا بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پەروەندەی ناوکی، پەروەندەیەکی نەتەوەییە و نابێ لە لایەن هیچ رەوتێکەوە بۆ ئیمتیازگیریی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیرێ.

رێککەوتنی ناوکی دەتوانی دەرفەتێک بێ بۆ کەم بوونەوەی کێشە ئابوورییەکانی ئێران، بە مەرجێک کە لەگەڵ پێداچوونەوەیەکی پێکهاتەیی و بەرێوەبەریی دا ئاوێتە بکرێ. باش بوونی رەوشی ئابووری کۆمەڵێک ئاسەواریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە رەوتی دێموکراسیخواز دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

رەوتی میانەڕۆ هیوادارتر لە پێشوو چاوی بڕیوەتە پێشەڕۆژ. خەڵکیش چاوەڕوانی ئەوەیە کە دەوڵەت کار بۆ بەکردەیی کردنی دروشمەکانی لە بواری سیاسەتی نێوخۆیی دا بکا. پێوانەیەکی گرینگ بۆ نرخاندنی کردەوەی دەوڵەت لەو مەیدانە دا ئەوەیە کە چەندە هەوڵ دەدا کە بەرێوەبەرێکی باشی هەڵبژاردنەکانی مانگی رەشەمە بێ و چەندە هیوا و چاوەڕوانی خەڵک دەکاتە فاکتەرێکی پشتیوانی بۆ لێبڕاویی خۆی لەو بڕگە هەستیارەدا.

هەروەک ئاماژە کرا بە تایبەت رەوتی توندئاژۆی ئوسوولگەرا هەوڵ دەدا مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی هەروا بە بەستراوەیی بهێڵێتەوە. لە لایەکی دیکە دەوڵەتیش گرینگیی پێویستی بەو مەیدانە نەداوە. ئێستا کە سیستم لە ژێر فشاری گەمارۆکان ناچار بە پێداچوونەوەیەکی ناوکی بوو، خەڵکی ئێران بە هیوایەکی زیاتر لە جاران دەتوانن لە رێگەی خۆرێکخستن و

زەختی ڕێکخراووە دەوڵەت و سیستم ناچار بە تەعامول لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی دا بکەن. هیوا و چاوەڕوانی پاسیڤ هیچ گرێیەک لە گیروگرفتەکانی خەڵک ناکاتەوە؛ بەڵکوو پێویستە ئەو هیوا و چاوەڕوانییە ڕەهەندێکی ماددی و کرداری بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لەو هەلومەرج و دەرفەت و بەستێنە جۆراوجۆرە سیاسیانەی کە ڕێککەوتنی ناوکی بە دوای خۆیدا دێنێ، کەڵک وەربگرێ.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئامانجی ستراتیژیک و ستراتیژیی خەبات

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوێکی مۆدێرن ئەوەیە کە ئامانجێکی روون و دیاریکراوی هەبێ. واتە بزانێ چی دەوێ و لە پێناو چیدا خەبات دەکا.

بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاپەڕینەکانی کورد، کە لە لایەن مەلا و شێخ و ئاغاکانەوە بەڕێوە دەبران، خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکخراو و ئامانجێکی دیاریکراو و پێناسەکراو نەبوون. ئەو قۆناغە بە قۆناغی بەر لە مۆدێرنی بزاڤی کورد دەناسرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە بزووتنەوەی کورد دا و، فۆرم و نێوەرۆکێکی مۆدێرنی بەو بزووتنەوەیە بەخشی.

حیزبی دێموکرات دوای دامەزرانی، خودموختاری دەکاتە ئامانجی ستراتیژیکی خۆی. ئەو ئامانجە لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان دا دەچەسپێ. چۆنیەتیی باس کردنی ئەو کۆمارە و پێناسە کردنی لە رۆژنامەی «کوردستان»ی ئەو کات دا، ئەو پرسیارەی لای هەندێک لێکۆڵەر دروست کردووە کە ئایا ئامانجی حیزب لەو سەردەمەدا زیاتر لە خودموختاری نەبووە؟ ئیستدلالێکی پرسیارئامێزی ئەو لێکۆڵەرانە ئەوەیە کە ئایا پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێک دا کە خاوەنی سیستمێکی پاشایەتییە، کردەییە؟ مەبەستی ئەم وتارە تاووتوێ کردنی ئەو گریمانەیە نییە، تەنیا دەمانەوێ بڵێین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، هەرچەند ئامانجی حیزب خودموختاری بووە و کۆمارەکەش، لە راستیدا کۆمارێکی خودموختار بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو ئامانجە بە شێوەیەکی وردی حقووقی - سیاسی پێناسە نەکراوە، ئەو گریمانەی سەرەوە دێتە ئارا و خوێندنەوەی جیاوازیش خۆدەنوێنن.

لە سەرەتای دەیەی ٥٠ هەتاوی دا، پێکهاتەی حیزب لە لایەن د.قاسملووە دادەڕێژرێتەوە و ئامانجی حیزبیش بە شێوەیەکی وردی حقووقی پێناسە دەکرێ کە دەرەتانی هیچ چەشنە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی جیاواز لە ئامانجی ستراتیژیکی حیزب ناهێڵێتەوە.

دوای گۆڕانی دروشمی ستراتیژیک لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم، دروشمی دواییش بە شێوەیەک لە بەرنامەی حیزب دا هاتووە و پێناسە دەکرێ کە هیچ ناڕوونییەک هەڵناگرێ. ئەمە خاڵێکی ئەرێنی و تایبەتمەندییەکی مۆدێرنی حیزبی دێموکراتە کە دەزانێ چی دەوێ و تابلۆی داخوازییەکانیشی بۆ بەرامبەرەکەی روون و دیاریکراوە(بە بێ لەبەرچاوگرتنی

ئەوەی کە ئەو ئامانجە چەندە کردەییە و بەستێنی پراکتیزەبوونی لە ئێراندا چەندە لەبارە).

پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە ئایا حیزبی دێموکرات پێ بە پێی هەبوونی ئامانجێکی ستراتیژیکی روون، خاوەنی بەرنامەیەکی بیرلێکراوەی خەباتگێڕیی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بووە؟ ئایا حیزبی دێموکرات ستراتیژێکی روونی لە پرۆسەی خەباتی دا هەبووە؟ یان زیاتر هەلومەرجەکان ڕێکارێکی دیاریکراویان بە سەردا سەپاندووە و حیزبی دێموکرات زیاتر بە سەردا کەوتووە؟ ئایا دۆخی هەنووکەیی حیزب تا رادەیەک بەرهەمی ئەو بە سەردا سەپان و بە سەرداکەوتنە نییە؟ ئەگەر حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خەباتگێڕانەی دا و لە ڕەچاو کردنی تاکتیکەکانی گەیشتن بە ئامانجی دا، دووربینی و داهاتووبینییەکی پلانمەندتری هەبا، دۆخی لە هی ئێستای، جیاواز نەدەبوو؟

هەرچەند شۆڕشگێڕیی خۆی لە خۆیدا ئیرادەگەراییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە فاکتەری ئیرادە، تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە و دیاریکەرە. پێکهاتەی ئیرادە و هەلومەرج سەنتێزێک بە ناوی پلان و سیناریۆی جۆراوجۆر دێنێتە ئارا کە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بە گوێرەی پێشهاتەکان، یەکێک لەو پلان و سیناریۆیانە دەخاتە بواری کردارییەوە.

بێگومان لە سیاسەت دا و لە پرۆسەی خەباتێکی سەخت دا، زۆر شتی پێش بینی نەکراو دێنەئارا. مەبەست ئەوە نییە کە رووداو و پێشهاتەکان خۆیان بە باڵای پلان و سیناریۆ بیرلێکراوەکانی ئێمە دەگرن؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە دانەمێنین و بۆ هەر هەلومەرجێک ڕێکاری گونجاو و کاریگەر بدۆزرێتەوە. بێجگە لەوەش لە ڕەوتی خەبات دا هەندێک جار هەلی چاوەڕواننەکراو دێنە پێش، کە ئەرکی حیزبی خەباتگێڕە کە بیانقۆزێتەوە و بە گوێرەی توانا کەڵکیان لێ وەرگرێ. پرسیار ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چەندە توانیویەتی بەو شێوەیە بێ؟

بۆ تێگەیاندنی زیاتری بابەتەکە نموونەیەک دێنمەوە. دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، شەڕێکی چەکداری بە سەر حیزب دا سەپا. حیزبی دێموکرات بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد و زۆر جار تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنی و سەرئێشەی جیددی بۆ دروست کرد. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو بەرگرییە چەکدارییە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی بیرلێکراوە دا، کە بە شێوەیەکی گشتی دوورەدیمەنی ئەو میتۆدە گەنگەشە کرابێ، بەڕێوەچوو؟ ئایا لە ڕەوتی ئەو بەرگرییەدا بیر لەوە کرایەوە کە ئەگەر لە کورت ماوەدا، ئەو ڕێکارە ئەنجامی لێ نەکەوتەوە و بۆ ماوەیەکی بەردرێژ کۆماری ئیسلامی لە ژێر زەختی چەکداری دا نەهاتە سەر مێزی وتوویژ و، دانی بە مافەکانی کورد دا نەنا، حیزبی دێموکرات چۆن ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕ و دۆخە نەخوازراوەکان دەبێتەوە؟ ئایا ئەو ڕێکارە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی فرەرەهەند دا بەڕێوەچوو کە ئەگەر ڕێکاری چەکداری مەجالی لێ تەسک کرایەوە، ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات چالاک بکرێن؟ ئایا ئەو میتۆدە بە هەڵسەنگاندنی وردی هەلومەرج و توانا و ئیمکاناتی خۆیی و دوژمن ڕەچاو کرا؟ ئەو پرسیارانە

و چەندین پرسیاری دیکەش لەوانەیە دژواز لەگەڵ ئەو پێناسەیە بێ، کە بۆ ئەو بەرگرییە چەکدارانەیە دەکرێ. چونکە ئەگەر میتۆدێکی خەبات بە سەرت دا سەپا و لە راستیدا بە سەردا کەوتی و لە هەڵبژاردنی دا دەخیل نەبووی(وەک پێناسە دەکرێ)، بە تایبەت لە سەرەتاکانی دا ناچێتە چوارچێوەیەکی بیرلێکراوە و پێشوەخت ئامادەکاری بۆکراو. بەڵام دەکرا لە رەوتی درێژەکێشانی دا دوورەدیمەنی بۆ وێنا بکرێ و بیر لە دەرەنجام و پلانی جێگرەوەش بکرێتەوە.

فەلسەفە و ئەرکێکی حیزبی دێموکرات خۆئامادەکردنە بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی لەوانەیە لە داهاتوودا بێنە پێشەوە. ئەمەش تەنیا بە کارکردن لە سەر بەرنامەیەکی چڕوپڕی خەباتگێڕیی و لە ژێر تیشکی ستراتیژێکی روونی خەبات دا دەکرێ. لە نەبوونی وەها ستراتیژێک دا، هەوڵەکان لە پێناو مانەوەی قەوارەیی دا قەتیس دەبن.

پێویستیی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە بە قبووڵی ریسک و بە ئازایەتیی شۆڕشگێڕییەوە، بیر لە ئاسۆی خەباتی بکاتەوە و بە بێ سڵەمینەوە لە شانتاژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، رێکارگەلی تازە گەنگەشە بکا و تاقیان بکاتەوە. بە تایبەت کە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بەڕێوەیە و دەکرێ ببێتە دەرفەتێک بۆ باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دواجار ساغبوونەوە لە سەر بەرنامەی خەباتی پێشەرۆژ.

**دوا قسە ئەوەیە کە وەدیهاتنی ئامانجی ستراتیژیکی حیزب یان گەیشتن بە لانیکەمی داخوازییەکانیش، پێویستی بە ستراتیژێکی روونی خەبات هەیە و لە راستیدا ئەو دووانە یەکتر تەواو دەکەن.**

**لە ژمارە ٦٦١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

# مەجلیس و «بەرجام»

هەنووکە ئەو باسە لە ئێران لە ئارا دایە کە ئایا بەرجام (ڕێککەوتنی ڤییەن) دەبێ وەک پرۆژەیاسا بدرێتە مەجلیس و لەوێ تاووتوێ بکرێ؟ یان پەروەندەی ناوکی لە بازنەی دەسەڵاتەکانی شۆرای ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بووە و هەر بڕیارێک کە ئەو بنیاتە بیدا، لەلایەن هەموو دامودەزگاکانی دیکەوە دەبێ پێڕەوی لێ بکرێ؟ ئەو باسانە چەند لایەنی حقووقی، سیاسی-جیناحی هەیە و بەشێکیش لەو ڕوانگەوە دێنە نێو ئەو باسە، کە ئایا لە بەرژەوەندیی ئێران دایە کە بەرجام لە مەجلیس پەسند بکرێ(یان ڕەد بکرێتەوە)؟

لێرەشدا وەک زۆر شتی دیکە دوالیزمێک بەرچاو دەکەوێ. دەوڵەت و هەوادارانی، بە زۆری دەڵێن کە بەرجام پێویستی بە پەسندی مەجلیس نییە و تەنیا وەک ڕاپۆرت دراوە بە مەجلیس؛ بۆ ئەوەی کە تاووتوێی بکا و ئاگاداری هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی بەرجام بێ. بەشێکی زۆری ئوسوولگەراکان، بە تایبەت ڕەوتی ڕاستیی توندئاژۆ، پێداگریی لە سەر ئەوە دەکەن کە بەرجام دەبێ وەک پرۆژەیاسا بدرێ بە مەجلیس و تەنیا دوای پەسندی مەجلیس، جێبەجێ کردنەکەی یاسایی دەبێ. هەر کام لەو دوو گرووپە بۆچوونەکەیان پشتبەستوو بەو خوێندنەوە حقووقی و سیاسییەی دەکەن کە لە بەرجام دەیخەنە ڕوو.

دانوستانە ناوکییەکانی ئێران لە لایەن شۆرای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە سەرپەرەستی و مودیرییەت کرا و لە چوارچێوەی سیاسەتی داڕێژراوی ئەو بنیاتەدا ڕێککەوتن کرا. بۆ نموونە میکانیزم و چۆنیەتیی سەردانی ناوندە گوماناوییەکانی ئێران لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکییەوە، دوای پرس و ڕاوێژ بە بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و بە لە بەرچاوگرتنی توانای ئیمتیازگیریی ئێران قبووڵ کراوە. ئێستا ئەگەر شۆرای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بەرجام پەسند بکا، لە ڕاستیدا دانی بە عەمەلکردی خۆی داناوە. سەرەڕای ئەوەش مەجلیس پێش ڕێککەوتنەکە، لە دووتوێ پەسندکراوێک دا، بە چەشنێک تاووتوێ کردن و بڕیاردان لە سەر بەرجامی بە شۆرای ئاسایشی نەتەوەیی سپاردووە.

دەوڵەت دەڵێ بەرجام سەنەدێکی جێبەجێکارییە کە دوو لایەن بە شێوەیەکی دڵخوازانە بەڵێنییەکانیان جێبەجێ دەکەن. ئەگەر لایەنێک پێشێلی ڕێککەوتنی کرد لایەنەکەی دیکەش بۆی هەیە جێبەجێ کردنی بەڵێنییەکانی ڕاگرێ و بۆ پێش دۆخی ڕێککەوتن بگەڕێتەوە. ئیستدلالیان ئەوەیە کە ئەگەر بێتوو مەجلیس بەرجام پەسند بکا ئەمە ئێران بە شێوەیەکی حقووقی زیاتر پابەند دەکا و دەستی ئێران دەبەستێ و لە حاڵەت پێشیل کرانی ڕێککەوتنەکە لە لایەن ٥+١ەوە، ئازادیی کردەیی ئێران کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەش کام یەک لە وڵاتانی ٥+١، بەرجام وەک پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی سەیر

دەکەن و ئەو دەقە دەبەنە پارلمانەکانیان و لەوێ پەسندی دەکەن، تا ئێران ئەو کارە بکا! وەفدی دانوستانکاری ئێران دەڵێن کە ئەگەر بەرجام وەک پرۆژەیاساش بدرێ بە مەجلیس، مەجلیس بۆی هەیە کە بە بەڵێ یان نەخێر دەنگ بە گشتییەتی رێککەوتنەکە بدا و ناتوانێ تەنانەت ویرگول یان رستەیەکی دەستکاری بکا، چونکە ئەوە رێککەوتنەکە لێک هەڵدەوەشێنێ. ئەمە لە حاڵێک دایە کە پرۆسەی تاووتوێ کردنی پرۆژەیاساکان لە مەجلیس دا بەو شێوەیە کە سەرەتا مەجلیس دەنگ بۆ گشتییەتی پرۆژەیاسایەک وەردەگرێ و دواتریش برگە بە برگەی قسەی لە سەردەکرێ و پەسند یان رەد دەکرێتەوە. لە پەسند کرانی پرۆژەیاساکان دا مەجلیس مافی دەستکاری کردنی هەیە.

لە بەرامبەر ئەو خوێندنەوانەی دەوڵەت و رەوتی نزیک لە دەوڵەت، بە تایبەت راستیی توندئاژۆ دەڵێن کە مادام بەرجام کۆمەڵێک بەڵێنی و بەرتەسک کردنەوەی زۆر بە سەر ئێراندا دەسەپێنێ، بۆیە دەچێتە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی نێونەتەوەییەوە و تەنیا دوای پەسندی مەجلیس، جێبەجێ کردنی یاسایی دەبێ. دیارە ئەو کەس یا لایەنانەی کە لە بنەڕەتدا دژی رێککەوتن بوون ئێستاش وازیان نەهێناوە و لە هەموو رێگەیەک بۆ بێ سەرەنجام هێشتنەوەی رێککەوتنەکە کەڵک وەردەگرن. واتە بەشێک لەو باسەی کە لەم پێوەندییەدا لە ئارا دایە دەچێتە چوارچێوەی پۆلیمیکی سیاسی و زیاتر بە جەدەلی سیاسی - جیناحی هەڵدەسەنگێنرێ.

**خامنەیی هەتا ئێستا بە راشکاوی رای خۆی سەبارەت بە بەرجام دەرنەبڕیوە. هەر ئەمەش رێگەی بۆ ئەو گەنگەشە سیاسی و حقووقییەی سەرەوە کردۆتەوە.**

١- خامنەیی نایەوێ دلخۆشیی خۆی لە بەرجام رابگەیەنێ چونکە لەوانەیە ئەمە وەک لاوازیی ئێران لێک بدرێتەوە. ئەو دەیەوێ نمایشی هێز بکا و وا بنوێنێ ئەگەر بەرجامیش جێبەجێ نەبێ، دنیا خراپ نابێ.

٢- ئەو قسەیەی خامنەیی کە مەعلوم نییە بەرجام لە ئێران و ئەمریکا پەسند یان رەد بکرێتەوە، چەشنێک مانۆڕی ئێرانە لە هەمبەر کۆنگرەی ئەمریکادا. دەنا ئێران لە بەرژەوەندیی خۆیدا نابینێ کە ببێتە هۆی پێشێل کرانی رێککەوتنی ڤییەن.

٣- هەر وەک چۆن ئامرازەکانی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا لە کێشانی وڵاتانی ٥+١ بۆ سەر مێزی وتووێژ کاریگەریی هەبوو، راگرتنی ئەو ئامرازانە لە جێبەجێکردنەکەشی دا بێ کاریگەر نییە. بەم هۆیەیە کە خامنەیی لە سەر درێژەدان بە سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا پێداگریی دەکا.

٤- خامنەیی بەرەنجامی کاریگەریی هێزە سیاسی و باندەکانی هێزە. لانی کەم لە گوتاری گشتی دا بە شێوەیەک قسە دەکا کە دەرەتانێک بۆ کێشمەکێشی رەوتە سیاسییەکان دێڵێتەوە. ئەو باس یان جەدەلە سیاسی و حقووقییەی سەبارەت بە



سەرچاوە
Serchawe

پەسندکران یا نەکرانی بەرجام لە مەجلیس دا، لە ئارا دایە، دەکرێ بە چەشنێک یاریی سیاسی و مانۆڕی سیستمیش لە قەڵەم بدرێ، ئەگینا بڕیار دان لە سەر بەرجام نە لە مەجلیس، بەڵکوو لە ژێر چاوەدێری خامنەیی دا کراوە و دەکرێ.

**لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

# نیگەران لە نۆرماڵیزاسیۆن

کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی شۆڕشی ۱۳۵۷ دا هاتۆتە سەرکار. هەرچەند نزیک بە ۳۷ ساڵ لە تەمەنی ئەو سیستمە تێپەڕیوە بەڵام هێشتا لە حاڵەتی «شۆڕشگێڕیی» نەهاتۆتە دەر و وەک سیستمێکی باو و ئاسایی مامەڵە لەگەڵ بواری نێوخۆیی و دنیای دەرەوە ناکا. لانیکەم بەشێکی بەهێزی نیو سیستم پێداگریی لە سەر بەردەوامیی شۆڕش و پاراستنی رۆحی شۆڕشگێڕیی(بیخوێننەوە توندڕەوی) دەکا.

دوای رێککەوتنی ڤییەن باڵی ئوسوولگەرا نیگەرانی ئەوەن کە ئەمریکا لە رێگەی ئەو رێککەوتنەوە بیەوێ جێ پێیەک لە ئێران دا پەیدا بکا و دواجار ئەو رێککەوتنە ببێتە پردێک بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا. لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە دژایەتی کردنی ئەمریکا بەشێک لە گوتاری ئەو رێژیمە پێک دێنێ. دژایەتی کردنێک کە بۆتە سەمبولی شۆڕشگێڕ بوون و وەفادار بوون بە ئارمانجەکانی شۆڕش.

لە روانگەی بەشی ئەمنییەتی - نیزامی و رەوتی ئوسوولگەرای توندئاژۆوە رێککەوتنی ڤییەن بەشێکە لە پازڵی ئیستراتیژیی ئەمریکا بۆ پەیدا کردنی جێ پێیەک لە ئێران دا. لەو روانگەوە ئەمریکا دەیەوێ لە سەر هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران کاریگەریی دانێ و رەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بگۆڕێ و لە درێژماوەدا ئەو گۆڕینی رەفتارە بکا بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی. حەمید رەزا موقەددەم فەر، راوێژکاری فەرهەنگی سپای پاسدارن لە وتاردانی پێش خوتبەکانی نوێژی هەینی تاران، دەڵێ: ئەو کەسانەی دوای رێککەوتن خوازیاری پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکان، لە موجاهیدینی خەڵق مەترسیدارترن و ئەو ئامانجە بە گوتەی وی، لاواز کردنی بواری بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی روخاندنیەتی. ئەو هەروەها دەڵێ: دوژمن دەیەوێ ئەو گریمانەیە جێ بخا کە بە وتوویژ پرسی ناوکی چارەسەر بوو، کەواتە دەکرێ بە وتوویژ پرسەکانی دیکەش چارەسەر بکرێن. بە گوتەی وی هەر کەس وا بیر بکاتەوە ئەوە رێگەی نفووزی دوژمن دەکاتەوە(قسەکانی موقەددەم فەر تەواو). ئەگەر سەرنجی راگەیەنەکانی سەر بە ئوسوولگەراکان بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە کلیل وشەی وتار و لێکدانەوەکانیان، هۆشداری دانە سەبارەت بە نفووزی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە ئێران دا. رۆژنامەی کەیهان دەڵێ: ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە رێککەوتنی ڤییەن، گۆڕینی ئێرانی ئینقلابیە. سادقی لاریجانی دەڵێ: ئامانجی ئەمریکا کردنەوەی دەرگایەکە بۆ نفووز لە ئێران دا و هاتنە سەر کاری هێزگەلێکە کە نێوانیان لەگەڵ ئینقلاب نیە. خامنەیی لە دوو مانگی رابردوودا چەندین جار لە بارەی مەترسی نفووزی ئەمریکا و ئەوەی کە دوژمن دەیەوێ لە رێگەی بەرجام و وتوویژەوە جێ پێیەک لە ئێران دا پەیدا بکا،

وریایی داوە. هۆکاری ئەو قەبارە گەورەیە لە وریایی دان سەبارەت بە نفووزی ئەمریکا لە ئێران دا چیە؟ خۆ ڕێککەوتنی ڤییەن لە سەر پرسی دیاریکراوی ناوکی کراوە!

**لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا دەکرێ ئەو خوێندنەوانە بخرێنە روو:**

١- لانیکەم بەشگەلێکی بەهێزی نێو سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان ترسیان لەوەیە کە هەر چەشنە کاڵ بوونەوەی بیروباوەڕە دوگمەکان ببێتە هۆی داڕوخانی سیستم. ناوکی سەرەکی هێز لە کۆماری ئیسلامیدا پێی وایە کە لاواز بوونی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکان بەستێنی نفووزی ئەمریکا و داسەپاندنی خواستەکانی ئامادە دەکا. ئەوان دەڵێن نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بۆ ئەو ڕۆحی ئینقلابیگەرییە دەگەڕێتەوە کە »ڕەوتی نیفاق و پێداچوونەوەخواز»(بیخوێننەوە بەرەی دەوڵات و ریفۆرمخواز) بە توندئاژۆیی لە قەڵەمی دەدا و هێرشی دەکاتە سەر.

٢- کۆماری ئیسلامی لە ڕێککەوتنی ڤییەن دا پاشەکشەیەکی زۆری کردووە و دەیانەوێ بە دەمەزەرد کردنەوە و توند کردنەوەی گوتاریی، هاوسەنگی دروست بکەن. لەو روانگەوە ئەگەر پاشەکشە کردن لە بواری ناوکی دا لەگەڵ کاڵبوونەوەی گوتاریی ئاوێتە بێ، لەوانەیە وەک لاوازیی ڕێژیم لێک بدرێتەوە و هەندێک پێشهاتی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە.

٣- پێداگریی لە سەر دژایەتیی لەگەڵ ئەمریکا بۆ داهاتووبینی و لە بەرچاو گرتنی سیناریۆ ناڕوونەکان دەگەڕێتەوە. ئەگەر هاتوو جێبەجێ بوونی ڕێککەوتنی ڤییەن لەگەڵ کۆسپ بەرەوروو بوو، کۆماری ئیسلامی قاوغی ئیدئۆلۆژیک و شۆڕشگێڕیی خۆی پاراستبێ و بە پشت بەستن بەوە درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

٤- خامنەیی وەک کەسایەتییەکی حقووقی دەرەنجامی کێشمەکێشی باند و هێزگەلی نێو سیستمە و قسەکانیشی نوێنەرایەتی ناوکی سەرەکی دەسەڵات لە ئێران دا دەکا. ئێستا کە بەشگەلی توندئاژۆ نەیانتوانی ڕێگە لە ڕێککەوتنی ناوکی بگرن، دەیانەوێ بە پێداگریی گوتاریی، قەرەبووی ناکامیی خۆیان بکەنەوە.

٥- ڕاستیی توندئاژۆ خوێندنەوەگەلێک بۆ بەرجام دەکەن کە دەرەتانی کەڵک وەرگرتنی سیاسی لە بەرجام لە لایەن بەرەی دەوڵەت و ڕێفۆرمخوازەوە، لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمەدا، کەم بکەنەوە. ئەوان خۆیان بە پابەندی پرەنسیپەکانی شۆڕش دەزانن و هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ کەم بوونەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا و وتووێژی گشتگیر لەگەڵ ئەمریکا وەک ڕێگەخۆشکەری تەسلیم بوون لەبەرامبەر ئەو وڵاتەدا لێک دەدەنەوە. ڕاستیی توندئاژۆ بە نیگەرانییەوە چاو لە هاتنی وەفدگەلی سیاسی-بازرگانی ئورووپایی بۆ ئێران دەکا و بە جادەخۆشکەری نفووزی ئەمریکای دەزانێ.

کێشەکە ئەوەیە کە ڕەوتی توندئاژۆ و نیزامی - ئەمنییەتیی نێو سیستم لە سەر بەردەوامیی شۆڕش و ڕۆح و دوگما شۆڕشگێڕییەکان پێداگریی دەکا و وەک خاڵی جیاواز و بەهێزی سیستمی دەبینێ. لە حاڵێک دا ڕەوتی بەرامبەر خوازیاری هاوئاهەنگ کردنی دەوڵەت و سیستمە لەگەڵ سیاسەتە باوەکانی جیهانی. دەوڵەتێکی نۆرماڵ کە لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی ئاشتی بکا و بە گرتنەبەری گوتاری ژێئۆئیکۆنۆمیک کار بۆ ئاسوودەیی و خوشبژێویی خەڵکی خۆی بکا. نۆرماڵیزاسیۆنێک کە ڕەوتی توندئاژۆ بە کۆتایی ئینقلاب و بە کۆدی ڕوخانی سیستمی لە قەڵەم دەدا.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# ریفۆرمخوازی موحافزەکار

باڵی چەپ لە دوای مەرگی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ەوە و، دوای بەدەستەوەگرتنی هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان لە لایەن باڵی راستەوە، شێوەگۆڕینێک لە گوتاری دا پێک دێنێ و لە ساڵی ١٣٧٦ەوە لە ژێر ناوی ریفۆرمخواز دا خۆی فۆرمولە و پێناسە دەکا. تا هەنووکە ریفۆرمخوازەکان بە چەند قۆناغ دا تێپەڕیون، کە بە ئاماژەیەکی کورت بە دوو قۆناغی دەوڵەتی ئیسلاحات و دۆخی ریفۆرمخوازان لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی نژاد، لە سەر قۆناغی هەنووکەییان هەڵوێستە دەکەم؛ ئەوەی کە چۆن خۆیان پێناسە دەکەنەوە، چ چاوەڕوانییەکیان لە دەسەڵات هەیە، داخوازییەکانیان لە چ ئاستێک دا فۆرمولبەندی دەکەن، فەزای سیاسیی هەنووکەیی ئێران چ کاریگەرییەکی لە سەر تێکۆشانیان هەیە و چۆن بەرەوپیری هەڵبژاردنەکانی مانگی رەشەمە دەچن.

بە هۆی کۆسپگەلی پێکهاتەیی، کۆسپ نانەوەی ناوکی سەرەکی هێز و بەسەرداکەوتن و بێ ئەزموونی و بێ بەرنامەیی خۆیان، ریفۆرمخوازەکان نەیانتوانی لە سەردەمی ئیسلاحات دا ئامانجی پەرەسەندنی سیاسی وەدی بێنن و ئەو کرانەوە رێژەییە سیاسی و فەرهەنگییەی کە دروست ببوو، یاسامەندی بکەن کە دوای خۆیان بە ئاسانی لەبار نەچێ.

لە دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد لە ساڵی ١٣٨٤ دا فەزای سیاسیی ئێران بەرەو داخران(ی زیاتر) دەچێ و دەرەتانی تێکۆشان و چالاکیی سیاسیی بەردەم ریفۆرمخوازەکان کەمتر دەبێتەوە؛ تا ئەوەی کە لە دوای هەڵبژارنەکانی سەرکۆماریی ١٣٨٨، دەکرێنە سووژەیەکی ئەمنییەتی و بە توندی دەخرێنە پەراوێزەوە. بە هاتنە سەر کاری روحانی، تا رادەیەک دەرەتانی چالاکییان بۆ دێتەوە پێش. لەم قۆناغە دایە کە ریفۆرمخوازەکان دیانەوێ بە لەبەرچاو گرتنی راستینەی فەزای سیاسیی ئێران و هێزی رەوتی بەرامبەریان، خۆیان سەر لە نوێ پێناسە بکەنەوە و ئاستی داخوازییەکانیان بە پێی ئەو فەزایە دیاری بکەن.

**لەم بارەوە پێویستە ئەم خاڵانە ئاماژە پێ بکەم:**

١- رەوتی ریفۆرمخواز، رەوتێکی فرەچەشنە. ئەم رەوتە روانینێکی روون و یەکگرتووی سەبارەت بە کۆمەڵگە و سیاسەت نییە. باڵی ریفۆرمخواز "تەیف"ێکە کە لە نێوان ئەمسەر و ئەوسەری تەیفەکە دا مەودایەکی واتادار لە رووی تێروانین و پێناسەکردنی چەمکی ریفۆرمخوازیی بەدی دەکرێ. ئەم رەوتە زیاتر لە ٢٠ حیزب و رێکخراوی سیاسی و چەندین حیزبی بە

نایاسایی راگەیەندراو لە خۆ دەگرێ. بە هۆی داخراویی فەزای سیاسیی ئێران، ئەو بەشە لە ریفۆرمخوازان دەرەتانی چالاکییان هەیە و خۆیان دەنوێنن کە میانەڕۆن و بە لەبەرچاوگرتنی فەزاکە خۆیان پێناسە دەکەن.

٢- لە نەبوونی حیزبەکانی "موشارکت" و "موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی" و بە هۆی تازەدامەزراو بوونی حیزبی "یەکیەتیی نەتەوەیی ئێران" و "نەدای ئێرانییەکان"، لە نێو رەوتی ریفۆرمخواز دا حیزبی "کارگوزارانی سازندگی" کاریگەرییەکی زۆری هەیە. حیزبێک کە لە سەردەمی ئیسلاحات دا لە مابەینی دوو رەوتی ریفۆرمخواز و موحافزەکار دا جێی دەگرت. حیزبێک کە خاوەن ئاخێزگەیەکی ریفۆرمخوازی نییە و زیاتر لە چوارچێوەی راستی مۆدێرن دا جێ دەگرێ.

٣- لە روانگەی چالاکانی ریفۆرمخوازەوە، ئەوان لە رابردوودا هەڵە و توندڕەوییان هەبووە. بە هۆی کێبەرکێی نێو گرووپیی لە ساڵی ٨٤ دا، زەبرێکی گەورەیان لە پەرەسەندنی ئێران لە هەموو بوارەکان دا وەشاند. لە پێکهاتنی فەزای داخراویی دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨یش بێ گوناح نەبوون. مەجلیسی نۆیەم تەنیا مەجلیسێکە کە ریفۆرمخوازەکان نەیانتوانیوە فەراکسیۆن پێک بێنن و ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە چەندە تووشی هەڵە بوون. بە گوتەی خۆیان بە خەسارناسی و پێداچوونەوە بە رابردوودا، خۆیان سەر لە نوێ پێناسە دەکەنەوە، متمانەسازیی دەکەن، لە رێگەی تەعامول و راوێژکاری لەگەڵ بنیاتگەلی وەک شۆرای نیگابانەوە، هەوڵی سڕینەوەی خراپ لێکتێگەیشتنەکان دەدەن و کار بۆ دەرچوونی پاڵێوراوەکانیان لە فیلتێری شۆرای نیگابان دەدەن. بەم خوێندنەوەیە کە ئاستی داخوازییەکانیان زۆر هێناوەتە خوار و بە گوتەی خۆیان، خۆیان "ریالیزە" کردووە.

٤- بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە نایانەوێ سۆنامی خۆپاڵاوتن دروست بکەن و ئەگەر کەسانێک دەزانن حەتمەن رەدی سەلاحییەت دەکرێن، خۆیان نەپاڵێون. ئەمەش لەم پێناوەدا شی دەکرێتەوە کە نایانەوێ تێچووی رەدی سەلاحییەتەکان بۆ شۆرای نیگابان بەرنە سەرێ و لەمەش وەک ئامرازی فشار بۆ سەر شۆرای نیگابان کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە موحسین رەهامی بەرپرسی کومیتەی هەڵبژاردنەکانی شۆرای هاوئاهەنگیی ریفۆرمخوازەکان دەڵێ: تەعامول لەگەڵ شۆرای نیگابان درێژە دەدەین. شۆرای نیگابان نیگەرانی ئەوەیە کە کەسانی توندڕەو بچنە مەجلیس. ئێمە دەمانەوێ نیگەرانییەکانیان بڕەوێنینەوە؛ چونکە دەمانەوێ لە کەسانی میانەڕۆ کەڵک وەربگرین.(قسەکانی رەهامی تەواو).

ریفۆرمخوازەکان زیاتر لەوەی کە لە سەر شوناسی ریفۆرمخوازیی پێداگریی بکەن لە بیری ئەوە دان کە چۆن بگەڕێنەوە نێو سیستم و تەنانەت بۆ ئەوەی کە ئوسوولگەراکان و ناوکی سەرەکی هێز، ترسیان رێ نەنیشێت، زیاتر باس لە دووبارە بوونەوەی مۆدێلی مەجلیسی پێنجەم دەکەن، مەجلیسێک کە تێیدا ریفۆرمخوازەکان کەمایەتییەکی بەهێز بوون. بە گشتی وەک بەرچاو دەکەوێ ئەوان دەیانەوێ بە شێوەیەکی فابیانیستی بگەڕێنەوە نێو سیستم و سەقفی داخوازییەکانیان ئەوەندە بەرز

دانەنێن کە لە لایەن چەقی قورسایی هێز لە کۆماری ئیسلامی دا بە ئاسانی وەک پێکهاتەشکێنی لێک بدرێتەوە. رویکەردێک کە لەلایەن دژبەرانی رادیکاڵی کۆماری ئیسلامییەوە وەک کۆنسێرڤاتیزە بوونی ریفۆرمخوازەکان لێک دەدرێتەوە.

لە ژمارە ٦٦٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---

## شانۆی پێکەنیناوی مەجلیس

هەر لە سەرەتاوە مەجلیس رۆڵێکی وای لە پرۆسەی دانوستانە ناوکیيەکاندا نەبوو. دوای نیهایی کرانی بەرجام لە لایەن ئێران و وڵاتانی ٥+١ەوە، باسگەلێکی زۆر سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی مەجلیس لە پەسندکرانی بەرجام دا هاتەئاراوە. سەرەڕای داخوازی و پێداگریی راستی توندئاژۆ و بەرەی پایداری لە مەجلیس دا، دەوڵەت ئامادە نەبوو کە بەرجام لە دووتوێی پرۆژەیاسایەک پێشکەشی مەجلیس بکا. سەرەنجام دوای قسەکانی خامنەیی سەبارەت بە تاووتوێ کردنی بەرجام لە شوێنە یاساییەکاندا، کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بۆ تاووتوێ کردنی بەرجام لە لایەن مەجلیسەوە پێکهات کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان پێک دەهات. شێوەی کاری ئەو کۆمیسیۆنە و بانگهێشت کردنی شارەزایانی پێوەندیدار و بەرپرسانی پێشوو و ئێستای کەیسی ناوکی، چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی باسەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایەن دەنگ و رەنگەوە و، چۆنیەتی ئامادە کردنی راپۆرتی ئەو کۆمیسیۆنە مقۆمقۆ و موناقشەی زۆری لێ کەوتەوە. سەرەڕای زیاتر لە ٤٠ رۆژ کاری بەردەوام، راپۆرتی کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام نەبوو بە بنەمای بڕیاردانی مەجلیس. سەرەنجام گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس ئامادە کرابوو بە پەسندی مەجلیس گەیشت و دوای تەییدی شۆرای نیگابانیش بە دەوڵەت راگەیەنرا و بەم شێوە دوای ٢ - ٣ مانگ کیشمەکێشی لایەنگران و دژبەرانی بەرجام، بە شێوەیەکی فەرمی ئیجازەی جێبەجێ کردنی بەرجام بە دەوڵەت درا.

**لەم بارەوە پێویستە بگوترێ کە:**

١- قبووڵ کردنی بەرجام لە لایەن ئێرانەوە، بەو واتایە بوو کە پێشتر بە پەسەندی بنیاتە دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتووە و ئەوەی دواتر لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام لە مەجلیس دا دیتمان، زیاتر روالەت سازی و شانۆسازییەک بوو بۆ لاسایی کردنەوەی کۆنگرەی ئەمریکا لە تاووتوێ کردنی بەرجام دا و هەوڵێک بوو بۆ رازی کردنی دژبەرانی بەرجام بە تایبەت لە مەجلیس دا.

٢- دوای نیهایی کرانی بەرجام لە مانگی پووشپەڕ دا، خامنەیی وریایی دا کە بەرجام نەبێتە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی و دوودەستەیی لە سیستم دا. خامنەیی و بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئامانجی ئەمریکا لە قۆناغی دوای بەرجام ئەوەیە کە لە نێو سیستم دا دووبەرەکی دروست بکەن و لە رێگەگەلی جۆراوجۆرە لە دەزگا بڕیارساز و بڕیاردەرەکانی کۆماری ئیسلامی دا نفووز بکەن. ئامانجی دەزگای رێبەری ئەوە بوو کە لە

چوارچێوەیەکی مودیرییەت کراودا بەرجام لە مەجلیس دا تاووتوێ بکرێ و بەر لە تەواوبوونی وادەی ٣ مانگە بۆ ڕاگەیاندن و پەسندی بەرجام، مەجلیس لە دووتوێی پەسندکراوێک دا بە شێوەیەکی یاسایی ئیجازەی جێبەجێ کردنی بەرجام دەربکا. لە ڕاستیدا کاری مەجلیس ڕەهەندیکی ڕواڵەتی هەبوو. بەو پێیە مەجلیس نەدەبوو پێچەوانەی ئەمە بجووڵێتەوە و بە درێژکردنەوەی ڕەوتی تاووتوێ کردنی بەرجام،

**هەڵوێستێکی پێچەوانەی سەرووی سیستم بگرێ و بەرجام ڕەد بکاتەوە.**

**یەکەم**: ئەوەی کە کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام ئامادە کردن و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی وەدوادەخست. ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ڕەخنەی عەلی لاریجانی بەرەوڕوو دەبێ و وەک دەگوترێ دوای چەندین جار وریاکردنەوەی عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس، سەرەنجام کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام ڕاپۆرتەکەی پێشکەش دەکا کە وەک ئاماژەی پێکرا تەنیا وەک بەیاننامەیەکی لێهات و نەبوو بە بنەمای کاری مەجلیس.

**دووەم**: دوای پەسندکرانی «کلیات»ی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام، توندئاژۆکان دەیانویست بە خستنە رووی پێشنیارگەلی زۆر، کە خۆی لە ٢٠٠ پێشنیار دەدا، ڕەوتی پەسندکرانی وردەکارییەکانی درێژ بکەنەوە و لە ڕاستیدا ڕێ لە پەسند کرانی ئەو گەڵاڵەیە لانیکەم لە وادەی خۆیدا بگرن. ئەوان دەیانویست بە لاسایی کردنەوەی کۆنگرەی ئەمریکا و بە ڕەچاوکردنی «فیلی باستێر» لە چەشنی ئێرانییەکەی! دەنگدان لە سەر گەڵاڵەکە پەک بخەن کە بە گەیشتنی پەیامێک لە لایەن نووسینگەی ڕێبەرییەوە، سەبارەت بەوەی کە دەبێ گەڵاڵەکە بە گۆڕانکارییەکی زۆر کەم پەسند بکرێ، ئەو تاکتیکەی دژبەرانی بەرجام پووچەڵ کرایەوە. ئەوە بوو وردەکارییەکانی گەڵاڵەکە لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ خولەک دا! بە پەسندی مەجلیس گەیشت و ڕۆژی دواییش زۆر بە خێرایی لە لایەن شۆرای نیگابانەوە تەیید کرا. «کلیات»ی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام بە ١٣٩ دەنگی موافیق و ١٠٠ دەنگی دژبەر بە پەسەند گەیشت، لە حاڵێکدا وردەکارییەکانی بە ١٦١ دەنگی موافیق و ٥٩ دەنگی دژبەر پەسند دەکرێ. کەم بوونەوەی بەرچاوی دەنگی دژبەران و زوو تەییدکرانی گەڵاڵەکە لە لایەن شۆرای نیگابانەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سیستم نەیدەویست لەمە زیاتر ڕەوتی تاووتوێ و پەسند کردنی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام درێژ بێتەوە و لەوە زیاتر دووبەرەکی لایەنگران و دژبەرانی بەرجام قووڵ بێتەوە و درێژە بکێشێ. قسەکانی ئەحمەدی جەننەتی لە وتاردانی نوێژی هەینی تاران دا کە دەڵێ بەرجام تەواو بوو و نابێ لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا باسی لێ بکرێ، پەیامێکە بۆ تەندئاژۆکان کە کۆتایی بە دژایەتییان لەگەڵ بەرجام بێنن و وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە کە بەرجام بە پێی بڕیاری سیستم قبووڵ کراوە و جێبەجێش دەکرێ. هەروەها سەلمێنەری ئەو حوکمە حکومەتییەیە کە بە شێوەیەکی ناڕوون بە مەجلیس ڕاگەیەندرا کە دەبێ پرسی بەرجام کۆبکرێتەوە.

شانۆکە لەوەدایە کە لە جێدا نەدەبوو مەجلیس بە دەرکردنی یاسایەک رێ لە جێبەجێ بوونی بەرجام بگرێ و زێدە لەوەش بە حوکمێکی حکومەتی کە لە راگەیاندنی ئاشکرای،خۆیان بوراد، لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ خولەک دا رۆڵی رواڵەتی و لەپێشدا دیاریکراوی مەجلیس کۆتایی هات.

**لە ژمارە ٦٦٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی

دوای ڕێککەوتنی ناوکی، بە واتایەک مەترسیی هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران زۆر کەمتر بۆتەوە و دەتوانین بڵێین کە لە کورتماوە دا لە ئارادا نەماوە.

زۆرن ئەو شرۆڤەکارانە کە پێیان وایە دەوڵەتی ئەمریکا لە ئاسۆی داهاتووی دا ئەو بڕیارەی داوە کە لە دیواری بێمتمانەیی نێوان خۆی و ئێران کەم بکاتەوە و لەگەڵ ئێران هاوکاری بکا. گرینگیی ئەو فاکتەرە لەوەدایە کە ئەمریکا لە سەرووی هێرەمی سیستمی نێونەتەوەیی جێ دەگرێ و جارانیش کە مەترسیی هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران لە ئارادا بوو، لە لایەن ئەمریکاوە یان بە پشتیوانی ئەمریکا بووە.

یەکێک لەو ئیستدلالانەی لەم پێناوەدا دەخرێنە ڕوو ئەوەیە کە ئەمریکا، چین بە ڕکەبەری سەرەکیی داهاتووی خۆی دەزانێ و بۆ ئەمەش قورسایی سەرنجی خۆی بۆ لای زەریای هیند و ئارام دەگوازێتەوە. ئەمریکا بۆ جێبەجێبوونی ئیستراتیژی گواستنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، پێویستیی بە هاوکاریی وڵاتێکی "سەقامگیر"ی وەک ئێران هەیە. دوو هۆکاری هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و خۆدابینکردنی ئەمریکا لە ڕووی وزەوە لە ساڵانی داهاتوودا،

بایەخی ڕۆژئاوای ئاسیای بۆ ئەمریکا هێناوەتە خوارو پراکتیزەکردنی ئەو ستراتیژییەی سەرەوە ئاسانتر دەکا. لە پاڵ گۆڕانی ستراتیژیی ئەمریکا و دوکترینە تازەکانی دەزگای "حاکمە"ی ئەو وڵاتە، ئێران توانیویەتی پێگەیەکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆخۆی دەستەبەر بکا و تەنانەت وەک هێزێکی گەورە دەجووڵێتەوە.

لە بیاڤی نێوخۆیی ئێراندا "ئارامی" هەیە و لانیکەم بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی مەیدانی کە تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبێ لەئارادا نیە؛ بزووتنەوەیەکی "بالفعل" کە ئەو ئارامییەی کۆماری ئیسلامی ئیدیعای دەکا، بشێوێنێ و تێکی بدا. هەمووی ئەمانەش وایان کردوە کە نە تەنیا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو زۆر کەسی دیکەش، ئێران بە دوورگەیەکی ئارام لە دەریای پڕکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا بزانن.

**گریمانەی ئەو وتارە ئەوەیە کە سەقامگیری و ئارامیی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی، پتەو و پایەدار نیە و کۆمەڵێک ئاستەنگی گەورەی لە بەردەم دایە و بەم پێیەش نابێ ئەگەری گۆڕان بەدوور بزانین.**

١- ڕەزایەتی خەڵک مەرجی سەرەکیی بەهێزبوونی حکوومەتەکانە. بەشێکی گەورەی خەڵکی ئێران لە سیستمی زاڵ ناڕازین و ئەوە کە ئەو سیستمە تا ئێستا دەوامی هێناوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری دیکە دەگەڕێتەوە کە جێگەی باسیان ئێرە نیە. لە ئێراندا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و حکوومەت دا هەیە؛ بەم هۆیەوە سیستمی زاڵ خاوەنی "اقتدار"ێکی ڕاستەقینە نیە. کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی قەیراناوی و ناڕازییە کە هەڵگری ئەگەری ڕووداوی چاوەڕواننەکراوە. زەبروزەنگ و ترس ناتوانێ سەقامگیرییەکی پایەدار بۆ حکوومەتەکان بەدیاری بێنێ. ئەو حکوومەتانەی لە ڕێگەی ترساندنەوە خۆیان بە سەر خەڵک دا فەرز دەکەن، لەڕاستیدا بنەمایەکی لەرزۆکیان هەیە و لە ساتە هەستیارەکاندا ئەگەری ئەوە هەیە کە تووشی ئاستەنگی گەورە بن.

٢- ئێران لەگەڵ قەیرانێکی گەورەی ئابووری بەرەوڕوویە. نامەی چوار وەزیرەکەی ڕووحانی کە وریایی دەدەن ئەگەر داتەپینی ئابووری چارەسەر نەکرێ، ئەگەری گۆڕانی بۆ کێشەیەکی ئەمنییەتی هەیە، دەرخەری قووڵایی ئەو قەیرانەیە. ڕوحانی بەڵێنی ئەوەی دەدا کە لە ماوەی چەند مانگ دا سەروسامان بە دۆخی ئابووریی ئێران دەدا. ئێستا کە زیاتر لە دوو ساڵ لە هاتنەسەرکاری تێپەڕیوە، نە تەنیا ئەو داتەپینە چارەسەر نەبووە، بەڵکوو قووڵتریش بۆتەوە. بەشێکی گەورەی ئابووریزانان دەڵێن هاتنەدەری ئابووریی ئێران لە وەستان لە ساڵی ٩٣ دا، هاتنەدەرێکی ڕاستەقینە نەبوو؛ چونکە بەشی ڕاستەقینەی ئابووریی ئێران(بەشی بەرهەمهێنان) هەر لە ڕاوەستاویدا بوو.

لەم دواییانە دا دەوڵەت پاکێجێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی "تقاضا" بۆ ٥ مانگی داهاتوو پێشکەش کردوە کە لەگەڵ ڕەخنەی ئابووریزانان بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەوان دەڵێن ئەو پاکێجە تەنیا هێورکەرەوەیەکی کاتیە. دەوڵەت بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووری نیە و هەر لە جێدا لە نێوان تیمی ئابووریی دەوڵەت دا هەماهەنگییەکی باش بەدی ناکرێ.

ئێران پۆتانسیەلێکی باشی ئابووریی هەیە. خەڵکی خوێندەوار، هێزی کاری هەرزان، سەرچاوەی دەوڵەمەندی وزە و... لەو فاکتەرانەن کە دەتوانن یارمەتیدەری ئێران بن بۆ دەرهاتن لەو قەیرانە ئابوورییە. بەڵام کەڵکوەرگرتن لەو پۆتانسیەلانە پێویستیی بە ناسینی دروستی نەخۆشییەکانی ئابووریی ئێران، بەرنامەیەکی تۆکمە و چاکسازی پێکهاتەیی هەیە و هیچکام لەوانەش بەبێ ئیرادەیەکی میللی و تیمێکی کارامەی ئابووری جێبەجێ نابن.

٣- قەیرانی کەمئاوی یەکێک لە قەیرانە مەترسیدارەکانی ئێرانە کە هەتا ئێستا حکوومەت بایەخێکی شیاوی پێ نەداوە. هاوردەکردنی ئاو، گۆڕینەوەی ئاو بە وزەی کارەبا، کۆچی سەدان گوند لەبەر بێئاوی، تۆفانی خوێ و ئەگەری شەڕی نێوخۆیی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەر پرسی ئاو، لەو سەردێڕانەن کە مەترسیداربوونی قەیرانی ئاو لە ئێراندا

دەردەخەن.

بە هۆی خراپیی بەڕێوەبردن و لێنەزانیی کاربەدەستان، ئێران تووشی قەیرانێکی مەترسیداری کەم ئاوی بووە کە ئەگەر بێتو بە ئیرادەیەکی سیاسی و میللی مودیرییەت نەکرێ، مەترسییەکەی بۆ سەر ئێران لە قەیرانی ئابووریش زیاترە.

قسەی ئەم وتارە ئەوەیە کە هەرچەند مەترسیی هێرشی دەرەکی لانیکەم لە قۆناغی هەنووکەیی دا لە سەر ئێران نەماوە، بەڵام کۆمەڵێک کێشەی گەورە هەن کە دەتوانن ئێران لەگەڵ مەترسیی هەڵوەشانەوەی نێوخۆیی بەرەوڕوو بکەن.

لە ژمارە ٦٦٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئامانجەکانی پرۆژەی "نفوذ"

دوای رێککەوتنی ناوکی، چەمکی نفوز زۆر زیاتر لە جاران لە ئەدەبیاتی سیاسیی بناژۆخوازەکانەوە دەبینرێ. خامنەیی لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، بەردەوام باسی ئەو چەمکەی کردووە و سەبارەت بە دزەکردنی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی وریایی داوە.

**ئامانج لە هێنانەئارای ئەو چەمکە چیە؟ رەوتی راستی توندئاژۆ بەدوای چیدایە و دەیەوێ چ بەرنامەگەلێک جێبەجێ بکا؟**

**ئەلف: ئوسوولگەراکان چ خوێندنەوەگەلێک بۆ چەمکی نفوز دەکەن؟**

ـ هەندێک برگەی بەرجام بەستێنی نفوزی ئەمریکایان لەبار کردووە و بەم هۆیەیە کە خامنەیی پەیتاپەیتا سەبارەت بە مەترسیی نفوز وریایی دەدا.
ـ ستراتیژیی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران نەگۆڕاوە، بەڵام ئەمجارە لە رێگەی وتوویژ و "نەرم"ەوە کار بۆ گۆڕینی چییەتیی کۆماری ئیسلامی دەکا.
ـ مێهدی محەممەدی یەکێک لە چالاکانی راستی توندئاژۆ دەڵێ: ئامانج لە پرۆژەی نفوز کە رەوتی "غەربگەرا" لە نێوخۆ بە هاودەستی لەگەڵ ئەمریکا دەیبەنە پێش، ئەوەیە کە: پێی ئەمریکا بۆ ئێران بکەنەوە، هاوکێشەی هێزی نێوخۆیی لە ئێراندا بگۆڕن، چییەتیی کۆماری ئیسلامی بگۆڕن و لەم رێگەوە ئێران بە شێوەیەکی ستراتیژیک کۆنترۆڵ بکەن. ئامانج گۆڕینی نەخشەی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە وکەم کردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە ناوچەکەدا(گواستنەوە بە نێوەرۆک).
ـ بەم هۆیانەیە کە ئوسوولگەرایەکی وەک ناسری ئیمانی دەڵێ: کەسانێک کە پێیان وایە بە قازانجمانە لە ئەمریکا نزیک بینەوە یان بەبێ ئەمریکا ناکرێ هیچ شتێک بکرێ، بیری ئەمریکاییان هەیە و نابێ رێگە بدرێ ببنە وەکیل و وەزیر. لە روانگەی رەوتی توندئاژۆوە راسپاردەی نفوزییەکان ئەوەیە کە روخساری ئەمریکا جوان پیشان بدەن و بڵێن کە لەگەڵ ئەمریکا بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیە.

**ب: دژکردەوەی بەرەی دەوڵەت و رێفۆرمخواز بە ئیدیعاکانی ئوسوولگەراکان لە بارەی چەمکی نفوز چی بووە؟**

ـ حاشا لە مەترسیی نفوز ناکەن، بەڵام دەڵێن زیاد لە حەد گەورە کراوەتەوە و ئەم گەورەپیشاندانەش بۆ لێدانی ڕەوتی بەرامبەرە.

ـ عەلی موتەهەری کە بە ئوسوولگەرایەکی میانەڕۆ دەناسرێ، دەڵێ: نەکا چەمکی نفوز وەک دەستەواژەی "فیتنە" بۆ سەرکوتی ڕەخنەگران کەڵکی لێ وەرگیرێ.

بە کورتی ریفۆرمخوازەکان دەڵێن کە ڕاستی توندئاژۆ لە چەمکی نفوز بە ئاوایەکی ئامرازی و جیناحی کەڵک وەردەگرێ بۆ وەلانانی بەرامبەرەکەیان. گیرانی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس بە تۆمەتی نفوزی بوون لەم دواییانەدا، وەک ڕەوتسازییەک بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی سیاسی لێک دەدەنەوە.

**ج: شرۆڤە و ئاکامگیری:**

ئەگەرچی لە سەرەتاوە وریایی دەدرا کە نابێ بەرجام ببێتە سەرچاوەی دووبەرکی و لەبەریەک وەستان، بەڵام خامنەیی بە شێوەیەک پرسی بەرجامی کۆتایی پێ هێنا کە چوارچێوەی گوتاری بۆ پۆلاریزەکردنی زیاتری فەزای سیاسیی ئێران بەدەستەوە دا. بەم پێیە دوای پەسند کردنی بەرجام و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەممە دا فەزای سیاسیی ئێران زیاتر دووجەمسەری بووە.

ـ کلیل واژەی نفوز لە ڕاستیدا گەڵاڵەی سپای پاسداران و ڕەوتی ڕاستی توندئاژۆیە بۆ بە ئەمنییەتی کردنی فەزاکە و خولێکی دیکەی سەرکوت.

- زەق کردنەوەی ئەو چەمکە و ترساندنی کۆمەڵگە لە نفوزی ئەمریکا، فەزاسازیی ڕاستی توندڕۆیە بۆ ڕەتکردنەوەی شیاویی بەربلاوی پاڵێوراوانی سەر بە ریفۆرمخوازەکان. ئوسوولگەراکان نیگەرانن لەوەی کە زۆرینەی مەجلیس لە دەست بدەن.

- نیگەرانن بەرجام بەستێنێک بۆ گشتگیر بوونی نۆرم و بایەخە ڕۆژئاواییەکان وەک نۆرمە دێموکراتیک و ئازادییە تاکەکەسییەکان و... برەخسێنێ. هەرئێستاش دەبینن کە کۆمەڵگە بایەخە داسەپاوەکانی سیستم قبووڵ ناکا و بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتی و ئیعترازی خۆی لە هەمبەر ئەو بایەخە داسەپاوانە نیشان دەدا. دانپێدانانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی ئێران بە گوێرەی دڵخوازی سیستم ڕەچاوی حیجاب ناکەن، سەلمێنەری ئەو ئیدیعایەیە.

- نفوز ئامرازێکە یان گەڵاڵەیەکە بۆ درێژەدان بە دژایەتی ئەمریکا و ڕاگرتنی فۆرم و ڕەفتار و پرێستیژی "ئینقلابیگەری"ی

سیستم. دەترسن لەوەی کە "طلسم"ی ئینقلابیگەرییان لە بەرچاوی دۆستەکانیان یان بە گوتەی خۆیان "سەرپەنجەکانی هێزیان" لەناوچەکەدا بشکێ. بە باوەڕی ناوکی سەختی هێز لە کۆماری ئیسلامیدا، دەستڕۆیشتوویی ئێستایان لە ناوچەکەدا بەرهەمی ئەو ئینقلابیگەریەیە.

- بە پێچەوانەی ئیدیعا و بلۆفەکانیان، دەترسن لەوەی کە ئەگەر لەگەڵ ئەمریکا پێوەندییەکانیان ئاسایی بێتەوە، بە سەرنجدان بە هێژمۆنی و هێزی ئەمریکا، ئەمریکا دەست بخاتە نێو کاروباریانەوە و لە بواری جۆراوجۆردا بە سەریاندا زاڵ بێ.

- دوای گەمارۆکان کە کۆمپانیا رۆژئاواییەکان ئێرانیان بەجێ هێشت، سپای پاسداران بواری ئابووریی ئێرانی زیاتر گرتە دەست. ترسیان لەوەیە کە بە هاتنی سەرمایەگوزاری دەرەکی، ئەو مۆنۆپۆلەی ئێستایان نەمێنێ؛ بۆیە دەیانەوێ لە رێگەی چەمکگەلی وەک نفوزەوە تا رادەیەک لە هاتنی سەرمایەگوزاری دەرەکی رێگری بکەن. ئەمنییەتی سازیی فەزا و گرتنی نزاررزەکای لوبنانی لەم پێناوەدا شی دەکرێتەوە.

ـ لەوانەشە بە هێنانەئارای ئەو چەمکانە و نیشاندانی پەرەگرتنی کێشمەکێشەکان، بەرچاوی خەڵک لێڵ بکەن و لە پراکتیک دا بە شێوەیەکی دیکە بجووڵێنەوە و لە بارەی بەرجامیش ئەو بەڵێنیانەی داویانە جێبەجێ بکەن.

ماوەتەوە بڵێین کە لە جێدا لە پشت پەردەی سیاسەتی ئێراندا دووبەرەکی و کێشمەکێشی توند لە ئارا دایە کە لە بەرەبەری هەڵبژارنەکاندا زیاتر دەردەکەوێ. دیارە هەمووی ئەو دووبەرەکی و نەبوونی یەکگرتوویی فکری و فەلسەفییە وایکردووە کە پەرەسەندنی ئێران دوا بکەوێ و فارس گوتەنی: ئێران "دەرجا" لێ بدا.

لە ژمارە ٦٦٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## هەڵوێستەیەک لە سەر پێوەندییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و ڕووسیە

پێوەندیی‌یەکانی ئێران و ڕووسیە مێژوویەکی دووردرێژ و پڕهەورازونشێویان هەیە. چۆنیەتیی مامەڵەی ڕووسیە لەگەڵ ئێران، چەشنێک بێ‌متمانەیی لە نێو ئێرانی‌یەکاندا بە نیسبەت ئەو وڵاتە دروست کردوە. ڕێککەوتننامەکانی "تورکەمەنچای" و "گولستان" لە سەردەمی قاجاردا و، پابەندنەبوون بە بەڵێنەکان و ڕوانینی ئامرازیی ڕووسیە بۆ ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا، لەسەر دروستکردنی ئەو بێ متمانەیی‌یە شوێندانەر بووە.

پچڕانی پێوەندیی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، ساردبوونەوەی پێوندی‌یەکانی لەگەڵ ئوروپا بە تایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی نژاددا و هاوهەڵوێستبوونی ئوروپا و ئەمریکا لە دژی ئێران (بە تایبەت لە سەر پرسی ناوکی)، ئێرانی ناچار کرد پێوندیی لەگەڵ وڵاتانی وەک ڕووسیە و چین بکاتە جێگرەوەی پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ خۆرئاوا. لاوازیی پێگەی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌داو کۆدەنگیی خۆرئاوا لە هەمبەر ئێران، پێوەندی‌یەکانی ئێران و ڕووسیەی بە قازانجی ڕووسیە لاسەنگ کرد و زۆر جار ڕووسیە لە ئێران وەک ئامرازی ئیمتیازوەرگرتن کەڵکی وەرگرتوە. ڕووسیە تەواوکردنی پرۆژەی ناوکیی بوشێهری چەند ساڵ دوا خست. جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی فرۆشتنی موشەکە ئێس سێ‌سەدەکانی لە ٢٠٠٧ەوە دوا خستوە، ئەو پرسەی کە دژکردەوە و هەستی وڵاتانی کەنداو و ئاپیەکی بە نیسبەت ئێران هەڵخڕاندوە و تا ئێستا هیچ قازانجێکی دیکەی بۆ ئێران نەبووە. ئەم ڕاستی‌یە مێژوویی‌یانەیە کە وای کردوە بەشێک لە شرۆڤەکاران بە چاوی گومانەوە بڕواننە گەرموگوڕیی ئێستای پێوندیی ئێران و ڕووسیە.

لەم دوایی‌یانەدا پووتین بە مەبەستی بەشداری لە سێیەمین جڤینی وڵاتانی هەناردەکاری گازدا، سەردانی ئێرانی کرد و لە دەستپێکی سەفەرەکەی‌دا چاوی بە خامنەیی کەوت. ئەو سەردانە بە سەردانێکی "فراگازی" وەسفکرا و لە لایەن ڕاگەیەنەکانی ئێرانەوە گرینگیی زۆری پێدرا و ئەو باسەی هێنایە ئارا کە پێوەندیی ئێران و ڕووسیە لە خانەی ستراتیژیک دا جێدەگرێ یان تەنیا ڕەهەندێکی تاکتیکیی هەیە. ئیلاهە کوولایی کارناسی کاروباری ڕووسیە دەڵێ: "هەرچەند لە سەردەمی ئەحمەدی‌نەژادەوە پێوەندی‌یەکانی دوو وڵات پەرەیان سەندوە و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ئوکراین و سیاسەتی ڕوانین بۆ خۆرهەڵاتی ڕووسیە، دەشێ دیسان پەرە بگرن، بەڵام بە سەرنجدان بە پێویستی‌یەکانی ڕووسیە بە خۆرئاوا و ڕادەی پێوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆرئاوا، پێناچێ ئیدیعای بەرزبوونەوەی پێوەندیی ئێران و ڕووسیە بۆ ئاستی ستراتیژیک لەگەڵ واقعییەت بێتەوە. کوولایی پێی وایە کە ڕووسەکان هیچ کات ڕوانینێکی ستراتیژیکیان بۆ ئێران نەبووە و ئێرانیش هەر بەوشێوەیە وەڵامی زۆر لە پێداویستی‌یەکانی خۆی لە خۆرئاوا دەدۆزێتەوە".

بە کورتی شرۆڤەی زاڵ ئەوەیە کە رووسیە تەنیا لەگەڵ وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو پێوەندیی ستراتیژیکی هەیە و هەرچەند پێوەندی‌یەکانی ئێران و رووسیە پەرەیان گرتوە و بە سەرنجدان بە کۆمەڵێک قازانجی هاوبەش بۆنموونە لە سووریە و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەگەری پەرەگرتنی زیاتریشی هەیە بەڵام ئێستا پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە لە خانەی ستراتیژیک دا جێی نابێتەوە.

لە لایەک رووسیە دەیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی پلە یەکی جیهان نیشان بدا و لە هەمبەر بەرەی خۆرئاوادا دەسەڵات لەخۆی نیشان بدا و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیی بە وڵاتێکی وەک ئێران هەیە و لە لایەکی دیکە پەرەپێدانی پێوەندی‌یەکان لەگەڵ وڵاتانی رووسیە و چین و هیند لە ئەولەوییەتەکانی دەوڵەتی ئێرانە. بۆیە وێدەچێ پێوەندی‌یەکانیان پەرە بستێنن. بەڵام بە هەمووی ئەمانەشەوە فاکتەری سێهەم واتە پێوەندیی رووسیە لەگەڵ خۆرئاوا، لە سەر پێوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران شوێندانەرە. لە ساڵی ١٣٩١ەوە و بە تایبەت دوای رووداوەکانی ئوکراین، کە پێوەندی‌یەکانی رووسیە لەگەڵ خۆرئاوا ساردیی تێکەوت، ئەو وڵاتە زیاتر لای لە ئێران کردۆتەوە. بە سەرنجدان بەو راستی‌یەیە کە دەگوترێ ئەگەر ئەو ساردی‌یەی ئێستا لە ئارادا نەمێنێ، رووسیەش گرینگی‌یەکی ئەوتۆ بە ئێران نادا. هەروەها رووسیە زۆر سەوداگەرانە لە سیاسەتی دەرەوەی‌دا دەجووڵێتەوە، واتە هەرکاتێک قازانجەکانی بخوازێ، دۆستەکانی پشتگوێ دەخا.

هەرچەند لە سەرەتاوە کۆماری ئیسلامی دروشمی "نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی"ی داوە، بەڵام بە سەرنجدان بەوە کە ناوکی سەرەکیی هێز لە کۆماری ئیسلامی‌دا ویستوویەتی ئێران زیاتر بەرەو وڵاتانی خۆرهەڵات بکشێ و لە نزیکبوونەوە لە ئەمریکا خۆبپارێزێ، ئەم دروشمە لاسەنگ بووە و هەر لە سەرەتاوە کۆماری ئیسلامی پشتی لە خۆرئاوا و رووی لە خۆرهەڵات بووە. بە تایبەت لە دەوڵەتەکانی ٩ و ١٠دا ئەم ڕێبازە بە تەواوی خۆی دەرخست.

بەشێک لە شرۆڤەکارە ئێرانی‌یەکان پێیان وایە کە هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکیی ئێران دەخوازێ کە ئێران لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوایی پێوەندیی گەرموگوڕی هەبێ و ئێران نابێ و ناتوانێ خۆی لەم واقعییەتە بدزێتەوە. بە باوەڕی ئەو شرۆڤەکارانە هەڵوێستگرتن لە هەمبەر خۆرئاوا و مەیلی زیاد لە حەد بۆ پێوەندیی لەگەڵ خۆرهەڵات (کە رووسیە وڵاتێکی گەورەی خۆرهەڵاتە) لە سەر حیسابی پێوەندیی لەگەڵ خۆرئاوا، لەراستی‌دا لەبەرچاونەگرتنی ئەو واقعییەتە ژێئۆپۆلیتیکی‌یەیە و تا ئێستاش زیانی لە پێگەی ئێران داوە و دەستئاوەڵایی ئێرانی لەهەمبەر رووسیە کەم کردۆتەوە و بەستێنی خۆش کردوە کە رووسیە لە ئێران وەک کارتی ئیمتیازوەرگرتنی دوولایەنە کەڵک وەربگرێ.

لە ژمارە ٦٦٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ئێران و هۆکاری پەرەسەندنیان

١- پێویست ناکا کارناس یان چاوەدێری سیاسی و جڤاکی بی، بۆ ئەوەی بزانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا چ دەگوزەرێ و لە رووی کۆمەڵایەتی‌یەوە خەڵکی ئێران لە چ دۆخێکی کارەساتباردا دەژین. بە قسەکردنێکی ئاسایی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئێران بۆت دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی ئێران تووشی چ بەڵاگەلێکی کۆمەڵایەتی بووە و ئەگەر مودیرییەت و چارەسەر نەکرێن کۆمەڵگە لەگەڵ مەترسیی هەڵوەشانەوە بەرەوڕوو دەکەن.

لە کۆمەڵگەیەکی ساغ و ئاساییدا مرۆڤەکان وەک ئەندامەکانی لەشێک وان کە ئەگەر یەکیان بێشێ، ئەوانی دیکەش ئارام و قەراریان نامێنێ. وردبوونەوە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران، مرۆڤ تووشی شۆک دەکا و دەیهەژێنێ. زۆر جار ئەو پرسیارە لای مرۆڤ دروست دەبێ کە بڵێی ئەو شتەی کە توماس هابز، فیلسووفی سیاسیی سەدەی ١٦ی زایینی، لەسەر دۆخی بەرلە دروستبوونی دەوڵەت گوتوویەتی، کە مرۆڤەکان لەو دۆخەدا گورگی یەکترن، بۆ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێرانیش راست نەبێ!

بە پێی قسەی کارناسان، کۆمەڵگەی ئێران تووشی چەشنێک بێ‌ئەخلاقی بووە. مۆراڵ و ئەخلاقیات زۆر کاڵ بوونەوە. کاتێک لە گۆڕەپانی تەجریشی تاران، کەسێک لە بەرچاوی خەڵک یەکێکی دیکە دەداتە بەر چەقۆ و دەیکوژێ، بێ ئەوەی کە ئەو خەڵکەی بینەری ئەو کارەساتەن، وەخۆ کەون و ڕێگریی لێبکەن؛ کاتێک تەقەڵی دەموچاوی منداڵێک دەردەهێننەوە، تەنیا لەبەرئەوەی بنەماڵەکەی توانای دانی تێچووەکەیان نەبووە؛ کاتێک کڕین و فرۆشتنی منداڵ لە نەخۆشخانەکانی تاراندا دەبێتە دیاردە و بە قسەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی شۆڕای شاری تاران منداڵی بێ‌سەرپەرست لە ناچاری و برسیەتی سەرپایی هەوری دەخوا! ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن کە تراژیکبوونی دۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێرانمان بە تەواوی بۆ دەردەخەن.

بە پێی راپۆرتێکی ئەم دواییانەی نووسینگەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیکەکانی سەرکۆماری، متمانەی نێوان خەڵک بۆ ١٠ لە سەد دابەزیوە، پێوانەی دروستی و "ئەمانەتداری" لە نێوخەڵکدا تەنیا ٨ لە سەدە. لە حاڵێکدا ئەو ڕێژانە لە وڵاتانی سکاندیناوی لە سەرووی ٧٠ لە سەدەون. هەرئەم ڕێژانە دەرخەری دارمانی ئەخلاقیی کۆمەڵگەن.

لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕێژەی تەڵاق زۆر لە سەرێیە. درۆکردن پەرەی‌سەندوە. متمانەی نێوان خەڵک زۆر لاواز بووە. ڕۆژ نیە

گەندەڵی و دزی لە نێو سیستمی زاڵدا نەبێتە رۆژەڤی راگەیەنە گشتیەکان. سیستمێکی وا بۆخۆی دەبێتە ئۆلگوویەکی خراپ و پەرەپێدەری ئەو خەسارانەی باسمان کردن. لە لایەکی دیکە بە هۆی لێنەزانی و خراپیی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، ئێران لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی ئابووری بەرەوڕوویە. قەیرانێک کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانە. قەیرانێک کە لە درێژەی خۆیدا بۆتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزو بەرفراوان لە ئێراندا. سیستمی زاڵ تەنیا سەرمایەی ئابووریی وڵاتی بەفیرۆ نەداوە و تالانی نەکردوە، بەڵکوو سەرمایەی کۆمەڵایەتیی ئێرانیشی لەگەڵ خەسارێکی گەورە بەرەوڕوو کردوە. لە خۆڕا نیە کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتیەکان کاڵ بوونەوە و دژە بایەخەکانیش پەرەیان سەندوە و ئاسایی بوونەوە. لە خۆڕا نیە کە شاهیدی ئەو هەموو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەین. هەمووی ئەوانە بەرهەمی ئەو سیستمەن کە ئێرانی تووشی کاولکاری و وێرانیەکی زۆر کردوە.

٢- ئەگەر وایدابنێین کە خاوەنڕایان و کارناسانی خەمخۆر بۆ ئەوەی سەرنجی دەسەڵات بۆ لای خەسارە کۆمەڵایەتیەکان رابکشێن، قووڵایی قەیرانی کۆمەڵایەتی زیاتر لە واقیع بەرجەستە دەکەنەوە و ئەگەر واقیعییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بەو ڕادەیە رەش و هیوابڕ نەبێ و وەک بەشێک لە شارەزایانی کۆمەڵایەتی دەڵێن هێشتا خەسارە کۆمەڵایەتیەکان نەبوونە گرێکوێرە، بەڵام کۆدەنگیەکی تەواو هەیە کە کۆمەڵگەی ئێران بەدەست قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنێ و ئەگەر بە شێوەیەکی کارناسانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرێ ئاڵۆزتر و قووڵتریش دەبێتەوە. کۆمەڵگەیەک کە بەشێکی بەربڵاوی خەڵکەکەی لەگەڵ کێشەی گەورە و بچووکی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوون، نەتەنیا کۆمەڵگەیەکی ئاسایی نیە بەڵکوو لە بەردەم هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتیدایە. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەو خەسارانە ئەوەندە پەرەیان سەندوە؟ لە جێدا بنەمای بەڕێوەبەریی، کاری کارناسانە و گەڕانەوە بۆ پسپۆران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندایە. لە ئێراندا بەزۆری کار بە کارزان ناسپێرن، خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا پەراوێز دەخرێن، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بە بیاڤی ئاکادێمیک نەسپێراون و زۆرتر لە دەلاقەی سیاسیەوە لێیان دەڕوانن؛ بەم هۆیانەیە کە ئەو خەسارانە پەرەیان سەندوە و ئەگەری ئاڵۆزتربوونیشیان هەیە. ئەگەر سەیری چاپەمەنی و رۆژنامەکانی ئێران بکەن بۆتان دەردەکەوێ کە زۆربەی پرسەکان لە دەلاقەی شەڕی نێوان باندەکانی دەسەڵاتەوە تەماشا دەکرێن. لەم حاڵەتەدا ناکرێ چاوەڕێی گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی بین.

ئێران هەتا ئێستاش لە خانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا پێناسە دەکرێ. خەڵکی ئێران کاریگەریەکی جیددیان لە سەر چارەنووسیان نیە. وەختێک لاوانی ئێران دەبینن لە دەسەڵات و پێکهاتەی سیاسیدا بەشدار نین، تووشی دڵساردی دەبن و لە هەمبەر پرسە گشتیەکانیشدا کەمتەرخەم دەبن. وەختێک لە ئەنجامی سیستمی ویلایەتی فەقیهدا لاوان دەگەڵ گیروگرفتی بێکاری بەرەوڕوون یان کاری گونجاو لەگەڵ شارەزایی و دەرسەکەیان پەیدا ناکەن، دڵسارد دەبن و ئاسانتر تووشی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان دەبن.

کێشەیەکی گەورەی ئێران ئەوەیە کە ئەگەر بەرنامەیەکیش بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان دادەنرێ، بە هۆی ئەوەیکە میکانیزمەکانی لێپرسینەوە کێشەی جیددی‌یان هەیە، جێبەجێ ناکرێ.

ڕێگەچارەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی کۆمەڵایەتیی ئێران ئەوەیە کە لە ڕای کارناسان کەڵک وەربگیرێ و خەڵکیش بە شێوەیەکی سیستماتیک شوێنەواریان لە سەر چارەنووسی خۆیان هەبێ.

لە ژمارە ٦٧٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

---

## ئانارشیزمی هەڵبژاردن لە ئێراندا

ڕۆژانی ٢٦ و ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٤ ناونووسی بۆ هەڵبژاردنەکانی رەشەمەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەئێران دەستی پێکرد و لە ماوەی یەک حەوتوودا هەژمارێکی بێوێنە ناونووسییان کرد کە ناو نرا بزووتنەوەی ناونووسی یان سۆنامیی ناونووسی.

زۆرترین ئاماری ناونووسی لە رابردوودا هی مەجلیسی هەشتەم بوو کە دەوروبەری ٨هەزار کەس ناونووسییان کردبوو. ئەمجارە بۆ مەجلیسی دەیەم زیاتر لە ١٢ هەزار کەس ناویان نووسیوە. بۆ مەجلیسی خوبرەگانی پێنجەمیش زیاتر لە ٨٠٠ کەس ناونووسییان کردوە. ئەم ژمارە زۆرەی ناونووسیکردن بوو بە مژارێکی گرینگی باس و لێکدانەوە و، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە لێیڕوانرا و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵسەنگێندران. ئەو بەشدارییە زۆرە سەرەتای پرۆسەیەکی نارێکخراو و شێواوە کە دەکرێ بە چەشنێک ئانارشیزمی هەڵبژاردنی دابنێین.

وەک باس دەکرێ لە ئێراندا دەوروبەری ٣٠٠ "حیزب" و گرووپی سیاسی هەن. ئەم ژمارە زۆرە دیاردەیەکی نائاساییە کە تەنیا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا بەدی دەکرێ. لە جێدا سیستمی سیاسیی ئێران سیستمێکی نائاساییە و وێنەی لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان نابینرێ. ئەم سیستمە بە پشتبەستن بە زۆر و سەرکوت و موبیلیزەکردنی "تودەیی" بەشێکی خەڵک، درێژە بە دەسەڵاتداریی خۆی دەدا و هەموو هەوڵیشی ئەوەیە کە بە نائەمنکردنی فەزای سیاسی، ڕێ لە سەقامگیربوونی ڕێکخراو و حیزبی سیاسی و، بە گشتی بەرێکخراوبوونی خەڵک و کۆمەڵگە بگرێ. لە خۆڕا نیە کە لە ئێراندا حیزبی بەهێز و گشتگیر نابینین.

لە وڵاتانی دیکەدا دوو حیزبی سەرەکی یان ئەوپەڕەکەی چەند حیزبی سەرەکی هەن کە دەکەونە ململانەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبەریی وڵات. بەڵام لە ئێراندا دوو باڵ یان رەوتی سیاسی هەن کە هەر کامیان لە دەیان "حیزب" و گرووپی سیاسی

پێک دێن. واتە ئەم دوو باڵە خاوەن ڕێکخستنێکی گشتگیر و سەرانسەری و مانیفێستێکی روون و دیاریکراو نین. ئەو ٣٠٠ "حیزبە سیاسی"یە کە ئاماژەیان پێکرا زیاتر کلوب و "محفل" و گرووپی سیاسین تا حیزبی سیاسی بە مانای باو و ئاسایی وشە. لە وڵاتانی دیکەدا هەر حیزبەی ژمارەیەک کاندیدی گونجاو لەگەڵ ژمارەی کورسی‌یەکانی پارلمان دیاری دەکا و بە پێی بەرنامەیەک کە بیری لێکراوەتەوە و داڕێژراوە، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار دەبێ و کار بۆ سەرخستنی پاڵێوراوەکانی دەکا و، کە دەسەڵاتیشی گرتە دەست لە هەمبەر بەرنامەی راگەیەنراوی‌دا بەرپرسیارە. بەڵام لە ئێران لە نەبوونی حیزبی سیاسیی بەهێز و گشتگیردا، هەرکەس لە ئاست خۆیەوە خۆی دەپاڵێوێ و هەڵبژاردنەکان بە شێوەی "تودەیی" بەڕێوەدەچن و پاڵێوراوان لە فەزایەکی پۆپۆلیستی‌دا پەنا دەبەنەبەر کۆمەڵێک بەڵێنی وردی ناوچەیی و بەڕێوەبەریی، کە دواییش هەموو هەوڵەکانیان لە پێناوی بەدی‌هێنانی لانی‌کەمی ئەو بەڵێنانەدا دەخەنەگەڕ ولە پرسە گرینگ و سەرانسەری‌یەکان تا ڕادەیەک خافڵ دەبن. لە ئێران لەلایەک لەبەر نەبوونی سیستمی شارەوانیی خاوەن دەسەڵات کە بەم پرس و گیروگرفتە ناوچەیی و بەڕێوەبەری‌یانەوە خەریک بێ و لە لایەکی دیکەش لەبەر نەبوونی مەجلیسی دووەم کە لە زۆر وڵات پێی‌دەگوترێ مەجلیسی پیرانی و پرسەکان لە روانگەیەکی نەتەوەیی و گشتگیرەوە تاووتوێ دەکا، هەموو کاروبارەکانی ئەو ٣ بنیاتە لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌دا کۆبوونەوە. خۆ ئەگەر مجلیسی ئێران پێگەیەکی واقعییشی هەبایە، زەحمەت بوو بتوانێ لە ئاست ئەو هەموو کاروبارانەدا وەڵامدەر بێ.

لە نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیردا، ڕەوتە سیاسی‌یەکان وەخت و وزەیەکی زۆر بۆ ئەوە تەرخان دەکەن کە چۆن خۆیان تا ڕادەیەک ڕێک بخەن و لەگەڵ چ لایەنگەلێک بەرە پێک بێن و چ بکەن بۆ ئەوەی کە زۆر بە پرش‌وبڵاوی نەچنە نێو هەڵبژاردنەکانەوە. ئەمەش چەشنێک ناڕوونی و "سیالیت" دروست دەکا کە مرۆڤ بە زەحمەت دەزانێ کام بەناو حیزب و گرووپی سیاسی لەگەڵ یەکتر لیستی یەکگرتوو دەدەن و لە بنەڕەتدا ئەو بەناو حیزب و گرووپە سیاسی‌یانە چ جیاوازی‌یەکی ڕوانین و بەرنامەیی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەو ٣٠٠ بەناو حیزب و گرووپە سیاسی‌یە نوێنەرایەتیی کام مەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکەن و لە جێدا لەگەڵ کام هێلی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کۆمەڵگە یەک دەگرنەوە! لەهەر کۆمەڵگەیەکدا چەند مەیلی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی جیاواز و سەرەکی هەن و بەو پێیەش چەند حیزبی سیاسی لە سەر بنەمای ئەوانە دادەمەزرێن و ویستەکانیان دەکەنە دروشم و گوتاری سیاسیی خۆیان. ئەو ٣٠٠ بەناو حیزب و گرووپە چ جیاوازی‌یەکی گوتاری و بەرنامەیی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە. ماقووڵ نیە و نامومکینە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ٣٠٠مەیلی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ چینایەتیی سەرەکی هەبێ. ئیدی ئەو هەموو بەناو حیزبانە لە سەر چ بنەمایەک پێک هاتوون؟ روون نیە و کەس نازانێ!

لە وڵاتانی دێموکراتیک و خاوەن‌هەڵبژاردنی راستەقینەدا، یەکەم: هەرکەس لە ئاست خۆیەوە خۆی ناپاڵێوێ و ئەوە حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پێوانە و هەڵسەنگاندن، پاڵێوراوان دیاری دەکا. دووەم: پاڵێوراوەکان ترسیان لەوە

نیە کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراو، لە هێڵەگیان بدا و رەدیان بکاتەوە و لە بەشداری لە هەڵبژاردندا بێبەشیان بکا. بەڵام لە ئێران چونکە ترسێکی زۆر لە ڕەدی سەلاحییەتی پاڵێوراوان لە لایەن شووڕای نیگابانەوە هەیە، خەڵکێکی زۆر بە هاندانی رەوتە سیاسییەکان ناونووسی دەکەن بۆ ئەوەیکە لانیکەم بەشێکیان لە فیلتێری شووڕای نیگابان بگوزەرێن و بتوانن لە رکەبەریی هەڵبژاردندا بەشدار بن.

**هەرچی بێ ئەو سۆنامی ناونووسی‌یە ئەوەندە کە نیشانەی نارێکخراویی سیاسی و پەرەنەسەندوویی سیاسی‌یە نیشانەی زیندوویەتیی سیاسی نیە.**

لە ژمارە ٦٧١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانیۆیری ٢٠١٦

## رەتکردنەوەی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و چەند خاڵی گرنگ

١- لە جێدا دیاریکردنی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان دژایەتیی لەگەڵ پرەنسیپی بنەرەتیی دێموکراسی هەیە. دێموکراسی لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە تاک بۆخۆی بڕیار دەدا و چارەنووسی خۆی دیاری دەکا. لە ئێراندا شووڕای نیگابان لێوەشاوەیی پاڵێوراوان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دیاری دەکا. بە کردەوە شووڕای نیگابان بە خەڵکی ئێران دەڵێ ئێوە عەقڵی ئەوەتان نیە کە نوێنەری لێوەشاوە هەڵبژێرن. بۆیە لە نێو ئەو کەسانەدا کە ناونووسی دەکەن کۆمەڵێک کەسیان بۆ جیا دەکەنەوە و دواجار خەڵکی ئێران دەبێ نوێنەرانی خۆیان لە نێو کەسە جیاکراوەکانی شووڕای نیگابان هەڵبژێرن. دیاردەیەک کە لە هیچکام لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بەدی ناکرێ. لەو وڵاتانە تەنیا هەندێک پێوەری گشتی بۆ پاڵێوراوان دیاری کراون و ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگەن کە بڕیار دەدەن کێ و چ کەسانێک لێوەشاوەیی هەڵبژێرانیان هەیە. لە وڵاتانی دێموکراتیکدا هیچ دەزگایەکی هاوچەشنی شووڕای نیگابان لەئارادا نیە. لە ڕاستیدا بوونی ئەو دەزگایە لە ئێراندا سووکایەتیکردنە بە عەقڵ و شعووری خەڵکی ئێرانە.

٢- رەتکرانەوەی لێوەشاوەیی زۆربەی کاندیداکان لە رابردوودا لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، بە هۆکاری سیاسی بووە. مەسەلەیەک کە ئەمجارەش بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی رەشەمە لە لایەن دەستەکانی چاوەدێریی سەر بە شووڕای نیگابانەوە بە تینوتەوژمێکی زیاتر دووپات بۆتەوە. لە زیاتر لە ١٢ هەزار کەس کە ناونووسیان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی دەیەم کردبوو تەنیا ٤ هەزاریان لێوەشاوەیییان پەسند کراوە. واتە لێوەشاوەیی دوولە سەر سێیان پەسند نەکراوە. کە ئەم رێژە زۆرە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنەیە. هەڵبەت ئەمجاریش وەک هەموو جارەکانی دیکە تێبینیی سیاسی سەرەکیترین هۆکاری رەتکردنەوەی بەربڵاوی پاڵێوراوانە. ئەو کەسانەی لێوەشاوەیییان پەسند نەکراوە بە دوو دەستە دابەش دەبەن: بەشێکیان هیچ هۆکارێک بۆ رەتکردنەوەیان نەبووە، بەڵام دەستەکانی چاوەدێری دڵنیا نەبوون کە ئەو کەسانە مەرجەکانی بوون بە نوێنەریان هەیە یان نا. ئەم دەستەیە (بەرواڵەت) دەتوانن ئیعتراز بکەن و شووڕای نیگابانیش تاووتوێی ئیعترازەکەیان دەکا. لێوەشاوەیی بەشەکەی دیکەش بە تەواوی رەت کراوەتەوە و ئیدی مافی دەربڕینی هیچ چەشنە ناڕەزایەتییەکیان نیە.

٣- پەسندکرانی لێوەشاوەیی ٤ هەزار کەس لە پاڵێوراوانی مەجلیسی دەیەم بە مانای هەڵبژاردنێکی رەکەبەری نیە. پێویستیی هەڵبژاردنێکی رکەبەری، فرەچەشنی سیاسییە نەک زۆربوونی پاڵێوراوانی سەر بە قۆڵێک . زۆربەی رەتکراوەکان سەر بە قۆڵی ریفۆرمخوازن. بە چەشنێک کە لە زۆر بیاڤی هەڵبژاردندا تاقە نەفەرێکیشان لێوەشاوەیی پەسند نەکراوە. رێژەی رەتکراوەکان بە رادەیەکە کە پارێزگاری تاران گوتوویەتی: خۆ دەبێ کەسانێک هەبن تا خەڵک دەنگیان بداتێ! ریفۆرمخوازەکان تووشی شۆک بوون ئەگەرچی گوتوویانە ئەگەر بە شێوەیەکی بەربڵاویش رەت بکرێنەوە لە

هەڵبژرانەکاندا هەر بەشدار دەبن بەڵام ناچارن کە لە تاکتیک و ریزبەندیی هەڵبژاردنیاندا ئاڵوگۆڕ پێک بێن. پێشتر حوسێن نەجابەت بریکاری فەرهەنگیی سوپای پاسداران گوتبووی: دەستەکانی جێبەجێکەری سەر بە وەزارەتی نێوخۆ ئەرکی خۆیان بە دروستی بەجێ نەگەیاندوە و دەبێ شوورای نیگابان قەرەبووی بکاتەوە. یان ئەحمەدی جەننەتی دەبیری شووڕای نیگابان گوتبووی کە هەندێک لە دەستە جێبەجێکەرەکان بە گوێرەی دڵخوازی ئێمە نەجووڵاونەوە و هەمووئەر کەکەیان خستۆتە ئەستۆی شووڕای نیگابان! ئەم قسانە ئاماژەیەک بوون بۆ ئەو رەتکردنەوە بەربڵاوەی لێوەشاوەیی ریفۆرمخوازەکان، کە لەو رادەیەدا چاوەڕێیان نەدەکرد. بەم شێوەیە ئەوە پاڵێوراوانی کەموزۆر وەکیەکی سەر بە قۆڵی بنئاژۆخوازن کە لەگەڵ یەکتر ڕکەبەری دەکەن!

٤- رەتکردنەوەی بەربڵاوی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان دەتوانێ نیشانەی ئەوە بێ کە هەرچەند کرانەوەیەک روو بە دنیای دەرەوە بە تایبەت لە مەڕ پرسی ناوکی هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام فەزای نێوخۆیی هەروا بە داخراوی دەمێنێتەوە. ئەمەش سیاسەتی سڕینەوەی قۆڵێکە لە لایەنتوندئاژۆکان و بنیاتە سیاسی - ئەمنییەتیەکانەوە؛ کە هەوڵی ڕێفۆرمخوازەکان بۆ متمانەدروستکردن لەگەڵ سیستم بە تاکتیک و بە نیشانەی لاوازیی ئەوان لێکدەدەنەوە. دەرەنجامی ئەو سیاسەتەی تاقمی سیاسی و ئەمنییەتی و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی زیاتربوونی بێمتمانەیی خەڵکە بە سیستمە و، کەلێنی نێوان سیستم و خەڵک قووڵتر دەکاتەوە.

تاقمی سیاسی - ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بەم کارەی دەیەوێ چەشنێک دڵساردی لە نێو ریفۆرمخوازەکاندا دروست بکا. راستە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی قەت بێلایەنانە و ئازاد نەبوون بەڵام ئەگەر رکەبەرییەک لە هەڵبژاردنەکاندا هەبێ خەڵک زیاتر بەشدار دەبن و شانسی سەرکەوتنی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان کەم دەبێتەوە.

حەسەن رووحانی سەرکۆماری ئێران لە کاردانەوە بەرامبەر رەتکرانەوەی بەربڵاوی پاڵێوراواندا گوتویەتی کە لە هەموو دەسەڵاتەکانم کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوە کە شووڕای نیگابان پێداچوونەوەیەک بکا و لێوەشاوەیی هەندێکیان پەسند بکاتەوە. ئەگەرچی سەرکۆمار جێبەجێکەری قانوونی بنەڕەتیـیە و بە پێی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لادانێک لە قانوونی بنەڕەتی روو بدا، دەتوانێ وریایی بە دەسەڵاتەکانی دیکە بدا. بەڵام لەبەرئەوەی شووڕای نیگابان لە دەرەوەی ٣ دەسەڵاتەکەیە و بۆخۆی بنیاتێکی دانراو و جیایە، رووحانی ناتوانێ کارێکی ئەوتۆ بکا. بە تایبەت کە رووحانی کەسایەتیـیەکی سەر بە سیستمە و کەمتر لە خەمی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنیدایە.

لە ژمارە ٦٧٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی "بەرجام" لە سەر ئابووریی ئێران

هۆکاری سەرەکی بۆ ملدانی ئێران بە ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە بەرجام، قەیرانی ئابووریی ئێران بوو. خامەنەیی کە لە سەرووی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێدەگرێ، بەرتەسککردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێرانی بە مەرجی لاچوونی گەمارۆکانەوە گرێ دەدا. بەرپرسانی دەوڵەتی رووحانییش و لە سەرووی هەموویان خودی رووحانی و جەوادی زەریف وەزیری دەرەوە، لە بەرەڤانی لە ڕێککەوتنی ناوکی بەردەوام ئاماژەیان بە خراپیی دۆخی ئابووریی ئێران دەکرد و چارەسەربوونی پرسی ناوکییان بە پێشمەرجی هاتنەدەری ئابووریی ئێران لە قەیرانی هەنووکەیی لەقەڵەم دەدا . تەنانەت وایلێهاتبوو کە هەندێک جار چارەسەری هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی دیکە و جێبەجێکرانی بەڵێنییەکانی رووحانی لە بیاڤی نێوخۆییشدا بە چارەسەری پرسی ناوکییەوە گرێ دەدرا. واتە تا پرسی ناوکی چارەسەر نەبێ رووحانی ناپرژێتە سەر وەدیهێنانی ئەولەوییەتەکانی دیکەی بەتایبەت لە بواری ئابووریدا. لە لایەکی دیکە لە نێو (لانیکەم) بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەشدا چاوەڕوانییەکی خەیاڵی و دوور لە واقیع دروست ببوو کە ئەگەر پرسی ناوکی لە کۆڵ ئێران ببێتەوە ئەوە بە زوویی گیروگرفتە ئابوورییەکانی خەڵک کەم دەبنەوە و بەرەو چارەسەریی هەنگاو دەنێن.

قۆڵی ئوسوولگەرای توندئاژۆ بە شێوەیەکی ئامانجدار هەوڵیان دەدا کە چاوەڕوانیی خەڵک بەرنە سەرێ. توندئاژۆکان دەیانزانی کە دوای بەرجام و تەنانەت دوای لاچوونی گەمارۆکانیش کێشە ئابوورییەکانی ئێران بە ئاسانی چارەسەر نابن؛ بۆیە دەیانەویست لە ڕێگەی بردنەسەری ئاستی داخوازی و چاوەڕوانیی خەڵک و نەبوونی توانای دەوڵەت بۆ وەڵامدانەوە بەو چاوەڕوانییانە، هەستێکی بێهیوایی و نارەزایەتی لە نێو خەڵکدا دروست بکەن و لە پێگەی جڤاکیی دەوڵەت بدەن.

دوابەدوای لاچوونی گەمارۆکان ئوسوولگەرا توندئاژۆکان لە درێژەی ئەو رەوتەی پێشوویاندا، پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە ئێستا کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی دەوڵەت و وەختی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی ئێرانە. بە گوتەی وان دەوڵەت کە تەنانەت پیسبوونی هەوای گەورەشارەکانی ئێرانیشی بە گەمارۆکانەوە گرێدەدا، لەمەودوا هیچ پاساوێکی بۆ جێبەجێنەکردنی بەڵێنییەکان لێقبووڵ ناکرێ. ئەوە دوو ساڵ و نیوە دەوڵەتی رووحانی هاتۆتە سەرکار، نەتەنیا ئابووریی ئێران لە قەیران نەهاتۆتە دەر بەڵکوو قەیرانەکەی قووڵتریش بۆتەوە.

روانینی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان هەڵگری بەشێک لە راستییەکانە بەڵام ئەگەر بە چاوێکی کارناسانەوە لە واقعی ئابووریی ئێران بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران تەنیا لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە ناگرن و تەنیا بە

لاچوونی گەمارۆکانیش چارەسەر نابن. لە روانگەی کارناسانی ئابووری‌یەوە گیروگرفتە ئابووری‌یەکانی ئێران لە چەندین فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرن کە هەرکام لەو فاکتەرانە بە نۆرەی خۆیان کاریگەری نەرێنی‌یان لە سەر ئابووریی ئێران داناوە و ئەو قەیرانەیان بەرهەم هێناوە کە هەنووکە لەگەڵی بەرەوڕوون.

١- ئابووریی ئێران بە دەست لێنەزانیی بەڕێوەبردنی دەیان ساڵەوە دەناڵێنێ. بە قسەی رووحانی تا ئێستاش ئابووریی ئێران سوبسید بە سیاسەت دەدا. بە دەربڕینێکی دیکە بەش(هێز)گەلی سیاسی و ئابووری لەیەک جیا نەکراونەوە و ئابووریی ئێران تێچووی سیاسەتە گشتی و ناباوەکانی سیستم دەدا. پێکهاتەی ئابووریی ئێران داخراوە و لەگەڵ ئابووری‌یەکی رکەبەریی مەودای هەیە. بنیات و ناوەندگەلی بڕیاردەر لە بیاڤی ئابووریی ئێراندا زۆرن بە چەشنێک کە ناوەندگەلی نیزامی-ئەمنیەتی بە شێوەیەکی مافیایی و دژەکارکردی جومگە گرینگەکانی ئابووریی ئێرانیان قۆرخ کردوە. ئەو بنیات و ناوەندانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی دەجووڵێنەوە و چالاکن، هەر بۆخۆیان کۆسپێکی گەورەی سەر رێی ئابووریی ئێرانن.

٢- سیاسەتە هەڵەکانی سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نەژاد زیانێکی گەورەی لە ئابووریی ئێران دا. لەو قۆناغەدا داهاتی هەناردەکردنی نەوت بە ٧٠٠ میلیارد دۆلار گەیشت کە نەتەنیا باندۆرێکی ئەرێنی لە سەر پەرەسەندنی ئابووریی ئێران نەبوو بەڵکوو لە رێگەی هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی‌یەوە زەبرێکی گەورەشی لە بەشی بەرهەمهێنان وەشاند. بە کورتی ئەحمەدی‌نەژاد بە شێوەیەکی نەریتی و بە دوور لە کاری کارناسانە و زانستی، ئابووریی ئێرانی بەڕێوەبرد و لەم رێگەوە پشتی ئابووریی ئێرانی چەماندەوە.

٣- بەشێک لە کێشە ئابووری‌یەکانی ئێران راستەوخۆ لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێکیش گەمارۆکان بەستێنی دروست بوونیانی خوڵقاندوە. واتە بە هۆی گەمارۆکانەوە بەشێک لە کێشەکان بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر کراون کە ئەمەش رێی لە چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان گرتوە و نەخۆشیی ئابووریی ئێرانی پەرە پێداوە.

ئابووریی ئێران نەخۆشیی جۆاوجۆری هەیە و دەرمانکردنیشی پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە. پێش هەموو شتێک پێویستە ستراتیژی‌یەکی بیرلێکراوەی ئابووری دابڕێژرێ کە بتوانرێ لە دەرفەتی لاچوونی گەمارۆکان کەڵکی پێویست وەربگیرێ. لاچوونی گەمارۆکان وەک ئەوە وایە کە بەردێک لە لاقی دەوڵەت بکرێتەوە و دەوڵەت ئازادیی کردەیی زیاتر پەیدا دەکا.

بێگومان هیچ وڵاتێک ناتوانێ پەرە بستێنێ ئەگەر پێوەندی‌یەکی باشی لەگەڵ دنیای دەروە نەبێ. لە دنیای پێکەوەگرێدراوی هەنووکەیی‌دا هیچ وڵاتێک لە گۆشەگیری‌دا ناتوانێ پەرە بستێنێ. ئێران لە سەردەمی گەمارۆکان و تەریککەوتنەوەی‌دا لە

زۆر بواردا دوا کەوتوە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و پێداچونەوەی پێکهاتەیی هەیە؛ دەنا ناتوانێ لە درەفەتی لاچوونی گەمارۆکان و کرانەوەی دەرگا نێونەتەوەییەکان وەک پێویست کەڵک وەربگرێ. بە کورتی هەروەک ئاماژەی پێکرا گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران تەنیا لە گەمارۆکانەوە سەرچاوە ناگرن تا بە لاچوونی گەمارۆکانیش بە تەواوی چارەسەر ببن. ئابووریی ئێران بۆ تێپەڕین بەرەو قۆناغی پەرەسەندوویی پێش هەموو شتێک پێویستیی بە چاکسازییەکی پێکهاتەیی هەیە. پێویستیی بەوە هەیە کە ئەو بڕە گەورەیەی قاچاغی کاڵا نەمێنێ و هەموو ئابووریی ئێران بخرێتە ژێر چاوەدێریی یاساوە. ئەمەش کارێکی زەحمەت و چەتوونە و تەنیا بە دەوڵەت ناکرێ

لە ژمارە ٦٧٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی، مۆدێلێکی شکستخواردوو

ناتقی نوری کە ئێستا سەرۆکی نووسینگەی پشکنینی تایبەتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌یە، لە وتاردانێکدا کە بە بۆنەی شەوانی قەدری مانگی ڕەمەزان لە سەر گۆڕی خومەینی پێشکەشی کرد گوتی: لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا لە زۆر بواردا بەرەو دواوە گەڕاوینەوە و بەم حاڵە چۆن دەتوانین بڵێین کە دەبینە ئۆلگوو بۆ وڵاتانی دیکە.

ناتقی نوری تەنیا بەرپرسی کۆماری ئیسلامی نییە کە بە ئاماژە بە کێشە و گیروگرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئێران، کە لە ئەنجامی لێنەزانیی بەڕیوەبەریی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوونەئارا و وەک گرێکوێرەیان لێهاتووە، دان بەوەدا دەنێ کە مۆدێلی حکومەتداریی کۆماریی ئیسلامی مۆدێلێکی سەرکەوتوو نییە و بە دەربڕینێکی دیکە لە زۆر بواردا شکستی هێناوە.

بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ هەموو بەخۆدا هەڵگوتنێک و دووپات کردنەوەی پەیتاپەیتای ئەو ئیدیعایە کە، ئێران وەک وڵاتێک کە لە بەرامبەر زلهێزەکانی دنیادا ڕاوەستاوە، بە ئۆلگوویەک بۆ وڵاتانی دیکە لە جیهاندا دەزانن، جاروبار هەندێک لەوان چارەیەکیان نییە بێجگە لە داننان بە بەشێک لە ڕاستی‌یە تاڵەکانی کۆمەڵگەی ئێران. هەر ماوەک لەمەوبەر موحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران و دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی سیستم گوتی کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە لە بواری ئابووری‌دا مۆدێلسازیی بکا و ئەگەر لەم بوارەدا نەتوانێ پێشکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوە کۆماری ئیسلامی تووشی شکست دەبێ.

ئەو جۆرە قسانە لەم ڕوانگەشەوە گرینگن کە کەسانێک دەیانهێنە زمان کە دڵسۆز و خەمخۆری کۆماری ئیسلامین. خۆ ئەوان دژبەری کۆماری ئیسلامی نین کە بڵێین خەونی گولی بە کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەبینن و لە پێگەی دژایەتی و ڕەشکردنی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئەو قسانە دەکەن!

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چۆن خەڵکی ئێران تەحەمولی دۆخێک دەکەن کە بە قسەی بەرپرسانی خودی کۆماری ئیسلامیش لە زۆر بواردا لە چاو ٣٧ ساڵ لەمەوبەر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە؟

کۆمەڵگەی ئێران بە دەست کۆمەڵێک قەیرانەوە دەناڵێنێ؛ لە قەیرانی ئابووری‌یەوە بگرە تا دەگاتە قەیرانی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی. هەژاریی و نابەرابەری لە ئێراندا بێداد دەکا. ئەم ڕۆژانە لە فەزای سیاسی و ڕاگەیەنەکانی ئێراندا

باسێکی گەرم لە سەر مووچەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بنیات و دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئارا دایە کە ئەگەر لەگەڵ مووچەی بەشی هەرە زۆری کارمەندانی دەوڵەت و بە تایبەت مووچەی خانەنشینان و حەقدەستی کرێکاران بەراوردی بکەین، قووڵایی نابەرابەری و گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەتمان لە دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دەردەکەوێ. ناتقی نوری گوتەنی بەم حاڵەوە چۆن کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە ئۆلگوویە بۆ وڵاتانی دیکە!

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان لەبەرچاو بگرین ئاسەواری لێنەزانی و ناکارایی سیستمی کۆماری ئیسلامی پێوە دیارە. قەیرانەکان لە سەر یەک کەڵەکە بوون و تایبەتمەندیی یەکتر بەهێزکردنیان هەیە. قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و قەیرانی کۆمەڵایەتیش تێچوویەکی زۆری ماددی بە سەر خەڵک و کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. لەوانە کە بگوزەرێین ئێران قەیرانێکی گەورەی ژینگەیی بووە کە بە قسەی کارناسان ئەگەر خەمێکی جیددی لێ نەخورێ ئاوا دەبێتە سەرچاوەی کێشە و قەیرانی ئەمنییەتیش. ئەو قەیرانانەش تا بمێنەوە قووڵتر و بەرفراونتر دەبن و چارەسەرکردنیان ئاستەمتر دەبێ.

ئەگەر دەبینین کە ئێران لە چاو وڵاتانی پەشیو و ئاڵۆزیی ناوچەکە، سەقامگیریی و ئارامییەکی رواڵەتی هەیە، ئەوە بەو مانایە نییە کە خەڵکی ئێران لە دۆخی هەنووکەیی رازین، بەڵکوو ئەمە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و کلتووری هەیە و پێوەندیی بە دەروونناسی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێرانەوە هەیە کە دەیانەوێ بە شێوەیەکی دیکە داخوازییەکانیان بێنەئارا و بەدواداچوونی بۆ بکەن. کۆمەڵگەی ئێران نارازییە و هەنووکە لەحاڵی لێگەڕینی میتۆد و رێگەچارەکان دایە. کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی زیندووە. ئەو ئارامییە رواڵەتییەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەیبینین هەرگیز بە مانای تەسلیم بوونی کۆمەڵگە نییە بەڵکوو خەڵکی ئێران بە وانە وەرگرتن لە رابردوو و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بە شعور و پشوودرێژی زیاترەوە لە گەڵ پرسەکان مامەڵە دەکەن. دیارە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی "ملتهب" بوونی کۆمەڵگەی ئێران ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم رەوتە ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ.

لە ئێراندا زۆر گۆڕان هاتوونە ئارا کە کەلێنێکی قووڵیان لە نێوان تێڕوانین و فەرهەنگی رەسمی لە لایەک و تێڕوانین و فەرهەنگی خەڵک لە لایەکی دیکە دروست کردووە. ئەو سیستمەی هەنووکە لە ئێراندا لەسەر کارە لەگەڵ خەون و خولیا و داخوازییەکانی زۆرینەی خەڵکی ئێران نامۆ و ناتەبایە. ئەگەر خەڵکی ئێران بە شێوەی وڵاتانی شەڕ لێدروای ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانیان ناکەن زیاتر هی ئەوەیە کە دەیانەوێ بە تێچوویەکی کەم دەسکەوتی گەورە و بەردرێژ بەدەست بێنن.

راستە کە کۆماری ئیسلامی رەگێکی ئیعتقادی لە نێو خەڵکدا هەیە و لەبەر زۆر هۆکار تا هەنووکە دەوامی هێناوە و ئێستاش وەک هێزێکی ناوچەکە خاوەن هێز و کاریگەرییە، بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی مۆدێلێکی سەرکەوتووی حکومەتدارییە بەڵکوو رێک بە پێچەوانە، هەبوونی ئەو هەموو قەیرانانە لە ئێراندا نیشانە و بەڵگەی بەهێزی شکستخواردوویی سیستمی کۆماری ئیسلامین. ئەوەی کە ئەم سیستمە تا کەی دەوام دێنێ و چۆن لەگەڵ گۆڕانەکانی کۆمەڵگە مامەڵە دەکا و لە لایەکی دیکە خەڵکیش چۆن رووبەڕووی هۆکاری ئەم قەیرانگەلە دەبنەوە پرسیارێکە کە شیکاریی زۆری دەوێ و داهاتووش وەڵامیان دەداتەوە.

لە ژمارە ٦٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "سندروم ستۆکۆڵم"

هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەڵسوکەوتێکی داگیرکاریە. مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامەڵەی حکوومەتێک نییە کە خاک و خەڵکەکەی لە خۆی بزانێ. بەڵکوو لەگەڵ خاکەکەی وەک سەرزەمینێکی داگیرکراو و، لەگەڵ خەڵکەکەشی وەک خەڵکی یەخسیر و بندەست مامەڵە دەکا. ڕۆژ نییە کە لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵبەرانی کورد نەکەونە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و لێیان نەکوژرێ؛ خەڵکانێک کە لە پێناو دابین کردنی بژیوی ژیان، گیانی خۆیان دەخەنە مەترسی. کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لەگەڵ خەڵکی ئەم سەرزەمینە وەک کۆیلە هەڵسوکەوت دەکا و ڕۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر کوشتاریان دەکا، بەڵکوو سەرچاوە ژێرعەرز و بنعەرزەکەشی تاڵان دەکا؛ ژینگەکەی لە نێو دەبا؛ لەمساڵانەی داوییدا لە وەرزی هاویندا بە بەردەوامی شاهیدی سووتانی سەدان و بگرە هەزاران هێکتار لە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین. کۆماری ئیسلامی هەندێک جار دەستی هەیە لە سووتاندنی ئەو دارستانانەدا؛ تازە ئەگەر دەستیشی نەبێ هەرگیز وەک حکوومەتێکی بەرپرس یارمەتی ژینگەپارێزان نادا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان. ئێستاکە بابەتی ڕاگواستنی ئاوی چۆمی ژێی بچوک بۆ دەریاچەی ورمێ لەئارا دایە کە کارەساتێکی ژینگەیی بۆ شارەکانی سەردەشت و پیرانشار بە دوای خۆیدا دێنێ و ئێکۆسیستمی سروشتیی ژیانی زیاتر لە نیو میلیۆن کەس لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو دەکا. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لە گوێنەدانی حکوومەت بە پاراستنی ژینگەی کوردستان و کردەوە زیانبارەکانی.

کۆماری ئیسلامیش وەک ڕێژیمی پاشایەتیی لەنێوچوو ئیدیعا دەکا کە هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە چوارچێوەی جوغرافیایی "ئێران"دا دەژین هاووڵاتی ئێرانن! ئەم ئیدیعایە ئەگەر ڕاست بێ، دەبێ هەڵسوکەوتی وەکیەک لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانە بکرێ کە لە چوارچێوەی ئەو یەکە جوغرافییەدا دەژین. بەڵام هەروەک ئاماژەی پێکرا ئەم ئیدیعایە فڕی بە ڕاستییەوە نییە و کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە کوردستان ستەمی چەندقات بەڕێوە دەبا بەڵکوو تەنیا دیتنی دیمەنی کۆڵبەران و ولاغەکانیان کە ڕۆژانە دەکەونە بەر دەستڕێژی گوللە و لە سەر عەرز دەکەون، مرۆڤ دەخاتەوە بیری سەردەمی نامرۆڤانەی کۆیلەداری سەدەکانی پێشوو.

بەو پێیەی کە باس کرا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەتێکڕایی هەست بە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی- مرۆیی و هەروەها سیاسی بکەن و لە ژێر چەتری گرێبەستێکی نەتەوەییدا بۆ داماڵینی زنجیری کۆیلەیی و ڕزگاریی مرۆڤایەتیی پێشێلکراو لە نیشتمانی خۆیاندا هەوڵ بدەن. زۆر ناسرووشتییە ئەگەر (بەشێک لە) خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ


سەرچاوە Serchawe

نەهێشتنی ئەو دۆخە نامرۆڤانەیە تێنەکۆشن و بەشێک لەوان یارمەتی کۆیەدار و داگیرکەر بدەن.

پرسیار ئەوەیە بۆچی کوردی رۆژهەلات لە هەموو مافەکانیان بێبەشن و لەو دۆخە کارەساتبارەدا دەژین؟ زۆر جار هۆکاری بندەستی خۆمان دەخەینە ئەستۆی لایەنەکانی دیکە وەک دراوسێکان، ولاتانی ناوچە و هاوکێشە جیهانییەکان. زۆر جار هۆکاری دەرەکی لە دواکەوتنی پرسی کورددا ئەوەندە زەق دەکەینەوە کە دەلێی خۆمان هیچ خەتایەکمان لەم نێوەدا نییە! ئەم میتۆدی لێکدانەوەی پرسەکان، میتۆدێکی ناتەواو و جێی رەخنەیە. بۆ خەسارناسیی رەوشی هەنووکەیی کوردی رۆژهەلات پێویستە ئاورێکی جیددی لە خۆمان بدەینەوە و بزانین چ کێشە و کەمایەسییەکمان هەیە.

دیارە لێرەدا بە هیچ شێوەیەک رەهابێژی ناکەین و تەنیا شرۆڤەیەکی رێژەیی دەخەینەڕوو.

ئێپیزۆدی یەکەم: "بەکرێگیراو"ی رێژیم لە شەڕ لەگەڵ دەستەیەک لە مرۆڤی بەهەلوێست و ئازادیخواز دەکوژرێ. دەستەیەک مرۆڤ کە ئامانجیان پچڕانی زنجیری کۆیلەتییە لە ملی ئەو بەکرێگیراوەشدا. ژمارەیەک لە خەلک لە رێورەسمی ناشتنیدا بەشداری دەکەن! هەر دەلێی کە جێی دوو لایەنی کێشەکە گۆڕاوە و ئەو خەلکە دەیانەوێ مرۆڤێکی بەهەلوێست و فیداکار بنێژن!

ئێپیزۆدی دووەم: دوو پێشمەرگە لە ئەنجامی تێکهەلچوون لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتمانیان لە تیمەکەیان هەلدەبڕێن و چەند رۆژ لە دەوروبەری ئاواییەکانی نزیک لە شوێنی تێکهەلچوونەکە دەمێنەوە کە دواتر لە ئەنجامی راپۆرتدان و هاوکاریی بەکرێگیراوانی خۆجێییدا شەهید دەکرێن. دوو پێشمەرگەیەک کە ئامانجیان ئیرادەبەخشین بە میللەتەکەیان و نەجاتی مرۆڤایەتیی پلیشاوە لە نیشتمانەکەیان دایە؛ ئامانجێکی ئەخلاقی، مرۆیی و پاشان نەتەوەیی و سیاسی.

## ئاکامگیری:

هەروەک ئاماژەی پێکرا رۆژهەلاتی کوردستان لە زیندانێک دەچێ کە زیندانڤانەکەی کۆماری ئیسلامییە کە بە هاوکاری و پشتگیریی ژمارەیەک لە زیندانییەکان، خەلکەکەی لە یەخسیریدا هێشتۆتەوە.

راستییەکەی ئەوەیە کەحیکایەتی بەشێک لە خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان لەو بەسەرهاتە دەچێ کە بوو بە هۆی ئافراندنی دەستەواژەی "سندروم ستۆکۆلم". بەشێک کە هەرچەند لە کەمایەتی دایە بەلام ژمارەیان جێی سەرنجە. بەشێک لە خەلک کە تووشی چەشنێک نەخۆشی دەروونی بووە، مێشکی شۆراوەتەوە، لە جیاتی ئەوەی‌کە یارمەتیدەری رزگاریدەرانی خاک و

خەڵکەکەی بێ، دەکەوێتە خزمەت زینداناڤان و ئەوانەی کە میللەتەکەیان بە بارمتە گرتووە. ئەو بەشە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەیەک لە ڕووی مرۆیی و ئەخلاقیەوە داڕووخاون کە هەستێکی نەرێنی‌یان بە نیسبەت ئەوانە هەیە کە دەیانەوێ نەجاتیان بدەن. بە پێچەوانە و بە شێوەیەکی ناسرووشتی هەستی ئەرێنی‌یان بە نیسبەت زینداناڤان(داگیرکەر) هەیە و لە هۆکار و هەڵسوکەوتەکانی داگیرکەر پشتیوانی دەکەن. ئەمەیە هۆکارێکی لە بندەستی‌دا مانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

## پرۆلیتاریای توێژینەوەیی

ئەگەر دەتانەوێ بزانن لە ئێراندا چی دەگوزەرێ، پێویست ناکا گوێ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی دەرەوەی سنوور و ئۆپۆزیسیۆن بگرن. هەر لە رێگەی تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران و رۆژنامە رەسمی و نارەسمییەکانیەوە بۆتان دەردەکەوێ کە لەو وڵاتەدا چ خەبەرە.

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی ئێران چاو لێبکەی، ئاسەواری لێنەزانیی بەڕێوەبەرانی وڵاتی پێوە دیارە؛ لە بواری ژینگەییەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەنانەت بواری زانست و فێرکردن. بە گوتەی خودی بەرپرسان لە ٦٠ فرۆکەخانەی وڵات تەنیا ٨یان فەعالن؛ ناوگانی هەوایی ئێران کۆنە و نێونجی تەمەنی "ایرلاین"ەکانی ئێران ٢٣ ساڵە؛ بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی رێوشوێنەکانی شارسازی لە لایەن بەڕێوەبەریی شارەدارییی تارانەوە، ئەو شارە تووشی دۆخێکی کارەساتبار بووە؛ مافیاکان لە بواری ئابووریدا بە توندی ئەکتیڤن؛ بەشێکی گەورەی ئابووریی ئێران ملکەچی هیچ یاسا و رێسایەک نییە؛ ئەم چیرۆکە دوور و درێژە و لێرەدا بەوەندە ئیکتفا دەکەم و دەچمە سەر ئەسڵی باسەکەم کە ئەویش نەهامەتییەکانی بواری زانست و فێرکردنە. لەم مەجالەدا هەوڵ دەدەم باسی دیاردەیەک بکەم کە لە لایەن پسپۆڕان و کارناسانی زانستگەییەوە پێی دەگوترێ "پرۆلیتاریای توێژینەوەیی". دیاردەیەکی دەگمەن کە لە ئێراندا زۆر باوە و بۆتە قەیرانێکی گەورەی بواری زانست و زانستگە.

بەپێی ئامارەکان حەشیمەتی زانکۆیی ئێران دەورووبەری ٥ میلیۆن کەسە. کە ئەگەر لەگەڵ حەشیمەتی زانکۆیی ئێران لە کۆتایی دەیەی ٥٠ و سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاوی بەراوردی بکەین، لەگەڵ هەڵدمسانی بەدەنەی زانکۆ لە ئێران بەرەوڕوو دەبین.

ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەیان دامەزراوەی خوێندنی باڵا و بنیاتی زانکۆیی هەن کە لە هەمبەر وەرگرتنی پووڵدا "خوێندنی باڵا" پێشکەش دەکەن و مەدرەک دەبەشنەوە؛ ئەو دامەزراوە و بنیاتانەی کە مەبەستی سەرەکییان تیجارەت و پووڵ پەیداکردنە. هەر ئەمەش وایکردووە کە لەگەڵ دیاردەیەکی دیکە بە ناوی "کاڵایی سازی فێرکردن" بەرەوڕوو بین. واتە فێرکردن و مەدرەک وەرگرتن وەک کاڵایەک لە بەرامبەر پووڵدا بە خەڵک دەفرۆشرێ.

جاران ئەگەر کەسێک بێکار بایە دەیگوت منیش دەرسم نەخوێند تا کارێکی ئابڕوومەندانەم هەبێ. زۆربەمان ئەم قسەیەمان

بیستووه. بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و بەشێکی گەورەی حەشیمەتی زانکۆدیتووی ئێران بێکارن. تەنانەت هۆکارێکی پەرەسەندنی بێوێنەی "تحصیلات تکمیلی" لە ئێراندا بۆ بێکاری و دەستنەکەوتنی هەلی کار دەگەڕێتەوە. واتە بەشێکی جێی تێرامان لە درێژەدەرانی خوێندن لە ئاستی ماجستێر و دوکتورادا تەنیا بێکارییەکەیان وەدوا دەخەن. راوەستاویی ئابووری و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر بێکارییە کە بۆتە هۆی ئافراندنی چەمکێک بە ناوی پرۆلیتاریای توێژینەوەیی.

چەمکی پرۆلیتاریای زانکۆیی لە ڕۆژئاوادا دروست بووە و ریشەکەی لە چەمکی چینی کرێکاری مانیفێستی مارکس و ئەنگێلسدا هەیە. پرۆلیتاریا چینێکە کە خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنان نییە و بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان، هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ.

بۆ یەکەمین جار "فالتوم" لە هولەند لە ساڵی ۲۰۰۱دا چەمکی پرۆلیتاریزە بوونی زانکۆی هێناوەتە ئارا. واتە هەروەک باس کرا ئەم چەمکەش سەرچاوەی ڕۆژئاوایی هەیە، بەڵام لە ئێراندا واتایەکی دیکە وەردەگرێ.

مەبەستی فالتوم لە پرۆلیتاریای زانکۆیی ڕێژەی جێی سەرنج لە مامۆستایانی زانکۆیە کە پێیان دەگوترێ "حق التدریسی". واتە ئەو توێژە کە پێگەیەکی سەقامگیری کارییان نییە و لە زۆر ئیمتیازی مامۆستایانی دامەزراو بێبەشن. ئەو توێژەی کە لە ڕێگەی کرێی وانەوتنەوە بژیوی ژیان دابین دەکەن. لە ئێراندا زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ لەم توێژە پێک دێن. ئەمەش بە نۆبەی خۆی زیانی لە بیاڤی زانست و زانستگە داوە. بە تایبەت لە ئێراندا لە ئەنجامی چەشنێک نیولیبرالیزمی هەوساریپچڕاو، زانکۆش وەک کۆمپانیای تیجاری لێهاتووە و دامەزراوە زانکۆییەکان بۆ قازانجی زیاتر مامۆستایانی کەمرەمقتر بەکار دەگرن.

ئەوەی کە لە ئێراندا دۆخەکە دەکاتە دۆخی تایبەت و دەگمەن، ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی ماجستێر و دوکتورایان وەرگرتووە لەبەر ئەوەی کە کاریان نییە، بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان، بە پووڵ پایاننامەی ماجستێر، تێزی دوکتورا، کتێب و وتار بۆ کەسانی دیکە دەنووسن. توێژێکی بێ ناوونیشان کە نەناسراون و هیچ پێگەیەکیان نییە. ئەوان نامە و کتێب و وتار دەنووسن بەڵام بە ناوی خەڵکی دیکەوە بڵاو دەبێتەوە. دۆخی ئەم توێژە لەچاو مامۆستایانی "حق التدیس" کە فالتوم پێیان دەڵێ پرۆلیتاریای زانکۆیی، زۆر خراپترە. مامۆستایانی "حق التدریس" هەرچەند پێگەیەکی سەقامگیری کارییان نییە و لە کۆمەڵێک ئیمتیاز بێبەشن بەڵام بەهەرحاڵ دەچنە سەر کلاس و وانە دەڵێنەوە و شوناسی مامۆستاییان هەیە، بەڵام ئەو توێژەی کە مەبەستی ئەم نووسینەیە لە بەرامبەر پووڵدا توێژینەوە دەکەن و ناویان لە هیچ شوێنێک دیار نییە. ئەوان توێژەرانی بێناو و نیشان و بێشوناسن کە لە سەر حیسابی زەحمەت و شەونخوونی و توێژینەوەکانی ئەوان، کەسانی دیکە ناو و ناوبانگ دەردەکەن و پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەست دێنن. ئەمەش چەشنێک



سەرچاوە
Serchawe

گەندەڵییە، بەڵام لە بواری زانست و زانستگەدا. شتێک کە دیمەنەکە خەمناکتر دەکا ئەوەیە کە ئەو بۆنگا و شیرکەتانەی کە ئەو سەربازە گومناوانە کاری توێژینەوەی تێدا دەکەن تەنیا بەشێک لە کرێی توێژینەوەکەیان پێدەدەن و بەشەکەیتر بۆخۆیان هەڵدەگرن کە دوکان و بازاڕێکیان وەڕێخستوە و هەلی کاریان! بۆ ئەو کەسانە دروست کردووە و سووژەی توێژینەوەیان بۆ پەیدا دەکەن! ئەمە پرۆلیتاریای توێژینەوەییە، دیاردەیەکی "نامتعارف" لە ئێرانی ئەمڕۆدا.

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

# لە نەبوونی سیستەمدا!

تا رادەیەک کۆدەنگی هەیە کە کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی باو(ی نێونەتەوەیی) نییە؛ کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو سیستەمە لە سیستەمەکانی باو لە جیهاندا جیا دەکاتەوە. لە سەر ئەم بڕوایەشم کە کۆماری ئیسلامی مۆدێلێکی حکوومەتدارییە کە تا رادەیەک خۆماڵی کراوە و ئەو مۆدێلە لە حکوومەتداری پشت بە ئەندیشەیەکی سیاسیی کەڵەکەبووی شیعە دەبەستێ کە بنج و بناوانی بۆ سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە و لەو کاتەوە بە ڕەوتێکی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە و تا دواجار لە سیستەمی ویلایەتی فەقیەدا فۆڕمی گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیستەمە نەیتوانیوە وەک ئۆلگوویەکی سەرکەوتووی حکوومەتداری دەرکەوێ و خۆی بسەلمێنێ.

ڕاستە کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بەو سیستەمە توانیویەتی دەوام بێنێ و لە هەندێک بواریشدا پراکسیسی تایبەت بۆ خۆی خوڵقاندووە، بەڵام بە سەرنجدان بە کارکرد و کارنامەی نزیک بە ٣٨ ساڵی تەمەنی، بە لێبڕاوی دەتوانین بڵێین کە ئەم سیستەمە خاوەنی درزی گەورە و نەبوونی یەکانگیریی پێویستە و هەر ئەمەش وایکردووە کە نەتوانێ لە پراکتیکدا سەرکەوتوو بێ و وەک خۆیان دەڵێن ئەگەر بە تایبەت لە بواری ئابووریدا نەتوانن ئۆلگوویەکی سەرکەوتوو بێننە ئارا ئەوە تووشی شکست دەبن. شکستێک کە پێش هەموو شتێک، شکستی گوتار و ئەو مۆدێلەیە کە بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەوانەیە سەردێڕی ئەم وتارە جێی سەرسووڕمان بێ و بگوترێ کە ئەوە نیە خۆمیش دەڵێم "سیستەمی کۆماری ئیسلامی"، جا ئەگەر ئەو سیستەمە "نامتعارف"یش بێ! مەبەست لەم سەردێڕە ئەوەیە کە لە دنیادا و لە سیستەمگەلی سەرکەوتوودا بەشەکانی سیستەم لە سەر هێڵە گشتییەکانی حکوومەتداری و چوارچێوە سەرەکییەکانی هەنگاونانی حکوومەت کۆدەنگییان هەیە و کارکردی هەرکامیان بەشەکەیتر تەواو دەکا و تایبەتمەندیی یەکتر بەهێز کردن و تەواوکەری یەکتریان هەیە. لێرەدایە کە دەستەواژەی "هەیئەتی دەسەڵاتدار" واتا پەیدا دەکا. هەیئەتێکی چەند هەزار کەسی کە ئیجماعی فەلسەفییان هەیە و لە سەر پرەنسیپە گشتییەکانی پەرەسەندنی وڵات کۆک و یەکانگیرن. بەم شیکاری و پێناسەیەوە ئایا کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی لەو چەشنەیە؟ بە شیکردنەوە و بە پشتبەستن بە هەندێک داتا و فاکت، دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لەو پێناسەیە(سیستەم بە مانای ئیجماعی هەیئەتی دەسەڵاتدار لە سەر پرەنسیپە گشتییەکانی پەرەسەندنی وڵات و تایبەتمەندیی یەکتر تەواوکردنی بەشە جیاجیاکان) مەودایەکی واتادری هەیە. لەبەر ئەوەشە کارناسانێکی ئێرانی دەڵێن "تا هەنووکە نەمانتوانیوە سیستەم دروست بکەین و ئەمەیە ڕازی پەرەنەسەندوویی ئێران".

کۆماری ئیسلامی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری پێکناکۆکی و دژبەیەکییە. ئەمەش سەرچاوەکەی لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمدا شاراوەیە و لە بواری جیاجیادا خۆی دەردەخا. بەشە حاکمیەتییەکان و شێوەهەڵبژێردراوەکان لە ناکۆکی دان و یەکتر دەسوون. بە تایبەت ئەگەر ئۆرگانە شێوەهەڵبژێردراوەکان لەگەڵ ناوکی سەختی سیستەم، بە تەواوی کۆک نەبن ئەوە لەگەڵ کۆسپ و قەیرانگەلی زۆر بەرەوڕوو دەبن بە چەشنێک کە ناتوانن ئەو بەرنامانەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنییەکەیان بە خەڵک داوە، جێبەجێی بکەن. ئەزموونی دەوڵەتەکانی محەممەدی خاتەمی و حەسەن روحانی سەلێنەری ئەم ئیدیعایەیە. هەنووکە بەشگەلی بەهێزی نێو سیستەم کار دەکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی حەسەن روحانی سەرکەوتوو نەبێ.

ساڵی داهاتوو لە مانگی بانەمەڕدا خولی دوازدەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە دەچێ. بە سەرنجدان بەو پرسە، بەشگەلی بەهێزی نێو سیستەم لە هەر ڕێگەیەک یاسایی و زۆرتر نایاسایی، کەڵک وەردەگرن کە روحانی بکەنە سەرکۆمارێکی یەکخولی. ئەم بەشانە هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ کە پێگەی جڤاکی دەوڵەت ناهومێد بکەن بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەیان کە هێنانەخواری روحانییە لە سەر تەختی سەرکۆماریی، بگەن.

دوای ڕێککەوتنی ناوکی، ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ سەرمایەگوزاری دەرەکی بۆ ئێران راکێشێ بێجگە لە کۆمەڵێک دەستکاری پێکهاتەیی و شەفافسازی، پێویستی بە ژینگەیەکی ئارام هەیە بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری دەرەکی هەست بە سەقامگیرییەک لە ئێراندا بکا و بۆ سەرمایەگوزاری لە ئێراندا بڕیار بدا. بەڵام ئەو بەشە دەسرۆیشتووانەی نێو سیستەم هەموو هەوڵی خۆیان بۆ نائەمن کردن(پیشاندان)ی فەزای ئێران دەدەن کە هەم بەڵێنییەکەی روحانی نەیەتە دی و هەم ئەنگەڵئاسا لە کەیکی دەسەلات و ئابووریی ئێران زیاتر بەهرەمەند بن. پرسی گرێبەستە نەوتییەکانی ناسراو بە ئای پی سی، رەهەندێکی لەم چەشنەشی هەیە. خویایە کە هەمووی ئەم کێشمەکێشانە رەهەندێکی کولتووریشی هەیە و بۆ پەرەنەسندوویی یان باشترە بڵێم بۆ دواکەوتوویی فەرهەنگی سیاسیی باڵەکانی نێو سیستەمیش دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ کولتووری گفتوگۆ مەودایان هەیە. ئەوەی ئێمە لە فەزای سیاسی و راگەیاندنی ئێراندا دەیبینین زیاتر شانتاژ و پاشقول لە یەکتر گرتن و شەڕی رەوانییە تا کێبەرکێیەکی ساغڵەمی سیاسی.

لەوانە واوەتر ئەگەر بواری ئابووری لە بەرچاو بگرین تێڕوانینی سیاسی و جناحی لەم بوارەدا بێداد دەکا و ناهەماهەنگی و رواڵەتبینی و دیدی ناکارناسانە زۆر بەرچاو دەکەوێ. ئەوەندەی پێوەندی بە بواری ئابوورییەوە هەیە ئابووریی ئێران قوربانی سیاسەتە و بێجگە لەوەش ئەو بەشەی کە پێی دەڵێن ئابووری نارەسمی، رۆڵی تێکدەرانەی ئابووریی رەسمی و یاسایی هەیە. لە ئابووریدا بەشی تاریک کە لە دەرەوەی یاسا گەشە دەکا لەگەڵ ئامانجی پەرەسەندنی ئابووریی ئێران ناکۆکە.

زۆر بوار و بەشی کۆماری ئیسلامی خاوەنی پێکناکۆکی و نایەکگرتووین و ئەمەش وایکردووە تاهەنووکەش پەرەسەندن و پەرەسەندوویی لە ئاستی خەوندا بمێنێتەوە و نەبێتە واقیع. کۆماری ئیسلامی سیستمێک نییە کە هەموو بەشەکانی یەکتر تەواو بکەن و تایەتمەندیی "هەمافزایی"یان بۆ یەکتر هەبێ؛ بەڵکوو وەک ئاماژەی پێکرا یەکتر دەسوون و یەکتر "خنثی" دەکەنەوە. ئەمەش واتای نەبوونی سیستم یان سیستمێکی تەندروست و کارایە.

لە ژمارە ٦٨٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

# رادەی وێرانییەکان زۆرەن...؟

حەوتووی یەکەمی خەرمانان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە حەوتووی دەوڵەت ناوزەد کراوە. لەو حەوتوویەدا عەمەلکردی دەوڵەت زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە دەخرێتە تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە. بە پێی نەریتی ساڵانەش سەرکۆمار و ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت لەگەڵ خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی، دیدار دەکەن. لەو دیدارانەدا خامنەیی هەم گوێبیسی راپۆرتی عەمەلکردی دەوڵەت دەبێ و هەم دید و تێبینی و رەخنەکانی لە سەر عەمەلکردی یەکساڵەی دەوڵەت لە چوارچێوەی وتاردانێکدا دەخاتە روو. ئەوەندەی لە بیرم بێ، راوێژی رەخنەکانی ئەمساڵی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو نەرمتر بوو! هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە دوای ٧ی رەشەمەی ٩٤ەوە، کە بەرەی ریفۆرمخواز و میانەڕۆ سەرکەوتنێکی رێژەییان لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەست هێنا، شەپۆلێکی بەربەرینی رووشێنەر بە نیسبەت دەوڵەت دەستی پێکرد و تا هەنووکەش بەردەوامە . دیارە ئەو شەپۆلە رووی لە هەڵبژارنەکانی سەرکۆماریی مانگی گوڵانی ساڵی داهاتووشە.. بۆیە خامنەیی بە پێویستی نەزانی کە ئاماژە و ئاراستەیەک بە باڵی راست(ی توندئاژۆ) بۆ هێرش کردنە سەر دەوڵەت بدا! شایانی باسە کە خامنەیی لە کاتێکدا کۆدی هێرش بۆ سەر دەوڵەت بە لایەنگرە توندئاژۆکانی دەدا کە فەزایەکی تا رادەیەک هێدی لە هەمبەر دەوڵەت بوونی هەبێ!

خامنەیی لە دیداری ئەمساڵی لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتدا وێڕای ئەوەی کە چەند جار تانەی لە عەلی جەننەتی، وەزیری ئێرشاد دا و رەخنەی توندی لە بواری ژێر بەرپرسایەتیی ناوبراو گرت، گوتی پرسی سەرەکیی وڵات، پرسی ئابوورییە. بە سەرنجدان بە دۆخی نالەبار و قەیرانیی ئابووریی ئێران راستیی ئەم قسەیە دەردەکەوێ. لەم وتارەدا بە پێی ئیمکان عەمەلکردی ئابووریی دەوڵەت هەڵدەسەنگێنم و دید و خوێندنەوەی هەرکام لە باڵەکانی نێو نیزام لە مەڕ عەمەلکردی دەوڵەت باس دەکەم.

ئابووریی ئێران بە سەختی هەناسە دەکێشێ و ئەم راستییەش حاشاهەڵنەگرە و کارناسانی ئابووری و داتا و ئامارەکانی خودی رێژیمیش ئەم راستییە پشتراست دەکەنەوە. عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس لە دوازدەیەمین کۆنگرەی ئەندازیارانی بناژۆخوازدا بە زمانی ئامار و داتا دوایین دۆخی ئابووریی ئێران باس دەکا؛ بە پێی پێوانەکانی سەرانەی ناخالیسی میللی، ئازادیی ئابووری، رێژەی بێکاری، نرخی "تورم"، پشکی سەرمایەگوزاریی دەرەکی، شەفافیەت لە سیاسەتدارێژی دەوڵەتی و هتد، ئێران لەنێو وڵاتانی جیهاندا لە پلەکانی ئاخردا جێدەگرێ و بە پێی ئامار و داتاکانی جێی ئاماژە، پلەی ئابووریی ئێران لە نێو ١٤٠ وڵاتدا، ١٠٢یە. کەواتە تا ئێرەی پرسەکە هەموو دان بە خراپیی دۆخی ئابووریی ئێراندا دێنن. پرسیار

یان پرسی جێی مناقشە ئەوەیە کە روحانی لە ماوەی ٣ساڵی دەوڵەتەکەیدا تا چەندە توانیویەتی بەڵێنییە ئابووری‌یەکانی بەجێ بێنێ و پرسیارێکی دیکە کە بە داوی ئەمەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە کاریگەریی بەرجام(ڕێککەوتنی ناوکی) لە سەر ئابووری چی بووە؟

١- ئۆردوگای دەوڵەت وریفۆرمخوازان: مەسعوودی نیلی راوێژکاری باڵای روحانی بۆ کاروباری ئابووری دەڵێ: زەربەیەک کە بە ئابووریی ئێران لە ساڵەکانی ٩١ و ٩٢ کەوت ئەوەندە گەورە بوو کە قەرەبووکردنەوەکەی ساڵانێکی زۆری دەوێ. بە قسەی نیلی ئابووریی ئێران بۆ ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی دێژماوەی دوای شەڕی "داسەپاو"، دەبێ لە ٥ساڵی داهاتوودا گەشەیەکی زیاتر لە ٦ و نیو لە سەدی هەبێ. ئەو هەروەها دەڵێ ئەگەر مشوور و بەرنامەکانی دەوڵەت و دەرەنجامەکانی لاچوونی گەمارۆکان نەبا، ئابووریی ئێران وەک ئابووریی وێنێزۆئێلای لێدەهات.

موحسین سەفایی فەراهانی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامە "ئافتابی یەزد"دا دەڵێ: بە لە بەرچاو گرتنی هەموو گیروگرفتەکانی سەر ڕێگەی دەوڵەت و ڕەوتی باشبوونی هێواشی ئابووری، دیسان ناتوانین لاوازیی دەوڵەت لە بواری ئابووری‌دا نادیدە بگرین. دەوڵەت دەیتوانی باشتر کار بکا. کەواتە ئەوەی دژبەرانی دەوڵەت دەیڵێن هەرچەند گەورەکردنەوەی تێدایە بەڵام بێ جێش نیە. سەفایی فەراهانی سەبارەت بە دەرەنجامە ئابووری‌یەکانی بەرجامیش دەڵێ کە دەبێ پرسیارەکە ئەوە بێ ئەگەر ڕێککەوتنی ناوکی نەکرابا ئابووریی ئێران تووشی چ دۆخێکی کارەساتبار دەهات.

سەعیدی لەیلاز ئابووریزانی لایەنگری دەوڵەت لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "اعتماد"دا دەڵێ کە بەرجام و سیاسەتەکانی دەوڵەتی روحانی، ئێرانی لە لێواری داڕووخانی ئابووری، سیاسی، نیزامی و کۆمەڵایەتی نەجات دا. دابەزینی توانای کڕینی خەڵک لە ماوەی ساڵەکانی ٨٩ تا ٩٢ بە ڕادەیەک بوو کە لە شەڕی ٨ساڵەش ڕووی نەداوە. لەیلازیش هاوبۆچوون لەگەڵ مەسعوودی نیلی پێی وایە زیانەکانی بەرکەوتوو بە ئابووریی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا بە ڕادەیەک بەرفراوان و گەورە بوون کە ساڵانێکی زۆری دەوێ کە بگەڕێینەوە **خاڵی یەکەم**.

**بە کورتی نەزەری ئۆردوگای میانەڕۆکان ئەوەیە:**

**ئەلف)** دەوڵەتی روحانی لاوازیی هەیە و لە چەشنێک ناهەماهەنگی ئازار دەکێشێ.
**ب)** دەوڵەت هەرچەند بە بارەتەقای وەعدەکانی هەنگاوی نەناوە و دەسکەوتی نەبووە بەڵام سەقامگیری‌یەکی ئابووریی دروست بووە و ئابووریش ڕەوتێکی بەرەو باشبوونی دەست پێکردووە هەرچەند تا خەڵک هەستی پێبکەن ماویەتی. بە واتایەکی دیکە ڕادەی وێرانی‌یەکان ئەوەندە زۆر بووە کە دەسکەوتەکانی دەوڵەت هەست پێ ناکرێن؛ قەبارەی خراپیی

ئابووریی ئێران زۆر بووە ئەگینا دەوڵەت هەنگاوگەلێکی پۆزەتیڤی لەو بوارەدا ناوە.

٢- هەرچی بەرەی ئوسوولگەرا و بە تایبەت راستی توندئاژۆیە دەڵێن بەرجام هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و روحانی نەتەنیا وەعدە ئابووریەکانی بەجێ نەهێناوە بەڵکوو لە ٣ ساڵەی دەوڵەتەکەیدا دۆخی ئابووری خراپتریش بووە و بە پێچەوانەی ئۆردوگای میانەڕۆ دەڵێن دەوڵەت کارێکی گەورەی نەکردووە و هیچ دەسکەوتێک(ی مەلموس)ی ئابووری نەبووە.

نەقلی قەولەکان بە نێوەرۆکن.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی

نەزمی نوێی جیهانی لە دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە هاتۆتە ئارا. لەم نەزمەدا کەلێنێک کەوتۆتە نەزمی وێستفالیایی. لە نەزمی وێستفالیاییدا سنوورەکان نفووزهەڵنەگر بوون. چەمکی سەروەریی نەتەوەیی زۆر بەهێز بوو و وڵاتان لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆییدا بە تەواوی سەربەست بوون. دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان واتای راستەقینەی خۆی هەبوو. بەڵام لە نەزمی نوێی جیهانیدا سنوورەکان نفووزهەڵگر بوون و هەندێک پرسی وەک مافی مرۆڤ بوونە پرسگەلی جیهانی و وڵاتان ناتوانن بە بیانووی سەربەستی لە چۆنەتیی ئیدارەی نیووخۆییدا، بە مەیلی خۆیان لەگەڵی بجووڵێنەوە.

زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی دیفاکتۆش بێ، سیستمی نێونەتەوەییان قبووڵ کردووە و لەم چوارچێوەیەدا رۆڵ دەگێڕن. کۆماری ئیسلامی لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ئاڵای دژایەتی لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی هەڵداوە و لە هەمبەر یاسا و رێسا نێونەتەوەییەکاندا مل با دەدا و پابەندیان نیە. لەبەر ئەوەی کە لە سیستمی نێونەتەوەیدا هێز دەور دەبینێ و هەر دەوڵەتەی بە قەرا هێزی، لەو سیستمەدا شوێندانەرە و، لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیش ئەو هێزەی نیە کە ئەو نەزمە بگۆڕێ، بۆیە لە سەر ئەم سەرکێشیانەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا تێچوویەکی زۆری داوە و دەیدا و، هەڵبەت کۆمەڵێک کێشە و ئاژاوەشی بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناوەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ بەرژەوەندیی وڵاتی ئێران دەخوازێ کە سیستمی دەسەڵاتداری، بەو شێوەیە بجووڵێتەوە یان ئەوە زیاتر بەرژەوەندیی بنیات و باندگەلێکی تایبەتە لە کۆماری ئیسلامیدا کە هەروا لە سەر "درێژەدان بە شۆڕش" و "ئیدئۆلۆژیگەرایی" و "ئارمانجخوازی"دا پێداگری دەکەن؟

حاشای لێ ناکرێ کە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دوو رووبکەرد هەن. رووبکەردێک خوازیاری پێداچوونەوەیە بە رەفتار و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ئاستی دەرەکیدا و، وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر لەگەڵ سیستمی هەیی لە دنیادا خۆیان موتوربە بکەن و واز لەو کلاوەکێشیانە لەگەڵ نۆرم و یاسا و رێساکانی نێونەتەوەیی بێنن زیاتر بەرژەوەندیی خودی سیستمیش دابین دەبێ. ئەم رووبکەردە لەگەڵ خواست و ئاراستەی فشارە نێونەتەوەییەکانیش یەکانگیرە. شایانی باسە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە رێگەی نەرمئامێرییەوە و لە رێگەی کێشانی ئێران بۆ نێو

دالآنەکانی وتووێژ و پابەند کردنی ئێران لە چوارچێوەی هەندێک ڕێککەوتن و کۆنوانسیۆندا، دەیەوێ ئێران لەو دۆخە نانۆرماڵە داماڵێ و بیکاتە سیستمێکی پابەند و ئاسایی لە چوارچێوەی سیستمی نێونەتەوەییدا. هەر ئەمەشە کە هەرا و هەڵلای بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و بە گوتەی خۆیان بنیاتە ئینقلابییەکانی، کە لە چوارچێوەی ڕوویکەردی دووهەمدا جێدەگرن، لێکەوتۆتەوە. هیستریای ئاساییبوونەوەی ڕێژیم و کەوتنە مەترسیی بەرژەوەندییەکانی ئەو بەشەی دەسەڵات(پارێزەرانی ڕوویکەردی دووهەم)، خەوی لە چاوان بریون و پەیتاپەیتا هۆشداری دەدەن "نظام سلطه" دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی لە چیەتیی ئینقلابی خۆی بەتاڵ بکەنەوە و ئەمەش وەک چوونە ژێر پرسیار یان نەمانی سەربەخۆیی و سەروەریی نەتەوەیی دەناسێنن و لە ڕاستیدا لە ژێر ئەو پەردەیەدا شەڕی زیاتر کردنی دەسەڵات و سەرمایەی خۆیان لە نێو سیستمدا دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە ئاماژە بە سێ چەمک دەکەم کە لە چەند مانگی دواییدا لە فەزای سیاسی و ڕاگەیەنەکانی ئێراندا زۆرترین باسیان لێکراوە و هەڵلاساز بوون:

١) ئا پی سی یان مۆدێلی نوێی گرێبەستە نەوتییەکان کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە شێوەیک فورمولە و دارێژرا بوون کە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان سەرنجراکێش بن، لە لایەن تەیفی سەربە یان نزیک لە سپای پاسدارانەوە بە توندی خرایە ژێر پرسیار و دەیانگوت کە ئەم گرێبەستانە ئێران بۆ قۆناغی پێش میللی کردنی نەوت دەگەڕێنێتەوە و سەروەری و سەربەخۆیی ئێران لە مەیدانە نەوتییەکانی دەباتە ژێر پرسیار. ئەمە یارییەک بوو بۆ ئەوەی کە کۆمپانیا دەرەکییەکان نەیەنە ئێران و بواری وزە لە مۆنۆپۆلی قەرارگای "خاتم الانبیاء"دا بمێنێتەوە. بە هەرحاڵ دوای هەڵلا و هەنگامەیەکی زۆر و دوای کۆمەڵێک دەستکاری، مۆدێلی نوێی گرێبەستە نەوتییەکان بوو بە قانوون و ڕاگەیەنرا.

٢) پرۆتۆکۆلی قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە شەڕ و کێشمەکێشی چەکدارانەدا، کە قەرارە لە ماوەی داهاتوودا لە مەجلیس تاووتوێ بکرێ لە لایەن بەشی حاکمیەتیی سیستمەوە خراوەتە بەر ڕەخنەی توند. بە باوەڕی وان ئەم پرۆتۆکۆلە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بەرتەسک دەکاتەوە و لە هەمبەر بە بەسیج کردنی منداڵانی قوتابخانە ئاستەنگ دروست دەکا. قسەکەیان ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆلە پەسند بکرێ لەوانەیە بە بەسیج کردنی منداڵان وەک بەڵگەی کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە کاروباری چەکدارانەدا لێکبدرێتەوە و دەلیلێک بۆ فشار خستنەسەر ئێران بەدەستەوە بدا.

٣) ئێف ئەی تی ئێف یان گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵی کە بۆ دژایەتی لەگەڵ "پولشویی" و دابین کردنی ماڵی تیرۆریزم دامەزراوە هەرچەند لە لایەن مەجلیسی نۆ و شووڕای نیگابانەوە پەسند کراوە بەڵام لە ژێر فشاری ناوەندە ئەمنیتییەکان ڕەوانەی شووڕای بەرزی ئەمنیەتیی میللی ئێران کراوە و جێبەجێ کردنەکەی گرێدراوی واژۆی خامنەییە. بە دوو هۆکاری سەرەکی، ناوکی سەختی هێز لە کۆماری ئیسلامیدا بە ئێف ئەی تی ئێف قەڵسە: ئەلف)لەگەڵ هەرچەشنە شەفافسازی لە کاروباری بانکی و ڕاگواستنە بانکییەکاندا موخالیفن. چونکە لە تاریکایی و لە دەرەوەی یاسا و ڕێسادا

سەرمایەکی زۆریان کەڵەکە کردووە و نایانەوێ ئازادیی کردەییان لەم بوارەدا بەرتەسک بێتەوە. ب)دەڵێن لەوانەیە یارمەتیدانی گرووپەکانی حەماس و حیزبوڵڵا وەک بەڵگەی پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان لێک بدرێتەوە و ئێران بە دەستی خۆی ئاتۆیەکی باش بۆ فشار خستنە سەر خۆی بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بدا.

ئێران بۆ گەشە کردن و پەرەسەندنی پێویستی بە پێوەندییەکی باش لەگەڵ دنیای دەرەوە هەیە؛ بۆ نموونە شەفافسازی لە کاروباری بانکیدا و قبووڵ کردنی ڕێساکانی پێوەندیدار مەرجی هاوکاریی بانکە گەورەکانی جیهانە لەگەڵ سیستەمی بانکیی ئێران. لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرتنی ئێران لە هەرچەشنە کارئاسانییەکی نێونەتەوەیی بە پابەندبوونی ئێران بە یاسا و ریساکانی پێوەندیدارەوە گرێ دەدا. پرسیار ئەوەیە کە تا کەی ئێران دەتوانێ وەک ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی بمێنێتەوە و تا کەی بەشی حاکمیەتیی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا و لە سەر حیسابی بەرژەوەندیی وڵاتی ئێران دژایەتی لەگەڵ نۆرماڵیزاسیۆنی سیستم دەکەن و هەروا "غیرمتعارف" دەجووڵێنەوە؟

لە ژمارە ٦٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## دیاردەی ئەحمەدی‌نژاد

ساڵی ١٣٨٤ روخسارێکی نەناسراو یان کەمتر ناسراو، بە ناوی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، بە دووجەمسەری کردنی فەزای سیاسی و بە پشتیوانی بنیاتەکانی هێز و سەرمایە، بوو بە سەرکۆماری ئێران. کەسێک کە لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماری‌دا، زیانێکی گەورەی لە هەموو بوارەکان و بەتایبەت لە ئابووریی ئێران دا. بە قسەی زۆرێک لە کارناسانی پێوەندیدار، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد زۆر زیاتر لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران-عێراق زیانی بە ئابووریی ئێران گەیاندووە. لێرەدا گونجاو لەگەڵ باسەکەدا،

**باسی هەندێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی دەوڵەتداریی ئەحمەدی‌نژاد دەکەین:**

١- ئەحمەدی‌نژاد کە بوو بە سەرکۆمار، ئەزموونێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبەریی و کاری سیاستدا نەبوو؛ باوەڕی بە کاری کارناسانە لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا نەبوو و لە دەرەوەی عورفە باوەکان و ڕێوشوێنە مۆدێرنەکان، ئیدارەی وڵاتی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی وەک بوارێکی بۆ کێشمەکیش سازکردن و دژبەری کردن، چاو لێدەکرد و بەکاری دێنا، نەک بوارێک بۆ لێکتێگەیشتن و تەعامول و سازان لەگەڵ ئەوی دیکە. بە واتایەکی دیکە زۆر تاکرەهەندانە لە سیاسەتی دەڕوانی و بێجگە لەوەش بۆ گەوجاندنی خەڵک تێمێکی مێتافیزیکیشی پێدەدا و زۆر جار ئیدیعای دەکرد کە لە غەیبەوە ئیلهامی بۆ دێ و لە ژێر ڕێنوێنی ئیلهامەکانی دنیای غەیبدا وڵات بەڕیوە دەبا. بەم شیکردنەوانە مەعلوومە کە کەسێک بەم تایبەتمەندی و وەهمانەوە، ئەگەر گرینگترین پۆستی ئیجرایی وڵات وەئەستۆ بگرێ، وڵات تووشی چ کارەساتگەلێک دەکا.

٢- داهاتی نەوتی ئێران لە ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی‌نژاددا ٧٠٠ میلیارد دۆلار بوو. داهاتێکی ئەفسانەیی کە دەکرا بە ئەندیشە و پلان و مودیریەتێکی دروست، وڵاتێکی پێ بنیات بنرێ و ئابووری‌یەکی پێ ببوژێتەوە و خەڵکیش لە خێروبێراتی بەهرەمەند بن. بەڵام بەپێچەوانە، ئەحمەدی‌نژاد بە فکر و مودیریەتێک، کە لە دەرەوەی هەموو عورف و ڕێوشوێنە ئەمڕۆییەکانی حکوومەتداری‌دا جێدەگرێ، هەموو ئەو داهاتەی بە فیڕۆ دا و بەشێکی گەورەشی بێ‌جێ کرد. کاتێک ئەحمەدی‌نژاد دەسەڵاتی جێبەجێکردنی رادەستی حەسەن روحانی کرد ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری، زیاتر لە ٤٠ لەسەد و ڕێژەی گەشەی ئابووریی ئێران مەنفی ٦ لەسەد بوو. بە کورتی ئابووری‌یەکی تێکتەپیو و قەیراناوی رادەستی دەوڵەتی دوای خۆی کرد. رادەی وێرانی‌یەکانی دەورانی ئەحمەدی‌نژاد ئەوەندە زۆرن کە هەوڵ و تێچوویەکی زۆری دەوێ کە ئێران لە ژێر باریان دەربێ و پشت راست بکاتەوە.

٣- ئەحمەدینژاد لە ژێر تیشکی ئەو پێناسەیەی بۆ سیاسەتی هەبوو، کەلێنێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێراندا دروست کرد. کەلێنێک کە هەوڵێکی زۆری دەوێ کە تا رادەیەک پڕ بکرێتەوە. بەم هۆیەیە کە بەشێک لە ئەکتەرانی سیاسەتی ئێران باس لە "ئاشتەوایی نیشتمانی" دەکەن. لە بواری سیاسەتی دەرەکی و لە ئاستی نێونەتەوەییدا گوتارێکی هێرشبەرانە و کێشەخوڵقێنی هەبوو و ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە هەمبەر ئێران یەکگرتوو بکا و لە ئەنجامدا گەمارۆیەکی زۆر بە سەر ئێراندا سەپان و ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەریک کەوتەوە.

بێجگە لە هەمووی ئەوانەش، ئێستا پەروەندەگەلێکی زۆر لە دەزگای قەزایی ئێران لە دژی ئەحمەدینژاد لە ئارا دان کە ئەگەر بە جیدی لێپرسینەوەی لێبکرێ، هیچ دوور نییە کە ئەحمەدینژاد ساڵانیکی زۆر بکەوێتە زیندان. پرسیار ئەوەیە کە بەو شیکرنەوانەی سەرەوە و، بەو کارنامە شکستخواردوو و زیانبارەوە، چۆن ئەحمەدینژاد تا ئێستاش ئەکتەرێکی سیاسەتی ئێرانە و بە قسەی زۆرێک لە ئوسوولگەراکانیش شانسی دەنگهێنانەوەی لە باقی بەربژێرەکانی ئوسوولگەرا زیاترە؟ تەنانەت چالاکانێکی ریفۆرمخواز، رادەی دەنگی ئەحمەدینژاد لە حاڵەتی رێگری نەکردنی لە لایەن خامنەییەوە، بە ١٥ میلیۆن دەنگ دەخەمڵێنن!

**لە وڵاتانێک کە خاوەنی سیستمێکی تەندروستی دەسەڵاتدارین،**

**یەکەم**: کەسانی وەک ئەحمەدینژاد نایەنە سەرکار.
**دووهەم**: ئەگەر سوکانی دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرن مەجالیان پێنادرێ کە ئەوەندە قانوونشکێنی بکەن؛ چونکە دەزگاگەلێکی بەهێزی چاوەدێری هەن و دەسەڵاتداران بە بەردەوامی کۆنترۆڵ دەکرێن.
**سێهەم**: ئەگەر کەسێک لە پێگەی دەسەڵاتدا لە قانوون لا بدا ئەوا رووبەڕووی لێپرسینەوە دەکرێ و سزا دەدرێ.

بەڵام لە ئێراندا سەرەڕای ئەو هەموو زیانە گەورانەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی لە ئێران داوە، هێشتاش ئەکتەرێکی کاریگەرە و زۆر رووهەڵماڵاوانە بۆ جاری سێهەم چاوی لە کورسی سەرکۆمارییە! پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆنە بەو حاڵەوە هێشتا چەند میلیۆن دەنگی لە کۆمەڵگەدا هەیە؟!

گرینگترین هۆکاری ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی پەرەنەسەندووی سیاسییە. پەرەنەسەندوویی سیاسی و ئەوەی کە لە ئێراندا حیزبی بەهێز بوونیان نییە و سیاسەتی ئێران بە شێوەیەکی مۆدێرن بەدامەزراوەیی نەبووە، وایکردووە کە کەسانێکی پۆپۆلیستی وەک ئەحمەدینژاد خەڵک چەواشە بکەن و سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان راکێشن. دیارە لێرەدا ناکرێ فاکتەری لەخوارەوە بوونی ئاستی تێگەیشتنی خەڵکیش نادیدە بگیرێ.

ئەحمەدینژاد لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ۱۳۸٤دا ٤ میلیۆن دەنگی هێنا، بەڵام لە خولی دووهەمدا بە زۆر هۆکار و یەک لە گرینگترینیان، پشتیوانی و رانتی بنیاتەکانی هێز و سەرمایە، بوو بە سەرکۆمار. لە ساڵی ۸۸یشدا بە هەڵبژاردنێکی ساختە کرایەوە سەرکۆمار. لە ساڵی ۹۲دا سەعیدی جەلیلی کە زیاتر لە هەموو کاندیداکانی دیکە لە هێڵی فکری و سیاسیی ئەحمەدینژاد نزیک بوو، ٤ میلیۆن دەنگی هێناوە. ئەمە نیشان دەدا کە ئەگەر ئەحمەدینژادەکان لە رانتی هێز و سەرمایەی ناوکی سەختی حاکمییەت بەهرەمەند نەبن، ئەوا رادەی کاریگەری و مانۆڕدانیان لە کۆمەڵگە دادەبەزێ.

ئێستا کە خامنەیی ناچار بوو لە پشت تریبوون بە ئەحمەدینژاد بڵێ کە خۆت کاندید مەکە، ئەحمەدینژاد لە بەشێکی زۆری ئەو رانتە داماڵدراوە و وەک خاتەمی و رەفسەنجانی، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز و گونجاو لەگەڵ تایبەتمەندیی سەرکێشی ئەحمەدینژاد، پێی گوترا کە خەونی دانیشتن لەسەر کورسی سەرکۆماریی بۆ جاری سێهەم، لە مێشکی خۆی بەرێتە دەر.

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١۰ی ئۆکتۆبەری ٢۰١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ریفۆرمخوازی ڕێویزیۆنیست

ڕێویزیۆنیزم لە ئەسڵدا دەستەواژەیەک بوو کە بۆ تیۆری و میتۆدە سیاسییەکانی ئەو سوسیالیستانە بەکار دەهات کە، لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا، پێداچوونەوەیان بە هەندێک لە تیورییەکانی کارل مارکس لەمەڕ شەڕی چینایەتی و داهاتووی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کرد و لەجیاتی شۆڕشخوازی، خوازیاری ریفۆرم و گۆڕانی نەرم و هێواشی سەرمایەداری بۆ سوسیالیزم بوون. باوک یان روخساری سەرەکیی مارکسیزمی پێداچوونەوەخواز ئێدوارد بێرنێشتاین، تیۆریسێن و سیاسەتمەداری سوسیالدێموکراتی ئاڵمان بوو.

**لە گرینگترین پرەنسیپە رەخنەییەکانی پێداچوونەوەخوازان بە مارکسیزم، ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:**

١- رووخانی سەرمایەداری بەو خێراییەی مارکس پێشبینی دەکرد، رووی نەدا و نزیکیش نیە.
٢- خەباتی چینایەتی وەک مارکس پێشبینی دەکرد پەرەی نەسەند و، چینی نێوەڕاستیش بەپێچەوانەی بۆچوونی مارکس، نەتەنیا لەنێو نەچوو بەڵکوو گەشەی کردووە.
٣- دەکرێ بە ریفۆرم و پێشکەوتنی نەرم و هێواش، سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنی تا بە شۆڕشێکی توندوتیژی لەناکاو.(١)

لەو کاتەوە ئەم تێرمە بە بەربڵاوی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەکار دێ و تەنانەت بۆ پێداچوونەوەخوازانی سیستمە سیاسی و فکرییەکانی غەیرەمارکسیستیش بەکار دەبرێ. ئەو سیستمە سیاسی و فکرییانەی کە وەک مارکسیزم لەسەر بنەمایەکی دووبەرەیی یان دووجەمسەری دارێژراون و، بەرە و جەمسەرێک راست و لەسەر حەقە و، بەرە و جەمسەرەکەی دیکەش دەبێ خەباتی لەدژ بکرێ و لەنێو ببرێ. سیتسمگەلێکی فکری کە بە ئایدۆلۆژی کراون و دەسەڵاتبەدەستان بۆ شانتاژ و سەرکوتی رکەبەرەکانیان کەڵک لە دەستەواژەی پێداچوونەوەخواز وەردەگرن.

کۆماری ئیسلامی سیستمێکی تارادەیەک ئایدۆلۆژیکە و خاوەن وێژمانێکی ئایدۆلۆژیکە. لەو سیستمەدا دەستەواژەی پێداچوونەوەخواز لە لایەن ئوسوولگەرا توندئاژۆکانەوە بۆ ریفۆرمخوازان بەکار دێ؛ رێک بە ئامانجی شانتاژ و وەدەرنانیان لە بازنەی دەسەڵات و سەرکوت کردنیان. وک بڵێی کە لەو سیستمانەدا هەر دەبێ لەسەر هێڵە سیاسی و فکرییەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاریان بڕۆی و هەر چەشنە پێداچوونەوەخوازییەک یان بۆچوونێکی جیاواز تەنانەت بە مەبەستی



سەرچاوە
Serchawe

پاراستن و چاک کردنی ئەو سیستمانەش، وەک لادان لە راستیی رەها لەقەڵەم دەدرێ و دەبێ سەرکوت بکرێ! شایانی باسە کە لە سیستمگەلی کراوەی دێموکراتیکدا ئەو دەستەواژانە، بەتایبەت ئەوکاتەی کە واتا و لایەنێکی نێگەتیڤ وەردەگرن، بوونیان نیە. لە راستیدا سیستمە دێموکراتیکەکان لەگەڵ کۆمەڵگە و پێویستییەکانی سەردەم بەردەوام خۆیان رێک دەخەن و نەتەنیا دەرگا بە رووی گۆڕانکارییەکان داناخەن، بەڵکوو وێڕای خۆرێکخستن لەگەڵیان، هیدایەت و کاناڵیزەیان دەکەن.

ریفۆرمخوازان بە هەر هۆیەک بێ، لەوانەیە بە گوتەی خۆیان بە وانە وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕەکانی هاوچەرخی ئێران، ریفۆرم و پێشکەوتنی نەرم و هێواش بە رێگەچارەیەکی گونجاو دەزانن بۆ چاک کردن و مورتوربە کردنی سیستم لەگەڵ پێوانە و نۆڕمەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتداری. ئەم هەوڵانەن کە لە لایەن بەشی ئیدئۆلۆژیکی حاکمیەتەوە بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ؛ بەشێک کە مانەوە و بەرژەوەندیی خۆی لە نەگۆڕی و چەقبەستوویی رەهەندە سیاسی و فکرییەکانی سیستمدا دەبینێ. بۆ ئەوەی زیاتر لە تێرمی ریفۆرمخوازی رێویزیۆنیست حاڵی بین ئاماژە بە بەشێک لەو تەوسیفە نێگەتیڤانە دەکەین کە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان بۆ ریفۆرمخوازان بەکاری دێنن.

لە روانگەی ناوکی سەختی دەسەڵاتەوە کە "هەمپوشانی" زۆری لەگەڵ ئوسوولگەرا توندرەوەکان هەیە، ریفۆرمخوازەکان رەوتێکی لیبراڵین کە عاشقی رۆژئاوان و بە چاویلکەی رۆژئاوا لە پرسەکان دەڕوانن و دەیانەوێ روخساری ئەمریکا بە جوانی پیشان بدەن. عەلی سەعیدی نوێنەری خامنەیی لە سپای پاسداراندا لە وتووێژێک لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی "فارس"دا، بە توندی هێرش دەکاتە سەر ریفۆرمخوازان و دەڵێ: ئەوان بە دوای ستراتیژی پەرەسەندنی تەعامولگەرا دان و پێیان وایە کە سیستمی نێونەتەوەیی کوێخایەکی هەیە کە ئەمریکایە و بەبێ پێکهاتن لەگەڵ ئەمریکا ناتوانین پەرەبستێنین. ستراتیژیک کە ئەگەر دەرفەتی پێبدرێ رووخانی نیزامی لێدەکەوێتەوە. عەلی سەعیدی لە شرۆڤەی هۆکارەکانی هەڵوەشانی سۆڤیەتدا دەڵێ: ئەوەی کە سۆڤیەت لە سەردەمی سەرکۆماریی گورباچۆفدا رووخا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر پێشتر، لە سەردەمی خرۆشچۆفدا دەسەڵاتبەدەستانی سۆڤیەت تووشی گۆڕانی لێکدانەوە بوون و پێیان وابوو کە دەکرێ لەگەڵ ئەمریکا سازش بکرێ. ئەو شتەی کە بە گوتەی نوێنەری خامنەیی لە سپای پاسداراندا، لە لایەن بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخوازەوە دەگوترێ و کاری بۆ دەکرێ.

ریفۆرمخوازان لە روانگەی توندڕەوەکانی ئوسوولگەراوە هێزی پیادە یان تابووری پێنجەمی دوژمنن کە دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی لە نێوەرۆکی ئینقلابی خۆی بەتاڵ بکەنەوە و چییەتیی سیستم بگۆڕن. ئەو کارەش لە رێگەی دروست کردنی کەلێن لەنێو حاکمیەتدا و هەوڵ بۆ مارژیناڵ کردنی هێزە حیزبوڵڵاییەکان ئەنجام دەدەن. هەر لەو روانگەوە ریفۆرمخوازەکان تەنانەت بەرینتر لەوەش میانەڕۆکان، باس لە پێویستیی بەرجامیزاسیۆن بۆ بوارەکانی: سیاستی دەرەوە، ئابووری، سیستمی بانکی، بواری وزە و فەرهەنگ و شێوازی ژیان دەکەن و لەو رێگەوە بەشێوەیەکی "لەجیاتی" و "پەیمانکاری" پرۆژەی

داماڵینی سیستم لە نۆرم و بایەخە ئینقلابییەکان و نۆرماڵیزاسیۆنی سیستم جێبەجێ دەکەن. لە دیدی توندڕەوەکانی ئوسوولگەراوە ئامانجی رۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بەهێز کردن ئەو رەوتەیە لەنێو سیستمدا و، لە پرۆسەی جێبەجێ کردنی بەرجام و لە دوورنمای ئەو رێککەوتنەدا بەدوای عادیسازیی نیزامی ئینقلابی ئێران دان.

ئەوەی لەم نووسینەدا باسی کرا روانگەی بەشی ئایدۆلۆژیک و بەهێزی نێو سیستمە بە نیسبەت ریفۆرمخوازان و بەگشتی میانەڕۆکان. ئەمە یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم رەوتی چاکسازیخوازی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامییە؛ لە لایەکی دیکەش ریفۆرمخوازان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سنووری کۆماری ئیسلامیشەوە لەژێر هێرش و رەخنەی توندی گوتاری و پراکتیکی دان. بە روانینێکی نێوتراڵ و بەدوور لە هەرچەشنە لاینگرییەک، سیاسەت کردن لە وڵاتانێکی وەک ئێران بە بەستێنی فەرهەنگی و سیاسیی هاوشێوە، سەخت و چەتوونە.

١)وەرگیراو لە ویکی پێدیا

لە ژمارە ٦٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## "تەرمیم"ی کابینە بۆ ٥ ساڵ!

تەرمیمی کابینەی روحانی بۆ کۆمەڵگەی ئێران و چالاکانی سیاسی شتێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو نەبوو. لەمێژ بوو باسی دەکرا و تەنانەت هەندێک جار دەبوو بە باسی گەرمی راگەیەنە نارەسمیەکانی ئێرانیش. بۆ نموونە بەهاری ئەمساڵ ئەو باسە بە گەرمی لە ئارادا بوو و ئەو ئەگەرە بەهێز بوو کە حەسەن روحانی کابینەکەی تەرمیم بکا، بەڵام ئەوکات نەکرا و ئەگەر هەڵە نەکەم دەوڵەتی روحانی لە زاری وتەبێژی دەوڵەتەوە حاشای لەو پرسە کرد. لە لایەکی دیکە تەرمیمی کابینە وەک داخوازیەک لە لایەن رەوتە سیاسیەکانی نێو سیستەمەوە لە ئارادا بووە؛ دیارە بە هۆکار و ئامانجی جۆراوجۆر و، هەرکام لەوان داخوازیی گۆڕینی وەزیری وەزارەتگەلێکی دیاریکراویان دەکرد.

گۆڕینی وەزیران و تەرمیمی کابینە دیاردەیەکی ئاساییە و نەک تەنیا لە ئێران بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی دیکەش تەرمیمی کابینە لە ماف و دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار یان سەرۆکی دەوڵەتانە کە ئەگەر بە پێویستیان زانی، لە چوارچێوەی رێوشوێنی دیاریکراودا ئەو کارە ئەنجام بدەن. دەکرێ پرسیار بکرێ کە زەروورەتی گۆڕینی ئەو وەزیرانەی کابینەی روحانی لە چیدا بوو؟ بۆچی روحانی لە کاتێکدا کەمتر لە ٧ مانگی بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران ماوە، ئەو کارەی کرد؟ بۆ پێشتر کابینەی تەرمیم نەکرد؟ ئایا ٧ مانگ ماوەیەکی زۆر کەم نییە بۆ ئەوەی وەزیرێک بتوانی ستراتیژ و پلانەکانی خۆی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە و کارنامەیەکی دیاریکراو بخاتە روو؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە لەم گۆشەیەدا لەسەریان دەوەستم.

دوای هەڵبژێرانی حەسەن روحانی بە سەرکۆماری لە ساڵی ٩٢دا، بە هۆی پێکهاتەی بناژۆخوازی مەجلیسی ٩، ژمارەیەک لە بەربژێرە پێشنیارکراوەکانی بە مەجلیس، نەیانتوانی دەنگی متمانەی مەجلیسی نۆیەم بە دەست بێنن و ببنە وەزیر؛ بۆیە روحانی مەجبور بوو کە لە ئەولەوییەتەکانی دووهەم و سێهەم و هتدی بۆ دانانی وەزیر لە وەزارەتەکانی جێی ئاماژە کەڵک وەرگرێ. بەم هۆیە دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەیەم لە ٧ی رەشەمەی ٩٤دا و گۆڕانی پێکهاتەی مەجلیسی ١٠ بە قازانجی دەوڵەت، چاوەڕێ دەکرا کە روحانی ئەو وەزیرانەی کە عەمەلکردێکی سەرکەوتوویان لە ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵی رابردوودا نەبووە، بگۆڕێ و بەربژێرە دڵخوازەکانی لە جێگەیان دانێ. چالاکانی سەربە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخوازیش کە رەخنەیان لە عەمەلکردی هەندێک لە وەزیرەکان هەبوو دەیانگوت ئێستا کە ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لە نوێنەرانی مەجلیس، میانەڕۆ و ریفۆرمخوازن و نێوانی مەجلیسی دەیەم و دەوڵەت زۆر باشترە، کاتی ئەوەیە روحانی دەست بکا بە تەرمیمی کابینە و کاندیدا دڵخوازەکانی لە جێگەی وەزیرە لاوازەکان دابنێ. بەم پێیە بوو کە لە بەهاردا ئەو باسە بە

گەرمی هاتە ئاراوە. دوای دەست لەکارکێشانەوە یان ناچارکردنی ٣ وەزیری وەزارەتەکانی پەروەدە و فێرکردن، فەرهەنگ و ئیرشاد و، وەرزش و لاوان، بە دەست لەکارکێشانەوە، ئەو ڕەخنەیە لە دەوڵەت دەگیرا کە دەبوو زووتر کابینەی تەرمیم کردبا و نەدەبوو ئەوەندە وەدرەنگی بخا. میانەڕۆکان لەگەڵ ئەوەی کە بە زۆری پشتیوانییان لەو کارەی دەوڵەت کرد بەڵام پێیان وا بوو دەبوو دەوڵەت زووتر وەخۆ کەوتبا؛ هەروەها بەشێکیشیان پێیان وایە کە دەوڵەت نابێ هەر بەوەندە قەناعەت بکا و دەبێ بازنەی تەرمیم بەربڵاوتر بکا و گۆڕانێکیش لە تیمی ئابووریەکەیدا بێنێتە ئارا.

سەبارەت بەوەی کە پێویستیی گۆڕینی ئەو سێ وەزیرە لە چیدا بوو دەبێ بە جیا باسی هەرکامێکیان بکەین؛ وەزیری فەرهەنگ و ئیرشاد لە لایەن باڵی بناژۆخواز و باشترە بڵێین لە لایەن ناوکی ئیدئۆلۆژیکی سیستەمەوە لە ژێر زەختدا بوو و بەوە تۆمەتبار دەکرا کە دەرەتانی بۆ چەشنێک بەرەڵایی فەرهەنگی ڕەخساندووە. عەلی جەننەتی لە ژێر ئەم فشارانەدا دەستی لە کار کێشایەوە و ڕوحانیش وەک دەگوترێ بە ئامانجی نزیک بوونەوە لە بناژۆخوازەکان و بەدەست هێنانی پشتیوانیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٩٩٦دا، دەست لەکارکێشانەوەکەی قبووڵ کرد. دیارە ئەو لێکدانەوەیە وەختێک ڕاست دەردەچێ کە وەزیری تازە، موحافیزەکارتر بجووڵێتەوە. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر دوو وەزیرەکەی دیکە، ئەوان عەمەلکردێکی سەرکەوتوویان لە بوارەکەی خۆیاندا نەبوو. بەتایبەت وەزیری پەروەردە و فێرکردن پێشتر ٤ کارتی زەردی لە لایەن مەجلیسەوە پێدرابوو و قەرار بوو لە داهاتوویەکی نزیکدا لە مجلیسدا پرسیار و لێپرسینەوەی لێ بکرێ کە مەعلووم نەبوو بتوانێ دیسان دەنگی متمانەی مەجلیس بەدەست بێنێتەوە. ڕوحانی بە وادار کردنی ئەو دوو وەزیرە بە ئیستعفا، ویستی دەستی خۆی ڕەپێش بخا و هەنگاوێک بۆ بەهێزکردنی مودیریەتی ئەو دوو وەزارتخانەیە هەڵێنێتەوە کە ئەمەش لە ٧ مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ١٩٩٦دا، ڕەنگ و بۆیەکی هەڵبژاردنیشی هەیە.

ڕوحانی لەبەر ئەوەی کە وا پێشبینی دەکا لە هەڵبژاردنەکانی ٩٦دا ڕەقیبێکی جیدی لە نێو ئوسوولگەرکاندا نیە و لە لایەن بەرەی میانەڕۆ و ریفۆرمخوازیشەوە پشتیوانی لێ دەکرێ، بەم هۆیە بۆ خولێ دووهەمیش دەبێتەوە سەرکۆمار. ڕوحانی لە لایەک دوای گۆڕانی تەرکیبی مەجلیسی ١٠ و زۆر بوونی لایەنگرانی دەوڵەت لە مەجلیسدا، سێ بەربژێری بۆ پڕکردنەوەی جێی سێ وەزیرە دەست لەکارکێشراوەکە، بە مەجلیس ناساند کە لە ساڵی ٩٢دا مەجلیسی نۆیەم دەنگی متمانەی پێ نەدابوون. لە لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی کە ڕوحانی پێشبینی دەکا کە بۆ جاری دووهەمیش ببێنتەوە سەرکۆمار، ئەگەر ئەو وەزیرە تازانە لەم ماوەیە تا هەڵبژاردن، کار و هەوڵی قابیلی قبووڵیان هەبێ، هیچ دوور نیە کە جارێکی دیکەش کاندیدیان بکاتەوە. بەم شێکاریە، بە واتایەک ڕوحانی ئەو سێ وەزیرەی بۆ ٥ ساڵ هەڵبژاردووە نە ٧ مانگ. بەم شرۆڤەیە کە، ئەو ڕەخنەیە کە ڕوحانی نەدەبوو ٧ مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردن، کابینەی تەرمیم کردبا، کاڵ دەبێتەوە.

لە ژمارە ٦٩١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## سەرکەوتنی ترامپ و روانینە جیاوازەکان لە ئێراندا

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە راگەیەنە رەسمی و نارەسمی‌یەکانیدا زۆر باسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا کرا و پێش و پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە، قەبارەیەکی گەورە لە بابەت و شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و لێدوانی بۆ تەرخان کرا. یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا وڵاتێکە کە لە سەرووی هەیکەلبەندیی سیستمی نێونەتەوەییدا جێ دەگرێ و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە تەنیشت سنوورەکانی ئێران حزوورێکی کاریگەری هەیە. دووەمین هۆکار ئەوەیە کە ئێران و ئەمریکا پێشینەیەکی دوورودرێژی دوژمنایەتی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە و هەرکام لەو دوو وڵاتە یەکتر بە مەترسی و دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانن؛ هەر ئەمەش وایکرد کە بەشێکی بەرچاوی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی دوو رکەبەری دێموکرات و کۆماریخواز بۆ پرسی ئێران تەرخان بکرێ. هەروەها لەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا ئێران رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ 6 وڵاتی بەهێزی دنیا واژۆ کردووە کە لە نێو ئەواندا ئەمریکا کاریگەرترین وڵات لە بەسەرنجام گەیاندنی ئەو رێککەوتنەدا بوو، هەروەها لایەنی سەرەکیی ئێران بوو لەو دانوستانانەی کە "بەرجام"یان لێکەوتەوە. بەم هۆیانە لە ئێراندا سەرنجی تایبەت خرابۆوە سەر هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا و، بەدواداچوونی ئەوە دەکرا کە کام یەک لە کاندیداکان سەردەکەون و دەبێتە ٤٥ەمین سەرکۆماری ئەمریکا و دۆسیەی پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە چی لێدێتەوە و سەرکۆماری داهاتوو چ مامەڵەیەک لەگەڵ بەرجام دەکا.

هەرچەند بەشێک لەو روانین و شرۆڤە جیاوازانەی کە لە راگەیەنە نارەسمی‌یەکانی ئێراندا لە مەڕ ئەو پرسە هاتوونە ئارا، لە راگەیەنە رەسمی‌یەکانیشدا رەنگیان داوەتەوە و وەک یەک دەچن، بەڵام لەم وتارەدا روانین و شرۆڤە جیاوازەکانی نێو راگەیەنە نارەسمی‌یەکان دەکرێنە بنەمای لێکدانەوە و، لەم سۆنگەوە دەکرێ ٣ جۆر روانین لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا و سەرکەوتنی ترامپ دەستیشان بکرێ. شایانی باسە لەم پۆلێنبەندی‌یەدا چەشنێک رێکاری سادەسازی و گشتاندن رەچاو کراوە؛ چونکە لە نێو هەر تەیفەی کە لە خوارەوە باسیان دەکرێ، روانین و بۆچوونی جیاواز بەرچاو دەکەوێ و، وا نییە کە هەر تەیفەی روانین و بۆچوونێکی یەکسانی لە قالبدروایان هەبێ.

### روانینی یەکەم:

ئەگەر سەیری رۆژنامەکانی سەربە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخوازتان لەو ماوەیەدا کردبێ، هەر لە مانشێتی رۆژنامەکانیان بۆتان دەردەکەوت کە تەیفی میانەڕۆ و ریفۆرمخواز بە زۆری(عمدتا) سەرکۆماریی هیلاری کلینتۆنیان زیاتر بە مەسڵەحەت و

بەرژەوەندیی ئێران دەزانی. لە روانگەی وانەوە سەردەمی سەرکۆماریی باراک ئۆباما دەورانێکی کەموێنە بوو لە مێژووی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا؛ ئۆباما رویکەردێکی نەرمتری بە نیسبەت ئێران هەبوو و لە دەورانی ویشدا رێککەوتنی ناوکی واژۆ کرا. تەنانەت لە نێو شرۆڤەکارانی ریفۆرمخوازدا کەسانێک هەبوون کە دەیانگوت رۆژێک دادێ کە ئێران ئاخ بۆ دەورانی ئۆباما هەڵدەکێشێ. ئەوانە هیلاری کلینتۆنیان بە درێژەدەری رویکردی ئۆباما دەزانی و هەرچەند دەیانگوت لەوانەیە ریتمێکی توندتر و سەختگیرانەتر لەمەڕ ئێران بگرێتە بەر.

ئەم گرووپە بە سەرنجدان بە مێژینەی مامەڵەی توند و رەقی سەرکۆمارە کۆماریخوازەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و، لێدوانە توند و هەڕەشەئامێزەکانی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە ئێران و بردنە ژێر پرسیاری رێککەوتنی ناوکی و، ناڕوونی پلان و بەرنامەکانی، نیگەرانی هاتنە سەرکاری ترامپ بوون و بە هاتنە سەرکاری خۆشحاڵ نین. بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە شیمانە دەکرێ لە کابینەکەیدا و بە تایبەت لە تیمی سیاسەتی دەرەوەدا لە کەسانی توندڕۆی کۆماریخواز، کە هەڵوێستی توندیان لە هەمبەر ئێران هەیە، کەڵک وەرگرێ.

## روانینی دووەم:

روانینی دووەم پێی وایە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە نیسبەت ئێران نیە و هەردووک ئۆردووگا لە دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئێران هاوبەشن و تەنیا لە تاکتیک ومیتۆدەکاندا جیاوازییان هەیە. هەڵگرانی ئەم روانینە بە زۆری ئوسوولگەراکانن کە وێکچوویی زۆریان لەگەڵ بۆچوونی فەرمی بنیاتە حاکمییەتەکان هەیە. ئەوان وا دەنوێنن کە بەلایانەوە فەرق ناکا کە کام یەک لە کاندیداکان دەبنە سەرکۆمار.

ئوسوولگەرا توندئاژۆکان هەر مەلێک کە جیاوازییەک لە نێوان دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە نیسبەت ئێران قایل بێ، بە توندی سەرکۆنە دەکەن و تەنانەت نیگەرانی ریفۆرمخوازەکان لە سەرکۆماریی ترامپ بە "ترسی دەستکرد" بۆ کەڵک وەرگرتن لە هاوکێشە سیاسییە نێوخۆییەکاندا ناوزەد دەکەن.

ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر تەیفی ئوسوولگەرا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین: 1)لە قووڵایی لێدوان و لێکدانەوەکانی ئەوانیشدا نیگەرانییەک بە نیسبەت رویکەرد و سیاسەتەکانی ترامپ لە هەمبەر ئێران بەدی دەکرێ. 2)رەوتە توندڕەوەکان لە دنیادا بە هاتنە سەرکاری یەکتر خۆشحاڵن. سەیری رەوتە راسیستەکانی ئورووپا بکەن کە چۆن بە بردنەوەی ترامپ شاگەشکە بوون. لە ئێرانیشدا ئوسوولگەرا توندڕەوەکان سەرکۆماریی ترامپ لە بەرژەوەندیی خۆیاندا دەبینن. بەتایبەت ئەوانەی کە موخالیفی بەرجام بوون و بەم پێیە دروست کردنی هەرچەشنە کۆسپێک لە لایەن ئەمریکا

لەسەر ڕێی جێبەجێکردنی بەرجام، وەک بەڵگەیەک بۆ بێمتمانەیی بە ئەمریکا لەقەڵەم دەدەن. بە گشتی هەرچەشنە سەختگیری و هەنگاوی دژبەرانەی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، وەک بیانوویەک بۆ هێرش بۆ سەر بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز دەقۆزنەوە.

## روانینی سێهەم:

خاوەنانی ئەم روانینەش پێیان وایە دەبێ چاوەڕوان بن و لە هەر چەشنە هەڵوێستێکی بەپەلە لە هەمبەر ترامپ خۆ پارێزن؛ چونکە ترامپی سەرکۆمار جیاوازە دەبێ لەگەڵ ترامپی سەردەمی بانگەشەکانی هەڵبژرادن. یەکەم: سیستمی حاکمییەتی ئەمریکا ئیجازەی پێ نادا کە ترامپ بە کەیفی خۆی بجووڵێتەوە و مەیدانی لێ بەرتەسک دەکاتەوە. دووەم: ئەوەندەی کە لە بەرنامەکانی ترامپ دەخوێندرێتەوە، ترامپ تەرکیز دەخاتە بواری نێوخۆیی ئەمریکا و پرسەکانی دەرەکی لە ئەولەوییەتی دواتردا جێ دەگرن. سێهەم: رێککەوتنی ناوکی لە قازانجی دەوڵەتی ئەمریکاشە و کۆی سیستمی ئەمریکا لەم بارەوە بڕیاری داوە و پەیمانشکێنی ئەمریکا زیان لە پرێستیژی ئەمریکا دەدا. لە لایەکی دیکەش ئێران بە نیسبەت دەورانی بووشی کوڕ، بەهێزتر بووە و ئەمریکاش ئەو تاکە زلهێزەی کە لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا یەکلایەنە دەجووڵایەوە، نەماوە. ئەگەر ئێران هەروا پابەندیی بەرجام بێ، هەرچەشنە کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەمریکا، دروست کردنی کۆدەنگی لە دژی ئێران سەختتر دەکا. بەم شیکردنەوەیە کە هەندێک شرۆڤەکار سەرکەوتنی ترامپ بە قازانجی ئێران دەزانن.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## دەسەڵاتنوێنیی توندڕەوەکان

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی، گرووپ و ڕەوت و دەوڵەتە بیرتەسک و نادێموکراتیکەکان ئەوەیە کە ڕێگری دەکەن لە هاتنەئارای بیری جیاواز؛ ڕێگری دەکەن لە پێکهاتنی ئەو کۆڕو کۆبوونەوە و سمینارانەی، بۆچوون و بیری جیاواز تێیاندا دێتە ئارا. ئەوان هەوڵ دەدەن بە بیانووی جۆراوجۆر فشار بخەنە سەر ناوەندەکانی بڕیاردەر، کە ئیجازە نەدەن ئەو جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە پێک بێن، ئەگەر ئیجازەشیان پێدرا، بە شێوازی دیکە ڕێگە لە بەڕێوەچوونیان دەگرن.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هەموو ئەو بیروبۆچوون و مەیل و ڕەوتە سیاسییانەی کە، ملکەچی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیە نەبوون، سەرکوتی کردن و لە مەیدانی وەدەرنان. وەک سروشتی هەموو سیستمە نادێموکراتیک و تا ڕادیەک توتالیتێرەکان، لە نێو باوەڕمەندانی ویلایەتی فەقیهیشدا بۆچوونی جیاواز هاتنە ئارا و ئەمەش بوو بە بنەمای دروست باڵەکان لە کۆماری ئیسلامیدا. لێرەدا قسە لەوە نیە کە باڵێکیان دێموکراتە و باڵەکەیتر نادێموکرات؛ بەڵکوو ئەگەر بە شێوەیەکی نێوتڕاڵ و ئۆبژێکتیڤ قەزاوەت بکەین، باڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز بە بەراورد لەگەڵ ئەو باڵەی کە ئێستا پێی دەگوترێ بناژۆخواز، زیاتر خۆیان لەگەڵ نۆرم و بەها ئەمڕۆییەکان موتوربە کردووە و، هەر ئەمەش بۆتە ترسێکی هیستریک بۆ ناوکی سەختی کۆماری ئیسلامی، کە بە پێداچوونەوەخوازیان بناسێنێ کە هەوڵی گۆڕینی چییەتیی کۆماری ئیسلامی دەدەن.

بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئیسلاحاتەوە تائێستا، تەیف یان لایەکانی توندڕەوی نێو حاکمییەت بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەمبەر دەوڵەتانی ریفۆرمخواز یان نزیک لە وان، کارشکێنی و قەیرانسازی دەکەن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگە بسەلمێنن ئەگەر ریفۆرمخوازان لەسەر کار بن ئەوە بەشێک لە حاکمییەت لەگەڵ وان هاوکاری ناکا و ئیقتداری پێویستیان نیە. لە قۆناغی هەنووکەیی‌دا بەشێک لە ئیستراتیژی لایەکانی توندڕەوی نیزام لەسەر ئەوە چڕ بۆتەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی روحانی ببنە ژێر پرسیار و بە خەڵکی بڵێن دەوڵەتی روحانی دەوڵەتێکی بەدەسەڵات نیە تا بتوانێ داخوازییەکانتان بێنێتە دی. بەم شێوەیە خەڵکی لە دەوڵەت بێهیوا بکەن و بڵێن دەوڵەتی بێدەسەڵاتی روحانی، توانای جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی نیە و ئومێدبەستن بەو دەوڵەتە، پووچ و بێبنەمایە. ئەو شتەی کە ئەمڕۆژانە بۆ عەلی موتەهەری پێش هات، لەم دەلاقەیەوە دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لێکبدرێتەوە. لە ڕاستیدا ڕێگری کردن لە وتاردانی جێگری سەرۆکی مەجلیس لە مەشهەد، بە چالش کێشانی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو.

هەر لەم ماوەیەدا عەلی موتەهەری تەنیا کەس نەبوو کە رێگری لە کۆرگێڕیەکی کرا، بەڵکوو سادق زیباکەلام و موجتەهیدی شەبێستریش لەو کەسانە بوون کە کۆڕەکانیان هەڵوەشایەوە. دیارە هەڵوەشانەوەی کۆڕی موتەهەری لەبەر ئەوەی کە کوڕی ئایدۆلۆگی کۆماری ئیسلامی، مورتەزا موتەهەرییە، هەروەها جێگری سەرۆکی مەجلیسە و بە پێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامیش نوێنەرانی مەجلیس بۆیان هەیە لە مەڕ هەر پرسێک راوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و بەدواداچوون بکەن، دەنگدانەوەی زیاتری هەبوو.

تا ئەو جێگەیەی کە بە عەلی موتەهەری پێوەندی هەیە، لەبەر ئەوەی کە ناوبراو بۆچوونەکانی لەگەڵ رێبەری کۆماری ئیسلامی هاوئاهەنگ ناکا، بۆیە کەوتۆتە بەر غەزبی بەشی سەخت و ئایدۆلۆژیکی سیستم و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزیەتی دەکەن و بەربینگی پێدەگرن. بەڵام ئەگەر لە ئاستێکی بەرینتردا سەیری مەسەلەکە بکەین دەبینین کە بەشی توندڕەو و حاکمییەتی سیستم، نەتەنیا گێرەشێوێنی دەکەن و دەیانەوێ مەجالی دەربڕینی بیروڕا بۆ کەسانی جودابیر نەهێڵنەوە، بەڵکوو زیاتر لەوەش هەوڵ دەدەن بنیاتە هەڵبژێراوەکانی کۆماری ئیسلامی لاواز و بێکاریگەر بکەن. ئەوەی ئەمڕۆژانە لە مەڕ مەحموودی سادقی نوێنەری تاران کرا و لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ دەرکرا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ویستوویەتی گەندەڵی و ئیختلاسەکانی ئەو دەسەڵاتە لەقاو بدا و بەدواداچوونی بۆ بکا، هەروەها بەرنامەی شووڕای نیگابان بۆ ئەوەی کە چاوەدێری کردن بەسەر پارلماندا، لە چاوەدێرییەکی قۆناغی هەڵبژاردنەکانەوە، بۆ چاوەدێرییەکی بەردەوامی مەجلیس بگۆڕێ، لەم راستایەدا شی دەکرێتەوە. ئەم پلانەی شووڕای نیگابان پلانێکی مەترسیدارە و ئەگەر بێتوو سەر بگرێ، مەجلیس لەوەی کە هەیە، بێکاریگەرتر دەبێ.

بەو شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوەی لایەکانی توندڕەوی نێو حاکمییەت پشتبەستوو بە باندەکانی دەسەڵات و سەرمایە ئەنجامی دەدەن، دەرخەری دەسەڵاتی راستەقینەی ئەوانە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا و، وا نییە بڵێین ئەوان لە واقیعدا دەسەڵاتیان نیە و تەنیا وا دەنوێنن کە دەسەڵاتدارن. ناچار کردنی روحانی بە لادانی عەلی جەننەتی، وەزیری پێشووی وەزارەتی ئیرشاد، تازەترین و زەقترین نموونەی دەسەڵاتی بەرەی بناژۆخوازە لە سیستمدا.

دەسەڵاتنوێنی لەو جێگەیە واتادار دەبێ کە لە دەلاقەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی یان پێگەی جڤاکییەوە لەو لایە توندڕەوانە بڕوانین. لێرەدایە کە بە شێوەیەک دەجووڵێنەوە کە هەروا بزانە زۆرینەی خەڵک لەگەڵیان هاوڕایە و لە راستیدا بۆچوونەکانیان بە ناوی بۆچوونی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک رادەگەیەنن. ئەوان لەم پێناوەدا لە جەوسازی، شەڕی رەوانی، پۆپۆلیزم، چەواشەکاری و هەڵخڕاندنی ئیحساساتی خەڵک کەڵک وەردەگرن؛ بۆ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەریان بخەنە گۆشەی رینگەوە و بێدەنگ و مارژینالیان بکەن.

بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکان، ڕێگری کردن لە کۆڕ و سمینناری ئەو کەسانەی ویشک و دوگم بە خوێندنەوەی ڕەسمی لە کۆماری ئیسلامییەوە نەچەسپاون، ئەگەرچی پێش هەموو شتێک دەرخەری ئەوەیە کە ڕاستی توندئاژۆ لە رووی عەقڵانیەتەوە لاوازن و لە مەیدانی مەنتق و مەعریفە شتێکی جێی سەرنجیان پێ نیە، بەڵام لە دۆخی ئێستادا و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی خولی دوازدیەمی سەرکۆماریدا، دەسەڵاتنوێنی و، بردنە ژێر پرسیاری ئیقتداری دەوڵەتە؛ بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێن ئەگەر خواستەیەکیشیان هەبێ، تەنیا لە ڕێگەی ئەوانەوە جێبەجێ دەبێ.

لە ژمارە ٦٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ و چارەنووسی بەرجام

لێتان ناشارمەوە کە یاسای گەمارۆکانی داماتۆ(ایسا) لە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا درێژ کرایەوە، بەدوای ئەوەدا بووم کە ئێران چ کاردانەوەیەک نیشان دەدا، بە تایبەت کە خامنەیی لە وتاردانێکدا وێرای هێرشی کەلامی بۆ سەر ئەمریکا، گوتی: درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ، پێشێلکردنی ئاشکرای بەرجامە و ئێرانیش بە دڵنیاییەوە دژکردەوە نیشان دەدا.

لە پێوەندی لەگەڵ بەرجامدا ئێمە لەگەڵ دوو دەستەواژە بەروڕووین: "روحی بەرجام" و "مەتنی بەرجام". مەبەست لە روحی بەرجام ئەوەیە کە هەندێک کردەی دژی ئێران، لەگەڵ دەقی بەرجام دژبەیەکی نییە، بەڵام بەستێن و هەلومەرجەکانی کەڵک وەرگرتنی ئێران لەو ئیمتیازانەی کە بە پێی مەتنی بەرجام پێی دراون، سەختتر دەکا و فەزایەکی مەنفی دروست دەکا و سەرمایەگوزارانی بیانی لە کارکردن لە ئێران بەپارێزتر دەکا. دیارە وەک دەگوترێ لە بەرجامیشدا هاتووە کە لایەنەکان پێویستە لەو کردانەی لەگەڵ روحی بەرجامیشدا دژایەتی هەیە، خۆببوێرن. بەڵام لە روانگەی حقوقییەوە تەنیا وەختێک لایەنێک کردەکانی لەگەڵ دەقی بەرجام دژایەتی هەبێ، بە پێشێلکەری بەرجام لەقەڵەم دەدرێ. لەو کاتەوە کە بەرجام کەوتۆتە قۆناغی جێبەجێکردن، ئێران و ئەمریکا، هەندێک لە کردەکانی یەکتریان بە پێشێلکەری روحی بەرجام لەقەڵەم داوە. بەم شیکردنەوەیە، ئەوەی کە مەبەستی خامنەیی بوو، دژایەتی لەگەڵ مەتنی بەرجام بوو.

دوای قسەکانی خامنەیی ئەوەی کە ئەمریکا جێی متمانە نیە و ئەگەر بەڵێنیش بدا، لەژێری دەردەچێ و جێبەجێی ناکا، بە تەوژمێکی زیاتر بە کۆمەڵگە پۆمپاژ کرا؛ بە چەشنێک کە ئەگەر کەسێک ئاشنایی پێویستی لەگەڵ سیاست و چەمکگەلی وەک " سیاسەتی راگەیەنراو" و "سیاسەتی کردەیی" نەبێ و، بەتایبەتیش ئاشنایی لەگەڵ شێوازی سیاسەت کردنی کۆماری ئیسلامی نەبێ، وای دەزانی کە ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم بەرجامدا پێکهاتووە و بەرجام لەگەڵ کۆسپ بەرەوڕوو دەبێ.

سەرۆکی دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن، یاسادانان و دادوەری، بەرپرسانی پایەبەرزی لەشکەری و کشوەری، هەموویان بە جیاوازییەکی کەم، درێژکردنەوەی گەمارۆکانی ئیسایان بە پێشێلکەری بەرجام لەقەڵەم دەدا و پێداگرییان لەسەر وەڵامدانەوەی لێبراوانەی ئەمریکا دەکرد. راگەیەنە رەسمییەکانی ئێران و ئەو راگەیەنانەی سەر بە لایەنێکی دیاریکراون، پەیتاپەیتا ئەو کارناسانەیان دەدواندن کە رویکەردێکی بردنە ژێرپرسیارانەیان بە نیسبەت بەرجام هەیە. بەم پێیە جارێکی دیکە و بە تەوژمێکی هەرچی زیاترەوە لە تەپڵی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکایان دا و ویستیان بەرای گشتی بڵێن

ئەمریکا هەروا دوژمنی پلە یەکی ئێرانە و نابێ متمانەی پێبکرێ، تەنانەت ئەو ڕەوتەی کە بەرجام وەک زیانێکی گەورە بۆ ئێران وێنا دەکەن، دەڵێن بەرجام تەنیا قازانجێکی کە بۆ ئێرانی هەبووبێ ئەوەیە کە، سەلێمندرا ئەمریکا بۆوەی نابێ متمانەی پێبکرێ.

**لەم بارەوە پێویستە ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:**

١- بە پێچەوانەی گەمارۆکانی ئورووپا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەڵوەشاونەوە، بەتایبەت ئەو گەمارۆیانەی لە لایەن کۆنگرەی ئەمریکاوە پەسند کراون، هەڵنەوەشاونەوە، بەڵکوو تەنیا ڕاگیراون یان هەڵپەسێراون. بە پێی بەرجامیش، دوای ٨ ساڵان، ئەمریکا هەڵیاندەوەشێنێتەوە. لە پرۆسەی دانوستانەکانی ناوکیدا، باسی گەمارۆکانی داماتۆ کراوە، بەڵام ئەمریکا بەڵێنی نەداوە کە ئەو گەمارۆیانە درێژ نەکرێنەوە. بەرجام بەشگەلێک لە گەمارۆکانی داماتۆ لەکار دەخا. بەم پێیە لەحاڵەتی جێبەجێ کردنی گەمارۆکانی داماتۆ، دەقی بەرجام پێشێل دەکرێ.

٢- هەیئەتی چاوەدێری بەسەر بەجامدا، کە لە ئێران پێکهاتووە، دوای کۆبوونەوەی خۆی، ڕایگەیاند کە ئەگەر گەمارۆکانی داماتۆ(ایسا) بکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوا دەقی بەرجام پێشێل دەکا. جەوهەری ڕاپۆرتی ئەو هەیئەتە پێمان دەڵێ کە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتی ڕاگەیەنراو - کە مەسرەفی نێوخۆیی و ئاراستەکردنی ڕای گشتیی نێوخۆیی، بەشێک لە ئامانجەکانیەتی _ و سیاسەتی کردەیی ئێران، دابنێین و مەعلوومە کە ئێران لەم جۆرە کاتانەدا، عەقڵانیتر دەجووڵێتەوە و بە سەرنجدان بە دۆخ و پێگەی، نایەوێ لە پێشێلکردنی بەرجامدا دەستپێشخەر بێ. وێدەچێ ئەمریکا لە ڕێگەی دیکەوە و بە شێوازی دیکە زەخت بخاتە سەر ئێران، بەڵام هەرچۆنێک بێ، بە کەموکووڕییشەوە بێ، بەرجام جێبەجێ دەکا. هەوڵی ئەمریکا ئەوەیە کە ئێران وەسەر تەڵە بخا و هانی بدا کە ببێتە پێشێلکەری بەرجام. بۆیە ئێران لە پراتیکدا عەقڵانیتر لە ئیدیعاکانی دەجووڵێتەوە.

٣- بەڵام پێداگریی ئێران لەسەر ڕوحیەی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوەی کە ڕادەگەیەنێ ئەمریکا بەرجامی پێشێل کردووە، نیشاندەری نیگەرانیی ئەو وڵاتەیە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ترامپ. یەکەم: ئێران دەیەوێ ڕای گشتی خۆی بۆ هەرچەشنە کردەوەیەکی ئەمریکا لە داهاتوودا ئامادە ڕابگرێ. بەم هۆیەیە کە ناوکی سەختی دەسەڵات لە ئێران لەگەڵ ئەم ڕویکەردە کە ناحەزیی ڕوخساریی ئەمریکا کەمڕەنگ بکاتەوە، بە توندی دژایەتی دەکا و وەک مەترسییەک ڕووبەڕووی دەبێتەوە. چونکە خویایە کە یەکەم هەنگاوی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی دژبەرانەی ئەمریکا، ڕای گشتیی ئامادەکراو و ئاراستەکراوە. دووەم: ئێران دەیەوێ ئەو پەیامە بە ئەمریکا بدا کە ئەگەر زیاتر لەوە بەڵێنیشکێنی بکا و لە داهاتوودا بە بەرجام پابەند نەبێ، ئەوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش بەرجام و مەجبوور نیە یەکلایەنە



سەرچاوە Serchawe

بەندەکانی بەرجام جێبەجێ بکا. تا ئێرە تەواوییەتی سیستم کۆک و یەکدەنگن. بەڵام لەم نێوانەدا تەیفی دژبەری بەرجام لە ئێراندا، لە هەر هەنگاوێکی لەو چەشنەی ئەمریکا، بۆ هێرش بۆ سەر دەوڵەت و رویکردی دەوڵەت بە نیسبەت دنیای دەرەوە کەڵک وەردەگرێ. لەم ماوەیەدا ئەوەیان بە چاوی دەوڵەت دادەدایەوە کە گوتویانە ئەمریکا بۆ متمانە پێکردن نابێ و ئەگەر شتێک لەسەر کاغەزیش ئیمزا بکا، ئەوە لە کردەوەدا جێبەجێی ناکا.

کاکڵی قسە ئەوەیە کە ئێران، لە پراتیکدا بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەگەریش بە درێژکردنەوەی گەمارۆکانی ئیسا دژکردەوە نیشان بدا ئەوە پێدەچێ ئەو دژکردەوەیە لە بوارگەلی دیکەدا بێ. دژکردەوەی لێبڕاوانە لە بواری ناوکیدا، ئێران لەگەڵ ئاکامی مەترسیدار بەرەڕوو دەکا. پێناچی عەقڵی سیاسیی ئێران، ئەمە نەزانێت.

لە ژمارە ٦٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا و قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک

هەمووماں چەمکی دیفاعی ئیستراتیژیکمان بیستووە کە بەرپرسانی ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا بە کاری دێنن. ئێران بە پێی ئەم چەمکە، یان باشترە بڵێم لە چوارچێوەی ئەم ئیستراتیژییەدا سنوورە ئەمنییەتی‌یەکانی خۆیان زۆر ئەولاتر لە سنوورەکانی ئێران وێنا دەکەن و دەڵێن ئەگەر زۆر ئەولاتر لە سنوورەکانمان بەرەڕووی "دوژمنان" نەبینەوە، ئەوە دوژمنان لە سنوورەکانی ئێران و تەنانەت لە نێوخۆی ئێران پەلاماری کۆماری ئیسلامی دەدەن و شەڕەکە دەکێشنە نێو چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران. ئەساسی ئەم ئیستراتیژییە لەسەر ئەوە بینا کراوە کە دەبێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و، لە قووڵایی خاکی دراوسێکانی ئێران، لە دژبەرانی "بلفعل و بلقوە"ی ئەو وڵاتە بدەرێ، لاواز بکرێن یان لەنێو ببرێن، بۆ ئەوەی کە نەتوانن لەسەر سنوورەکان و ئەولاتر لەوەش لە نێوخۆی ئێران، ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.

هەرچەند ئەم ئیستراتیژییە لە ژێر ناوی "قووڵایی دیفاعی ئیستراتیک"دا فورموله کراوە و وا دەنوێنن کە ئەوەی کە ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە دژی داعش و نەیارانی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە تایبەت لە سووریە و عێراق ئەنجامی داوە، "دیفاعی ئیستراتیژیک" لە خۆی بووە و ئەگەر وای نەکردبا، داعش و نەیارەکانی، لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی ئێران بەرۆکیان دەگرت. بەڵام ئەم چەمکە لە راستی‌دا "هێرشێکی پێشگیرانە"یە بۆ سەر دژبەرانی "بلفعل و بلقوە"ی کۆماری ئیسلامی. واتا پێش ئەوەی کە ئەوان زیان بە کۆماری ئیسلامی بگەیەنن، کۆماری ئیسلامی پێشدەستی بکا و زەربەیان لێبدا.

کۆماری ئیسلامی لە رێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دا ئەم خوێندنەوە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئێران، لە کۆمەڵگەشدا جێ بخا و کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. ئەگەر سەیری بۆچوون و هەڵوێستی کۆمەڵێک لە رووناکبیرانی ئێرانی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە تا رادەیەک لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە؛ ئاڵوگۆڕ و شەڕی نێوخۆیی وڵاتانی سووریە و عێراق لە چەند لاوە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە: یەکەم: شەڕ و ماڵوێرانی لە سووریە و عێراق و، درێژەکێشانی، وایکرد کە خەڵکی ئێران بە پارێزەوە و بە رێگای دیکە داوای مافەکانیان بکەن و لەوە بترسن کە ئێرانیش وەک ئەو وڵاتانەی لێبێ. دووهەم: کۆماری ئیسلامی لە رێگەی ناردنی هێزێکی زۆر بۆ وڵاتانی سووریە و عێراق، بۆ بەرگری لە هاوپەیمانەکانی و سەرکوتی دژبەرانیان، ئەزموونێکی زۆری بە تایبەت لە بواری شەڕی نێوخۆیی و چۆنیەتیی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شەڕی نێو شارەکان، بەدەست هێناوە و لە داهاتوودا بەکەڵکی دێت. شکی تێدا نییە کە یەکێک لە

ئامانجەکانی ئێران بۆ شاندنی ئەو هێزە زۆرە و دانی ئەو هەموو تێچووە ماددی و مرۆییە بۆ بەدەست هێنانی ئەزموون و کەڵک لێوەرگرتنی لە کاتی خۆیدا، دەگەڕێتەوە. سێهەم: ئێران لە ڕێگەی هەڵخڕاندنی هەستی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی، تا ڕادەیەک توانی حزوور و بە واتایەکی دیکە دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی سووریە و عێراق پاساو بدا و هەمووی ئەمانەش بە ناوی پاراستنی ئەمنیەتی ئێران، لە قالب بدا. چوارەم: خۆتێوەگلاندنی لە کێشەیەکی ئەمنی، کەش و بەستێنی مانۆڕی زیاتر بۆ دەسەڵاتی پاوانخواز دەخوڵقێنی هەتا پەرەی زیاتر بە پاوانخوازیتی خۆی لە نێوخۆ بدات و هەموو دەرگاکانی دەسەڵات بە بیانووی ئەمنییەتی دابخا.

بەم شیکردنەوانەی سەرەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئێران ئیستراتیژی "قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک" یان "هێرشی پێشگیرانە"، لە ئاستی دیکە و لە بواری دیکەدا بەکار بێنێ. واتە ئەمجارە ئەو ئیستراتیژییە لە هەمبەر داعش و گرووپە توندڕەکانی دیکەی دژبەری خۆی و هاوپەیمانەکانی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زەربە لێدان لە ئەحزابی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، "نا"یان پێگوت و خەباتیان لە دژی دەست پێکرد، بگوازێتەوە و پەرەی پێبدا. لەوانەیە کۆماری ئیسلامی پێی وابێ مادام ئەو ئیستراتیژییە لە ئاستێکی بەربڵاوتر و لە دژی داعش و نەیاری خۆی و هاوپەیمانەکانی، ئەنجامی بەدەست هێناوە، بۆچی لە ئاستێکی دیکەدا و لە دژی حیزبەکانی دژبەری خۆی، کە نوێنەرایەتیی خەباتێکی بەرحەقی گەلێک دەکەن، بەکار نەهێنێ! تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا لە بەردەم بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەکرێ لەم دەلاقەوە لێک بدرێنەوە. ئەگەر ئەم شیکردنەوەیەمان بۆ تەقینەوە تیرۆریستییەکانی شەوی یەڵدا قبوو بێت، دەبێ وەک دەسپێک لێی بڕوانین و چاوەڕوانی ڕووداوی دیکە، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ زەربە لێدان لە بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بین. ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرنامەیان دابێ بەشێوەیەکی مەیدانی و جیددیتر لە نێو خەڵکی خۆیاندا حزووریان هەبێ، ئیحتمالی هەیە کۆماری ئیسلامی لەمەوبەدوا لەجیاتی ئەوەی کە لە وەرزە گەرمەکاندا چاوەڕوانی چوونەوەی پێشمەرگە بێ و بە قەولی خۆیان، لە "زەمینی خۆیدا" ڕووبەڕوویان بێتەوە، ئەمجارە پێشدەستی بکا و دوورتر لە "سنوورەکانی خۆی" و لە هەر شوێنێک کە بتوانێ، زەربەیان لێبدا. ئەوەی ئەمجارە لە تەقینەوەکانی شەوی یەڵدادا بەرجەستە بوو و، لەوانەیە پەرەش بستێنن، هەڵگری هەندێک توخمە کە لە ساڵان و دەیەکانی ڕابردووشدا تاقی کراوەتەوە و دیتوومانە؛ بەو جیاوازییەوە کە ئامانجدارتر لە پێشوو و، لە چوارچێوەی فورمولی دەقیقتری "هێرشی پێشگیرانە"دا جێ دەگرن.

کۆماری ئیسلامی بێجگە لە ئەزموونەکانی لە سووریە و عێراقدا، کە لە ژێر تیشکی قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیکدا بەدەستی هێناون، چاوی لە مۆدێلی دەرپەڕاندنی موجاهیدینی خەڵقە لە عێراق. هەرچەند نموونەی موجاهیدین و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لە زۆر ڕووەوە بەراوردێکی "مع‌الفارق"ە؛ بۆ نموونە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو میللەتی خۆیان دان، بەڵام دوور نیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بتوانێ بیەوێ بە چەشنێک شەڕی ڕەوانی لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکا و،

واوەتر لەوەش بە شێوازی جۆراوجۆر، زیانیان پێ بگەیەنێ.

لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا، تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا هۆشدار و زەنگی مەترسین بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات؛ کە ئەگەر بیانەوێ بەتایبەت لە نێوخۆی رۆژهەڵاتدا چالاک بن، پێویستە هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن و بە رەچاو کردنی میتۆدی نویی خەبات و بە هاوئاهەنگی، رووبەڕووی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە کە هەرجارەو پەردەیەک لەو پیلانانە دەبینین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## هەڵوێستەیەک لەسەر "واقعبینیی سیاسی"

چەمکی واقعبینیی سیاسی، چەمکێکی باوە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا. زۆر جار بۆ پاساودان یان دیفاع لە ئامانج، سیاسەت و ڕێکارێک بەکار دەبرێ. لەم وتارەدا خوێندنەوەیەک بۆ ئەم چەمکە دەکەین و پێویستییەکان و پێوەندیی ناوکیی ڕەگەزەکانی پێکهێنەری لێک دەدەینەوە.

هەڵوێستە کردن لەسەر "واقعبینیی سیاسی"، پێویستی بە لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان سیاسەت و واقعییەت، هەروەها پێوەندیی نێوان ئارمانجخوازی و واقعبینی هەیە. بێجگە لەمەش ڕاستە کە خەبات بەبێ ئارمانجخوازی ناکرێ، بەڵام بۆ ئەوەی هەڵەتێگەیشتن نەیەتە ئارا، پێویستە سنووری نێوان ئارمانجخوازی و خەیاڵاوییبوون ڕوون بکەینەوە و هەروەها جیاوازیی نێوان ڕەتکردنەوەی خەیاڵپڵاوی و موحافزەکاریش بخەینە ڕوو.

سیاسەت و واقعییەت دووانەیەکی لێکهاڵاون؛ سیاسەت کردەیەکی زەمینی و واقعییە، بەبێ دیتن و لەبەرچاو گرتنی واقعییەت، سیاسەت مانای خۆی لەدەست دەدا. سیاسەت لێکدانەوەی واقعییەت و چۆنیەتیی دەستکاری کردنی واقعییەتی نەخوازراوە. بە واتایەکی دیکە سیاسەت لەگەڵ فەکت ملبەملەی هەیە و زانست و هونەر و کردەیەکی بەستێنمەندە؛ لە بەستێنی هاوکێشە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و سیاسییەکاندا، یان بە دەربڕینێکی دیکە لەنێو بەستێنی کۆمەڵگەدا جێ دەگرێ و هەرکات لە بەستێنی هەلومەرج و زەمینی واقع جیا بکرێتەوە، دەبێتە شتێکی ئەبستراکت و لە سنووری جوغرافیای مانایی سیاسەت دەردەچێ و دەگۆڕێ بۆ خەیاڵ. ڕاستە سیاسەت کردن بەبێ هەبوونی چەشنێک ئایدیال و ئارمان، بوونی نابێ، چونکە ئەرکی سیاسەت وەک کایەیەکی جڤاکی، تەنیا شرۆڤەی ئەو شتانەی هەیە (هستها)، نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی و ڕەخنەکردن و هەوڵدانە بۆ گۆڕین و باشتر کردنی ئەو بەشانەی واقعیەت کە خوازراو نین. لە کایەی سیاسەتدا تیشک دەخرێتە سەر واقعیەتەکان و بە لەبەرچاو گرتنی واقعییەتی پێوەندییەکانی هێز و، بە لەبەرچاو گرتنی ڕادەی توانایی دەسکاریکردنی ئەو پێوەندییانە، ئامانجێک دەسنیشان دەکرێ و هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنی دەدرێ. واتە کایەی سیاسەت بەتاڵ و ڕەها نییە لە ئارمانجخوازی، بەڵام ئارمانجخوازییەک کە بە لەبەرچاوگرتنی واقعییەتەکان پێناسە دەکرێ؛ ئارمانجێک دەخوازرێ کە لە واقعیەتی هەیی، لەپێشترە؛ بەڵام مەودای نێوان واقعییەتی هەیی و ئەوەی کە دەخوازرێ، ئەوەندە نییە کە نەتوانرێ پڕ بکرێتەوە. بەم مانایە کە ئارمانجێک دەستنیشان ناکرێ یان خواستێک داوا ناکرێ کە ئەگەری بەدیهێنانی زۆر کەم بێ. سیاسەت دیالکتیکی نێوان خوازراو و هەیە؛ پێوەندییەکی دووسەرە و کارلێکەری نێوان ئەو شتەی هەیە و ئەوەی کە دەمانەوێ پێی بگەین. پێناسەکردنی سیاسەت لە دەرەوەی ئەم



سەرچاوە Serchawe

پێوەندییە دیالکتیکییە، پێناسەکردنێکی دروست نییە و لە سنووری مانا و کارکردی خۆی دەیترازێنێ. لێرەدایە کە ئارمانجخوازی و خەیاڵپڵاوی لێک جیا دەبنەوە. لە خەیاڵپڵاویدا ئامانجێک دیاری دەکرێ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرج و هاوکێشەی هێز؛ بە شێوەیەکی ئەبستراکت دروستی و نادروستیی ئامانجێک لێک دەدرێتەوە و لە دەرەوەی بەستێنی دیاریکراوی جڤاکی و بڕ و ڕادەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسە و دیاری دەکرێ. بەڵام لە ئارمانخوازیی پێویستی سیاسیدا، دۆخی خوازراو بە چەشنێک دیاری دەکرێ کە بتوانرێ لە کەلێن و قەڵشتی نێوان واقعییەتی مەوجوود و هەلومەرجی خوازراو، بپەڕیەوە؛ ئامانجێک دیاری ناکرێ کە نەتوانی لە واقعییەتی مەوجوودەوە هەنگاوی بۆ باوێژی و بازی بۆ بدەی. لە لایەکی دیکەش سیاسەت لە نەبوونی خەون و ئارمانجدا، موحافزەکاری لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە درێژەدان بە دۆخی مەوجوود.

سەرنج بدەن چۆن سێ چەمکی ئارمانجخوازیی سیاسی، خەیاڵپڵاوی و موحافزەکاری لێک جیا دەبنەوە و هەر کامیان مانایەکی تایبەت وەردەگرێ؛ ئارمانجخوازی سیاسی قاچی لەسەر عەرزە و بە توندی بە زەمینە و هەلومەرجی دیاریکراوی خۆیەوە گرێ دراوە و بە لەبەرچاو گرتنی واقعییەت، ئارمانەکەی دەستنیشان دەکا، خەیاڵپڵاو بەدەر و جیاکراوە لە زەمینە و هەلومەرجی دیاریکراو و بەبێ گوێدانە ڕادەی هێز و تواناکانی خۆی و بەرامبەرەکەی، ئامانجی دیاری دەکا و موحافزەکاریش توانای ڕیسکی نییە و ئەوەندە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی گەورە دەکاتەوە کە بەناچاریش بێ، مل دەدا بە قبووڵی واقعیەتی مەوجوود. بەم شیکردنەوانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە "واقعبینیی سیاسی" بە مانای ڕەتکردنەوەی ئارمانجخوازی و بە پێی ئەمەش ڕەتکردنەوەی خەبات نییە؛ بە مانای قەناعەت و ملکەچبوون لە هەمبەر دۆخی ئارایش نییە؛ وێڕای جیاوازی لەگەڵ خەیاڵپڵاوی لە لایەک و موحافزەکاری لە لایەکی دیکە، بە مانای پێناسە کردنی ئامانجە لە نێو بەستێنی هەلومەرج و هاوکێشەی هێزدا؛ بە مانای لێک گرێدان و سەنتێزی ئیرادەگەرایی و ڕۆڵی پێکهاتەکانە. نە ئیرادەگەراییەکی ڕەهایە و نە پێکهاتەخوازییەکی موحافزەکارانە، بەڵکوو ئیرادەی گۆڕینی هەلومەرجە لە بەستێنی پێکهاتەکاندا. بەم پێیە ئەم "واقعبینی"یەی لێرەدا شی کرایەوە لەگەڵ چەمکی خەبات نەتەنیا ناسازگار نییە، بەڵکوو ڕەگەزی پێویستی خەباتیشە.

ئەوەی لە دێڕەکانی سەرەوە هات، خوێندنەوەیەک بوو بۆ چەمکی واقعبینیی سیاسی. ئێستا با بزانین لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا ئەم چەمکە چۆن خوێندراوەتەوە و پێناسە کراوە. ئەم چەمکە لە دوو بواری دەستنیشانکردنی ئامانج و دروشمی ستراتیژیکدا و گرتنەبەری ڕێکار و میتۆدەکانی خەباتدا بەکار دێ. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر بواری یەکەم، پێوانەی "واقعبینیی سیاسی"ی بۆ نموونە دروشمی ستراتیژیکی خودموختاری، بەم شێوەیە دیاری کراوە کە لەچاو نموونەی باڵای "سەربەخۆیی"، ئاستێکی کەمتر لە خواست داوا دەکا؛ لێرەدا ئێمە دیدێکی ئەفلاتوونی دەبینین کە نموونە باڵاکان دەکاتە پێوانەی هەڵسەنگاندن و واقعبینیی سیاسییان. لە حاڵێکدا پێوانەی واقعبینیی دروشمی خودموختاری ئەوەیە کە بخرێتە نێو

ئەو زەمینە و هەلومەرج و جڤاکەی تێیدا داوا دەکرێ و هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی مەنتقی پێوەندییەکانی هێز و توانای گۆڕینی ئەو پێوەندییانە دیاری بکرێ، بە چەشنێک کە لە ماوەیەکی مەعقولدا پێی بگەی. لە سیاسەتدا چەمکەکان بە شێوەیەکی ئەبستراکت پێناسە ناکرێن، بەڵکوو لەنێو بەستێنی مێژوویی دیاریکراودا پێناسە دەکرێن. بۆ نموونە فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیک، بە شێوەیەکی گشتی و لە دەرەوەی بەستێنی مێژوویی خۆی پێناسە و دیاری ناکرێ؛ هەر بەستێنەی تایبەتمەندی و هاوکێشەی هێزی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێ لە ڕووی بەستێنێکی دیکەوە و بە ئیلهام وەرگرتن لێی، ئامانجی خۆت دیاری بکەی. دەکرێ فیدرالیزم یان هەر فۆرمولێکی چارەسەری دیکە، لە بەستێنێکی جڤاکیدا، دروشمێکی واقعبینانە بێ، بەڵام لە بەستێنێکی دیکەدا خەیاڵی و وەهمی بێ. واتە فیدرالیزم لە دەرەوەی بەستێنەکان، دروشمێکی "خنثی"یە و نە واقعبینانەیە و نە ناواقعبینانە؛ نە دروشمێکی باش و گونجاوە و نە دروشمێکی خراپ و نەگونجاو. ئەوەی کە واقعبینی و گونجاویی دروشمی فیدرالیزم دیاری دەکا، بەستێن و هەلومەرجە دیاریکراوەکانە؛ ئەوەی باشیی ئامانجێک لە سیاسەتدا دیاری دەکا، ڕادەی نزیکی و وێکچوویی لەگەڵ نموونەی باڵا و ئیدەئال نییە، بەڵکوو ڕادەی جێبەجێ بوونیەتی لەسەر عەرزی واقع و لە زەمینەیەکی دیاریکراودا. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دروشمە خراوەتە نێو بەستێنی جڤاکیی خۆیەوە و بە لەبەرچاو گرتنی مەنتقی پێوەندییەکانی هێز و توانای گۆڕینی ئەو پێوەندییانە دیاری کراوە یان نا؟ نە ئەوەی کە بە شێوەیەکی بانمێژوویی و مێتافیزیکی پێمان وابێ، چونکە فیدرالیزم کەمتر لە سەربەخۆیی داوا دەکا، کەواتە دروشمێکی واقعبینانەیە؛ یان چونکە لە فلان و فیسار وڵات جێبەجێ کراوە و وەڵامی داوەتەوە، ئەوە حەتمەن بۆ شوێنێکی دیکەش باش و گونجاو و کردەییە.

بەکورتی سیاسەت مەنتقی پێوەندییەکانی هێزە، ڕەچاوی هاوکێشەی هێزە. واتا بە گوێرەی داخوازییەکەت دەبێ لە فکری هێز و گۆڕانی پێوەندیی هێزەکاندا بی. ئەمە سیاسەت نییە کە بەبێ ڕەچاوی مەنتقی پێوەندییەکانی هێز، ئامانجان دیاری بکەی؛ ئەمە سیاسەت نییە کە بەبێ لێکدانەوەیەکی قووڵی هەلومەرجەکان و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕادەی هێز و تواناکانی خۆت و بەرامبەرەکەت، ئامانجگوزاری بکەی. سیاسەت قاچی توند بە عەرزی واقعەوە گرێ دراوە و هەرکات لێی دابڕا، دەبێتە شتێکی ئەبستراکت و خەیاڵی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# ژن وەک بوونێکی پەراوێزخراو




## ئاماژە:

**ئەم بابەتە لە سیمینارێکدا کە بە بۆنەی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕێک خرابوو، پێشکەش کراوە. هەرچەند بە هەندێک دەسکارییەوە داڕێژراوەتەوە بەڵام ڕەنگی وتاردانی ڕوو بە بەردەنگی پێوە دیارە و تا ڕادەیەک لەگەڵ وتارێک کە لە سەرەتاوە بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەنووسرێ، جیاوازی هەیە.**

سەردێڕی ئەم وتارە بەم مانایە نیە کە شرۆڤەیەکی ستاتیک و وەک یەک بۆ ژن و پێگەی ژن لە هەموو سەردەمەکان بخرێتە ڕوو و تاکەوێنەیەک لە دۆخی ژن هەڵبگیرێ و وەسفی ئەم وێنەیە بکرێ و شی بکرێتەوە. ئەوەش نیە کە چەند وێنەیەکی لێ بگیرێ و لە پاڵ یەک دابنێرن و مۆنتاژ بکرێن و بەم شێوەیە وێنایەکی ئەبستراکت و ڕاوەستاو لە ژن پێشکەش بکرێ. لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی" کاتی"م (نە بە مانای موقت بەڵکوو بە مانای زەمانی و زەمانمەند) بۆ ژن و پێگەی ژن هەیە و لە ڕەوتی مێژوو و لە بەستێنی گۆڕانی مێژووییدا لە ژن وەک جێندەر دەڕوانم و ڕەوت و چۆنیەتیی پەراوێزخراوبوونی ژن و ئاسۆی ڕزگاریی ژن لەم پەراوێزخراوییە دەکێشمەوە.

به دیاریکراوی ئەم بابەتە لە سێ بەش پێکدێ کە بریتین لە:

١- پێشەکییەکی بووناسانە بۆ شوناس بەگشتی و لەم نێوەدا ژن وەک جێندەر و شوناسێک
٢- هەڵوێستە و ڕامانێک لەوەی چۆن ژن پەراوێز خراوە؛ مەعریفەناسیی پەراوێزخراوبوونی ژن و قووڵایی و چۆنیەتیی ئەم پەراوێزخراوییە
٣- ژنان چۆن لەم پەراوێزخراوییە ڕزگار دەبن؟ لێرەدا بەستێنەکان و ڕێکارەکانی ڕزگاریی ژن لێکدەدرێتەوە و بەپێی سروشتی ئەم بەشە کە باسی "دەبێ چی بکرێ" دەکەین، باسەکە بنەمایەکی نۆرماتیڤ ـ ئەخلاقی وەردەگرێ.

مرۆڤ بوونێکی بەستێنمەند و مێژوویی هەیە، زەمانمەندە، خەسڵەتێکی مێژوویی هەیە، مێژوومەندە، پێگەمەند و شوێنمەندە؛ مارتن هایدیگەر ئەم تایبەتمەندییانەی لە پێناسەی مرۆڤدا وەک دازاین هێناون. بە گوتەی ئەم فیلسووفە مرۆڤ دازاینە نەک سووژەیەکی بەرزی بانبەستێنی و بانمێژوویی.

کاتێک دەکەوینە سەر ئەم دنیایە بەڕێ دەکەوین، شتی تازە ئەزموون دەکەین، لەگەڵ شتی تازە بەرەورووو دەبین، دیاردەی تازە بەڕووماندا دەتەقێتەوە و دەگۆڕێین، ناگوورێین؛ چونکە ژیان تەنیا بەردەوامی و درێژبوونەوە نیە بەڵکوو دابڕانیشە، سەرەتای تازەشە، گەڕانەوەشە، بردنە ژێر پرسیاریشە؛ ژیان پێچەڵپێچتره لە فۆرمولی ڕەتدانەوە، پاراستن و سەنتێز دروستکردنی هێگڵ. ئەمە ئیلهاموەرگرتنە لە ڕەوتی گەشەی ئۆرگانیزمێکی زیندوو. ڕەوتی ژیان و کۆمەڵگە و مێژوو وەک ئۆرگانیزمی زیندوو بەڕێوە ناچن. کۆمەڵگە و مێژوو نە ماشێنن و جووڵەیەکی میکانیکیان هەیە و نە ئۆرگانیزمی زیندوون، بەڵکوو ڕەوت و پرۆسەیەکی جیا و تایبەتیان هەیە.

هەر کام لە ئێمە گۆشەنیگا و ڕوانینێکمان هەیە، سیستەمێکی بیرکردنەوەمان هەیە و لەژێر کاریگەریی پارادایمەکانی زاڵی سەردەمدا لەگەڵ جیهان و دیاردەکانی ناوی، مامەڵە دەکەین. بەم پێیە خوێندنەوە و تێگەیشتنەکانمان ڕێژەیین، ئەوەی دەیڵێین حەقیقەتی ڕەها نیە، چونکە هەر "حەقیقەتێک" گۆشەنیگایەکی لە پشتە. بە گوتەی نیچە "مامەڵەی بێگۆشەنیگا و بێلایەن"، چەمکێکی پارادۆکسیکاڵ و نامومکینە.

ئێمە بەڕێوەین، ئەوەی ئێستا دەیڵێین تێگەیشتن و هەڵوێستی ئێستامانە، ئەزموونی ئێستامانە و تا دەمرین ئەم ڕەوتە بەردەوامە. ئێمە هەرگیز کامیل نابین، کامیلبوون و کەماڵ ئاسۆن، نەک داکەوتێکی بەرهەست و بەردەست. خۆمان و شوناسمان و خوێندنەوەکانمان تا ئەو کاتەی دەمرین لە حاڵی گۆڕاندایین.

شتەکان بۆخۆیان لەگەڵ ئێمە قسە ناکەن، یەکسان و وەک یەک بۆ هەموومان دەرناکەون؛ چونکە هەر کاممان لە گۆشەنیگا و لە چاویلکەی گوتار و پارادایمی خۆمانەوە دەڕوانینە شتەکان.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە بوونێکی کاتیمان (زەمانمەند) هەیە بە تێپەڕینی کات شکڵ دەگرین و دەگۆڕێین، لەنێو بەستێن و زەمینەیەکدا دەژین و کاریگەریی ئەم بەستێنەمان لەسەرە. بەکورتی بوونێکی کاتی و بەستێنمەندمان هەیە و تێگەیشتنەکانیشمان کاتی و بەستێنمەندن. شوناسمان وەک نەتەوە، وەک کرێکار، وەک جێندەر، لەم نێوەدا شوناسی ژن وەک جێندەر، مێژوویین، مێژووکردن نەک جێگیر و زاتی، جەوهەریکی نەگۆڕ نین. شوناسەکان مێتافیزیکی و بانمێژوویی نین، بانوێژمانی نین، شوناسەکان وێژمانین؛ چونکە هەر کام لە ئێمە لەنێو وێژمان و پارادایمەکاندا بیر دەکەینەوە و لە لێنزی وانەوە دەڕوانین. بە واتایەکی دیکە شوناسەکان لەپێشدا مەوجوود نین، دروست دەکرێن. دەمەوێ بڵێم ژن وەک جێندەر دروست کراوە؛ پێناسەمان بۆ ژن بەرهەمی مێژوو و بەستێنە جۆراوجۆرەکانە و فاکتەرگەلێک ئەم پێناسەیان شکڵ داوە.

ئێمە کە دێینە سەر ئەم دنیایە بە کۆمەڵایەتی دەکرێین، نۆرمالیزە دەکرێین، نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگەمان تێدا دەچێنرێ. ئێمە وەک تاک بەرهەمی دامەزراوەکانین، بنەماڵە، قوتابخانە، ڕاگەیەنە گشتییەکان و ... تاک شکڵ دەدەن. ئێمە کە دێینە سەر ئەم دنیایە فێری زمان دەکرێین، بە فەرهەنگی دەکرێین، داب و نەریت و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر فێر دەبین، ئەمانەش وەک سیستەمێکی واتایی وان کە لێیانەوە دەڕوانینیە خۆمان و جیهان، خۆمان پێناسە و خەیاڵ دەکەین. شوناس وێناسازییە، ئەوەی کە چۆن خۆت دەبینی، چۆن خۆت خەیاڵ دەکەی، لە زەینی خۆتدا چۆن خۆت وێنا دەکەی و هەروەها چۆن وێنا دەکرێی. ئەمانەش میشل فوکۆ گوتەنی، بەرهەمی پێوەندییەکانی دەسەڵات و وێژمان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن؛ فوکۆ دەڵێ خۆمان و شوناسمان بەرهەمی وێژمان و پێوەندییەکانی دەسەڵاتین. ئەوەی وەک حەقیقەتی کۆمەڵایەتی، وەک مەعریفە بە ئێمە دەگوترێ و دەقەبوولێنرێ لە پشتیەوە دەسەڵات و تێکنیکەکانی دەسەڵات هەیە، بۆیە فوکۆ باس لە ڕێژیمی حەقیقەت دەکا و ئەمەش داماڵینی پیرۆزییە لە بەناو حەقیقەتەکان و ڕێگا بۆ بردنە ژێر پرسیار و تێپەڕینیان لەبار دەکا.

هۆکاری بندەستکردنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە سروشتی ژنانەیان نیە بەڵکوو نەبوونی پەروەردە، دەستڕانەگەیشتنی پێویست و وەک یەک بە دەرفەتەکان و نایەکسانییە لە پێگە و بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمانەش بەرهەمی ئەم نەزمە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەن، بەرهەمی پێوەندییەکانی دەسەڵات و مەعریفە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، بەرهەمی ڕەوتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتین نەک زاتی و سروشتی و نەگۆڕ.

شوناسی ژن لە پێوەندی لەگەڵ ئەویتردا، لە پێوەندی لەگەڵ پیاودا، دروست کراوە؛ لەسەر بنەمای جیاوازییە، خەسڵەتێکی پێوەندی هەیە. هەروەها بەستێنمەندە و لە بەستێنی کۆمەڵگە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکرێ و وێژمان و پێوەندییەکانی دەسەڵات شکڵی پێدەدا. جێندەر خەسڵەتێکی پێوەندی هەیە و لە پیوەندی لەگەڵ پیاودا شکڵی گرتووە و مانای وەرگرتوە. بۆیە دەبێ ئەم پێوەندییانە سەرلە نوێ دابڕێژرێنەوە و مانا بکرێنەوە.

ئەم وێنـای بـۆ ژن هەیە وێنـایەکی سروشـتی نـیە، دروسـتکراوی مێـژوویە و دەسـەڵات و هێژمۆنی پیـاوانی لە پشتە؛ ئەم مەعریفەیەی سەبارەت بە ژن هەیە حەقیقەتێکی بەرهەست و بنەمایەکی سروشتی و زاتیی نیە.

ئەگەر بەم شێوەیە لە شوناسی ژن بڕوانین، دەرگا دەکرێتەوە بۆ بـردنە ژێـر پرسیاری ئەو پێکهاتـانەی شوناسی ژنیـان وەک ڕەگەزی پلە دوو دروست کـردووە. ئەمەش سـوژەیەکی دیکە دروست دەکـا کە لەگەڵ ئەو پێکهاتـانەدا دەکەوێـتە نـاکۆکی و دژایەتی. ئەم ڕەوت و دیاردەیەی هەنووکە لە ئێراندا دەیبینین و بەتایبەت لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆی دەرخست. بزووتنەوەی ژینا وزەیەکی بێوێنەی ئازاد کرد کە لە دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە و پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتدا کـاریگەری هەبوو، ترسی لە حکومەت شکاند و ئاسۆیەکی نوێی کردەوە. ئەم هەڵسوکەوت و کردە و کردەوەگەلەی لە بزووتنەوەی ژینـادا هـاتنە ئـارا، لە بیرکردنەوە و وێنـای ئێمە لە تـاک و کـۆمەڵگە و سیاسەت گـۆڕانی دروست کرد؛ ڕووداوێـک بـوو؛ بـایەخی تـازەی دروست کرد و زێهنییەتـی تاکەکـانی کۆمەڵگەی گـۆڕی و دەسەڵاتی تووشی تەنگەژە کرد و لەگەڵ هاوکێشەی نـوێ بەرەورووی کردەوە.

### ئەوەی شۆڕشی ژینا کردی یان دوهاتەکانی شۆڕشی ژینا بریتین لە:

- ترس لە حکومەت شکاوە؛
- ترس لە داهاتوو تا ڕادەیەکی جێی سەرنج، جێگەی خۆی بە ترس لە دۆخی ئێستا داوە و ئەمەش خەبات ڕادیکاڵیزە دەکا و زەمینەی پێکهاتەشکێنی زیاتر دەکا؛ چونکە ترس لە داهاتوو کۆسپێکی بەردەم ڕادیکاڵیزەبوونی خەبات بوو. نەمانی ترس ڕزگاریدەر و ئازادیبەخشە. هێگڵ لە بەشی ئاغا و کۆیلەدا لە کتێبی فینۆمینۆلۆجی هۆشدا دەڵێ ئەوەی بترسێ شکست دەخوا و دەبێتە کۆیلە. کەواتە نەمانی ترس فاکتەرێکی گرینگە و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێراندا شوێندانەرە.

گـۆڕان لە بیرکـردنەوە و زێهنییەت و هەڵسوکەوتی خەڵکدا دەبێـتە ڕێگەخۆشکەری گـۆڕانی پێکهـاتەیی و دەبێـتە فـاکتەری داڕشتنەوەی پێوەنـدییەکانی دەسەڵات و هێژمۆنی؛ لە ڕادەی مومکینـدا. گـۆڕانێکی جـۆری و جەوهەری کە لە شۆڕشـی ژینـادا هاتە ئارا و دەستەواژەی شۆڕشی ژینای واتادارتر کرد ئەوەیە کە ژنـان و ئـازادیی ژنـان بـوونە نـوێنگە و سیمبولی ئـازادی و مـاف و داخوازییەکـانی هەمـوو چین و توێژەکـانی کـۆمەڵگە، بە گـوتەی ئێرنسـتۆ لاکلاو فیلسووف و تیۆریسیەنی سیاسیی ئـارژانتینی و شـانتال مـوفی هاوسـەری، ژنـان بـوونە ئامـاژەی خـاڵی، بـوونە لێکگرێـدەر و جومگەبەنـدی داخوازییەکـانی شوناسـەکانیتری کـۆمەڵگە؛ بـوونە هێژمـۆن؛ وێژمـان و خوێنـدنەوەکانیان حـاڵەتێکی هێژمـۆنیکی وەرگـرت و هەمـوو داخوازییەکانی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردەوە و نوێنەرایەتی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا لە ئێراندا ژن تەنیا نوێنەری خواستی خۆی نیە، نوێنەری خواستەکانیتری کۆمەڵگەشە. ئەمەیە شۆڕش، ئەمەیە خاڵی وەرچەرخان، ئەمە پێڤاژۆیەکی نوێیە.

ئێستا لە ئێراندا ژنان ناوەندی سیاسەتی ڕادیکاڵن؛ لەبەر ئەوەی چەوساوەترین و پەراوێزخراوترین توێژی کۆمەڵگەن؛ لە هەموو چین و توێژەکانیتری کۆمەڵگە زیاتر سووکایەتییان پێ دەکرێ و هەژمارنەکراوترینن. ئەمەش پۆتانسیەلێکی گەورەی سیاسی دروست کردوە، هەستی هاوپێوەندی دروست کردوە، وایکردووە ژنان ببنە نوێنەر و سیمبولی ئازادی و مافی کۆمەڵگە، ببنە توێژی پێشەنگ و هەرە ڕادیکاڵی کۆمەڵگە.

ئامانجی ئێمە ڕزگاری و ئازادییە؛ ئازادی و دێموکراسییە؛ دێموکراسی واتە هاوئاسۆیی (هەمعرضی) تاکەکان و شوناسەکان لەگەڵ یەکتر کە هیچ کامیان بەسەر ئەویتردا فەرز نەکرێ؛ واتە یەکسانی ژن و پیاو؛ واتە نەهێشتنی پێکهاتەی ناوەند ـ پەراوێز؛ واتە نەهێشتنی باندەست و بندەست؛ ئەمانەش واتە پێکهاتەشکێنی. ئامانجی ئێمە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵە کە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی هەیی بگۆڕێ و هێژمۆنییەکی نوێ شکڵ بگرێ؛ وێژمانێکی یەکسانیخواز ببێتە هێژمۆن. ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان شوناسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوە و، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو پنت و جومگە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا.

ئازادیی ژن و ئازدیی کۆمەڵگە (بۆچی دەڵێم ئازادیی ژن و ئازدیی کۆمەڵگە، بۆچی ڕیزبەندییەکە ئاوا دێنم؟ لەبەر ئەوەی ئازادیی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژندا تێپەڕ دەبێ. تا ژن ئازاد نەبێ، کۆمەڵگەی ئازادیش چێ نابێ.) پێویستی بە ئیرادەی بەکۆمەڵی هێزە دێموکراتیکە ڕادیکاڵەکان هەیە کە سەرلەبەری ئەو فاکت و فاکتەر و پێوەندییانەی ژنیان کردۆتە بوونێکی پەراوێزخراو، ببەنە ژێر پرسیار و بە ڕوانین و گۆشەنیگایەکی نوێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و هەروەک وتم لە پێش هەموو شتێکدا بەم مەعریفەیە بگەین کە ژن وەک جێندەر مێژوویی و وێژمانییە و مەیلی دەسەڵات، دەسەڵاتی پیاو، وای داڕشتوە. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە پێناسەیەکی واقعیمان بۆ سیاسەت هەبێ. سیاسەت تەنیا بریتی نیە لە گفتوگۆ، بەڵکوو شەڕکردنە، دەبێ شەڕ بکەی بۆ مافەکانت.

بێگومان گۆڕانە مێژووییەکان بەرهەمی کارتێکەریی دوولایەنەی تاک و کۆمەڵگەن. هوشیاری تاک و هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ پێکهاتەکان و پێوەندییەکان و هاوکێشەکان دەگۆڕێ. دەمەوێ بڵێم تاک زیندانی و بەزیوی پێکهاتەکان نیە و دەتوانێ بیانگۆڕێ.

مێژوو خەسڵەتی ڕووداوی هەیە، تاکەکان وەک سوژە و ئەکتەری مێژوویی لە خوڵقاندنی ڕووداوەکان و گۆڕینی پێکهاتەکاندا

کاریگەرن و ڕۆڵیان هەیە. پێکهاتەخواز نیم چونکە پێکهاتەخوازی و لۆجیکی پێکهاتەخوازی، کارایی مێژوویی و بکەربوون لە تاک دەستێنێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا دیدێکی بانپێکهاتەییم بۆ تاک نیە، تاک لەنێو پێکهاتەکاندا کار بۆ گۆڕینیان دەکا و ئەمەش گرێدراوی دروست بوونی هوشیاری تازە و مەعریفەی تازەیە. وشیاری ژنان و تێگەیشتنی پیاوان درز دەخاتە ئەم پێکهاتە و پێوەندییە جیاکارانە و سەرەتا و مەرجی داڕشتنەوەیانە.

ژنان دەبێ خەبات بکەن بۆ ئەوەی مەترەح بن و دان بە مافەکانیاندا بنێرێ؛ ئەمەش پێویستی بە ڕێکخراوبوون، نەترسی و ڕۆحێکی پێشمەرگانە هەیە، پێویستی بە ڕۆحێکی لە مەرگ نەترسان هەیە، ئەمەیە کە ژنان لە کۆیلەتی و رەگەزی پلە دوو ڕزگار دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# تێڕامانێکی کورت بۆ پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات




بابەتی پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بابەتێکی ڕۆژەڤە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. لەم بارەوە تێگەیشتنی حیزب لە کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندنەوەی ئەکتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ حیزب و چۆنیەتیی مامەڵەی حیزب لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی دێتەئارا. هەندێ لە خوێندنەوەکان لە تێگەیشتنێکی ناڕاستەوە بۆ حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی و پێوەندیی نێوانیان سەرچاوە دەگرن و لە قازانجی بزاڤی نەتەوەیی و پلۆرالیزم و بەرفراوانکردنی ئەم بزاڤە نین و هەژار و قەتیسی دەکەن و زیان بە دەوڵەمەندی و یەکگرتوویی بزاڤی نەتەوەیی دەگەیەنن.

١- خوێندنەوەی یەکەم لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی نادروست بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆ دەنرێ. ئەم خوێندنەوەیە تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وا لێک دەداتەوە کە حیزب تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوە و شوناسی خۆی بدۆڕێنێ و ببێتە NGO یەکی مەدەنی و لە ئامانج و ڕێکاردا وەک ئەو بجووڵێتەوە. ئاشکرایە ئەم خوێندنەوەیە ئەوە نادیدە دەگرێ کە هەرکامیان ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەیە. حیزب تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە حاڵەتی وەکیەکبوونی لەگەڵ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزب نامێنێ. خاڵی جیاکەرەوەی حیزب لەگەڵ NGO کان ئەوەیە کە ئامانجی حیزب گشتگیرترە و خۆی لە شێوازی مەدەنیی بەرخۆدان و خەباتدا سنووردار ناکا. هەروەها حیزب لە خانەی سیاسیشدا بە مانای تایبەتی وشە

جێ دەگرێ و ئامانجی بەدەستەوەگرتنی دەسەلات و حکومەتە و لەم ڕێگەوە بە دروستکردنی فەزا دەتوانێ دەرەتانی بەردەم NGO کان والاتر بکا.

٢- هەندێ کەس تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وا دەقەبلێنن و دەقەبوولێنن کە حیزب مەیدانی مەدەنیی خەبات بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بەجێ بێلێ و لێی بکشێتەوە. وەک بلێی کە حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕەهایی لێک جیان و فەزایەکی هاوبەشیان نیە؛ حیزب بیاڤی خۆی هەیە و کۆمەڵگەی مەدەنیش بیاڤی تایبەت و دیاریکراوی خۆی، کە هیچ کامیان نابێ بێتە نێو بیاڤی ئەویتر؛ چونکە تێکی دەدا و لە حاڵەتی ئاسایی و ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆی دەباتە دەر. خافڵ لەوە کە وەها سنووربەندییەکی ڕەها لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نیە. حیزب هەڵقووڵاوی کۆمەڵگە و خواستەکانیەتی و، ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی سیاسیدا جێ دەگرێ بەڵام ئاخێزگەکەی کۆمەڵگەی مەدەنییە و قاچێکی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دایە و ئەساسەن ناتوانرێ لێی جیا بکرێتەوە. لێکجیاکردنەوەیان ئینتزاعی و ناواقعییە. حیزب ئەکتەرێکی گرینگی کۆمەڵگەیە و وێڕای جیاوازی لە ئەرک و فۆنکسیۆندا، لەگەڵ ڕێکخراو و ئەکتەرەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە، لە چوارچێوەی دالی گەورەی نەتەوەییدا یەکدەگرنەوە و دەتوانن پشتگیریی یەکتر بکەن و لە یەکتر هێز وەربگرن. ئەوەی یەکیان پێی ناکرێ، ئەویتر بیکا و لە کارە هاوبەشەکانیشاندا هاوتەریب و هاوکار بن. وەک چۆن حیزب نابێ لە چالاکیی مەدەنیدا کورت بکرێتەوە بە هەمان شێوە پێناسەکردنی حیزب وەک ڕێکخراوێک کە تەنیا خەباتی چەکداری دەکا، هەڵەیە. حیزب لە هەر دوو شێوازی خەبات بەپێی پێویستی و قۆناغ و دەرەتان کەڵک وەردەگرێ.

٣- خوێندنەوەی سێهەم لە زێهنیەت و عەقلیەتێکی پاوانخوازانەی نێو حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ. بەپێچەوانەی ڕوانینی یەکەم کە حیزب وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لێ دەکا ئەم ڕوانینە دەیەوێ کۆمەڵگەی مەدەنی وەک حیزب لێ بکا، بیکاتە درێژکراوە و کۆپی خۆی و هەر چەشنە جیاوازی و ناڵێکییەک لەم بوارەدا تەحەموول ناکا و ڕەتی دەکاتەوە و لە زیانی "یەکگرتوویی" وەهمی دڵخوازی خۆی لێی دەڕوانێ و شانتاژی لەدژ وەڕێ دەخا.

هەر دوو ڕوانینی یەکەم و سێهەم یەکسانسازی دەکەن و لەگەڵ ئەوەدا کە فرەچەشنی و جیاوازی دەسڕنەوە و تاسەر ئێسقان لە تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ دامەزراوەی حیزب و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەرچاوە دەگرن و جیاوازییان لە چیەتی و ئامانج و ڕێکاردا نادیدە دەگرن و هەر دوو بیاڤەکە تووشی کێشە و دژەکارکرد دەکەن. لە بنەڕەتدا حیزب نابێ بە شێوەیەکی قۆرخکارانە لەگەڵ کۆمەڵگە مامەڵە بکا. بێگومان مەیدانێکی خەباتی حیزب، مەیدانی مەدەنییە و دەتوانێ و پێویستە بە ڕێکخستنی ئەم مەیدانە و میکانیزمی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ستەم و داگیرکاری ببێتەوە. نەک ئاساییە بەڵکوو ئەرکیەتی کە خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە. بەڵام بەو مەرجە کە ڕوانێنێکی داسەپێنەری بۆ ئەکتەر و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبێ و وێڕای ئەوان و بە هاوکاریی ئەوان کار و چالاکی بکا و لەیەکتر وەربگرن و

ئەگەرچی چیەتی و فۆنکسیۆنیان جیاوازە بەڵام لە بەرەیەکدا جێ بگرن. ئەمەش واتا پێناسەیەکی دروست بۆ هەر دووکیان و دیموکراتیزە کردنی پێوەندییەکانیان. ئێمە کە دروشمی دیموکراسی دەدەین ناکرێ ڕوانین و پراکتیکێکی پاوانخوازانەمان هەبێ. ڕوانین و پراکتیکێک کە هەر دوو ئەکتەر و مەیدانەکە نەزۆک و نابەرهەمدار دەکا.

حیزب دەبێ بەپێی پێویستی لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا حزووری هەبێ و ڕادەی حزووری گرێ دەدرێ بە پێویستی و پێداویستییەکانی چالاکییە جۆربەجۆرەکان؛ ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی نێوحۆ دەکا، خەتیان پێ دەدا، بیرۆکەیان لێوەردەگرێ و لە پێرفۆرمانسدا بەپێی پێویستیی قۆناغ و بزاڤ، خۆی دەردەخا. هەروەها ئەو ئەرکانەی ئەرکی تایبەتیی ئەون (بۆ نموونە ئەرکی بەرگریی چەکداری) خەمیان لێ دەخوا و لە کاتی خۆیدا بەجێی دەگەیەنێ و لە هێزی مرۆیی کۆمەڵگە کەڵک وەردەگرێ و بۆ ئەم مەبەستە ڕێکیان دەخا.

حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی زەمینەسازی بۆ یەکتر دەکەن و ئەمەش گرێدراوە بەوەی وەک خۆیی چاو لە یەکتر بکەن. ئەگەرچی بەشێک لە ڕێکار و تەکنیک و تاکتیک و شێوازەکانیان جیاوازە، بەڵام هەردووکیان لە چوارچێوەی بزاڤی نەتەوەییدا جێ دەگرن و دەتوانن خەسڵەتێکی تەواوکەر و یەکتربەهێزکەریان هەبێ.

بەکورتی نە حیزب وەک NGO یەکی مەدەنی کار بکا و خۆی لە شوناسی تایبەتی خۆی داماڵێ، نە کۆمەڵگەی مەدەنی بە چاوی موزاحیم و تێکدەر لە حیزب بڕوانێ کە "دەست وەرنەداتە" چالاکی و پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، نە حیزبیش تەماعی قۆرخکردنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ. ئەوان دەتوانن لە پەنا یەکتر ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و لە دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی یەکتر، بە شێوەیەکی هاوبەش و هاوئاراستە و فرەڕەهەند کار بکەن.

خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی زیندوو و فرەچەشنە و بەم پێیەش ئەگەری ناکۆکی و نەسازان هەیە. لە حاڵەتی ناکۆکی لەسەر ستراتیژی و تاکتیکەکان، ئەگەر نەتەوەبوونی کورد بەبنەما وەربگیرێ، دەکرێ لە دیالۆگێکی کراوە و بەرپرسانەدا ناکۆکییەکان کەم بکرێنەوە و لانیکەم ناکۆکییەکان نەچنە خانەی دژایەتی و دژبەری. بەڵکوو لە خانەی هاوڕا و موخالفدا بمێننەوە. ئەمەش گرێدراوی ئەوەیە کە ئەکتەرەکانی چالاکی ڕۆژهەڵات، بە مێنتالیتەیەکی دموکراتیک و پلۆراڵەوە مامەڵە بکەن و دوور بن لە ڕەهابینی و دەمارگرژی. لەسەر ئەم باوەڕەم کە ڕوانین و مێنتالیتەی دیموکراتیک و پلۆراڵ خزمەتی بزاڤی نەتەوەیی و بەرینتربوونەوە و بەهێزبوونی دەکا و مەیلی پێچەوانە، لاوازی دەکا. بە وەها ڕوانینێک دەکرێ لانیکەم هەموو ئەکتەر و دامەزراوەکان لە ئاراستە و ئاسۆیەکی هاوبەشدا کار بکەن و وێڕای قبووڵی ئەکت و کردە و تاکتیکی جیاواز، یەکتر تەواو و بەهێز بکەن. ئەوەی بزاڤی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات

پێویستیەتی یەکگرتووییە لە هەناوی فرەچەشنی. بۆ ئەمەش پێویستە ئەکتەرە جیاجیاکان دان بە یەکتردا بنێن و وێڕای پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیان و کار و ئەرکی جیاواز، لە شارێی نەتەوەییدا هەنگاو بنێن و مەیدانە هاوبەشەکانی کاردکردنیان ببینن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

## د. قادر وریا: پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!




### ئاماژە:

لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی زمان بۆتە بزووتنەوەیەکی کولتووری ـ سیاسی و، ئەم پرسە بۆتە ئاماژەیەک بۆ خۆپێناسەکردن و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان. کورد لەم پرسەدا ڕووبەڕووی داگیرکاری لە تەواویەتی خۆیدا بۆتەوە و سیستەمی زاڵی هێناوەتە ژێر پرسیار و تووشی تەنگژەی کردووە. کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسەیەکی چڕی وەخەبەرهاتنی نەتەوەیی‌دایە و هەموو پێناسە داسەپاوەکانی نەتەوەی زاڵ بۆ خۆی ڕەت دەداتەوە و خۆی پێناسە دەکاتەوە.

ئەگەر چاوێک لە تابلۆی زیندوو و پرجموجۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، زمان و پرسی زمان لەم تابلۆیەدا بەرجەستەن و بەشێکی گەورە و گرینگیی ئاکسیۆن و چالاکییەکان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە و ئەم پرسە بۆتە چەقی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا ڕووناکبیران و نووسەران و شارەزایانی بواری زمان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە زیندووکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم ڕەهەندەی خەبات گێڕاوە و بە نووسین و تێزەکانیان بوونەتە ڕێنیشاندەر و، بەرچاوی ئاکاکەکانی مافخوازی کوردیان ڕوون کردۆتەوە. یەکێک لەم کەسە دیارانە، "دکتۆر قادر وریا"یە کە وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لەم بوارەدا چالاکە و خزمەتی کردووە، تێزێکی دکتۆرای بایەخداریشی پێشکەش کردووە. کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا"، کە تێزی دکتۆراکەیەتی، لەم ماوەیەدا لە کوردستان و ئاڵمان



سەرچاوە
Serchawe

چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم تێزە ڕەشەمەی ٢٠٢٤ لە زانکۆی کۆیە گفتوگۆی زانستی لەسەر کار و بە پلەی نایاب پەسند کرا. بە بۆنەی چاپی تێزەکەی لە دووتوێی کتێبکدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێک هێناوە؛ هەم ئاوڕێک لە نێوەرۆکی تێزەکەی دەدەینەوە و هەم پرسی زمان و گرینگیی ئەم پرسە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات گەنگەشە دەکەین.

**حەسەن شێخانی**: یەکەم پرسیارمان ئەوەیە کە هۆکاری ئەوەی جەنابت ئەم مژارەتان بۆ تێزەکەتان هەڵبژارد چیە؟ کەڵکەڵەی زەینیی جەنابتان چی بوو و ئاسۆی ڕوانینی جەنابتان چی بوو؟

**د. قادر وریا**: هۆی هەڵبژاردنی پرسی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە پرسی زمان نزیکەی سەدەیەکە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان دامەزرا، نەتەوەی کورد خەباتی بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی کردووە. پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان لە درێژایی ئەو مێژووەدا وای کردووە زمانە نافارسییەکان، بکەونە پەراوێز، پەروەردە بەو زمانانە کە هەم مافێکی سروشتیی ئاخێوەرانیانە و هەم ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ گەشە و زیندوویی زمانەکە، قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە نیگەرانی لە داهاتووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە گرنگیی پەوەردە بە زمانی کوردی وەک ڕێگایەک بۆ پێشکەوتنی زمانەکە، هاندەری من بوو تێزی دکتۆراکەم تەرخان بکەم بۆ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا. ئەم سیاسەتە زمانییەی لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لە ئێران زاڵ بووە، لەسەر بناغەیەکی نادادپەروەرانە و زۆردارانە دامەزراوە، بە بێ گۆڕینی ئەو سیاسەتە زمانییە، واتە بێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تاکزمانی و بێ ئەوەی زمانە نافارسییەکان بە رەسمی بناسرێن، کۆمەڵ و وڵاتی ئێران هەروا بە دەست کێشەی زمانەوە دەناڵێنن.

**حەسەن شێخانی**: بێگومان ئەم مژارە، مژارێکی گرینگ و ڕۆژەڤە، پێم باشە گرینگیی ئەم مژارە بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شی بکەیەوە و لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسەی بکەی.

**د. قادر وریا**: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، چوار پارێزگەی ئێران دەگرێتەوە، وێرای ئەمەش بە میلیۆن کورد لە دەرەوەی ئەو چوار پارێزگایە، لە خۆراسان و پارێزگاکانی دیکە دەژین. کاتێک باس لە مافی نەتەوەیی و مافە زمانییەکانی کورد لە ئێراندا دەکەین، لە ڕاستیدا باسی مافێکی ڕەوای نزیکەی ١٢ میلیۆن کەس دەکەین.

ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕووبەری باشووری کوردستان زۆر گەورەترە، ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، لە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق، زۆر زیاترە. کورد دەیان ساڵە لە دەستووری عێراقدا وەک نەتەوە ناسراوە و زمانی کوردی لە ئاستی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانراوە و لە کوردستانیش

زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا زمانی ڕەسمییە، زانکۆ و ئەکادیمیا و دادگا و پارلمان بە کوردی هەیە، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەو نەتەوەیە لە ئێران، لە دراوسێیەتیی باشووری کوردستاندا وەک نەتەوە سەیری ناکرێت، زمانەکەی بەڕەسمی ناناسرێت و ڕێگای ئەوە نادرێت لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ویستی پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درێژ بە قەرا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی هەیە، هەر لە پێکهاتنی کۆمەڵەی جیهاندانی و لە دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی سمکۆی شکاک، پەروەردە و خوێندن بە کوردی، لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بایەخی پێ دراوە. لە کۆماری کوردستاندا، خوێندنی کوردی هەبووە، لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و زاڵبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەر بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەروەردە بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەڕێوە چووە. لە ماوەی چوار دەیە و نیوی ڕابردوودا، داوای پەوەردە بە زمانی کوردی، هەموو کات یەک لە داوا سەرەکییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی بووە. دەتوانین بڵێین پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بە ویستێکی نەتەوەیی و گشتی.

**حەسەن شێخانی**: ئەم جموجۆڵ و چالاکییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە چۆن دەبینی و هەڵسەنگاندنی جەنابت لەم بوارەدا چییە؟ لایەنە بەهێز و کەمایەسییەکانی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە چۆن لێک دەدەیەوە؟

**د. قادر وریا**: ئەو تێکۆشان و خەباتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییدا هەن، لەوە فراوانترن کە بە جموجۆڵ ناویان بەرین. لە ڕاستیدا بوون بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی فرەڕەهەند کە دیارە پرسی زمان و ناسنامە، هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەکە و چەقی زۆربەی داواکانییەتی. داکۆکی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و تێکۆشانی جۆراوجۆر بۆ پاراستنیان، تایبەت نییە بە پارێزگا یان ناوچەیەکی دیاریکراو، تایبەت نییە بە توێژێک لە خەڵک، لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە و توێژی جۆراوجۆریش تێیدا بەشدارن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیارییەکی بەرزی نەتەوەیی و زمانییان هەیە. ئەوان دەزانن ئەو سەرکوت و کۆسپانەی لەسەر ڕێی زمانی کوردی هەبوون و هەن، ئەو ڕێگرییەی لە پەروەردە بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێت، بووە بە هۆی ئەوە زمانی کوردی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی جۆراوجۆر بێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە، بە دوو شێوەی سەرەکی خەبات دەکەن: لە لایەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانەیان کردووە بە ئەرک لەسەر خۆیان، لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدەن دەوڵەت و دامودەزگاکانی بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسن و چی دیکە مافی پەروەردە بەو زمانە لە خەڵکی کوردستان زەوت نەکەن.

من بوونی ئەم بزووتنەوە کولتوورییە ناسنامەپارێزە، بە بەرهەمی وشیاری و تێگەیشتوویی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانم و زۆر بەرز دەینرخێنم. ڕەسەنایەتی، ڕەگاژوویی بزووتنەوەکە و بەردەوامییەکەی، بڕوامەندبوونی بە بایەخە مودێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی، ژینگەپارێزی، دووربوونی لە توندوتیژی، فرەڕەهەندبوونەکەی، گرنگیدانی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی شانبەشانی ڕێزلێگرتن و پاراستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی کوردستان، ئەمانە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو بزووتنەوەیەن. هەر لەم کاتەشدا پێموایە بێ کەموکووڕی نییە. بۆ نموونە هێشتا ڕێژەیەکی زۆری خەڵک هەن کە دوورەپەرێزن و پێویستە بۆ بەشداری و ئەرک گرتنە ئەستۆ لەم بزووتنەوەیەدا هان بدرێن؛ تێکۆشان و چالاکییەکان، خەسڵەتێکی ناوچەییان هەیە، گشتی و سەرانسەری و پێکەوەگرێدراو نین. مەبەستم ئەوەیە سەرجەمیان لە یەک سەرچاوە و ناوەندەوە، ڕێنوێنی و ڕێبەری ناکرێن. دەکرێت ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکان بەپێی ئەرک و بەرنامە و ئامانجیان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی تایبەت بە خۆیاندا، چەترێک بۆ پێکەوەبوون و هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. بەتایبەتی ئەو ئەنجومەن و ناوەند و چالاکانەی، زمانی کوردی خەمی سەرەکی و هەرە گرنگی ئەوانە، پێویستە هاوکاری و ڕاوێژ و ئامانج و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی چوارچێوەی سیاسەتێکی زمانیی شیاو و کاریگەر دیاری بکەن و بە هاوفکری لەگەڵ یەکتر پلانی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی بۆ دابنێن.

**حەسەن شێخانی: گرینگیدان بە پرسی زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندە دەتوانێ لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ؟**

**د. قادر وریا:** یەکێک لە بەشەکانی ئەم تێزەی من، لەژێر ناوی "زمان و پەروەردە، دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت" لەم مەسەلە گرنگە دەدوێت کە پەروەردە چۆن دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتێکی زمانیی دیاریکراو، نەتەوە دروست بکات. هەر بە نموونە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بە زاڵکردنی زمانی فارسی لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، هەوڵی داوە نەتەوە نافارسەکان لە زمانەکەی خۆیان داببڕێت و هەمووان بکات بە یەک نەتەوە کە ئەو نەتەوەیە، گۆیا نەتەوەی ئێرانە و زمانەکەی فارسییە. مەبەست ئەوەیە دەکرێت بە زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان بسڕیەوە و نەتەوەیەکی دیاریکراو دروست بکەی، وەک ئەوەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو دا کردوویەتی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، دەکرێت نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بەهۆی ڕەسمیەتدان بە زمانەکەی و دابینکردنی پەروەردە بە زمانی خۆی، سیاسەتی توانەوە لە نێو زمان و ناسنامەی داسەپاودا پووچەڵ بکاتەوە و زمانەکەی خۆی کە یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی نەتەوەبوونییەتی، بپارێزێت و بەم جۆرە بەر بە توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگرێت.

دیارە لەم تێزەدا داکۆکی لەوە کراوە کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد لە وڵاتێکی وەک ئێران، بۆ ئەوەی نەتوێتەوە و مانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەک دەستەبەر بکات، پێویستە پێگەیەکی دەستووری بۆ خۆی دابین بکات بە جۆرێک کە هەم پشکێکی کاریگەری لە بەڕێوەبەریی وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێت، هەم بەڕێوەبەرییەکی تایبەت بەخۆی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەی، ڕاییکردنی مافە نەتەوەییەکان و بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرزەوی و شار و ناوچەکانی کوردستان و دانیشتووانی، هەبێت. گرنگترین ئەرکیش لەسەر شانی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دەبێت، پەروەردە بە زمانی کوردییە کە پاراستن و گەشەی زمانەکە دەستەبەر دەکات.

**حەسەن شێخانی:** چەندە لەگەڵ ئەم ڕایەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا و پێش گەیشتن بە ڕزگاری، پرسی دروستبوونی زمانی ستاندارد یان یەکگرتووی کوردی، لە پلەی دوویەمی گرینگیپێدانادایە؟ یا پرسیارەکە بەم شێوەیە بێنینە ئارا کە گرینگینەدان بە پرسی دروستکردنی زمانی ستانداراد لە قۆناغی شۆڕشدا، چەندە دەتوانێ زیان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی کورد بگەیەنێ؟

**د. قادر وریا:** ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگە. پرسی زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد، هەستیارییەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر بە دووربینی و ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی سوودگەیاندن بە یەکگرتوویی نەتەوەییمان، دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆیی و لێک دوورکەوتنەوە. هەر کات باس لە زمانی ستاندارد بۆ کورد دەکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە نەک یەک کوردستان، بەداخەوە چەند کوردستانمان هەیە، واتە لانیکەم چوار پارچەی کوردستانمان هەیە کە هەر یەکەی بە وڵاتێکەوە لکێندراوە، و ڕێژیم و سیستەمێکی سیاسیی جیاواز و بە زۆریش دژ بە کورد بەسەریاندا زاڵە. جگە لە باشووری کوردستان و عێراق کە بە ڕەسمی دان بە بوونی نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا نراوە و لە شێوەی فیدراڵیدا جۆرێک مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد بەڕەسمی ناسراوە، لە پارچەکانی دیکە و لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سوریا بە داخەوە نەتەوەی کورد پێگەیەکی دەستووریی نییە و مافە زمانییەکانی دانیان پیدا نەنراوە و بە ڕەسمی نەناسراون.

جگە لەمەش ئەم کوردستانانە لە ڕووی سەردەستبوونی زارێکی زمانی کوردی و پێشینەی بەکارهێنانی دیالێکتێکی زمانی کوردی لە نووسیندا، جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، دیالێکتی کورمانجیی ژووروو هەم ئاخێوەری زیاتری هەیە، هەم پێشینەی نووسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بەو دیالێکتە زیاترە، هەروەها نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین لەو دوو بەشە برەوی هەبووە. بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەڵات، دیالێکتی کوردیی نێوەڕاست (کە بە سۆرانی ناسراوە) وەک زمانی ستاندارد هەتا ڕادەیەکی زۆر جێ کەوتووە. چاوەڕوانیی ئەوە کە یەک زمانی ستاندارد لە هەر چوار پارچە جێ بکەوێت و وەربگیرێت، چاوەڕوانییەکی نەگونجاو و دوور لە ڕاستییە؛ چونکە جگە لەوەی هەر یەکێک لەو دیالێکتە کە بوون بە بنچینەی زمانێکی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستان، لەبەشەکانی دیکە پێشینەیان نییە و ئاخێوەری

کەمتریان هەیە، هاوکات سیستەمی سیاسی و ئیداری و یاسایی و پەروەردەش لەزۆربەی ئەو کوردستانانە بەدەست کوردەوە نین، تا لە ڕێگای ئەوانەوە ئەم زمانە ستانداردەیان بەسەردا فەرز بکرێت.

من پێم باشە بە پلەی یەکەم ئەم دوو ستانداردییە قبووڵ بکەین، هاوکات هاندەری هەر تاکێکی کورد بین کە فێری ئەلفوبێ و خوێندنەوە و تێگەیشتن بە زمانە ستانداردەکەی دیکەش بێت. لە ئاست بڵاوبوونەوەی نووسین و ئەدەبیات بە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی(لە دەرەوەی ئەو زمانە ستانداردە) هەستیار نەبین و دژایەتییان نەکەین و وەک سامانی زمانی کوردی لێیان بڕوانین. تەنانەت لە قۆناغی باخچەی ساوایان و پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییدا، قورسایی پەروەردە بەو زارانە بێت کە منداڵان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەن، لە پۆلەکانی دواتر و قۆناغەکانی سەرتردا، با پەروەردە بە زمانە ستانداردەکە بێت. مەبەستم ئەوەیە جێخستنی زمانی ستاندارد لە کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە فرەزاریی زمانی کوردی و هەستیاریی ئاخێوەرانی ئەو زارانە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان، باسی لێ بکرێت و ڕێگای بۆ بدۆزرێتەوە، نەک بە سەپاندن. چونکە ئەگەر بە زۆر و سەپاندن بێت، ئەو جار دەبێتە سەرچاوەی لێک دوورکەوتنەوە و دروستبوونی کەلێنی نەتەوەیی. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیداین، بە زیانێکی گەورە بەسەرماندا دەشکێتەوە.

**حەسەن شێخانی**: خۆتان دەزانن یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران ئەوەیە کە زمانی کوردی بۆ ئاستی زمانی لۆکاڵی دابەزێنێ، ئەمەش لەو ڕاستایەدایە کە کورد لە نەتەوەوە بۆ ئێتنیک دادەبەزێنێ؛ دەیەوێ هەم زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ و هەم زاراوەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی شێوێندراو، لە هەمبەر زمانی یەکگرتووی کوردی زەق بکاتەوە، جەنابت لەم بارەوە چۆن بیر دەکەیەوە و ئەم پرسە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**د. قادر وریا**: لۆژیکی ڕێژیمەکانی ئێران و بە گشتی هەموو ئەوانەی لە ڕووی فکرییەوە دەکەونە بازنەی ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە، ئەو نەتەوەیەش زمانەکەی فارسییە. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی ئەدی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب چن؟ نەتەوە نین؟ زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز نییە؟ دەڵێن نەخێر ئەوانە قەومن، زمانەکەشیان زمانێکی قەومییە، لۆکاڵی(خۆجێیی)یە، "گویش" یان زارێکی زمانی فارسییە، ئەگەر لقێکی زمانی فارسییش نەبێت، هەر زمانێکی تەواو نین و ناتوانن زمانی پەروەردە و یاسا و زانست و...هتد بن! تەنیا دەتوانن زمانی شوانکارەیی و کشتوکاڵ و فۆلکلۆر بن! ئایدۆلۆژیای ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونە ناڕاستە دامەزراوە کە ئەگەر پێکهاتەی خەڵکی ئێران وەک چەند نەتەوە بە چەند زمانی جیاوازەوە پێناسە بکەن، ئێران لێک هەڵدەوەشێ. هەر بۆیە هەر چەندی بۆیان بکرێت نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان، سووک و چووک دەکەنەوە. تا بیری خۆ بە نەتەوەزانین و قایلبوونی پێگەی نەتەوەیی و زمانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان و زمانەکەیان، لە مێشکیان بەرنە دەر. یەکێک لەو هەوڵانەیان

ئەوەیە کە شتێکی وەک زمانی یەکگرتووی کوردی بەرجەستە نەبێتەوە و کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد نەبێت، هەتا بتوانن زمانی کوردی وەک کۆمەڵێک زار کە پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە نییە و ئاخێوەرانیان لێک تێناگەن، بناسێنن. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە شوومەیاندا، تێدەکۆشن هێندێک زار لە زمانی کوردی دابڕن و وەک زمانێکی جیاواز، پێناسەیان بکەن و هانی ئاخێوەرانیان بدەن کە خۆیان وەک خەڵکێکی جیاواز لە نەتەوەی کورد و زاری قسەکردنیان، بە شتێکی جیاواز و لە دەرەوەی زمانی کوردی بناسێنن، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن بە شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیان مایە دابنێن.

لێرەدایە کە تاکێکی کورد لە ئێران دەبێت لەم ڕاستییە تێ بگات کاتێک ڕێژیمی ئێران یان ڕووناکبیرانی سەر بە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بایەخ بە تەنیا زارێکی زمانەکەی دەدەن و پێگەیەکی تایبەتی وەک زارێکی سەربەخۆی بۆ قایل دەبن، ئەویش لە کاتێکدا کە ئامادە نین کۆی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ڕەسمی بناسن، مەبەستێکی خێریان نییە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەوڵانەدا، ئەرکی هەر تاکێکی کوردە جا هەر ئایین و ئایینزایەکی هەبێت، لە هەر هۆز و شار و ناوچەیەک بێت و بە هەر زار و بنزارێک قسە بکات، بڵێت ئێمەی کورد یەک نەتەوەین و خاوەنی یەک زمانین کە ئەویش زمانی کوردییە. واتە دەمارگرژی لە ئاست ئایین و ئایینزا و زار و بنزار و هۆز و شار و ناوچە، نابێت وامان لێ بکات زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانیان لە پێناودا بکەینە قوربانی.

**حەسەن شێخانی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خۆتان یەکێک لە کەسە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردیی ڕۆژهەڵاتی و، ناسینێکی لە نێوەوە لەم بارەوە هەیە، کارکردنی حیزبە کوردییەکان لە بواری زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەوان گرینگیی تەواویان داوە بە پرسی زمان و کاریان کردووە بۆ یەکگرتووکردنی زمانی کوردی؟ یان بە پێچەوانە خۆیان هۆکارێکی پرشوبڵاوی و ناکۆکی لە پرسی زمانی یەکگرتوودا بوون؟

**د. قادر وریا**: وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا وتم، ئێمە بە داخەوە کوردستانێکی یەکگرتوومان نییە و چەند کوردستانمان بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز و بە بارودۆخی سیاسیی لێک جیاوازەوە هەیە. بۆیە بێگومان لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا بەرانبەر پرسی زمان جیاوازی هەبووە و هەیە. دیارە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هەڵگری پرسی نەتەوەیی نەبوون، زیاتر خۆیان بە حیزبی چینێکی دیاریکراو و هەڵگری پرسی چینایەتی زانیوە،گرنگییەکی ئەوتۆشیان بە مافە نەتەوەییەکان بە تایبەتی پرسی زمان نەداوە، بەڵام ئەو حیزبانەی بۆ ڕزگاریی کورد لە بندەستی و داگیرکراوی، خەباتیان کردووە، بەو هۆیەوە کە پرسی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆنتێسکتی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییدا گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، زۆربەیان داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردییان کردووە. من زیاتر لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و شارەزاییم هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی سەرەکی و ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیەی هەیە، بۆیە دەکرێ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە،

سیاسەتی زمانیی ئەم حیزبە وەک نموونە وەربگرین. دەتوانم بڵێم حیزبی دیموکرات سیاسەتێکی نەتەوەیی و دروستی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زماندا هەبووە. ئەم سیاسەتە زمانییە لە پیوەندی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێراندا، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستان و کردنی بە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری کردووە. لەنێوخۆیدا و ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی لە دەستی هاتووە بۆ خزمەتی ئەو زمانە، بە تایبەتی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی، خۆی لێ نەپاراستووە. لە ئەدەبیاتی نووسراوی خۆیدا ڕەچاوی نووسین بە زمانی ستانداردی کردووە، هیچ کات لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی زمانی کوردی و داکۆکی لێکردنی غافڵ نەبووە. ڕەهەندێکی پڕشنگداری دیکەی ئەم سیاسەتە زمانییەی حیزبی دیموکرات، داکۆکی لە مافە زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هەروەها مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە ناکوردەکان لە کوردستانە.

**حەسەن شێخانی:** ئایا پێویستە کورد لە ئێستاوە، واتە لە قۆناغی شۆڕشەوە لە بیری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ؟ هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی لەم بارەوە چۆن دەبینی؟

**د. قادر وریا:** پرسیارێکی بەجێیە. سیاسەتی زمانی، شتێک نییە کە تەنیا ئەو کاتەی دەسەڵاتی نیشتمان و ولاتی خۆمان بە دەستەوەیە بیری لێ بکەینەوە. هەر لەجێدا سیاسەتی زمانی هەر تایبەت نییە بە دەوڵەتان؛ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش دەتوانن سیاسەتی زمانییان هەبێت. حیزبێک هەروا کە بۆ بوارەکانی وەک سیاسی و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و بواری کولتووری، ڕوانگە و باوەڕەکانی خۆی گەڵاڵە دەکات و بە خەڵکیان دەناسێنێت، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زمانیشدا، بەرچاوی ڕوون بێت و بڕیار و پەسندکراوی ئەوتۆی هەبێت کە ڕێگایەکی دروست و ئاسۆیەکی ڕوون نیشانی ئەندامان، جەماوەری خۆی و ئەو خەڵکە بدات کە پشتیوانیی لێ دەکەن. سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆیە پێویستە لە ئێستاوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە پرسێکی ئاڵۆزە و لەنێو خەڵکدا بیروڕای جیاواز و تەنانەت ناکۆک لە بارەیەوە هەیە. ئەگەر ئێستا قسەی لەسەر نەکرێت، ڕەهەندە جیاوازەکانی نەکەونە بەر باس و شەنوکەو نەکرێن، سوودەکان و مەترسییەکانی هەر یەک لە ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکان ئێستا ڕوون نەکرێنەوە، لەوانەیە تا دەگەینە ئەو ڕۆژەی، وەک کورد چارەنووسی خۆمان دەگرینە دەست، زۆر لێک دوور بکەوینەوە. من بە نۆرەی خۆم لە ڕێگای ئەم تێزەوە، هەوڵم داوە بە وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی شارەزایان و چالاکانی بواری زمان و پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێکدانەوە و شێکردنەوەی ڕوانگە و خوێندنەوەی ئەوان، نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەری پرسی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەڵاڵە بکەم، نەخشەڕێگایەک کە بناغەکەی لەسەر بەڕەسمی ناسینی فرەزمانی، مافەزمانییەکان، پەروەردە بە زمانی دایک و ویستی ئێستای خەڵکەکەمان دامەزراوە. ئەم نەخشەڕێگایە دەکرێت و زۆریش پێویستە لە لایەن شارەزایانی بواری پەروەردە و زمان قسەی لەسەر بکرێت، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکرێن و بەجۆرێک دەوڵەمەند و گشتگیر بکرێت کە دیدێکی



سەرچاوە
Serchawe

هاوبەش و بەرچاوڕوونییەک بۆ داهاتووی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست ببێت.

**حەسەن شێخانی: ئاسۆی مافخوازیی کورد و بەتایبەت چڕبوونەیەیان لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**د. قادر وریا:** چارەسەری پرسی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی لە ئێران، بە دوو لایەنەوە بەستراوەتەوە. لایەنێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی بزووتنەوە کولتووری و مەدەنییەکەی و حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکانن، لایەنەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە تاران لەسەر کارە. ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، زۆر بە ئاسۆی مافخوازیی کورد بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ داواکردنی مافە زمانییەکانیاندا گەشبینم. ئەوەی لە هیچمان شاراوە نییە ئەو وشیارییە نەتەوەیی و زمانییە ڕوو لەگەشەیەیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەدیی دەکرێ. ئەم وشیارییە هاندەر بووە بۆ ئەو هەمووە هەوڵ و چالاکییانەی لە پێناوی پاراستنی زماندا وەڕێخراون، هەر لە پێکهاتنی سەدان فێرگەی زمانی کوردی، هەڵمەتی بەکوردینووسین لە سۆشیالمیدیادا، بایەخدان بە فەرهەنگنووسیی کوردی و توێژینەوە لە سەر ڕێزمانی زارە کوردییەکان تا دەگاتە خەبات و پێداگری لەسەر بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی. ئەم هەوڵانە وایان کردووە کە زۆربەی تاکەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات گرنگی بە پاراستنی زمانی خۆیان بدەن و مەترسیی لەدەستدانی زمانی کوردی و توانەوە لە زمان و ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا کەم بێتەوە.

وەک ئاماژەم پێکرد، ئەم هاوکێشەیە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێرانە. بە ناسیاوییەک کە لەو ڕێژیمە و ئایدۆلۆژیایەک کە ئەو ڕێژیمەی لەسەر دامەزراوە، هەمە، ئەو پێز و مایەیان تێدا نابینم بەدەنگ داوای ڕەوای کورد و هیچ کام لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە بواری زماندا بێن و وەڵامی ئەرێنییان بدەنەوە. نەک هەر ئەم ڕێژیمە بەڵکوو ڕێژیمەکانی داهاتووش ئەگەر ئایدۆلۆژیای یەک نەتەوە و یەک زمانیان بۆ ئێران هەبێت، هەر دژی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەوەستنەوە. بۆیە ڕێگاچارەیە هەر ئەوەیە خەباتمان هەتا لابردنی ئەو ڕێژیمە. و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی کە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا بە ڕەسمی بناسێت، درێژە بدەین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

---



سەرچاوە Serchawe

# وتووێژ لەگەڵ دکتۆر فەراز فیرووزی دووبارە بیرکردنەوە لە چەمکی «مافی مرۆڤ» لەنێو چوارچێوەی فرەنەتەوەیی ئێراندا.

## بەشی یەکەم



## پێشەکی:

چەمکی مافی مرۆڤ یەکێکە لە چەمکە باوەکان لە گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێراندا. دژبەران و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی زۆربەی کات بە پشت بەستن بەم چەمکە، ڕێژیم بە پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتبار دەکەن و شەرعییەتی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پشتی ئەم ئاستە ڕووکەشییەوە، پرسیاری قووڵتر هەن سەبارەت بە چییەتی، ئەرک و سنووردارێتییەکانی گوتاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا؛ لەوانە ئەوەی کە ئەم گوتارە تا چەند ئاوڕی لە پرسی نەتەوەکان، جیاکاریی سیستەماتیک و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئێرانی فرەنەتەوەدا داوەتەوە. ئایا ئەم گوتارە توانیویەتی بچێتە نێو پرسی نەتەوەکان و جیاکاریی مێژوویی دژی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئێراندا؟
بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسیارانە و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە کەمتر بینراوەکانی بابەتەکە، وتووێژێکمان لەگەڵ دکتۆر فەراز فیرووزی، پارێزەر و مافناسی نێودەوڵەتی، ئەنجام داوە.

**حەسەن شێخانی: بە ڕای ئێوە چ هۆکارێک بوونەتە هۆی ئەوەی کە چەمکی مافی مرۆڤ لە دەیەکانی ئەم دواییەدا ببێتە یەکێک لە چەمکە سەرەکی و باوەکان لە گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێراندا؟**

**د. فەراز فیرووزی**: هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمی ئیسلامییەوە، بابەتی پابەندبوون بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ هەمیشە یەکێک بووە لە جیددیترین بەڵگەکانی دژبەرانی حکوومەت سەبارەت بە ناشەرعی بوونی حکوومەتی ئیسلامی.

لەلایەکی ترەوە، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە خستنەڕووی تیۆرییەکانی پەیوەست بە «جیاوازی و ڕێژەگەریی کولتووری» و بە پشت بەستن بە دۆکترینی سیاسی - فەرمانڕەوایی شیعە، هەوڵیان دا ئەو نۆرمە یاساییانەی کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەفەرمی ناسراون، بخەنە ژێر پرسیارەوە.

ئەم پرسە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بەیاننامە سیاسییەکانی حکوومەتە تازەدامەزراوەکەدا سەبارەت بە پابەندنەبوون بە دوو پەیماننامەکەی مافەکانی مرۆڤ (کە لە ساڵی ١٩٦٦دا لەلایەن حکوومەتی شاهنشاهییەوە پەسەند کرابوو) دیارە. بێگومان ڕێژیم، بەدوای دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە بڕیارنامەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و دواجار بەهۆی فشارە بەربڵاوەکان بەدوای کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ (١٩٨٨)دا، ناچار بوو گوتاری فەرمیی خۆی سەبارەت بە مافی مرۆڤ بگۆڕێت و بۆ یەکەم جار ڕێگە بدات ڕاپۆرتەری دۆخی مافی مرۆڤی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ (کە ئێستا ئەنجومەنی مافی مرۆڤە) سەردان بکات.

ئەم پێشەکییە کورتە، شێوازی گۆڕانکارییە گوتارییەکانی حکوومەتی ئیسلامی بە تێپەڕبوونی کات و لەژێر فشاردا سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە .کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی، بۆ پاراستنی شەرعییەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و بەدوای ئابڕووچوونی تیرۆرە دەوڵەتییەکانی ڕێبەرانی کورد لە ئەورووپا و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری لەگەڵ دژبەراندا، لە هەڵوێستی دژایەتیی تەواوەوە بەرامبەر بە چەمکی مافی مرۆڤ، ڕووی کردە پێشکەشکردنی وەشانێکی شیعەگەریانە لە مافی مرۆڤ لە ناوەندە فیکرییەکانی ڕێژیمدا، لەوانەش لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مافی مرۆڤی زانکۆی موفیدی قوم.

ئەنجامی لۆژیکیی ئەم پێشەکییە ئەوەیە کە تەنانەت کۆماری ئیسلامیش بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت، دەستی داوەتە پێشکەشکردنی وەشانە دەستکاری کراوەکەی خۆی لە مافی مرۆڤ لە بەرامبەر گوتارە ڕکابەرەکانی مافی مرۆڤ، بەرەی نیشتمانی، نەتەوەیی-ئایینییەکان و ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات.

**حەسەن شێخانی: لە گوتاری مافی مرۆڤی ڕەوتە دژبەرەکاندا، پەیوەندیی نێوان «مافە تاکەکەسییەکان» و «مافی بەکۆمەڵی نەتەوەکان» بەتایبەتی پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس، چۆن پێناسە دەکرێت؛ ئایا ئەم ڕوانگەیە لە بنەمایەکی تیۆریی یەکگرتووەوە سەرچاوەی گرتووە یان زیاتر لایەنێکی ئامرازی و سیاسیی هەیە؟**

**د. فەراز فیرووزی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە پرسیاری یەکەمدا باس کرا، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا (بە مانا گشتییەکەی) ئێمە ڕووبەڕووی گوتاری سیاسیی جیاواز دەبینەوە کە بەپێی چییەتیی بوون و ئەرکی سیاسیی خۆیان، سوود لە ئامرازی مافی مرۆڤ وەردەگرن. بۆیە، دەربڕینی ڕایەکی ورد سەبارەت بەم بابەتە، پێویستی بە توێژینەوەی کەیس بە کەیسی وەڵامە یاساییەکانیان هەیە بۆ هەر یەک لە نموونەکانی مافی مرۆڤ و لە سەرووی هەمووشیانەوە، بابەتی بنەڕەتیی «مافی دیاریکردنی چارەنووس».

بۆ چوونەنێو باسەکەوە بە ڕوونی، جەخت دەکەمەوە کە مەبەستم لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەم دەستەواژە یاساییە ناسراوەیە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا، لەوانە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:

**All peoples have the right of self-determination**

بەڵام ئەم دەربڕینە یاساییە خۆی هەر لە سەرەتای پەسەندکردنییەوە جێگەی ناکۆکیی جیددیی یاسایی بووە سەبارەت بە چەمکەکانی نێوی، ئاسەوارە یاساییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و سنوورەکانی. بۆیە پێویستە بۆ خۆلادان لە گشتاندن و گەیشتن بە ئەنجامێکی خێرا، پرسیارە بنەڕەتییەکانی دەوری ئەم مافە لەبەرچاو بگیرێن:

مەبەست لە People لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە و لە زمانی یاسایی فارسیدا زیاتر وەک هاوتای «نەتەوە» بەکار هێنراوە، چییە؟ کێ لە پێناسە یاساییەکەیدا بە گەل/نەتەوە ناودەبرێت؟

ئایا مەبەست لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، لایەنی تاکەکەسییەکەیەتی لە دیموکراسییەکی لیبراڵدا یان مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی بەکۆمەڵە؟ سنوورەکانی ئەم مافە تا کوێیە؟

بە وردبوونەوە لەم پرسیارە بنەڕەتییانە، دێینە سەر تاوتوێکردنی گوتارەکانی مافی مرۆڤ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا. بە دیاریکراوی پرسیاری ئێمە، تێڕوانینی مافی مرۆڤی ڕەوتە جیاوازەکانی ئێرانە سەبارەت بە ناساندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی/نەتەوەی کورد.

**چەمکی یاسایی گەل/نەتەوە لە دۆکترینی یاسایی – فیقهیی کۆماری ئیسلامیدا**

لێکۆڵینەوە لە دەستووری کۆماری ئیسلامی، شێوازی سیستەمی فیکریی داڕێژەرانی دەستوور لە پێشکەشکردنی چەمکێکی یاسایی لە نەتەوە پیشان دەدات. لە پێشەکیی دەستووردا ١٤ جار وشەی «نەتەوە» دووبارە بووەتەوە کە بەردەوام پاشگری

لێڵی «مسوڵمانان» یان «خەڵکی مسوڵمان»ی لەگەڵە. لە درێژەدا، بە لەبەرچاوگرتنی خوێندنەوەی شیعە بۆ فەرمانڕەوایی، وشەی «ئوممەت» و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پاراستنی بنەماکانی ئیسلامی شیعە جێگەی سەرنج بووە. ئەم شێواوییە فیکرییە بۆ بەندەکانی دەستووریش گوازراوەتەوە. لە چەندین بەندی دەستووردا داڕێژەرانی یاسا بەبێ پێشکەشکردنی پێناسەی یاسایی یەکگرتوو، بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک وشەی تری وەک «نەتەوەی ئێران» و «خەڵکی ئێران»ی بەکار هێناوە.

بێ لەبەرچاوگرتنی ناتەبایی یاسایی ئەم وەسفانە و سەرلێشێواویی داڕێژەرانی دەستوور سەبارەت بە چەمکی ناسراوی نەتەوە/گەل، داڕێژەرانی یاسا بەهۆی توخمە ئایینی و زمانییەکانی کە لە بەندەکانی دوازدە و پازدەدا هاتوون، مەبەستی خۆیان لە چەمکی گەل/نەتەوە لە چوارچێوەی ناسنامەی فارسی/شیعیدا دەردەخەن. لە کۆتا بەندی دەستووریشدا بە جەختکردنەوەی دووبارە لەسەر ئەم توخمانە، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک سەبارەت بەوان قەدەغە کراوە و ڕێگە لە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی یاسایی لەم بوارەدا گیراوە. بۆیە، ئاشکرایە کە لە دۆکترینی یاسایی - فیقهیی کۆماری ئیسلامیدا بە هیچ شێوەیەک ناساندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی/گەلی کورد مومکین نییە.

ئەم نەناساندنەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردەکان تەنیا بە شێوەی نەرێنی نەبووە، بەڵکوو بە شێوەی ئەرێنی، توندوتیژانە و بە پێشێلکاریی زەقی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا (کوردستان بە مانا گشتییەکەی، نەک تەنیا قبووڵکردنی دابەشکارییە ئیدارییەکانی کۆماری ئیسلامی و سنووردارکردنی کوردستان بە پارێزگای کوردستان) ئاوێتە بووە.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم، لە کاتێکدا کە دانپێدانانێکی کەمینە و وریایانە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا هەیە، بەڵێنی ئێرانێکی دیموکراتیک بە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان لە داهاتووی کۆماری ئیسلامیدا دەدات.

خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە مافی مرۆڤ لە گشتییەتیی خۆیاندا ئەرێنین و توخمە ناسراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکانیان تێدایە. بەڵام کاتێک ناکۆکی دروست دەبێت کە گەلی/نەتەوەی کورد، لەوە زیاتر کە بەڵێنی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مسۆگەرکردنی نموونە تاکەکەسییەکانی بدرێتێ، داوای مسۆگەرکردنی مافی بەکۆمەڵیی خۆی واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکات. لێرەدایە کە هەموو ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە زیرەکی و دووربینییەوە باسی هاووڵاتیبوونی یەکسان دەکەن و بە ئەنقەست و بە ئاگاهییەوە نکۆڵی لە لایەنی بەکۆمەڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەن. بە بڕوای من، زۆربەی ڕەوتە سیاسییەکان بە خستنەڕووی دروشمی دڵڕفێن و فریودەری ئێرانی دیموکراتیک و هاووڵاتیانی یەکسان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامە نەتەوەییەکان، جۆرێک لە تواندنەوەی ناسنامەیی پەیڕەو دەکەن کە لایەنی بەکۆمەڵیی مافی دیاریکردنی چارەنووس هیچ جێگەیەکی تێدا نییە.

**حەسەن شێخانی**: بۆچی بەشێکی گەورەی ڕۆشنبیران و چالاکوانانی مافی مرۆڤی ناوەندگەرا لە ئێراندا، بەرامبەر بە «ستەمی نەتەوەیی» و جیاکاری دژی نەتەوە غەیرە فارسەکان بێدەنگن یان پشتگوێی دەخەن؟ ئایا ئەم ڕوانگەیە دەرەنجامی نەزانییە یان ڕەنگدانەوەی خۆبەزلزانییەکی کولتووری - نەتەوەیی دامەزراوەییە لە گوتاری باڵادەستدا؟

**د. فەراز فیرووزی**: بەداخەوە من ئەم بێدەنگییە بەهۆی کەمتەرخەمیی سادە یان ئاگانەبوون لە ڕووداوە دژە مرۆییەکان، بەتایبەتی لە کوردستاندا، نابینم؛ بەڵکوو پێم وایە جۆرێک لە بەرژەوەندیخوازیی سیاسی لەم بابەتەدا لەلایەن نوخبە و ڕەوتە سیاسییەکانی ئێرانەوە هەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ (١٩٨٨) بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکانەوە دانپێدانانی یاسایی پێ کراوە، بەڵام کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی کە بەدوای فەتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینیدا دژی کوردستان ئەنجام دران، هەرگیز دانپێدانانی فەرمی و یاساییان پێنەکراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دانپێنەنانە، بەرژەوەندیخوازییە سەبارەت بە دۆکترینی «جیابوونەوەی چارەساز» لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە بەپێی ئەو دۆکترینە، پێشێلکاریی سیستەماتیک و زەقی مافی مرۆڤ لەناو وڵاتێکدا دژی نەتەوەیەکی ستەملێکراو، هیچ چارەیەک جگە لە جیابوونەوە ناهێڵێتەوە.

**حەسەن شێخانی**: چۆن دەکرێت گوتاری مافی مرۆڤ دابڕێژرێتەوە تا لەبری ئەوەی ببێتە ئامرازێک بە دەستی بەشێک لە ڕەوتی ڕۆشنبیری بۆ پەراوێزخستنی پرسی نەتەوەکان، ببێتە گوتارێکی گشتگیر و گونجاو لەگەڵ واقیعی فرەکولتووری و فرەنەتەوەیی ئێران؟

**د. فەراز فیرووزی**: دەبێت بڵێم بۆشاییە مەعریفییە سیاسی-یاساییە بەرچاوەکان هەن سەبارەت بە نموونەکانی مافی مرۆڤ و سنوورەکانی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی زۆرینە ناوەندگەراوە لەبەر ڕۆشنایی واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و نەتەوەکانی تردا. ئەم کەموکوڕییە مەعریفییە تەنیا بە قبووڵکردنی واقیعەکان، ناساندنی مافەکانی ئەویتر و گۆڕینی تێڕوانین نایەتە دی؛ شتێک کە بەداخەوە ئەزموونی مێژوویی پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت.

لەوانەیە بتوانرێت ئیدعا بکرێت کە کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنە ناوەندگەراکەی لە دۆگماتیزمی مەعریفیدا سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ناساندنی مافی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک، خاڵی هاوبەشیان هەیە. بۆ سەلماندنی ئیدعاکەم، سەرنجتان بۆ لایحە یاساییەکەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە کەیسی ڕای ڕاوێژکاریی دادگەی نێودەوڵەتیی داد ڕادەکێشم کە تێیدا وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕای یاسایی خۆی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی کۆسۆڤۆ و چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە فەرمی لە ڕێکەوتی ١٧ی نیسانی ٢٠٠٩دا بۆ دادگەکە ناردووە.

جێگەی باسە بەهۆی گرنگیی بابەتەکە بۆ کۆماری ئیسلامی، وەزارەتی دەرەوە بۆ ڕێکخستنی ئەم لایحە یاساییە تەنانەت سوودی لە ڕای مافناسە ئێرانییە ناهەماهەنگەکانیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەرگرتووە!

لە بنەڕەتدا بەڵگەی ئێران لە لایحەکەدا لەسەر ئەوە دامەزراوە کە یەکپارچەیی خاک لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێسایەکی ئامرەیە و بە هیچ شێوەیەک قابیلی دەستکاری نییە. لەم ململانێ یاساییە جیهانییەدا، تەنیا دەوڵەتەکانی ئێران و ڕووسیە باوەڕیان بە ئامرەبوونی پرەنسیپی یەکپارچەیی خاک هەبوو. لە بەرامبەردا، دەوڵەتەکانی نەرویج، سویسرا و هۆڵەندا لە لایحە یاساییەکانی خۆیاندا دژایەتیی ئەم بەڵگەیەیان کرد.

لە لایحە یاساییەکەی ئێراندا هەروەها هاتووە کە تەنانەت «پێشێلکاریی زەقی مافی مرۆڤ و مافە مرۆڤدۆستانەکان بە ڕەهەندی بەربڵاو لە هەندێک ناوچەی وڵاتێکدا، مافی جیابوونەوەی تاکلایەنە بۆ قوربانییەکان دروست ناکات». لەم بەشەدا، ئێران بە توندی دۆکترینی «جیابوونەوەی چارەساز» تەنانەت لە حاڵەتی ڕوودانی کارەساتبارترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیشدا ڕەت دەکاتەوە. ئێران بە پشت بەستن بە ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە ماددەی ١ی هەمان پەیماننامەدا هاتووە، بۆ نموونەکانی مافە تاکەکەسییەکانی کەمینەکان، وەک مافە کولتوورییەکان و سرووتە ئایینییەکان، دادەبەزێنێت و سنوورداری دەکات.

بە وردبوونەوە لەم لایحە یاساییە کە گرنگترین بەڵگەنامەی یاساییە بۆ ئاگاداربوون لە تێڕوانینی لایەنی ئێرانی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەتوانم بڵێم مافی دیاریکردنی چارەنووس لە فەرهەنگی یاسایی ئێرانیدا ئەویش لە گەشبینانەترین حاڵەتدا لە چوارچێوەیەکی هاوشێوەی ئەوەی کە پێی دەوترێت مافەکانی خەڵکی ڕەسەن (Indigenous People/ گەلی خۆجێی) قبووڵ کراوە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ویستی مێژوویی کوردەکان و خەباتە بەردەوامەکانیاندا یەک ناگرێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، من پێم وایە پارتە کوردستانییەکان دەبێت سەرەتا لە ڕێگەی دۆکترینێکی یاسایی گشتگیرەوە، ستراتیژی خۆیان بۆ داڕشتنی داخوازییە سیاسی-یاساییەکانیان لە بواری ناساندنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس»دا دیاری بکەن و دواتر، پاش ناساندنی یاسایی ئەم مافە، بە شێوەی تاکتیکی و بێگومان بە گەڕانەوە بۆ ویستی گشتیی خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە شێوە، سنوور و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی هەنگاو بنێن. بەبێ داڕشتنی بنەما یاساییە پتەوەکان، هەر جۆرە داواکارییەکی دابەشکردنی دەسەڵات، فیدراڵیزم و چەمکەکانی لەم جۆرە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی یاسایی بێشومار دەبێتەوە. بێگومان لە دۆخی ئێستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە جیهان و ناوچەکەدا، هەبوونی هێز و کۆنترۆڵی کاریگەر، گەرەنتیی زاڵبوونی یاساییش دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥


سەرچاوە
Serchawe

## **شاهۆ حوسێنی**: بەربەستێکی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی کێشەی هزری و گوتارییە، نەک بەتەنیا سیاسی



### ئاماژە:

پرسی نەتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن و ناسنامەی نەتەوەییان جێگیر بووە و هیچ مەترسییەکیان لەسەر نەماوە، لە ڕۆژەڤ کەوتووە. ئەم نەتەوانە بە شێوەیەکی دەزگامەند و دامەزراوەیی، لەپێناو نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کار دەکەن و وێڕای ئەوەی کە بەردەوام خەریکی نوێکردنەوەی نەتەوە و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمدان، بەڵام لە کاتی ئاساییدا لە ڕاگەیەنەکاندا ڕیتۆریکی نەتەوە و نەتەوەخوازی بەرچاو ناکەوێت. کە دەڵێین لە ڕۆژەڤ کەوتووە، بەو مانایەیە کە بۆ نەتەوە بندەست و داگیرکراوەکان لە ئارادایە، ئەگینا تا ئەم نەزمە وێستفالییە هەبێت و تا نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوەدا خۆیان ڕێک بخەن و نوێنەرایەتی بکەن، چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی هەروا زیندوو و بەرۆژە. پرسی نەتەوە بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست کە خاکی داگیر کراوە، لە ڕۆژەڤدایە و تا ئەو کاتەی پرۆسەی نەتەوەسازیی کورد کامڵ دەبێت و لە دەوڵەت–نەتەوەدا جێگیر دەبێت، پرسی هەرە گرنگی کورد دەبێت. لەم دیمانەیەدا کە لەگەڵ شاهۆ حوسێنی، نووسەر و توێژەری فەلسەفە، پێکمان هێناوە، دەپرژێینە سەر پرسی نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؛ پەیوەندیی نێوان گوتار و پراکتیکی کورد لەم بیاڤەدا؛ باسی پراکتیکی بزووتنەوەی کورد، گرێدراو لەگەڵ گوتار و هزری نەتەوەیی دەکەین؛ چۆنیەتیی خۆپێناسەکردن و ڕوانین بۆ خۆمان و ئەویتر و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕەهەندە پراکتیکییەکەیدا لێک دەدەینەوە و ڕیشەی فکری و گوتاریی کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی کورد شرۆڤە دەکەین.

**حەسەن شێخانی**: پێناسەی ئێوە بۆ ناسیۆنالیزم چییە؟

**شاهۆ حوسێنی**: ڕەنگە زۆر شرۆڤە و پێناسەی جیاواز لە ناسیۆنالیزم کرابێت، بەڵام بە باوەڕی من بەبێ تیشک خستنە سەر ڕەوتی مێژوویی و ئەو دیاردانەی کە وەک بنەمای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن، تێگەیشتن و فامی ناسیۆنالیزم نامومکینە. ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرنە، واتە لە هەناوی مۆدێرنیتەدا دەرکەوتووە و دەستپێکی مۆدێرنیتەش مرۆڤی سوژە و ناسکارە، کەوابوو دەشێ بگوترێت کە بنەما و ئەساسی نەتەوە لە هەناوی سوژەیەکی سەربەخۆ، خۆبنیاتنەر و بکەرەوە دەردەکەوێت، ئەم سوژانەی لە ڕێی پەیوەندیی ئینتێرسوبژێکتیڤەوە یەکگرتوویەک لەگەڵ یەکدا بنیات دەنێن و بە بڕیارێکی گشتی پێکەوەبوونێک بە ناوی نەتەوە بنیات دەنێن. بەم پێیە کورتترین پێناسەی من بۆ نەتەوەخوازی ئەوەیە: نەتەوەخوازی ڕووداوی دەرکەوتنی سوژەڤانێکی گشتی لە هەناوی سوژەی تاکەوەیە، واتە سوژەکان تاک بە پەیوەندییەکی ئاگایانە و سەربەخۆیانە، کۆ و گشتێک بە ناوی نەتەوە لەگوێن مێتاسوژەیەک بنیات دەنێن.

**حەسەن شێخانی**: مامەڵەی کورد لەگەڵ پرسی نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم چۆن دەبینی؟ ئایا کورد بە شێوەیەکی دروست لەم چەمکە تێگەیشتووە و مامەڵەی لەگەڵ کردووە؟

**شاهۆ حوسێنی**: بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان بەرلەوەی کە لەگوێن ڕووداوی سوژەڤانی فام بکرێت، دیاردەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵات و لەگوێن ڕێڕەو و بەستێنێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن چاوی لێ کراوە، ڕەوتێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن، بەشداری لە دەسەڵات و دەستەبەرکردنی شەرعییەتی بەڕێوەبەریی دەسەڵات. بەم پێیە دەشێ بگوترێت کە نەتەوەخوازی لە کوردستان بەر لەوەی کە پرۆسەیەک بۆ سەیرووڕەتی سوژە بێت، پرۆژەیەک بۆ دەسەڵاتداریتی و زاڵێتییە. ئەم دیاردەیە بەداخەوە ناسیۆنالیزمی لە بەستێنی فەلسەفی و مەعریفی دابڕیوە و داببەزاندووەتە ئاستی سیاسەتی ڕۆژمەرە، کێبڕکێی حیزبی و دەسەڵاتخوازێتی. بێگومان ناسیۆنالیزم لە وا دۆخێکدا ئیتر نەک ئاسۆیەک بۆ ڕزگاری، بەڵکوو ستراتیژییەکە بۆ کارکردن لە بەستێنی کێبڕکێی دەسەڵاتداریتی و دەسەڵاتخوازیدایە؛ واتە لەجیاتی هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی کوردی لەگوێن بکەرێکی ناسکار، خۆبنیاتنەر و مێژووساز، بوونێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵات بەرهەم هاتووە.

**حەسەن شێخانی**: ئایا کورد وەک نەتەوەکانی دیکە، سەربەخۆیانە، خۆی پێناسە دەکات یان هێشتا سێبەری ڕوانینی نەتەوەی سەردەستی لە خۆپێناسەکردندا پێوە دیارە؟

**شاهۆ حوسێنی**: بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات هێشتا خۆیان لە چوارچێوەی ڕوانگەی ئێرانیدا پێناسە دەکەن و دەبینن، نەک لەگوێن سوژەیەکی سەربەخۆ. واتە شوناس و خۆفامییان هێشتاشی لەگەڵ بێت، لە ڕێی زمان، مێژوو و چەمکەکانی ناوەند - پەراوێزەوە بەرهەم دێننەوە. تەنانەت لە دیسکۆرسی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیرانیشدا، بەشێکی زۆر لە چەمکە بنەڕەتییەکان دەرووستی فۆرماسیۆنی زەینی و مانایی ئێرانین، بۆ وێنە تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە،

نەتەوە، ئازادی، دێموکراسی و کورد، هێشتا وەرگێڕدراوی ڕوانینی ئێرانییەکانە، نەک بەرهەمێکی سەربەخۆیانە لە هەناوی ئەزموونی ژیاو و ژیانی کوردانەوە. هەرچەند لە پەراوێزی ئەم دۆخەدا، کەمینەیەکی هزری و ڕووناکبیریی ڕەخنەگر خەریکی دەرکەوتن و نواندنی هزری سوبژەکتیڤیستانە و سەربەخۆیانەن و هەوڵ دەدەن لەم دەرووستییە مەعریفییە مەودا بگرن، ئەوان هەوڵ دەدەن کوردبوون لە پێگەی بکەرێکی ناسکار و سەربەخۆوە بەرهەم بهێننەوە، نەک بەتەنیا لەگوێن ئۆبژەی فامی ئێرانی. واتە تێپەڕین لە دۆخی بەرهەمهاتوو و وەسفکراوی ئەویترەوە بەرەو ئاسۆی فام و تێگەیشتن لە دەروونی خۆوە.

**حەسەن شێخانی:** ئەم فاکتەرە چ کاریگەرییەکی لەسەر پراکتیسی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد داناوە؟ ئایا نەبووەتە هۆی خولقاندنی چەشنێک لێڵی لە پراکتیکدا و کەمایەسی لە مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا؟

**شاهۆ حوسێنی:** بە باوەڕی من ئەم خەسارە گرنگترین بەربەست بووە، کە کورد وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەستی نەتەوەیی، لەگوێن بوونێکی خاوەن زەین و وێنایەکی یەکگرتووی نەتەوەیی دەربکەوێت. واتە ناسیۆنالیزم تەنیا کاتێک دەتوانێت بەرهەمهێنی نەتەوە بێت کە بەر لە دەسەڵات، دەسەڵاتخوازی و بیری حوکمڕانی، ڕووداوی سوژەڤانی مومکین بکات و درێژەی ڕەوتی سۆبژەکتیڤیزم بێت؛ واتە ئەو کاتەی مرۆڤ، خۆی نەک وەک ئۆبژەیەکی مێژوو، بەڵکوو لەگوێن بکەرێکی سەربەخۆ دەبینێت و پێناسە دەکات. لە ڕۆژئاوا ئەم ڕووداوە لە هەناوی فەلسەفەی دێکارت، ڕەوشەنگەری و دەرکەوتنی سوژەی مۆدێرن دەرکەوتووە، لەم جێیەوە کە "من بیردەکەمەوە" وەک سەرەتای ناسین و فامی سەربەخۆیانە لەنێو کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێت. بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان لە غیابی ئەم بنەما فەلسەفییە و لە غیابی ئەزموونی مێژوویی سوژەی خۆبنیاتنەر دەرکەوتووە، بەناچار لە دەوری دەسەڵات دەخولێتەوە تا ئاگایی. هەتا ئەو کاتەی ئەم ئاڵوگۆڕە فەلسەفییە لە ئاستی سوژەڤانیدا ڕوو نەدات، هەر فۆرمێک لە ناسیۆنالیزم لە کوردستان، یان لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە یان خۆی بەرهەمهێنەری ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە.

**حەسەن شێخانی:** بەگشتی کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تا چ ڕادەیەک کێشەیەکی هزری و گوتارین و تا چەندە ئەکتێکی ئیجرایی ڕووتن؟ ئایا لانیکەم بەشێکی کێشەکانمان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد لە هزر و گوتار کەمایەسیمان هەیە، بۆیە لە پراکتیکیشدا کێشەمان هەیە؟

**شاهۆ حوسێنی:** پرسیارێکی گرنگ و ڕادیکاڵە، ئەگەر مەبەستتان لە کێشە، بەربەستی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت، بەشێکی گرنگی ئەو، ڕێک کێشەی هزری و گوتارییە نەک بەتەنیا سیاسی؛ ئیزنم بدەن با ڕوونتر لەم بارەوە بدوێم: ناسیۆنالیزمی کوردی بەداخەوە نەیتوانیوە لە ئاستی هەستی گشتی و خواستێکی بۆ ڕزگاری تێپەڕێت، واتە نەیتوانیوە ببێتە

سیستەمێکی هزرڤانیی ڕێکوپێک. ئەم خەسارە لە سێ ئاستدا خۆی دەنوێنێت: هەژاریی تیۆری: هێشتا چوارچێوەیەکی مەعریفەناسیی خۆڕسکی نیە، بەشی هەرەزۆری چەمکەکانی، ئەزموونی نەتەوەیی نەتەوەکانی تری داگیرکەری کوردستانە، یان کۆپی و لاسایییەکی ڕواڵەتین لە ئایدۆلۆژییە کەلاتگێڕەوەکانی وەک کۆمۆنیزم، لینینیزم، مائۆئیزم و ئیسلامیزم، بەبێ ئەوەی کە لە بەستێنی مێژوویی، ئۆنتۆلۆژیک و ئەزموونی ژیاوی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا پێداچوونەوەیان پێدا کرابێت. ئاکامی ئەمە ناسیۆنالیزمێکی چاولێکەرانەیە کە نازانێت لە مەڕ چ "فامێک لەسەر خۆ" بدوێت. زەینییەتی پەسیڤ: لە دەروونی تاکی کوردا، کوردبوون هێشتا لە هەناوی ئەویتربوونێکدا شرۆڤە و فام دەکرێت، کە غەیرەکوردەکان بەرهەمیان هێناوە. بەردەوام پاساوی خەبات و بەرخۆدانی کورد زوڵم و زۆریی داگیرکەران بووە دژ بە کورد، بەڵام هیچ کات، پاساوی بەرخۆدان و خەباتمان ئەمە نەبووە کە چونکە سوژەیەکی بیرکەرەوەین، خۆبنیاتنەرین و خۆبەرهەمهێنین. ئەمە بەو مانایە دێت کە هێشتا ناوەندی فام و ئاگایی کورد لە دەرەوەی خۆی کوردییە. قەیرانی سوژەی گشتی: زەینی کوردی هێشتا لەنێوان دوو ساحەدا لە ئاڵوگۆڕدایە: سوژەی قوربانی (کە ڕابردووی قوت داوە) و سوژەی قارەمان (کە ئامانجی داهاتوو موتڵەق دەکاتەوە). بەداخەوە هیچ کام لەم دوو دیاردەیە توانای ئەوەیان نیە کە ئێستا لەگوێن بەستێنی بەرهەمهێنانی مانا و دەسەڵاتی گوتاری بڕازێننەوە. هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری بەربەستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نەک لە ئاستی تاکتیک و سیاسەتدا، بەڵکوو لە ئاستی زەین و ئەندێشەدان.

**حەسەن شێخانی:** شێوازی مامەڵەی خۆمان لەگەڵ خۆمان و چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنمان، چ کاریگەرییەکی لەسەر مامەڵەی نەتەوەی سەردەست بەرانبەر ئێمە داناوە؟ ئەگەر ئێمە لە ڕەهەندی فکری و گوتاریدا بەهێزتر و متمانەبەخۆتر دەرکەوتباین، چ کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی ئەوان بەرانبەر ئێمە دەبوو؟

**شاهۆ حوسێنی:** دەزانی، جۆری پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی بەر لەوەی کە ئەزموونێکی تاکی بێت، ئەزموونێکی ئۆنتۆلۆژیک و هەڵوێستێکە لە بازنەی دەسەڵاتدایە، واتە ئیرادە، خواست و توانای خۆداڕشتن، خۆبنیاتنان و پەرەدان بە خۆ. ئەگەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک بە دڕدۆنگی، دڵەڕاوکێ و لەرزۆکی خۆی وێنا بکات، دەربخات و لەسەر ئەم لاوازییانە هەڵسوکەوت بکات، جیهان ڕێک بەم شێوەیە دەیانبینێت و وەریاندەگرێت. لە ڕاستیدا متمانەبەخۆبوون بەتەنیا دیاردەیەکی دەروونناسانە نیە، بەڵکوو سیگناڵێکە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دەردەکەوێت. ئەوانەی خۆیان لاواز دەبینن، بۆ پێناسەکران و دیتن، شوێن ئیزن و دیتنی دەرەکی دەکەون، بەڵام بە پێچەوانەوە، کەسێک کە سەربەخۆیانە شوناسی خۆی دادەڕێژێت و خۆی بنیات دەنێت، خۆی هاوتەریب و بگرە بەرزتر لە ئەویتر دەبینێت. بێگومان شوناسی تاک و کۆ، کاتێک تووشی قەیران و کێشە دەبێت، کە سوژە بەر لەوەی کە خۆی پێناسە بکات، لە ئاوێنەی ڕوانگەی ئەویتردا بەرهەم بێت و دەربکەوێت. لە وا دۆخێکدا پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی پەیوەندییەکی سانەوی، دژکردەوەیی و دەرکەوتووە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن لەگەڵ بوونێکی بەدیلیدا. بوونێک کە چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوە لە دەرەوەی خۆی دەکات، لەرزۆک و بێمتمانەیە بە بوونی، واتە لە بوونی خۆی دڕدۆنگە و توانای دەنگهەڵبڕین و خۆدەرخستنی نیە، بەکورتی دەشێ بگوترێت

کە پێکهاتەیەکە لە پێگەی پەیڕەودا ڕۆڵ دەگێڕێت. کاتێک تاک و کۆمەڵگەیەک توانیان خۆیان بە زمانێکی ڕوون، مسۆگەر و سەربەست دەربڕن، پەیوەندیی دەسەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دەسەڵات بەردەوام لە بەرانبەر بوونێکدا کە هێشتا خۆی وەک کێشە و قەیران دەبینێت، ڕۆڵی قەییوم دەگێڕێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە بەرانبەر سوژەیەکدا کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەکانی لەمەڕ خۆی ڕێک و قایمە، لە چوارچێوەی قەییومی دەردەکەوێت و دێتە نێو بەستێنی دیالۆگ و وتوێژ و قبوولکردن. کەوابوو تاک و نەتەوەیەک کە متمانەی بە خۆی نیە، لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا وەک قەیران و کێشە فام دەکرێت، بەڵام تاک و نەتەوەیەک کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەی سەربەخۆیانەی لەمەڕ خۆی هەیە، ئەوا دەبێتە لایەنی دانوستان و دیالۆگ. کەوابوو ڕێز، عەدالەت و بەفەرمی ناسین هیچ کات لە دەرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە تاک و نەتەوە وەک سوژە لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن ببیندرێن، بڕیار دەدەن خۆیان دەربخەن.

**حەسەن شێخانی**: پێت وا نیە لەم ساڵانەی دواییدا کورد و کۆمەڵگەی کوردی تۆکمەتر و بەهێزتر هاتوونەتە مەیدان و، خۆی، خۆی پێناسە دەکات و لە چاویلکەی ئەویتری سەردەستەوە لە خۆی ناڕوانێت و متمانەبەخۆتر لە جاران دەجووڵێتەوە و پێناسە داسەپاوەکان بۆ خۆی ڕەت دەکاتەوە؟ لێرەدا دەمەوێت بپرژێیتە سەر دۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لەم ساڵانەی دواییدا.

**شاهۆ حوسێنی**: ئەمەی لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵات دەرکەوتووە، دەشێ بگوترێت کە زیاتر لە ڕاپەڕینێکی سیاسی، دابڕانێکە لە ئێپیستمۆلۆژیادا، واتە تێپەڕینە لە بوون لەگوێن ئۆبژەیەکی پێناسەکراو بەرەو بوونێک لەگوێن سوژەیەکی ئاگا. دەشێ بگوترێت کە ئێستا لە ڕۆژهەڵات قەڵشێکی قووڵ لە نەزمی زانایيدا دەرکەوتووە، کورد لە ڕۆژهەڵات ئێتر خۆی ڕاناهێنێت بەمەی کە: من هەم، چونکە منیان دیوە، بە پێچەوانەوە دەڵێت: من هەم چونکە خۆم ویستوومە چۆن بم و کێ بم. ئەم بوونە بەر لەوەی کە بوونێکی سیاسی بێت، بوونێکی ئۆنتۆلۆژیکە، بوونێک کە لەسەر بنەمای مافی خۆپێناسەکردنی سەربەخۆ دامەزراوە. کورد ئێتر مێژوو ئەزموون ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات مێژوو ساز بکات. ئەم دۆخە هێشتا پوخت نەبووەتەوە، بەڵام لە ئاستێکدایە کە دەشێ پێی بگوترێت "مەودای دیالێکتیکیی نێوان دەسەڵات و ئاگایی". کورد ئەمڕۆکە لە دۆخی شکست تێپەڕیوە بەرەو دۆخی هاتنەدی، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە دۆخی هاتنەدی، بەڵکوو لە فۆڕمێکی هەڵواسراوی ئێگزیستانسیالدایە: ئەم دۆخە دۆخێکە کە تێیدا سوژەی کورد دەزانێت و تێگەیشتووە لەوەی کە دەبێت ببێت، بەڵام هێشتا خەریکی بەرهەمهێنانی زمانێکە کە بتوانێت تێیدا بوونی خۆی بکاتە پێکهاتە. بەکورتی دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستان دەبیندرێت، نەک بزاڤێک، بەڵکوو نزیکبوونەوەیە لە ساتی دەرکەوتنی کۆ لەگوێن عەقڵی مێژوویی خۆی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

# وتوویژ لەگەڵ دکتۆر فەراز فیرووزی دووبارە بیرکردنەوە لە چەمکی «مافی مرۆڤ» لە چوارچێوەی فرەنەتەوەیی ئێراندا

## بەشی دووەم



### ئاماژە:

لە بەشی یەکەمی ئەم وتوویژەدا ڕوون کرایەوە کە داننەنان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە تەنیا هەڵوێستێکی نەرێنی نەبووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی ئەرێنی و لە ڕێگەی توندوتیژیی پێکهاتەیی (ساختاری) و پێشێلکردنی بەردەوامی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە کوردستان جێبەجێ کراوە. هەروەها باس کرا کە سەرەڕای قبووڵکردنی گشتیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان بە خستنەڕووی چەمکەکانی وەک «ئێرانی دێموکراتیک» و «هاووڵاتییانی یەکسان، بەبێ ڕەچاوکردنی شوناسە جۆراوجۆرەکان»، بەکردەوە دەبنە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوازی تواندنەوەی شوناس؛ ئەو شێوازەی کە تێیدا ڕەهەندی بەکۆمەڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس پشتگوێ دەخرێت.

لەم بەشەدا، سنووردارکردن و کورتکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بۆ ڕەهەندی تەنیا تاکەکەسی زیاتر شیکاری بۆ دەکرێت و جەخت لەسەر پێویستیی دووبارە بیرکردنەوە لە چەمکی مافەکانی مرۆڤ دەکرێتەوە.

**حەسەن شێخانی**: ئایا دەتوانرێت ئەم ڕێبازە وەک بەردەوامیی "ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی یەکگرتووی ئێران" دابنرێت، کە ڕیشەی لە پرۆژەی نەتەوەسازیی سەدەی بیستەمەدایە؟

**د. فەراز فیرووزی**: سەرەڕای جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان لەنێوان دۆکتۆرینی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانیی شیعیدا لەگەڵ سیستەمی سیاسیی پێشوو، «نەتەوەی یەکگرتووی ئێران» بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە چوارچێوەی ئایینیدا بەردەوام بووە. شوێنەوارە یاساییەکانی ئەم نەتەوەخوازییە، نەناسین و تەنانەت نکۆڵیکردنە لە ڕاستییە سیاسی و مێژووییەکان و لە سەروویانەوە داواکارییە سیاسییەکانی گەل/نەتەوەی کورد سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانیان، لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەم پرسە، وەک لە وەڵامەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، بە شێوەیەکی دیار لە پرۆژەیاسای حکوومەتی ئێران لە مەسەلەی ڕای ڕاوێژکاریی دیوانی نێودەوڵەتیدا ڕەنگی داوەتەوە؛ لەوێدا کە ئێران، بە پێچەوانەی بۆچوونی یاسایی زۆرێک لە دەوڵەتان، سەروەریی خاکی وەک یاسایەکی جێگیر لە یاسای نێودەوڵەتیدا داناوە و مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بە ڕوونی لە میساقەکانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، تەنیا لە مافە کولتووری - ئایینییەکانی کەمینەکاندا کورت دەکاتەوە.

ئەم پرۆژە دەستکردەی نەتەوەسازی، شوێنەوارە کردەیییەکانی لە یاسای دابەشکردنی وڵاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە، لە یاسای دابەشکردنی وڵات لە ساڵی ١٣١٦، بەبێ گوێدانە پەیوەندییە نەتەوەیی و زمانی و مێژووییەکان، دابەشکردنی پارێزگاکان بەبێ ناو و تەنیا بە شێوەی ژمارەپێدان ئەنجام درا و سەرجەم وڵات دابەش کرا بۆ دە پارێزگا لە ژمارە ١ تا ١٠. لەم دابەشکارییەدا، خۆی، مەهاباد، ورمێ، مەراغە و بیجاڕ لە پارێزگای ژمارە ٤ و ئیلام، کرماشان، سنە، مەلایەر و هەمەدان لە پارێزگای ژمارە ٥ دانرابوون.

ئەم گوێنەدانە بە پەیوەندییە نەتەوەیی و زمانی و مێژووییەکان دوای شۆڕشی ٥٧ـیش بەردەوام بوو و لە یەکەم یاسای دابەشکردنی کارگێڕیی وڵاتی کۆماری ئیسلامیدا توندتر بووەوە. بەپێی ماددەی ١٠ی ئەم یاسایە، بنەمای دابەشکردنەکە هاوبەشییە نەتەوەیی و زمانی و مێژووییەکان نییە، بەڵکوو «نزیکیی ناوچەکان»ە بە یەکتر؛ بەو مانایەی کە هەر بەشێک بە نزیکترین ناوەندی شارستان و هەر شارستانێک بە نزیکترین ناوەندی پارێزگا لکێنراوە. لەسەر ئەم بنەمایە، ناونیشانی یاسایی «کوردستان» تەنیا بۆ «پارێزگای کوردستان» کورت کراوەتەوە و زاراوەی «شارە کوردنشینەکان» بە مەبەست لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەکارهێنراوە. بەکارهێنانی دەستەواژەی «شارە کوردنشینەکان» لە ڕاستیدا جۆرێکە لە سیاسەتی جیاکردنەوەی گەل/نەتەوەی کورد لە خاکی مێژوویی خۆیان.

**حەسەن شێخانی**: چۆن دەتوانرێت لە ئێرانێکی فرەنەتەوەدا هاوسەنگی لەنێوان مافەکانی مرۆڤی جیهانی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ژێردەستەدا بپارێزرێت و بۆ چەسپاندنی ئەم هاوسەنگییە پێویستە مافەکانی مرۆڤ چۆن پێناسە

بکرێنەوە؟

**د. فەراز فیرووزی**: جارێکی دیکە ناچارم ئێوە بۆ وەڵامەکانی پێشوو بگەڕێنمەوە. ئەوەی لە چوارچێوەی سیاسی - یاسایی ئێراندا دەبینرێت، ڕەهاکردن و یەکڕەنگکردنی چەمکی گەل/نەتەوەیە؛ چەمکێک کە بە تێکەڵەیەک لە ئایینی شیعە و زمانی فارسی لە یاسای بنەڕەتیی ئێستادا جێگیر کراوە. لە دەرەوەی ئەم تێکەڵە شیعە - فارسییە، ئەوانی دیکە وەک گەل/نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناناسرێن.

بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە دەتوانرێت پشت بە ئەسڵی ١٩ی یاسای بنەڕەتی ببەسترێت کە سیستەمێکی پلەبەندی (هیرارکی) دەسەپێنێت کە نەتەوەی شیعە - فارس لە سەروو و نەتەوەکانی دیکە لە پێگەیەکی ژێردەستدا دەنێت و بە «قەوم» و «عەشیرەت» ناویان دەهێنێت. بەکارهێنانی بەمەبەستیی ئەم وشانە بە باشی دەربڕی نەناسینی یاسایی گەل/نەتەوەکانی دیکەیە. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە سەرەڕای ناکۆکییە فراوانەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، زۆربەیان لە مانیفێستە سیاسییەکانی خۆیاندا هەر هەمان وشەکانی «قەوم» و «عەشیرەت» بەکاردەهێنن.

لە ئەدەبیاتی یاسایی فارسیشدا، بە ئاگایی یان بێ ئاگایی، «هاووڵاتیبوون» (Nationality) و گرێدراویی نەتەوەیی (تعلق ملی)ی کەسێک وەک یەک دانراون؛ لە کاتێکدا کەسەکە لە ڕووی گرێدراویی نەتەوەییەوە ڕەنگە ئەندامی نەتەوەیەک بێت – بۆ نموونە نەتەوەی کورد - بەڵام بەهۆی دۆخی یاسایی ئێستاوە هاووڵاتی ئێرانی بێت. ئەم جیاکارییە نابێت و ناتوانێت بە بەڵگەیەک بۆ نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەیی جیاوازی ئەو هەژمار بکرێت. ئەم لێکجیاکردنەوە یاساییە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆ نموونە لە ماددەی ٢ی کۆنوانسیۆنی ئەورووپیی هاووڵاتیبووندا، ئەم جیاوازییە بە وردی ڕەچاو کراوە.

لەسەر بنەمای ئەم سەرنجانە، هاوسەنگی لەنێوان پێداویستییە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی گەل/نەتەوەکاندا ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە هەموو ڕەهەندەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە گەل/نەتەوەبوون و شوێنەوارە یاساییەکانی وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەفەرمی بناسرێن. «ڕێگەدان بە شتێک، ڕێگەدانە بە پێداویستییەکانی»؛ ناتوانرێت بانگەشەی قبووڵکردنی مافەکانی مرۆڤ بکرێت، بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕەهەندی بەکۆمەڵیدا لە بازنەی ئەم مافانە دەربهێندرێت.

لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوودا پێویستە لە بەکارهێنانی زاراوەکانی وەک هاووڵاتیبوون، گەل/نەتەوە و چەمکە هاوشێوەکاندا وریا بین و ئەم زاراوانە بەپێی نۆرمی یاسایی جێگیربوو لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای بنەڕەتیی وڵاتانی

دێموکراتیکدا بۆ زمانی فارسی و کوردی وەرگێڕدرێن و ستاندارد بکرێن.

**حەسەن شێخانی: بە بۆچوونی ئێوە چ جۆرە گوتارێک یان پرۆژەیەکی سیاسی دەتوانێت لە هەمان کاتدا وەڵامی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ و جیاکاریی پێکهاتەیی (ساختاری) دژی نەتەوەکانی بندەست لە ئێراندا بداتەوە؟**

**د. فەراز فیرووزی:** ئەزموونی مێژوویی ئێران ئەوە دەردەخات کە نەبوونی فرەیی، نەبوونی لێبوردەیی و قبووڵنەکردنی ئەوی دیکە - بە تایبەتی لە چوارچێوەی چەمکی گەل/نەتەوەدا - پرۆسەیەکی بەردەوام و ڕیشەدارە. تا ئەو کاتەی کە سروشتگەرایی (ذاتگرایی) زاڵ بەسەر چەمکە بنەڕەتییەکاندا پێداچوونەوەی پێدا نەکرێت و بنەما مەعریفییە نوێیەکان لەسەر بنەمای ناسینی «ئەوی دیکە» دروست نەبێت، قسەکردن لەسەر پرۆژەیەکی سیاسیی گشتگیر زۆر ئەستەم دەبێت. ئەم ئەستەمییە ئەو کاتە زیاتر دەبێت کە سەرکردە سیاسییەکانی نەتەوەی سەردەست هێشتا ئامادە نین نەتەوەکانی دیکە بە فەرمی بناسن و تەنیا بە گێڕانەوەی خۆیان لە پێناسەی گەل/نەتەوە گرنگی دەدەن.

نموونەی واقیعی زۆر لەم بارەیەوە هەن، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی وردتر دەتوانین ئاماژە بە پرسی دوورگەی ئەبوو مووسا بکەین. لەم حاڵەتەشدا، هەرگیز داواکاری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی ئەم ناوچەیە یان ڕاستییە مێژووییەکانی ڕەچاو نەکراوە.

بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، ئێران تا ساڵی ١٩٠٣ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سێ دوورگەکەدا، لەوانە ئەبوو مووسا - کە گەورەترین دوورگەی ئەم کۆمەڵەیە — حوکمڕانی کردووە.

لە ساڵی ١٩٠٣ ئەم دوورگانە لەلایەن بریتانیاوە داگیر کران. لە کاتی داگیرکردنەوە تا ساڵی ١٩٧١، ئەم دوورگانە لە ژێر حوکمی بنەماڵەی قەواسیمی حوکمڕانی شارجە و ڕاس ئەلخەیمەدا بوون و تەنیا ئاڵای شارجە تێیدا هەڵکرابوو.

لە ساڵی ١٩٧١، بە کشانەوەی بریتانیا و دامەزراندنی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئێران و دەوڵەتی تازەدامەزراوی ئیماراتدا، بە نێوەندگیریی بریتانیا، واژۆ کرا. لە پێشەکیی ئەم بەڵگەنامەیەدا جەخت کراوەتەوە کە هیچ لایەنێک لە بانگەشەی خاوەندارێتیی خۆیان پاشگەز نابنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بانگەشەی لایەنی بەرامبەریش بە فەرمی ناناسن.

لەسەر ئەم بنەمایە، هێزە سەربازییەکانی ئێران دەتوانن بە پێی نەخشەی هاوپێچ، بەشێک لە دوورگەکە «داگیر» (لە دەقی ئینگلیزیی بەڵگەنامەکەدا وشەی Occupy بەکارهاتووە و ئێران قبووڵی کردووە) بکەن و حوکمڕانیی تێدا بسەپێنن.

حوکمڕانیی لایەنەکان لە سنوورە دیاریکراوەکاندا هاوبەشە و هەر دەوڵەتێک دەتوانێت ئاڵای خۆی لە سنووری ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا هەڵبکات. سەرەڕای ئەم پێشینە مێژوویییە، هەرگیز داواکاریی خەڵکی ئەم دووڕگەیە ڕەچاو نەکراوە.

نموونە واقیعییە ئەوە دەردەخات کە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ بە مانا نێودەوڵەتییەکەی ڕووبەڕووی دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە. مافەکانی مرۆڤ "مافی هەبوونە" (حق داشتنها) نەک "مافی بوون" (حق بودنها)؛ لە سیستەمی مافەکانی مرۆڤدا، پێویستە هەمووان مافی دەربڕینی ڕاوبۆچوونیان هەبێت و هیچ شتێک نابێت بە هەمیشەیی و نەگۆڕ دابنرێت.

**حەسەن شێخانی**: لە کۆتاییدا، پەیام یان ڕاسپاردەی ئێوە بۆ ڕۆشنبیران و چالاکوانانی ئێرانی کە بە دروشمی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ چالاکی دەکەن چییە؟

**د. فەراز فیرووزی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی کە خرانەڕوو، دەتوانرێت بوترێت لە دۆخی ئێستادا کەلێنی مەعریفیی قووڵ لەنێوان بنەما یاساییەکانی پەیوەندیدار بە گەل/نەتەوە، ئەسڵی سەروەریی خاک و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە گوتاری سیاسیی ئێرانییەکاندا هەیە. تەنیا دوای گۆڕینی ئەم چوارچێوە مەعریفییەیە کە دەتوانرێت قسە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و پێداویستییەکانی مافی مرۆڤ بکرێت. وەک جەختی لەسەر کرایەوە، ئەوەی لە گوتاری مافی مرۆڤی ئێرانیدا سەبارەت بە مافەکانی گەل/نەتەوەکانی دیکە دەیڵێن، لانیکەمی مافە کولتووری و ئایینییەکانە لەژێر ناوی «کەمینەکان». ئەم گوتارانە زۆرجار نکۆڵی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵی نەتەوەکان دەکەن - تەنانەت لە ڕەهەندی نێوخۆییشیدا - و بە پشتبەستن بە ئەسڵی سەروەریی خاک و هەندێک دۆکتۆرینی سیاسیی کۆنپەرستانە، سەروەریی خاک لە پێشەوەی هەر ئەسڵێکی دیکە دادەنێن.

**ئەنجامی کردەیی و زانستیی ئەم ڕوانگەیە، کورتکردنەوەی مافەکانی مرۆڤە بۆ ڕەهەندی تاکەکەسی؛ ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران لە کوشتاری خەڵکدا بوو بە یەکەمی بێڕکابەر!



شەپۆلی ئەمجارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو؛ نەک ئەوەی کەی ئەم خۆپیشاندانانە سەرهەڵدەدەن و ڕێکەوت و کاتی سەرهەڵدانیان کەی دەبێ، چونکە ئەمانە لە جەوهەردا شتگەلێک، کاروبارێک و ڕووداوگەلێکن کە پێشبینی ناکرێن. کاروباری مرۆیی، ژیانی مرۆڤەکان و ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە پێچەڵپێچن کە ناکرێ بە هیچ زانست و مەعریفەیەک بە شێوەیەکی ورد پێشبینی بکرێن، ئەوەی کە کەی ڕوو دەدەن و چ شتێک دەبێتە پریشکی گەشانەوەی خۆڵەمێشی بن ئاگر. چونکە کێشە و گرفت و قەیرانە لەسەریەک کەڵەکەبووەکان وەک خۆڵەمێشی بن ئاگرن، کە شتێک دەبێتە پریشک و دەیانگەشێنێتەوە و دەیانتەقێنێتەوە.

لە بنەڕەتدا ڕووداو و ڕووداوەکان ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە؛ ڕوو دەدەن و ئەوەی کە چۆن و لە چ کاتێکدا، پێشبینی نەکراون. ڕووداوەکان ئەگەر لە پێشدا مرۆڤ بیتوانیبایە پێشبینییان بکات، ڕووداو نەدەبوون و ناو و نێوەڕۆکێکی تریان دەبوو. لە بنەڕەتدا زانستە مرۆییەکان و فەلسەفەی هاوچەرخیش، ڕێک لەسەر ئەمە تەرکیز دەکەن و داهاتووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەک شتێکی تا ڕادەیەک نادیار وێنا دەکەن. هایدیگەر، فیلسووفی ئاڵمانی، ژیانی مرۆڤ لەو کاتەوە کە هەڵدەدرێتە سەر ئەم دنیایە، بە ڕێکردن لەنێو دارستان دەشوبهێنێت؛ کە مرۆڤ لە ڕەوتی بەڕێوەچوونیدا بەردەوام لەگەڵ

شتی تازە بەرەوڕوو دەبێت و ئەزموونیان دەکات. هەر ئەمەشە کە لە فەلسەفەدا پێی دەگوترێت: دیاردەناسی؛ مرۆڤەکان شتی تازە ئەزموون دەکەن و ئەزموونەکانیشیان لە یەکتر جیاوازە.

دەمەوێ بڵێم شەپۆلی نوێی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە، لە لایەکەوە پێشبینیکراو بوون و زۆرێک لە پسپۆڕان و کارناسانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکان، پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەری زۆرە لە داهاتووی ئێراندا نارەزایەتی و قەیرانە لەسەریەک کەڵەکەبووەکان، کە سەرچاوەی ئەم نارەزایەتییانەن، بتەقنەوە و سەرهەڵبدەن و بێنە ئاراوە. بەڵام ئەوەی کە کەی و لە چ رێکەوتێکدا، ئەمە لە توانایان بەدەر بوو. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە مرۆڤ هەرچەند بە ئامرازی مەعریفە و زانست و پێوان و پێشبینی تەیار بێت، دیسان ئەوپەڕەکەی دەتوانێت تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەی گشتیی ڕووداوەکان پێشبینی بکات. ئەمەش هەروەک گوتمان دەگەڕێتەوە بۆ چییەتیی کاروبار و پرسە مرۆییەکان.

ئێران دەمێک ساڵ بوو، لەمێژ بوو کە دۆخێکی کوڵیوی هەبوو، دۆخێک کە زۆر کەس ئەوەی لێ دەخوێندەوە کە سەقامگیر نییە و ئاوسە بە ڕووداو و گۆڕانکاری. هەموو ئەم نارەحەتی و نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی ئێراندا هاتبوون، وەک ژانی لەدایکبوونی ڕووداوێک ڕۆڵیان دەگێڕا. دەمانزانی کە ئەم ژانانە ڕووداویان لێ دەکەوێتەوە. ئەم بەستێن و هۆکار و فاکتەرانە، ڕووداو دەخوڵقێنن و دەئافرێنن. بەستێنەکان لەبار بوون، هەلومەرجەکە پێگەیشتبوو و ئیتر ڕووداو یان بگۆڕێکی دەویست کە ببێتە دواحەڵقەی گووڕانی ئەم هەلومەرجە و خۆڵەمێشەکە ببووژێنێتەوە و بیتەقێنێتەوە و بیهێنێتە سەرێ. بۆیە لەمەدا و لەم دەلاقەیەوە سەرهەڵدانی شەپۆلی ئەمجارەی خۆپیشاندانەکان، شۆکی نەکردین؛ پێمان سەیر نەبوو و نەحەبەساین.

ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانە چەندە فراوان دەبن، بۆ چ ماوەیەک بەردەوام دەبن و ئایا ڕێژیم دەتوانێت سەرکوتی بکات یان نا، ئەمە لە پێشدا ڕوون و دیاریکراو نەبوو و پێبەپێی ڕەوتەکە بەرچاوڕوونیمان لا دروست دەبوو و پازڵی ڕووداوەکەمان لەلا تەواو دەبوو.

لەنێو هەناوی ڕووداوەکەدا یەکدوو شت زۆر سەرنجڕاکێش و لە هەمان کاتدا سەرسوڕهێنەر بوو؛ ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا خۆپیشاندانەکان زۆر بەربڵاو بوون و زۆرێک لە شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە؛ بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم زیاتر لە ٤٠٠ شار و شارۆچکەی گرتەوە و تەنیا لە تاران، ڕوو دەیدا کە لە زیاتر لە سەد شوێندا گردبوونەوە و ڕێپێوان هەبێت. دیارە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە جیاوازیی گەورەیان لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پێشوو هەبوو، کە یەکێک لەم جیاوازییانە پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی ئەم خۆپیشاندانانە بوو. چین و توێژی جۆراوجۆر لەم خۆپیشاندانانە بەشدار بوون و



سەرچاوە
Serchawe

ئەمە و، قـووڵایی نـاڕەزایەتیی خەڵـک و لاوازیـی هێژمۆنیی ڕێـژیم لە نێوخـۆدا، وایـان کـرد کە بەخێرایـی پەرە بسـتێنن و گەورە ببنەوە.

بەربڵاوی و گەورەیی ئەم خۆپێشـاندانانە دەیـانتوانی لەم قۆناغەشدا کۆتـایی بە دەسەڵاتی زاڵ بهێـنن و بیـرووخێنن. ئەمە جیـاوازییەکی بەرچـاو و شـایانی تێرامـانە، کە بنەمـای کـۆمەڵایەتیی ئەم شـەپۆلە زۆر فراوانتـر بـوو، ئەمەش لە لایەک گەورەبوونەوەی بەرەی دژی ڕێژیم دەگەیەنێت و لە لایەکی تـر تـوانەوە و هەڵـوەرینی بەرەی ڕێـژیم. ئەمە ترسێکی زۆری لە ڕێژیمدا دروست کـرد. سەرنجدان بە گوتـار و ئاخاوتنیـان، سەرنجدان بە چۆنیەتیی وەسفی ناڕەزایەتییەکـانی ئەمجارە و پاساوهێنانەوە بۆ سەرکوت، ڕادە و توندیی ئەم ترسەی ڕێژیمـان لا ڕوون دەکـاتەوە. ئەوەی کە ڕێـژیم نـاوی نـا "شەڕی تیرۆریستی"، "درێـژەی شـەڕی دوازدە ڕۆژە"، "هەوڵـدان بـۆ شـەڕی نێوخـۆیی" و "چواندنی بە دەیەی شەسـت"، قـووڵایی و بەرفراوانیی ئەم ڕاپەڕینە و مەترسیداربوونی بۆ ڕێژیم بەتەواوی دەردەخات. ڕێـژیم زانی کە ئەمجارە جیاوازە و مەترسیی بوونی خستووەتە سەر ڕێژیم.

ڕێژیم کەوتە قۆناغی هەوڵدان بۆ مانەوە. هەڕەشەی جیدی لەسەر مان و بـوونی دروست بـوو، کە خۆشیان بە ئاشکرا و لە توێی قسە و لێدوان و گوتاریاندا، ئاماژەی پێ دەکەن و دەیڵێن. گەورەیی و بەرفراوانیی ئەم شـەپۆلە، کە لەم ڤیدیۆیانەی بەرەبەرە بڵاو دەبـنەوە بۆمـان دەردەکەوێت و بەڕاستی تۆفـان و لافـاوی خەڵـکە کە لە شـەقامەکاندا نـاڕەزایەتی دەکـات، چالاکی دەکات، بەربەرەکانی دەکات. کە سەیری دیمەنەکان دەکەی، سێڵاو و لافاوی خەڵکی تـووڕە و وەزاڵەهـاتوو دەبینـی، کە دۆسـتان خۆشحاڵ و هیوادار دەکات و ڕێژیم ڕووبەڕووی مەترسیی جیـدیی لەنێوچـوون دەکـاتەوە. هەر ئەمەش وای کرد کە مامەڵەی ڕێژیم ئەمجارە جیـاواز بێت و ئەو سنوورانەی کە پێشـتریش بـۆ خـۆی دایـنـابوون، بیانبەزێنێت و زۆر بێڕەحمـانە سەرکوتی بکات. ئەوەی کە خامنەیی فەرمان دەکات بە هەر شێوەیەک و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکـان، بەرەوڕووی ببنەوە و سەرکوتی بکەن، نیشاندەری گەورەیی و مەترسیداربوونی ئەم شەپۆلە بەهێزەیە بۆ ڕێژیم. ڕێـژیم بـۆ یەکەم جار ترسی لەنێوچوونی لێ نیشت، کەوتە تەقەلا بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی. شەڕی مان و نەمانی کرد. دەیزانی کە بچووکترین دوودڵی لە سەرکوت، کۆتاییان پێ دەهێنێت.

کە سەیری ڤیدیۆکان دەکەی، سەرت سووڕ دەمێنێت کە چۆن ڕێـژیم ئەم خۆپێشـاندانانەی بەو بەرفـراوانییە، بـۆ کورتمـاوە سەرکوت کرد. سەرت سووڕ دەمێنێ کە لە مـاوەی دوو سێ ڕۆژدا بە هەزاران و دەیـان هەزار کەسی کوشت، کۆمەڵکوژی کـرد. ئەم ڕادەیە لە ئیـرادەی سـەرکوت و بە دەربڕینێکـی تـر ئەم ڕادەیە لە دڕنـدەیی، مـرۆڤ شـۆک دەکـات، دەیحەبەسـێنێت، دەیهەژێنێت، پرسیاری وجودی بۆ دروست دەکات، لە ڕووی دەروونییەوە داتدەخورپێنێت.

ئەم ڕستانەی سەرەوە تەنیا کاتێک لێیان تێدەگەین کە ژمارەی قوربانی و کوژراوان لەبەرچاو بگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ قوربانی و کوژراوانی خۆپێشاندانەکانی پێشوو، بەراوردی بکەین لەگەڵ کوشتارەکانی پێشووی ڕێژیم لە هەموو تەمەنیدا، لەگەڵ کوشتنی خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی دیکەی دیکتاتۆری. لێرەدایە کە شۆک دەبیت، ڕێژیم پێشتریش خەڵکی کوشتووە لە دەیەی شەست، لە دەیەی حەفتا، لە پووشپەڕی ٧٨، لە بزووتنەوەی سەوز، لە بەفرانباری ٩٦، لە خەزەڵوەری ٩٨، لە بزووتنەوەی ژینا، لە کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ٦٧ کە ژمارەیان هەزاران کەس بوو؛ بەڵام ئەمجارە ریکۆردەکانی پێشووی بەجێهێشت، ڕێکۆردی شکاند. سەرکوتی ئەمجارە توندترین سەرکوت و خوێناویترین بوو. ئاستێکی پێوانەیی لە کوشتار لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد. هەزارانی تێپەڕاند، گەیشتە دەیان هەزار. ئەمانە ڕەقەم نین، گیانی مرۆڤەکانن کە سەندراون. کۆمەڵگەی ئێران لە دۆخێکی مات و مەبهووتدایە، شۆک بوون لەوەی چۆن حکوومەتێک دەتوانێت تا ئەم ڕادەیە توندوتیژ بێت، درندە بێت، ویژدانی کۆمەڵگە هەژاوە، هێشتا باوەڕ ناکات کە ئەم ژمارەیە کوژرابن؛ تەم دایگرتووە.

کارەساتەکە کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو کوشتارەی ئیسرائیل لە فەلەستینییەکانی کرد. ئیسرائیل بەو هەموو توندوتیژییەی خۆیەوە لە ماوەی زیاتر لە ٥ مانگدا ٣٠ هەزاری لێ کوشتن. کەچی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئەم ژمارەیەی تێپەڕاندووە. بەم جیاوازییەشەوە کە ئیسرائیل لە فەلەستینییەکانی کوشتووە کە لە خۆیانی نازانن و هاووڵاتیی ئەوان نین، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە ڕێژیم خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کوشتووە و کۆمەڵکوژی کردوون.

بۆ ئەوەی قووڵایی کارەساتەکە زیاتر دەرکەوێت، دەبێ لەگەڵ سەرکوت و کوشتنی خەڵک لە وڵاتانی دیکە کە لەژێر سێبەری دیکتاتۆرەکاندا دەژین، بەراورد بکەین؛ لەگەڵ کوشتاری خەڵک لە گۆڕەپانی تیانئانمێنی چین (بە خەمڵاندن لەنێوان چەند سەد تا چەند هەزار کەس)، لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ٢٠١٩ی عێراق (لانیکەم ٤٨٧ کەس)، لەگەڵ کوشتاری ڕەباعەی میسر لە ٢٠١٣دا (لانیکەم ٨١٧ کەس)، لەگەڵ کوشتنی خەڵک لە میانمار لە دوای کودتای ٢٠٢١ (هەزاران کەس) و لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی تر. لێرەدایە، ڕێک لێرەدایە کە بۆمان دەردەکەوێت چ هەژمارێکی زۆری خەڵکی کوشتووە. هەموویانی جێهێشتووە؛ نەک تەنیا ریکۆردی لە تەمەنی خۆیدا شکاندووە، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تریش ریکۆردی شکاندووە. بووەتە یەکەمی بێڕکابەر. ئەگەر لە شتە باشەکاندا نەیتوانیبێت ببێتە یەکەم، ئەوە لە کوشتنی خەڵکی خۆیدا بووەتە یەکەمی بێڕکابەر!

ڕاستە لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی، بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی جیا دەکاتەوە، ڕێکۆردی کوشتارە لە کورتترین ماوەی خۆپێشاندانێکی مەدەنییدا. ئەگەر لەگەڵ سەرکوتی گۆڕەپانی تیانئانمێن، عێراقی

۲۰۱۹، ڕەباعەی میسر و کوشتنی خەڵکی میانمار لە دوای کودتای ۲۰۲۱ بەراوردی بکەین، دەبینین ڕێژیم هەموویانی تێپەڕاندووە و لە کوشتنی خەڵکی بێوەی و دەستبەتاڵدا، بووەتە یەکەمی بێڕکابەر.

ئێمە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەشمان بە شەپۆل شوبهاند، لە خوازەی شەپۆل کەلکمان وەرگرت، کەلکوەرگرتنەکەمان لە جێی خۆیدا بوو، ئەمە سروشتی شەپۆلە کە دەکشێتەوە بەڵام بەهێزتر جارێکی تر دێتەوە، و ئەوەی لە بەردەمیدا بێت ڕایدەماڵێ. ڕاستە خەڵکی ئێران ئێستا لە دۆخێکی ماتەمبار و تەمداگرتوو و شۆکهێنەردان، بەڵام هەموو ئەم هەژان و شۆک و ماتەمانە، دەبنە وزە، دەبنە ڕق، دەبنە ڕقی تۆڵە و پۆلایینتر لەمجارە ڕووبەڕووی ڕێژیمی دژەگەل دەبنەوە. ئەو خوێنانەی ڕژاون کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێژیمی ئەوەندە فراوان کردووە کە بە هیچ شتێک پڕ نابێتەوە و ساڕێژ نابێتەوە مەگەر بە لەنێوچوونی ڕێژیم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ۲۷۲۵

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ۲۷۱۷ی کوردی - فێبریوێری ۲۰۱۸ زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ۲۷۲٦ی کوردی = جوونی ۲۰۲٦ی زایینی**

---






# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ حەسەن شێخانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


